
رامان
مانگنامەیەکی رۆشنبیری گشتییە - رامان دەری دەکات
١٩٦



تابلوی هنرمند : سانکار فاروز
(مطهماتی)

١٩٦

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ــ دەزگای ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ ساڵی هەژدە/ ئەیلوولی ٢٠١٣

• خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین

• سەرنووسەر
ئازاد عەبدولواحید

• بەڕێوەبەری هونەری
سەرکەوت وەلی

• مۆتیف و پۆرترێت
قەرەنی جەمیل

• بەرگ
باسم ڕەسام

ناونیشان/ هەولێر ـ ڕێگای کەرکووک ـ تەنیشت قبووڵ مەرکەزی
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 2228506 - 07504494662
(دەرەوە)/ 009647504494662
تەلەفۆنی ئۆرماڵ / 2230582
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautwali@yahoo.com

چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی ڕامان


● **دەق**

- تووڕەبوونی ئاگر/ نەوزاد ڕەفعەت/ 3
- ناوت (ژیان)ـە لە کانی شیرین و دەریای سوێردا/ موحسین ئاوارە/ 4
- کوانووی هۆزانڤانی شەیدا/ عوسمان هەورامی/ 6
- ژ ماسیێن کو دکولن/ بەرچەما مشتریتان/ 9
- گوڵێک لە برینماندایە/ لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی/ 11
- ماڵاوایی لە خولەکی ئاخردا/ تاهیر حامیدی/13
- پیرێژنی خەونەکانم/ ئەسعەد عەزیز محەمەد/ 22
- تابووتی تەمەن/ بریا کاکەسووری/ 25
- سێ برووسکێن چیرۆکێ/ عەبدولمەجیت شێخۆ/ 32
- سێ کورتیلە چیرۆکی ئەڵمانی/ لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا/ 33

● **هەڤپەیڤین**

- هەڤپەیڤینێکی فراوان لەگەڵ هونەرمەند (خەبات مەولوودی)/ ئا: خەبات ڕەسوولی/ 35

● **دەق و ڕەخنە**

- ئەشکەنجەی ناخ لەنێوان (ئەو)ی باڵادەست و زەبوونیی (من)دا/ د. عادل گەرمیانی/ 50

● **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

- پیانۆی ڕۆژهەڵات، ئەزموون و فەنتازیای شیعر/ خالید عوسمان تەها/ 57
- ئەدەبی بنیادنانەوەی مرۆڤ/ عەبدولغەنی کاکۆ/ 65

● **وتار**

- ئاسۆی چاوەڕوانی/ ئاری عوسمان خەیات/ 81
- دنیا لە وێنە شیعرییەکانی حەمدی دا/ د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود/ 87
- لەمەڕ نۆستالژیاوە/ لە فارسییەوە: محەمەد ئەحمەدی(ساماڵ)/ 90

● **هزر و فەلسەفە**

- ئیمانۆئیل کانت: پرسیاری سەرەکی ترانسندێنتالی/ لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز/ 95

● **بیرەوەری**

- بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانم/ کەریم شارەزا/ 108

● **زمانزانی**

- نیرۆلینگویستیکس- زمانەوانی دەماری مێشک/ سەلام ناوخۆش/ 115

● **مێژوو**

- دیرۆکی دوبز و بیرەوەرییەکانم/ عەباس سلێمان سمایل/ 118

● **هونەر**

- ئەنفال و سینەما لە کوێ دەبنە دوانە، لە کوێ جیا دەبنەوە؟/ کەریمۆک/ 127
- چەمکی نیگاری منداڵان/ تەها ئەحمەد ڕەسووڵ/ 133

● **خوێندنەوەی کتێب**

- شیعرییەتی عەرەبی/ هاشم سەڕاج/ 143
- شیعر شمشێری بەرەنگاربوونەوە/ قادر عەلیخا/ 151

● **نرخاندن**

- من بەم جۆرە گۆڤاری ڕامان دەبینم/ حەمەکەریم هەورامی/ 158

● **سووکە لەنگەر**

- وەر..گێـ..ڕان/ غەریب پشدەری/ 160

# تووڕەبوونی ئاگر

**نەوزاد ڕەفعەت**

لە دووڕا... دوور
بەکووڕەکووڕ بەڕێگاوەم
بارێک گزرەی میهری خۆمم
بۆ ئاگردانی دێرینی
بۆ ئاگردانی برینی
بۆ ئاگردانی بێ یاری
بۆ ئاگردانی زویری ئاتەشگەدەی شاری ڕەشپۆش
لە کۆڵ ناوە
لەوەتی ئەم ئاتەشگەیە ڕۆنراوە
لەوەتی نووری خوایی لێ هەڵقولاوە
هەر ئاگری دزراوە و خۆی...
خۆی لەسەرمان هەڵلەرزیوە
ڕوحی موغانی تەزیوە
هەر دیواری پیرۆزی پاچ و کولنگی
تاریکیی لێ وەشێنراوە
میهرەبانیی ڕووشێنراوە
ڕۆژێکیش دەبینرێتەوە
ڕۆژێکیش دەبیسرێتەوە:
تووڕەبوونی خامۆشی چەخماخەدەدات
لافاوی پریشکی تووڕەی (حەزرەتی ئەیووب)ی ئاگر
تووڕەییی ئاگر هەڵساوە و
هاواری بێ دادی دەکات
(گەمیەی نووح)یش
بە فریادی تۆبەی گوناهکاران ناگات!

**٢٠١٢/٩/٥**



# ناوت (ژیان)ـە لە کانی شیرین و دەریای سوێردا

موحسین ئاوارە



### حەپەسان

کوڵمەکانت سوێرن
وا دیارە فرمێسکت بەسەردا باراندووە
یان لە دەریادا مەلەت کردووە
خۆت لەو کانییە شیرینەی ئێمەدا نەشۆردووە
دەچمە سەر کانی و
دەگەڕێمەوە سەر چاوانی تۆ
لەو ئاوە شیرینەی کانی و
فرمێسکە سوێرەی تۆ
سەرم سوڕماوە
ئاخۆ ئاوی دەریا فرمێسک بێ
یا چاوی تۆ دەریایە؟!

### حەسار

مانگ لەناو تەشتێکدا
سەری ئەستێرەیەکی دەشووشت
دەیگوت ناچارم
یەک ژوورم بەکرێ گرتووە لەم حەسارەدا

### خەندە

گریمان چایەکی تاڵە ژیان
کەچی بە بزەی گڵۆتە قەندێک
لێوی پیاڵە دەچێتە سەر لێوان

### پۆستاڵی خوێن تاڵ

بەفر دەڵێت
ئەوەی دێ و بەسەر جەستەمدا تێپەڕ دەبێت
ئەوەی بەسەر جەستەمدا
برینی قووڵ قووڵ جێدەهێڵێ
قورسایی و بێ ڕەزایی پۆستاڵە
نەک کڵاش و کالە

### عەتر

کە شووشە عەترێک
لە دەستتدا بەربووەوە شکا
هێز نییە بۆنەکەی ئابڵووقە بدا
کەسیش لووتی خۆی ناگرێ
بە هەناسە خواردنەوەیەکەوە

پێشوازی لێ دەکرێ
چونکە عەترە و لە نەوەی گوڵخانە
عەترە و وەک بلبلێکی خۆشخوانە

**مانگ و سەگی ئاوی**

لە ئۆقیانووسێکدا هەموو شەوێ
سەگێکی ئاوی ڕادەکا و خۆی هەڵداوێ
قەپێک لە مانگ گیرکات
لەسەر ڕووی ئاوێ
قەت دەمی لێ گیر نابێ تاوێ
چونکە شڵپە لە ئاو هەڵدەستێنێ
ئاو شێڵوو دەکا و مانگ هەڵدەفڕێنێ
ئەوەی بۆ دەمینێتەوە دەمێکی بەش
دواتر دانەمرکاویی و کفت نەبوون
حەسرەتێکی حەپەساویش
لەنێو دڵێدا داخوون(١)

**شارەکەم**

ئای چەند حەز دەکەم
ئەو دوو دەستانەم
هێندە گەورە گەورە و بەهێزبن
تا ئەو جاجمەی بەسەر شارەکەمدا دراوە
دوو لچکی بگرم و ڕایوەشێنم و دایتەکێنم
چ تۆز و درۆ و ڕیایی هەیە
چ بەچکە شەیتان و کرمی نەبینراوی پێوەیە
هەڵیرێژم
چیتر لەنێو چێورمەی دڵی خۆمدا نەینێژم!

**باندۆڵی دڵ**

دڵم لەنێو سینەمدا
وەک باندۆڵی سەعاتێک شۆڕ بۆتەوە
لەچرکە چرک ناکەوێ
تا ئەو ڕۆژەی سەر دەخاتە سەر
سەرینی مەرگ
ئەوسا بەهێمنی دەخەوێ
ئەی سەعات... باندۆڵی تۆ
بە یەک پێوانەیی ئاسایی ڕاست و چەپ
دەڕواو دێ
بەڵام باندۆڵی دڵی من
کە زەنگێکی ئەو جوانەی دەکەوێتە بەر گوێ
هێندە نامێنێ ئێسقانەکانی پەراسووم بشکێنێ
ئاوا بە خێرایی دێ و دەچێ!

**وڵات**

نە من دەتوانم ئەو هەتاوەی
بەیانیان هەڵدێت بەرایی لێ بگرم
یا ئەو خۆرەتاوەی ئێوارانیش
ئاوا دەبێ ڕاییگرم
هەروەک ناتوانم
ئەو پشکۆ گەشە دامرکێنم
کە ئاوی خۆشویستنە بۆ نیشتمانم
یا بۆ ئەو جوانەی
خۆشم ویستووە بەدڵ و گیانم

**بە پڕی و بە بەتاڵی**

دوا پێکم هەڵقوڕاند
ویستم ڕوو لە شووشە و
پەرداخی بەتاڵ وەرگێڕم
نەمزانی پەرداخەکەم بەتاڵ نییە و پڕە
پڕ.. پڕ.. پڕ لە تۆ
تۆ بەو لەشولار و سەما حەلەزوونییەوە
بەو جلە جوانە مارۆنییە
لەنێو پەرداخەکەدا
منیش بەسەری مەست و باڵی ڕەها
بەڵام پەرداخی سەر واڵاش جێی متمانە نییە
کاتێ بەهۆش خۆم دێمەوە
نەک تۆ.. ئەم جارەیان من
من لەو پەرداخە بەتاڵەدا خۆم دەبینمەوە

**داپیرە**

داپیرەی خەمخۆر
بەو بەیانییە زووە
لەگەنێک پەپۆکەی ساز کردووە
نەک بۆ نەوە وردیلەکانی
کە لە خەو هەڵدەستن
بەڵکو بۆ قازە هەڵەوەرەکان
تا دەمکوتیان کات و چیتر نەقیرێنن
خەو لە چاوی منداڵەکان نەزرێنن!

**مەرگ**

ژیان لە پێشمدا ڕا دەکا
منیش بەدوایدا ڕا دەکەم
من ژیانم پێ ناگیرێ
(مەرگ)یش لە دوامەوە
سەری لە دوو ناوم
نازانم کەی ساتمە لە قەدەر دەکەم و
بەردەبمەوە
مەرگیش دەگاتە سەرم و
سواری سەر و ملم دەبێ
لەنێو دەمی ئەو ئەژیهایەدا
(من)ێک دەبێ!

**(١) داخوون: داکردن، خزن**

# كوانووی هۆزانڤانی شەیدا

عوسمان محەمەد هەورامی
(سلێمانی)

چ شەونشینییەک ئەگاتە
هاوڕازیی دڵی شەیدایە
بە کوڵ گەشتی خەمی ئاڵی
هەموو کوردی لەبەر دایە..!
ئەم ئاشقە
زۆر دەگمەن و بێ هاوتایە،
لەگەڵ هەست و
بوونی پڕ لە ئاڵۆزییا
چاو لێکنانێ، خەوی زڕاوە..
هەر لەو ساوە
بەنابەدڵی خوڵقێنراوە
بێ ئارامە و
خەوی شیرین
بەلای بوونی پڕ کڵپەیا
نەهاتووە و هەرگیز نایە،
مشوورخۆری
سەرچاوەی گشت خەمی پڕ سۆی
دڵانی پڕ لە سەودایە..

* * *

کە نیوەشەو گوزەر ئەکا و
بە جارێ گەردوون خامۆشە
هەموو چاوێ
ئارامگەی خەوی زۆر خۆشە،
ئەم شەیدایە
سەرگەردانی خەمی نوێیە و
زۆر پەرۆشە،
هاوڕازی ئەستێرە و مانگ و
نەوای ناخی شەوەزەنگە،
گیان بێ ئۆقرە و
نوقمی دەریای
ئەندێشەی ئارام و مەنگە،
هەموو بوونی
دەنگدانەوەی پڕ هۆشیاریی
بە هەزاران
هەزار زەنگ و هەمەڕەنگە،



ئەم دێوانە سەوداسەرە
بۆ کوڕی ئەشقی ئاشقان
هەوێنی پڕ چێژ و بۆیە
بۆ ئارامی
جەرگەی مەراقە گەشەکان
هێمای پڕ لە تانوپۆیە..
❊ ❊ ❊
ئەم پابەندە زۆر شەیدایە
بۆ خۆی سەر ئەڵقەی سەودایە
هۆزانڤانی دڵ پڕ کڵپە و
سەراسیمە و گەڕیدەیە
گەشتی ئەشقی
ئاسک و ئاڵی بێ کۆتایە،
سۆما و بینایی دیدەیە،
بورکانی ئاسۆی گەشاوە و
ڕازی هەموو
شەیدایانی لە دڵدایە
بە ئەندێشەی گشت دەورانێ
ئاشنایە،
مامە خەمەی
زۆر دڵسۆز و بەرچاوگەشی
چەرخ و دەورانی دنیایە..
❊ ❊ ❊
چەندە بڵێی ئەراگێڵە
بێ ئۆقرەیە
بە دوای چارەسەری زامی
قووڵ و زۆر دژوارا وێڵە،
بە گوشراوی
پڕ لە ورشەی ڕەوانی گڕ
یادەوەری و
کارەساتی دڵتەزێنی
دڵی ئەم خاکە ئەنووسێ،
بە ئەشقی باڵای عەرشەوە
بە ئاسمان و
ئاو و خاک و دار و بەردی
کوردستانا ڕائەمووسێ..
❊ ❊ ❊
لە بێزاری و مەرگەساتا،
لەو کاتەدا
مێردە زمەکان،
ئەڵقە لە گوێ و ماستاوچییەکان
پۆزلێدەرە ڤێزەونە زۆر نزمەکان
بە ڕق و کینەی ئەستوورەوە
بە شاڵاوی
ئاگری پڕ کڵپەی سوورەوە
خەندەی ئاسۆ ئەتارێنن؛
ئەم بە تینی
ناخی باوە گوڕگوڕەوە
بە قاقا و پەیڤی هەناوی
شەپۆلەکانی ژیانی
کەیل و هەستی پڕ پڕەوە
کڵپە لە بنیادی پووشیان
هەڵئەستێنێ
بنیادی پڕ کینەی ڕەش و
هاشوهووشیان
دائەڕمێنێ
ئەو ساکە، گەرمەی گوڵمەزەو
هەموو کوردێ
شایلۆغانی پڕ ئاواتی دڵ ئەگێڕێ..
❊ ❊ ❊
لە ڕۆژگاری ڕەشبینیدا
کە شەوە زەنگ باڵ ئەکێشێ
بەسەر دیدەی گەشبینیدا،
سەرە دڕندە پووچەڵەکان
خاوەن توانا فشۆڵەکان
دەست ئەخەنە بیناقاقای
دیل و کۆیلە و ڕووتەڵەکان،
چاوی هیوا چاوە چاوە
دەرەتانێک بەدی ناکرێ و
ڕێگەی شەشدەران گیراوە،
ئەم شاعیرە
کە وەک سەرجەم
شاخەکانی کوردستانی خۆڕاگرە
بە برشت و گەشەی وشەی
تا
دوا هەنگاو
ئەنگووستەچاو
تار ئەنێت و هەڵیئەبڕێ،
توخمی ستەم و
هەوای کۆشکی خەیاڵ ئەبڕێ..
❊ ❊ ❊
کە ڕۆژی کورد
تیشکی ئاڵ و ئەرخەوانی
بەسەر گەردنی چیای سەرکەش و
دوند و لووتکەدا پەخشان کرد،
ئەوەندەی تر گەشایەوە

بانگەشەی ناخی پڕ تینی
گشت کوردستانی گرتەوە
بوو بە هەسارەی پێشەنگ و
گۆمی هونەری
دانسقە و نەمری بردەوە..
❊ ❊ ❊
بانگی ئەشقی نوێی هەڵداوە
بووە بە مۆمدانی پاکژ و
ڕاستەقینەی
کۆڕی هەموو دێوانەکان،
کوانووی سەودای
دڵی پڕ گڕی پێک هێناو
لە بۆتەی ئەشقی بێگەردا
هەموو، بێخود توانەوە،
لەگەڵ گوڵی هەردەم گەشی ئازادیدا
لە گەرمەی کۆڕی مەستانا
گەشانەوە،
شەونشینیی مەست و شەیدا
سروشتی نەمر، ڕەوشی نەمر
بە واتای بوونی جوان ئەدا..
❊ ❊ ❊
ئاشکراو ڕوونە
ئەم پێشەنگە بە ئەزموونە
تینووە و تینوێتیی ناشکێ،
کاتێک بوونی ئارام ئەگرێ
هەموو خونچە و دڵە نەمرەکان
لە ئامێزی
ناخی گەرموگوڕی بگرێ،
پڕ بە سینەی پڕ لە ئۆخەی
خەونی دەوران بەدی بێنێ..
جا دڵنیا و بە ئارامی
لە لانکۆڵەی دار بە ڕوودا
سەرخەوێکی خۆش ئەشکێنێ
تۆڵەی گشت خەو زڕاندن و
خورپەی ناخی هەناوەکان
بە ئاواتی دڵ ئەسێنێ؛
لە گوڵزاری
شیعری زۆر ناسکی سەرکەلا
بەلاوک و حەیرانەوە
بەهۆرە و سیاچەمانەوە
بە ئاواز و سروود و مارشی سەردەمانە
لەگەڵ سەرانسەر گەردوونا
ئەچریکێنی و ئەچریکێنێ،
لەگەڵ نرکە و نێڵەی سینەی
هەموو نەمرانی مێژوودا،
لەگەڵ جونبوشی پڕ تینی
نۆتە و نەوای پڕ لە کڵپەی
کاریگەرترین سروودا
ئەکشێ بۆ پانتایی ژیان
بۆ سەرچاوەی
سرووشتی نەبڕاوەی هۆنراوەی
هەمیشە جوان و خەندەران
بۆ ناو پیرۆزترین لانە؛
بۆ ناخی پاکی کوردستان

# ژ ماسییێن کو دکولن

بەرچەما مشریتان
(باتمان)

(١)

دگەڕم ناگەڕم هەستەکا کو نەهاتیە گۆتن
نابینم
ب تەنێ دمینم
ب تە ڤە دمینم
ژ من رە ڤالا بالوولەتیا خوە بکە
بەسە ئێدی
ژ خوەشکبوونا تە
عەنتیم

هیندۆییێن سۆر ل بەر تە هێسان دمینن
و ئەز خوە سەرژێ دکم
دبم ئالیکارێ بەرسڤا کۆچەریا تە
د هوندرێ مەزەلان دە
هەر کو دشەوتم
دقەهرم
د قوژبکا جنەتا تە ڤەدزەلم
و ب جۆشەکا نیڤجۆ
ژ ناڤبرا ژیانێ تێمە قەوراندن
و تە
دلێ خوە
من ژی کابکێن خوە تەڤاندن
کوچە ب کوچە
هلم ب هلم
نە تو دلم
بێ دلم
ب زلم
ژ ماسییێن هوندرێ خوە رە
پێن دکوڵن
دشبن من و تە



(۲)

کولەک پەرپەرۆک
کولەک ژی سێڤ
بەرا سەر تاخمێ سینگ و بەرێ خوە بدە
و تو جارێ نەبێژە
ژ پرتووکا قوڤجکا جنەتا مـن
سەرێ خوە هلدە

بلا ماسی بکوڵن
بلا داهسی بچڕن

و هەر جارێ کو خوە د تە دە خوین دکن
دسەکنم

و خوینا خوە ل ئەنیا تە دخم
خوینم
خوەیدانم
خوەندەڤانم

خوە ل زانستێن زانینگەهێن هەلەپچەیان دۆرپێچ دکم
ئەز بەلا مە
د هوندرێ مەزەلان دە
هەستییێن مـن دچڕن
مـن بجڤینن
کولم ب کولم
بلا ماسی تی نەبن
بلا زارۆک نەبینن هەستییێن مـن

**بەرچەمـا هەلبەسـتـڤـان ل سـالا (۱۹۸۵) ێ ل باتمانێ ژدایکبوویە. خوەندنا خوە یا داوییێ ل پشکا وێنەیێ ـ زانینگەها ئەتاتورک تەمام کریە. بەرچەما شێوەکارە و چەندین پێشانگەهێن تاککەسی و هەڤبەشی دە بەشداربوویە. هەلبەستێن خوە ژی د رۆژنامە و گۆڤاران دە بەلاڤکرینە.**

**«ڕامان»**

# گوڵێک لە برینماندایە

**مەنسوور ئەوجی**
**لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی**
**(بۆکان)**

**تەنیا بۆ چرکەیەک**

تەنیا بۆ چرکەیەک
لە جەغزێکی بازنەییدا
لە ناخی شەو هاتنە دەرێ
بڵێسەیەک
دەرییچەیەک
گەڵایەک و بەهارێک و
جریوە جریوێک پشکووت
لە گەرووی زەردی سەیرەیەکی غەریبدا...
دوای ساتێکی تریش
من کوێر کوێر بووم
ئەو داری تیشکەش لە دوورەدەستی
بیر و داڵغەمدا بزر بوو.

**لە ناخی هەڵاڵەی کەونارادا**

لە شەوێکدا کە من هەم و
ئەم شەوستانە و ئەم بەردە
لێرە کە هەموو شتێک بەردە
لەم شەوەدا
قاڵاوێک لە سەر شانی تۆ نیشتۆتەوە
لە شەو ڕۆچوو
ڕۆچوو بە قوڕگی تاریکایی خۆیدا و بزر بوو.
چەندە سوور و چەند خوێناوی.
هەر ئێستاکە مانگ لە سوورایی لا شانی تۆوە هەڵدێ
لە نێو قووڵایی هەڵاڵەی کەوناراوە!



**گوڵێک لە برینماندایە**

ڕێژنەی بەربەیان دابارە بە سەرماندا و هەڵیگرە
بۆنی خۆشی ئەنتیکەیی لە سەر قاڵدرمەی کازیوە،
ئەو عەترە سوورە هەڵگرە بە باڵی خۆت
گوڵێک لە برینماندایە لە ئاور گەشاوەترە!
بارانی دەمەو بەیانی
بە سەرماندا داباره و تیژ تێپەڕە!...

**ئیتر ئەوەم لێ مەپرسە**

زۆر لەمێژە شەوەزەنگ سەری هەڵداوە و
خاکیش مانگ و بەهاری لێ بزر بووە!
چۆلەکە چەنەوەرەکان
بۆ دۆزینەوەی گڵێرە
بە شەودا دەسوورێنەوە و
لە بەفردا چینە دەکەن.
دۆزەرەوەکانی گەنجیش
لە نێو قووڵایی چاڵاودا
لەنێو کۆمای تێکەڵ پێکەڵ و بارستایی یەستاندا
پەیکەرەی یەستانی ئەویان دۆزییەوە:
پەیکەرەی مندالێک بوو کە پەنجەکانی گڵێنە بوون
لقی پڕ چرۆی سێوێک و دەفەی مانگی بەسینگی
خۆیەوە دەگوشی.
ئەو کێیە لەو چاڵاوەدا؟
ئەوەم ئیتر لێ مەپرسە.

**باخێکی سووتاو**

هاوارە لەمن
چاوانی کز و ماندوو
ئیتر دەرفەتی ڕوانینیان بۆ نەماوە.
لە زاری منی وەرگرە
پەلک و گەڵای گڕ تێبەربوو
تاکو هاوارێک دەربڕم
بە پانتایی ژین و ژیان.
ئەمە وێنەی کێیە کەوا هەڵواسراوە
بە دیواری بەرەو ڕوودا؟
بە چاوانی بەرین بەقەد پانتایی ئاسمان
لە ئەم سەری ژیانەوە
ورد دەڕوانێ
هەتاکو ئەو سەری ژیان؟
ئەی ئەوانەی لە وڵاتی خۆتان غەریبن
ئەی شاعیرانی خاک
لێم بڕوانن
ئێستاکە لوورەی ڕەشەبا
لە هەردوو قۆڵی منەوە
سامناکانە گڤەیان دێ
بە سەر جەمسەری گۆی زەوی و ئیستیوادا
لەگەڵ خۆیدا نەڕە و ناڵەم
تا ئەو سەری زەوی دەبا
لەوێ دەبێ بە زایەڵە و
بۆ ئەم سەر دەگەڕێتەوە.
«- لەگەڵ بۆنی هەڵاڵەکان
ئێمە شێت بووین لە بەهاردا.
ئەمە وێنەی کێیە کەوا
لەم شەوگارە تاریکەدا
بە دیواری بەرەوڕوودا هەڵواسراوە؟
باخێکی سووتاو؟»
باخێکی سووتاو!...

**سەرچاوە:**

**صدای شعر امروز، چاپ دوم، گزینش احد منطقی تبریزی و بهمن مەآبادی، انتشارات تلاش، تبریز ١٣٦٨.**



# ماڵاوایی لە خولەکی ئاخردا

**تاهیر حامیدی**
**(سەقز)**

**لەسەر تۆم دوشمنە دنیا «قضیەم مانع الجمع»ـە**
**کە تەرکی تۆ نەکەم تەرکی هەموو دنیا نەکەم چیبکەم؟**

مەحوی

بێجگە لە دوو هێڵ شەوق، وا لەکونی درگاکەوە شانبەشانی یەکتری بەو داڵانە ڕوون و بێ دەنگەدا دەخزانە نێو ژووره تاریک و تەماویەکەوە، کەسی دیکە ئاگای لێیان نەبوو. زۆر بە ئەسپایی بەنێو ماڵەکەدا هەنگاویان هەڵهێنابوو، هەتا تەپوتۆز ساز نەبێ، کەچی کەس تێناگات ئەم هەموو تۆزە لە کوێی پەنجەرە درزخندراوەکانەوە خۆیان خزاندبووە ژووریّ و ئەوێیان کردبووە مۆڵگەی خۆیان و سامێکی وەها کوشندەیان بەخشیبووە ئەو ماڵە بێ کەسە بیست ساڵێش بە زمان خۆشە هەر دەبوایە چاوەڕوان ببوایەن کەشوهەوایەکی ئاوەها کوشندە لە ماڵەکەیاندا لە درزی دار و دیوارەکاندا کڕ بکەوێ و بە شوێن جووڵانەوەی ئەواندا، بێ دەنگی بشکێنێ و وەک قەرەچییەکی سەماکەر بە دەوروبەریاندا بکەوێتە باوە خولێ.

هەتا کات تێدەپەڕی سەمای ترسەکە گێژتر دەبوو و ئەمان چاو کراوەتر. سارۆ بێ ئاگا ڕۆیشت بەرەو ژوورەکەی ئەوپەڕی ماڵ. چۆن بە جێیان هێشتبوو دەستی لێ نەدرابوو. تۆزی سەر وێنە هەڵواسراوەکان نەیدەهێشت چاویان بەمان بکەوێ و ڕاستیشت دەوێ قەتحە و قاپەکان چەنای ئەو چەند ساڵە وەهایان گوشیبوون کە بڕستی چاوهەڵبڕینیان لێ بڕیبوون. بۆنی تەنیایی هەستێکی غەوارەی تێدا هەڵدەقولاند. خۆی گەیاندە بەرانبەر تاقێکی نێو دیوارەکە و

دەستی برد و خۆ و شانس کتێبێکی لەنێوان کتێبەکان دەرهێنا و دەستێکی هێنا بە سەروچاوە تۆزاوییەکەیدا. ڕوخساری پیاوێکی سمێڵ زلی لێ دەرکەوت بە دوو چاوی زیت و مڕ و مۆڕەوە لە ئاسۆیەکی زۆر زۆر دووریان دەڕوانی. هێڵی ڕوانینە دوورخایەنەکەی لە خاڵێکی نێو مێشکییەوە دەستی پێ دەکرد و بە مەودایەکی کەمەوە لە یەکتری، بەنێو چاوەکانیدا دەردەپەڕی و بەرە بەرە لە یەک جودا دەبوونەوە و هەتا بێ شوێنەکان درێژەیان دەبوو و ماڵاوایییان لە یەکتری دەکرد. لای خۆی کوتی بریا دەستم نەدابایەتە ئەو کتێبە و چی دیکە دەستی نەبرد بۆ هیچ کتێبێکی دیکە. هەرچی زۆری بۆ خۆی دێنا سەرەتێکی وەبیر نەدەهاتەوە لەم ماڵەدا ژیابێ و وەک دایکە باسی دەکرد لەبەر شەوقی پەنجەرەدارەکانی ئەو ماڵەدا فرچک درابێ. نەدەکرا بە ڕۆژدا بگەڕابایەنەوە بۆ ئەوێ و لەبەر تیشکی ڕۆژدا چاوی بۆ ئەو بیرەوەرییە نەناسراوانە هەڵبڕیبایە؟ نا نەدەکرا! خۆ ئەمان بۆ زیندووکردنەوەی بیرەوەرییەکان بۆ ئێرە نەهاتبوونەوە. گا هەیە دایکە ئەم مەبەستەی بووبێ، بەڵام ئەم، هیوادار بوو لە وەها شەوێکی تەنیادا بە وەڵامی، ئەو پرسیارە بگات کە قەت دەرفەتی ئەوەی بۆ هەڵنەکەوتبوو لە باوکەی بپرسێ. باوکە خۆی هەلی هاتنە گۆڕێی ئەم پرسیارەی بۆ ڕەخساندبوو و هەر جارێک دەهاتە کاتی وەڵام دانەوە، بە بۆنەی ئیشێکەوە خۆی لە وەڵامدانەوە دەرباز کردبوو. تۆ بڵێی سەرجەمی خزم و کەس و ئامادەبووانی کوڕەکە چەندە چاویان بە شوێن ئەماندا گەڕاندبێ هەتا بە کوتنی چەند وشەی ئاسایی، دڵی ئەمان سارێژ بکەن و ئەمان لە پێچەڵاوپووچی ماڵێکی تۆزاویدا هەریەکەو بە هێڵێکدا وەک بۆ گەنجێکی تەلیسماوی بگەڕێن زرتە چاوێک، یان زەنگی وردە دەنگێکیان لێ دەبووە شەبەق! سارۆ دایکەی لێ گوم ببوو و بێ ئاگا گەڕایەوە بۆ دیوی ناوەڕێڵی ماڵەکە و دەبوایە بە ئەسپایی و بە وردی پای هەڵبێنایە و بێجگە لە هەڵکردنی باهۆزی تۆز، وریای زرتەی چاوی ئەو زیبکە شووشانە ببوایە وا لە پەنجەرە شکاوەکەوە هەڵوەریبوون و دەبوایە جێی دوو گوللە بووبێتن، کە لە سەردەمی ماڵ بەجێهێشتنی ئەماندا لە پەنجەرەکە تێپەڕیبێتن و بێ ئەوەی کەس لە ماڵەکەدا لێیان سڵەمیبێتەوە خۆوحاست دەرگای بەرانبەر پەنجەرەکەیان دادڕیبێ. کاری سروشتە ئیدی، هەر کوێت بەجێهێشت قورقوشمی مەرگ هێلانەی لێ چێ دەکات.

چوو بەرەو ژوور و دەستی برد دوولکەکەی لە عەرز هەڵبڕی و ڕاست بووەوە و چەقاندی بە کونی بەرقی سەر دیوارەکەدا. ژەنگی هێنابوو و بە زۆری زۆرداری تێی ترنجاند. بە تەمابوو ئەویش وەک گڵۆپی ژوورەکان لە کار کەوتبێ و نەیسێ، بەڵام هەرقامکی بە قۆپچەکەیدا نا، تەلەڤزیۆنەکە دەستی کرد بە زریوە و پاشان کرێوە و ئەوجار گۆڕەپانێکی بەرینی چۆڵوهۆڵ کە بە دەوراندەوریدا چەنای چەند هەزار پیاو و ژن بە زەوقێکی سەیرەوە چاوەڕوانییەکی بێ چاوانەت دەبینی! جاری وابوو فیکەی هەرزەکارێک دەروونی هەمووانی دێنایە جۆش و لە جێی خۆیان وەک ئەسپەندەر هەڵدەتۆقاند و بە شوێنیدا هەڵدەکورمانەوە و چاوەڕوانی و دیسان چاو لە چاوبڕین و مەحتەلی و هەمدیسان وەنەوز و گاجار دەنگی دەهۆڵێکی قەبە دایانی دەچڵەکاند و بەبێ ئیزنی خۆی هەڵپرشاندنەوەیەکی تر بە شوێن جەماوەردا و کەفوکوڵ و نیشتنەوەیەکی دیکە. زۆریان سەروچاوی خۆیانیان ڕەنگاندبوو و زیاتر لە هەموو ڕەنگێک ڕەنگی سپی و شین جەماوەری کردبوو بە دوو بەشەوە و دەتکوت ئەوانیش وەک ئەم چاوەڕوانی گەیشتن بە وەڵامی پرسیارێکن کە نزیک بە بیست ساڵ لە دڵی خۆیاندا خەواندبێتیان. دەنگێکی نائاشنا وەخەبەری هێنایەوە لە کوڕووزانەوەی منداڵێک دەچوو لە شیر هەڵبڕابێ و کە باشتر گوێی هەڵخست ناسییەوە. دەنگی دایکە بوو! داخۆم لە کام سووچ و قوژبنی هەزار بە هەزاری ئەم ماڵە کەلوکوناوییەدا بە سەر کامە بیرەوەریدا فرمێسک هەڵوەرێنێ و ئاگایشی لەوە نەمابێ کە ئەو هەموو میوانە چاوەڕوانی بینین و دڵداری دانەوەی ئەو بووبێتن.

دەنگێک لە مەیدانەوە تێکەڵ بە دەنگی کوڕکەی دایکە و هەنسکێک لە پەژارەی دایکە زاقوزووقی جەماوەرە خوێن جۆشاوەکەی دەبەزاند و سارۆ لەمبەر بۆ ئەو بەر لێی قەوماوبوو و بە سەرسوڕمانەوە سەرینێکی لەژێر سەر دانا و ئانیشکی نایە سەری، سەری نایە نێو لەپی دەستی و هارووژاو چاوی بڕییە ئەو یاریزانانە وا بە بنێشت جاوینەوە هەریەکەو تۆپێک بە بن دەستەوە دەزانە نێو گۆڕەپانەکەوە. لای ئەم یاری دەستی پێدەکرد و لای دایکە تامەزرۆیی بینینەوەی کەونە لانەکەی خۆی، دوای

ئەو هەموو ساڵە ئاوێتەی بەڵغی ئەو ژێرپەرداخانە دەبوو وا لە سەردەمی ڕۆیشتنیاندا کۆ نەکرابوونەوە و ئێستا دڵی دەویست دەستیان داتێ و تۆز و کیفیان لێ دارنێ و دڵت بەوە خۆش بکەی چاییەکەی ناویان هەڵهاوی. ئەو هەموو پەلە پەلە نەیهێشتبوو بە تەواوی خۆیان خڕکەنەوە و باوکەش نەیویستبوو قەت خۆی لەو شتانەی وا دایکە پێی ناخۆش بوو خڕ بکاتەوە. بۆ کوێیانی دەبرد؟ بۆ کەوتنە شوێن ئاواتە ون بووەکانی خۆی؟ بۆ دانەدەمرکا؟ سەیرە! ئاوارەی کردن و خۆشی جارەهای جار بە سارۆی کوتبوو «من دەزانم خەمی گەڕانەوە من دەکوژێ» و ئەوە ڕاستیش بوو وا پیاوێکی بەو کەللەڕەقییە لەم دواییانەدا بەو قەناعەتە گەیشتبوو کە چەندێک بپارێتەوە لە کەسانێک کە جاران زۆر بە چکۆلەتر لە خۆیی دەزانین هەتاکو بەشکم ئیزنی دەنێ هەموو ئەو پلەوپایانەی وا خۆی و بنەماڵەکەی بۆ وەگیرهێنانیان دەربەدەر و دڵشکاو کردبوو بە جێ بهێڵێ، بەو مەرجەی بگەڕێتەوە بۆ شارۆچکە هەمیشە سەربەتەمەکەی سەرەتی منداڵی خۆی و لەوێدا چی بکا؟ پێت وایە داوای چی کردبێ؟ ویستبووی بچێتە سەر کورسییەکی لەقولۆقی قوتابخانەیەک و ڕەها لە بەندوبەربەستەکانی خوێندنی ئیمڕۆیی هەموو وڵاتان (لە دڵی خۆیدا نەک بەرواڵەتیش بینوێنێ) چمۆڵە لە هەمووی ئەو ڕێگا تاقیکراوانە بنێ وا ئەمیان خستبووە سەر هێڵی زانست و هەموو ئەو منداڵانەش دەبوایە بێ بیانوو لە نێوان جەرومەنگەنەکەیدا وەک مێو نەرم بن و بتارێن و بتۆرێن و بە شوێنیدا بگەڕێنەوە سەر هێڵ و ئەم حاشا لە هەموویان بکات، تەنانەت دڵی بە گێڕانەوەی ژیانی خۆی و ئەو دۆزەخە پاقژانەی خۆش بکات کە دەسمایەی ژینە بێ بەهرەکەی ئەو بوون. دایکە زۆر سانا دەیتوانی وەڵامی نەدابایەتەوە و شوێنی خەونەکانی نەکەوتبایە و باوکەش هەرگیز بە زۆر نەیدەخستە شوێنی خۆی! سارۆ زۆر چاک دەیزانی دایکە دیقەدڵ بووە و کوڕکەی گریانە بێ دەنگەکەی لە چ سەرچاوەیەکی لێڵەوە هەڵدەقوڵێ! دەیان کەس خۆزگەیان بە ژیانی هاوبەشی ئەوان خواستبوو و بە ڕزگارترین ژنی بەختەوەری ژیانیان زانیبوو و ئەم لەو ڕزگارییە خۆڵەمێشییە وا باوکەبۆی سازکردبوو دڵمەند و دڵشکاو. هەر جارێک باوکە دەیخستە سەر هەوای کۆچێک، سەفەرێک، ڕۆیشتنێک، تاقی کردنەوەیەک و ئەمی دەکردە سەرپشکی هەڵبژاردن و ڕاست و ڕاستەقینە دەیویست ڕای خۆی دەربڕێ و کە ئەم بە ملکەچییەوە ناتەبایی خۆی دەردەبڕی؛ باوکە بە وشەی «خۆت دەزانی» دەیویست بیسەلمێنێ کە ڕزگاری چ تام و چێژێکی هەیە و ئەمیش دڵەڕاوکێکەی سەری هەڵدەدایەوە و چەلانی دیکە لە ترسی ئەو خۆت دەزانییەش ببوایە لە پرسوڕا خۆی دەدزییەوە و وردە وردە ئەم زنجیرە ئەستوورە ببووە هاوڕێیەکی هەتاهەتایی ئەو و کردبوویە ژنێکی کەم قسەو وردبین و کەم بێژ. حەزەکانی خۆی دیل دەکرد و باوکەی لێ ببووە ئەو هەیکەلە نەڕووخەی تێکەڵی بەردابییەکانی دەبوو و دەیڕەنگاند و تێی دەتوایەوە و بەرەبەرە دەیزانی دیلی چ تامێکی شیرینی بە ڕوحی ئەم بەخشیوە.

سارۆ چاوی هەڵبڕییەوە و سەیری یاریزانە خووساوەکانی کرد. لە هەموویان وازرتر و وریاتر ئەوەیان بوو وا بۆ ماڵاوایی کردن و دوایین یاری خۆی هاتبووە گۆڕەپانی کێبڕکێکەوە و شانی هەتا کەلەکەی پێدەچوو سێ یەکێکی لاقەکانی هەڵکشابێتن. سەرە بێ مووەکەی نەیدەهێشت پێ بزانی ئەویش وەک ئەوانی دی چەندە ئارەقی ڕژاندووە هەتا لەم سەر بۆ ئەو سەرو بە پێچەوانەیش هەڵهاتبێ و خۆی ڕەتاندبێ و کە سەیریشت دەکرد لە سەرەتی لاوی خۆی بەوزەتر، بێ ئەوەی ورەی دابەزیبێ نیگای هەمووانی بە شوێنی خۆیدا ڕادەکێشا و سەیرتر لە هەمووی، مەندییەکەی تێکەڵ بە سڕەسەپۆلی ببوو وەک هەموو مرۆیەک وا وەزەنی بۆ کەس نەبووبێ دڵ و بەزەیی هەمووی کێشابوو بۆ لای خۆیەوە و هەردوو لایەنی لایەنگرانی یارییەکەی ئەو شەوە چەپڵەیان بۆ ئاکارە ڕەوا و لەشە بەکارەکەی ئەو دەتەقاند. هەتا هیلاکتر بیت، ڕق ئەستووری دەتگۆڕێ و دەتکاتە کەسێکی دیکە! بەڵام ئەو بە پێچەوانە، هیلاکی کانیاوی ڕوحی لێڵ نەدەکرد و ئەو بزە ونەی وا کەس لە ڕوخسارە وشکەکەیدا نەیدەدی، نەدەڕەخسا و لە دلۆڤانییەکەیی کەم نەدەکردەوە، ئەمەش نەک خوو و خدەیەکی ئان و ساتی و دەستکرد بووبێ؛ مێژووی یاریزانی نزیک بەدوو دەیەی ئەو نواندبووی و لێی ببووە خڵتەیەک لە ڕوحیدا. ناویت لای هەر کەسێک بێنایە، دەیانناسی و بەو ئاکارانەوە ناوبوردەیان دەکرد. لای بینەرانی ئەو یارییە

جیهانییە ناخی کایەکە چ بووە پەراوێزی بوونی ئەوەوە و زیاتر لە هەمــوو شــتــێــک ئەویان وەک شــەوق و ئەستێرەیەکی گەشتر لە هەمووان پێش چاو دەکەوت و لە نیوە زیاتری دووربینەکانی گۆڕەپانیش هەڵیان کوتابووە سەر جووڵانەوەی ئەو و تاقە لەرەیەکی لەشی لە چاوی ورد بین و تۆمارکەری ئەوان ون نەدەبوو.

لەتێک لە بیـری سارۆ لای ئەو و لەتەکـەی تری لای دایکە و تەنیاییەکەی! ئاواتە خواز بوو قەت ئەم کات و ساتانە دوایی نەیێ و لەو لاشەوە چاوەڕوانی ژوانەکەی سبحەینێی دەکرد و لێی ببووە دڵەڕاوکێیەکی ئەستەم، وا جـاربەجـار و چرکـە بە چرکـە ژێر پێی بەتاڵ دەکـرد و دەیڕووخاند و کە دەهاتەوە سەرهۆش، ئاواتی گەڕانەوە بۆ دواوە و ساتە تێپەڕبووەکان دەیهاروژاند. وەخۆی هاتەوە و لە کـاتژمـێـرەکـەی ڕوانی. ئەوەندەی نەمـابوو یاری کـۆتایی پێ بێ و لە هەمـوو دەسکەوتێک شیـرینتـر، گرمۆڵەکردنی بڕیارنامەی ئەو یاریزانە مەزنە بێ وا ببووە ئەفسووناویترین دۆسیەی مێژووی کایەکانی جیهان و وەک بەختەوەرێکی هەتاهەتایی ناوی خۆشناوی لێ ببڕێ و ببـێـتـەشـانازی نەک چین و توێژێکی تایبەت، بەڵکو هەمـووان بە بەشـێک لە ئاواتە بەدی نەهاتووەکـانیـانی بزانن.

سارۆ هەتا چەند ساڵ دوای ئەوەش نەیدەزانی ڕاستی بووە، یان بوختـیان بازی ئەو دووربینە چاوچنۆکانەی وا لە سـیلەی چەپی مـەیدانەکـەوە هەڵیـانکوتایە سـەر ئامـبـازبوونی یاریزانە مـەزنەکـە و یەکـێکی دیکەی یاریزانەکـان. ئەوی دیکە لە دواوە دەسـتی ئاڵاندە نێـو قـەدی ئەم و وەک ڕازێکی نهـێنی بۆ بدرکـێنێ چەند وشـەیەکی چرپاند بە گـوێیدا و ئەمـیش وەک هەمـوو جارانی پێشـتـر وا گـوێی بە هەرجۆرە تووک و نزایەک داهاتبوو لەوە دەچوو گوێی خۆی لێ بخەوێنێ و ئاوڕی لاریش نەداتەوە و بۆ چەند چرکە خۆی مات کرد و خۆی وەدواخـــست و بێ خـــەیاڵ لە چاوەڕوانی هەمـــوو لایەنگرەکانی خۆی، بەهەڵینگدان بە لایدا دەرچوو، هەتا چەند شـەقاو وەپێشی کـەوت و گـەڕایەوە و بەرانبـەری ڕاوێستا و ملەقوتەیەکی کرد و بێ بایەخی وەها قـەت قەت لە ڕوخسارە سارد و سڕەکەیدا نەبینرابوو. تۆ بڵێی بیری لەوە نەکردبێتـەوە چەنای چەند چاوی دەسکیس و شووفار لێی زەق بووبێتنەوە و جووڵەو لەرەساتەکانیشی

دەبینن و دەیانەوێ بیکـەنە بەند و بەیتی کــــۆڕ و کۆبوونەوەکانیان؟ دوومڕەکی ڕازایەوە و هەتا هێزی بوو سەرێکی سرەواندە تەختی سینگی و وەک مەیتێکی بێ کەس و کـۆن، تخیـڵی عـەرزی کرد! سەری داخست و ئارەقەکـەی نێوچاوانی بە قـامکە کەڵەی دەسـتی سڕی و خۆی ساز کرد بۆ بینینی ئەو پەڕە سوورەی ناوبژیکەرەکان کە بەبێ زمانی خۆیان لە لایەن، لایەنگرەکانییەوە پێیان دەکوت نزیک بە دوو دەیەخۆت ڕاگرت و نەتتوانی کەمتر لە چەند چرکـە هەوری ڕەشی ئەو تۆمەتە هەڵبـرینگێنی؟ بێ ئاگا لە چاوە دەرپەڕیوەکان مەیدانی بەجێـهێشت و ئاوڕی نەدایەوە و خۆی گێل کرد و بەنێو مژوتەمی فیکە و هەڵچووندا ڕێی بۆ خۆی کردەوە و خۆی وەدەرنا.

سارۆ دڵەڕاوکـێی تێپەڕبوونی ساتەکـانی پێشـتـری نەمابوو و زیاتر لەوە دەترسا خەو بیرفێنێ و نەگەڕێتەوە و سبحەینێ نەگاتە سەر ژوانەکە.

تیـــشـکێکی بێ تین، وشک و ڕەق پاڵـیــــان لە شانەکانییەوە دەناو ئەویان لە چاوە ڕیپۆقاوییەکانی خۆر دەتۆقـــاند. هەر بەوەشـــدا دەیزانی ئـەو ڕۆژە دەبێ ڕووداوێکی نائاسـایتر لە هەمـوو وەخـتـێک چاوی لێ بتروکێنێ. هەستایە سەر پێ و بە پلیکانەکاندا داگەڕا و لە حەسارەقووڵەکەدا خۆی تەکاند و بە جلوبەرگە لۆچ و تۆزاوییەکانیدا هاتەوە بیری کە دایکە وەک جاران کراسی بۆ دەق نەداوە و ملیـوانەکـانی بۆ ڕێک نەکـردووە و قـژە خزەکانی هەڵنەداوەتەوە و لە نێوچاوانی ڕانەمووسیوە و دڵداری نەداوەتەوە کــە غــەریبی کــۆتایی پێ دێ و دەگەڕێنەوە و ئەویش نابێ هێندە خۆی دڵـتەنگ بکات؛ دەبێ لە باتی ئەوانە، لە قـوتابخـانە تێـبکۆشێ ئەو شوورانە بشکێنێ وا ئەویان دەکردە غەریبەیەکی نەناس و بێ بایەخ ببێ بەو قسە ڕەقانەی وا هاوپۆلەکانی پێیان دەکوت، تەنیـاو دڵگیریان دەکرد، دەیانتـاراند، دەتۆرا و هەمدیسان بە چاوە خووساوەکانییەوە نیوەڕۆ دەگەڕایەوە بۆ مـاڵ و دایکە بابۆڵەکـەی لە جـانتـاکـەی بە دەم بۆ نەبراوی دەردەهێنا و لە داخـان وەک جـاران گـریانیـشی نەدەهات و زیاتر دەیکردە مـێـردمنداڵێکی مـات و کـەم قـسـە کـە جگە لە چاو تێبـڕین قـسـەی تری نەدەزانی و خۆجەزرەبەدان ببووە خوویەکی بەردینە بۆی.

دەرگـای کـردەوە و خـۆی خـسـتـە نێـو باوەشی مـژە خەستەکەوە و لە پێپلیکانەکانی کۆڵانەوە سەرەو خوار

بووەوە و گەیشتە سەر شەقامە کرِۆماتەکە. تێپەڕی و چووە ئەوبەر. بە بەردەمی باخە گشتییەکەی نێو شاردا هەنگاوی هەڵدێنا و لەبەر مــــژ لقـــــوپۆپی دارە کەڵەگەتەکانی نەدەدی و کۆتە بێ گیانەکانیان ڕەنگی مردووی بەخشیبووە ئەو باخە و بێ دەنگی دڕی بە سارۆ دەدا.

دوێ شەوی وەبیر هاتەوە و ئەو یارییە بێ ئامانج و دڵپڕی هێنەرە! بەڵام ئەو گریانی لە بیر چووبۆوە و نەیدەزانی بۆ دوای ئەوە ئەوەندە بیری باوکە کەوتبووەوە و هەمدیسان خەونەکەی چەند مانگ لەوە پێشی بۆ دووپاتە و چەندپاتە بووەوە؟ دیانی دابوویە ژان و دەستی بردبوو دیانە لەق و کرمۆڵەکەی لە دەمی خۆی دەربێنێ و کە دەستی لە دەم باوکە دەرهێنابوو هەر چوار دیانەکەی پێشۆی باوکەی بە چەپکە هەڵکەندبوو و ڕوخساری پیرێکی قەبەی بەخشیبووە دەموچاوە بێ گرێوگۆڵەکەی!

کە گەیشتە سەر چوار قاشی شەقامەکە و سووچی کۆتایی پێ هاتنی باخەکە، بە تەنیشتی ڕاستدا بای دایەوە و ڕۆیشت هەتا گەیشتە سەرچۆمەکەی نێو شار. چووە سەر ئەو دیوارەی وا بۆ بەرگری کردن لە قەڵبەزەی لافاوی بەهار لەم بەراوبەری چۆمەکە هەڵیانبەستبوو و لەنێوان دوو پردی سەرەوەو خوارەوەی شاردا چاوەڕوانی باوکە ڕاوەستا. چۆم وشکایی هاتبوو، یان مژە بەتینەکە نەیدەهێشت تەڕایی ببینێ، نەیدەزانی! سەرما و بێ ئاگایی لە دەوروبەری خۆی بە بۆنەی ئەو تەمومژە چاو بەسەوەبێ تاقەتیان دەکرد. هاتوچۆ بەسەر دیوارەکەدا کەساستری دەکرد و تارماییەک بەنێو چۆمەکەدا دەرکەوت و برێک دڵخۆشی کرد و چاوەکانی هەڵگلۆفی و باوکەی ناسییەوە. چوارکەس بە شوێنیدا و وەک ڕەوانەی سەفەرێکی بێ گەڕانەوەی بکەن بەسەر پلیکانە نماوییەکاندا سەرکەوتە سەر دیوارەکە. باوکە سەروچاوی لە خوم هەڵکێشابوو و لێوە بە قووڵدا چووەکانی دەینواند کە دەیەوێ بچێ بۆ پرسە و عازیەتباری. هیچ هەواڵێکی لە سارۆ نەپرسی و هەروەک جاری جاران نەیلکاند بە خۆیەوە، تەنانەت دەنکێک لە ماچە وشک و بێ هێزەکانی سەرەتی منداڵیشی ئاوقە نەکرد. کوتم ئاوقە! ئاخر هێندە بەبێ تاقەتی ماچی دەکرد، دەتکوت قەرزی لێ دەسێنێتەوە، ئەمەش بێ هۆ نەبوو کە سارۆ دوای کۆچەکەی ئەو نەچووە پرسەکەیشی و لەگەڵ دایکە خۆیان لە کۆبوونەوەکە دزییەوە و ئەگەر بۆ وەرگرتنی وەڵامی ئەو پرسیارەش نەبوایە وا ببووە گرێی دڵی، پێی خۆش نەبوو بیرەوەرییە مردووەکان زیندوو بکاتەوە و بێتە ژوانی و شانبەشان وەک دوو قوتابی وا لە ڕێی قوتابخانە هەموو ڕۆژێک دەبنە هاوڕێ، بە کەمتەرخەمییەوە شانی تێهەڵنەساوێ و خۆ لە چۆمە تەماوییەکە دوور بخەنەوە و بەرەو جەنگەی نێو شار هەنگاو هەڵگرن و تەزووی ساردی بە لەشدا بێ، لەوە بترسێ خەڵک بیانناسنەوە، سڵیان لێ بکەن و ئەم هەتا دەگاتە بەر پلیکانەکانی مزگەوتی شوێنی پرسەکە، ساردوسڕییەکانی باوکەی بێتەوە بیر و غەریب کەوتنەکەی خۆی و دایکەی لێ بێتە مێردەزمەیەک و بێتەوە بەرچاوی کە ئەو هەموو سووکایەتییە وا لە شارە غەوارەکەی پایتەختی وڵات پێیان کرا هەمووی لە باوکەوە بزانێ و ئەمان پێی ڕانەهاتن و باوکەسەری سەرکوتی خستە سەریان و لە ماوەی نزیک بە بیست ساڵی ڕەبەق بزەی لەگەڵ ئەمان نەگۆڕییەوە. سارۆ هەستی دەکرد لای باوکەش غەریب کەوتوون و ئەو دەمەی بە دزییەوە ڕواڵەتی خۆی گۆڕی و چووە ئەو زانکۆیەی وا باوکە دەرسی تێدا دەگوتەوە، ئەمەی بە تەواوی لێ ئایەن بوو. باوکە هەموو ڕۆژێک خۆی بە حەساری زانکۆدا دەکرد و خۆی وا بۆ خوێندکاران شیرین کردبوو کە لەوانەبوو هەموویان لە دوورەوە، باوەشی بۆ بگرنەوە و ئاوێتەی بن. شەکری بزەکانی سەرلێوی وەک ژەهرێک دەتکایە دڵی سارۆ و گریان ببووە تایبەتمەندییەکی ناتەبا لە دڵی ئەمدا دەنا دەیزۆڕاند و خۆی لە باوکە ئاشکرا دەکرد، کە ئەو هەموو سارد و سڕییە چییە وا بە میرات بە ئەمی بەخشیبوو و جیاوازی دۆزەخەکەی ماڵی خۆیان و بەهەشتەکەی زانکۆ لای باوکە چییە؟ بەڵام ئێستا وردە وردە دڵخۆش دەبوو بەو ڕووداوە سەیرە وا لە ساڵی پێش کۆچی باوکەدا ڕووی دا؛ ئەویش ئەوە بوو کە لە خودی خوێندکارە تازەهاتووەکانی بیستبوو. دەیانکوت مامۆستا لەم دواییانەدا گۆڕابوو و هەرگیز لەو کەسەی نەدەچوو کە پێشتر باسیان بیستبوو و دەبوایە خۆیان بە بەختەوەر بزانیبایە ئەگەر لەژێر وتە گەرم و بە پێزەکانی ئەوەوە بڕیار نامەیان بدرابایە، کەچی ئەم بە پێچەوانەی ساڵانی پێشتر، درەنگ خۆی دەگەیاندە سەر کلاسی ئامادە بووان، ڕووە گرژ و گنج و لۆچەکەی لێ هەڵدەماڵێن؛ پچووکترین هەڵەی لێیان قەبووڵ

نەدەکرد و بە شوێن بیانوویەکەوە دەبوو یەکێکیان دەرپەڕێنێ و تاڵ بوو و تاڵ بوو و ناوی کاڵ بووەوە و ئەگەر زوو بە زوو لەوێ نەڕۆشتبایە، ناوەکەی بەر لەخۆی کۆچی دەکرد.

کە گەیشتنە بەر پلیکانەکان، خۆیان لەبەر مزگەوتێکی کۆنە ساڵدا دۆزییەوە و گرمەی پۆلێک کۆترە شینە لەبەر هەیوانە ڕوو بەخۆرەکەیدا وە ئاگای هێنانەوە. گەرمای دەستێکی نەرم دەستی سارۆی داچڵەکاند و بیری ڕووخاند. کە ئاوڕی داوە باوکە بوو و لەمی دەڕوانی و پێدەکەنی و دڵی ئەمی داخورپاند و ئەم خووی نەگرتبوو لە وەڵامدا دەستی بگوشێتەوە و بزەیەکی لەگەڵ بگۆڕێتەوە! دەتکوت کەس نایانبینێ و خەڵکەکە کەمە کەمە سەرەو خوار دەبوونەوە و دەڕژانە بەر درگای مزگەوتەکە وا لە ناوەڕاستی ڕیزە پلیکانەکاندا چاوەڕێی ئەمان بوو. دەست لەنێو دەستی یەکدا پێیان هەڵهێنا لە یەکەم پلیکانەوە سەرکەون، دەنگێکی ئاشنا بۆ باوکە بە کەڕەنای مزگەوتەکەدا دایچڵەکاندن و لە خشپەی پای ئەو سەرەخۆشیکەرانەی وا دوو دوو و سێ سێ لە پێش درگاکەدا کۆدەبوونەوە سەرتر کەوت و دەنگەکانی دیکەی بەزاند:

**«بنوو، هاوڕێم!**
**بنوو، ئەی ئەو سوارە عەگیدەی**
**ئەسپت: ڕەشەبا...**
**زینت: گەواڵە...**
**ڕکێفت ئەستێ و بەرد بوو.**

**بنوو، هاوڕێم!**
**لە هیچ مەپرسە!**
**ڕەشانگ و تاپۆیەکانی ئەودیو پەنجەرە**
**ئەو دار و درەختانەن،**
**کە حاجی قادر**
**لە سێبەریان سەرخەوی دەشکاند.**
**ئەو ژاوەژاو و دەنگەدەنگانەش،**
**ئارێبابەی فەقێکانی مەلای گەورەن.»**

لە دوو پلیکانی دیکەوە سەرکەوتبوون و سارۆ مچوڕکێکی سارد بە نێو شانەکانیدا هات و لەوانەبوو بزەیەکی کاڵوکرچ وەک قژی سەری دایگرێ.

**«بنوو، هاوڕێم!**
**ئۆباڵت بە ئەستۆم،**
**ئەگەر کەس گەواهی نەدا،**
**من گەواهی دەدەم،**
**دوای ئەو هەموو مەیدانخوازی و**
**زەنگۆڵدان و هەڵمەتانە،**
**برینەکانت سەختێن،**
**برینەکانت بەسوێن.**
**ئۆباڵت بە ئەستۆ،**
**ئێستا نووستن هەقی خۆتە،**
**ئارامی شایانی ڕوخساری زەعفەرانیتە.»**

دوو پلیکانی دیکەیان تێپەڕاند و سارۆ داچڵەکییەوە. شەرمی دەهاتێ باوکە دەستی گرتووە و ئەم هیچ هەستێکی لەگەڵ نەگۆڕاوەتەوە! باشترین کات بوو، گیر لە باوکە بهێنێ و نەهێڵێ وەک جارەکانی دیکە دەربازبێ. عارەقێکی ساردی هەڵوەراند و برێک ڕاوەستا و باوکەش بە شوێنیدا و تفەکەی زاری قووت دا و بە هێز و توانایی خۆی قیڕاندی: «بابە گیان مەلای گەورە کێ بووە؟ بۆچی وێنەکەیت لە جانتا قفڵ دارەکاندا دەشاردەوە؟» ئەو قیرە بەرزە وا دەترسا خەڵکیان لێ ئاگادارکاتەوە، وەک نووزەیەک لە قوڕگییەوە هاتە دەرێ و کەسی دانەچڵەکاند و لێی ئایەن بوو کەس نایانبینێ و نایانناسێ و دڵخۆشتر بووەوە و گەشەی سەندەوە. باوکە سەیری کاغەزی بانگێشەی پرسەکەی کرد وا نووساندبوویان بە سەر دیوارەکانەوە. لەوانە بوو وێنەکەی خۆی نەناسێتەوە. نەیدەزانی کەی ئەو وێنەی کێشاوە و لای کێ بووە وا داویانە لە سەر کاغەزەکان. ئاخر خۆ بنەماڵەی خۆیان ئەوەیان ساز نەکردبوو و وێنەکانی نێو ئەلبوومەکانی خۆیانیان دەرنەهێنابوو. سارۆ دەیویست دڵپرییەکەی بە قوڵپەی گریانێک دەربڕێ و هەچێکی کرد و کۆشای نەیتوانی و بە تێرامانە مل کز و کەچەکەی باوکەدا سوور سوور تێگەیشت کە باوکەش هاتووەتەوە تێ بگات؛ نەک بۆچی، بەڵکو چۆنا و چۆن بوو کە تازە خەریک بوون بەو خاکە ڕادەهاتن و باوکی نەیهێشت و بەجێی هێشتن؟

بە کەوشکەنەدا تێپەڕین و خۆیان بە پەنای شێری ئاوەکاندا تەپاندە نێو خەڵکەکەوە و بێ ئەوەی ئاوڕێکیان لێ بدرێتەوە دوو قوڵی چوونە نێو مزگەوتە سیخناخ بووەکەوە.

**«تۆ دەتزانی زوو تاریکیت بەسەردا دێ**
**دەتزانی تادێ کرێوە و باو بۆران دژوارتر دەبن**
**هاشەی باڵی سیسارک و قەلە ڕەشەکانت دەبیست**
**بەسەرتەوە لەنگەریان گرتبوو**
**بنوو هاوڕێم**
**ئۆباڵت بە ئەستۆم نووستن حەقی خۆتە**
**حەسانەوە حەقی خۆتە»**

باوکە چاوی بڕیبە حاستی قیبلە و خزم و خوێندکارەکانی خۆی دانەدانە ناسییەوە، خۆیان بۆ لای ژوورەوە کوتاوە و بە شانەترنجێ جێی خۆیانیان گرتووە. زیاتر لە هەموو شتێک، لە کۆڕێکی ئەدەبی دەچوو هەتا پرسەی نێو مزگەوتێکی کۆنەشار. سەیرتر لە هەموویان کۆڕگێڕەکە بوو کە بە هەیکەلە زەلام و لاقە وردیلەکانی ناسییەوە و پێی سەیرتر بوو کە ئەو بووە هەمووی ئەم جەماوەرەی خڕکردووەتەوە و بۆ عازیەتباری سازی داون. باوکە بیری لەو سەرەتە دەکردەوە کە ئەرکی جێبەجێ بوونی داخوازییەکەی ئەویان سپاردبووە ئەم پیاوەی وا لاقە گۆجەکانی قەت یارمەتی هەڵسووڕانی هەڵسووڕاوێکی ئاساییان نەدابوو و ئەویش ئەمەی لێ ببووە گرێ پووچکەیەکی کوێر و بە هەزار قامکی ئەستوورتر لە قامکە بەهێزەکانی خۆی پێی نەدەکرایەوە و چاوە خوێن گفتەکانی، بە گەرمی نێوان باوکە و خوێندکارەکانی هەڵنەدەهات. لە خۆی شەرمی دەهاتێ ئەو مەرگەساتانەی وا دەیەویست زانکۆ قوڕاوخۆرەکان بەجێ بهێڵێ و ئەگەر کرابێتیش بەسەر لاقە گۆجەکانی ئەودا کەوتبێ و بە دڵپڕییەوە بپارێتەوە هەتا ئیزنی گەڕانەوە بۆ ئەم شارەی پێ بدرێ کە بە دڵخوازی خۆی، لێی هەڵات و سارۆ و دایکەی لێ هەڵبڕی و خۆیشی بە ئاواتی گەڕانەوە بۆ قوتابخانەیەکی شێداری ئێرە چاوی لێک نا.

سارۆ بۆ جێیەک لە خوارەوەی مزگەوتەکە دەگەڕا لێی دانیشن و باوکە بە هەڵەشەییەوە وەک بۆ کەسێک بگەڕێ، دەستی سارۆی ڕاکێشاو خەمی نەبوو ئەگەر نیوەشیان پێشێل بکات و بۆ چرکەساتێک بحەسێتەوە و ناسراوێکی کۆن هەڵبژێ کە گیری لێ بهێنێ و دەست و مشتاقی لەگەڵدا بکات و بە نابەدڵی خانەخوێکەی، خۆی بە ماڵیاندا بکات و ڕازێکی نهێنی لە ژێر زار دەربێنێ.

لە درگای مزگەوت دەرپەڕین و هەڵیان بڕی، بە پلیکانەکاندا سەرکەوتن و بە شوێنیدا خۆبان گەیاندەسەر شەقام و بە نێو بازاڕە گومبەزییەکەدا هەناسەیان سوار بوو و لە چوارقاپی چۆڵی بازاڕدا بە کۆڵانێکی تەسک و تەنکدا بە شانەچرکێ و دەم لەسەرپشت خۆیان گەیاندێ و بەبێ ئیزنی ئەو خۆیان خزاندە ماڵێ. سارۆ واقی وڕمابوو و هانکەهانک چوونە دیوێکی چاڵەوە کە بە دوو پلیکان دەچووە خوارێ و بێ ئەوەی پرسیارێک یەخەی کابرای نەناسی گرتبێ و گرێی هەوانەیەکی سەربەمۆر بکاتەوە پشتی تێیان هەڵکرد و ئەمان دانیشتن و قسەی کابرا تێکەڵی بۆنی نم و شۆی ماڵەکەی بوو.

«پێش ئەوەی من بچمە بازنەی دەرسی مەلای گەورەوە، فەقێکانی زیاتر لە بیست گوندیان لەگەڵی گۆڕابوو و ئەویش زیاتر لەساڵێک لە هیچ دێهاتێک نەدەمایەوە. هەر ئەوەندە بوو دڵی لە کەسێک، یان شوێنێک هەڵکەوتبایە، بە جێی دەهێشت، بەڵام ئێمە قەت نەمانتوانی بە جێی بهێڵین و دەوروپشتی چۆڵ بکەین. من دوایین کەسیان بووم چوومە لای و هەناسە ئاخرییەکانیشی بە منەوە بەسترایەوە و ڕووداوە تاڵەکەی سەردەمی ئاویلکەشی وەک تەخسیرباریبەک لەلای منەوە کەوتە ئەستۆم و تا ئیمڕۆیش کە پێم وا نییە کەس لە بیری مابێ، وەک وەیشوومەیەک دەروونی من دەخوات و دامەڕزێنێ. ئاخر بیرەوەری خەڵک لاوازە و تێپەڕینی کات زۆر بە سانایی دەتوانێ کاڵیان بکاتەوە، یان بیانگۆڕێ و گا هەیە ئەو بیرەوەریانەش لە بنچینەکەیان لابدەن و لای خەڵک ببنە شتێکی زۆر جیاوازتر لە خۆی.»

دەتکوت ڕووی دەمی لای سارۆیە و باوکەشی لێ نییە.

«نیوچاوانە بەسام و هەیبەتەکەی مەلای گەورە، ڕاستەقینەیەکی ئەوتۆی بەخشیبووە قسە و وتەکانی و بۆشایی لەشە لاوازەکەی پڕ کردبووەوە، کە ئەگەر بە مقاش بتگرتبایە گۆشتی پێوە نەبوو. شەوانە بۆ ئەوەی ئێسکە دەرپەڕیوەکانی کەلەکەی کوڵەوار نەبێ، لەنێو زیاتر لە چوار پێنج تۆ لۆکەدا دەخەوت کە پێم وابێ گرانبابیترین ئەسپابی نێو ماڵەکەی هەر ئەو دەستە نوێنە بوو کە لە نێویدا دەخەوت. هەموو ڕۆژێک بەیانیان وەک نەریتێکی دەستکردی خۆی تەنیا سێ تیکە نان و جگەرە

له شوێن چایی خۆی تێر دەکرد و دەهاتە حوجرەکەمان و بەو شەوقە تایبەتییەی خۆی کە لە نێو چاوانە تووڕەکەیدا دەمانبینی، دەهاتە حوجرە و چۆکی دەرس گوتنەوەی دادەکوتا، پاشان منی دەنارده شوێن تاقە کوڕی پاشەبەرەی، یانی حەمۆکی باوکی تۆ و کە لێی دەردەکەوتین دەستی دەکردە خوێندنەوەی شیعری عاشقانە و لەوانە بوو بکەوێتە سەما و هەڵپەڕکێ. قەت نەماندیبوو حەمۆک ماچێکیش بکات و دایە و دەرهەمەش لە گەڵی بوو، بێ ئەوەی لە دەرسەکانی ئێمەی پێ بڵێ.»

وەک چۆن حافزێکی چاوکوێر تووڕەکەیەکی دۆزیبێتەوە و بردبێتییە جێگەیەکی چۆڵوهۆڵ و بە دڵنیایی لە بێ چاوێنی خەڵکی، هەڵی گولۆفێ و دەستی تێوە وەرداو شتەکانی لێ دەربهێنێ و باشە بەکارهاتووەکانی لێ جیا بکاتەوە؛ ئەویش کەمێک ڕادەوەستا و بۆ بیرەوەرییەکان دەگەڕا و گوڵبژێری دەکردن.

«منی سەیر چوو بووە دڵەوە و زیاتری کارەکانی ئەم دواییانەی دەسپاردە من و هەر ئەوەش بوو وا دوایین ڕازی خۆی بە دزییەوە لای من درکاند و منی کردە بارکێشی ئەو موسیبەتە تاڵەی کەتا ئێمڕۆ بە کۆڵی خۆم ڕامکێشاوە و لێم ڕوونە هەر من لە بیرم ماوە و دوای ساڵەها بەڵێنی نەگێڕانەوەکەی دەشکێنم. بە پێچەوانەی دێهاتەکانی دیکە، زیاتر لە چەند ساڵ لەو دێیەی وا من وەک ئاخر فەقێ چوومە لای مایەوە و خۆشەویستییەکی عەجایەبی لە دڵی خەڵکدا چێ کرد و هەمووان پەرستیان و لەوێ مرد و لە بیریشیان بردەوە. هەڵبەت هەمووی ئەو دێیانەی دیکەش وا بەجێی دەهێشتن، دەیانویست و تەنیا بۆ خۆیانیان دەویست و هەڵوەدای ئەو مەجلیس و کۆڕانەی بوون وا پڕ لە مەلا و میرزا و ئاغا و خوێندەوار دەبوون و ئەم کڕ و مات و بێ دەنگ لە لای سەرەوە دادەنیشت و متەقی نەدەکرد هەتا کەشوهەوا دەهاتە دەستی و هەمووان قسەیان چۆڕایی دەهات و ئەم لاقی لەسەر لاق دادەنا و لۆچی لەنێو چاوان دەخست و چاوی هەڵدەمالی و پێدا دەهات و خۆیشی دووپاتە و چەند پاتەی دەکردەوە کە: «کونی قسەم بەربووە». هەمووان ئەمیان تەنیا بۆ خۆیان دەویست و گەرەکیان بوو شانازی پێوە بکەن و ئەم شانازی بە هیچ نەدەهاتێ. گا هەیە ئەو بەربەرەکانێیانەی وا لەگەڵ هەموو کەس دەیکرد و بە تایبەت لەگەڵ ئاغاکاندا، کردبوویە پەیکەرێکی وەها ئەفسووناوی و قەڵایەکی نەشکێن، کەچی بەربەرەکانێی لە کەس قەبووڵ نەدەکرد و ئێمەش وەهمی ئەوە شکابووە دڵمانەوە و ترسێکی عەجایەب لە پرسیار کردن ببووە خڵتەیەکی بەردینە لە بەرانبەریدا و نیشتبووە سەر ڕوح و دەروونمان، بەڵام هەر دەمانویست و ئەو دەستانەی وا لە کاتی سەفەردا لە پێشمانەوە قسەی دەکرد و دەیلەراندەوە و ببووە خاڵی پاڵدانەوەی هەموو قورساییەکانی گیانی، وەک دیرۆکی زیندوو بوونمانی لێ هاتبوو.

سارۆ قسەکانی دەخواردەوە و ئاگاشی لە باوکە نەمابوو.

حەمۆکی تاقانەی لە شار دایە بەر دەرس خوێندن و منی لە کاتی کرانەوەی مەدرەسەکانی شار، بۆ پاچەوەرز دەنارده سەر ئەو پارچە زەوییە چکۆلەی وا بە بۆنەی دڵخۆش بوون بەئاخرین گوندی پێش کۆچەکەی وەری گرتبوو. لە نیوەی ڕەزبەردا هەموو بەیانییەک ڕێنوێنییەکانی دەکرد و پێخۆرەکەی دەدایە دەستم و ڕەوانەی سەر زەوییەکەی دەکردم و منیش لە بازنەی دەرسەکەی دوور کەوتبوومەوە و دەبوایە درکی ئەو زەوییە لێژ و خواروخێچەی ئەوم کە بنجی قورس و قاییمیان داکوتابووە دڵی زەوییەکەوە، هەڵبڕیبایە و زەینی چاوم نایە سەر ئەو تەنیایی و تۆزە وشکەی پاییزانی ئەوێ. تێی دەکەوتم و بە هەر جۆرە درکێک دەیگەیشتم ڕیزم لێ دەگرت و بە پاچ هەڵم دەکەند. نیوەی مانگێکم بەوەوە دەخایاند و خورپەی دوورکەوتنەوە لە کۆڕ و بازنەی دەرس لاوازتری دەکردم هەتا دەچوومەوە نێو جەرگەیان و دڵخۆشی دەیبووژاندمەوە.

چەند ساڵ بەم شێوازە تێپەڕی و لە سەرمای ساڵێکیاندا مەلای گەورە لە لاق و قول کەوت و هەموو دەستی دوعایان بۆ گرتەوە، ئەم بەهارەشیان لەگەڵ ببینێتەوە و بە جێیان نەهێڵێ. شەوێکیان بانگی کردمە مالێ (قەت وا هەستم بە نزیکایەتی ئەو نەکردبوو) و دیوی پێیان چۆڵ کرد و ئەو بەرپرسایەتییەی پێم سپارد کە بووە ئازاری گیانم و ماوەی ئەم چەند ساڵە ئازاری داوم و قەت لە پێش چاوم خۆی لانەداوە. پێی کوتم چەند ڕۆژی دیکە دەچمە مالی خۆم و لە سەردەمی ئاویلکەدا داوای ئەو قورئانەت لێ دەکەم کە لە منداڵیمەوە هاوڕێی خۆشی و ناخۆشی باخەڵی کەواکەم بووە، پێمی نەدەیت و

نەهێڵی کەس بۆمی بهێنێ.
ئاخ کە ئەو ڕۆژەم هەرگیز لەبیر ناچێ وا حەمۆکیان لە شار بانگ کردەوە و مەلای گەورە ڕاست بەو شێوازە وا پێی سپاردبووم کەوتە ئاویلکە و لەشە لاوازەکەیان لە دیوەخانەکەیاندا ڕاکێشا و جەماوەرێکی زۆر لێی خڕ بوونەوە و تەماشاکاری هەناسەی دواساتی بوون. چەنای چەند ڕۆژ و شەو دەبوو، چاوی هەڵنەبڕیبوو و بە هاتنی حەمۆک پێڵووەکانی هەڵبڕی و بێ بایەخ بە هەموویان لە منی ڕوانی و داوای قورئانەکەی کرد! نەمدەزانی دەبێ چی بکەم. وەڵامم نەدایەوە. ملی لارەوەکرد و چاوە پڕ لە فرمێسکەکانی وەک منداڵێکی لێقەوماو دەپاڕانەوە و گرووی کتێبەکەیان دەگرت. هەمووی خەڵک چاویان تێ بڕیبووم و بەتەما بوون لە ئان و ساتێکدا جێبەجێی بکەم، هەر دڵیم شکاند. فرمێسکی بیانووی دەڕژاندە سەر ڕیشە بێ گرێوگۆڵەکەی و من کەساسی کەساس. قەسەمی دام و خۆم لێدزییەوە. یەکێک پەلاماری گیرفانی کەوا هەڵواسراوەکەی داو من ئامبازی بووم و نەمتوانی پێش بە چاوەڕوانی ئاگرینی کوڕەکە بگرم و وەلایان نام و نەیانهێشت پێ لەوە زیاتر بترازێنم و بەرەنگاریان بم. سەدان چاوی زەق لە دەستە لەرزۆکەکانیان دەڕوانی و ئەو هەڵی گرت و کردییەوە و سامی بێدەنگی وەرهەمی پێمان هەڵهێنا و تفێکی لێ کرد و حەوای دا بە سەروو چاوماندا و چاوی لێک ناو جەماوەر کپ و مات بێ دەنگیان نەشکاند و پەڕەوازەی سەرەگێژەیی بوون و بەجێیان هێشتین.»
سارۆ ماڵی کابرای بەجێهێشت و بێ ئاگا لە ڕۆیشتنی باوکە بە هەڵەداوان بە کۆڵان و شەقامە تەنگەکاندا خۆی گەیاندە ماڵێ و خۆی خستە باوەشی تاک و تەریکی دایکە. دەیویست بچێتە نێو پزدانی و لەوێدا هەڵترووشکێ. لەماڵە غەریبەکەی دوێ شەودا دەحەسایەوە و چاوی بە شەوقی بەر پەنجەرە دارەکان ڕادەهات. ڕوومەتی نا بەسەر سینگە فێنکەکەیەوە و جۆگەلەی شیوەنی پێش پێ گیراوی چەندین ساڵەی ئاژین کردە سەر بەرۆکی وشکی دایکەو هەستی دەکرد گەیشتووەتەوە سەر هەڕەتی بیانووگرتنی تافی منداڵی و دەینووزاند: باشە پێم بڵێ بۆ بابەم منی خۆش ناوێ؟ بۆ تەنیا دەبێ لە نێو منداڵاندا قەڵەم ڕەنگی بۆ من نەکڕێ؟ هەمووی منداڵانی مەدرەسە بە زمانێکی دیکە قسە دەکەن و لەگەڵ باوکیان دێنەوە، من بۆ بابەم دەستم ناگرێ و نامباتەوە؟ بۆ لە مەدرەسە منداڵان پێم دەڵێن «غوربەتی و پێپەتی» ؟ دە پێم بڵێ بۆ؟



# پیریێژنی خەونەکانم

**ئەسعەد عەزیز محەمەد**
**(کەرکووک)**

ناوێرم سەر بنێمە سەرسەرین، دێت و دەست دەنێتە بناقاقام و بەهەموو هێز و توانابیەوە هەوڵ دەدات بمخنکێنێت، پیریێژنێکی جل ڕەش پشتی چەماوەتەوە، گۆپاڵێکی بەدەستەوەیە، زۆربەی شەوان لەئازاری لێدانی ئەو پیریێژنە بەخەبەرهاتووم، نایناسم و نازانم کێیە؟

هیچ شەوێک نییە بەسەرمدا تێبپەڕێت، ئەگەر ئەو پیریێژنە نەیەت و ئازارم پێنەگەیەنێت، یان نەمترسێنێت، یان هەڕەشەم لێ نەکات، کاتێ لەخەو ڕادەپەڕم هەناسەم سواربووە و دڵم دەکەوێتە دڵەکوتێ بۆ ڕۆژانیش لە کووچە و کۆڵانی شاردا لەنێو بیرەوەرییەکانی منداڵیمدا بەدوایدا دەگەڕێم، یان لە ڕوخسار و سیمای خزم و ناسیاوەکاندا، سۆراغی دەکەم و بەشوێنیدا دەگەڕێم، بەڵام هەموو هەوڵ و تەقەللام بۆ دۆزینەوەی ئەو پیریێژنەی ناو خەونەکانم بێ هوودە و مایە پووچ بووە، چونکە تا ئێستاش نەمدۆزییەتەوە و نازانم لەکوێ بەدوای هەواڵیدا بگەڕێم و پرسیاری بکەم؟

پیریێژنی ناو خەونەکانم لە زۆر کۆنەوە لەگەڵ خەونی شەوانم دەژێت و لەپانتایی تەنیایی خەونی شەومدا بوونی هەیە، دە ساڵ لەمەوبەر بۆ یەکەم جار هاتە خەوم پێی گوتم" تۆ ژیانت لێ سەندم، پێویستە تۆیش ژیانت وەک ژیانی من ببێتە زووخاڵ".

ئیتر بۆ ماوەی چەند مانگێک لەخەونەکانم بزر بوو، نەدەهاتە خەونم، بەڵام قسەکانی ئەوەندە کاریگەربوون چەندین شەو بێدار دەبووم و بیرم لێ دەکردەوە، بەڕۆژیش هەربیرم لەلای دەموچاوی تەماوی و خەم هەڵگرتووی ئەو پیریێژنەبوو،

پرسیاری بێ وەڵامی بیرکردنەوەم ئۆقرەی لێ هەڵگرتبووم، زۆر بیرم لەوە کردەوە دەبێت ئەو پیرێژنە کێ بێت وا بوومەتە مایەی ئازار پێگەیاندنی؟ هەرگیز بیرم نایەت و ئەوەم بەبیردا نەهاتووە کە ڕۆژێک لەڕۆژان ئازارم بەپیرێژنێک گەیاندبێت، ئەوەندەی خۆم هەستم کردبێت و درکم پێکردبێت هەموو کات و ساتێک هاوکاری بەساڵاچووانم کردووە و یارمەتی پەککەوتووان و کەمئەندامانم داوە، بەڵام ئەم پیرێژنە سوورە لەسەر ئەوەی من ژیانم لێ سەندووە، نەمدەزانی کێیە و چ شتێکی لەمن دەوێت؟

دواتر و جارێکی تر لەناو خەونەکانم دەرکەوت، بەڵام ئەم جارەیان ئەوەندە داماو و زەبوون و ڕەشۆرووت دەهاتە بەرچاو، مرۆڤ بەزەیی پێدا دەهاتەوە، بە نەبرەی کەسێکی زۆر داماو گوتی " تۆ چاوەکانمت پووکاندەوە، ڕووناکیت لەچاوانم کوژاندەوە، لەخوا دەپاڕێمەوە ئەوەی بەسەر من هات بەسەر تۆیش بێت"

کاتێ لەخەو هەستام تاوێک بەتاسەوە گریام، وەک شێت هاتمە دەرەوە، ڕەنگ بەڕوومەوە نەمابوو، زۆر لە نزای ئەو پیرێژنە دەترسام، بەو شەوە تاریکە بەشەقامەکاندا هاتوچۆم دەکرد، لەخوا دەپاڕامەوە ئەو پیرێژنە بناسمەوە تا ئەگەر هەر مافێکی لەسەرمە بۆی بگەڕێنمەوە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک بیر و هۆشم بۆ ناسینەوەی نەچوو.

لەترسی نزای ئەو پیرێژنەبوو، یان بە هۆی نەخۆشی خۆرەی چاوەوە بوو، کە بە هاوینان چاوم تووشی دەبوو، لەو مانگەدا دووجار سەردانی دکتۆری چاوم کرد. چەند هەفتەیەکی تر تێپەڕی پیرێژنەکە لەخەونەکانم دەرنەکەوت، پڕ بەسییەکانم هەناسەیەکی ئاسوودەییم هەڵمژی، وام دەزانی ئیتر بەرۆکمی بەرداوە و لە دەستی قوتار بوومە، بەڵام شەوێک بە شێوەیەکی زۆر سامناک هاتەوە خەوم، جگەرێکی ڕەشەوەبووی برژاوی بە دەستەوەبوو، خوێنی لێ دەچۆڕا، وتی "دەزانی ئەمە جگەری چییە؟؟" وتم "نەء نازانم....تکات لێدەکەم وازم لێ بێنە"

وتی "ئەمە جگەری منە، تۆ بەم شێوەیەت لێ کرد، ئەی من چەندێ لێت پاڕامەوە، بۆچی بەزەییت پێمدا نەهاتەوە؟".

لەوساوە هەموو شەوێک ئەو پیرێژنە کوێرە میوانی ناو خەونەکانمە، بێ ئەوەی بە ویستی من بێت، یان حەز بە بوونی بکەم، بەڵام ئەو بە ئارەزووی خۆی دێت و هەڕەشە و گوڕەشە دەکات و هەندێ جارش بەردەبێتە سەرو گوێلاکم تا بتوانێت دەمداتە بەر گۆپاڵ.

دەمەو عەسرێکی هاوین سەردانی باوکم کرد، دەربارەی پیرێژنی خەونەکانم پرسیارم لێ کرد و وتم "باوکە نازانم ئەم پیرێژنە کێیە و چی لەمن دەوێت؟ وا هەموو شەوێک دێتە خەونم و هەڕەشە و گوڕەشەم لێ دەکات و ئازارم دەدات؟ زۆر بیرم لێ کردووەتەوە لەنیگای وردبوومەتەوە، بەڵام تا ئێستا نازانم کێیە؟"

باوکم کەمێک بێ دەنگ بوو، دواتر وتی "کوڕم بیر بکەرەوە بزانە لەچی کاتێک و سەردەمێک بوویتەتە مایەی ئازار بۆ کەسێک، وا ژنێک بەم شێوەیە هەموو شەوێک دێتە خەونت" دواتر چەند چرکەیەک بێ دەنگ بوو، وەک ئەوەی شتێکی بیر بکەوێتەوە وتی"بڕوا دەکەیت منداڵ بووم پێش شەست و نۆ ساڵ لەمەوبەر لەچایخانەیەک دانیشتبووم، هەندێ کەس یاری قوماریان دەکرد، منیش لەلایان دانیشتبووم، یەکێکیان ناسیاومان بوو، چاییەکیان لەپارەی ئەو قومارە بۆ کڕیم، لەو ساوە تا ئێستا هەر کاتێ چا دەخۆمەوە ئازارێکی زۆر بەگوڕ لەگەدەم پەیدا دەبێت، بە هەزاران جار خۆزگەم خواستووە کە هەرگیز ئەو چاییەم نەخواردبایەوە، بەڵام دیارە ئەوەی ڕۆیشت ڕۆیی، تۆ هەوڵ بدە ئەو کەسە بدۆزەرەوە، کە وازت لێ ناهێنێت، بەو جۆرە ڕزگارت دەبێت."

شەوێکی دی هاتە خەوم پێم پێدەکەنی و گوتی "لەخوا دەپاڕێمەوە کە هەرگیز منداڵت نەبێت وا جگەری منت سووتاند"

لەو شەوەوە تێگەیشتم ئەو پیرێژنە منداڵەکەی بە هۆی منەوە، یان بە هۆی کار و کردەوەیەکی منەوە لەدەست دابێت بۆیە بەو جۆرە نزام لێ دەکات"

بەهۆی بیر تیژی ئازادی هاوڕێمەوە ئەو بەسەرهاتەم بەبیردا هاتەوە کە هەر ئەویش بووە هۆی ئەوەی پیرێژنی ناو خەونەکانم بناسمەوە، چەندین ساڵ لەمەوبەر بوو، ڕەنگە زیاتر لە بیست و پێنج ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕیبێت، ڕۆژێکیان پۆلێک پێشمەرگە بووین بەرەو شەڕێکی خوێناوی دەڕۆیشتین، بیوەژنێک تاقە کوڕێکی

شک دەبرد، زۆر تکای لێم کـرد کـوڕەکـەی نەبەم بۆ شەڕ، بەڵام وەک ئەوەی باڵی ئەجەل هەڵیگرتبێ بەهیچ جۆرێک گـوێی لەدایکی نەگـرت، منیش نکوڵی لەوە ناکەم بە هۆی پێـویسـتیم بە پێشـمـەرگە حەزم دەکرد لەگەڵم بێت، هەرچەندە لەلای دایکی وتم "تۆ ئەم جارە نایەیت، جاری داهاتوو لەگەڵ خۆمدا دەتبـەم" کـاتێ کەوتینە ڕێ ئەو لەپێش هەمـوومانەوە هاتبوو، دایکی تا خـوار گـوندەکـە کـەوتە شـوێنمـان و دەپاڕایەوە و دەگریا، ئەو کاتە زۆر بە دڵڕەقی و خەمساردییەوە لەو پیـرێژنەم ڕوانی و جـارێکی تر بە کـوڕەکـەیم وت بگەڕێرەوە، بەڵام نەگـەڕایەوە، ڕەنگە لەبەر ئەوە نەگەڕابێتەوە ئەویش ئەو ڕاستییەی زانیبێت کە من زۆر بە ڕاستم نییە و لەسەر گەڕانەوەکەی سوور نیم. شـەڕ دەسـتی پێکرد، هێـشـتـا سـەعـاتی یەکـەمی شەڕەکەبوو کوڕی ئەو بێوەژنە شەهیدکرا و گوللەییەک بەر دڵی کـەوت. ئەو کـاتەی بە گـوللە پێکرا ئەوسـا زانیم هەڵەیەکی زۆر گەورەم کردووە.

هەمـوو ئەو سـەرکـەوتنە گـەورەیەی لەو شـەڕە خوێناوییەی بەدەستمان هێنا و هەموو ئەو ناوبانگەی لەپاش شـەڕەکە پێم بەخشـرا نەیتوانی ئەو حەسرەتە لەدڵم کپ بکاتەوە، دوای شـەهیـد بوونی کـوڕی ئەو بێوەژنە چەند جارێک ویستم بێوەژنەکە ببینم و قسەی لەگەڵ بکەم، بەڵام هەرگیز نەیدەویست قسـەم لەگەڵ بکات و بمدوێنێ، ئیـتـر لە دوای ئەو مـێـژووەوە ڕووداوەکـان ئەوەندە تێکچرژاوبوون و لەسـەر خەڵکی قورس و تاقەت پڕووکێن بوو، ئەم بیرەوەرییەش وەک زۆر بیـرەوەری تر لەخـانەی لەبیـرچوونەوە فـەرامـۆش کـرابوون، ئەگـەر زیندەیی پیـرێژنی ناو خـەونەکـانم نەبووایە، ڕەنگە ئەمـیش بۆ هەتا هەتایی لەبیـر بچـوایەوە، بەڵام کـاتێ لەوە تێگەیشـتم ئەو بێـوەژنە داماوە هەمان ئەو پیـرێژنە تووڕەییـەی ناو خەونەکانمە لەبەر ئەوە بڕیارم داوە سبەی بەرەو ئەو دەڤەرە بکەومە ڕێ کە ئەو دایکە بێوەژنەی لێ بوو، بۆ ئەوەی پیرێژنی خـەونەکـانم بدۆزمـەوە و هەر هیچ نەبێت داوای لێخـۆشبـوونی لێ بکەم و گـەردنی خـۆمی پێ ئازاد بکەم، تا تەنیا ساتێک بە ئارامی بخەوم.

**کەرکووک/ ٢٠١٣**



# تابووتی تەمەن

بریا کاکەسووری
(بۆکان)

هەموو ئەو کات و ساتانە چاوەڕوانی هاتنی ئەوم دەکرد. ئەمە شتێکی وا بێ عەیبە و عاریش نەبوو، کە تەنانەت بموێرایە خۆشم لەم ئاوات و ئارەزووە دڵنیا بکەم. لە چەند ڕۆژی سەرەخۆشیدا هەمووی بە پاوە و هەمووی چاوم لە درگا بوو کە ئێستا نائێستا بێت، ئەگەر کەسێک لە پشتەوە، یان لە لاشانەوە بە ئاستەمێک لەو بچوایە لەڕێوە دڵم دەکەوتە تەپە تەپ و هەناسەم سوار دەبوو. ئێستا کە بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە دەزانم ئەم بیرە چەندە کۆڵەکەیەکی مەزن و ڕاگیرکەر بووە بۆ من؛ کە هەرەسێکی ئاوا وێرانکەر و ڕووخێنەری لەنگەر گرتووە. شەوەهای شەو و ڕۆژەهای ڕۆژ بەم بیرەوە سەرگەرم دەبووم "بڵێی ئێستا چەندە ناڕەحەت بێ؟ بڵێی ئێستا چ بکا؟ بڵێی ئێستا لە کوێ بێت؟"

چ شەوانێک بە گریان هەڵدەستام هەتا بەر درگاکەیان دەچووم، بەڵام هەرچیم دەکرد، ئیتر دەمزانی نەک من، بەڵکو هەر کەسێکی تر بوایە نەیدەتوانی و هەروا دەگەڕامەوە.

شتێک، ڕازێک و ئازارێک وەخت و بێ وەخت دەیبردم و لە دەوروبەری ماڵی ئەوانی دەگێڕام. چها شەوانێک هێندە دەوەستام لەگەڵ کۆڵەکە برقەکەی سەر کۆڵانیان دەبوومە یەک و دەمدی بەری بەیانی سەرخۆش و پڕ لە غروورێکی ئاشقانەوە، لەوسەری کۆڵان دەردەکەوت. هەموو جارێ منیش بە ئەسپایی و بە دەروونێکی سەرڕێژ لە قین و ترسەوە، چەقۆکەم دەردێنا بەرەوپیری دەچووم. تف لە زارمدا وشک دەبوو، بە هەزار لاڵەپەتەیی دەمکوت: نەخۆش خانە چ خەبەر؟ ئەو چۆن بوو؟ چتان دەکرد؟ وێدەچێ ئەم شەو خۆشتان ڕابواردبێ؟

ئەو قـەت نەدەلالاوە، زۆر ئاسـایی لە بەرانبـەرمـدا دەوەستا و هیچی نەدەکوت. تاریکی قەت نەیدەهێشت سیـمـای ببـینم و هەمـیشـە ئەوە ئازارێکی گەورە بوو، دەمـــویست پێش ئەوەی بیکوژم چاوی ببـــینم، بزانم ترسـاوە، یان ئەسلـەن چزووی ترسی بە دڵدا نەهاتووە؟ دەمویست بزانم دەیەوێ چم پێ بڵێ. پێکەنینی پێم دێ، یان بە دووی دەرفـــەتێکەوەیە خـــۆی دەرباز بکات. هەمـیشـە لەو ترس و خۆفەدا بووم کێرد و چەقۆیەک لە چاو تروکـاندنێکدا لە گـیرفـانی دەربێنێت. زۆرجـار هەستم بە چزەیەکی هەناسەبڕ دەکرد کە لەسەر سینگمەوە بە هەمـوو گـیـانمدا بڵاوەبۆوە و تەواوی ئازای ئەندامم مـــێلوورەی دەکـــرد، بەری چاوم تاریک دەبـوو، لە هەناسـەیەکدا هەزار هاوارم دەکرد و دەنگم دەرنەدەهات. لەو کاتانەدا هەمیشە ئەوم دەهاتە بەرچاو، قەتم نەدەزانی لەو تاریکیـیەدا سیـمـای چۆنە و پێم پێدەکەنێ، یان دڵ گـرانە لەو کـارە. دەمـویست هەزاران شـتی پێ بڵـێم و هەستم دەکرد دواساتەکانی ژیانمە و مەرگ مۆڵەتی هیچ قسەیەکم پێ نادات.

چها کەڕەت بوومەلێڵەی بەیانی بە دەنگی کەڵەشێر و بانگی مـزگـەوت لەو خـەیاڵانە وەخۆ دەهاتمەوە و بەرەو ماڵێ دەگەڕامەوە. من وەک هەر مرۆڤێکی لێ قەوماوی وەک خـۆم، بۆ کـەسـێـک دەگـەڕام کـە بزانێ دەردی من چیـیـە، یان ڕەنگە دەمـویست بزانم ئەو دەردی چیـیـە. هەمیشە لە دڵی خۆمدا دەمکوت ئەگەر ئەو ڕۆژە هات و پێکەوە دانیشتین، یەکەم گلەییم ئەوەی پێ دەڵێم کە بە خاتری من نا، بەڵکو بۆچی بە خاتری ڕوحی ئەو نەهاتی چەند سەعاتێک لە مزگەوت دانیشی؟ یان هەر نەهاتی فـاتیـحـایەکی بۆ بنێری؟! حـەزم دەکـرد هەرچی زووتر پەیدای کـەم و ئاگاداری هەمـوو غـەمـەکـانی ئەو ڕۆژانەی بم. حەزم دەکرد ئاگاداری هەموو غەمەکانی ئەو ڕۆژانەمی کەم. ئەمـانە تەنیا کەسـێک دەتوانێ حاڵی بێ و تێبگا کە ئێستا و ئەو کاتیش کوتومت من بووبێت.

ڕووخـــانی هەرەســـێکی ئاوا وێرانکەر، بێ دایکی "ئەنیس" و ئەو هەموو شیوەن و گریانە؛ ئەوەی تۆ هەست بکەی شیـرینتـرین کـەسی ژیانت، ئەو کـەسـەی هەست بکەی، بێ ئەو ژیان هیچ نیـیـە، تەنانەت هەر هیچ! لە ناکـــاو هەست دەکـــەی نیـــوەی ژیانت چۆڵ بووە. تووڕەییەکانت، غەم و شادییەکانت، چاوەڕوانیت، نیوەی ڕەنگە برێکیش زیاتر، چونکە هەر خۆت دەمێنیتەوە و خۆت.

هەر ئەوە وای دەکـرد شـەو و ڕۆژ هەست بەوە بکەم پێویستم بە کەسێک هەیە. کەسێک کە ڕاست ئەو دەردانەی منی هەبێ، بەڵام بە قەد ئەو سەرەوسەری دنیا لێت دووربێت؛ بەڵام کەسێک بێ کە، بە قەد بەردێک کەڵکی بۆت نەبێ. نە بتوانی ببیینی، نە بتوانی بزانی کە کێیە. نە بتوانی بزانی چی لە دڵدایە و لە مەڕ دەردەکانی تۆ چۆن بیر دەکاتەوە.

هەمیشە هەست دەکەم چاوەڕوانم کە ئەو بێت و تەنیا لێم بپرسێ چۆنی!؟ من چاک دەزانم ئەو چۆنییە بە قەد قسەی هەموو خەڵکانی کە سوکنایی بە من دەدات و دەزانم لە دەست زۆر بیر و بیرۆکەی سەیروسەمەرەم نەجات دەدا. خودایە کەی بێ ئەوەی بە دڵدا بێنی. خودایە خۆت هەموو گەورەییەکانی خۆت و خۆت هەموو شتێک بزانە من چم لە دڵدایە. بزانە من چەندە شتێکی بچووکم لە تۆ دەوێ. شتێکی ئاوا بچووک بخەیتە ناو دڵی ئەوەوە.

خۆم دەمزانی بووەتە نەخۆشینێکی بێ دەرمان و تەنانەت ڕەنگە ئەمە لای هەموو کەس عەیبەیەکی زۆر گەورە بێت. تاوان و عەیبەیەکی هێندە گەورە کە ئەگەر لە کات و ساڵی خۆیدا بوایە، قەوم و خویشان منێکیان لەسەر ڕووڕەش و شاربەدەر دەکرد، بەڵام من هەستم دەکرد تەنیا کەسێک کە بتوانێ ئەم داروبەردی هەرەسەم لەسەر لادات و کارێک بکات هیچ نەبێ، بۆ ساتێکی زۆر کەم، بۆ چاو لەسەر یەک دانانێک، هەناسەیەکی ئاسوودە هەڵکێشم ئەو بوو.

ڕۆژێک کە من بە تاکسییەکەم بۆ سەرێ دەچووم، بۆ چرکـەسـاتێک، وەک خـەونم دیبێ، ئەوم دی لە وێستگەیەکی تاکسیدایە و لەناو دەیان کەسدا ڕاوەستاوە. ڕیشێکی زۆر و خۆی ڕەش داگیرساو. وەک بڵێی کەسێک، یان هێزێکی دەروونی خێرا گەڕاندمییەوە. هەر ڕامگرت دەیان کەس هورووژمیان هێنا سواربن. لەگەڵ ئەوەی دەنگی ئەوانم دەدا سوار نەبن چاوم لەو بوو بە جۆرێک حاڵی بکەم بێت سوار بێ. هەرچی بە دەست ئیشارەم کرد و سیگناڵم بۆ لێدا حاڵی نەبوو؛ یان ڕەنگە حاڵی دەبوو، بەڵام خۆی نەدەکرد بە ساحەبی. وەک کەسێک تینم بدا خێرا دابەزیم و بە

پێکەنینەوە قوڵم گرت، زۆر دۆستانە بەرەو ئۆتۆمبیلەکەم ڕاکێشا. وەک شتێکی زۆر گەورەی بۆ ڕوودابێ، گێژوویژ بە بای دەستمەوە هات؛ هات و بە ئەسپایی درگاکەم بۆ کردەوە لە پێشەوە دامنا. بە پەلە پەریمە پشت فەرمان و کەوتمە ڕێ. هەر کەوتمە ڕێ سیلەی چاوێکم دایە و بە هەزاران شەرم و... ڕۆژی وا، یان کاتی وا نازانی چ حاڵەتێکت هەیە؛ یانی هەر شتێک بڵێی نابێتە ئەو شتەی وا هەی. نازانم بە چ لەفز و زمانێک کوتم کاکە وریا! بەرەو...

سەری خستە سەر کۆڵەکەی دەستی و هیچی نەکوت. دەتگوت حاڵی تێکچووە. بەینێکی زۆر ڕۆیشتم و دیسان بە هێمنی پێم کوتەوە. وەک حاڵی خراپتر بووبێت نێوچاوانی نا سەر پێشی ئۆتۆمبێلەکە و دەستی کردە گریان، وێڕای ئەو دڵم پڕبوو. پاش چەندێک بێ ئەوەی ئاگام لە خۆم بێت بامداوە، ڕووم کردە چۆمی. هەستم کرد وردە وردە فرمێسک ڕژانە چاوم و هێدی هێدی بەرەو خوارێ شۆڕ بوونەوە. من دەڕۆیشتم ئەو وای لێ هاتبوو بەکوڵ دەگریا، منیش جار لەگەڵ جار خراپتر دەبووم؛ سەرم نابووە سەر دەستم و پاڵم دابوو بەشووشەی درگای لای خۆمەوە. دەروونم وردە وردە دەهاتە کوڵ و ئەویش تەنیا ساتێک بێ دەنگ نەبوو. گەیشتمە سەیرانگەکەی چۆمی و هێشتا ئەوەندەم هۆش مابوو کە بەرەو شوێنێکی نەدیو بچم. ئەوسا بە دەم ئۆتۆمبێل لێ خورینەوە دامە قوڵپەی گریان و دەستم کرد بە گۆرانی کوتن. ئەویش جار لەگەڵ جار زیاتر پیرانی دەبەست. لە جێگایەکی چۆڵدا ڕامگرت، وێڕای ئەو پیرانم بەست. نازانم چەندەی خایاندبوو، بەڵام کاتێ کە وەئاگا هاتمەوە ئەو نەمابوو. بەپەلە دابەزیم و چاوم گێڕا، لەسەر سەنگچنی قەراخ ڕۆخەکە دانیشتبوو. یەک هاتبووەوە و سەری نابووە سەر ئەژنۆکانی. وردە وردە چوومە پێشێ، بە هێمنی لە پەنای دانیشتم؛ دانیشتم و زۆر بە ئەسپایی دەستم خستە سەر شانی. لە گریان کەوتبوو، بەڵام ناوە ناوە هەناسەیەکی قووڵی هەڵدەکێشا. دەتگوت یەکەم ساتەکانی مردنی ئەوە. ئەو ساتانە کێو دەڕووخێن و تەنیا قەڵافەتێکی ویشکەڵ دەهێڵنەوە. قەڵافەتێکی بێ دڵ و دەروون. دەمویست شتێک بڵێم و چم بکوتایە؟ ئەم یەکەم دیدارە و بە بۆنەی وەها کارەساتێکەوە کێ بوایە دەیتوانی شتێک بڵێ؟ ئاخێکم هەڵکێشا، منیش وەک ئەو سەرم کردە سەر ئەژنۆم و یەک هاتمەوە. لەو دەمە و ئێوارەیەدا دەنگی گەنجێکی سەرخۆش لە دوور دەهات:

**بۆ لای کێ بچم دڵ وەزامەوە**

**کێ دەرمانم کات (نازدار) شەو بەلامەوە؟**

**نازدار و نازدار، نازدارەی بابی**

**من هەر زووم زانی (نازدار) تۆ بۆ من نابی**

هەردووکمان دامانەوە قوڵپەی گریان؛ گریانێکی وابوو هەموو کسپە و سۆزی نازدار و نازداری ون کرد. پاش تاوێک سەرێکم هەڵێنا، وڵات خەریک بوو تاریک دەبوو. تەماشایەکی ئەوم کرد، وەک منداڵێک دایکی مردبێ ئاوا، هێندە گریابێ کە گریانەکەی بەرەو تەواو بوون بچێ وابوو، جار جارە هەنیسکێکی توندی دەدا و هەموو گیانی ڕادەتڵەکاند. سەرێکی پەرێشان و ئاڵۆز، ئەندامێکی کز و بێ تین. بە دەم گریانەوە دەستم دا ژێر باڵی، وەک دەستم دابێتە شتێکی زۆر سووک ئاوا بە دەستمەوە هات. هەتا ئێستا تەنانەت جارێک سەری هەڵنەهێنابوو؛ سەری بەرز کردەوە و وەک دەموچاوی بشوات، ئاوا دەستی پێدا هێنا، چاوەکانی سڕی و بە قەراخ چۆمەکەدا کەوتە ڕێ. نە کەلیمەیەک، نە ماڵئاواییەک، تەنانەت سەرلەقاندنێک. من بەرەو ماشێنەکە کەوتمەڕێ و ئەویش زۆر ئاسایی بەسەر سەنگچنی قەراخ چۆمەکەدا دەڕۆیشت و نەمدەزانی چی لە دڵدایە. چها جار نەخشەم دەکێشا بیهێنم لە ئاوەها تاریکانێکدا، لە ناکاو بە کێردێک لەبەر موسڵدانییەوە هەتا تەختە ئێسقانی سینگی هەڵیدڕم و تەواوی ڕیخۆڵە و گەدە و گیپاڵی بخەمە سەر زەوی. چها ڕۆژانێک و شەوانێک ئاوا بەو حاڵە دەهاتە بەرچاوم و خوێن و خوڕ دەڕژا سەر عەرز و وردە وردە بێ هێز دەبوو؛ ئەژنۆکانی دەنووشتانەوە و بەرەو زەوی دەچەماوە. نەک دەترسام، بەڵکو هەمیشە سەرخۆش و سەرکەوتوو بە بزەیەکەوە بە لایەوە ڕادەوەستام و تەماشام دەکرد. دەمی خێچوخوار دەبوو، چاوەکانی وەک ئەوەی باوەڕ بەو کارەساتە نەکات، دەچووە خوارێ و بەو خوێن و خوڕ و گەدە و گیپاڵەدا دەخشا، پاشان دەهاتەوە سەرێ و دەتگوت پرسیارم لێ دەکەن. ئاوا بە برک و ژانەوە وردە وردە تخێڵێ زەوی دەبوو. مەیدانێکی لە خوێن ڕەنگاو، پاڵەوانێکی سەرکەوتوو لە ناوەڕاستی مەیداندا، دەمەوڕوو کەوتوو، لە خوێنی خۆی گەوزاو. پاڵەوانێکی

تێکشکاو و زەلیلیش، بە کـــێـــردێکەوە، کـــە هەتا ئانیشکی خوێناوییە، ناجوامێرانە وەستاوە.

ئەمە تەنیا خەیاڵێک نەبوو، سەدان جار خەونم دەدی و ئاوا بەو دەست و کـــێـــردە خـــوێناوییـــەوە بەرەو شـــار هەڵدەهاتم و لەناو مـــەیدانە قـــەرەباڵـغـەکـەی شـاردا، دەچوومـە سـەر بڵنداییـەک و دەسـتـە خـوێناوییـەکـە و کێردەکەم هەڵدێنا و ئەو دەستەی دیکەشم دەنا کەلەکەم، یەک بە خـۆم هاوارم دەکرد: کـوشتم! کـوشتم! گەلێ جار ئەو هاوارە هەردووکـــمـــانی پێکەوە ڕادەچڵـــەکـــاند. بە وەڕەزییەوە لێفەکەی لەسەر خۆی لادەدا و لەگەڵ ئەوەی دەیویست قژی بە لایەکدا بخات، وەک تەواوی جارەکانی دی دەیگوت: ئا...هـ ... ها! چ بـوو دیسـان؟! تـەماشـایەکی "ئەنیسی" دەکرد و بەدەم خەوەوە دەیگوت: ئاخری ئەو کوڕە خوودار دەکەی! بە کـۆڵێک شـەرمـەزارییـەوە، یان سـەرم دەکردەوە سـەر سەرینەکەم، یان هەڵدەسـتام بەرەو دەست شـۆرییـــەکـە دەرۆیشـــتم. دەهاتمەوە ئەو لە ژێر ڕووناکی کزی شەو خەوەکەدا خەوی لێ کەوتبۆوە؛ قژی بەسەر سەرینەکەدا بڵاوببووەوە و قۆڵەسپی و تورتەکانی هەر جارەی بە جۆرێک بەم لاو لادا دەکەوتن. زۆرجاریش بە پشـتـدا دەکـەوت و گـەردنێکی سپی وەک مـەڕمـەڕ و سینگێکی سپی وەک چوری شیر؛ وەک فریشـتـەیەک لە خـەودا بێت بە ئاسـتـەم هەناسـەی هەڵدەکـێـشـا. چها شـەوانێک لە سـەر جێگاکـە پاڵم دەدایەوە و هەتا بەری بەیان لە هەمـوو نوختـەکانی سەروچاویم دەڕوانی، لەخۆوە بیرم دەکردەوە، وەک شتێک هی خۆت نەبێ و گەورەترین ئاواتت ئەوە بێت کـە ببێتـە هی تۆ. من ئێـسـتـا باشـتـر هەست بەو شـتـە دەکـەم کـە هەمـیـشـە هێندە تامـەزرۆ تەمـاشـام دەکرد، دەتگوت سبـەینێ دەڕواو ناگـەڕێتـەوە، یان سبەینێ پیاوی حوکمەت دێ بە زۆر لێم دەستێنێ. شەوانێک هەبوون خەوم لێ نەدەکـەوتەوە و بە ئەسـپـایی دەچوومـە دیوی کـتـێـبـەکـان، دەسـتم دەکـرد بە کـتـێب خـــوێندنەوە. زۆرجـــار بێ ئاگـــا هەتا ڕووناک دەبوو دەڕۆیشتم و زۆرجاریش هەتا بەیانی کتێبێکم لەبەردەستا بوو، بەڵام لاپەڕەیەکم بۆ نەخـوێندرابووەوە. سـەدان و سەدجار دەهاتمە سەر ئەو خەیاڵە، بەهێمنی بچم لێفەکەی تێ ئاڵێنم و لێی گەڕێم. زۆرجاران بۆ جێبەجێ کردنی ئەم نەخشـەیە هەڵدەسـتام هەتا بەر درگـای دیوەکـە دەچووم، وەک ئەوەی بەوە خـۆم ڕازی کـەم پێم وابێت ئەو خـەیاڵە پوخت نیـــیـــە، برێک ئەم ســـەرەوســـەرم دەکـــرد و بە بەر قـەفـەسـەی کـتێبـەکـاندا دەهاتم و دەچووم، هەتا وردە وردە لەو خـەیاڵانە هەڵدەبڕام و بێ ئاگـا دەچوومـە سـەر ڕیزە کـتێبـەکـان. پاش بەینێک ڕاوەسـتـان دانەیەکـیان بۆ لای خـــۆی دەبردم، منیش دەســـتم دەبرد لەناو ئەوانی تردا دەرمدێنا. هەروا بە پاوە زۆرم ئەم بارەوبار دەکرد. زۆرجار بەدەم خـوێندنەوەوە ئەم سـەرەوسـەری دیوەکـەشم دەکـرد. دیسـان بێ هیچ شتێک و بێ ئەوەی لەبیرم مـابێت بۆچی و لەکـامـە ڕیزم دەرهێنا، لەخوارەوە، لەسـەر پانایی سـەر کتێبخانەکە فڕێم دەدا.

جـارەهای جـار بەو بۆنەوە دەهاتم لێـفـەکـەی لەسـەر ئاڵێنم، بەڵام کـە دەهاتم و چاوم پێی دەکـەوت لەبیـرم دەچووەوە. زۆر شەوان پاش هەندێک سەر بەسەرداگرتن، بێ ئاگـا گـیـانم گـەرم دادەهات و بەئەسـپـایی لێـوەکـانم دادەکـشـانە سـەر لێـوەکـانی، یان هەوەسی مـەڕمـەڕی سینگی لە دنیای دادەبڕیم.

ئەم شـتـــانە بەتایبـەت پاش ئەو هەمـوو کـاتوسـاتە هورووژم دێنن و بەتەواوی گزمـوولەکـانی خوێنت هەست بەخـاڵی بوونی جێگاکـەی دەکـەی. دڵنیـام هیچ کـەس ناتوانێ هەست بەوە بکات کە ئەو کـەسـەی ئاوا خۆشت دەوێ، ڕۆژێک ئیتر بۆ هەمیشە نەیبینییەوە چۆنە؛ ئەوێ کاتان کـە تەلەفۆنی بێ ئامـان زەنگی لێدەدا و کـەسێک نەبوو قسان بکات، هەتا چەند ڕۆژ وەک شێت و هارم لێ دەهات، نە نانم بۆ دەخورا و نـەدەمزانی شەو چییە و ڕۆژ چۆنە. هەمـیـشـە بەباشی بەم شـتـانەی دەزانی؛ یانی ناهەقـیـشی نەبوو ئەگـەر نەزانێ؛ گـیـانێکی داگـیـراو، تەنانـەت جـوابی سـڵاویشت پێ نەدرێتـەوە، تەنانەت نەتوانی بخـەوی. ئەو ئیـتـر ئەو ڕۆژانە ڕەنگە هەزار هێـنـدەی مـن وێـران بـایـە. ئـەو ڕۆژانـە تـەنـانـەت لـە سێبەرەکەی خۆشی دەترسا و بەقەد عەرز و ئاسمان خۆفی دەکرد. دەیان جار دەیگوت چبووە؟ چی ڕووی داوە؟ یەک جار نەبوو هەر تەماشایەکیشی بکەم. یەک جار نەبوو تەنانەت سەرێکیشی بۆ بلەقێنم.

کـاتێ تەلەفـۆن زەنگی لێ دەدا و ئەو هەڵی دەگـرت، تەواوی گیانم دەبووە گوێ کە بزانم کێیە. هەمیشە لەوەی کـە ناوی ژنێکی دەبرد، بەشکتـر دەبووم. هەمـیـشـە و هەمیشە ئەم شتەم بۆ دەهاتە پێش کە ئەو ناوبردنە ئاخۆ ڕەمـز و ڕازێکە؟ سـوور دەمـزانی بە وردی ئاگـاداری ئەم

شتانە هەیە و دەزانێ کە ئەحواڵ چۆنە. ئەمەیان خەیاڵ نەبوو، خەون نەبوو؛ من هەمیشە هەستم دەکرد ئەم دەتوانێ دوور لە چاوی من، هەموو کارێک بکات. ئەو شەوانەی لە نەخۆشخانە کێشک بوو، کێ دەیزانی ئەویش وەک کەسێک - هەر کەسێک بڵێین - لەوێ نییە و لەناو ئەو نەخۆشخانە گەورەیەدا نایە و ناچێ و لەهەر سووچ و قوژبنێکی تاریکدا دەستیان لە ملی یەک نەکردووە؟ کێ دەیتوانی بۆ منی بسەلمێنێ کە ئەو شتە ناکرێ و نابێ. ڕۆژانێک کە دەچوومە شوێنی، هەمیشە هەستم دەکرد لە تەواوی ئەم حەوشە بێ سەروبنەدا لەبن هەر دارودیوار و لەسەر بست بەبستی چیمەنی ئەو حەوشەیە دەست لەملانی یەکتربوون و یەکتریان گەوزاندووەتەوە، ئەگەرچی هەمیشە بەوە دڵخۆشی خۆم دەداوە کە ئەو ئەوەندە بڕوای بە خودا هەیە کە هەرگیز خۆی تووشی هیچ گوناهێک نەکات. دەمگوت نا! ئەو قەت حازر نابێ ئەو هەموو نوێژ و ڕۆژووەی بخاتە ژێر پێ و فیدای ئەو شتانەی بکات، بەڵام کە بیرم لێ دەکردەوە دەمزانی ئیشق و ئەوین ئەم شتانە ناناسێ. ئەوین خۆی خودایە و خۆی گەورەترین بڕوا و نوێژ و ڕازی بوونە. شەوەهای شەو هەتا بەربەیانی دەچووم و بە دەوری ئەو حەوشەیەدا دەسووڕامەوە و بەری بەیان وەک شێت و هار بەرەو ماڵێ دەبوومەوە. دەمزانی دەوری ئەو دیوارە دوور و درێژانە هەرگیز بە نەفەرێک ناگیرێ و ڕەنگە لەو کاتەدا وا من لای ڕۆژهەڵاتم ئەولای ڕۆژئاواوە بەسەر پەرژینەکاندا خۆی بخاتە ئەودیو و من هەرگیز نەتوانم بیبینم، یان ئەو کاتانەی وا من هیلاک و ماندوو هەتا بەری بەیانی دێم و دەچم، ئەو هەر لەعەسرەوە چووبێت و وەک چاوەدێری یەکێ لە نەخۆشەکان لەو حەوشەیەدا پیاسە ناکات و بیر لە تاریکی و لە باوەش گرتنی ئەو ناکاتەوە. ئەمانە کێ شێت ناکات؟ ئەمانە کێ هار ناکات؟ ئەمانە چۆن ژیانی ئاسایی لەبەردیش هەراسان ناکات؟ ئەمانە چۆن دیڵێ -بەردیش بێ- چاوت بچێتە خەو؟ من دەمزانی ئەم شتانە دەکرێ. دەمزانی ئەوانە لەو ڕۆژانەوە وا خۆیان ناسی، وا دڵیان ئاوی گرت، ئاشقی یەکتربوون. من دەمزانی ئەویندارییی ئەوانە گەیشتبوو بەوپەڕی خۆی. گەیشتبوو بە جێگایەک کێ نەبوو نەزانێ ئەوانە بێ یەک هەڵناکەن. ئەوانە ئاگایان لە هەناسەکانی یەکتری نییە. ئەوانە باسی هەموو خواردن و خۆراک، هەستان و دانیشتنەکانیان و باسی هەموو خەون و خەیاڵەکانیان بۆ یەکتری ناکەن؟ کێ نەیدەزانی ئەوان، یان هەتا بەری بەیانی بەدزییەوە لەلای یەکن، یان بە تەلەفۆن؟ دوو لاوی خولیاو شەیدا. شەیدا و چاونەترسی پێکەوە بوون، لەباوەش گرتن و... من ئەمانەم هەموو بە ئاشکرا دەزانی. دەمزانی... ئاخ من دەبوو شتایەک بزانم کە کەس ئاگاداریان نەبوو؛ کەس بیری لێ نەدەکردنەوە.

کاتێ هەوەڵجار ئەم ڕازە تاڵەی پێ کوتم بە ئاستەمیش تێک نەچووم، تەنانەت ئەوکات هێندە سەرمەست بووم، پێم وابوو وەک هەنگوین شیرینە و بەحاڵیش فکرم لەوە نەدەکردەوە کە قبووڵ کردنی ئەمە یانی چی. زۆر بەدڵنیاییەوە پێم کوت: جا تۆ ئاوا ڕاستبێژ و ڕووڕاست بی، من دڵنیام هەموو ئەم شتانە لەبیر دەچنەوە. هەرگیز ئەوینی تۆ ناهێڵێ ئەوە بە بیری مندا بێت کە تۆ لەگەڵ ئەودا ڕۆژگارێکی ئاواتان هەبووبێت؛ کە ئێوە ئەوندەتان یەکتری خۆش ویستبێت، تەنانەت سوێندم بۆ خوارد؛ دڵنیام کرد قەت ئەوە بەهێندێک نەگرێ. پێم کوت دەتوانین ژیانی سبەینێی خۆمان بکەینە گوڵستان. پڕی بکەین لەشادی، پێکەنین و سەفەری دووروودرێژ و بێ بڕانەوە.

من دەمزانی سەدان ئێوارەی تاریکان بە دەم لەناو دەمنان و بە کۆڵانە تاریکەکاندا و خزانە ناو هەر سووچ و قوژبنێکی تاریکەوە گەیشتبوونە ماڵێ؛ سەدان بەیانیش هەتا گەیشتبوونە قوتابخانە هەروەتر. من دەمزانی ئەوان سەدان جار نا و هەزاران جار وەک ژن و مێردێک چوون بۆ سەفەر و ئەم لاو، ئەولا. شەوەهای شەو پێکەوە سەریان کردووەتە سەر سەرینێک. ئەویش دەیزانی من خەون نابینم و ئەم لێکدانەوانە هەقی خۆمە. من دەمزانی ئەو کاتانەی وا تووشی یەک دەبن، ئەو بە گریانەوە بەر دەبووە تف و لەعنەت کردنی ئەم و ئەو دەتوایەوە و نەیدەزانی چی بڵێ. نەیدەتوانی چ بڵێ. ئەویش وردە وردە پەشیمان دەبووەوە و خۆی حەوا دەدا باوەشی ئەم و هێندە دەگریان هەتا ئۆخەی لە دڵیان دەکەوت. ئەوسا دەمزانی ئەوەندەی بەینی عەرز و ئاسمان شوکری خوایان دەکرد کە ساتێک پێکەوەبوونی ناو ئەو تاریکییە هەزاران غەم دەتارێنێ. ئەم بیرانە خەوی لێ دەتاراندم و دەمویست بە خنکاندنی ئەنیس خۆم قانع کەم. ئەنیسێک

که وەک هەموو منداڵانی دنیا بێ خەم و بێ خەبەر، هەر وەک فریشتەیەک پرخەی دەهات. ئەنیسێک کە بێ باوکی بۆ ڕۆژێک پێوە دیار بوو. کە باوەشی دایکی بە هیچ بەهەشتێک نەدەگۆڕییەوە، بەڵام من هیچ کات نەمدەتوانی تەماشای بکەم و تەزێکی جەرگبڕ بە دڵما نەیەت. ناخۆشترین شتی دنیا و تاڵترین بیرکردنەوە لەبارەی منداڵەکەتەوە. هەمیشە لە ترسی ئەو بیرانە هەڵدەستام، سواری ئۆتۆمبێل دەبووم، بە شەو و نیوەشەو، دەڕۆیشتم بۆ شاخە دوورەکانی شار و بەو تاریکەسەڵات و ئەنگوستەچاوانە بە شاخەکاندا سەردەکەوتم. بوومەلێڵەی بەیانیش خۆم دەگەیاندەوە بەر درگای نەخۆشخانە و چاوەڕوانی ڕادەوەستام. لە دوور چاوم دەبڕییە درگا و حەوشە و حەساری نەخۆشخانە، هەتا بەڵکو تارماییەکی شکاوی ببینم. دەمویست بەحاڵ بۆن بکەم بزانم لەگەڵ کێ دێتە دەرێ، کە دەهات لە تەواوی نوختە نوختەی سیمای دەفیکرم کە بزانم جێگایەکی، بەحاڵ سوور نەبووەتەوە. لە ماڵێ بە بۆنەی ئەوەی بەرمل و سینگ و بەرۆکی شوێنێکی پێوە نییە، خۆم گێل دەکرد و بە دەم ئەوەی کاتی تێکئەڵقان و خۆش ویستنە، سەدان جار چاوم پێدا دەخشاند. جاری وابوو لەو جەنگەیەدا زیپکەیەکی زۆر بچووکی سوورهەڵگەڕاوم لێ دەبووە کێوێک. دەمزانی بێ ئەوەی دەنگ بکا و بیدرکێنێ بە هەموو ئەم ڕازانە دەزانێ و لەوسەری هەموو ئەم شتانەوە دێتەوە، بەڵام خودا نەکات هێشتبێتی بزانم زانیویەتی. کاتێ ژانی ئەمانە زیاتر دەبێ کە بتەوێ لێیان پەشیمان بی و تۆبەیان لێ بکەی، بەڵام تەنانەت ڕێگای شەرمەزاری و پەشیمانیشت لێ بەسترابێت. تازە لای کێ پەشیمان بی؟ تازە داستانی ئەم شەرمەزارییە نائینسانییە بۆ کێ باس بکەیت؟ بەوەی کە من سوێندم بۆ خواردبوو، بەڵام ڕۆژانێک کە سەدان جار زۆرم لێ دەکرد دەست لە کارەکەی بکێشێتەوە. سەدان جار بە مەرگی ئەنیس سوێندی بۆ خواردم؛ سەدان جار پەشیمان بوومەوە و بە مەرگی ئەنیس و بە مەرگی خۆی سوێندم بۆ خواردەوە، بەڵام هیچیان نەدەبوونە هیچ. بوونە ئەوەی کە چەند جار چووم کاغەزی تەڵاقم لە دادگا وەرگرت و چەند جار بە دایکم ڕاگەیاند کە ئەمڕۆ و سبەینێ لێک جیا دەبینەوە. بووە ئەوەی کە من چەند جار بە دڵنیاییەوە بەجێم هێشتن و لەگەڵ ئەنیس چوونەوە ماڵی باوکی، منیش چوومە شارێکی تر و لەوێ تاکسیم کڕی، ویستم بۆ هەمیشە فەرامۆشیان بکەم، بەڵام دوای چەند ڕۆژ، تەلەفۆنم دەکرد بۆ نەخۆشخانە و بە بۆنەی ئەوەی بیری ئەنیسم دەکرد قەرارم لەگەڵ دادەنا و هەر بە یەکەم دیدار لەهەموو کردەوەکانی خۆم بێزار دەبووم. دیسان بێ ئەوەی بیدرکێنم ئەنیسم دەکردە بەهانە و دەمبردن بۆ باشترین خواردن و خۆراک، پاشان وەک نە بای هاتبێ نە بۆران، بە شادی و خۆشی بەرەو ماڵ دەچووینەوە. بوونە ئەم شتانە و وای کرد بە مەودای چەند ساڵ بە تەواوی هەستت دەکرد پیر بووە و بەسەریەکدا داڕووخاوە. هەوەڵ جار تاڵێک قژی سپی نیشاندام و دوایی دووان و زۆر زوو ماش و برنجی بوو؛ پێستی گۆڕا و ڕەنگە ئەمە یەکێ لە شتە ناخۆشەکانی ئەو ڕۆژانە بێ کە لەبیر ناچێتەوە؛ بەبێ دەنگییەکی پڕ لە برک و ژانەوە کوتی: ئەوە بەینێکە لە کاتی دەرزی لێداندا دەستەکانم دەلەرزن و هەرچی دەکەم ناتوانم ڕایانگرم.

من دەمزانی دەیەوێ بڵێ چی و هەرگیز بۆی نەدەهات. دەمزانی داستانێکی دوورودرێژی پڕ لە هاوار و سکاڵایە لەسەر زمانی، بەڵان هەزاران ساڵ لە دەربڕینەوە دوور بوو. دەمزانی بۆ هەموو ئەم نوختە و خاڵ و سۆز و سووکایەتییانە هەزاران تف و لەعنەت دەکاتە ڕووی ئەو. ئەوەی ئەو چی جواب داتەوە نازانم! ئەوەی ئەو تەنانەت لە دڵی خۆیدا چۆن بیر بکاتەوە نازانم. ئەوەی ئەم لێی پرسیبێ کە بۆچی کارت گەیاند ئابێرە، بۆچی ئەو هەموو پەیمان و بەڵێنەت، بۆچی سوێندەکانت، هەزاران بۆچی دیکە، ئەو نازانم چی وەڵام داببێتەوە.

بۆ پێ زانینی هەموو ئەمانە، ڕۆژێک زۆر بە دەردەوە دەستم دا تەلەفۆن و ژمارەکەیانم گرت، دایکی، یان نازانم پیرێژنێک وەڵامی داوە؛ من هێندە پەشۆکابووم لەوە حاڵی نەبووم کە، یان شەو نەهاتۆتەوە، یان بەیانی زوو وەدەرکەوتووە.

هەر ئەو ڕۆژە کەوتمە سۆراغی و لەم شەقام بۆ ئەو شەقام و لەم کووچە بۆ ئەو کووچە و لەم ماڵ بۆ ئەو ماڵ، بەڵام دەتگوت لە سێبەرێکی بێ جەستە و قەڵافەت دەگەڕام. تاپۆیەکی بەناوبانگی ئاشنا. لە هەر کەسێکم دەپرسی هەموو دەیانناسی و هەموویان دیتبوویان. لە هەر کەسێکم دەپرسی لای هیچ کەس نامۆ و نائاشنا نەبوو. خراپەکانیش دەیانناسی، تەنانەت خاسەکانیش

دیتبوویان. ئەو دەیکوت پێم وابێ چەندێک لەمەوبەر بەو کۆڵانەدا داگەڕا و ئەویان دەیکوت پێم وابێ چەند سەعات لەمەوپێش بەم شەقامەدا هەڵگەڕا. هی وابوو دەیکوت، پێش پای تۆ لێرەبوو هی وابوو دەیکوت پێ هەڵێنییەوە پێی دەگەیەوە. بۆ ئێواری، هیلاک و ماندوو، وەک لە هاوڕێیەکی زۆر نزیک گەڕابێتم، ئاخرین شوێن کە پێم شک دەهات چووم لە درگاکەیانم دا. پیرەپیاوێکی چەماوەی شێوەجوان درگاکەی کردەوە: کارت بەکێ بوو کوڕم؟

دەنگێکی سەیر، وەک ئەوە وابوو گەرووی فیت فیتەیەک بێت و ئەو دەنگە لەناو خۆیدا خول دەدا جا دوایی دێتە دەرێ.

– ماڵی کاک وریایە؟

چاوەکانی بڕێک زیت بوونەوە و ڕاست بڕییە چاوەکانی من: وریا کێ بابم!؟

– وریا خاڵەگیان! وریای کوڕتان!

هەر بەڕاستی من لە سێبەرێک دەگەڕام کە هەموو خەڵک دەیانناسی؛ سێبەرێکی ناوونیشاندار؛ سێبەرێک کە هەموو خەڵک دەیانناسێ و لە من ون بوو.

من دەمویست پەیدای کەم و بزانم دوایین جارەکانی وا ئەوی دیوە کەی بووە. دەمویست بزانم... دەمویست زۆر شت بزانم. دەمویست بێ هیچ عەیبە و عارێک بزانم ئاخرین سەفەریان کەی بووە؟ ئاخرین سڵاو و ماڵاواییان کەی بووە؟ بزانم ئاخرین جار کەی و لە کوێ یەکتریان ڕاموسیوە. دەمویست بزانم ئەوێ دەوران ئەگەر قسەی منداڵ دەکرا ئەم پێی خۆشبوو ناوی چی بێ وا ئەو هێندە لەسەر ناوی ئەنیس پێ داگری کرد. ئەو شەوانە هەتا بەری بەیانی بە تەلەفۆن قسەیان دەکرد باس باسی چی بوو؟ ئەمە داوایەکی بێ خودایانە نەبوو بزانم بۆچی ئەم گڕکانی ئەویندارییەی ئەوان نەگەیشتە ئاکام و بەرەو ئەم وێرانی و خاپووربوونە داکشا؟ ڕەنگە بە لای خۆشمەوە وەڵامێکم بۆ ئەم پرسیارانە هەبێ، بەڵام ئەم وەڵامانەی من هەرگیز ناتوانن ببنە ئەوانەی وا ئەو دەبێ بیانڵێ، ئەو ڕاستەقینانەی ناو دڵی ئەو و ئەم بۆچوونە بۆژۆیانەی من دەکرێ جیاوازییەکی دژی یەکیشیان هەبێ. من لە تەواوی ئەو ساڵانەدا یەک جار، تەنانەت یەک جار ناوی ئەمم نەهێنا، باسی ئەمم لەلا نەکرد، نە کوتم کێیە، نە کوتم کێ بوو؟ چۆن بوو؟ چ بگا بەوەی ئەم شتانەی لێ بپرسم، بەڵام دەمەوێ هەموو ئەم شتانە لەم بپرسم. دەمەوێ لێی بپرسم کە ئایا بە بڕوای ئەم، دەور دەوری ئەوین و ئەویندارى نەبوو، یان دڵی ئەم دڵێکی ئەوین ویست نەبوو؟ دەمەوێ بزانم ئایا بە بڕوای ئەم، وای هەست دەکرد خەتاکە خەتای دەورودووکان بوو، یان هی ئەوە بوو ئەم نەیدەویست بە دەستی خۆی نۆژگە و پەسنی ئەوین کاول بکات. یانی ئەم وای دەزانی ئەم پێک گەیشتنە بە جێگای ئەوەی ئەوێ ئاوەدان کاتەوە، کاولی دەکات؟ یانی ئەم پێی وابووە کە ئەگەر ئەو ڕۆژە بگات ئیدی ئەوێ وێران دەبێت و جێگایەک بۆ نوێژ و فەرمان بەری ئەوین نامێنێتەوە، یان تەنانەت خودایەکیش بۆ ڕۆژگاری دڵتەنگی و پەرەستن نابێ؟ دەمەوێ بزانم ئەگەر واش بووبێت ئایا ئەم شتانەی لای ئەو باس کردووە، یان نا؟ دەمەوێ بزانم ئەویش بەم ڕازە ڕەزا بووە، یان ئەمی بە گەوج و شێت و هەوەسباز زانیوە، چونکە ئەم، ئەو بۆچوونەی ئاخری ئەو بەرپرچ دەداتەوە کە پیاوێکی هەوەسباز و ئەمانە بووبێت، چونکە ئەم وادیارە ئیدی بووبێتە دەروێش و کاروپیشەی ڕاستەقینەی خۆی کردبێتە ئاوارەیی ناو کۆڵانە دوورودرێژ و ترساوییەکانی ئەو ڕابردووە، ڕەنگە ئەویش بەم کارەساتەی زانیبێت و هۆی پیربوونی لە نەکاوی نەک چاوە بەشکەکانی من و کردەوە دڵ وێرانکەرەکانی من، بەڵکو هەر ئەم دەروێشییەی ئەم بووبێت. پێم عەیب و عار نییە ئەمانە بزانم. من دەمەوێ، نازانم هەر ئەوەندە کە بەڕاستی ڕەنگە تاوانباری ئەسڵی من نەبم و ئەو ڕووداوە زۆر لەوە پێشتر ڕووی دابێت و ئێستا کەوتبێتە ئەستۆی من. من تەنیا دەمەوێ بزانم کە بەڕاستی من ئاشق بووم، یان قاتڵێکی دڵ ڕەش؟ دەمەوێ بزانم لە من و لەو، کێهامان زۆرتر ئەومان خۆش ویستووە؟ ڕەنگە دوایین شتێکی کە بمەوێ بزانم ئەوە بێت کە ئەو کاممانی بە ئاشقتر زانیوە؟ دەمەوێ بزانم زۆربەی کاتەکان، زیاتر بیری لە کاممان کردۆتەوە؟ زیاتر خەونی بە کاممانەوە دیوە؟ ئیدی ڕەنگە نەمەوێ هیچیتر بزانم و هەر ئەوەندە.



# سێ برووسکێن چیرۆکێ

**عەبدلەجیت شێخۆ**
**(عەفرین)**

(١)

گوندەکی د ناڤ هەردو پێسیرێن لێلوونا دێرینی دە، خوە ل سەر ئەنیشکەکە زامدار پالڤەدا بوو، ئەوی مینا داپیرەکە قساوەتخوار ستێرکێن ئەزمێن یێن وەک زەردەلێن باسۆتێ ژ نەڤیێن خوە رە دژمارتن و ب دەنگەکی نەرمێ و هێمنی ئەوانان دکرن خەوا نە خەو . لێ نۆبەتدارەکی مینا قانترێ ئالەمان ب پەکاندنا کەڤرێن بن لنگێن خوە، سەرێ خەوا نە خەو ژی شکاااند.

(٢)

د شکەفتا دودەریا من دە، زارۆکەک ٤٠ هەزار سال نۆبەتدار بوو، گاڤا پێرییێن باژارێ من راستەراست ژ وی پرسێن، ما تو، مە ژی ناسدکی؟ هەستییێن نۆبەتدار لەرزین، کەنیان، داگرین و گۆتن: چقاس میتانییێن وە سەرسییێن خوە ل من دکرن و ژ من هەزدکرن! لێ هوون دکانن ژ من رە بێژن، رەوشا نەفەرتیتی چاوایە؟

(٣)

دو شڤان سمێلبادایی، پەزێن خوە ل سەر سینگێ چیایێ لێلونێ دە دچێراندن، تاڤەکە بارانێ ب زەرپ لێکر، شڤانان پەزێن خوە ب لەز ئاژۆتن ناڤا شکەفتەکە نیزیک، شڤانەکی د ور دە پرتووکەک چریایی، رزیایی یا جەگەرخوین (کی مە ئەز) دیت. شڤانەکی ژ یێ دن پرسی، چیە ئەڤ؟ ئەوی گۆتە هەڤالێ خوە، پر مخابن، ئەز ژی مینا پر سیاسەتمەدارێن مە هێ ب کوردی نزانم بخوونم، لێ ڤا یە ئەز وێنەیا جەگەرخوین ل سەر پرتووکێ دبینم و هەروەها ژی پر باش تێتە بیرا من، کو بەریا ٤٠ سالی، شاگرتێن دبستانا عەفرینێ جەژنا نەورۆزێ د ڤێ شکەفتێ دە ب نەهینی پیرۆز دکرن و دلێن هەڤدو ب هێڤیێن جەژنێن مەزن گەشاش دکرن.

**ئەڤ کورتە چیرۆکە ب رێنڤیسا لاتینی هاتبوو دارشتن و پێشتر ل مالپەرێ (وەلاتێ من) دە بەلاڤبوویە، ژبۆ پێناسینا وێ ب خوەندەڤانێن رێنڤیسا نها ل هەرێما کوردستانا عیراقێ بکار دهێت مە بێ دەستکاری رێنڤیسا وێ گۆهەرت.**

**«رامان»**



# سێ کورتیلە چیرۆکی ئەڵمانی

ڕیشارد ڤاگنەر
لە ئەڵمانییەوە : ئەردەڵان عەبدوڵڵا
(سلێمانی)

### (١) ئەو پیاوەی کە بانک ئامادە نەبوو قەرزی بداتێ

ئەو پیاوەی کە بانک ئامادەنەبوو قەرزی بداتێ، گەڕایەوە ماڵەکەی خۆی و پاشان خۆی خنکاند. ئەو بە پەتێک خۆی خنکاند و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. پێدەچوو پیاوەکە خەڵکی گوند بێت، چونکە عادەتەن خەڵکی شار کاتێک بیانەوێت خۆیان بکوژن، هانا بۆ شێوازی تر دەبەن، بۆ نموونە: دەمارەکانی لەشیان دەبڕن، تا خوێن لە لەشیان بێتە دەرەوەو هیچ خوێنیان تێدا نامێنێت پاشان دەمرن، یان دەچن خۆیان فڕێ دەدەنە بەردەم سکەی میترۆی شارەوە.

ئەو پیاوە بۆیە داوای ئەو قەرزەی لە بانک کرد، چونکە دەیویست بەلەمێکی گەورە بکڕێت، پێشتر پلانێکی دانابوو، کە لە ڕێگای بەلەمێکی گەورەوە، بتوانێت هەموو جیهان ببینێت.

بینینی جیهان لە ڕێگای سواربوونی بەلەمەوە، بۆ ئەو کە لە گوند گەورە ببوو، خەونی منداڵیی بوو، ئەو خەونەی کە هەتا کۆتایی ژیانی، وازی لێ نەدەهێنا و لەناخیدا دەژیا.

ئەو پیاوە پێش ئەوەی خۆی بکوژێت، لەسەر مێزی ژووری دانیشتنەکەی، پارچە کاغەزێکی بەجێ هێشتبوو، لەسەر پارچە کاغەزەکەش دێڕێکی نووسیبوو: (ناتوانم لەم وڵاتە ڕابکەم).

ئەگەر ئەم دێڕە کەسێکی نووسەر، یان فەیلەسووف بینووسیبایە، ئەوە زۆر گەنگەشە لەبارەی ئەم دێڕەوە دروست دەبوو و شرۆڤەی هەمەجۆری بۆ دەکرا، بەڵام هەروەک ڕاهاتووین، ناوی کابرا بە ئاسایی خرایە ناو مەلەفێکەوەو کەسیش باسی نەکرد.

### (٢) ئەو پیاوەی کە لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات کچێکی هاوڕێی هەیە

ئەو پیاوەی کە لە ڕۆژهەڵات کچێکی هاوڕێی هەیە، هەفتەی جارێک دەچێتە "شەقامی فریدریش"(*) و بەوێدا

تێدەپەڕێ. ئەو خاوەنی ناسنامەی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا بوو، چونکە دایک و باوکی خەڵکی ئەوێندەر بوون، بۆیە هەموو کاتێک دەیتوانی بچێتە بەرلینی ڕۆژهەڵات و بگەڕێتەوە.

ئەو خۆی وەک هاوڵاتییەکی (کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ "BRD") پیشان دەدا، کاتێک پۆلیسەکانی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات لێیان دەپرسی، کە بۆچی دەیەوێت سەردانی ئەو وڵاتە بکات، هەموو کاتێک هەر یەک وەڵامی دەدانەوە : دەمەوێت پایتەختی کۆماری ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات "DDR" ببینم.

لە یەکەم سەفەریدا، کاتێک پۆلیسەکە لێی پرسی بۆچی دێیتە ئەم وڵاتە، ئەو گوتی: دەچم بەرلینی ڕۆژهەڵات ببینم. پۆلیسەکەش لێی توورەبوو، بە توندی وەڵامی دایەوە: ئێرە ناوی پایتەختی کۆماری ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتە.

ئیتر ئەویش لەو کاتەوە فێری ئەوەبوو، کاتێک ئەو پرسیارەیان لێ بکردایە، گورج وەڵامی دەدانەوە: دەچم سەردانی پایتەختی کۆماری ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات بکەم. پاش کەمێک پۆلیسەکە پاسپۆرتەکەی دایەوە، ئینجا چوو جانتاکانی لە کۆنترۆڵ وەرگرتەوەو پاشانیش چوو پارە بگۆڕێتەوە.

لەکاتی دەرچوونی لە دەروازی کۆنترۆڵی پۆلیسدا، کچە هاوڕێکەی چاوەڕێی دەکرد، پاشان پێکەوە دەچوون بۆ قاوەخانەیەک، ئەو قسەی زۆری دەکرد، کەسێکی "زۆربلێ" بوو، کچەکەش بەوپەڕی خۆشییەوە گوێی بۆ قسەکانی دەگرت، پاشان دەچوونە ماڵی کچەکە. پێش نیوەشەو، دەچووەوە سەرەی بەردەم دەروازی بەرلینی ڕۆژهەڵاتەوەو دەگەڕایەوە بۆ بەرلینی ڕۆژئاوا.

لە ڕۆژێکی مانگی سەرماوەرزدا، سنوورەکان کرانەوەو چیتر کۆنترۆڵی پۆلیس نەما، بەڵام لەو کاتەوەی کە سنوورەکان کراونەتەوە، چیتر ئەو پیاوە ناچێت بۆ بەرلینی ڕۆژهەڵات.

## (٣) ئەو پیاوەی کەنەیدەویست یوتۆپیاکەی لەبیر بکات

ئەو پیاوەی کە نەیدەویست یوتۆپیاکەی لەبیربکات، کەسێک بوو کە حەزی لە پاسکیل سواری بوو. ماوەیەکی زۆرە مێشکی بۆتە وەرەقەیەکی گەورە، بۆ نووسینەوەی کۆمەڵێک پرسیار. ئەو پیاوە لە گوندەوە بە پاسکیل، دەهاتە شار. ئەو پێی وابوو، پاسکیل باشترین هۆبەکە پێی بێتە شار، لەڕووی تەندروستیشەوە زۆر سوودبەخشە.

ئەو بەڕێگای تایبەتی پاسکیلدا دەهاتە شار، پاشان بەناو شاردا دەسووڕایەوە، بەڵام هەر کە دەگەیشتە ناو شار، یەکسەر دەگەڕایەوە گوندەکەیان، بەبێ ئەوەی هیچ شتێک بکڕێت، یان لەگەڵ خۆی بەرێتەوە.

ئەو تەنها کاتێک وازی لەم یوتۆپیایە دەهێنا، کە لە کاتێکدا کەسێک بەلایدا تێدەپەڕی، یان بە دیقەتەوە سەیری شتێکی دیاریکراوی بکردایە، پاش ئەوە دیسانەوە تەرکیزی دەکردەوە سەر مەبەستەکەی خۆی.

دەتوانین بڵێین، ئەو وەک پەیامنێرێک دەردەکەوت. بەڵێ، بەڵام، ئەو تەنها نامەی بەتاڵی دەگەیاند. بەڵێ، ئەو پەیامنێری یوتۆپیایەک بوو.

**سەرچاوە:**

**Litfass.. Berliner Zeitschrift Für Literatur.Heft .55. Oktober 1992.**

**پەراوێز:**

*** ئەم شەقامە دەکەوێتە نێوان بەرلینی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە، ئەمە زیاتر وەک هێڵێکی سنووریی نێوان هەردوو وڵاتی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا وابوو، لەهەمان کاتیشدا وەک دەروازەیەکی سنووریی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە بوو، تاوەکو ساڵی ١٩٨٩ دیواری بەرلین ڕووخا و ئەڵمانیا یەکی گرتەوە و چیتر ئەو دەروازەیە نەما.**
**(وەرگێڕ)**

**تێبینی:**

**خوێنەری هێژا ئەم سێ کورتیلە چیرۆکە ئەڵمانییە، کە من دەستەواژەی "کورتیلە چیرۆک"یان بۆ بەکاردەهێنم، لەبەر ئەوەی ئەمانە لە کورتە چیرۆک کورتترن، جۆرێکی مۆدێرنی کورتە چیرۆکن، کە نووسەر لە چەند پەرەگرافێکی کورتدا، چیرۆکێکی کورت دەگێڕێتەوە. ئەمڕۆ زیاتر لە جاران باوی ئەم کورتیلە چیرۆکانەیە، دیارە ئەمەش نووسەری خۆی دەوێت، چونکە هەموو کەسێک ناتوانێت لە چەند دێڕێکدا، کورتیلە چیرۆکێک بنووسێت. لەلایەکی ترەوە لێتان تێک نەچێت، ئەم نووسەرە ڕیشارد ڤاگنەری مۆزیکژەن نییە، کە لە سەدەی نۆزدەدا دەژیا، بەڵکو ئەمە نووسەرێکی ئەڵمانییە، ئەم چیرۆکانەشی ساڵی ١٩٩٢ نووسیوە.**

**(وەرگێڕ)**

# خەبات مەولوودی:
## لای ئێمە مۆسیقاژەن کاریگەریی بەسەر گۆرانیبێژەوە هەیە، یەکێک لە کێشە هەرە گەورەکانی گۆرانیبێژی کوردیش ئەوەیە تەنیا دەنگی خۆشە.

**ئا: خەبات ڕەسوولی**

**(١ – ٢)**



«هونەری کوردی پێویستی بە هونەر مەردە» ئەوە یەکێک لەو وتانەیە کە هونەرمەند خەبات مەولوودی باوەڕی پێیەتی. ئەو دەڵێ خەڵکێک هەیە بوونەتە هۆی بارگرانی بەسەر گۆرانی کوردییەوە، هەروەها پێی وایە گۆرانیبێژێک نەتوانێ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و زیندوو گۆرانی بۆ بەردەنگەکانی بڵێ گۆرانیبێژ نییە. خەبات مەولوودی خەڵکی شاری بۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، تائێستا سێ ئەلبوومی بڵاوکردووەتەوە.

لەوانەیە لە دنیای ئەمڕۆدا کە هەموو شتێک بە پێوەری بازرگانی مەزندە دەکرێ، ئەوەندەی بایەخ بە لایەنی ئابووری بەرهەمێک دەدرێ، نیو ئەوەندە لایەنەکانی دیکەی لەبەرچاو ناگیرێ، لەوانەیە بۆچوونەکانی خەبات مەولوودی بەدڵی هەمووان نەبێ، بەڵام ئەو خۆی گوتەنی تا ئێستا هونەری هەرزان فرۆش نەکردووە و نایکات.

گۆڤاری ڕامان بۆ بەسەرکردنەوە و ناساندنی ئەو دەنگە نوێیەی هونەری گۆرانی کوردی چاوپێکەوتنێکی بەرفراوانی لەگەڵ ئەم هونەرمەندە دەنگخۆشە ئەنجام دا و ئەوەی دەیخوێننەوە دەقی ئەم چاوپێکەوتنەیە.

**ڕامان:** ئەو ژینگەیەی تێیدا پەروەردە بوویت تا چەند لەبار بووە بۆ پێگەیاندنت لە بواری هونەریدا؟

**خەبات مەولوودی:** من لە ناوچەی فەیزوڵڵابەگی بۆکان لە دایک بووم، بنەماڵەی دایکم و بە گشتی خاڵوانم هەرچەندە زۆر ناسراو نەبوون، بەڵام هەموویان دەنگیان خۆش بووە و گۆرانیبێژ بوون، بەڕەحمەت بێ باوکی دایکیشم دەنگی خۆش بووە، ئەمانە پێیان گوتوون تایفەی شامە کە هەموویان دەنگیان خۆش بووە، منیش چوومەتەوە سەر بنەماڵەی دایکم. دیارە بۆ پەروەردەکردن لە ڕووی هونەر و زانستی مۆسیقاوە، شوێنێکی ئەوتۆ نەبووە تا بۆی بچم، بەڵام لەو کۆبوونەوە و دانیشتنانەی کە دەکران خاڵەکانم هەموویان گۆرانییان دەگوت و زۆرجار دایکیشم گۆرانی دەگوت، هەر ئەمە وای کرد من هۆگری گۆرانی گوتن ببم و خۆم لە ناو دنیای گۆرانیدا بدۆزمەوە.. لە بیرمە یەکەم جار لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی زۆر گچکە بووم، مامۆستاکەمان ناوی ئەحمەدی فەرەجی بوو، گوتی کێ گۆرانی دەزانێ؟ گوتم من.. کە گۆرانیم گوت، دیارە گۆرانییەکەی زۆر پێ خۆش بوو، ئیتر وردە وردە دەنگم وەدەرکەوت و مامۆستاکان لە قوتابخانە باسیان دەکردم و هەمیشە دوایین وانە گۆرانییان پێ دەگوتم!.

**ڕامان:** زۆر بنەماڵە پێش بە منداڵەکانیان دەگرن و ناهێڵن گۆرانی بڵێن، پێیان دەڵێن گۆرانی گوتن حەرامە، یان عەیبە، لە بنەماڵەی ئێوە شتی وا هەبوو؟

**خەبات مەولوودی:** بنەماڵەی ئێمە بە گشتی بنەماڵەیەکی ئایینی نین و ئەو کارەشیان پێ عەیب نییە. بابم بۆ خۆی نووسەر و وەرگێڕ و شوێن پەنجەی لە ڕۆمانی کوردیدا دیارە، بێجگە لەوەش ناوچەی فەیزوڵڵابەگی بۆ خۆی گۆرانیبێژی زۆر باشی هەبووە و زۆر گرینگی پێ دراوە، بۆیە هیچ بەربەستێک لەبەردەم گۆرانی گوتنی مندا نەبووە، ئەو سەردەمەش وانەبوو کە هەموو کاتێکت بۆ گۆرانی گوتن تەرخان بکەیت. بە گشتی لە ناوچەی ئێمەدا دەنگ خۆش زۆر بوون و هەر کەسەی خەریکی ئیشی خۆی بووە.. ئەمانە شەوانە کۆ دەبوونەوە و گەڕەلاوژەیان دەکرد، یان لە زەماوەندا بە چەپڵە و گۆرانی شاییان دەگێڕا.

**ڕامان:** بنەماڵەکەت و لەناویاندا باوکت وەک نووسەرێک چ ڕۆڵێکی لە ئاراستەکردنی زەوقی هونەریی تۆ بەرەو گۆرانی هەبوو؟

**خەبات مەولوودی:** باش لە بیرمە باوکم یەکەم جار کە منی بردە قوتابخانە بۆ خوێندن، لەقوتابخانە دەترسام، دانی ئێواران بووین، کە گەڕامەوە ماڵێ، وتیان بابت گیراوە. بابم کەسێکی سیاسیی بوو کە نامەوێ بچمە ناو وردەکارییەکانەوە. بابم خرایە بەندیخانە، کاتێک باوکم ئازاد بوو، من قۆناغی سەرەتاییم تەواو کردبوو و خەریک بوو قۆناغی ناوەندیش تەواو بکەم، بۆیە باوکم کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر لایەنی هونەریی من نەبووبێ، بەڵام ئەو سەردانانەی زیندان و ئەو نامانەی بۆمان دەیناردن، کە ئێستاش هەر ڕامگرتوون، دووراودوور کاریگەرییان لەسەرم هەبوو، ئەمە وای کرد خۆم بدۆزمەوە، هەرچەند نامەکانم دەخوێندەوە، دواتر دەیانهێشت لە زیندان بچنە دەر، باوکم هەموو جارێک بە جیا نامەیەکی بۆ دەنووسیم، ئەم نامانە شتی جوانیان تێدا بوو. هەڵبەت کاریگەرییەکە نەک لە باری مۆسیقاوە، بەڵکو لەباری کەسایەتی و دەروونییەوە بوو، بۆیە ڕەنگە زیاترین کاریگەریی دوای ئازادبوونی لە زیندان بووبێ. باوکم پێش چوونە زیندان بە زەحمەت شتی دەخوێندەوە، بەڵام لە زیندان فێری خوێندن و نووسین بوو، هەرچەندە حوکمەکەی زۆر قورس بوو، چونکە یەکەم جار ئیعدام بوو، دواتر کردیان بە سی ساڵ بەندکردن. ئێستا تا ڕادەیەک دەتوانم بڵێم باوکم یەکێک لە ڕۆماننووسە باشەکانی کوردە و لەو کەسانەیە کە شوێن پەنجەی لە ناو ئەدەبیاتی کوردیدا دیارە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ورە و ئیرادەی بەرزی خۆی، وەک چۆن دەڵێن گوڵی نیلوفەر لە ناو زەلکاودا شین دەبێ. باوکم دوای زیندان بە پێی ئەو دەرفەتانەی کە بۆی ڕەخساندم کاریگەری لەسەر هونەری من دانا، بۆیە توانیم لە ژێر کاریگەریی هەست و سۆزی ئەودا ڕێچکەیەکی هونەریی بۆ خۆم بدۆزمەوە، ڕەنگە زۆر کەس دەنگیان خۆش بێ، بەڵام ناتوانن ڕێچکەیەکی تایبەت بگرنەبەر و ستایلێکی تایبەت بە خۆیان هەبێ، یان کەسایەتییەکی دیاری هونەریی بۆ خۆیان بدۆزنەوە، واتە کەسێک بێ بە تایبەتمەندیی خۆیەوە.

**ڕامان:** کاتی خۆی چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ باوکتان (عومەر مەولوودی) کردووە و خوێنەرەکانمان دەیناسن. باشە بۆچی باوکت نەبوو بە هۆی ئەوەی تۆ بەلای ئەدەبیاتدا بچیت؟ چۆن بوو ڕووت کردە مۆسیقا لەجیاتی ئەدەبیات؟

**خـــەبات مـــــەولوودی:** باوکم زۆر هانی دام بەرەو ئەدەبیات بڕۆم، بەتایبەت لەسەردەمی هەرزەکاری و گەنجیدا، بابم کە ئازاد بوو من مێرمنداڵێک بووم، هەموو شەوێک دەچوومە دەر، بابم کە ئازاد بوو لە زیندان چەند تەلیس کتێبی هێنابووەوە ماڵ. ئەو هاوڕێیانەی کە ئازاد کرابوون، یان ئیعدام کرابوون، تەنیا دیارییەک کە بۆیان بەجێهێشتبوو، کتێب بوو، کتێبەکان شتی جوانیان تێدا بوو. باوکم بۆ ئەوەی من بەرهەڵستی نەبمەوە، نەیدەگوت مەچۆرە دەرێ، بەڵام شەوێکیان کتێبی ئینجەمەمەد (حەمەدۆک)ی یەشار کەمالی بەدەستەوە بوو، منیش خەریک بوو بچمەدەرێ، گوتی بۆ کوێ دەچی؟ گوتم دەچمە دەرێ. گوتی مەڕۆ، کارم پێتە. منیش گوتم چییە؟ گوتی وەرە کتێب بخوێنەوە. گوتم بە خوا من تاقەتی کتێب خوێندنەوەم نییە. بۆ خۆی دەستی بە خوێندنەوە کرد و منیش بەناچاری گوێم دایە و شتەکەم پێ خۆش بوو، بۆ خۆم دەستم بە خوێندنەوەی کتێبەکە کرد، هەرچەندە باوکم نەیتوانی من بکاتە ئەدیب، بەڵام وای لێکردم کتێب بخوێنمەوە و کاریگەریی لەسەرم دانا. هەموو هونەرمەندێک پێویستی بە کتێب خوێندنەوە هەیە، چ گۆرانیبێژ بێ و چ شانۆکار و...تاد. هەموو هونەرمەندێک دەبێ زانیاری گشتی لەسەر هێندێک بابەت هەبێ، با ئەو بابەتە پێوەندییەکی ئەوتۆشی بە بوارەکەی ئەوەوە نەبێ، ڕەنگە ڕۆمان پێوەندی بە مۆسیقاوە نەبێ، بەڵام کاریگەری هەیە.

**ڕامـان:** وەک گۆرانیبێژێک لە ڕوانگەی تۆوە کاریگەریی هونەرە جیاوازەکان لەسەر یەکتری چییە ؟ بۆ نموونە کاریگەریی ڕۆمان لەسەر مۆسیقا.

**خـەبات مـەولوودی:** ئەوە بۆ کەشی ڕۆمانەکە دەگەڕێتەوە، ئایا ڕۆمانەکە ڕۆمانێکی کلاسیکە، یان ڕۆمانێکی مۆدێرنە؟ ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە چییە؟ عاشقانەیە؟ چییە؟ ئەوە پێوەندی بە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەوە هەیە. کاتێک هێندێک ڕۆمان دەخوێنیتەوە، ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە وا دەکا هێندێک وێنە لە ناو مێشکتدا دروست بکەیت و خۆتی تێدا ببینییەوە، یان حەز و ویست و خەیاڵەکانی خۆتی تێدا دەدۆزییەوە. هێندێک ڕۆمانم خوێندۆتەوە، کە حەزم کردووە قارەمانی ئەو ڕۆمانە من بام، یان بیرم لەوە کردۆتەوە کە قارەمانی ئەو ڕۆمانە چەندە لە منەوە نزیکە. شیعر کاریگەری لەسەر مۆسیقا هەیە، بە هەمان شێوە مۆسیقاش کاریگەریی لەسەر شیعر هەیە. لە سینەمادا، کاتێک فیلمێک دەبینی، بە مۆسیقای فیلمەکە هەست بەترس دەکەیت، یان هەست بە خۆشی دەکەیت، ئەگەر فیلمەکە ڕۆمانسی بێ، موزیکەکەی کاریگەری لەسەر کەشی فیلمەکە دادەنێ. ئەمە پێی دەڵێن مۆسیقای مەتن کە بابەتەکەت بۆ تەداعی دەکا، یان وێنەسازی دەکا، ئەو دەمە تۆ دەزانی ئەم هونەرانە چەندە کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەیە. کاریگەری مۆسیقا لەسەر سینەما، ڕۆمان لەسەر سینەما و... تاد. ئێستا لە دەسپێکی فیلم و ئەڵقەکاندا، گۆرانی و مۆسیقای تایبەتیان بۆ دادەنرێ و گۆرانیبێژێک هەڵدەبژێرن دەنگی لەگەڵ ئەو فیلمانەدا بگونجێ. زۆر فیلم هەیە دەڵێ بەپێی فڵانە ڕۆمان دروست کراوە، کاتێک دەیانەوێ فیلمێک دروست بکەن، فیلمنامەی بۆ دەنووسن، پاشان ئەکتەرەکان، دواتر موزیک. هەن تەنیا کاریان دروست کردنی مۆسیقای فیلمە و ناتوانن ئاواز بۆ گۆرانیبێژ دابنێن، ئەگەر مۆسیقاژەنێک خەریکی خوێندنەوە بێ و زانیاری هەبێ، دەزانێ بۆ کلیدەری مەحموودی دەوڵەت ئابادی چ مۆسیقایەک دابنێ و دەبێ ئاگاداری هزر و بیری نووسەرەکە بێ. ئەمانە هەموویان پێکەوە پێوەندییان هەیە، ئەگەر کەسێک مۆسیقاژەنێکی زۆر باشیش بێ، ئەگەر لە رووی ئەدەبیات و خوێندنەوەوە لاواز بێ، ناتوانێ کاریگەریی پێویست دابنێ و بینەر تێر ناکات.

**هەموو گۆرانیبێژێک پێش ئەوەی خۆی بە گۆرانیبێژ بزانێ، دەبێ مۆسیقا بناسێ و سۆلفێژ بزانێ.**

**ڕامان:** با بێینەوە سەر سەرەتاکانی دەست پێکردنت، بێجگە لە قوتابخانە کە خۆت ئاماژەت پێ کرد، کەی یەکەم جار لەبەردەم خەڵکدا گۆرانیت وت؟

**خـەبات مـەولوودی:** دیسان دەبێ بگەڕێمەوە سەر مەسەلەی گرتنی بابم، چونکە زیندانی کردنی بابم ئاڵوگۆڕێکی زۆری لە ژیانی ئێمەدا بەدی هێنا. بابم پێش گیرانی لە بۆکان بەرگدروو بوو و دوای ئەوەی خرایە زیندان، بۆ بژێوی ژیان چووینەوە دێ، چونکە هەم بۆ خۆمان ماڵمان لەوێ هەبوو و هەم ماڵی باب و براکانیشی لەوێ بوون، ئەوە بوو چووینەوە تیکان تەپە لە ناوچەی فەیزوڵڵابەگی. ئێمە بە دەست و پێ سپیلکەیی گەڕاینەوە بۆ دێ، چونکە لە شار گەورە ببووین، هیچمان

کاری مەزرامان نەکردبوو و نەماندەزانی، مەڕ و بزن و مانگامان نەدیتبوو، ژیانی دێ بەلامەوە سەیر بوو. یەکەم گۆرانیم لە قوتابخانە و لای مامۆستاکەمان (ئەحمەد فەرەجی) گوت کە گۆرانییەکی محەمەدی ناهید (سەروان ناهید) بوو. محەممەدی ناهید تازە ئەو نەوارەی دەرکردبوو، مۆسیقا و گۆرانییەکانی زۆر خۆش بوون، منیش تەنیا یەک گۆرانی لێ فێر ببووم و دەمگوتەوە، ئێستاش هەر لە بیرم ناچێتەوە، گۆرانییەکە ناوی ڕیحان بوو و دەڵێ:

**ڕیحان خەڵکی بەردە زەردە**
**بۆ جەحێلان ئاخ و دەردە**
**کوشتوومی ئەو دەسماڵ زەردە،**
**ڕیحانم دێراو دێراوە،**
**شەتڵی دەستی شۆڕەلاوە،**
**بە قاچاغی ئاوم داوە.**

بۆ خۆشم هەستم دەکرد زۆر باش دەیڵێم. دیارە مامۆستاکانیش زۆریان پێ خۆش بوو، بۆیە هەموویان چەپڵەیەکی زۆر قایمیان بۆ لێدام، چونکە گچکە بووم، مامۆستاکە لە ڕیزی دواوە هێنامییە ڕیزی پێشەوەو زۆر بایەخیان پێ دام، کە دەشیانزانی باوکم بەهۆی کێشەی سیاسییەوە گیراوە، زۆرتر گرنگییان پێ دەدام، هەرچەندە ڕەنگە بایەخەکە لە ڕووی بەزەییەوە بووبێ، بەڵام من پێم وایە لە ڕووی ناسیۆنالیستییەوە بوو. مامۆستایان لە توێژێکی ڕۆشنبیر و تێگەیشتوو بوون، منیش منداڵێکی زیت بووم و هەمیش تاکە منداڵ بووم کە باوکی لەبەر کێشەی سیاسیی لە زینداندا بێ، زۆر بایەخیان پێ دەدام. دوای قوتابخانە یەکەم شوێن کە لێی دەرکەوتم، مزگەوتی تیکان تەپە بوو. مەولوودنامەیان دەخوێندەوە، کاک ئەحمەد کە مامۆستاکەمان بوو، وتی دەمانەوێ گرووپێکی سروود دروست بکەین و ستارتی کاری هونەری من بە هۆی ئەو مامۆستایەوە لێدرا، کە گرووپەکەمان دروست کرد، مامۆستاکەمان زۆری پێ خۆش بوو. کوڕێکی گەورەی ناجسنمان لەگەڵ بوو کە هاوکات چاودێری پۆلیش بوو، دەنگی زۆر ناخۆش بوو، بە زۆر خۆی خستە ناو گرووپەکەوە، دەیگوت دەبێ ئیلان و بیلان منیش بخەنە ناو گرووپەکەوە، یەکەم بەرنامەمان لە مزگەوتی تیکان تەپە بوو. خواخوام بوو خزم و کەسی خۆمان لەوێ نەبن، پێم عەیب بوو، زۆر شەرمم دەکرد. سروودێک بوو دەیگوت:

**سڵاوی خودێ لە دیداری محەممەد**
**لە ئال و بەیت و چوار یاری محەممەد**

من دەمگوت و دواتر ئەوان بە کۆرس دەیانگوتەوە. ئەمە یەکەم کاری من بوو لەبەردەم خەڵکدا و لە بڵندگۆی مزگەوتیشەوە بڵاو دەبۆوە و خەڵک گوێیان لێ دەبوو، دایکم و خزمەکانم زۆریان پێ خۆش بوو، هەموو باسیان دەکرد. وردە وردە هەستم دەکرد لەگەڵ قوتابییەکانی تردا جیاوازیم هەیە.

**ڕامان:** قەت بە دەنگی خۆت قورئانت خوێندووە؟

**خەبات مەولوودی:** لە ناوەندی و ئامادەیی لە قوتابخانە دەمخوێندەوە، تەنانەت لە سەربازیشدا زۆرجار بەهۆی قورئان خوێندنەوە خەلات کراوم و ئیجازەم وەرگرتووە. قورئانم بە شێوازی عەبدولباست عەبدولسەمەد دەخوێندەوە.

**ڕامان:** ئەی لە مەولوود و بۆنە ئایینەکانی تردا؟

**خەبات مەولوودی:** نا.. یەکەم و دوایین مەولوودێ کە بۆی چووم ئەوەی مزگەوتی تیکان تەپە بوو.

**ڕامان:** ئەی چۆن هاتییە ناو بواری مۆسیقاوە؟ ئایا بە ژەنینی ئامێر دەستت پێ کرد، یان بە گۆرانی گوتن؟

**خەبات مەولوودی:** زانینی مۆسیقا بۆ گۆرانیبێژ دەبێتە هۆی ئەوەی گۆرانیبێژ شارەزایی زیاتری لە گۆرانی گوتندا هەبێ، کە بابم ئازاد بوو، یەکەم جار پاسکیلێکی بۆ کڕیم، دواتر لێی وەڕەز بووم. لە هەموو کۆڕوکۆبوونەوەیەکدا، لە شایی و لە قوتابخانە و لە چوونەدەر لەگەڵ خزمان، یەکەم شت کە خەڵک لە منیان دەویست، گۆرانی بوو. ڕاستە من بارودۆخێکی زۆر گونجاوم نەبوو و بەهۆی گیرانی باوکمەوە کەندوکۆسپمان زۆر بوو، لەگەڵ ئەوەش دایکم جۆرێک پەروەردەی کردین کە چاو لە دەستی کەس نەبین، بەڵام تێروتەسەلیش نەبووین. هەمیشە حەزم لە ئامێری مۆسیقا بوو، یەکەم جار لە زەماوەندێک لە دێ، ڤیۆلۆنم بینی کە زۆرم پێ خۆش بوو، بەلامەوە سەیر بوو، وام دەزانی هەموو مۆسیقایەک هەر بەم ئامێرە دەیژەنن. وام دەزانی نەوارەکەی سەروان ناهید هەمووی هەر ئەم ئامێرەیە، لە کاتێکدا تار و عود و دمبکیشی تێدا بوو، چونکە من تەنیا ڤیۆلۆنم دیتبوو، وام دەزانی ئەم دەنگانە هەمووی هەر هی ئەم ئامێرەن. وردەوردە کە چاوم کرایەوە، داوام لە بابم کرد ڤیۆلۆنێکم بۆ بکڕێ. ئەودەم لە بۆکان دوکانی ئەم ئامێرانەی لێ نەبوو، بەڵام ئێستا زۆری لێیە، چ

ئامێرێکت بویێ، هەیە. ئێستا حسێن خزریمان هەیە کە بۆ خۆی ڤیۆلۆن دروست دەکا و ڤیۆلۆنەکانی لە ئێران بەناوبانگن و بۆ هەرێمی کوردستانیشی دەنێرێ. لە بیرمە حسێن خزری لە سەرەتای دەسپێکی کارەکەیدا بوو و هێشتا جوان نەیدەزانی دروستی بکا. بۆ خۆی دەیگوت لە ژێرزەمینی ماڵەوەدا ئەوەندەم ڤیۆلۆن دروست کردووە و شکاندوومن، چونکە ئەو دەنگانەی من دەمویستن، لێیان نەدەهات. حسێن خزری یەکەم ڤیۆلۆنی کە لە تاقیکردنەوەی خۆی دەرچوو، بە دیاری دایە من. بابم ویستی پارەی بداتێ، بەڵام وتی بە دیاری دەیدەمێ، دواتر دەستم کرد بە فێربوونی مۆسیقا و چوومە لای عومەر مینایی کە کارمەندی دادگای بۆکان بوو. خولی ڤیۆلۆنی هەبوو، حەفتەی جارێک، شەوانی پێنج شەممە دەچووینە ماڵی خۆی لە گەڕەکی فەرهەنگیان. بە کتێبەکانی ڕوحوڵڵا خالقی دەستم پێ کرد، لەو کاتەوە چوومە ناو دنیای ئەکادیمی مۆسیقا، ئەوکات پۆلی حەوت، یان هەشت بووم، دەچوومە خولەکەوە، بەڵام زۆر جددی نەبووم، زیاتر کاتەکانم سووڕانەوە و یاریکردن بوو لەگەڵ دۆست و ڕەفیقەکانم، بەڵام هێواش هێواش ئالوودەی مۆسیقا بووم. کاتێک توانیم بە کەمان یەکەم ئاواز بژەنم، کاریگەریی مۆسیقا لەسەرم زیاتر بوو.

**ڕامان:** تەمەنت چەند بوو کە توانیت یەکەم ئاواز بژەنیت؟

**خەبات مەولوودی:** کۆتاییەکانی پۆلی نۆ، یان سەرەتاکانی پۆلی دە بووم، جوان لە یادم نییە، یەکەم ئاواز کە ژەنیم، ئەی وەی زارا بوو. کەمانیش وەک ئامێرەکانی تر نییە، ئەگەر لێی نەزانیت، دەنگێکی زۆر ناخۆشی لێ دێ، دەڵێی جیڕەی دەرگایە. بۆ پڕۆڤەکردن دەبێ بچیتە ژێرزەمین، یان ژێرخانێک بۆ ئەوەی خەڵک بێزار نەکەیت، یەکەم مامۆستای مۆسیقام، ئاغای مینایی بوو.

**ڕامان:** تا چەند گرنگە گۆرانیبێژ ئامێرێکی مۆسیقا بزانێ و بۆ ئەوەی لە کارەکانیدا سەرکەوتوو بێ چەندە کاریگەریی هەیە؟ لە کاتێکدا گۆرانیبێژی وا هەیە نازانێ هیچ ئامێرێک بژەنێ.

**خەبات مەولوودی:** مۆسیقا تەنیا ژەنینی ئامێر نییە، زۆر کەس مۆسیقا بە تیوری دەخوێنن و ئامێریش ناژەنن.

یەکێک لە کێشە هەرەگەورەکانی گۆرانیبێژی کورد، ئەوەیە تەنیا دەنگی خۆشە. ڕاستە دەنگ خۆشی مەرجە، بەڵام تەنیا دەتوانێ گۆرانی ناوچەی خۆی بە چاکی بڵێ، یان تەنیا گۆرانی کوردی بە باشی دەڵێ، کێشەکە ئەو کاتەیە کە لەگەڵ ئۆرکسترایەک دادەنیشێ و پێت دەڵێن بەپێی نۆتە، فلانە ئاواز بڵێ، من بۆ خۆم ئەم کێشانەم هەبووە، بۆیە باسیان دەکەم. هەموو گۆرانیبێژێک پێش ئەوەی خۆی بە گۆرانیبێژ بزانێ، دەبێ مۆسیقا بناسێ. دەبێ سۆلفێژ بزانێ، دەبێ خولی ئەکادیمی تێپەڕێنێ. بەداخەوە من لە منداڵیدا بارودۆخێکی لەبارم نەبوو، من پاش ئەوەی بابم ئازاد بوو، بە شێوەی پڕۆفیشناڵ ڕووم کردە دنیای گۆرانی، تا خۆم دۆزییەوە زۆری پێ چوو، ڕۆژێک دەمگوت دەچمە خولی ڤیۆلۆن، ڕۆژێک دەچوومە کانوونی بێعسەت و دەبووینە گرووپی سروود لە قوتابخانەکان. ڕاستە من دەچوومە خولی ئاغای مینایی، بەڵام تەنیا لە کوڵ خۆ کردنەوەیەک بوو و پۆزی ئەوەشم لێدەدا کە دەچمە خولی ڤیۆلۆن، بەڵام ئەوە نەبوو لە ماڵەوە خەریکی پڕۆڤەکردن بم. ئێستا حەسرەت دەخۆم بۆ ئەو ڕۆژانە کەس نەبوو وەک ڕاهێنەرێک ڕێنوێنیم بکات، گۆرانیبێژ لە شوێنەکانی تر ڕاهێنەری تایبەتیان هەیە، کاتیان بۆ دیاری دەکرێ، پێیان دەڵێن کە دەبێ سەرەتا فێری پیانۆ بن، چونکە دایکی ئامێرەکانی ترە. من زیاتر وەک گۆرانیبێژ ناسراوم تا ژەنیار، هەرچەندە باغلەمە، سێتاری، کەمانیش دەژەنم، بەڵام زیاتر بە دەنگ تێر دەبم تا بە ژەنینی مۆسیقا. زۆرجار کە لەگەڵ دۆست و برادەرەکان دادەنیشم و سازێک لێ دەدەم، دەڵێم وێنەی مەگرن، یان تۆماری مەکەن، چونکە من ژەنیار نیم، ئەو تامی لێ دەکا، بەڵام وەک پێویست خۆم لە دنیای ژەنیندا نەدۆزیوەتەوە. ئەو توانایییەی بە دەنگ هەمە بە ساز نیمە، من لە سەداسەد دەڵێم، ئەگەر گۆرانیبێژ مۆسیقا نەزانێ، تووشی کەندوکۆسپ دێ، لە ستۆدیۆ تووشی کێشە دەبێتەوە. لە بەرنامەی ڕاستەوخۆدا بە هەمان شێوە، کە ڕیتم و نۆتە نەناسێ، تووشی کێشە دەبێ، دەنگی نەشاز دەبێ، لە ڕیتم و ئیقاع دەردەچێ. ئەو باوەڕبەخۆبوونەی کە دەبێ هەیبێ، لە کاتی بەرنامەکەدا نایبێ. کاتێک سەیری هێندێک بەرنامەی ڕاستەوخۆ دەکەم ئەم شتە دەبینم، گۆرانیبێژەکە زۆریش بەناوبانگە، بەڵام لێی تێک دەچێ.

**گەنجینەی ڕێزمان و وشەی کوردی لەناو گۆرانی فۆلکلۆردا دەبینرێت.**

ڕاستە خەڵکی ئاسایی ئەم شتانە نابینن، بەڵام ئەوانەی پسپۆڕن دەزانن کەموکوڕی هەیە. گۆرانیبێژی تورک، یان فارس کاتێک گۆرانی دەڵێ، هاوکات لەگەڵ ئەوەدا، body languageی هەیە، واتە زمانی جەستە. ئێمە لەم ڕووەوە لاوازین و جووڵەی جەستە نازانین، ئەمە شتێکی ئیحساسییە، نەک حاڵەتێکی درامایی، یان شانۆیی و پێویستی بە ڕۆڵ نییە، چونکە ئەو شتە دەروونییە. بۆ نموونە هونەرمەند لە خۆوە دەستی با دەدا، تۆ سەیری فارسەکان بکە، سەیری گوگوش بکە لە هەر گۆرانییەکدا، جووڵەیەکی هەیە، جووڵەی جەستە و دەموچاوی لەگەڵ گۆرانییەکەدا دێتەوە، من باسی کلیپ ناکەم، باسی بەرنامەی ڕاستەوخۆ دەکەم، ئەمە لە چییەوە سەرچاوە دەگرێ، لە ئیحساسی ڕاحەتی ئەو گۆرانیبێژەیە، ئەم زاڵبوونە لە کاتی گۆرانی گوتندا دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی تێگەیشتن لە مۆسیقا. گۆرانیبێژی کورد بە خۆشمەوە ئێستاش نەگەیبوەتە ئەو ئاستەی کە لەم بوارەدا شارەزا بێن. گۆرانیبێژمان هەیە نۆتە دەزانێ و تاڕادەیەک لە مۆسیقا دەزانێ، بەڵام ناتوانێ لەگەڵ ئارێنجۆرەکەی دابنیشێ و گەنگەشەی لەگەڵدا بکا و پێی بڵێ ئەم هارمۆنییەی داتناوە، خۆش نییە، یان لەم ئاوازەدا لە جێگەی ئەوەی لەم سۆلۆیەدا، کەمان لێی دا با کلارنێت بێ، بۆیە توانایی هەڵسەنگاندنی نییە و زیاتر مۆسیقاژەن کاریگەریی بەسەر گۆرانیبێژەوە هەیە، تا گۆرانیبێژ لەسەر مۆسیقاژەن هەیبێ. گۆرانیبێژ ناتوانێ بۆچوونی خۆی هەبێ، ئەگەر پێشنیارێکیشی هەبێ، پێشنیارەکەی هەڵەیە، بۆیە ناتوانێ لەگەڵ ئاهەنگسازەکە وەک دوو هێڵی تەریب و هاوبیر بێ، ئەگەر گۆرانیبێژ لە مۆسیقا نەزانێ، تەمەنی هونەریی کورتە و زوو پاشەکشە دەکا، یان گەشەیەکی کەم دەکا و ناگاتە لووتکەی هونەری. ئەوەی کە گۆرانیبێژ تەنیا ماوەیەک بەناوبانگە، هۆکارەکەی ئەوەیە. ئیبراهیم تاتلیساس دەبێتە ئیمپراتۆرێک لە تورکیا، شەجەریان دەبێتە جەمسەرێک لە مۆسیقای ئێراندا، یان سلێن دیۆن لە مۆسیقای ڕۆژئاواییدا، لە ناو کورددا هەر ساڵە و گۆرانیبێژێک باوە، هەڵبەت بە پاڵپشتی ئەم لایەن و ئەو لایەن و پشتگیری فلان عەشیرەت.

**ڕامان:** لە ئەلبومەکانتدا چۆن لەگەڵ فۆلکلۆر هەڵسوکەوت دەکەیت؟ باوەڕت بە نوێبوونەوەی فۆلکلۆرە، یان پێتوایە دەبێ وەک خۆی کەڵکی لێ وەربگیرێ؟ ئەوەندەی من ئاگادار بم تۆ هەر دوو کارەکەت کردووە.

**خەبات مەولوودی:** ناکرێ حاشای لێ بکرێ، بەشێکی زۆری گۆرانی و مۆسیقای کوردی قەرزداری فۆلکلۆرە. یەکێک لە شارەزاکان دەڵێ زمانی کوردی، زمانی شیعرە، بەڵام من دەڵێم زمانی کوردی، زمانی گۆرانییە و گەنجینەی ڕێزمان و وشەی کوردی لەناو گۆرانی فۆلکلۆردا دەبینرێت، بۆیە بۆتە بەشێک لە ڕابردووی ئێمە و ئەگەر نەبێ، کەموکوڕیمان هەیە. دەڵێن دار بە ڕەگوریشەوە زیندووە، کاتێک ڕابردووت دیار نەبێ، داهاتووشت ڕوون نابێ، کە نەزانیت لە کوێوە هاتووی، نازانی دەچیت بۆ کوێ. کاتێک حەیرانم گوێ لێ بوو، هەستێکی زۆر خۆشم هەبوو، هەرچەندە لێی تێ نەدەگەیشتم، بەڵام خۆم تێدا دیتەوە، حەزم دەکرد من بمگوتایە. یەکەم حەیرانیش کە گوێم لێ بوو، حەیرانێکی ئەبووبەکر شێخولئیسلامی بوو کە لە فیستیڤاڵی مۆسیقای مهاباد گوتبووی بە باڵابانێکی زۆر خۆشەوە کە وابزانم نەبی لێیدا بوو. ئەم شتانە و کتێبەکانی باوکم و ئەو گۆڤارانەی باوکم دەیکڕین وەک سروە و...تاد شتی جوانیان تێدا بوو، ئەمانە وایان کرد من هێندێک بگەڕێمەوە پاش. ئەمە بوو بە فلاشباکێک بۆ من کە بە دوای مۆسیقای فۆلکلۆردا بڕۆم. مۆسیقای کوردی هەر گۆرانی نییە، هەڵپەڕکێ و هەڵخستنەوە نییە، گەڕەلاوژە نییە، دەبێ تۆ سەرچاوەیەکت هەبێ و بە دوایدا بگەڕێیت. ئەم پێداچوونەوەیە منی تووشی فۆلکلۆر کرد کە توانی گۆڕانکارییەک لە مندا دروست بکا و وای کرد دیدێکی کراوەترم هەبێ، بەڵام کە بەیت و حەیرانم بیست، ئاسۆیەکی دوورترم بینی و ئەم ئاسۆیەشم لە فۆلکلۆرەوە هەڵگواست.

**ڕامان:** تۆ باوەڕت بە نوێکردنەوەی فۆلکلۆر هەیە؟

**خەبات مەولوودی:** من لە دەسپێکدا بەپێی ئەو ئایدیۆلۆژیا و بیرکردنەوەیەی کە هەمبوو، پێم وابوو دەبێ فۆلکلۆر وەک خۆی وابێ، ڕەنگە لەو سەردەمەدا هەر کەسێکی دیکەش لە جێی من بایە، وای بیر کردبایەوە. یەکەم ئەلبومم کە ناوی گوڵێ بوو، ساڵی ٢٠٠٢، ١٣٨١ی هەتاوی بڵاو بووەوە، چ لە ڕووی مۆسیقا و چ لە ڕووی تێکستەوە، تەنیا دوو گۆرانی نوێی تێدا بوو، هەمووی فۆلکلۆر بوو، دە تراک بوو، هەشتیان فۆلکلۆر بوون، حەیرانی تێدابوو، مەقامێکی سێوەی تێدا بوو،

نیوەشەوێکی تێدا بوو. گۆرانی تەیرەکە و خاڵخاسی تێدا بوو، ئەمانە هەموویان فۆلکلۆر بوون و هەموو دەقەکانیان وەک خۆی بوون. گۆرانی خاڵخاس دەڵێ:

**کوڵمە ناسکەکەت بە بای باوەشێن**
**هێندە ناسک بوو پڕ دەبوو لە خوێن**
**فرمێسکی دڵڕەق بەردت لێ بارێ**
**تۆ چۆن دڵت هات پیای بێیتە خوارێ**
**ئەرێ هۆ خاڵخاس**
**خاڵ نوقتەی بێگەرد**
**دەرمان زامەکەم**
**هەم شەفا و هەم دەرد**

ئەمە گوناحە دەسکاری بکەی، چون بە ڕاستی هەرچی گەڕام هیچ تێکستێکی لەوە جوانترم دەست نەکەوت، یان:

**کانی بەر ماڵان تۆقەی تێ کەوێ**
**کەنگێ یارم دێ، چاوم پێی کەوێ**
**ئەرێ هۆ خاڵخاس خاڵ دانەدانە**
**ئەگەر مەیلت بێ ماڵمان جیرانە**

ئەم بیروڕایەم بەو مانایە نییە کە من داکۆکی هەمیشەیی بکەم لەوەی کە نابێ بیگۆڕین. لە فۆلکلۆری ئێمەدا هێندێک دابونەریتی ناشیرین هەیە، بۆ نموونە لە ڕابردوودا ژن بە ژن هەبووە، بە خوێن چوون هەبووە، هەر بەم پێیە، ڕەنگە ئەم کولتووره هێندێک شتی ناشیرینی وەک تێکستیشی تێدا بێ. کاتی خۆی دەیانگوت کچ هەر کە مەمکی خڕ کرد، دەبێ شوو بکا، ئیتر بیریان لەوە نەدەکردەوە با زانکۆ تەواو بکا، یان تەمەنی منداڵە، کە زوو شووی دەکرد، زووش منداڵی دەبوو و دایک و کچ لە ڕووی تەمەنەوە زۆر لە یەکتر دوور نەبوون. بۆ نموونە گۆرانییەک دەڵێ:

**...... بەو خاڵانەی دەورەی لیمۆت**
**دایکت ماچ کەم یا نا بۆ خۆت.**

ئەم گۆرانییە لەگەڵ ئەمڕۆدا ناگونجێ، با ئەوانە وەک تێکست هەبن. سەلاحی پایانیانی، کانی مرادانی چاپ کردووە کە تەواوی ئەوانەی دەق بە دەق وەک خۆی نووسیوەتەوە و وەک خۆی چاپی کردوون، با ئەمە پارێزراو بێ، بەڵام ناتوانم بە زۆر بە قورگی گەنجی ئەمڕۆی کوردیدا بکەم و بڵێم دەبێ هەر گوێت لێیان بێ. جاران کە کچ و کوڕ یەکتریان خۆش دەویست، کچەکە دەسرەیەکی گوڵدۆزی بۆ کوڕەکە دەنارد، خۆشەویستی ئێستا دەسرە نادەن بە یەکتر، کەواتە وەک چۆن بە دابونەریت لاچووە، بە تێکستیش نەماوە. ئەمە بەو مانایە نییە کە تۆ بێی و بە قسەی من بەربییە گیانی و هەمووی لەناو ببەیت. لەم ئەلبوومە نوێیەمدا گۆرانییەکی تێدایە بە ناوی کاروانە. ئەم گۆرانییە چەند کەسی دیکەش وتوویانە وەک محەممەدی مامڵێ. ئەم کاروانەی من هی قادری وەستا ئیبراهیمییە کە بە قالەشێن بەناوبانگ بووە، کاتی خۆی نەجاڕ بووە لە مەهاباد و پیاوێکی خوێن شیرین و لەبەر دڵانە و بەیت دەڵێ. گۆرانی کاروانەم پێش دە ساڵ لێ وەرگرتووە، بەڵام بۆچی من دوای دە ساڵ ئەم گۆرانییەم نەوتەوە؟ چونکە ئەمڕۆیی نەبوو. ئەو گەنجەی ئەمڕۆکە گوێ لە مۆسیقا دەگرێ و گوێی بە مۆسیقا بەکوالیتی خۆرئاوایی، یان تورکی و فارسی ڕاهاتووە، گوێی لێ ناگرێ. من ئەو گۆرانییەم بەڕۆژ کردەوە، ناوەرۆک وەک خۆیەتی، بەڵام شیعرەکە و تەنانەت دەسکاری ئاوازەکەشم کرد تا گوێ تێر بکا. یوونس ڕەزایی شاعیرێکی نوێخوازە و جێ پەنجەی هەم لە ئەدەبیاتی کوردی و هەم لە ئەدەبیاتی فارسیدا دیارە، بۆ شیعری گۆرانی کاروانە چوومە لای و شیعرێکی بۆ دانام. من تەنیا لە یوونس ڕەزایی ڕادەبینم. هەرچەندە شاعیری زۆر خاوەن توانایی دیکەشمان هەن کە هەم خاوەن بەرهەمن و هەم بە ڕاستیش شاعیرن، بەڵام یوونس ڕەزایی چوارچێوەی بیری من چاک دەزانێ، لەگەڵ دلێر حسێن کە ئارێنجۆری ئەلبوومەکەم بوو، باسی کاروانەم بۆ کرد و گۆرانییەکەم بۆ گوت.

**تۆ بەفری من قەندیلم**
**تۆ مەلای من مەندیلم**
**تۆ کوێخای من سجیلم**
**تۆ سۆفی من زەمبیلم**

وتی ئەمە چییە، وەڵڵا من ئیشی وات بۆ ناکەم، هەر ماوە بڵێی

**تۆ قفڵی من کلیلم،**
**تۆ کاسێت من تەسجیلم**
**تۆ قەمەرەی، من زیلم**

من پێشتر دەسکاری هێندێک شتم کردبوو، بەڵام هەموویم نەدەگۆڕی، من هاتووم ئەم شتەم گۆڕیوە. فۆلکلۆر بەو شتە ناڵێن کە شتێکی مردوو، دیسان بمرێنییەوە، بەڵکو بەو مانایەیە کە شتێکی ڕابردوو بێنی و بە تاموچێژێکی نوێوە ئابدەیتی بکەیت و خەڵکی

ئەمڕۆ گوێی لێ ڕابگرن و نەمریش بێت. من بە جورئەت و جەسارەتەوە دەڵێم ئەو کارەی من کردوومە، هێندێک کەس پێیان ناخۆشە و هێرشیش دەکەنە سەرم، چونکە ئەوانە لە فەزایەکی داخراودان و جەغزێکیان بە دەوری خۆیاندا کێشاوە کە حازر نین لەو جەغز و بازنەی تێبدان، پێ بخەنە ئەوبەرتر، ئەوەندە بە ناو ئەو بازنەیەدا دەسووڕێنەوە تا گێژ دەبن، چونکە بڕوایان بە یاسای گۆڕان نییە، تۆ ناتوانی بەری گۆڕان بگریت. کە بایەک دێ، هی وایە دیواری لەبەردا دروست دەکا و دیوارەکەی دەڕووخێ و هی واشە ئاشی لەبەردا دروست دەکا و ئاشی پێ دەگێڕێ. من بەو پێیە ئەو ئیزنەم بە خۆم داوە گۆڕانکاری لە فۆلکلۆردا بکەم، ناوەڕۆک وەک خۆیەتی، بەڵام سەربەندەکان گۆڕاون. بۆ نموونە گۆرانی کاروانە دەڵێ:

**کاروانە هەی کاروانە**
**کاروانە لەبنەی چاکی**

تۆ دەزانی بنەی چاکی چییە؟ چاک بە قەبری شێخ، یان کەسێکی گەورە دەڵێن. کێ تاقەتی هەیە بچێ بە دوای ئەوەدا و بزانێ چاک چییە؟ ئێستا کەسێک کە منداڵەکەی نەخۆش دەکەوێ یەکسەر دەچێتە لای دکتۆر، پێویستی بە چاک و پیر نییە. ئیتر ئەو سەردەمە گۆڕاوە کە دەچوونە سەر قەبری پیاوچاکێک بۆ ئەوەی منداڵەکەیان چاک بێتەوە. من گۆرانییەکەم بەم شێوە گۆڕی:

**کاروانە هەی کاروانە**
**کاروان دەڕوێ بە ڕێدا**
**لە شاران تێپەڕیون**
**ڕادەبووردن بە دێدا**
**پەنجە و زوڵفی تێکەڵ بوون**
**لە توێی پەردەی خەوێدا**
**لە کوێ بسرەوێ تاوێ**
**شەرتە بچم بەوێدا**

ناوەڕۆکەکە وەک خۆیەتی، بەڵام وێنەکان، نوێن و هەمان تاموچێژی کوردەواری هەیە. هەست ناکەن ئەم شیعرە نوێیە و ئەگەر ئاماژەم پێ نەکردایە، هەموو بە فۆلکلۆریان دەزانی. ئەمە پێی ناڵێن کاری خراپ، ئەمە پێکهاتەشکێنییەکی جوانە، ئەمە ڕێچکەشکێنییە، ئێمە ئەم ئاوازە جوانەمان هەیە، با بێین لەسەر ئەم ئاوازە شتێکی نوێ دابنێین. ئێمە نابێ بە گەنجەکانمان بڵێین گوێ لە گۆرانی فارسی و عەرەبی نەگرن، بەجێگەی ئەوە پێیان بڵێین وەرن گوێ لەم شتە نوێ کوردییە بگرن، تۆ کە مەنعی دەکەی ئایا بەدیلێکت هەیە؟.

**ڕامان:** وەک بیستوومە کارێکی زۆرت بۆ کۆکردنەوەی بەیت و گۆرانی ناوچەی موکریان کردووە، ئایا لە دەرەوەی ئەو ناوچەیەش کارت کردووە؟ پێم خۆشە باسێکی ئەوەمان بۆ بکەیت؟ بە چ قۆناغێکدا تێپەڕیوی و لەگەڵ کێ قسەت کردووە؟

**خەبات مەولوودی:** من سەردانی هەموو ئیستریۆکانی (شریت فرۆشی) بۆکانم کرد کە ئەرشیڤێکی باشیان هەبوو و چی شریتی کۆن بوو، کڕیم، ئێستا شریتێک نییە کە لە ماڵەوە نەمبێ، بۆ بەیت زەحمەت بوو، چونکە وەک جاران دیوەخان نەمابوو کە بەیتبێژەکان کۆ ببنەوە و گۆرانی تێدا بڵێن. کاتی خۆی هەر ئاغا و قوڵەئاغا و نیمچەدەرەبەگێک خۆشخوانێکی هەبووە کە لە شایی و خۆشیدا گۆرانی وتووە و لە دیوەخاندا، بەیت و باوی وتووە، تەنانەت شەوانەش حیکایەتی بۆ وتوون تا کاتی خەوتن، بەڵام کە ڕادیۆ و گرامافۆن هات و سیستمی دەرەبەگایەتیش لەناوچوو، جێیان پێ لێژ کرا و زۆربەشیان دەست و پێ سپیلکە بوون و هیچ ئیشێکیان پێ نەدەکرا. مام هێمن لە توحفەی موزەفەرییەدا دەڵێ: تەنیا کەسێک کە لە دیوەخاندا لەگەڵ ئاغا دادەنیشت و بەرماوخۆر نەبوو و لەگەڵ ئاغا نانی دەخوارد، خۆشخوانەکەی بوو، ئەمانە قەدر و حورمەتیان هەبووە و ئیشەکەیان وەک سەنعەتێک چاوی لێ کراوە. بەداخەوە ئەو کاتەی من دەستم دایە ئەم ئیشە، ژمارەی ئەو کەسانەی خەریکی بەیت و باو بوون، لە پەنجەکانی دەست تێ نەدەپەڕین. لەم چەند ساڵەی دواییدا، زۆربەیان کۆچی دواییان کرد، بەڵام هەر باش بوو و توانیم شتێکی چاک بکەم. ئەوکاتەی من خەریکی ئەم ئیشە بووم، خۆشترین قۆناغی تەمەنی من بوو، کە تەمەنی بیست و پێنج ساڵی بوو، هاوتەمەنەکانم خەریکی ڕابواردن و دڵداری بوون، بەڵام من وەدوای ئەمە کەوتم. ئیمکاناتی پێویستم نەبوو، ئۆتۆمبێلم نەبوو و بە پێیان دەچوومە گوندەکان، بۆ ئەو شتەم کرد؟ دەمبینی کوڕ لە بابییەوە فێری حەیران دەبوو، بەڵام دەقی ئەو شتەی بابی نەدەگوتەوە و گۆڕانکاری تێدا دەکرد. بۆ نموونە بە جێگەی ئەوەی بڵێ بۆت هەڵدەڵێم بە چیای قەندیل، دەیگوت بۆت هەڵدەڵێم بە چیای ناڵەشکێنە،

چونکه ماڵی دڵدارەکەی لە خوار ناڵەشکێنەوە بوو. من پێم وابوو تا زیاتر لەبەردەست بێ، دەتوانرێ زیاتر شتی لێ هەڵێنجین. ئەوە بوو دەستم کرد بە کۆکردنەوەیان، هەم بە دەنگ و هەم بە ڕەنگ. ئەوانەی چوومە لایان بریتی بوون لە عەزیزە کەچەڵ لە دێی جامبولاغ کە شەوێکیان چوومە ماڵی و میوانی بووم. ئەو بەیتبێژ نەبوو، بەڵام هەموو گۆرانی چەپی و هەڵپەرکێی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی دەزانی. حەمەڕەسووڵ قارەمان، عەلی کەردار کە خەڵکی باخچە و سەرباخچەیە. حەمەجان، محەمەدی ئاغا، محەمەدی خەلیل شا و محەمەدی بەیتان.

پێم وایە هیچ بابەتێکی فۆلکلۆری ناوچەی موکریان نەماوە کە نەمبێ، هێندێکیان چەند نوسخەیەکم هەیە. بۆ نموونە پایزەی عەلی کەرداریشم هەیە و پایزەی حسێن شەشەشم هەیە و پایزەی حەمەجانیشم هەیە. هەر بەیتبێژێک بەیتێکی بە باشی وتووە، یان هێندێکیانی بە باشی وتووە و هەموویانی نەزانیوە. هێندێک بەیت حەماسین، هێندێکیان دڵدارین، هێندێکیان ئایینین، هێندێکیان مێژوویین، بەیتی قەڵای دمدم لەگەڵ بەیتی سوارۆ زەوی تا ئاسمان فەرقی هەیە، قەڵای دمدم باسی خانی لەپ زێڕین دەکا کە لەگەڵ شا عەباسی سەفەوی بەشەڕ دێ، یان بەیتی زەمبیل فرۆش کە خلەدەرزی دەیڵێ، بەیتێکی ئایینییە و لە بەیتی لاس و خەزاڵ جیاوازە کە بەیتێکی عاشقانەیە. بەیتی سەیدەوان تراژیدیایەکی زۆر فەلسەفی و قووڵەو زۆرکەس لەگەڵ هاملێتی شکسپیر بەراوردی دەکەن کە ئەگەر بەرزتر نەبێ، ئەوە لەو کەمتر نییە. ئەم بەیتە لەو بەیتە جیاوازە کە دڵدارییە، هەرچەندە سەیدەوان دڵداریشی تێدایە، بەڵام ژن ڕۆڵێکی وای تێدا نییە. ئەمە دیارە هی قۆناغی دوای دایکسالاری، یان مێوەجاغییە. بەیتەکان ئاوێنەی بالانوێنی ژیانی کوردەوارین، ڕەنگە ئێستا فەزاکە گۆڕابێ، بەڵام ئێستاش زۆر مەموزینمان هەن کە بەکرەشۆفار پێشیان پێ دەگرن. مەبەستم بیری چەوتی کۆمەڵایەتییە کە پێش بە گەیشتنی دوو دڵدار دەگرێ، ئەو بیرە ئێستاش لەلای ئێمە هەر ماوە. ماوەیەک لە ژوورەکەم نەدەهاتمە دەر، دایکم دەپاڕایەوە دەیگوت لەو ژوورە وەرە دەر شێت دەبی، بە چوار دەنگ گوێم لە بەیتەکان دەگرت کە هەرکامیان چۆن ئەدای دەکەن، یان هەر کامیان لە چ دەزگایەکدا وتوویانە، یان بۆ نموونە پێنج کەس پایزەیان وتبوو، چواریان وەک یەک دەیانگوت، یەکیان جیاواز دەیگوت، دەمزانی ئەمە جیاوازە، بۆیە دەستم کرد بە کۆکردنەوە و ئەرشیڤکردنیان. ئەمە خەمێک بوو، نەک حەز. پێش من خەڵکی تر ئەم کارەیان کردووە و من یەکەم کەس نیم. بۆ نموونە سەلاحی پایانیانی کە بەڕاستی ئەرشیڤێکی باشی هەیە و سوودم لە ئەرشیڤەکەی ئەویش بینیوە و کتێبێکیشی هەیە بە ناوی کانیی موردان، ئەحمەدی بەحری کە کتێبی گەنجی سەر بەمۆری هەیە و زۆر بە نرخە و من زۆر کەڵکم لێ وەرگرت، قادری فەتاحی قازی، سەعدوڵڵا شێخانی و زۆر کەسی تریش کە من بە داخەوە ناوەکانیانم لەبیر نییە کاریان کردووە. ئەوان ئەو بەیتانەیان بە کتێب چاپ کردووە، بەڵام من زیاتر لە ڕووی مۆسیقاوە کارم لەسەر کردوون. ئەمانە بە نووسراو و دەنگیش هەن وەک سەرچاوە، بەڵام ئەگەر من هەروەک خۆیان بیانڵێمەوە، چ فەرقێکی لەگەڵ ئەوانەی تر هەیە؟ دەبێ ئەم بەیتانە بە مۆسیقا دیزاینێکی نوێیان بۆ بکرێ.

ئێستاش زۆر شوێن هەن کە دەنگی خۆشی باشی لێیە، ئەمانە هەر دەنگیان خۆشە و بەس، با دوو بیرەوەریتان بۆ باس بکەم، وتیان لە دێی قەرەچەلی بانە کە دەکەوێتە پشت مێردێ، کەسێکی لێیە کە بەیت و حەیران دەڵێ، پێم سەیر بوو، ئاخر لەو ناوچانە کە دەکەوێتە نێوان سەرشیو و فەیزوڵڵابەگی حەیرانبێژی لێ نییە. ئەوە بوو بە پرسیار لە مێشکمدا، کە ئەم کابرایە چۆن لەوێ حەیران دەڵێ. بۆم دەرکەوت کە ئەم پیاوە کاتی خۆی لە ناوچەی موکریان بووە و لەگەڵ ئاغا دەبێتە شەڕی و ڕوو دەکاتە ئەو گوندە. بە هەڵتەک هەڵتەک چوومە سەقز، پاشان بۆ مێردێ و دواتر بۆ قەرەچەل، بارانێکی توندیش دەباری، بە هەزار پرسیار ماڵی مام عەلیم دۆزییەوە و چوومە ماڵیان، وتیان لەو ژوورە دانیشە ئێستا دێتەوە، کە هاتەوە پیرێکی خوێن شیرین و ڕەزاسووک بوو کە پێم وت بۆچی هاتووم، زۆری پێ خۆش بوو، ئەوکاتە زۆر ناسیاو نەبووم. وتم خەریکی کۆکردنەوەی ئەم شتانەم، وتی زۆرم پێ خۆشە و دەستمان کرد بە قسەکردن و قسەکانیم تۆمار دەکرد، هەر چاوەچاوی بوو و نەمدەزانی لە ژنەکەی دەترسێ. ژنەکەی خۆی مردبوو و ئەم ژنەی هێنابۆوە کە چاوکوێرەیەکی زۆر ناشیرین بوو. ژنەکەی هاتە ژوورێ و هەر کە زانی حەیران دەڵێ و منیش دەنگی تۆمار دەکەم، دوو هەزار تف و لەعنەتی کرد، گوتی

عەیب ناکەی بە ڕیشی سپییەوە گۆرانی دەڵێی. ناچار بەو بارانە چووینە ناو چارداخێکەوە و تا ئێوارە بەیتی بۆ گوتم. ئەو شتانەم بەو مەینەتییە کۆ کردۆتەوە، یان وتوویانە فلانە حاجی لە فلانە گوند بەیتی ئایشێ گوڵ خۆش دەڵێ. چوومەتە گوندەکە و وتوومە مام حاجی بۆ شتێکی واهاتووم، وتوویەتی وەڵڵا نایڵێم. بۆ؟ چونکە تۆبەم کردووە. لە دڵی خۆمدا دەمگوت چۆن تۆبە لە مەی دەکەی هەتا مەی مابێ. ناچار دەمگوت بۆ خۆشم دەیزانم، بەڵام هەر هاتووم بزانم ڕاست دەیڵێم، یان نا. بە قەستی شتەکەم بە هەڵە دەگوت. دەیگوت نا ڕۆڵە ئاوا نییە و بۆی ڕاست دەکردمەوە، یان دەیانگوت فلانە پیرێژن لایەلایە باش دەزانێ، ناخۆشە لە کۆمەڵگایەکی هاوشێوەی خۆمان تەسجیلێک هەڵبگری و بچییە لای ژنێک و بڵێی لای لایەم بۆ بڵێ، ناچار ڕیکۆردەکەم دەدایە بووکەکەی و لە کاتی خەواندنی نەوەکانیدا ڕیکۆردەرەکەی لە بن لانکەکە دادەنا و بەم شێوەیە تۆمارم دەکرد، تەنانەت دەنگی جیرەجیری لانکەکەش تۆمار کراوە. ئەو شتانەم بە زەحمەتێکی زۆر کۆ کردۆتەوە، بەڵام نزیکەی هەزار و چەند سەعاتێکم تۆمار کردووە و توانیم زۆر شت لە فەوتان ڕزگار بکەم. ئەمە ئیشی من و تاکەکەسێکیش نییە. بە پارە نەمکردووە و کەسیش پێی نەوتووم، ئەمە هەستێکی دەروونییە. هەر دوای ئەو هەولانەی من عەلی کەردار و عەزیزە کەچەڵ و حەمەڕەسووڵ قارەمان مردن، ئێستا تەنیا چەند بەیتبێژ ماون وەک خلەدەرزی و قالە شێ، کە ئێستاش شتی دیکەیان هەیە بۆ تۆمار کردن، ئەمە خەمێک بوو بۆ من. ڕابردووی ئێمە نووسراو نییە و سەرپۆش کراوە. ئەم سەرپۆشییە وای کردووە کە زۆر شتمان ناڕوون و بێ وەڵام بێ، بەڵگەیەکی مێژوویمان نییە، ئەگەر بەردە، شکێنراوە، ئەگەر کاغەزە دڕێنراوە، ئەگەر چەرمە سووتێنراوە، بۆیە دەڵێم زمانی کوردی زمانی گۆرانییە، چونکە ئێستاش زۆر وشەی ڕەسەن هەر لە ناو بەیت و گۆرانییەکاندا ماون. وابزانم ساڵی ٢٠٠٧ بوو، ٧٠٠ سەعات دەنگ و ڕەنگم لە هەولێر پێشکەشی ئەنیستۆتی کورد کرد، ئەو ئەرشیفە هی منە. بەیت و حەیران و لایەلایە و گۆرانی کە هیوادارم لە داهاتوودا سوودێکی باشیان لێ بکرێ. ئەوە بەلای خۆمەوە خزمەتێکی گەورە بوو و بۆشم گرنگ نییە خەڵکی تر چۆن بیر دەکەنەوە، یان چییان لێ کردووە، ئەوانەی کە سوپاسنامەیان لەلایەن بەرپرسانەوە بۆ دێ، سەبارەت بە کۆکردنەوە و ئەرشیف کردن ئەنجامی زەحمەتی ئێمەومانانە، ئەوانە هەر ئاماژەش بە ناوی من ناکەن.

**ڕامان:** تۆ کە دەقێک بۆ گۆرانی هەڵدەبژێری، چۆنی هەڵدەبژێری؟ یان پێوەرەکانی تۆ بۆ هەڵسەنگاندنی شیعری گۆرانی چین؟

**خەبات مەولوودی:** با سەرەتا شتێک بڵێم، من پێچەوانەی ئەوانە بیر دەکەمەوە کە پێیانوایە هەموو شیعرێک بۆ گۆرانی دەبێ، من ئەمە بە گوناح دەزانم. زۆر شیعر لە بنەڕەتدا هیچ نییە، بەڵام کە دەکرێتە گۆرانی، دەڕازێتەوە. ئەوەدەم کە کرا بە گۆرانی، دەبێتە شیعر. بۆ خۆم لەو کەسە دەگمەنانەم کە لە هەڵبژاردنی شیعردا، زۆر حەساسم، من شاعیر نیم، بەڵام بە هۆی کتێبخانەکەی باوکم و هاوڕێ نووسەر و شاعیرەکان، شیعرباش دەناسم، ڕەنگە شاعیر هەبێ، شیعرەکانی خۆی وەک من لەبەر نەکردبێ و بەقەد من شیعری خۆی لەبەر نییە. مەبەستم خۆهەڵکێشان نییە، مەبەستم ئەوەیە کە لەگەڵ شیعر زۆر تێکەڵاوم. من تا ئێستا نەمتوانیوە یەک دێڕە شیعریش بۆ خۆم بنووسم، پێچەوانەی ئەو گۆرانیبێژانەی کە شیعر بۆ خۆیان دەنووسن. شیعری گۆرانی جیاوازە لە شیعری دیکە، فارسەکان پێی دەڵێن تەرانە و ئەو کەسەی تەرانەش دەڵێ، پێی دەڵێن (ترانەسرا). شاعیر و (ترانەسرا) دوو کەسی جیاوازن، ئەم شتە بۆشاییەکی زۆر گەورەیە لە ناو هونەری گۆرانی کورددا. لە ناو کورددا ئەم شتە زۆر کەمە، تاهیر تۆفیق شیعرەکانی هێمن دەڵێتەوە و چەندین کەسی دیکەش هەر ئەم کارەیان کردووە، شیعرەکانی هەژار، نالی، مەحوی و...تاد. ئەمانە بۆ گۆرانی نابن، قاڵبی غەزەل هی گۆرانی نییە. لە مۆسیقادا شتێکمان هەیە بە ناوی میزان، بۆ نموونە تۆ بڕگەیەک دەڵێی پێنج میزانە، دواتر مۆسیقا وەڵام دەداتەوە. چون کێش و قافیەت لە بیر دەچێتەوە. شیعری گۆرانی دەبێ سادە بێ، بە ئاسانی لێی تێ بگەیت و مانای هەبێ، ئەمە گرنگترین شتە. هێندێک لە شیعری ئەو شاعیرانە بەپێی دەوڵەمەندی ئەدەبیات و بەپێی پسپۆڕیی و شارەزایی شاعیرەکە جیاوازن. نالی گاڵتەی پێ ناکرێ، هێندێکیان دەکرێ لە چوارچێوەی سەمفۆنی ئاهەنگێکیان لەسەر دابنرێ و لەم بوارەشدا کاری جوان کراوە. من بە گشتی باسی گۆرانی دەکەم کە دەبێ شاعیرێک شیعری تایبەتی بۆ دابنێ،

ئەمە لە ناو کورددا نییە.

**ڕامان:** هۆکاری نەبوونی شیعری تایبەتی بۆ گۆرانی چییە؟

**خەبات مەولوودی:** فارسێک کە (ترانەسرا)یە لەڕێی کارەکەیەوە بەڕێوە دەچێ و پێی دەژی. شیعر بۆ فلانە گۆرانیبێژ دادەنێ و پارەی لێ وەردەگرێ. لە کولتوورەکانی دیکەدا چەند سێ گۆشەیەک هەن کە سێ گۆشەی دەسەلاتی موزیکن. شاعیر، گۆرانیبێژ و موزیسیەن. لە ناو فارسەکاندا ئەردەلان سەرفراز، حەسەن شەماعی زادە و گوگوش. دەکرێ ئەم هاوکێشەیە بگۆڕدرێ و ببێ بە ئەردەلان سەرفراز، فریبۆرز لاچینی و کەسێکی تر. ئەمانە پێکەوە ئیش دەکەن و تەنیا ئیشی مۆسیقاش دەکەن. بۆ خۆیان دەیگێڕنەوە کە چەندین شەو پێکەوە دانیشتوون و بیریان لە یەک وشە کردۆتەوە، بەلام ئەمانە بە هونەرەکەی خۆیان دەژین، مافی هەرکامیان دیارە و پارێزراوە، لای کورد وانییە. بێ پرس و بەرژەوەندی شاعیرەکە، شیعرەکەی دەکرێتە گۆرانی، بۆ خۆشم ئەم دەردەم هەیە و تەنیا لەم سالانەی کۆتاییدا کە بە شێوەی پرۆفیشناڵ دەستم دایە گۆرانی گوتن، فێر بووم پرس بە شاعیرەکە بکەم کە وا خەریکە شیعرەکەت دەکەمە گۆرانی. من لەو ئەلبوومە نوێیەمدا سێ شیعری گچکەی شاعیرێکم کردووەتە گۆرانی، بەلام وام کردووە کە دەلێی ڕێک بۆ ئەو گۆرانییە دانراوە. لە کتێبی لێوی عەبدولڕەحمان بێلاف، من ئێستاش نەمتوانیوە ببینم و پێی بلێم کە ئەم شیعرەت دەکەمە گۆرانی، ڕەنگە پێی خۆش بێ بیکەمە گۆرانی و پێشتریش یەکترمان ناسیوە و برادەرین، یان بە سەعید نەجاڕیم وتووە کە لە دیوانی گەزیزەی تۆ شیعری لێوڕێژ دەکەمە گۆرانی، ئەویش دەلێ ئینجا خەبات گیان شیعری خۆتە و من زۆرم پێ خۆشە تۆ شیعری من بلێیی. قەت وانەبووە کەسیان بلێن پارەمان دەوێ، یان فەقیرە یوونس ڕەزایی چەندین جار شیعرێکم پێ ئالوگۆڕ کردووە و هیچ پارەیەکیشم پێ نەداوە، بۆچی؟ چونکە مافی خۆشم پارێزراو نییە. من ئێستا ئەلبوومەکەم نەهاتۆتەدەر، ترسی کۆپی ڕایتم هەیە. ئادێل گۆرانیبێژێکی ڕۆژئاواییە، لە کاتی کلیپ کردنی گۆرانییەکدا قسەیان لەگەڵ دەکرد، دەیگوت من دەزانم ئەم گۆرانییە ژیانی من دەگۆڕێ، یەک گۆرانی ٧٠ ملیۆن دانەی لێ فرۆشراوە کە ئەگەر هەر دانەی یەک دۆلاریش بکا، دەکاتە ٧٠ ملیۆن دۆلار. تۆ بلێ هەر دانەی بە نیو دۆلار بفرۆشرێ، ئەم هونەرمەندە بۆ بەرهەمی دواتر پارەی هەیە و ژیانی دابینە، بۆیە دەستی ئاوەلایە و بە شاعیر دەلێ کە لەو فەزایەدا شیعرێکم دەوێ و ئەوەندە پارەت دەدەمێ. تۆ مادام کارەکەت ئەوەیە، ناو دەردەکەی، کە بوویە ساحێبی ناو، پێی بەڕێوە دەچیت. مۆسیقا و گۆرانی گرنگترین بەشی هونەری هەر میللەتێکن، میللەتانی دنیا بە سێ شت دەناسرێن، جلوبەرگ و گۆرانی و زمان. ئەو بابەتەی لە فیلمێکی ئەمریکیدا هەیە، ڕەنگە لە ناو کوردیشدا هەبێ، بەلام ئەوە زمان و مۆسیقای فیلمەکە و جلوبەرگەکەیە کە لە تۆی جیاواز دەکاتەوە و پێت دەلێ کە ئەو فیلمە کوردییە و ئەو فیلمە ئەمریکییە. منی کورد تا خاوەنی مافێکی پارێزراو نەبم بۆ هونەر، تا هونەر و هونەرمەند مافێکیان نەبێ و لەڕێی ئەو مافەوە پارێزگاری لە دەسکەوت و زەحمەتەکانی خۆیان نەکەن، ئەم کێشەیەی ئەمڕۆکەی بەدوادا دێ کە کوردی تێ کەوتووە و ئەم ئالۆزییەی لێ دەکەوێتەوە. هەر کەسەو بە کەیفی خۆی ئەسپی خۆی لێ تاو دەدا بەبێ هیچ ستاندەرێک، ئەمە بێ خاوەنییە.

**ڕامان:** تۆ تا ئێستا چەند کلیپێکت هەیە؟ لە کاتی کلیپەکەکاندا تووشی چ کێشەیەک بوویت؟

**خەبات مەولوودی:** من هەشت کلیپم هەیە، کلیپ دەکرێ وەک دیاردەیەکی باش چاوی لێ بکرێ، دەکرێ دیاردەیەکی خراپیش بێ، دەکرێ کاریگەریی باش و خراپی هەبێ. بەداخەوە گۆرانی وای لێ هاتووە دەبینرێ، نابیسرێ، گۆرانییەک کە وێنەیی نەبێ، گوێی بۆ ناگرن، کلیپ ئامرازێکە بۆ دەرکەوتنی گۆرانیبێژ. دەیبینی، چاکتری دەناسی و دەتوانیت کولتووری خۆتی تێدا نیشان بدەی. بەگشتی کلیپی کوردی زۆر لاوازە، بۆ خۆمان زۆر باشە، بەلام کاتێک لەگەڵ عەرەب، فارس و تورکدا بەراوردی دەکەین، لاوازە و هەموویان کۆپییەکی هەڵەی کلیپی خەڵکی ترن. لە کاتی کلیپدا لە ئێران یەکەم کێشە مۆڵەتی وێنەگرتنە، کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە فەرهەنگی تۆ بە پێوانەی فەرهەنگێکی تر دەپێورێ. من کاتێک ویستوومە کلیپ بکەم، وتوومە خەریکی فیلمی دۆکیۆمێنتیم، بۆ ئەوەی پێشم پێ نەگرن. گرفتە سەرەکییەکانی دیکەمان نەبوونی فەزایەکی فیکرییە، جیاواز لەو کلیپانەی کە پێشتر کراون، من کە گۆرانی لەیلێم کلیپ کرد لەگەڵ گرووپی دوازدە سوارەی مەریوان لە زرێبار و بە ڕەحمەت بێ سەید جەمالی ئامادەکاری

وێنەگرتنەکەی کرد، هەموو گۆرانیبێژەکانی تر لە ڕووی ئەوەوە کلیپیان کرد و ئەو ڕەوتە تا ئێستاش هەر بەردەوامە. من نالێم شتێکی سەیرم کردووە، بەڵام ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئێمە داهێنانمان نییە. تۆ کارێک دەکەیت، سبەی پەنجا کۆپی هەڵەی لێ دەکەن، بۆیە تۆ شتێکی نوێ نابینی. ئەوەی منیش شتێکی سەیروسەمەرە نەبوو. گرووپێک هەڵدەپەڕین و کاک عوسمانیش بە باڵەبانەکەی پلای بەکێکی دەکرد و منیش گۆرانییەکەم دەگوت. کاتی خۆی زۆر جوان بوو و دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو. کلیپی خاڵخاس کە لە ناوچەی چۆمی مەجیدخان کردم، لە ڕقی کلیپی لەیلێ کە ئەو هەموو کۆپییەی لێ کرا، وتم لەم کلیپەدا لە گەنجەکان کەڵک وەرناگرم، بێجگە لەوە، گۆرانی خاڵخاس ڕیتمەکەی چوار لەسەر چوارە و حاڵەتێکی نەرمی هەیە و هەڵپەڕکێی ناوچەی چۆمی مەجیدخان و موکریان ڕۆینەی شاروێرانی بوو کە لەگەڵ ئەم گۆرانییەدا دەهاتەوە.

ئاغا، یان کوێخایەکی ڕیش سپی لفکی سۆرانی شۆڕ دەکردەوە و بە گۆچانەوە هەڵدەپەڕی، لە ئاخریدا دوای ماوەیەکی باش دەورێکیش گرژیان دەکرد و سێ پێی، یان چەپی هەڵدەپەڕین، ئەویش ئەو حاڵەتی ڕەسمییەی نەدەما، هاتم شایەرە بە تەمەنەکانی شاری بۆکانم کۆکردەوە، هەمووشیان خۆشیان دەوێم، بەلای منیشەوە خۆوێژی کە بەداخەوە ئێستا زۆر کەم بووەتەوە، خۆوێژی بە مانای پێداهەڵگوتنی ناوشایی کە هەر لەو دەقەیەدا بۆیان دەهات و دەیانگوت. هاتم ئەو کەسانەم هەڵبژارد ڕۆینەی شاروێرانی کە لە بیرچووەتەوە و هەڵپەڕکێیەکە کە فەوتاوە ئەوەم زیندووکردەوە، بەڵام دوای من کەس نەیکرد، چون کەس هاوکارییان ناکات، ئەوانیش کە هاتن بەهۆی دۆستایەتی و برادەرایەتی من کردیان، باشە کلیپی کوردی بۆ دەبێ وا بێ و کەس هاوکاری نەکات؟ من یەکێک لەو کەسانەم کە ئافرەتێکم نەناسیبێ نەمهێشتووە لە کلیپمدا دەربکەوێ.

بە پێچەوانەی زۆربەی گۆرانیبێژەکان کە لەگەڵ ڕێزمدا دەچن کچە عەرەبێک دێنن، کلیپی پێ دروست دەکەن کە نازانن کێیە، چ کەسایەتییەکی هەیە، چ کارەیە؟ بۆ نموونە لە کلیپی خاڵ خاسدا ئەو کچەی ڕۆڵی گێڕاوە خاتوو (هێرۆ شێخ ئەلیسلامییە) قوتابی کۆرسی ئاخر میعمارییە لە تاران، کچێکی هونەرمەند و ڕووناکبیرە، بۆ پارە نەهاتبوو، بەپێی برادەرایەتی هاتبوو، بە ڕاستیش لەو کلیپەدا دەوری بینیوە. من هەموو کات وا بیر دەکەمەوە، ئەو ئافرەتەی لە کلیپی مندا بەشدارە، دەبێ پاش کلیپەکەم کەسایەتی و ناوبانگ دەربکات، نەک من بەهۆی ئافرەتی ناو کلیپەکەم ناوبانگ دەربکەم و خۆمیان پێوە هەڵواسم. ئێستا لەنێو کورددا هونەرمەند زۆرە، بەڵام کورد پێویستی بە هونەر مەردە، یانی کەسێک کە پرەنسیب و ئەخلاقی لەبەرچاو بێ، لەپێشدا هونەر بۆ دڵی خۆی بکات، پاشان خەڵک کەڵک لە هونەرەکەی وەربگرێت.

**ڕامان:** ئایا کارت لەسەر هەڵپەڕکێی کوردی کردووە، لەسەر جۆرەکانی هەڵپەڕکێ شارەزاییت هەیە؟ چەند جۆرە هەڵپەڕکێ هەیە؟

**خەبات مەولوودی:** مەبەستت هی ناوچەی موکریانە، یان هی هەموو کوردستان؟

**ڕامان:** هی هەموو کوردستان بەگشتی؟

**خەبات مەولوودی:** نا، بەڵام ناوەکانیان دەزانم.

**ڕامان:** خەڵکێک هەیە بەردەوام باسی وێرانی و پاشاگەردانی هونەری کوردی دەکات، تۆ لەسەر ئەو باوەڕەی کە بارودۆخەکە وابێ؟ ئایا بەڕاستی هونەری کوردی بەرەو پاشەکشە دەڕوا، یان تەنیا خەڵکێکن کە لە پاشەکشەدان و چەقیون، نەک هەموو هونەری کوردی؟

**خەبات مەولوودی:** لە هونەردا پاشەکشە، یان پێشکەوتن، یان چەقین بە یەک وشە دەردەکەون، کە مانەوەیە، مانەوە بە مانای نەمری. حەسەن زیرەک نەماوە، بەڵام بەرهەمەکانی ماون، ئەمە واتە سەرکەوتن و هونەر، ئەو نەمرییە بۆ خۆی زۆر شت دەسەلمێنێ و لەسەر کلیپیش ڕاستە. کاتێک کلیپ لە هونەری کورددا دەرکەوت بوو بە هاتوهاوار. لە بیرمە لە زاخۆ فیستیڤاڵی کلیپ کرا کە یەکەم فیستیڤاڵ بوو لەم بوارەدا لە کوردستان. زۆر نەنگییەکی گەورە بوو بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری و حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بۆ هەموو هونەرمەندان کە کلیپی خەپەگیان بوو بە یەکەم کلیپی کورد، ئەوە هەر کلیپ نییە، کلیپ تایمێکی هەیە، سێ دەقە تا چوار دەقەیە کە زۆر درێژ بێ، دەگاتە پێنج دەقە، بەڵام ئەوان پێیان وابوو کە ئەو کابرایە ڕچەشکێنیی کردووە، لە حاڵێکدا شتێکی خراپ بوو. کێ خەپەگیانی لە بیر ماوە؟ کەس، بۆ دەبێ ئەو کلیپە ببێتە یەکەم؟ چونکە پێوەرێک نییە بۆ هەڵسەنگاندنی کلیپ، ئەوە

سیستمێکی مافیاییە و بیرۆکەیەکی هەڵەی لە پشتە، چون ئەو کەسەی ئەو بڕیارانە دەدا هونەرمەند نییە، بە تەلەفۆنی کەس، یان کەسانێک، یان فلانە حزب دەکرێتە یەکەم، چونکە کچێکی هێناوە و قاچی ڕووت کردووە و دەڵێن کۆمەڵگا پێویستی پێیەتی. کۆمەڵگایەک کە بیری چەوتی ئایینی و عەشیرەیی تێدا زاڵە، بەو شتانە پێش ناکەوێ، ئەمە وەک شرووبێک وایە کە بە زۆر دەدرێتە منداڵێکی نەخۆش. منداڵ حەزی لە شرووبی تاڵ نییە و ئەگەر وازی لێ بێنی قەت نایخواتەوە، ئەمانەش دەیانەوێ شتێک بە زۆر بە قوڕگی کۆمەڵگادا بکەن کە هیچ کاریگەرییەکی نابێ. ئەم پاشاگەردانییە دەگەڕێتەوە بۆ سیستمێکی مافیایی و هەڵە. کە هۆکارەکەشی کێشەی ئافرەت و...تاد لە کوردستاندا. کاتێک لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئافرەتێک دەبینن یەکسەر بیریان بۆ لایەنی سێکسی دەڕوا، ئافرەتێک بە بازاڕدا دەڕوێ بەینی گۆرەوی و شەلوارەکەی کەمێک دیارە، هەموو خەڵک سەیری دەکا. لە دوبەی و ئیستانبۆڵ ژن بە مایۆیەکەوە مەلە دەکا و کەس کاری پێی نییە، ئەوان ئەو شتەیان بەلاوە ئاساییە. ئەم ڕەقبوون و دژایەتیکردنی گۆڕانکاری، وا دەکا کە کولتووری هەڵە بێتە ناو کۆمەڵگا و گۆرانیبێژ ناچارە بچێ کچە عەرەبێک بێنێ و کلیپی پێ بکا. من ئەو کارەم نەکردووە و هەموو ئەو کچانەی لە کلیپەکانمدان، خاوەن کەسایەتین و دیار و ناسراون.

**ڕامان:** زۆر کەناڵ کلیپ بڵاو دەکەنەوە کە ئاستیان زۆر نزمە و کەسیش نییە پێیان بڵێ ئەو کلیپە بە کەڵکی بڵاوکردنەوە نایە، یان بەو هۆکارانە نابێ بڵاو بکرێتەوە. ئایا ئەمە بەشێک لەو پاشاگەردانییە نییە؟

**خەبات مەولوودی:** پێم وایە ئەوە بیرێکی لە پشتە بۆ نیشاندانی هونەری کورد، بە داخەوە تەواوی بەشەکانی دیکەی کوردستان چاویان لەم پارچەیەیە، ئەم پارچەیە دەبا زۆر باشتر بایە لەوەی کە هەیە، نەک ئەوەی ببێتە زەلکاوێک. تۆ بە هەزاران حەز و ئارەزووەوە دێی بۆ ئێرە و کاتێک دەبینی ڕەوشەکە ئاوایە، سارد دەبییەوە، ئەم ساردبوونەوەیە هۆکاری زۆر گرنگی لێ دەکەوێتەوە. کابرایەک بە مشاری ئاسنبڕ قوفڵێکی دەبڕییەوە، وتیان ئەوە چ دەکەی، وتی ڤیۆلۆن لێ دەدەم، وتی ئەی بۆ دەنگی نایە؟ وتی سبەی گوێت لێ دەبێ. ئەم کێشەیەی من باسی دەکەم، ڕەنگە سیساڵی تر نیشانەکانی دەربکەون. من کە مێشکم بە سێوە و عەلی مەردان و تاهیر تۆفیق و حەسەن زیرەک و ناسر ڕەزازی زاخاو دراوە، نەوەی نوێ گوێیان لە دەنگی کێ بێ؟ چەمک و ئیستیعارە و تەعبیری هەڵە و ناشیرین هاتوونەتە ناو گۆرانی کوردییەوە. ئەو هاوینە لەگەڵ عەبدوڵڵا پەشێو دانیشتبووم، باسی وێرانیی زمانی کوردی دەکرد، باسی نووسەرێکی دەکرد لە وڵاتێک کە بەداخەوە ناوەکەیم لەبیر نییە، دەیگوت کتێبێکی گەورەی چاپ کراوە چەند وشەیەکی هەڵەی تێدا بووە، نەک هەڵەی چاپی، بەڵکو لە ڕووی ماناوە هەڵە بووە. دەیگوت یەک ملیۆن دانەی لێ چاپ کراوە، هەر یەک ملیۆن دانەکەیان کۆ کردۆتەوە. بۆ ئەوەی ئەو دوو وشەیە زیان بە ئەدەبیات، یان زمانی ئەو وڵاتە نەگەیەنێ. تۆ بڵێی شیعری ئەم کلیپانە ئەگەر ستاندەر و پێوەرێکیان هەبێ، یان تەنانەت ستاندەرێکی کوردی، هەمووی ڕەت دەکرێتەوە و هیچی گۆرانی نین، شیعریش نین.

**قەت نەدەی ئازاری گیانی مەست و بێدارانی شەو**
**خۆت نەخەیتە بەر شەپۆلی ئەشکی بێ پایانی شەو**
**ئەی کچی خواوەندی جوانی و ئەی چرای دیوانی شەو**
**خۆت بپارێزە لە ئاهی دڵ بریندارانی شەو**
**نەک خوا ناکردە گیرابێ دوعای ناڵانی شەو**

ئەم پێنج خشتەکییە کە ئەحمەد هەردی لەسەر شیعری شێخ نووری شێخ ساڵح دایناوە، کەریم کابان وتوویەتی، چۆن بیڵێی هەر شیعرە، بێ مۆسیقاش بیڵێی هەر شیعرە، کێش و سەروای هەیە. ئەم شیعرانەی ئەمڕۆ یەک ناوەرۆکیان هەیە، ئەگەر بڕۆی دەسووتێم و دەبرژێم و توخوا مەڕۆ دڵم تەقی و زۆر شتی تر، ئەمە کارەساتی لێ دەکەوێتەوە.

**ڕامان:** با باسی نوێبوونەوەی گۆرانی بکەین. ئایا ئەو کارانەی دەکرێن گۆرانی کوردی نوێ دەکەنەوە، یان بەرەو دواوەمان دەبەن؟

**خەبات مەولوودی:** ئەمە تەنیا کورد و مۆسیقاکەی نییە کە ئەم ئاڵوگۆڕەی بەسەرداهاتووە، بەپێی ئەم تەکنۆلۆژیا نوێیە و ئەم سیستمی دەنگ و بەرنامە ئەلکترۆنیانەی کە لە ستۆدیۆکاندا هەن، جاران کە ستۆدیۆکان بە سیستمی ئەنالۆگ ئیشیان دەکرد، ئەو شتە تۆمار دەکرا کە گۆرانیبێژ دەیگوت و دەسکاری نەدەکرا، بەڵام کە سیستمی دیجیتاڵ هات، کارەکەی گۆڕی. بەو هەموو گۆڕانکارییە کە هاتۆتە ئاراوە، مۆسیقای کوردی

زۆر پێش نەکەوتووە. ئەوانەی لە مۆسیقای کوردیدا ئیش دەکەن، دەبنە هۆی پێشکەوتنی مۆسیقا، نەک ئامێر و تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو، ئەگەر باشترین ئامێری زانستی پزیشکیت هەبێ، بەڵام نەزانی سوودی لێ وەربگری، ناتوانی نەشتەگەری پێ بکەیت، بەڵام کە دکتۆر بووی و شارەزا، شتەکە جیاوازە. ئەو کەسەی مەقامی ناوچەی گەرمیان دەڵێ، دەبێ لەوێ ژیابێ، ئەگەر لەوێش نەژیابێ، دەبێ دووراودوور ئاگای لە ژیانی گەرمیان هەبێ، یان هیچ نەبێ بیۆگرافی چوار گۆرانیبێژی گەرمیانی خوێندبێتەوە. شێوە زمانەکە بزانێ، من تا جوان فێری کرمانجی ژووروو نەبم، گۆرانی بەو زاراوەیە ناڵێم، دوای ماوەیەکی زۆر توانیم یەک گۆرانی بڵێم. بۆ؟ سەرەتا زاراوەکە فێربووم، دواتر گۆرانیم پێ وت. زۆربەی سۆرانییەکان بە بادینی گۆرانیان وتووە بەشکم جەماوەرێکیان لەوێش هەبێ، کە زۆرجار دەبنە هۆی تووڕەبوونی بادینییەکان. ئەوان نێر و مێیان هەیە، ئەگەر ئەو وردەکارییانە نەپارێزی، شێوە زمانەکە خراپ دەکەی، ئەگەر کەسێکی سۆرانی گوێ لەو گۆرانییە بگرێ، ئەو شتە هەڵەیەی تۆ دەڵێتەوە و وا دەزانێ ڕاستە. ئەمە دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی فەرهەنگێکی هەڵە لە ناو خەڵکدا، بەتایبەت کە گۆرانی زوو دەچێتە ناو مێشکەوە. نوێکردنەوە پسپۆڕی و شارەزایی دەوێ، بەداخەوە تەنیا شتێک کە ئێستا بایەخی پێ نادرێ، هونەر بە گشتی و گۆرانییە بە تایبەتی، کە کارێکی جوان دەکرێ، کەس نییە پشتگیریت بکا، یان کارێکی ناشیرین دەکرێ، کەس نییە ڕەخنەی لێ بگرێ، پێوانەیەک نییە بۆ ڕەخنە و پشتگیری و هەڵسەنگاندن و ئەگەر هەشە، هەڵەیە.

**ڕامان:** تۆ کە دەڵێی پێوانە نییە، ئۆباڵەکەی دەخەیە ئەستۆی کێ؟ خەڵک بەرپرسیارە، یان حکوومەت، یان هونەرمەندەکان؟ یان هەموویان؟

**خەبات مەولوودی:** ئەگەر بە من بێ، هەموویان و لە پێش هەمووشیان هونەرمەندەکان. من بەش بە حاڵی خۆم شیعرێک کە شیعر نەبێ، قەت بە شیعری نازانم، ئەگەر تۆ گوێ لە گۆرانییەکانی تەلەڤزیۆنی کوڕەک و ڤین و کەناڵەکانی تر بگریت، لە دە گۆرانی، گۆرانییەکەت بەدڵ نابێ، ئەگەر وەک گۆرانی سەیریان بکەی، بەڵام ئەگەر بۆ کات بەسەربردن بێ، زۆر باشن و عەیبیان نییە، بینەر و بیسەریشیان هەیە، بەڵام چ کەسانێک لەو شوێنانەن؟ بۆ خۆیان تا چەند کوردی دەزانن؟ تا چەند دڵسۆزی کوردن؟ ئایا کورد ئەو کەناڵانە بەڕێوە دەبەن؟

**ڕامان:** هەموو کەس دەتوانێ ئۆتۆمبێل لێ بخوڕێ و بە جادەشدا بڕوا، بەڵام ئەگەر پۆلیسێکی لێ بێ و داوای مۆڵەتی شۆفیری لێ بکا، یان ئەگەر بە پێچەوانەی یاسا بڕوا، غەرامەی بکا، ناوێرێ بێ مۆڵەت شۆفیریی بکا. بە ڕای تۆ لێرەدا زیاتر حکوومەت بەرپرسیار نییە؟ قەیناکا هونەرمەندەکە هەست بە بەرپرسیاری ناکات، یان هەر ئەوەندەی لێ دەزانێ. دەنگی خۆشە، یان پێیان وتووە دەنگت خۆشە و کلیپێکی سەقەت بڵاو دەکاتەوە، ئایا ئۆباڵەکەی زیاتر ناکەوێتە ئەستۆی حکوومەت؟

**خەبات مەولوودی:** سەداسەد، منیش هەر دەمەوێ ئەوە بڵێم. پێم وابێ ٢٠٠٥ بوو کاک نێچیرڤان بارزانی کۆمەڵێک هونەرمەندی لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان کۆ کردەوە بۆ دەستەبەرکردن و نووسینی چەند مافێکی هونەری بۆ هونەری کوردی، بەتایبەت بۆ مۆسیقا و گۆرانی و کۆپی ڕایتی سی دی. لەو دەمەوە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە هیچ دیار نییە. ئێستا بەرنامەی (لیژنەکە هات)ی تەلەڤزیۆنی زاگرۆس هەیە و سۆپەرمارکێتەکان ناوێرن شتی ئێکسپایەر بفرۆشن. لیژنە دەچێتە هوتێل و دوکان و هەموو شوێنێک و چی هەڵە بێ، پێیان لا دەبا. جاران ئەگەر شتی پیس و پۆخڵەواتیان دەفرۆشت، ئێستا ناوێرن بیکەن. بۆ دەبێ حکوومەتی هەرێم کە ئاوا باری ئەمنی کوردستانی پاراستووە، لیژنەی تەندروستی داناوە و ناهێڵێ شتی ئێکسپایەر بفرۆشن، بۆ لیژنەیەک نییە بە سی دی فرۆشەکان بڵێ حەقتان نییە بەرهەمی ماندووبوونی چەند ساڵەی هونەرمەندێک بێ پرسی خۆی بفرۆشن. دەتوانێ، بەڵام نایکا، بۆ نایکا... نازانم؟ ئەگەر هونەر و هونەرمەند لە وڵاتێکدا زاڵ بن و جێ بکەون، ئەو وڵاتە پێش دەکەوێ و بۆ خۆی بڕیاری خۆی دەدا و شتێک بە ناوی مافیا لە گۆڕێدا نامێنێ. تاقمێک لەو ڕێگایەوە نان دەخۆن. بۆ نموونە وەزارەتی...... بڕیاری داوە سەد سی دی بڵاو بکاتەوە. شتەکە وەک باندی لێ هاتووە و دەبێ لە فڵانە ستۆدیۆ بکرێ. فڵان کەس کارەکە بکا و فڵان کەس مۆسیقای بۆ لێ بدا. ئاخر ڕەنگە من حەزم لێ نەبێ ئەو کەسە مۆسیقام بۆ لێ دا. تۆ کە دەڵێی سی دی دەکەم من بۆ خۆم هەڵی دەبژێرم لەگەڵ کێ کار بکەم، بۆیە سەد سی دی هەڵە هەیە. سەد بەرهەمی سەقەت دێنە

دەرێ و ئەسڵەن گرینگیش نییە کارەکە چۆن کراوە و پارەیەکی زۆری بۆ تەرخان کراوە. سەدان شتی وا کراوە و کەس گوێی ناداتێ، بەڵام ئەگەر بۆ خۆم مۆسیقاژەنەکانم هەڵبژارد و مۆسیقاکەم دابەش کرد و ستۆدیۆم هەڵبژارد، ئەو بەرهەمە دەمێنێتەوە، بەو پێیە مافیاش نامێنێ. ئێستا هونەر و بەتایبەت گۆرانی حاڵەتێکی مافیایی پەیدا کردووە، لە خۆوە زۆر کەس گەورە کراوەتەوە، من گلەییان لێ ناکەم، چون من جۆرێکی تر بیر دەکەمەوە و گۆرانی بۆ پارە ناڵێم، من بە گۆرانی ناژیم و ئیشی تر دەکەم، بەڵام ئایا هەموو کەس وەک من بیر دەکاتەوە؟

**ڕامان:** بۆچی بۆ ئەلبوومەکانت لە دەرەوەی کوردستان ئیش دەکەی؟ ئایا ئەوە نابێتە هۆی ئەوەی کە مۆسیقای بێگانە کار بکاتە سەر بەرهەمەکانت؟

**خەبات مەولوودی:** تا ئێستا من هیچ بەرهەمێکم لە کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات تۆمار نەکردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ستۆدیۆی پرۆفیشناڵ لە کوردستان. نەبوونی ئیمکاناتی پرۆفیشناڵ بۆ دەنگ و نەبوونی ئیمکاناتی ئەندازیاری دەنگ. ستۆدیۆ هەیە، بەڵام لە ئاستی پێویستدا نین، ئەگەر لە ڕووی تەکنۆلۆژیاشەوە باش بن، لە ڕووی ئەندازیاری دەنگەوە لاوازن، بۆیە ئەگەر کەسێک بیەوێ کوالیتی کارەکەی باش بێ، دەبێ بچێتە تاران و تورکیا، بەو حاڵەش هەموو کات من هەوڵم داوە، سۆلیستی کارەکانم کورد بن، هەرچەندە ژەنیارەکەش فارس بووبێ. لە پەنای ئەوەی ستۆدیۆی باشمان نییە، گرووپی سەربەخۆ و باشی مۆسیقاشمان نییە، لە تاران چەند گرووپی تایبەت بە کەمان هەن، بۆ نموونە گرووپی موجەتەبا میرزادە و ئەرسەلان کامکار و گرووپی جابری ئیتاعەتی و...تاد. لە تورکیا گرووپی کیم پاو...تاد هەیە و بیست کەس پێکەوە کەمان لێ دەدەن، ئەوەندە هەماهەنگن کە چێژ لە کارەکەیان وەردەگریت. من هەمیشە هەوڵم داوە سۆلیستەکان کورد بن کە چێژە کوردییەکەی پارێزراوبێ و ئەگەر نەمتوانیبێ خودی ژەنیارەکە ببەمە تورکیا، دەنگەکەیم تۆمار کردووە، لەوێ لە ڕووی ئەندازیاری دەنگەوە دووبارە دایانڕشتۆتەوە، ئەمە ناچارییە کە من لە ناوخۆی کوردستان نەتوانم ئەو ئیشە بکەم. لە ڕووی کوالیتی دەنگ و ڕیکۆردەوە لە ئاستی ستۆدیۆکانی دەرەوەدا نییە و ناچارم بچمە دەرەوە، ئەگەر من لە ڕۆژهەڵات بیکەم هەم زمانەکە دەزانم و پێویست ناکا بە تورکی قسە بکەم، دواتر خەرجی هۆتێل و خواردن و مانەوەت بۆ دەگەڕێتەوە و لە وڵاتی خۆتدا هەست بە غەریبی ناکەی، ناعیلاجی پیاو دەکا بە دوڕاجی.

**ڕامان:** ئایا مۆسیقاژەنێکی تورک، یان فارس دەتوانێ ڕوحێکی کوردی بداتە مۆسیقای گۆرانییەکە؟

**خەبات مەولوودی:** نۆتەی مۆسیقا هەر نۆتەیە، جیاوازی نییە فارس لێی بدا، یان کورد، هەستی مۆسیقا دەگەڕێتەوە سەر دابەشکاری مۆسیقا.

**ڕامان:** تا ئێستا لە چەند فیستیڤاڵی گۆرانیدا بەشداریت کردووە؟ ئایا هیچ پلە و خەڵاتێکت وەرگرتووە؟

**خەبات مەولوودی:** لە زۆربەی فیستیڤاڵەکانی ناوخۆی ئێران بەشدار بووم، ئەوانەی زۆر گرنگ و بەرچاو بوون، دووەمین فیستیڤاڵی مۆسیقای کوردی بوو کە ساڵی ١٣٨٠ (٢٠٠١ز) لە سنە بەڕێوە چوو. زۆر بە باشی بەڕێوە چوو و هونەرمەندانی باشووریشی تێدا بەشدار بوون. وەک حەمە جەزا و تیپی مۆسیقای سلێمانی و کەریم کابان و قادر حەسەن، ئەمانە کۆنسێرتی جێبەجێکاریان لە ناو فیستیڤاڵەکەدا هەبوو، کەسایەتییە ناسراو و بەرچاوەکانی مۆسیقا لیژنەی هەڵسەنگاندن بوون، وەک کەیخسرەوی پوورنازری بەرپرسی گرووپی شەمس، حوسێن یووسف زەمانی، سەدیقی تەعریف، ئەنوەر قەرەداغی، من بووم بە کەسی یەکەمی ئاواز، لە چوارەم فیستیڤاڵی مۆسیقای ناوچەکانی ئێران کە ساڵانە لەسەر ئاستی ئێران بەڕێوە دەچێ، بوومە کەسی یەکەم و وەک ئەستێرەی فیستیڤاڵەکە ناسرام، ئەمە هەموو ڕۆژنامە گرنگەکانی ئێران بڵاویان کردەوە، ئەوەم بە دۆکیۆمێنت هەیە و وەک هێندێک هونەرمەند نیم کە خۆم هەڵکێشم و شتی سەیروسەمەرە لەسەر خۆم بڵێم. لێکۆڵینەوەم لەسەر ڕیشە و مۆسیقای کوردی کردبوو و کۆمەڵێک وتاری لێکۆڵینەوەییم بە فارسی پێشکەش کرد و باسی ڕەسەنایەتی و سەربەخۆیی مەقاماتی کوردیم کرد کە هیچ پێوەندییەکیان بە تورک و فارس و عەرەبەوە نییە و هیچ نەتەوەیەک ناتوانێ بڵێ هی منن. هەر لەبەر ئەوە بوومە ئەستێرەی فیستیڤاڵەکە، لە زۆر فیستیڤاڵی دیکەشدا بەشدار بووم، بەڵام ئەم دووانەیان گرنگ بوون.

**(ماویەتی)**

# ئەشکەنجەی ناخ
# لەنێوان (ئەو)ی باڵادەست و زەبوونیی (من)دا

**د. عادل گەرمیانی**
**(زانکۆی بەغدا - کۆلێژی زمان)**

**چەند پەیڤێکی بەرایی**

بێ گومان هاوکێشەیەکی ڕەخنەیی باو هەیە ئاماژە بەوە دەکات، کە لەدایکبوونی دەقی ئەدەبی دەبێتە زادەی لەدایکبوونی نووسینێکی ڕەخنەیی لەبارەیەوە، ئەوسا لەوانەیە خاوەنی ئەو نووسینە ڕەخنەییە هەمان مەبەستی دەقنووس لە نووسینی دەقەکەیدا بپێکێ، یان هەندێ شت بڵێ بەلای دەقنووسەوە تازە بێت و زادەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگر بێت، چونکە هەموو دەقێکی ئەدەبی جەستەیەکی مەعریفیی واڵایە بۆ هەر خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بەپێی ئەو گۆشەنیگایە بۆ خوێندنەوەی دەقەکە هەڵدەبژێرێت. ئەم دەقە شیعرییەی شاعیری کۆچکردوومان شێرکۆ بێکەس، کە بەناوونیشانی (تۆ ئەتوانی بە قومێ ماچ بمخەیتەوە هەڵقوڵێن) بەلامانەوە دەقێکی شیاو بوو بۆ ئەوەی خوێندنەوەیەکی دەروونی لەبارەیەوە پێشکەش بکەین، بۆیە بە پێویستمان زانی سەرەتا دەقەکە بنووسینەوە، پاشتر خوێندنەوە ڕەخنەییەکەمان پێشکەشی خوێنەران بکەین..

**تۆ ئەتوانی**
**بەقومێ ماچ بمخەیتەوە هەڵقوڵێن!**
**تۆ ئەتوانی، سەرلەنوێ شینم بکەیتەوە**
**ئەتوانی، گەڵایەکەم یان بزەیەکم بۆ یادگاری**
**ئەم ڕسکانەوەیە**
**بدەیتە دەست "با"یەکی گەنج و**
**خۆیشم بەدەم تریقەی شیعر و شەونمەوە**
**بدەیتەوە لەبەرۆکی ژیان!**
**من وەک پەلکێکی زەردەڵەی لارەملی**
**نێوان قلیشە بەردێ وەختی سیاساڵ**
**تۆیش چون تیلماسکی ماچە گەرمەکانی**
**هەتاو و دەنگی تەڕی گەواڵە و**
**ڕەنگی ئارگۆنی هەنار و**
**ئەمووستی کەسکی باران!**
**تۆ ئەتوانی، جارێکی دی، ئەتوانی**
**ئەم خۆڵەمێشە تاریکە هەمدیسان**
**لرفەلرف داگیرسێنیتەوە**
**گڕی نارنجیم**
**ئەڵقە ئەڵقە، مەستانە و دێوانە**
**بکەیتەوە بە پرچی عەشقێکی بەرەڵڵا و**
**بەیاڵی جوانوویەک لەحیلەی سوور و**
**بەپۆیلانەی شەفەق و**
**بەپڕۆپۆی شێت و وێتی سەما و سووتان!**

*   *   *



شێرکۆ بێکەس

تۆ ئەتوانی ئەم ئێوارەی سەفەرە
بکەیتەوە بە گەڕانەوەی بەیانیی.
ئەنگوزرە بخەیتەوە ناو گزنگ و
وەرین بەریتەوە لای شکۆفە و
دابڕان بگۆڕی بە دیدار و
گۆچان بکەیتەوە بە تاژان!

* * *

تۆ ئەتوانی زەردەی فەنای ئاویلکەدان
لەزیواوی کازیوە هەڵکێشی و
باڵ لەم گۆرانییە گرمۆڵە و کەسیرەیە
بڕوێنیتەوە و لەم دۆڵە کپەی جەستەوە
پێکەوە چریکە و هەڵاڵە هەڵقوڵێنیتەوە و
دیسانەوە شەقژن شەقژن
بەرزم کەیتەوە و
بەرزە فڕ، بەرزە فڕ
بمخەیتەوە ناو ئاسمان!

* * *

مۆمێکی پیرەمێرد
لەو سەری تونێلی عومرەوە
ئەبینرێ و نابینرێ و ئەکوژێتەوە و
ناکوژێتەوە و خەونێک ئەسووتێ و
ناسووتێ و پرتە پرتێ لەیاد و
کزە کزێ لەهیوا.
شەوقێک نەخۆشی زەمانی
سێبەر و نسێ و لەرزە لەرزێ
لە کلووی وڕێنەی پەراگەندە و
ترووسکەیەک بە شەلە شەل
لەو سەری ڕووتەنی عەدەمەوە
دێت و ئەگات و ناگاتە
بەردەمی "ئێستا"!
خەونێک وەکوو گوناهی سپی
بە قرتاویی کۆچ ئەکا و
چون زەردەخەنەی مردنیش
بەهێواشی ئەنیشێتە سەر لەوحی وجوود و
بە ئەسپاییش وەکوو بزربوونی گمەیەک
لە بێشەڵاندا، ئەبێتە تراویلکەی
بەرایی ئەبەدیی بەردەمی خودا!

* * *

مۆمێکی پیرەمێرد
نهێنییەکی تەنیا
خەڵوەتێ لەبێ ئارامی و
یەقینێ لە گومان و
دەنگێک لە بێدەنگی و
توانەوە لە توانەوەدا و
خەون لەناو بێ خەونیدا و
پرسیار لەناو پرسیاردا و
بێهودەییش هەمیشە
لە شەوەکانی وەڵامدا!
مۆمێکی پیرەمێرد
لەوسەری تونێلی عومرەوە
خەونێک ئەسووتێ و ناسووتێ و
پرتە پرتێ لەیاد و
کزەکزێ لە هیوا!

* * *

ئەی پەرچووی خۆشەویستیی
ئەی ژنە موجیزە!
من وەکوو سووتانی شاخ و ژن کۆنم
وەک ڕەزە ناکامەکان و مەراقی
ئاو و شپرزەیی شۆڕەبی کۆنم.
کۆنم لەگەڵ ئاپوورەکەی

خەمی خەڵکا.
وەلێ تازەم وەک ئەم شیعرەم
تازەم بەخەڵوەتی تەنیایی و
خودی گریانی وشەی خۆم.
من کۆنم لەگەڵ زایەڵەکەی نانی برسی و
ئاوی تینووی ئەم و ئەودا و
چون شەوی بێوەژن گریام
بۆ بێکەسیی ڕەنگی ڕەش و
لەگەڵ "با"دا لاواندمەوە و
بۆ گەنم و جۆی جوانەمەرگ و
لەگەڵ کەناردا کۆتەڵم
بۆ شەپۆلی کوژراو گێڕاو
لەگەڵ "مانگ"دا لەناو خەرمانەکەی
ئەودا، شاییمان کرد
بۆ بووک و زاوای درەختی دارستان
وەلێ ئەفسووس.
بە تەنها بۆ خۆم نەگریام!.
وەلێ هەر بۆ خۆم نەبوومە
ئاوێنەیەک بۆ بەردەمی حەزەکانم و
پەنجەرەیەک بۆ شیعری خۆم!
من هەناسەی خۆمم هەبوو
کەچی دامن بە هەناسەی ئەوانیتر
من وەتەنێکم هەبوو هەر هی خۆم
کەچی بەخشیم بە وەتەنی ئەوانیتر.
من مانگەشەوی خۆم هەبوو
ئەویشم دا بە ئاسمانی ئەوانیتر.
من وا تازە دێمەوە ناو
قوژاخەکەی شەوی خۆم و
ئەگەڕێمەوە بۆ ناو خۆم
درەنگ گەڕامەوە درەنگ
بۆ لای کرووزەکانی پەلکەگیای
ڕۆحی خۆم و
درەنگ گەڕامەوە بۆ لای
ژووری ژانەکانی خۆم و
کورسی خۆم و چرپای خۆم و
خەوی خۆم و پرسیاری خۆم!
* * *
ئەوەی بۆی نەبووم غەریبیی ڕەنگی خۆم بوو!.
ئەوەی بۆی نەبووم ئاسمانی چاوی خۆم بوو.
ئەوەی بۆی نەبووم فڕینی سەری خۆم بوو.
* * *
من غەریب بووم بە غەریبیم.
گەروو هی خۆم و هاوارم
هەر بۆ گەرووی ئەوانیدی.
چاو هی خۆم و فرمێسکم دا
بە کۆڤانی ئەوانیدی.
خۆم قاقڕ و
چی گەواڵە هەورم هەبوو
باراندم بۆ ئەوانیدی!.
کە بووم بە سروود لێم ون بوو
حەیرانەکەی ناو ڕۆحی خۆم.
کە بووم بە زەنگی بێداری هەموو کەسێ
ونمکردو بیرم چۆوە
زرنگەکانی تەنیایی ناو ناخی خۆم!
کە بووم بە شەقامی گشتی
شەقامەکەی خۆم بن بەستکرد.
ناوی خۆم لەناو ناواندا
زیندانیکرد
من حەزی خەڵکم بردەوە و
حەزەکانی خۆمم دۆڕان!
* * *
"هەر ڕووبارێ وەختێ بگاتە دووئاوان
ئیتر دەم و چاوی خۆی و دەنگی خۆی و
باڵای خۆی و پێناسەکەی لێ ون ئەبێ.
هەر درەختێ لەشی خۆیدا بە موتوربەی
دارێکی تر ئیتر ئەوسا ڕەنگی خۆی و
تامی خۆی و ناوەکەی خۆی لێ ون ئەبێ"
ئەی تەپ و نمی شەکەتی دوا دوایەکانی پاییز! ئەی
مەراقی کۆماوەو ئەی درەختی پیرێژن!.
ئێوە فریای گەڕانەوەیەکی تر ئەکەون بۆ لای
باڕێزە گەنجەکان و بەستەی قنج و درەختی کچ؟!
ئەی باڵە ڕووتاوە و ماندووەکانی هەڵفڕین
ئەی ئێوەیش فریای گەڕانەوەیەکی تر ئەکەون
بۆ لای چریکە شینەکانی فەزا و جووتی نازەنین؟!
ئەی خۆڵەمێشی ئاگردانەکانی بیرەوەری و ئەی ئاوێنە
پەستەکانی دیواری بیرچوونەوە!. ئەی ئێوەیش
فریای گەڕانەوەیەکی تر ئەکەون بۆ لای
گڕی پرتەقاڵی و دێنەوە لاتان، دێنەوە
بەردەمتان، گمەگمی کۆتری مەم و دەم و
لێوی گوڵەکان و پرچەکانی عەشق و ئەوین؟!
ئەی مۆمی پیرەمێرد! ئەی تۆ، ئەتوانی
ئەم توانەوەیە بگێڕیتەوە بۆ باڵات؟!

**فریای ئەوە ئەکەویت شیعرێکی تازەتر بێتە**
**خەوت و فریای ئەوە ئەکەویت تریفە و**
**جریوە و قوڵپە قوڵپ و هاژەهاژ بنووسیت؟!**
**فریای ئەوە ئەکەویت لەم خەڵوەتە تازەیەتدا**
**خودی لەدەس چووت، نەغمەی لەدەس چووت،**
**بێنیتەوە بەردەمی دە پەنجەی تازە و دیسانەوە**
**لە سفری تۆوە، لە سفری خونچەوە، لە سفری**
**خەیاڵەوە دەست پێبکەیتەوە، وەکوو گزنگی**
**بەیانیان پڕبیتەوە لە منداڵی و لە گومان و**
**هەر بپرسیت و بپرسیت؟! فریا ئەکەویت؟**

*** * ***

**ئەی پەرچووی خۆشەویستیی**
**ئەی ژنە موجیزە!**
**مەگەر تۆ، تۆ بتوانی:**
**بەدوو وشەی زەردەخەنە**
**بمکەیتەوە بەباڵای گوڵە بەڕۆژەی**
**ناو قەسیدە!.**
**بە یەک ڕستەی سەرنج لێدان**
**بمکەیتەوە بە پێدەشت و مێرگی پەخشان.**
**تەنها هەر بە مشتێ قسە**
**بمکەیتەوە بە جۆگەی کورتە چیرۆک و**
**بەیەک پەرداخی گفتوگۆ**
**بمکەی بە جوانترین شانۆ.**
**مەگەر هەر تۆ، تۆ بتوانی**
**بەیەک قوم ماچ**
**بمخەیتەوە هەڵقوڵین و**
**بە یەک لاولاوی ڕامووسان**
**بمخەیتەوە هەڵفڕین و**
**مەگەر هەر تۆ، تۆ بتوانی**
**ئەم پاییزە پیرەمێردە**
**جارێکی دی، لە خۆتدا بڕوێنیتەوە**
**هەر بۆ ئەوەی بەر لەدواجار**
**لەم خەڵوەتە سپییەدا**
**بۆ خەزانی تەنیایی خۆی**
**شیعرێ بنووسێ ئەوەندەی**
**عەشقت قووڵ و**
**هێندەی غەریبییەکەی خودایش**
**تاق و تەنیا!**

**سلەیمانی – سەرەتای ٢٠٠٧**

شێرکۆ بێکەس (١٩٤٠-٢٠١٣) شاعیرێکی بەناوبانگە لە داهێنانی شیعری کوردیدا، شاعیرێکی ناودار و پێشەنگی شیعری هاوچەرخی کوردییە و خاوەن زیاتر لەنیو سەدەی ئەزموونی شیعرییە، هەروەها خاوەن چەندین کۆشیعرە، خاوەن دەنگی تایبەتی خۆیەتی و لەزۆربەی هۆنراوەکانی بۆنی ڕامیاری دێت، هەرچەندە هەندێ هۆنراوەی هەیە دەتوانین لە گۆشەنیگایەکی دەروونییەوە چێژی لێ وەربگرین، یەکێک لەو هۆنراوانە هۆنراوەی (تۆ ئەتوانی بەقومێ ماچ بمخەیتە هەڵقوڵین) کە نموونەیەکی شیعریی لەبارە بۆ ئەوەی لە گۆشەنیگایەکی دەروونییەوە تێڕامانی خۆمانی لە بارەوە پێشکەش بکەین، چونکە لە ناوونیشانی هۆنراوەکە ڕەهەندێکی ڕۆمانتیکی بەدی دەکەین، ئەویش دەستەواژەی (قومێ ماچ)ـە کەوا کاریگەری خۆی هەیە لەسەرهەڵدانی بارێکی دەروونی لە دەستەواژەی (بمخەیتە هەڵقوڵین). لەم دوو دەستەواژەی ناوونیشانی هۆنراوەکە دوو باری سەرنجڕاکێش هەیە: یەکەمیان لێکچواندنی ماچ بە ئاو بۆ ئەوەی تێر لە قومێکی بخوات، دووەمیان لێکچواندنی خودی خۆی بە ئاو تا لە گەرمایی کولانەوەی ئارەزووەکانی وەک ئاو هەڵقوڵێت، کەواتە شاعیر هەر لە ناوونیشانی هۆنراوەکەیەوە توانایی داهێنانی خۆی لە بەکارهێنانی گەمەی زمان لەبواری خواستندا دەخاتەڕوو تا هەر لە سەرەتاوە باڵادەستی (ئەو) و زەبوونی (من)ی خۆیمان بۆ ڕاگەیەنێت.

مرۆڤ گیانلەبەرێکە هەندێ جار حەزی لە بەکارهێنانی دەمامکدارییە تا بەڕووی ڕوخساری دەرەوەی لەگەڵ کەسانی دەوروبەری خۆیدا سەودا بکات و لەم حاڵەتەدا ناخی خۆی خودە ڕاستەقینەکەیەتی، کە بەکەسایەتییەکی شاراوە دادەنرێت و زیاتر بە ویژدان ناوزەد دەکرێت.

لە زۆربەی ئایینەکاندا باس لەهەبوونی دوو هێز لەناخی مرۆڤدا دەکرێت: یەکەمیان هێزی خێرەو دووەمیان هێزی شەڕە، کەواتە خودی مرۆڤ لەڕاستیدا دوو کەرتە و ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە بەسەر جۆری دەمامکە بەکارهاتووەکەی لەسەوداکردنی ئەو مرۆڤە لەگەڵ کەسانی دەوروبەری، واتە وەک چۆن هەندێ جار ڕوومان گەشە و هەندێ جار ڕوومان گرژ و ترشە، هەر بەم شێوەیە هەندێ جار حەزمان لەکاری خێرە و هەندێ جار بەپێچەوانەوە، واتە مرۆڤەکە هەندێ جار کردەوەی ئەزیەتدان (سادیزم) دەنوێنێ و هەندێ جار چێژ لە ئازاردانی کەسێکی دیکە وەردەگرێ (ماسۆشیزمە)، واتە

ئەم دوو جەمسەرەی (سادیزم - ماسۆشیزم) حاڵەتێکی دەروونی لەبواری ئازاردان و ئازار وەرگرتن دەخاتە ڕوو، دەکــــرێ بەهۆیانەوە بڕوانینە هەندێ دەقی ئەدەبی و بیانخەینە ژێر زەرەبینی شیکاریی دەروونزانییەوە.

لە تیوری دەروونشیکاریی فرۆیددا باس لەسێگۆشەی (من - Ego) و (ئەو - ID) و (منی باڵا - Super Ego) دەکرێت و گۆشەی (من) مرۆڤی خاوەن خولیا و ئاوات دەگرێتەوە و (منی باڵا) ئەو کەسە نموونەییەیە، کە مرۆڤی خاوەن ئاوات دەیەوێ بیگاتێ و (ئەو) مرۆڤێکە خاوەن کاریگەری خۆیەتی بەسەر دیدەو دەروونی (من)ی خاوەن ئاواتدا.

هەندێ جار (ئەو) مرۆڤێکی چاک و خێرەومەندە و ئاسانکاری بۆ (من) دەکات، تا بگات بە (منی باڵا) و هەندێ جاریش بەپێچەوانەوە (ئەو) دەبێتە ڕێگر لە گەیشتنی (من) بە (منی باڵا) و لەم حاڵەتەدا (ئەو) دەبێتە مرۆڤێکی خراپ و نەفرەت لێکراو و لەم حاڵەتەدا گیانی (سادیزم) لای جۆری دووەمی (ئەو) پەیدا دەبێت.

هەمیشە هێزی چاکەی ناخی مرۆڤ هانی دەدات بۆ نواندنی کاری باش، تا بەهۆیەوە زیاتر بناسرێت لەنێو خەڵکیدا و ببێتە نموونەی مرۆڤی چاک، ئەوسا گیانی (منی باڵا) لەبەردەکات، بەڵام هەندێ جار هێزی خراپی ناخی مرۆڤ هانی دەدات بۆ ڕاپەڕاندنی هەندێ کردەوەی خراپ و ئەوسا گیانی شەڕانی و سادیزمی لەبەردەکات و خۆی وەک حەزکردن لەئازاردانی خەڵکی دەردەخات.

لەم هۆنراوەیەی شێرکۆ بێکەسدا (تۆ ئەتوانی بەقومێ ماچ بمخەیتە هەڵقوڵێن) لەڕێی دانوساندنێک تەنیا گوێمان لە دەنگی (من)ی عاشقی شاعیرە، کە خاوەن منێکی بێ دەسەڵاتە و چاوەڕوانی بەخشندەیی (ئەو)ی خاوەن دەسەڵات و نابەخشندەیە، بۆ نموونە:

**تۆ ئەتوانی، سەرلەنوێ شینم بکەیتەوە**
**ئەتوانی، گەڵایەکەم یان بزەیەکم بۆ یادگاری**
**ئەم ڕسکانەوەیە**
**بدەیتە دەست "با"یەکی گەنج و**
**خۆیشم بەدەم تریقەی شیعر و شەونمەوە**
**بدەیتەوە لەبەرۆکی ژیان!**
**من وەک پەلکێکی زەردەڵەی لارەملی**
**نێوان قڵیشە بەردێ وەختی سیاساڵ.**
**تۆیش چون تیلماسکی ماچە گەرمەکانی**
**هەتاو و دەنگی تەڕی گەواڵە و**
**ڕەنگی ئارگۆنی هەنار و**
**ئەمووستی کەسکی باران!**
**تۆ ئەتوانی، جارێکی دی، ئەتوانی**
**ئەم خۆڵەمێشە تاریکە هەمدیسان**
**لرفەلرف داگیرسێنیتەوە**
**گڕی نارنجیم**
**ئەڵقە ئەڵقە، مەستانە و دێوانە**
**بکەیتەوە بە پرچی عەشقێکی بەرەڵڵا و**
**بەیاڵی جوانوویەک لەحیلەی سوور و**
**بەپۆیلانەی شەفەق و**
**بەپژوپۆی شێت و وێتی سەما و سووتان!**

* * *

**تۆ ئەتوانی ئەم ئێوارەی سەفەرە**
**بکەیتەوە بە گەڕانەوەی بەیانیی.**
**ئەنگۆرە بخەیتەوە ناو گزنگ و**
**وەرین بەریتەوە لای شکۆفە و**
**دابڕان بگۆڕی بەدیدار و**
**گۆچان بکەیتەوە بە تاژان!**

* * *

**تۆ ئەتوانی زەردەی فەنای ئاویلکەدان**
**لەزیواوی کازیوە هەڵکێشی و**
**باڵ لەم گۆڕانییە گرمۆڵە و کەسیرەیە**
**بڕوێنیتەوە و لەم دۆڵە کپەی جەستەوە**
**پێکەوە چریکە و هەڵاڵە هەڵقوڵێنیتەوە و**
**دیسانەوە شەقژن شەقژن**
**بەرزم کەیتەوە و**
**بەرزە فڕ، بەرزە فڕ**
**بمخەیتەوە ناو ئاسمان!**

* * *

**هەروەها (ئەو) خاوەن ئەم توانایانەیشە:**
**ئەی پەرچووی خۆشەویستیی**
**ئەی ژنە موجیزە!**
**مەگەر تۆ، تۆ بتوانی:**
**بەدوو وشەی زەردەخەنە**
**بمکەیتەوە بەباڵای گوڵە بەرۆژەی**
**ناو قەسیدە!.**
**بە یەک ڕستەی سەرنج لێدان**
**بمکەیتەوە بە پێدەشت و مێرگی پەخشان.**
**تەنها هەر بە مشتێ قسە**
**بمکەیتەوە بە جۆگەی کورتە چیرۆک و**

**بەیەک پەرداخی گفتوگۆ**
**بکەی بە جوانترین شانۆ.**
**مەگەر هەر تۆ، تۆ بتوانی**
**بەیەک قوم ماچ**
**بخەیتەوە هەڵقوڵین و**
**بە یەک لاولاوی ڕامووسان**
**بخەیتەوە هەڵفڕین و**
**مەگەر هەر تۆ، تۆ بتوانی**
**ئەم پاییزە پیرەمێردە**
**جارێکی دی، لە خۆتدا بڕوێنیتەوە**
**هەر بۆ ئەوەی بەر لەدواجار**
**لەم خەڵوەتە سپییەدا**
**بۆ خەزانی تەنیایی خۆی**
**شیعرێ بنووسێ ئەوەندەی**
**عەشقت قووڵ و**
**هێندەی غەریبییەکەی خودایش**
**تاق و تەنیا!**

کەواتە لەم دوو کۆپلەیەدا، کە یەکەمیان لە سەرەتای هۆنراوەکەیە و دووەمیان لە کۆتایی هۆنراوەکەیە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ (ئەو)ی مەعشووق و ژنی موعجیزەی بێ دەنگ و وەڵامدانەوە خاوەن ئەم توانایانەیە:

**١- تۆ ئەتوانی، سەر لەنوێ شینم بکەیتەوە**
**٢- ئەتوانی، گەڵایەکەم، یان بزەیەکم بۆ یادگاری**
**ئەم ڕسکانەوەیە**
**بدەیتە دەست "با"یەکی گەنج و**
**خۆیشم بەدەم تریقەی شیعر و شەونمەوە**
**بدەیتەوە لەبەرۆکی ژیان!**
**٣- تۆ ئەتوانی، جارێکی دی، ئەتوانی**
**ئەم خۆڵەمێشە تاریکە هەمدیسان**
**لرفە لرف داگیرسێنیتەوە**
**٤- گڕی نارنجیم**
**ئەڵقە ئەڵقە، مەستانە و دێوانە**
**بکەیتەوە بەپرچی عەشقێکی بەرەڵڵا و**
**بەباڵی جوانوویەک لەحیلەی سوور و**
**بەپۆپلانەی شەفەق و**
**بەپڕۆپۆی شێت و وێتی سەما و سووتان!**
**٥- تۆ ئەتوانی ئەم ئێوارەی سەفەرە**
**بکەیتەوە بەگەڕانەوەی بەیانیی،**
**ئەنگۆرە بخەیتەوە ناو گزنگ و**
**وەرین بەریتەوە لای شکۆفە و**
**دابڕان بگۆڕی بەدیدار و**
**گۆچان بکەیتەوە بەتاژان!**
**٦- تۆ ئەتوانی زەردەی فەنای ناویلکەدان**
**لەزیواوی کازیوە هەڵکێشی و**
**باڵ لەم گۆڕانییە گرمۆڵەو کەسیرەیە**
**بڕوێنیتەوە و لەم دۆڵە کپەی جەستەوە**
**پێکەوە چریکە و هەلاڵە هەڵقوڵێنێتەوە و**
**دیسانەوە شەقڤن شەقڤن**
**بەرزم کەیتەوە و**
**بەرزە فڕ، بەرزە فڕ**
**بخەیتە ناو ئاسمان**

ئەم کردەوانە ئەگەر (ئەو)ی ژنی موعجیزەی خاوەن دەسەڵات بیکردایە، ئەوە دەبووە ڕێخۆشکەرێک لەبەردەم خودی (من)ی عاشقی شاعیر لەنێو هۆنراوەکە، بەڵام لەبەر ئەوەی (ئەو) خاوەن گیانێکی خێرخوازی نییە و حەزی لەم جۆرە ڕەفتارە سادیزمانەیە، بۆیە (من) هەر لە چاوەڕوانیدا دەمێنێتەوە، هەرچەندە (من) خاوەن چەندین کردەوەی بەخشندەیە وەک:

١- من هەناسەی خۆمم هەبوو
کەچی دامن بەهەناسەی ئەوانیتر
٢- من وەتەنێکم هەبوو هەر هی خۆم
کەچی بەخشیم بەوەتەنی ئەوانیتر
٣- من مانگەشەوی خۆمم هەبوو
ئەویشم دا بەئاسمانی ئەوانیتر

لێرەدا ئەگەر هەناسە دەلالەتی گیانی مرۆڤ بێت و وەتەن دەلالەتی بەهای مرۆڤ بێت و مانگەشەو دەلالەتی ڕادەی جوانی و بینایی مرۆڤ بێت، ئەوە (من)ی نێو هۆنراوەکە، یان خودی شاعیر ئەوەندە بەخشندەیە چەندین بەهای خۆی بە (ئەو) و (ئەوانی تر) دەبەخشێت و لە ئەنجامدا دەگاتە حاڵەتی دۆڕاندنی حەز و ئاواتەکانی خۆی و دەبێتە جێبەجێکەری حەز و ئاواتی (ئەو) و (ئەوانی تر):

**من حەزی خەڵکم بردەوە و**
**حەزەکانی خۆمم دۆڕان!**

ئەم دۆڕاندنە حاڵەتێکی دەروونی لای شاعیر دروست دەکات خۆی بەمۆمێکی پیرەمێرد دادەنێت و خۆی پاشتر بەچەند شێوەیەک بنوێنێ:

**من وەکو سووتانی شاخ و ژن کۆنم**
**وەک ڕەزە ناکامەکان و مەراقی**
**ئاو و شپرزەیی شۆڕەبی کۆنم**

**کۆنم لەگەڵ ئاپوورەکەی**
**خەمی خەڵکا**
**من کۆنم لەگەڵ زایەڵەکەی نانی برسی و**
**ئاوی تینووی ئەم و ئەودا**

ئەشکەنجەی ناخی شاعیر لەپێکەوەنانی ئەفسانەی خودی خۆیدا دیاردەیەکی دەروونیی بەرچاوە لەم شیعرەدا، بەڵام عیشقی شاعیر بۆ خودی خۆی نەگەیشتووەتە حاڵەتی نەرگسییەت و خۆپەرستی، بەڵکو خودی شاعیر ئەوەندە کاریگەر نییە تا زاڵ بێت بەسەر مەینەتەکانی، بەڵکو چاوەڕوانی خودی (ئەو)ی ژنی موعجیزەیە خەونەکانی بۆ بهێنێتە دی، بەڵام سادیزمییەتی خودی (ئەو)ی ژنی موعجیزە هیچی بۆ ناکات، تەنانەت هیچ بەڵێنیشی پێنادات و ئەوسا خودی (من)ی نێو هۆنراوەکە دەکەوێتە حاڵەتی پاڕانەوە وەک لەم بانگەوازانە دەردەکەوێت:

١- ئەی تەپ و نمی شەکەتی دوا دوایەکانی پاییز!
٢- ئەی مەرای کۆماوە
٣- ئەی درەختی پیریژن!.
٤- ئەی باڵە ڕووتاوە و ماندووەکانی هەڵفڕین
٥- ئەی خۆڵەمێشی ئاگردانەکانی بیرەوەری
٦- ئەی ئاوێنە پەستەکانی دیواری بیرچوونەوە!
٧- ئەی پەرچووی خۆشەویستیی
٨- ئەی ژنە موجیزە!

ئەم هەموو پاڕانەوەو بانگەوازانە لەپێناو ئەم ئامانجانەی خوارەوەیە تا بیگەڕێنێتەوە سەر دۆخی ئاسایی مرۆڤی شەیدا، کە خۆی لەچەند وێنەیەکی تازەدا دەدۆزێتەوە، زیاتر مەبەستی شاعیرن:

١- بمکەیتەوە بەباڵای گوڵەبەڕۆژەی
ناو قەسیدە.
٢- بمکەیتەوە بەپێدەشت و مێرگی پەخشان.
٣- بمکەیتەوە بەجۆگەی کورتە چیرۆک و
بەیەک پەرداخی گفتوگۆ.
بمکەی بەجوانترین شانۆ.
٤- بەیەک قوم ماچ
بمخەیتەوە هەڵقوڵین و
بەیەک لاولاوی ڕامووسان
بمخەیتەوە هەڵفڕین
٥- مەگەر هەر تۆ، تۆ بتوانی
ئەم پاییزە پیرەمێردە
جارێکی دی، لەخۆتدا برووێنیتەوە

دوا ئەنجامی ئەم دانوستاندنە لەنێوان (من) و (ئەو)دا، کە (ئەو) هیچ دەنگ و وەڵامێکی نییە، دەگاتە باسکردنی خەونی (من) لەڕێی دەرکەوتنی دەنگی ڕاستەوخۆی شاعیر کاتێک دەڵێت:

**هەر بۆ ئەوەی بەر لەدواجار**
**لەم خەڵوەتە سپییەدا**
**بۆ خەزانی تەنیایی خۆی**
**شیعرێ بنووسێ ئەوەندەی**
**عەشقت قووڵ و**
**هێندەی غەریبییەکەی خودایش**
**تاق و تەنیا!**

ڕەنگدانەوەی خودی شاعیر لەنێو شیعرەکەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، دیاردەیەکی سروشتییە، چونکە خودی شاعیر بەرهەمهێنەری خودی نێو هۆنراوەکەیە و دەیکاتە چوارچێوەیەک بۆ هەڵچوونەکانی. بەحوکمی ئەوەی شیعر زیاتر زمانحاڵی ناخی جۆری شاعیرە، هەروەها بەحوکمی ئەوەی زمانی شیعر زمانی هەست و سۆزە و شاعیرە لەڕێی بەکارهێنانی ئەم جۆرە زمانەوە هەستی ناخی خۆی بەسەر خودی (من)ی نێو شیعرەکە دادەبارێنێ. لێرەوە دەتوانین بڵێین ئەشکەنجەی ناخی خودی (من)ی نێو شیعرەکە توانیویەتی ئەفسانەیەکی شیعریی بۆ خودی شاعیر دروست بکات، بەڵام ئەوەی جێی داخە سادیزمییەتی ناخی ژنی موجیزە نەیهێشت ناخی خودی (من)ی نێو شیعرەکە و ناخی خودی شاعیر بگات بەپلە و پایەی (منی باڵا)، و بەم شێوەیە خودی (من)ی شیعرەکە لەم هاوکێشانە دەروونییە سەرنەکەوتووە و مایەپووچ دەرچوو و نەیتوانی بگات بەخولیا و ئاواتی خۆی، لەو باوەڕەم ئەم شیعرە دەشێ نەک تەنیا لە گۆشەنیگای دەروونییەوە بخوێنرێتەوە، بەڵکو جۆرە دەقێکی شیعریی سەرکەوتووە و دەشێت بۆ خوێندنەوە لەچەند گۆشەنیگایەکی دیکەی خوێندنەوەی بۆ بکرێ، ئەمەش یەکێکە لەخەسڵەتەکانی دەقی شیعریی شێرکۆ بێکەس وەک شاعیرێکی بلیمەت و داهێنەر.

# پیانۆی ڕۆژهەڵات
# ئەزموون و فەنتازیای شیعر

**خالید عوسمان تەها**

**«من لە سەرەتادا لەو ژانرە دێرینانەم وەرگرتووە (ئەفسانە و سیحر و بابەتەکانی دیکەی ناو داستان) وەک ماسک و ڕەمز بەکارم هێناون، بە تایبەت لە دیوانی دووەمم (تەمە سپییەکانی ڕوح)، بەڵام ئەمە قۆناغێک بوو ئیدی لەدوای ئەمە کۆتایی هات).**
**کەریم دەشتی - گۆڤاری کاروان (١٧٤ - ١٧٥).**

«پیانۆی ڕۆژهەڵات» کۆشیعرێکی کەریم دەشتی شاعیرە و ساڵی ٢٠٠٠ چاپ و بڵاوکراوەتەوە و تا ئێستاش ژمارەیەک نووسەر و ڕۆشنبیر و شیعرناس لەسەریان نووسیوە، هەندێکیان تاڕادەیەک توانیویانە لە سنووری دنیابینی شیعریی شاعیر نزیک بکەونەوە، بەڵام بە بۆچوونی من نەیانتوانیوە بچنە ناو قووڵایی ئەو دنیابینییەوە. هەندێکی دیکەشیان زۆر سەرپێیانە و بەبێ باکگراوندی دەوڵەمەندی ئەدەب زانییەوە ملی ڕێگایان بۆ ئەو دنیا تایبەتە گرتووەتە بەر، بەڵام لەبەر پەی نەبردنیان بە ڕێگاکە لەنیوەی ڕێگا هەڵەتە بوونە، تەنانەت ڕێگای گەڕانەوەشیان لێ ون بووە، بەڵام هەرچۆنێک بێت هەر هەموویان هەوڵی بێ سوود نین و کەموزۆر جێی خۆیان دەگرن.

دەکارم بڵێم «پیانۆی ڕۆژهەڵات» ئەزموونێکی تایبەتە و زیادەیەکی ترە بۆ سەر دیدی شیعری نوێی کوردی، هەروەک چۆن شاعیر خۆی ئاماژەی پێ کردووە و لە دێڕەکانی سەرەوەی ناو دوو جووتە کەوانەدا کردوومە بە کلیلی هاتنە ناو بابەتەکەم.

لە ڕاستیدا بەبێ زێدەڕۆیی و دوور لە هەموو موجامەلەیەک وشە شیعرییەکانی دەشتی چەشنی باڵندەی سرک و دەستەمۆ نەکراو وان و هەر زوو بە بێچوویی باڵ دەگرن و شارەزای هەموو کونوکەلەبەر و قوژبنێک دەبن، کە گەورەش بوون هەر مەپرسە دەبنە چۆن ڕێناس و جوانناس و شوێنناسێک، بەڵام شوێنی ئاسایی نا، بەڵکو شوێنی واتایی بە سەلیقەی دەربڕینی ئەدەبی باڵا.

وشە لە شیعرەکانیدا کۆدی ئەندێشە و ڕامان و دیدی قووڵ و ناباو و سنوور بەزێن و هەڵێنجەرەو خۆی مەڵاس دەداو سێرە لە نادیار و پەی پێنەبراوەکان دەگرێت و ڕامیان دەکات و دەیانگرێت، بەڵام ئازاریان نادات، بەڵکو ڕواڵەتی زۆر دەگمەنی دیکەیان لێ پێکدەهێنێت، یان وەک ڕاوچییەکی کارامە و قاڵ بوو و پیشەگەری ئەزموندار بە هێواشی دەیانپێکێت، یان باشتر وایە بڵێم بۆ ماوەیەکی کاتی سڕیان دەکات. ڕاوی سرووتیانە و سەختی دەشتی کۆتایی نایەت، کە ڕاویش کۆتایی نەیەت، ڕاوچیش لە جەربەزەییەکەی کۆتایی نایەت، کە هەر ئەمەشە نهێنی بەردەوامی و کارامەیی و خۆ تەرخانکردن و ساردنەبوونەوە و هەڵبژاردن و جوان



کەریم دەشتی

نمایشکردن و بریسکاندن.

**کتێبی نۆستالژیا**

«کەڵەکێوی» : مرۆڤ تا دەمرێ هەر چاوەڕوانە.. چاوەڕوانی پەرجوویەک، شتێکی نەکراو.. ئەمەش پاساو و لۆژیکە بۆ بڕوابوون و کارکردن بۆ ئایینده، ئەو ئاییندەیەی، کە دوو ڕەهەندی دژ بە یەکی لەخۆ گرتووە؛ یەکێکیان پۆزەتیڤە و لە یۆتۆپیایەکی ڕزگارکەردا وێنا دەکرێ و ئەوی دیکەشیان کۆتایی حەتمییە و گۆڕستانی خەون و هیواکانە و پەیوەستە بەحوکمی زەمەن. بێ گومان چاوەڕوانییە تاڵەکان دەیگەننە ئەوپەڕی بێزاری و خۆ خواردنەوە و بێهوودەیی. ئەم جۆرە چاوەڕوانییەش هیچ ئومێد و پانتاییەکی گەشی تێدانییە، بە تایبەتیش لە دوو باردا؛ یەکێکیان لەدوای تەمەنی چل و پێنج ساڵی و ئەوی دیکەشیان نامۆبوونی کولتووری و کۆمەڵایەتی و ڕامیارییە لە زەمەنی جیهانگەرایی سەرمایەداری بازرگانیدا کاتێ مرۆڤ دەبێتە شت و بەها مرۆیی و جوانییەکان پاشەکشەیەکی ترسناک و تۆقێنەر دەکەن و ژیانی تاکەکان واتای نامێنێ و تاک لە سوڕگەیەکی سنووردارا جوولەیەکی ڕۆژانەی بێهوودە دەکات و هەموو شت و ئامرازە گەورەکانیش بچووک دەکاتەوە بۆ ناو ژوورێکی نیمچە مردوو و ڕێگایەک و چەند لقە ڕێگایەکی سارد و سڕی لەخۆ نەگیراوە و فەرامۆش کراو، کە بە کورتی دەتوانین ناوی بنێین دۆزەخی، یان دوورخراوگەیەکی ئێستای تێدا ژیاو و هەست پێکراو لەناویشیدا وێستگە زەمەنبەندییە دابەشکراوەکانی زەمەن بە لۆژیک و نەریتێکی نەگۆڕاو و کۆنباوی عورفی تێکەڵ بە تێگەیشتنی ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی سەقەت، کە کۆی چاوەڕوانییەکانی مرۆڤ لە پەیکەرە ئێسقانێکی داپۆشراو بە پێستەی فریودەر، ئەگینا شەکەت و داهێزراو و درزبردوو و لەرزۆک و کات بەسەرچوو و ناکارا گرد دەکەنەوە و ئامادەی دەکەن بۆ فڕێدان و ونکردنی لەنێو ونگەیەکی هەتا هەتایی بێ ویژدانانە. ئەگەر ئەم ڕەوشە نالەبارەی مرۆڤی کوردیش بۆ زەمەن بگەڕێنینەوە، ئەوە دەبێ ئاماژە بەم زەمەنە بکەین، کە پڕ کراو و بارگاوی کراو و قورس کراو و دزێوکراوە بە چەمکە ئایدیۆلۆژییە ڕووخێنەرەکان، کە دروستکراوی تێگەیشتنی چەوتن لە مێژوو و کولتوور و زانین و ژیان لەسەر ئەم زەمینە و بەردەوام تابووری مرۆڤە نەزان و ساویلکەکان فریودەدەن و بەدکارانە بەناوی بڕواو چاکەخوازییەوە فریویان دەدەن و وەهاشیان لێ دەکەن خۆیان، خۆیان فریو بدەن.

«کەڵەکێوی» هەوڵێکی بێ هوودەی شاعیرە بۆ مانەوە لەنێو (بازنەی کەینوونەی کردەکیدا)، بەڵام وەک هەر تاکێکی دیکەی ئاسایی مەحکوم بە ڕاستییەکی سەپاو، ئەگەرچی بشکەوێتە ناو بازنەی «هەبوون- کەینوونە»، بەڵام وێستگە زەمەنییەکان شوێنی ئەو پشوانەن کە مرۆڤ لە خەوێکی خەڵەتێنەر و دڵدەرەوە واگا دێننەوە و ئاوێنەی زەمەنیش لە زیندانی تازیانە بەدەستان، دەرگەی ئازادبوونی خۆویستانە لەسەر کۆیلەی یاخی دادەخەن و ناچاری دەکەن سەری ڕێز بۆ تازیانە بەدەستەکانی بەر دەرگە نزم بکات و بەو بەشە قایل بێت، کە بۆی دیار دەکرێ.

دەروون و ڕوح - یاخی و خوخەڵەتێن
جەستە - زیندانی جەللادی زەمەن

لە «کەڵەکێوی»دا چاوەڕوانیی ڕەهەندێکە لە هزر و ئەندێشە، ئامادەبوونە بۆ تراژیدیایەکی شاردراوە. خاڵێکە بۆ دەرکەوتن و هۆگربوون ئاواتخواستنێکی بێهوودەیە بۆ تەواوبوونی مرۆڤانەی سروشتی. چاوەڕوانی یەکێک لەنێو چوارچێوەی چوارچێوە گشتییەکەی زەمەنی فیزیکی. «یەکێکی نادیار» دەیناسێ و نایناسێ، کە ڕەنگە فریادڕەسێکی مینۆکی (واتایی) بێت، یان هۆگر و ئاشنایەکی مرۆڤدۆست بێت، بەڵام ئایا لەنێوان کەتوار و

ئەندێشەدا ڕێکەوت، یان پەرجوویەکی بەختـهێنەر لە دەقێکی ڕامانکاریدا چۆن فۆرمولە دەکرێت؟ ئا لێرەدا وەهمی شیعری، وەزیفەی دەروونی دەبینێت و ئەدەب لە ئەرکی بەرجەستەکردن دوور دەخاتەوە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە ئایا ئەوەی، کە ئەستەمە دەکرێ ببێ؟.. وەڵامێکی سەختە، چونکە ئەگەر ببوایە، ئەوە ئەوی تا ئەو ساتە لە چاوەڕوانیدا نەدەهێشتەوە. کەواتە نۆستالژیا ئەو پانتاییەیە، کە جێگەی ئەو هەموو خەونانەی لێ دەبێتەوە، کە نایەڵن بە ئاسانی مرۆڤی هەستیار دەستەمۆ بێت و بە ئاسانیش پەراوێز بکرێت. دەشکرێ نۆستالژیا یاخیبوونێکی کاتیی بێ لەو ویستگانەی کە مرۆڤ بەرەو دۆزەخی ونگە ڕاپێچ دەکەن.

دەشتی، گەمەی خۆی دەکات، گەمەی زمانی نۆستالژیا جا چ دەبێ با ببێ، ئەو دەیسەلمێنێ، کە یاخییە، ئەوی تریش هیچی لەگەڵ ناکرێ. ئەو گەلە ئەندازەیەکی جوانت بۆ لە مەتریالی مرواری زمان دادەڕێژێ. ئەوە دروست دەکات و ئیدی بۆ خوێنەری جێ دەهێڵێ.

ئەم دۆخە لەنێو بازنەی هەبووندا دوا هەوڵی پۆزەتیڤ و کاراو فەرێکی جاویدانییە. ئیدی لەمە زێتر چی بکات؟ خوێنەریش ڕاوبۆچوونی خۆی هەیە.

ڕاستییەک هەیە، ئەویش ئەوەیە شاعیران لە فەیلەسووفان خۆڕاگرترو بە بەرهەمترن و لە هیچەوە و لە خاڵێکەوە دەست پێ دەکەن تا چەندین بازنەی هەمە ئەندازە لەناو بازنەیەکی گەورەدا دروست دەکەن، کە دەکرێ بە گەلەماڵی شاعیر دابنرێن. ماڵی شاعیریش دەسەڵاتێکی بێ وێنەو بێ هاوتای زمان و ئەندێشە و شوێن و فانتازیاو ئیستێتیکاو خەون و بەرەنگاربوونەوە و جیاوازبوونە لە ڕێگەی کاریگەرترین ئامرازی بێ هاوتا، کە ئەویش «دەربڕینە»، بەو پێیەی «دەربڕین» بزوێنەر و خوڵقێنەری هەموو ئەمانەی پێشووە. سەبارەت بەو حەشاماتەش، کە لەژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیا، یان بەهۆی پەی پێ نەبردنەوە دژی شیعر هەڵوێست دەنوێنن، یان گوتاری سیاسی و لاهووتی دەیانجوولێنێ و ئاراستەیان دەکات، دەکرێ بڵێین ئەوانە لە نهێنییە پڕ توانستەکانی شیعر تێنەگەیشتوون، یان ئەوەتا شیعر بە پەیامێکی مۆراڵی، یان ئامۆژگاری دەزانن، شیعر لای ئەوانە دەقێکی پەرداختی سەربەخۆی خوڵقێنەر نییە، یان بە پاساوی بەناو شیعری کرچوکاڵ و هەرگیز ناشیعر، هەڵوێستی نێگەتیڤ لە بەرانبەر دەقی داهێنەرانە دەنوێنن.

ڕێگە بەخۆم دەدەم بڵێم شیعر گرەوی لە فەلسەفە بردووەتەوە، چونکە پەیکەرێکی بەهێز و زیندووی هەیە، کە ئەویش زمانە، زمانیش لەنێو دەقی ئەفرێندراودا نە لاواز دەبێ و نە لە ناویش دەچێت، کەچی دەمێکە فەلسەفە بوونی ڕاستەقینەی خۆی لە دەست داوە و ئەرکەکەی خۆیشی بە «هزر» سپاردووە. ئەوەشی جێی بایەخە و هەڵوەستە و ڕامانی دەوێ، ئەوەیە کاتی خۆی ئەفلاتوون شاعیرانی لە کۆمارە تۆباوییەکەی خۆی دەرکرد و هەر بەوەندەش نەوەستا دژ بە ئیستێتیکاش وەستاو داوای کرد فەلسەفە بخرێتە ناو بەرنامەکانی خوێندنەوە. دەسا با بزانین و بانگەوازی دەرکردنی شاعیران لە کۆمارەکەیدا چ سوودێکی هەبوو.. بە پێچەوانەوە فەلسەفە بە هەموو مەزنایەتی خۆیەوە پاشەکشەی کردووە (بێ گومان ئەمەش کارەساتە و سوپایەکی لەنەزانان دروست کردووە)، کەچی شیعر ئەو حەربا دینامیکی و خۆ گۆڕ و خۆ گونجێنەر و یاخییە، مامەڵە لەگەڵ چەند توخم و ئامرازێک دەکات، هەر بە زیندوویی مایەوە، بێجگە لەوەش شیعر بەرەنگاری زەمەنی فیزیکی دەبێتەوە و زەمەنێکی دیکە دروست دەکات، کە بە زەمەنی شیعر ناسراوە، کە کەموزۆر شاعیر خودی جیاوازی پێ دەهێنێتەدی و واتایەکی جوانتر بە ژیانی تاک و کۆمەڵ دەبەخشێت و مەزنێتییەکەی بەرجەستە دەکات.

ئەوەتا «دەشتی» باس لە خەم و پرسی تاک بە زمانێکی سەرووباو دەکات و خواستەکانی «منی باڵا» دێنێتە دی، ئەویش لە ڕێگەی دیدارێکی ناباو لەگەڵ کەسێکی ناباو لە زەمەنێکی ناباو و دەیەوێ ئاشنای بێ، بەڵام گومانی هەیە بە تەواوی ئاشنا بێ لە زەمەن و شوێنی خودی شاعیر، کە دەکرێ ئەو کەسە گۆدۆیەک بێت، یان ڕزگارکەرێک، یان هاوکارێکی بە ویژدان، بەڵام ئەگەر دەریش نەکەوێت شاعیر بەرەو خۆ سڕینەوە، یان وازهێنان لە شیعر، یان ژیان نابات..

**«ئەبارێ و نابارێ**
**ئەبینم یەکێ دێ و لە پەنا سووچێکا**
**زۆر بە تاسووقەوە چاوەڕوانیم ئەکا**
**ئەیناسم.. نایناسم**
**جار جارە برووسکی چاوانی**
**وەک چاوی کەڵێکی بریندار**
**دەستم پێ شل ئەکا**
**لێی نزیک ئەبمەوە و ناگەمە ئاکامی**
**دەستم لە سێبەری بڵندی گیر ئەبێ**
**ئەوەندەی پێ ناچێ**

**وەک ئەسپی ئەفسانە ون ئەبێ...»**

دەشــتی، هەســتی ناوەوە و زەین دەخـاتە کـارو لە ڕامـانێکی تیـژگیـردا لە واقیـعی زەق دادەبڕێ، ئەو دابڕانەی، کە مەرجێکی فیزیۆلۆژییە بۆ شۆڕبوونەوە و وردبوونەوە و ڕامکردنی شــتــە ناباو و نادیار و ورد و سرکەکان.

«سێبەر» نهێنییەکی سەیر و سەرنجڕاکێشە و هەمیشە مـرۆڤی هۆشـیـار سـەرقـاڵ دەکـات. مـرۆڤ بۆ خـۆی بوونەوەرێکی نامۆیە، ئەی دەبێ سێبەرەکەی چەند نامۆ بێت، ئەو سێبەرەی، کە بە نەمانی مرۆڤەکە شوێنەواری نامێنێ؟!.

«سـێـبـەر» لە ڕووی زانسـتـیـیـەوە زانراوە و لێکدانەوەیەکی فـیـزیکی بۆ دەکـرێ، بەڵام دەشـتـی ڕەهەندێکی دیکەی نافیزیکی بە «سێبەر» دەبەخشێت، ئەویش ڕەهەندێکی مـیـتـافـیـزیکی فـانـتـازی، لە ئەنجامیشدا «سێبەر» پرسیارە کەینوونییەکەی مرۆڤ لە مەڕ خـۆی و گـەردوون چڕتر و بەرجەسـتـەتر دەکـات و گومـانیش لە کـۆیلەتییـەکـەی دروست دەکـات و لەنێو سرووت و ئامادەبوونێکی ئەفسانەییدا بوونێکی دیکەی پێ دەبەخشێ، کە ڕەنگە هاوواتا و هاوشێوەی ڕوح بێت و نایەڵێ بە یەکجاری ون بێت و وەک سـیـمـبـولێکی ئەفـسـانـەیی نەسـتی ڕامـانکاریی جـار جـارە ئامـادەی چەشنی «خدری زیندە» دەیهێڵێتەوە، کە ئەمەیە ئەرکی شـیـعـر و نەپچڕان لەگـەڵ «ئەفـسـانە» کـە گـەورەترین ڕووبەری لە ئەتنۆگـرافـیـای نەتەوەکان داگـیـر کـردووە. لێرەشدا دەشتی دەچێتە گۆشەی خۆیەوە و گەمەی زەینی خـۆی دەکـات، کـە گـەمـەیەکی ترسناک و نائاسـاییـە و گـەمـەیەکـە بۆ بە فـەنتـازیکردنی مـەدلوولەکـانی وشـەو بەرهەمـهـێنانی وێنەی زۆر تایبـەت و نوێ لەودیوی شتەکان.

مـــالارمێ دەڵێت: «ئەو توانایـیـــە نائاســـایی و سەرسوڕهێنەرەی لە مێژووی شیعردا هەیە، بێ هاوتایە.. هەر شـاعـیـرێکیش بۆ گـەمـەکـردن دەچێـتـە ناو گـۆشـەی خـۆیەوە». مـالارمێ ئەفـسـانە زیندوو ناکـاتەوە، بەڵکو ئەفسـانەی تایبـەت بە شیـعر دەئافرێنێ و لەگـەڵیشـیدا وەزیفـەی زمانی شیـعر دەگـۆڕێت و کـودەتایەک بەسـەر شـیــعــری ترادســیـۆنی نەک هەر فــەڕەنســا، بەڵکـو ئەورووپاشدا دەکات.

لە دەقی «نۆسـتـالژیا»دا شـاعـیر زەمـەنی گـەنجیی بە ئاسکێکی خـێـرا دەچوێنێ.. وەسـفـێکی یەکـجـار ئیـستـێتـیکی و فەنتازییە.. ڕابردووی گەنجیی جوان و ڕازاوە و پڕ گـوڕ و تین و گـورجـوگـۆڵی و گـەشـبـینییـە. «ئاسکی خـێـرا» و «بەهاری کـورت» لێکچـواندنێکی ڕەوانبێژی گونجاوە، بەڵام لێرەدا شاعیر ئەوەی لەبیرچووە، کـە زەمــەنی «وەرز» هەمـــان زەمــەنە فـــیــزیکیــیــە سروشـتـییـەکـەی بکوژەکەیە و میرغـەزەبی بکوژی هەم «ئاسک» و هەم «مـرۆڤـیـشـە». لێـرەدا شـاعـیـر «وەرزی بەهار»ی لە دەسـەڵاتی سـروشـت جـودا کـردووەتەوە، لە ڕاستیـدا «وەرزی بەهار» شاهیدی لەناوچوونی مرۆڤ و بەشێکە لە دەسەڵاتی زەمەن، زەمەنیش مۆتەکەی بکوژی مـرۆڤـە لە غـیـابی بێ دەسـەڵاتی مـرۆڤـدا، لەوەش زێـتـر «بەهاری سـروشت» هەمـیـشـە چەند بارە دەبێـتـەوە، بەڵام هەرگـیــز «بەهاری مــرۆڤ و گــیــاندارانی دیکە» بۆ ماوەیەکی درێژ نوێ نابێتەوە.

ئەوەشی، کـە مـرۆڤی هەراسـان و بێ هیـوا کـردووە، ئەوەیە مرۆڤ باجی عـەقڵ و هۆش و هەسـتـە بەهێزەکانی دەدات، چونکە ئەگــــەر وەها نەبووایە، هەســــتی بە تراژیدیای تەمەن نەدەکرد، یان ڕاستتر وایە بڵێین هێندە چاوی لە نەمریی و مانەوە نەدەبوو، تەنانەت هەر عەقڵ و هۆش و پەی بردنیـشــە مـرۆڤی لەبەردەم زەبری زەمــانە یەکـجار لاواز کـردووە و خـسـتـوویەتییـە دۆشـدامـانێکی بەردەوام و بێ چارە.



له دەقی «پیری بخوور»دا، پیر لای دەشتی نموونەیەکی گەیشتنە بە خودی کامڵ. پیر ئەو ڕواژا (ملامح) نوورانییەیە، کە ڕەشبینی گەنج دەڕەوێنێتەوە و دۆخێکی پڕ بەهاو فۆرمولەی جۆرێکە لە بەیەکگەیشتن و بەردەوامیی ڕوحی. پیر لێرەدا هەر ئەو جەستە ماندوو و پڕ لۆچ و زەمانکوشتەیە نییە، کە دەبینرێ، بەڵکو پیر ناسنامە و مێژوو و ئەزموون و پیرۆزیی و خاکییەتی و فریاکار و فەرامۆشی هێن و ڕەوێنەرەوەی ترسی پیری و مردنە و دەرخەری بە ئاساییبوونی سوننەتی ژیانە. پیر چاکخواز و سەنگین و دلۆڤانە و نیشانەی بەردەوامی ژیان و ئاوەدانی و سرووتی ڕەسەن و هەڵگری پەیامی ڕوحیانەتە.

پیری شالیار و پیرانی زەردەشتی ڕەمزی پاکی و هەڵگری واتای دیار و شتە دیار و نادیارەکانی ژینگەی ئەم زێدەن. پیر ئێستاو ڕابردووە، هەڵقەی نێوانی ئێستا و ڕابردووە و دڵنیابەخشی سەر ڕێگە و لقە ڕێگەکانی ڕێبوارانی ئەم خاکەیە. شاعیر پەنا دەباتە بەر ڕوحانیەتێک، کە لە ڕوحی نەتەوە هەڵقوڵابێت و چاوگەی دلۆڤانی و خەون و بەڵێنە خۆشەکان و هەڵگری پەیامی جاویدانی دنیای دیکەن، کە دەکرێ وەک یۆتۆپیایەکی ڕۆژهەڵاتیی ڕەگ داکوتاوی نێوچەمکی ئەفسانە خوێندنەوەی بۆ بکرێ.

«یۆتۆپیایەکی ون»ی پاڵپشتیکراو بە هزری پیرۆزکراو، کە ئەویش ئەو فیردەوسەیە، کە مرۆڤە پاکەکان لەخۆ دەگرێ و ئارامگەی ئەو مرۆڤانەیە، کە ئارامیان هەیە. دواجاریش پیری ڕدێن سپی و ئاشتکەرەوەی نێوان دڵە لێک زویرەکان و مردن و ژیانە و ئاساییکەرەوەی جادووئامێزی ترس و گرژی و دڵەڕاوکێیە.

**«ئەی پیری پەرستگای میهر**<br>
**دەستم بگرە بینایی‌م ڕەش داگەڕاوە**<br>
**خەریکە ڕۆحم پڕ دەبێ**<br>
**لە وردە ژەنگی وەڕسی**<br>
**لە چڕە دووکەڵی جودایی**<br>
**دیدگام وا نغرۆ دەبێ**<br>
**دەستم بگرە تا بتوانم**<br>
**بە بای لوولدراوی دەستت**<br>
**بە تیشکی قەفتەبووی سینەت**<br>
**بەو بەرامەی لە لاسکە گوڵی بەهەشت و**<br>
**لە جۆگەلەی شیرت هێنا**<br>
**هەر بۆ ساتێ حەقیقەتی خۆم ببینم**<br>
**منیش دەمێ بەو سەبرەوە**<br>
**بکەومە پاوانی پیران».**

**«پیری بخوور»**

لە دەقی «هەڵوەرین»دا خەمێکی گەورە بە زۆر خۆی کردووە بە خودان و خانەخوێ، ئەویش خەمی «بوون» و «نهێلستی»یە ئەمە هەر بەزار ئاسانە ئەگینا هیچ شتێ لەم خەمە سەرقاڵکەرتر و وێرانکارتر نییە. خەمێکە بە هێمنی درز دەخاتە بناغەی ماڵی هەڵچنراوی ڕوح و جەستە و شوێنی تێدا ژیاوی خەون و ئاییندەی مرۆڤ، کە دواتر دیوار و بنمیچ و ساپیتەشی دەگرێتەوە. لای شاعیریش هەولێکی زیاتر و جەربەزەییەکی زیاتر هەیە، هەر لەبەر ئەوەش پەنا دەباتە بەر ئەفراندن و ماڵی شیعر دەکاتە ماڵی خۆی، کە ماڵێکی جیاوازە و توانایی مانەوەی هەیە. شاعیر شتە ئاسایی و ڕۆتینییەکانی ڕۆژانە بە هەند هەڵناگرێ، چونکە شتی گەوهەری و چارەنووساز نین و دەکرێ ڕۆژێ چەندبارە ببنەوە.. هەربۆیەش خەمی دەشتی ناڵاندنە بەدەست قەدەرێک، کە ئەویش «تەنیایی»یە، کە مرۆڤی زۆر هەستیار تێکدەشکێنێ و شیرازەی ژیان و بیرکردنەوەی کەتوارییانەی دەشێوێنێ و «تەنیایی» باجێکی گەورەیە، شاعیران و ئەفرێنەران دەیدەن لە پێناوی نووسینەوەی خۆیان و ئەوانی دیکە و ڕامکردنی ڕەگوریشە و ئامادەبوونیکی هۆشیارانە و بەرپرسانە و وردیلەکانی پرسی «بوون» و «نەبوون» ، کە هەندێ لە شارەزایان ئەم دۆخە داهێنانییە بە «نەخۆشی» و هەندێکی دیکە بە «کەماڵ» و هەندێکی دیکەش بە «شلەژانی دەروونی» ناوی دەبەن. بۆ ئەوەی یەکەم و سێیەمیشیان لە ئایینی، یان لە ڕێنمایی ئایینی ئیسلامدا چارەسەری بۆ دۆزراوەتەوە ئەویش لە ڕێگەی «ئەنتی ئەفراندن»ـەوە، واتا وازهێنان لە «بیدعە» و گەڕانەوە بۆ بە یەکگەیشتن و بەردەوامیی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی «سرووتی بە کۆمەڵی ئایینی» ، کە لە ڕێگەی قەناعەت و بیروباوەڕەوە کێشەی مرۆڤ چارەسەر دەکات، نەک لە ڕێی قووڵبوونەوە، یان لێکدانەوەی جۆراوجۆر، کە ڕەنگە مرۆڤ بەرەو گومان ببەن.

لە ڕاستیدا شاعیر بەبێ «گومان کردن» دەمرێ و لە شاعیرێتی و داهێنان دەکەوێ و ڕەنگە لە وەسفکارێکی کۆنباو بەولاوە هیچی دیکەی لێ چاوەڕوان نەکرێ. ئەمەش وەنەبێ قسەیەکی ڕاگوزەرانە بێت، بەڵکو خودی بڕوادارە ڕێچکە گرتووەکان بە ڕاستییەکی ڕەهای دەزانن

بەپێی لێکۆڵینەوە زانستییە دانپیانراوەکانیش «داهێنان»، «داهێنەران» تووشی دارمان دەکات، نموونەش لەم رووەوە زۆرن هەروەک «ئالوودەبوونی هێمینگوای» کە بووە هۆی ئیفلاسی سێکسی و خەمۆکی و ورێنەو چەوسانەوە و لای «فورمان میلکەر»یش بووە هۆی توندوتیژیی، «یووسف ئیدریس»یش هەڵچوون و تووشبوونی «ئیمیلی دیکنسۆن»یش بە گۆشەگیریی.

بەڵام چارەسەرێکی ئایینی بەوەی، کە ئیمڕۆ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەیە و بانگەشەیەکی فراوانی بۆ دەکرێ لەسەر ئاستێکی فراوان و بەکارکردن لەسەر هۆشی تاک و بە قۆستنەوەی بۆشایی مەعریفی ئەزموونگەریی، مردنی شاعیر دەگەیەنێ نەک چاکبوونەوەی، کەچی چارەسەرە زانستییەکان زۆر واقیعیانەتر ڕەفتار لەگەڵ ئەم بابەت و دۆخە دەکەن بەبێ ئەوەی ڕێگەی مردنی مەتریالی و واتایی یەکجارەکی پیشانی داهێنەر بدەن، ئەویش بریتییە لەو «شێواز و لێهاتووییانەی، کە پێویستە فێری بن لە هەوڵی گونجاندنی نێوان داواکارییە ململانێکارەکان. ئەویش لە ڕێگەی پرۆگرامێکی چارەسەرەوە، کە تەوەرە بنەڕەتییەکانی بریتین لە: «چارەسەرکردنی گوشارە جەستەییەکان و کۆششەکانی ماسوولکە... ڕاستکردنەوە و ڕێکخستنەوەی شێوازی ژیان لە رووی (جگەرەکێشان، ئالوودەبوون، ململانێی پیشەیی)، دوورکەوتنەوە لە ڕێگە ناعەقڵییەکان لە لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی ئەو کاروبارانەی کە بۆ هەندێ داهێنەر دەبنە هۆی ئێشوئازار و ناڵاندن و پشێوی دروست دەکەن و ڕەنگە ببنە هۆی لەباربردنی توانستی داهێنانیش.

باشترین چارەسەریش بەپێی لێکۆڵینەوە زانستییەکان، گەشەپێدانی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانە لە ڕێگەی پێوەندی بەستن لەگەڵ خەڵکانی دیکە و جەختکردن لەسەر بینینی گەلەڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی گونجاو».

بەم پێیە کاتێ شاعیر گۆشەی خۆی هەڵدەبژێرێ، بێ گومان گۆشەگیری دەبێتە هاودەمی و هەرگیزیش ژیانێکی بێ دڵەڕاوکێ و ئاسایی ناژی، ئەمەیە قەدەری ئەدیبان.

**«ئەوەتا دەشتایی گیانی ونی من**
**بە تەنهام لەپشت زنجیرە شاخی کتێبیان**
**بە تەنهام لەبەردەم مردنێ چەند سەختە**
**سەختە وەک ئەو ئەسپەی بە تەنها**
**لە دەمی هەڵەموتدا دەرمێ ڕۆح نادا**
**سەختە وەک ئەو ئاسکەی لە ڕەوگەل دادەبڕێ**
**بەڵام دەست لە سەمای بەرنادا**
**سەختە وەک گریانی ئەو دایکەی**
**بە ئەشک سەبوری بۆ دڵی خۆی دەکڕێ».**

دەقی «باخی فەنا» واتانامەیەکی ڕامانکارانەی شیعری و هەڵوەستەی هۆش و ئەندازەگەرییەکی پڕ ڕەنگ و ڕواڵەتە و ڕەنگ کردنی دەروونیش خەملێنەری دال و مەدلوولە و جادووی شیعری تێدا پەخش دەبێت و بەربەستی نێوان شیعر و شێوەکاریی تاڵێکی سوور و زیوینی کاڵە و بەخوێنی سروشت پشکۆی سووری گەش، کوانووی عەدەم، وێڵەکانی سەراب داڵدە دەدات.. وێنەی زەینی وەزیفەی شیعری لە توانستی شێوەکاریی جیاکردووەتەوە و تایبەتمەندییەکی پێ بەخشیوە، کە لە سنووری شێوەکاریش ڕەت دەدات.. لێرەدا هێزی دەربڕین تەواوکەری ئەو بۆشاییەیە کە فڵچە و هێڵی شێوەکاری تێیدا وچان دەدات، بەڵام جیاکردنەوەکە لەسەر ئاستی بینین و هەستدا نییە، بەڵکو لەسەر ئاستی بەرجەستەکردنێک بەرەو «بەواتاییبوون»، کە لێرەدا وەزیفەی شیعری گرانتر کردووە، بەڵام لە وەزیفەی شێوەکاری ڕەتی داوە و وشە شیعرییەکان بۆ خۆیان دەبن بە تابلۆی شیعریی، کە هەڵگری چەند ڕەهەندێکن وەک ڕەهەندی دال و ڕەهەندی مەدلوول و ڕەهەندی ئەندێشەیی و ڕەهەندی وێنای ڕەنگینی وشە و ڕۆنانی پەیکەری ڕستە، کە ئەمانە هەموو لەخۆ دەگرێت.. لە هەمووشی گرنگتر دەربڕینی شیعریی ناچێتە ژێر باری لاسایی.

**«بارانێ بوو لە هەڵووژە و سوورە بایێ بوو لە زەمبەق...تاد»**

بەڵام لە کۆپلەکانی دوای ئەمە، بە پێچەوانەی ئەم دێڕەی سەرەوە ناکرێ هیچ زیادە و ڕەتدان و داهێنانێک لەو حەسرەت و خەم و ئەفسووسە هەڵکرێنین، کە مرۆڤە ئاساییەکانی ناو کۆمەڵگە دەری دەبڕن، بەمەش پاشەکشەیەک لە وەزیفەی دەربڕینی شیعریی ڕوودەدات و لە ئاستی سکاڵاو حەسرەت گیری دەکات:

**«نەمانزانی کەی بالێ بووین**
**کەی تۆ یەکەم خەونی خوێنت بینی..؟**
**ئای کە نەوەیەکی بەدبەخت بووین**
**نەوەی ڕاکردن و ون بوون**
**نەوەی موزاهەرەو ڕمان**
**نەوەیەک لە جەنگی خورافات...تاد»**

لەم کۆپلەی خوارەوەدا شیعرییەتێکی ناوەنجی بەرجەستەکراوە:

**«چی بۆ ئێمە ماوەتەوە هاوڕێیەتی خەڵوەت نەبێ**

**هاوڕێیەتی ئەو گۆشەو کەنارانەی هێندە ژەهریان تیا ڕژاوە لەتاوان زەوی گوڵی عەبەسی گرتووە...**
**«بارانێ بوو لە کۆلارە و زەمانێ بوو لە شەبەق، کۆڕەوێ بوو بە دوای تەرمی باخۆسەوە کە زرینگەی پێکەکانی حەسرەت،**
**تەلارەکانی ئاسمانی لە شووشەی صەفا دەگرت...»**

لە کۆپلەیەکی دیکەی ئەم دەقەدا هەستی بەرزی ڕام نەکراوی شاعیریتی لە باوێتی بینین و وردبوونەوەی ئاسایی ڕەت دەدات.. بابەت و دیمەنەکان بابەتی بەرهەستن و مرۆڤی ئاسایی لەگەڵیدا دەژیت و ڕاستەوخۆش پێوەندی پێیانەوە هەیە، بەڵام وێناکردن ناگاتە ئەو ئەندێشە داهێنانییەی، کە زمانی بۆ تەوزیف دەکرێ لای شاعیر.

گۆڕانی مەتریالێک لە جوانێکی ئاسایی، یان لە ڕواڵەتێکی ئاساییەوە بۆ مەتریالێکی دیکەی وێنایی بەرجەستە، قورتارکردنی دیمەنێکی باوی نەخوازراو بۆ دیمەنێکی دیکەی بەرجەستە، بەڵام قبوولکراو بەبێ ناچاریی:

**«گۆڕێکی جوان لە تەمتومان..»**

ئەم دۆخە تایبەتە ناگشتییەش، دۆخی بەیەکەوە گرێدانی کرۆکە جوانگۆڕانە (تحول جمالي)یە سنوور بەزێنەکانی بەرجەستەی باوی وەستاوە، کە لە پانتاییەک لە ڕووبەرە دەست وێرا نەگەیشتووەکانی ناخی پڕ نهێنی و خواستە کاراکانی ناویدا، هەمیشە لە کارلێک و فۆرمولە بوونێکی سەختدایە، بەهۆی ئەو گوشارە زۆرەی، کە «من»ی واقیعی خۆ بەدەستەوەدەر و بەردەوام دەیخاتە سەری.

هەرگیز «گۆڕ» جوان نییە، بەڵکو «نەبوون»ـە، بەڵام هەروەک چۆن لای وەلی دێوانە «گۆڕ» هەم گەلە ئەندازەیەکی سوریالی و وێناکارانەی ڕەهەند جیاوازە، ئەوهاش لای دەشتی «گۆڕ» ڕەهەندێکی فەلسەفی و نەهێلستی پێ دەدرێت و کردنیشی بە «تەمتومان» ونبوونیەتی لەنێو نیشانەیەکی کارەساتباری لێکدانەوە هەڵنەگر، یان ونبوونێکی شەفاف و سووککردنی کارەساتە مرۆییەکە و هێشتنەوەی وەک پرسیارێکی دواخراو.

**«کێڵێ لە مەرمەڕی گومان».**

گومان کردن لە بوون و فەڕی ڕاستەقینەی «ماتریال» پرسێکی فەلسەفییە، شاعیریش لە پرس کردن و گومان کردن بەدەر نییە، مادام بە ڕێکەوت دەبێ و بەڕێکەوتیش دەمرێ. ئا لێرەدا «پووچیی» ژیان دەبێتە واقیعێکی سەپاوی تاڵ.. کەواتە هۆکار بۆ گومان هەیە، کەواتە «گومان» لە ڕاستییەکی زیندووەوە هەڵدەقوڵێت و «یەقینیش» پرسێکی ئایینییە و پرسیار هەڵناگرێت.

«کێل» مەتریالە، مەرمەڕ بێت، یان هەر مەتریالێکی دیکە، بەڵام «مەرمەڕی گومان» گومان کردنە لەو مەتریالەی کە «مەرمەڕ» و «مرۆڤ»یشی لێ خوڵقاوە، ئەمەش گومان کردنە لە «کرداری گۆڕان»، کە «بیرکردنەوە»ی مرۆڤیش دەخاتە گومانەوە، کەواتە دەکرێ ئەمانە شتی تر بن، یان هەر نەبن، مادام بوون کاتییە و پرسیارە گەورەکانیش بێ وەڵام دەمێننەوە.

**«پەرژینێ لە گوڵی بادەم».**

لە بنەڕەتدا «پەرژین» بۆ پاراستنی باخ و بێستان و کێڵگە بەکاردێت، کە بۆ خۆی «ناوێکی بەرجەستە»یە، کەچی لای شاعیر و هەندێ وێنەکێش بە تایبەت «ئەبستراکت» و «سوریالییەکان» و هونەرمەندانی دیکەی سینەما و شانۆ...تاد، دەبێت بە سیمبۆلێک و لە ڕواڵەتی ئاسایی دەردەچێ و ڕەهەندێکی دیکەی زەینی و بینینی وەردەگرێ، لەبەرانبەر چەمک و واتا و مەدلوولی ئاسایی، کە لە ڕستەی ئاسایی زمانی ڕۆژانەدا بەکاردێت و ئامرازێکە بۆ پێداویستی و ئەم مەدلوولە ئاساییەش لای جووتیارێک، باخەوانێک خانەی بایەخی یەکەم وەردەگرێت، کە ئەمەش شتێکی سروشتییە و لەگەڵ بۆچوون و واقیعی ژیان هاوتەریبە و هیچ بێ بایەخی و پەراوێزییەکیش لەخۆ ناگرێت، ئەو مۆسیقای گۆکردنەی وشەی «پەرژین»یش ڕیتمێکی یەکجار جووڵاو و هارمۆنیایەکی وێنەیی سەرنجڕاکێشی هەیە، ئەوەی زێتریش جێی ڕامانە، ئەم وشەیە لە زەین و عەقڵی ناوەوەی مرۆڤی سادە و ئاساییەوە هاتووەتە کایەوە، کەچی لای ئەو داهێنەرانەی کە لەدێرەکانی سەرەوە ئاماژەم پێکردن، ڕەنگە «پەرژین» ڕەهەندێکی ئیستێتیکی هەبێت و لە خانەی یەکەمی بایەخی ئەوان بێت و «پەرژین»ی ئاساییش ڕەنگە لە خانەی دووەمی بایەخیان بێت، کەچی ڕەنگە «ڕەهەندە ئیستێتیکییەکە» لای کشتیارەکە لە خانەی بایەخی دووەم، یان سێیەم بێت، یان لەوانەیە و کە ئەمەشیان واقیعەکەیە، هەر بە هیچ کلۆجێک جێی بایەخی ئەو نەبێت، بەڵام لەم دێڕە شیعرەی «دەشتی»دا «پەرژین-ی بادەم» بۆ ئەو پیرۆزییە دەگەڕێتەوە، کە لە نەست و هەستی مرۆڤی ئاسایی، یان کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە، کە ڕیشەکەی بۆ ئەفسانە کۆنەکانی ئەم ناوچەیە دەگەڕێتەوە، کەواتە لای «دەشتی» و لای مرۆڤی «ئاسایی»یش «بادەم» لە خانەی یەکەمی

بایەخدایە، لێرەشدا «داری بادەم» لەنەریتی کوردەواریدا دارێکی پیرۆزە و بۆ پاراستنیشی لە گۆڕستانی پیاوچاکاندا دەچێنرێ و خەڵکیش بوێریی ئەوە ناکەن دەست بۆ بەری دارەکە ببەن.

پیرۆزیی دەرگە و داری دارستان، یان گۆڕستان، لە داستانی سۆمەریدا بە ئاشکرا دیارە.

شاعیر «پەرژین» دروست ناکات، بەڵکو باخەوانێک، یان هەر کەسێکی دیکەی گوندنشین دروستی دەکات، ئەو دروستکردنە بۆ خۆی بەرهەمێکی بەکەڵک و جوانە، بە کەڵک وەک پێداویستییەکی مانەوە، جوانیش وەک پێداویستییەکی ڕاگوزەری پلە دوو، کە ڕەنگە سەبارەت بە باخەوانەکە، یان دروستکەری پەرژینەکە، ئینجا هەر کەسێک بێت، جوانییەکە گرنگییەکی ئەوتۆی نەبێت، بەڵام سەبارەت بە شاعیر ئەوەی دووەمیان کە جوانییەکەیە جێی بایەخە، کە ئەمەش جێی بایەخی زۆرینە نییە، هەربۆیەش دەقە شیعرییەکان نابنە جێ بایەخی ڕەشۆکی و لە ئاستی نوخبەدا گیر دەخۆن. ئا ئەمەیە کە خەڵکانێک پێی دەڵێن قەیرانی شیعر بە تایبەتی، یان قەیرانی ئەدەب بەگشتی، کەچی خۆی لەبنەڕەتدا، پرسەکە قەیران نییە و پێوەندی بە سروشتی بیرکردنەوە و ژیانی مرۆڤەکانەوە هەیە، بەڵام لە پیرۆزیی بەری بادەم و داری بادەم، شاعیر و مرۆڤێکی ئاسایی لە یەک ئاستدا دەبن، کە ئەویش «پیرۆزکردنە باوە ئەفسانەییەکەیە».

دەشتی نایەوێ حەسرەتەکان وەک چۆن بە شێوەیەکی کۆنباو (تقلیدی) بەڕێ دەکرێن، ئەوهاش لە مەزارێکی ئاسایی ساردوسڕدا کۆتایی بێت. ئەو بە ئاسانی خۆ بەدەستەوە نادات، کە دژ بەو خولیاو حەز و ئاوات و دۆزینەوانەیە، کە مرۆڤی هەست ناسک لە واقیعی ژیاندا بەرجەستەیان دەکات بە مەبەستی جۆشدانی گوڕ و تین و کار و کۆمکاریی و گۆڕینی بار و ئاراستەکان بەلای کەمکردنەوەی کاریگەریی سڕینەوەی مرۆڤ لە لایەن (دەسەڵاتی هێزی شەڕخوازی مرۆڤ و توندوتیژیی سروشت)ـەوە. ئا لێرەشدا «شاعیر» لە پەیامەکەیدا شوێن پێی زانایانی دۆزەرەوە دەکەوێت، یان لەگەڵیان ڕێ دەکات، هەربۆیەش حەسرەتە جوانەکان شایستەی ئەوە نین هەروا بێ دەنگ و بەخۆڕایی لەگۆڕ بنرێن، چونکە دۆزەرەوە، یان پرۆژەی هەنووکەیی و ئایندەین.

«مەزار» لەم دەقەدا دەکرێ وەک «مەزار» نەبێ لە باری ئاسایی ونبوویدا، ونبوونێک دابڕانێکی هەمیشەیی دروست بکات، بەڵکو دەکرێ «مەزار» پانتاییەک بێت لە «ناشوێن»، یان دۆنایدۆنێک بێت لە «جوانگۆڕان» «ڕەنگبینیی سەرووئاسایی» بە هەست کردنێکی جووڵاو و گۆڕاو «وچانێ لە پێستی سوورخنی ئەسپ، ئەسپێ لە خێرایی برووسکە...تاد»

لێرەدا هەست کردنێکی ویژدانی و وێنایی تێرکراو و دەوڵەمەند کراو کە لە باری هەست کردنی ئاسایی دەردەچێت، بەو پێیەی کارلێکەکە لەنێوان وشە و ڕەنگی دینامیکی شیعرییە کە دەکرێ بە ڕەنگ پۆشینی وشەکان «پێست و سورخن» و تەواوکاریی نێوانییان لە ئەندازەیەکی تایبەتدا بەرجەستەکراوە ئیستێتیکییە ئاساییە سەرنجڕاکێشە کە فۆرمولە بێت، بەڵام بوونی هەردوو وشەی «خێرایی برووسکە» و «وچان» بەرجەستەکراوەکەی بۆ بارێکی نائاسایی گۆڕیوە، ئەویش لە ڕێگەی گەمەکردن بە بینایی و دەرچوون لە وەستاویی شێوەکاریانەی تابلۆئامێز، پاشانیش دروست کردنی موفارەقەی نێوان دوو دیمەنی یەک بنەڕەت، بەڵام کات و فۆرم گۆڕاو. یەکێکیان برووسکە ئاساو ئەوی تریش لە دۆخی ئاسایی بینینی ئاسایی شێوەکاریدا، واتە لە کاتی دەربڕین لە ڕێگەی ڕستەوە «جووڵە زۆر خێرا برووسکەییەکە» باشتر دەردەکەوێت، چونکە دیمەنەکە بواری ئەندێشەلێکردنی زیاترە، بەڵام لە «وچان»دا بە پێچەوانەوە ئەندێشە لێکردنەکە لە چوارچێوەی چارەسەری شێوەکاریدا زیاتر کاریگەریی لەسەر بینەر دروست دەکات.

«سورخن» بۆ خۆی ئاوەڵناوێکی بەتایبەتکراوە و بووەتە زاراوەیەکی دەگمەن بەکارهاتووە و مەدلوولێکی ڕووناکبینیی ڕەنگییە، کە هەر لە تەنە جادووییەکەی ئەسپی ڕەسەن دەوەشێتەوە.

«پیانۆی ڕۆژهەڵات» گەلە دەقە شیعرێکی ڕێچکە گۆڕی دەقی باوە و سەرکەوتوانەش جێی خۆی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا دەگرێت.

**سەرچاوەکان:**

**١- پیانۆی ڕۆژهەڵات، کەریم دەشتی، شیعر، هەولێر ٢٠٠٠.**
**٢- گۆڤاری کاروان، دیمانە، ژمارە ١١٦، ساڵی ١٩٩٧.**
**٣- الحكمة الضائعة، الابداع والاضطراب النفسي والمجتمع، سلسلة عالم المعرفة تأليف/ د. عبدالستاد ابراهيم.**
**٤- دیمانە لەگەڵ مالارمێ، سەدەی نۆزدە، لە ئینتەرنێت، وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە، خالید عوسمان تەها، ڕۆژنامەی خەبات.**

# ئەدەبی بنیادنانەوەی مرۆڤ

## «لێکۆڵینەوەیەک لە کارەکانی نووسەری ئەڵمانی هاینریش بۆل»

**عەبدولغەنی کاکۆ**
**(ئەڵمانیا)**

**(٢ – ٢)**

**خەباتی نووسین لە ناو گرووپی چل و حەوت**

لە قۆناغی دوای کۆتایی هاتنی دووەمین جەنگی جیهانی ئەدیب و نووسەرانی ئەڵمان خۆیان لەناو کۆمەڵەیەکدا کۆکردەوە تا بتوانن بناغە بۆ ئەدەبێکی نوێ لە ئەڵمانیا دابرێژن، کە لاپەڕەی ئەو ڕۆژگارە ڕەشانەی جەنگ ئاودیو بکات و بە داهێنان و ئەفراندن لاپەڕەیەکی نوێ بۆ داهاتوو بکاتەوە، ناویان لەو کۆمەڵەیە نابوو گرووپی چل و حەوت. بۆل ئەندامێکی دامەزرێنەری ئەو کۆمەڵەیە بوو کە زۆربەی هەرە زۆری ئەدیب و نووسەرانی ئەڵمانی لە خۆی کۆکردەوە و چالاکییەکانی ئەو کۆمەڵەیە هەتا ناوەڕاستی شەستەکانیش هەر بەردەوام بوو.

ئەو کۆمەڵەیە بە شێوازی میکانیزمی کاری سیاسی و حزبی نەدەکرد، کۆمەڵەیەکی ئازاد بوو، ناوە ناوە ئەو ئەدیبانە لەشوێنێک کۆدەبوونەوە و بەرهەمەکانی خۆیان دەخوێندەوە و بڵاویان دەکردەوە، ئاستی ئازادی کارکردن لەو کۆمەڵەیەدا بەچەشنێک بوو کە کەس هەستی بە خۆبەستنەوەی توند پێیەوە نەدەکرد تا لەسەر هێڵێکی دیاری کراو ئەدیبەکان ناچاری نووسین بکات، ئەو کۆمەڵەیە هێندەی لەیەکتری نزیک کردنەوەی دەنگە نوێیەکانی ئەدەبی سەردەمی ئاشتی بنیادنانەوە بوون، هێندە کۆمەڵەیەک نەبوو لەسەر بناغەی ئینتیما بوون کار بکات، بۆیە سەیر نییە ئەگەر بۆل سەرەڕای ئەو ڕۆڵە کارایەی لەو کۆمەڵەیەدا دەیگێڕا بە دەنگی بەرز بڵێ من سەر بە هیچ گرووپێک نیم، تەنانەت لە دواتردا ڕەخنەشی لێ بگرێت. گرووپی چل و حەوت هەر لەساڵی ١٩٥٠وە ساڵانە ئەدیبێکی خەڵات دەکرد، ئەوەبوو خەڵاتی ساڵی ١٩٥١ بە هۆی چیرۆکی مەڕە ڕەشەکان، درایە هاینریش بۆل.

**جەنگ، یان خولانەوە لەناو بازنەی بێهوودەیی**

جەنگ لەلای بۆل لە کارێکی سەرشێتانە زیاتر نییە، سەردەمی ئاشتی و دواتر سەدەمی جەنگ، ئینجا قۆناغی دوای جەنگ لە جێهێشتنی شوێنەواری بێهوودەیی و دارمانی بەها جوانەکانی مرۆڤایەتی هیچ شتێکی تری لێ نایەتە کایەوە، بەراوردکردنی ئەو سێ قۆناغە، مرۆڤ دەخاتە بەردەم تێڕامان لە سووڕی بێ مانایی: (بنیادنان، ڕووخاندن، بنیادنانەوە) لەم قۆناغەی دواییدا مرۆڤ، بێجگە لەهەستی شەرمەزاری، بێزاری لە ژیان هەست



**هاينريش بۆل**

دەكات هيچى لە جەنگ و ماڵوێرانى دەست نەكەوتووە، بەڵام بۆل نايەوێ ئەو ڕاستييە لە چوارچێوەى وتارێكى ئەدەبى بخاتە ڕوو، يان بە زمانى وانە وتنەوە دەرسمان دابدات، ئەو دەزانێ بنيادنانەوە و دووبارە هەڵگەڕانەوە بەسەر كێوى ژيان تاكە ڕێگايەكە مرۆڤ بتوانێ بە هۆيەوە ڕووبەڕووى واقيع ببێتەوە. ئەم بيروبۆچوونانەى بۆل بە ڕوونى لە ڕۆمانى (بليارد لە نۆ و نيودا) ڕەنگ دەداتەوە. ئەم ڕۆمانە ساڵى ١٩٥٩ بلاو بۆتەوە، لەو كاتەى هەموو ململانێ سياسييەكانى ئەڵمانيا لە دەورى دووبارە بنيادنانەوەى وڵاتەكە چەقى گرتبوو.

بۆل بەم ڕۆمانەى جارێكى تر سەردەمى ڕايخى سێيەم ڕيسوا دەكاتەوە، بەوەى ئەوان لە قۆناغێكى مێژووى مرۆڤايەتى بەرپرسيارى ويران كردنى شارستانييەت بوون. جۆرج لۆكاش دەربارەى ئەو ڕۆمانە نووسيويەتى (تەقە كردنى بێ ماناى سەرشێتێك لە (بليارد لە نۆ و نيودا) كۆتايى دێت، ئەم ڕۆمانە يەكێكە لە ڕوونكردنەوە مرۆڤايەتييە دەگمەنەكانى ڕابردووى فاشيستى لە ئەڵمانيا، بەتايبەت چونكە لەم هەوڵەيدا مێژووى بەر لە هيتلەر و دواى هيتلەريشى كردۆتە مەبەست) (٣٦)

لە ميانى ئەو ڕۆمانەدا زۆر قووڵ و زۆر هونەرمەندانە باس لە هەر سێ ڕەگەزى ئەو سوورە داخراوە دەكات، كە بێجگە لە خودى مرۆڤ خۆى شتێكى تر لێى بەرپرسيار نييە. بۆ ئەم مەبەستە دێت ئەم ڕاستييەمان لە چوارچێوەى وێنەيەكدا بۆ كورت دەكاتەوە، وێنەى خێزانێك. لە ناو ئەو خێزانەدا سێ نەوەى سێ سەردەمى جياواز كۆدەكاتەوە، كوڕ و باوك و باپير، كە هەريەكەيان شاهێدى قۆناغێكن لەو سوورەى لە ساڵى ١٩٠٧ تا ساڵى ١٩٥٨ى خاياندووە. لەم ساڵەى دواييدا لە ئێوارەى ڕۆژێكى مانگى ڕەزبەردا (هاينريش فێهمل)ى باپيرە بۆ ئاهەنگى جەژنى لە دايك بوونى خۆى كوڕ و نەوەكانى خۆى بانگهێشت دەكات. لەو ئێوارەيەدا مێژووى وڵاتێك بە هەموو قۆناغەكانى شەڕ و ئاشتى خۆيان سەر ئاو دەخەن. (ڕۆبەرت فێهمل) كوڕى (هاينريش فێهمل)ـە، ئەويش دوو كوڕى گەنجى هەيە (يووسف و ڕوت)، هەر هەموويان لەو كۆبوونەوەيەدان. بۆل ئەم سێ نەوەيە هەروەك شاهێدێكى زيندووى ڕووداوەكان پيشان نادات، بەڵكو ئەوانە دەكاتە كارەكتەرى كاراى ناو ڕووداوەكانى ئەو سێ قۆناغە. چۆن؟

ڕۆبەرت هەموو بەيانييەك لە سەعات نۆ و نيو تا دە و نيو لە ميوانخانەى (شازادە هاينريش) يارى بليارد دەكات، لەوێ دەبێتە هاوڕێى كوڕە شاگردێكى ميوانخانەكە، ڕۆژانە سەرگوزشتەى خانەوادەكەى بۆ ئەو شاگردە دەگێڕێتەوە، لەوێوە دەردەكەوێ كە (هاينريش) ى باوكى بيناسازێكى كۆنە و كاتى خۆى گرێبەستى بۆ بنيادنانى ديرى (ست ئەنتۆن) كردووە. ڕۆبەرت ئەوە دەگێڕێتەوە كە باوكى بە دڵێكى چەند خۆشەوە، بە چ جۆرە حەماسەتێكەوە ئەو ديرەى بنيادناوە، چەند شانازى بەو كارەى خۆيەوە دەكرد، ئينجا ڕۆبەرت باس لە خۆى دەكات، كە لە دووەم جەنگى جيهانيدا ئەوكاتەى بۆتە سەرباز، كردوويانە بە تەقينەرەوە لە هێزى بەرگرى. ڕۆبەرت ئەوە دەگێڕێتەوە كە ئەم خۆى ساڵى ١٩٤٥ لە ڕۆژەكانى كۆتايى جەنگدا پاش ئەوەى لەلايەن ژەنەڕاڵێكەوە فەرمانى پێ دەدرێت، ديرى (ست ئەنتۆن) دەتەقێنێتەوە.

يوسفى كوڕى ڕۆبەرت، گەنجێكە و ئەندازيارى

بیناسازی تەواو کردووە، پاش ئەوەی چەند ساڵێکە جەنگ کۆتایی هاتووە و دەوڵەت لە هەوڵی بنیادنانەوەی شوێنەوارە خاپوورکراوەکاندایە، یووسف بەرێکەوت گرێبەستێک لەگەڵ شارەوانی مۆر دەکات بۆ هاوبەشی کردن لە بنیادنانەوەی دێری (ست ئەنتۆن). یووسف هەتا ئەو ئێوارەیەی لەو میوانخانەیەدا لە ئاهەنگی لەدایک بوونی باپیرەی بەشداری دەکات، نازانێ باوکی خۆی ئەو کەسە بووە کە دێرەکەی تەقاندۆتەوە. لێرەوە ناکۆکی نێوان نەوەکان خۆی بەرجەستە دەکات، یووسف ناتوانێ لە بنیادنانەوەی شوێنێک بەشداری بکات کە هێشتا شوێنەوارەکانی دەستی باوکی بە خاپوورکردنییەوە دیارە، ئەو هەستی شەرمەزارییە وای لێ دەکات بڕیار بدات گرێبەستەکە هەڵبوەشێنێتەوە. دیارە ئەم ڕووداوانە لە میانی گێڕانەوەیەکی زۆر چڕ و فراواندا، لە میانی دیالۆگ و گەڕانەوە بۆ بیرەوەری ڕۆژگاری ڕابردوو بە چەشنێکی ئەدەبی زۆر بەرز داڕێژراون، بۆیە لە کاتی خوێندنەوەیدا هەست دەکەیت وەک کارل کۆرن دەڵێ"بۆل وتارمان بۆ ناخوێنێتەوە و وانەمان پێ ناڵێتەوە"(٣٧)

تا ململانێی نەوەکانمان وەک وانەیەکی مێژوویی بخاتە بەردەم، ئەو کاری لە ناو ئەدەبدا کردووە، ئەدەبێکی باڵا، بۆیە ناکرێ ئەم ڕۆمانە وەک چیرۆکی شەو بخوێنرێتەوە، (٣٨)

چونکە بەو سادەییە نەنووسراوە کە بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە بدا، ئەمەش سیمای جیاکەرەوەی هەموو نووسینەکانی بۆلە لە بواری ڕۆماننووسیندا.

## بەشی سێیەم

## نووسین لە نێو ململانێی ئاراستە جیاوازەکانی بنیادنانەوە

ئەڵمانیای دوای کۆتایی هاتنی دووەمین جەنگی جیهانی یەکێک لە برینداترین ئەو وڵاتانە بوو کە بەشداری جەنگەکە بوون، ئەوەش ئاکامێکی حەتمی بۆ وڵاتێک کە سەرکردایەتی بەرەیەکی جەنگەکەی دەکرد و لە حاڵەتی هێرش بردنێکی بێ ئەماندا بوو، ئەگەر هێزێکی سەربازی خاوەن توانایی وەک سوپای هاوپەیمانەکان نەبووایە، ئەوە نەدەزانرا ئاکامەکانی ئەو جەنگە چیتری بەسەر داهاتووی وڵاتانی دنیا دەهێنا. ئەڵمانیا لەو کاتەدا هەر تەنیا بەدەست داڕمانی ژێرخانی ئابووری و هەرەسی دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە نەیدەناڵاند، بەڵکو گیرۆدەی هەرەسی ڕوحیش ببووەوە، ئەو جەنگەی نازییەکان بەرپایان کرد لە تێکوپێک شکاندنی لایەنی کەسایەتی و دەروونی مرۆڤی ئەڵمانی هیچی تری لێ نەهاتە کایەوە. ئەو وڵاتە وێرانە دەبووایە جارێکی تر لەسەرەتاوە دەست پێ بکاتەوە، دەوڵەت دابمەزرێنێتەوە، دەوڵەتێک کە بتوانێ جارێکی تر کەسایەتییەکی دروست بۆ هاووڵاتییەکانی بنیاد بنێتەوە. ئەو قۆناغە، سەردەمێکی زۆر سەخت و پڕ لە کێشمەکێش بوو، (کۆنراد ئەدێناوەر) کە لەو سەردەمەدا سەرۆکی یەکەمین حکوومەتی ئەڵمانیای دوای جەنگ بوو، کەوتبووە بەردەم دوو ئەرکی مێژوویی گرنگ، لەلایەک بنیادنانەوەی ژێرخانی داڕماوی ئابووری وڵات و دووبارە بنیادنانەوەی سەدان شاروشارۆچکە و دێهاتی ڕووخاو، کە ئەگەر کەسێک لەو کاتەدا ئەڵمانیای بەو چەشنە ببینیبایە هەرگیز باوەڕی نەدەکرد ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو وڵاتە بتوانێ بکەوێتەوە سەر پێی خۆی. ئەرکێکی تری ئەو حکوومەتەی ئەدێناوەر بریتیبوو لە بنیادنانی وڵاتێکی دامەزراو لەسەر بنەمای ئازادی و دیموکراتی و مافی مرۆڤ، تا لە سایەیدا جارێکی تر ئەو قەوارە ڕوحییە داڕماوەی مرۆڤی ئەڵمانی بەدەستییەوە دەیناڵان بنیاد بنێتەوە. ئەمەش کارێکی سەخت بوو بەقەد ئەرکی یەکەم سەخت. هەڵبەتە ئەگەر وڵاتانی هاوپەیمان ڕۆڵی کارایان لەو پرۆسە مێژووییەدا نەگێڕابایە، ئەوە ئەو قۆناغە بە ئاسانی بەسەر نەدەچوو. بۆل وەک نووسەرێک نەیدەویست دەستەوەستان لە دووری ئەو پرۆسەیە بوەستێ و بەشداری لەو ئەرکە مێژووییەدا نەکات، ئەو هەمیشە دەیویست ئەو دیاردانە بخاتە ڕوو کە سیاسەت بە جددی بە لایاندا نەدەڕۆیشت، خۆ ڕەنگە لە خوێندنەوەی مێژووی سیاسی نووسراوی ئەو وڵاتەدا هێندە وردەکارییەکانی ئەو قۆناغە بەدی نەکەین وەک لە نووسینەکانی بۆلدا دەیاندۆزینەوە.

دیارە بۆل هەر لەسەرەوەختی کۆتایی هاتنی جەنگدا هەستی بەو ململانێ سیاسییە دەکرد لە نێوان هێزی کۆنە پارێز و هێزە دیموکراتخوازەکان. کۆنە پارێزەکان جارێکی تر دەیانویست سیاسەتی دەوڵەت بەرەو تاکڕەوی و ئایدیۆلۆژیای کەنیسەی کاسۆلیکی ئاراستە بکەن، یان لە



جۆرج لۆكاش

شێوەیەکی دیکەدا هەوڵی ژیاندنەوەی نازیەت بدەن، بەڵام چونکە خەڵک لەو کاتەدا هێشتا دیکتاتۆریەتی نازییەکانی لەبیر نەچووبووەوە، ئەوانە شانسی جەماوەرییان زۆر کەم بوو، بۆیە لایەنگرانی کاسۆلیکی ئەو هەڵەیان قۆستبووەوە، بەڵام لە لەبەرانبەریاندا هێزە دیموکراتخوازەکان لەهەوڵی ئەوەدا بوون کە ئیتر نابێ دەوڵەت لەژێر دەسەڵاتی یەک تێڕوانینی ئایدیۆلۆژیدا خۆی دابمەزرێنێتەوە، ئەوان پێیان وابوو مرۆڤی ئەڵمانی دەبێ تێن بداتەوە بەرخۆی و کار بکات تا لەسەرەتاوە دەوڵەتێک دابمەزرێنێ کە ئیتر هەموو مرۆڤەکانی تێیدا بە ئازادی بەشداری بکەن لە بنیادنانەوەی ئایندەی وڵاتەکە. بۆل هەر زوو لەو بوارەدا دەست بەکاربوو، هەروەک چۆن لە یەکەم ڕۆمانی بڵاونەکراوەی لەسەردەمی خۆی بەناوی، (فریشتەکە بێ دەنگ دەبێ-١٩٤٦)دا هەوڵی دەرخستنی ئەو ململانێیە دەدات، بە هەمان شێوەش لە کورتە چیرۆکی (فریشتەکە-١٩٥١)دا، جارێکی تر ئەو تێمایە دەورووژێنێ. لەو چیرۆکەدا بۆل باس لە کڵێسایەک دەکات کە کەوتۆتە ژێر بۆردومانێکی ڕۆژانی جەنگ، لە ئەنجامدا بنمیچەکەی دارماوە و ناوەوەی پڕ بووە لە قوڕ و لیتە، پەیکەری مەرمەڕینی فریشتەیەکیش لە کۆڵەکەیەکدا جیا بۆتەوە و بە لا شکاوی کەوتۆتە ناو قوڕ و لیتەکەوە، (وا دەهاتە بەرچاو وەک ئەوەی گوێ لە شتێک بگرێ، کەس نەیدەزانی ئایا ڕوخسارەکەی نەفرەت نیشان دەدا، یان ئێشوئازار، بێ دەنگ و خامۆش بوو)(٣٩)

قەشەکە لەگەڵ چەند خزمەتکارێکی کەنیسەکە بە ئەسپایی پەیکەری شکاوی فریشتەکە دەنێژن، قەشەکە مردن بە بیری خەڵکەکە دەهێنێتەوە. بۆل لەو چیرۆکەدا دەیەوێ بەو دەسەڵاتە بڵێ هیچ شتێ لە ناو بگرەوبەردەکانی ژیاندا لەسەرووی واقیعەوە نییە، ئەوەتا پەیکەرەکەش وەک هەر شتێکی شارەکە دەشکێ و لە پارچە بەردێک زیاتر نییە، کەواتە دەبێ واقیعیانەتر مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکاندا بکرێ. ئەگەر ئەو پارچە بەردانە وەڵامیان بۆ ئەو هەموو پێشهات و گۆڕانانە پێ نەبێت، ئەوە دەبێت مرۆڤ خۆی وەڵامی ئەو واقیعانە بداتەوە.

ئەوەی جێگای سرنجی نووسەرێکی وەک بۆل بوو لە ساڵانی دوای کۆتایی هاتنی جەنگ، ژیانی تاکەکانی کۆمەڵ بوو لە ناو ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییەی کە هێڵی جیاوازییە چینایەتییەکانی زۆر زیاتر لەجاران خۆیان لەو قۆناغەدا بەرجەستە دەکرد، سەرگەردان بوونی مرۆڤەکان، لێک هەڵوەشانەوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، تێکچوونی شیرازەی خێزان.

بۆل سەرەڕای ئەوەی لە ڕۆمانەکانیدا زۆر باس لە بازرگان و سوودمەندانی جەنگ دەکات، بەڵام ئەو ڕاستییەش لەبەر چاو دەگرێ کە جەنگ، هەرەس و ماڵوێرانی بۆ هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکان دەهێنێ، ئەگەر ئەو ماڵوێرانییە لەسەر ئاستی مادیش نەبێ، ئەگەر سەروەت و سامانەکانیشیان لەدەست نەدات، ئەوە لەسەر ئاستی دەروونی کاریگەری خراپ بەجێ دەهێڵێ و زەبری کوشندە بە مرۆڤەکان دەگەیەنێ، بەجۆرێک زۆر بە زەحمەت بتوانن بکەونەوە سەر کەناڵی ژیانی ئاسایی خۆیان. ئەو بۆچوونەی بۆل زۆر بەروونی لە ڕۆمانی (ماڵی بێ پاسەوان)دا خراوەتە ڕوو. وەک بڵێی ئەو ڕۆمانە بە تەواوەتی بۆ پێداگرتن لەسەر ئەم بۆچوونە بنیاد نرابێ، ئەمەش کارێکی دانسقەی بۆلە لەبواری داهێنانەکانیدا، لەکاتێکدا ئەدەبیاتی دوای جەنگ بە

زۆری رووناکی خستۆته سەر یەک چینی کۆمەڵایەتی زەرەرمەند لە جەنگ، بۆل لەو ڕۆمانەیدا هاتووە بە شێوەیەکی تەریب کاریگەرییەکان لەسەر ژیانی مرۆڤ لە نێوان دوو چینی کۆمەڵایەتی بەراورد دەکات. بۆ ئەوەی دەری بخات هیچ کەسێک بە سەلامەتی لەدەست جەنگ و شوێنەوارەکانی جەنگ رزگاری نابێت، ئەوانەی لەسەردەمی ئاشتی چەپڵە بۆ جەنگ لێ دەدەن و دەبنە هۆی هەڵگیرساندن و خۆشکردنی ئاگری جەنگ، دەشێ ئاکامەکانی ئەو جەنگە زۆر خراپتر بەسەر خۆیاندا بشکێتەوە.

ڕۆمانی (ماڵی بێ پاسەوان) ساڵی ١٩٥٤ بڵاوکراوەتەوە. لەو ڕۆمانەدا باس لە دوو مێردمنداڵی هاوپۆلی یەکتری دەکات، (مارتین و هاینریش)، ئەم دوو مێردمنداڵە تەمەن دوازدە ساڵانییە، هەردووانیان بێ باوک ماونەتەوە. لەو ڕۆژەی باوکیان بە سەربازی بۆ بەرەکانی جەنگ نێردراون، ئیتر نەگەڕاونەتەوە. مارتین لە خێزانێکی دەوڵەمەندە، خەمی ژیان و گوزەرانیان نییە، دایکی مارتین ئافرەتێکی ڕۆشنبیرە و دەستی نووسینی هەیە، دەتوانێ شیعر بنووسێ و لەلای خەڵکی ناسراو بێت، بەڵام هاینریش لە خێزانێکی هەژاردا دەژی، ئەو هەژارییە وا لە هاینریش دەکات بەشێکی ئەرکی گوزەرانی ماڵ بگرێتە ئەستۆ. دایکی هاینریش لەبەر هەژاری وەک یەک چڵە ئێسقانی لێهاتووە، تەنانەت پارەی ئەوەی نییە لەلای دکتۆر تاقمێکی ددان بۆ خۆی دروست بکات. لەکاتێکدا مارتین پێویستی بە کارکردن و خۆ ماندووکردن نییە بۆ دابین کردنی قووتی ڕۆژانە، هاینریش دەبێ کاری قورس بکات، حەماڵی بکات، لە بازاڕی ڕەش کاربکات. هەردوو هاوپۆلەکەی یەکتری بە هۆی جیاوازی بوونیان لە دوو چینی کۆمەڵایەتی جیاوازدا، بەدوو ئاراستەی جیاواز ڕووبەڕووی چارەنووسی ژیانی داهاتووی خۆیان دەبنەوە.

ئەوە لەلایەک، لەلایەکی تر دایکەکانیشیان هەریەکەیان بە جۆرێک لە ناو خەم و پەژارەی شوێنەوارەکانی جەنگدا دەژین.( ئیلا باخ) ی دایکی مارتین، بە هۆی سەروەت و سامانەکەی پێویستی بەوە نییە مێرد بکاتەوە، تا لەسایەی مێردەکەیدا ژیانی خۆی مسۆگەر بکات، بەڵام ئەو سەروەت و سامانەی نەیتوانیوە بەختەوەری بۆ بهێنێ، ئێلا هەمیشە لەناو خەمێکی قووڵی ژیاندا دەژی، خەمی نەتوانینی بۆ دووبارە دەست کردنەوە بە ژیان لەگەڵ پیاوێکی تر، ئەو بەردەوام لە ناو بازنەی مۆنۆلۆگێکدا دەخولێتەوە، مۆنۆلۆگی لەدەست چوونی ڕابردووی:

"دەبوو ژیان چۆن بووایە ئەگەر (ڕای) لەم جەنگەدا تێ نەچووبووایە؟"(٤٠)

هەڵبەتە ئێلا خەونی زۆر و جۆراوجۆری هەبووە بۆ ژیانی داهاتووی لەگەڵ (ڕای) مێردی، بەڵام جەنگ هەرەس بە هەموو نەخشە و پلانەکانی دەهێنێ، ئەگینا (ئێلا) وا بیر دەکاتەوە، ئەگەر ئەو کارەساتەیان بەسەر نەهاتبایە، ئەوە "لەگەڵ ڕای ژیان بە چاکی دەگوزەرا، من هەر بە دڵسۆزی لەگەڵی دەمامەوە و دەمانتوانی منداڵی زیاتر بخەینەوە، بەڵام کوژرانی ئەو تێکی شکاندم (٤١)

ئەمە لەکاتێکدا دایکی (هاینریش) بە هۆی لەدەستدانی مێردەکەی بە تەواوی سەری لێ دەشێوێ، ئەو دەیەوێ پیاوێکی هەبێ تا هیچ نەبێ بتوانێ لەو ژیانە نالەبارەدا دەستگیرۆیی بکات، بەڵام ناتوانێ لەو هەنگاوەی بە تەواوەتی سەر بکەوێ، بۆیە هاینریش دەبێ بەو پیاوانە ڕازی بێ کە ئەو دەبێ وەک (مام) حیسابیان بۆ بکات کە دەبن بە دۆستی دایکی. ئەو پیاوانەی تەنیا دەیانەوێ لە مێینایەتییەکەی دایکی سوودمەند بن، یەکێ لەوانە (مام لیۆ)ـە، ئەو (بەراز)ـەی منداڵێک لە دایکی دەخاتەوە. وشەی بەراز لە زمانی ڕۆژانەی خەڵکی ئەڵمان وەک هێمایەک بۆ مرۆڤی زۆڵ و بەدڕەوشت، هەندێ جاریش بە واتای مرۆڤی سپڵە بەکاردێت، بۆل لەم ڕۆمانەدا هێندە بە چەشنێکی واقیعی و بە هەستێکی مرۆڤانە مامەڵە لەگەڵ ئەو چەشنە دیاردەیە دەکات بەو ئاستەی نووسەری ئەڵمانی بەناوبگ هوگۆ کۆیفەر ئەو ڕۆمانە وەک کارێکی سۆسیۆلۆژی ناو دەبات، کارێک کە بابەتێکی ژیانی ڕۆژانەی وەک گرفتی گۆڕینی (مێرد) بە (مام) بگوازێتەوە بۆ ئاستێکی شیعری(٤٢)

ئەمە لەکاتێکدا ئەوکاتەی دایکی هاینریش لەگەڵ کابرای نانەوا دەبێتە مامی شەشەمی هاینریش و دەیانەوێ ماڵی خۆیان بۆ نانەواخانەکە بگوازنەوە کەسێکی خەڵکی کۆڵانەکە بە دایکی هاینریش دەڵێ "لە ئابڕوو چوونێکەوە بۆ ئابڕووچوونێکی تر"، بەڵام بۆل

هەرگیز تێڕوانینی واقیعیانەی بۆ قوربانییەکانی ڕۆژانی جەنگ ناهێنێتە ئەو ئاستەی تێڕوانی باوی ناو کۆمەڵگە. ئەوە جیاوازی مامەڵەکردنی ئەدەبە بۆ کێشە مرۆڤایەتییەکان، کە هەمیشە لە گۆشەنیگای واقیعی لەدەرگای ئەو کێشانە دەدات.

## خۆشەویستی وەک هێزێک بۆ بنیادنانەوەی ژیان

بۆل لە زۆربەی کارەکانیدا دەیەوێ ئەوە بخاتە ڕوو کە جەنگ لە پشتی هەر ئایدیۆلۆژیایەکەوە هەڵبگیرسێنرێت و درێژە بستێنێ، لە کۆتاییدا ناتوانێ تاسەر دیوار و لەمپەر بخاتە نێوان مرۆڤەکان، ئەو دەیەوێ لەم ڕێگایەوە پێمان بڵێ خۆشەویستی وەک شتێکی جەوهەری هەمیشە فاکتەری دووبارە بنیادنانەوەی پێوەندی نێوان مرۆڤەکانە، هەر ئەو فاکتەرەیە کە لە ڕۆمانی (تاقە وشەیەکیشی نەگوت)دا هەوڵ دەدات فوو بە پشکۆی خۆشەویستی نێوان فرێد و کێتە دا بکات، تا جارێکی تر باری ئەو سەرگەردانییەی لەدوای جەنگەوە تێی کەوتوون سووکتر بکات. ئەو ڕۆمانەی بۆل ساڵی ١٩٥٣ بڵاو بۆتەوە، ئەوکاتە ئەڵمانیا هێشتا شانۆی هەزاران چیرۆکی سەرگەردانی و ماڵوێرانی مرۆڤەکانی دوای جەنگ بوو. فرێد و کێتە سێ منداڵیان هەیە و بەیەکەوە لە خانوویەکی زۆر بچووکدا دەژین، فرێد بەرگەی ئەو هەرا و زەنایەی ماڵەوە ناگرێ، دەزانێ ئەو ژوورە بەشی هەر پێنجیان ناکات، بۆیە ماڵەوە بەجێ دەهێڵێ، جاروبار لەدەرەوەی ماڵەوە لە خانوویەک، یان لەپەنای خانوویەکی ڕووخاودا لەگەڵ کێتە یەکتری دەبینن. ئەو هەژاری و بێکاری و دەست کورتییەی ئەوان تێدا دەژین ڕێگرە لەبەردەم ئەوەی بتوانن لەژێر بنمیچی ماڵێکی دڵگیردا بە شێوەیەکی ئاسایی بژین، بۆیە شیرازەی خێزانییان دەکەوێتە سەر لێواری لەیەکترازان و لێک هەڵوەشانەوە. فرێد لەناو کەشی سەختی دوای جەنگدا وەک تاکێک لەناو کۆمەڵگەیەکی کارەساتبار تووشی ونبوون دەبێ. فرێد یەکێکە لەو قوربانیانەی جەنگ سەری لێ شێواندووە، هێلانەیەکی شیاو بۆ ژیان نادۆزێتەوە کە تێیدا بتوانێ درێژە بە خۆشەویستییەکەی بدات لەگەڵ کێتەی دایکی منداڵەکانی، ئەوانیش وەک هەزاران کەسی دیکە ماڵیان وێران بووە، ئەو لە کێتە بێزار نییە، ئەوان کێشەی خۆشەویستییان نییە:

"...من هەرگیز لەگەڵ تۆدا بێزار نەبوومە، هیوادارم تۆش هەروا بوبیت لەگەڵ من"

تێدەش بە هەمان هەست وەڵامی دەداتەوە "نەخێر من هەرگیز بێزار نەبوومە لەگەڵ تۆ"(٤٣)

لە ڕاستیدا شیرازەی خێزانی لە نێوان (فرێد و تێدە) دا تێکچووە، هەریەکەیان لە دنیایەکدا دەژین و هەریەکەیان بە دوای گیروگرفتەکانی ژیانی خۆیدا ڕادەکات، هەرچەندە (تێدە) زیاتر لەژێر کاریگەری بنەماکانی پێوەندی خێزانیدا ماوەتەوە بەهۆی بەخێو کردنی منداڵەکانی، هەر ئەو بەستنەوەیەشە کە وای لێدەکات سێبەری باوەڕی کاسۆلیکی زیاتر دایبپۆشێ، بەڵام فرێد بەهۆی سەرگەردانی لەدەرەوەی ماڵ، بە هۆی دەست ڕانەگەیشتنی بە هەلێکی باشتری ژیان، لەناو کەشێکی دەروونی نالەباردا دەژی، تراژیدیای جەنگ لە خەیاڵی ئەودا زیندووە، ئەو کاتی خۆی کە لەو جەنگەدا لە بەشی بگۆڕی تەلەفۆنەکانی سوپا کاری دەکرد گوێی لەو هەموو ژمارە زۆرە دەبوو کە لەپێوەندییەکاندا ئاڵوگۆڕ دەکران ئەو ژمارانە هەمووی هی کوژراوەکانی جەنگ بوون، هەمووی هی قوربانییەکانی ئەو ساڵانە بوون کە تێیدا کارەسات و ماڵوێرانی گەورە بەسەر وڵاتەکەیدا هات.

ئەو ژمارانە لە خەیاڵی فرێد دا تەنیا بوونەتە مایەی نەفرەت کردن لەجەنگ، جەنگێک کە لە دوای کۆتایی هاتنی ئەمی تووشی سەرلێشێواوی کردووە. بۆل لەم ڕۆمانەدا تەکنیکێکی تایبەتی لەگێڕانەوەدا بەکارهێناوە، بەشەکانی ڕۆمانەکەی بە نۆرە دابەش کردۆتە سەر هەردوو پاڵەوانەکە، بەجۆرێک لەبەشێکدا فرێد ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە لە بەشەکەی تردا (تێدە) دەیگێڕێتەوە. دیارە مەبەستی بۆل لەو تەکنیکەدا زیاتر تیشک خستنە سەر تایبەتمەندییەکانی ژیانی ئەو دوو کارەکتەرە بووە، تا بەرەو کۆتاییەکی گەشبینانەمان ببات، ئەوە لەکاتێکدا سەرتاپای ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە لە میانی دوو تا سێ ڕۆژ ڕوودەدەن، لەو ماوەیەدا کە ماوەی خۆ ئامادەکردنی هەریەکە لە فرێد و کێتەیە تا بتوانن یەکتری ببین، یەکتر بینینێک هەرچەندە وا پێدەچێت بۆ ئەوە بێت کە ئیتر بەتەواوەتی لەیەکتری جیا ببنەوە، بەڵام تا ئەو کاتە

خۆشەویستی لە نێوانیاندا نەک هەر کۆتایی نەهاتووە، بەڵکو فرێد هیوا دەخوازێ کە هەمیشە وەک ئێستا خۆشی بوێت:

"خۆش دەبوو لە ژیانێکی دیکەدا بتبینمەوە، تێیدا بمتوانیبایە وەک ئێستا خۆشم بوێی، بەبێ ئەوەی مارەت بکەم"(٤٤)

ڕەنگ بوو ببێتە خاڵی کۆتایی پێوەندی نێوانیان و بە یەکجاری ماڵئاوایی لەیەکتری بکەن، یان ببێتە کۆتایی بۆ پێوەندییەکی خۆشەویستی دە ساڵە، بە پێچەوانەوە دەبێتەوە سەرەتایەکی تازە بۆ دەست پێکردنەوەی خۆشەویستی، ئەو خۆشەویستییەی کە سەرئەنجام وا لە فرێد دەکات بۆ باوەشی گەرمی خێزانەکەی بگەڕێتەوە.

حاڵەتی دەست پێکردنەوەی ژیانێکی تازە بەهۆی خۆشەویستییەوە، وەک هێزێکی گەورە لە پرۆسەی بنیادنانەوەی بنەما مۆراڵییەکان لە پێوەندی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکاندا، هەر لەم ڕۆمانەیدا باس نەکراوە، بەڵکو تێمای خۆشەویستی لە کارەکانی سەرەتای نووسین و بڵاوکردنەوەی چیرۆک و ڕۆمانەکانی بۆل شتێکی زۆر بەرچاوە، دیارە بۆل لەپەنای ئەمەوە ویستوویەتی پەیامێکی مرۆڤانە ڕابگەیەنێ تا خەڵک لەو ساڵە سەختانەی دوای کۆتایی جەنگ بتوانن جارێکی تر ورە بێننەوە بەر خۆیان و ڕووبەڕووی ژیان ببنەوە. دارمانی لایەنە ڕوحی و دەروونییەکانی مرۆڤ لە قۆناغی دوای جەنگ، بەتایبەتی لە وڵاتێکی وەک ئەڵمانیا، کە ڕژێمی نازی بە سەرکردایەتی هیتلەر سەدان خەون و خەیاڵی بۆ مرۆڤەکان دروست کردبوو، نەوەیەکی بەو خەون و خەیاڵە شێتانەیە گۆش کردبوو، گۆش کردنێک کە ملیۆنان مرۆڤی ئەو وڵاتە هەموو ئایندەیەکی خۆیان پەیوەست کردبوو بە هاتنەدی ئەو خەونانە، کەچی شکستی کوشندەی هیتلەر و خۆبەدەستەوەدانی ئەڵمانیا، ڕاچڵەکینێکی وەهای لەو وڵاتە وێرانەیەدا دروست کرد، کە مرۆڤەکانی لەو خەوە قووڵەیاندا هۆشیار ببنەوە، ئەوانەی زۆر بەتوندی هەواداری نازییەکان بوون، هەست بە هەڵخەڵەتاندنی خۆیان بکەن، بێجگە لە کەسانی چڵێس و هەلپەرست و خۆ گونجێنەر لەگەڵ هەموو بارودۆخێکی جۆراوجۆر، ئەوانی تر لەناو هەستێکی زۆر سەختی ڕەنجەڕۆییدا دەژیان، بەشێکی زۆریش لە بەرهەڵستکارانی جەنگ کە باوەڕیان بە ئایدیۆلۆژیای نازییەکان نەبوو، ئەوانیش خۆیان بە قوربانی ئەو جەنگە دەزانی. بەم چەشنە هەموو مرۆڤەکانی ئەڵمانیای دوای جەنگ لە حاڵەتێکی سەختی وێران بوونی دەروونیدا دەژیان، ئا لەوکاتەدا هاینریش بۆل لەڕێگەی ئەو چیرۆک و ڕۆمانانەی خۆشەویستیان دەکردە مۆتیڤی دووبارە دەست دانەوە ژیان، هەوڵی بنیادنانەوەی ئەو لایەنە دارماوانەی لە ڕوح و دەروونی مرۆڤەکانەوە دەدا. ئەو هەوڵەشی بە تەواوەتی لە نۆڤێلی (نانی ساڵانی زوو)دا بەرجەستە دەبێ.

نۆڤێلی (نانی ساڵانی زوو) ساڵی ١٩٥٥ نووسراوە، بۆل لەو نۆڤێلەدا باس لەو کەشی کۆنەپارێزییەی خەڵکانێک دەکات، کە هەمیشە لەسەردەمی جەنگدا سوودمەند بوون و دەیانەوێ لەسەردەمی ئاشتیشدا بەهەمان شێوە سوودمەدبن، بۆیە ئەوانە لەشەڕی هێشتنەوەی کۆمەڵگادان لەو قاڵبەی جەنگ بەسەر ژیانی خەڵکیدا دەیسەپێنێ، ئەوانە هەمیشە لێ قەوماوی و نەداری خەڵکی سەرگەردان و هەژار بۆ بەرژەوەندی خۆیان قۆرخ دەکەن. کۆنەپارێزی و چەقبەستنی ژیان هەمیشە لە بەرژەوەندی ئەو جۆرە بازرگانانەدا دەمێنێتەوە، مرۆڤی دوای جەنگ، کە هەست بە تێکشکان و هەرەسی ناوخۆی دەکات، هەمیشە لە حاڵەتی ترس و بێ متمانەییدا دەژی، ترس لە گۆڕان، متمانە نەکردن بە داهاتوو، ئەوە تەواو ئەو حاڵەتەیە کە (فێندریش) ی پاڵەوانی نۆڤێلی (نانی ساڵانی زوو) پێیدا گوزەر دەکات، بەڵام خۆشەویستی جارێکی دیکە وەک فریادڕەسێک ڕوحی بەبەردا دەکاتەوە. فێندریش پاش ئەوەی لەناو هەژاری و برسێتییەکی یەکجار سەختدا ژیاوە، چەند ساڵێکە شارەکەی خۆی جێ هێشتووە و بۆ خوێندنی پیشەیی ڕووی لەشارێکی دیکە کردووە، لەوێ چەند ساڵێک دەکەوێتە بەر دەستی کابرایەکی چڵێسی تەماعکار، کە خاوەنی وەرشەیەکە و فێندریش بۆ فێربوونی پراکتیکی لەوێ کار دەکات. ئەو چەند ساڵە هێندە دەردی برسێتی و بێ نانی دەکێشێ، کە ئیتر ئەو برسێتییە لەساڵانی داهاتوویشیدا هەر شوێنەواری خۆی لە سەر باری کەسایەتی ئەودا جێ دەهێڵێ:

"... بیر کردنەوە لە نانێکی گەرم منی شێت دەکرد،

گەلێک جار سەر لە ئێواران چەندین سەعات بەناو شاردا دەسوورامەوە، بێجگە لە نان بیرم لە هیچ شتێکی تر نەدەکردەوە. چاوم سوور دەبووەوە، هێز لە ئەژنۆمدا نەدەما، وام هەست دەکرد شتێکی گورگ ئاسا لە هەناومدایە. نان. بە نان ئالوودە ببووم، وەک چۆن مرۆڤ بە مۆرفین ئالوودە دەبێ"(٤٥)

فێندریش دەیبینێ بەهۆی ماندوو بوون و ئارەقەڕشتنی چەندان کەسی برسی وەک خۆی، مرۆڤە چڵێسەکانی وەک (ڤێکڤێفەر)ی خاوەن کارگەکە تیکەی چەور دەخۆن، بۆیە ئەو جۆرە مرۆڤانە لە تێڕوانینی فێندریشدا شایستەی ئەوە نین شەرمیان لێ بکرێ و بە شکۆوە لێیان بڕوانرێ، کچی خاوەن کارگەکە هاوڕێی فێندریشە، بەڵام ناتوانێ خۆشی بوێت، چونکە دەزانێ خۆشگوزەرانی ئەو کچە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە هەمیشە کە یادی ئەو پیرەژنە دڵ پڕ لە بەزەییە دەکاتەوە کە لە چێشتخانەی نەخۆشخانەیەک بە دزی نەخۆشەکانەوە خواردنە زیادەکان بەسەر فێندریش و چەند کەسانێکی برسیدا دابەش دەکات، گەورەیی ئەو مرۆڤە لەگەڵ دۆست و ناسیاوەکانی ئولای کچی خاوەن کارگەکە بەراورد دەکات کاتێ بە کەشوفشی دەیانبینێ، بە بۆنوبەرامە و جلوبەرگەکانیان هەڵناخەڵەتێ ئەو جەوهەری مرۆڤەکان دەبینێ:

"جادووگەرانە، سرنج ڕاکێشی ئەو کەسانەم لە ناخی خۆمدا فڕێ دەدایە دەرەوە، بۆنوبەرامەو جلوبەرگەکانم لە بەر دادەماڵین..."(٤٦)

هەر ئەو برسێتییە سەختەیە فێندریش ناچار دەکات دزی لە خاوەن کارگەکە بکات، جارێکیان هیتەرێک لە کارخانەکە دەدزێ تا بیفرۆشێ و پارەکەی بۆ خۆی بە نان بدات، کە پاش چەندین ساڵ دوای ئەوەی فێندریش دەکەوێتە سەر قاچی خۆی بۆ ژیان ئەو کارەی وەک پاڵەپەستۆیەکی دەروونی لە دژی بەکار دەهێننەوە بۆ ئەوەی ناوی بزڕێنن. نان لەم نۆڤێلەدا بۆتە چەقی ڕووداوەکان. هەرچەندە کۆمەڵگەی ئەڵمانی دوای جەنگ بەدەست زۆر جۆرە تەنگژەی پێداویستییەکانی ژیان دەیناڵاند، بەڵام (بۆل بێ بەش بوونە مەتریالییەکانی ساڵانی سەرەتای پەنجاکانی بەچەشنێکی فراوان نیشان نەداوە، بەڵکو هەموو ئەو قاتوقڕییەی لە وێنەیەکی ئاڵۆزی ناندا کورت کردۆتەوە).(٤٧)

چونکە هەوڵ و کۆشش لە پێناو نان، ڕاستگۆترین وێنەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی نیشان دەدات، بە هەموو لایەنەکانی خۆپەرستی و بەرژەوەندی پارێزی و چاوبرسێتی لەلایەک، ئینجا قوربانیدان و دڵسۆزی و گیانی بەزەیی لەلایەکەی تر.

هەموو ڕووداوەکانی ئەو نۆڤێلە لەناو یاد و بیرەوەرییەکانی پاڵەوانی چیرۆکەکە دەخرێنە ڕوو، لەو کاتەی دەیەوێ (هێدڤیگ)ی کچە هاوشارییەکەی خۆی ببینێ کە یەکەم ڕۆژیەتی بۆ خوێندن هاتۆتە ئەو شارە و هەر لەیەکەم بینینی خۆشی دەوێت. ڕووداوەکانی ئەو نۆڤێلە وەک (مانفرێد دورتساک) دەڵێ:

لەچەند سەعاتێکی کەمی تەنیا ڕۆژێکدا چڕکراونەتەوە، بەڵام لەو چوارچێوەی ئەو چەند سەعاتەدا ڕاچڵەکینێکی وەها لەژیانی پاڵەوانی ئەو چیرۆکەدا ڕوودەدا، وەک بڵێی بۆل بیەوێ هەموو ئەو پەیامەی لەژیانی خۆیدا ویستوویەتی لەڕێگەی نووسینەکانی بیگەیەنێت لەو نۆڤێلەدا کورتی کردبێتەوە.(٤٨)

خۆشەویستی (هێدڤیگ) کە بەچەشنێکی فریادڕەسانە و وەک ڕێکەوتێکی چاوەڕوان نەکراو دێتە بەردەمی، ئەو خۆشەویستییە سنوورێک بۆ ئەوە دادەنێ کە ئیتر وەک مرۆڤێکی داخراوو دابڕاو لەدەوروبەر، وەک کەسێکی ساردوسڕ تەنیا ئەو ڕۆژانە بژمێرێ کە بەردەوام لە ژیانیدا دووبارە دەبنەوە. ئەو خۆشەویستییە وا لە فێندریش دەکات کە ئیتر سنوورێک بۆ ئەو ژیانە بێ تامویۆیە دابنێ و بەچەشنێکی ڕادیکاڵانە یاخی بوونی خۆی لەو دووبارە بوونەوە پڕ لە بێهوودەییە ڕابگەیەنێ و سەرلەنوێ دەست بە ژیانێکی تر بکاتەوە. بۆل وەک لە کارەکانی تری پێشووی کە ئاماژەمان پێکرد، دەیەوێ بڵێ لەو کاتە سەخت و ناخۆشانەدا کە کارەساتەکان هێشتا خوێن لە برینی جەستەی کۆمەڵگەدا دێنن، دەکرێت خۆشەویستی ببێتە باشترین فریاد ڕەسی ڕاستەقینە بۆ دووبارە دەست پێکردنەوە بە ژیان و بنیادنانی ئایندەیەکی تازە.

هەڵبەتە دەبێ ئاماژە بەوە بدرێ ڕۆمان و چیرۆک و نۆڤێلەکانی بۆل زیاتر هەڵگری سیما تراژیدییەکانی ژیانن، ئەو تراژیدیا خەمبارەی بۆتە کۆتایی بۆ نۆڤێلی (شەمەندەفەرەکە لەکاتی خۆیدا گەیشت)، بە چەشنێکی

کـاریگەرتر لە نۆڤـێلی (ئادەم تۆ لەکـوێ بوویت؟) و (ئابڕووی ڕژاوی کـاتارینا بلوم)و چەندی چیـرۆکی تردا دووبارە بوونەتەوە. کەمتـر بابەتی خۆش کۆتایین، بەڵام لەم دوو کارەی پێشتری (تاکە وشەیەکیشی نەگوت) و (نانی ساڵانی زوو)دا، پاڵەوانەکانی لەترۆپکی ونبوون و بێهودەییدا جارێکی تر بۆ باوەشی ژیان دەگەڕێنەوە.

## کۆمێدیای هەلپەرستی لەدوای تراژێدیای جەنگ

دیالۆگی نێـوان ئەو ئاراسـتـە جـیـاوازانەی لە سـەرزەمـینەی سـیـاسی و فـیکری ئەوکـاتە خـۆیان دەردەخست، بوونە بنەمای بەرجەستەبوونی قۆناغێکی پڕ لە ململانێ لە ساڵەکانی دواتری پاش کۆتایی هاتنی جەنگ.

خۆهێنانە پێشەوەی ئەو قۆناغە وەک بڵێی شتێکی حـەتمی بوو، چونکە خـەڵکانی خـاوەن بەرژەوەندی لە ڕۆژگاری نازییەکاندا، کە بە هەوای سیاسـەتی ئەوان مەست ببوون و لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای ئەواندا هاوڕا بوون، لەدوای کۆتایی هاتنی ئەو قۆناغەدا دەبوایە دەروویەکی وەها بدۆزنەوە کـە لێـیەوە بە سـەلامـەتی لێی دەرچن و بتوانن خۆیان لەگەڵ ئەو سەردەمە تازەیەدا بگونجێنن. خۆ شـەتەکدانی ئەوانە بە بیـروڕای ئایینی کـریسـتـیـانی چاکترین هۆکاری ئەو خۆ پاک کردنەوەیەبوو، چاکترین بلیتی هاتنی ئەوانەبوو بۆ تێهەڵچوونەوە و دۆزینەوەی سەرەداوی بەرژەوەندییەکانیان لەو قۆناغەدا. هەرچەندە بۆڵ خۆی لە ناوخێزانێکی کاسۆلیکی پەوەردە ببوو، خۆیشی تا ناوەڕاستی حەفتـاکـان هەڵگری ئەو باوەڕە بووە، بەڵام هەروەک چۆن لە هیچ وێسـتگەیەکی ژیانی ڕێگەی بەوە نەداوە بیرکردنەوەی خۆی بخاتە ژێر ڕکێفی هیچ ئایدیۆلۆژیایەکـەوە، بۆیە کـاریگەری ئەو باوەڕە ئایینییـە خۆی نەخزاندۆتە ناو کـارەکـانی، بەڵکو ئەم هەمـیشـە لەسـەنگەری ڕەخنەو دیالۆگ بووە لەبەرانبـەر ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکاندا.

بۆڵ لەو قۆناغەدا هەوڵی دەدا ڕووی ڕاستەقینەی ئەو هەلپـەرست و ڕیاکـارانە بەدەربخـات. چیـرۆکی (بێ دەنگییـە کۆکراوەکـانی دکـتۆر مـورکـە) بە شـێوازێکی ساتیری ئەو مەبەستەی پێکاوە.(٤٩)

(بێ دەنگییـە کۆکـراوەکـانی دکـتۆر مـورکـە)، وەک سـاتیـرە چیـرۆکـێکی زیندوو هەتا ئێسـتـاش جێگەی سـەرنجی خـوێنەرانیـەتی، لێـرەدا بە چەشنی (کـتـێبی بیستراو) بڵاوکراوەتەوە.

ئەم چیــرۆکــە ســاڵی ١٩٥٥ بڵاو بۆتەوە، باس لە پرۆفـیــســۆرێک دەکـات کــە وەک هەزارانی دیکە لەسەردەمی نازییەکاندا لەگەڵ ڕۆژگاری ئەوان دەڕۆیشت، بەڵام هەر ڕاسـتـەوخـۆ دوای ڕووخـانی نازییـەکـان ئەو پرۆفـیسـۆرە دەبێـتە کـابرایەکی بەدین و ئیـمـان!!. ئەو پرۆفـیسـۆرە وتارێک دەربارەی (جـەوهەر و ناوەڕۆکی هونەر) لە ڕادیۆدا تۆمـــار دەکـــات، بەڵام بەر لەوەی وتارەکەی پەخش بکرێت دەچێتە لای دکتۆر مورکە، کە لەبەشی کولتووری ڕادیۆکە کار دەکات، داوای لێدەکات لە هەر شوێنێکی وتارەکەیدا کە وشەی (خودا) هاتووە، ئەو وشەیە ببڕێت و لەجیاتی ئەوانە ڕستەی (ئەو بوونە مەزنەی ئێمە دەیپەرستین) دابنێ، بەو پێیە وشەی خودا بە تەنیـا بەس نیـیـە بۆ دەربڕینی شکۆداری، هەروەها هەڵوێسـتی ڕۆشنی ئێمە لە بەرانبەر ملکەچیـمان بۆ ئەو بوونە مـەزنە نیـشـان نادات. دکـتۆر مـورکـە لەو حاڵەدا تووشی کـێشـەیەکی سـەیر دەبێت، ئەویش بریتـیـیـە لە گۆڕانی شوێنی گراماتیکی ئەو وشەیە لەناو ئەو ڕستانەی لە مـیـانی وتارەکـەدا بەکـار هێنراون، کـە بەو ڕسـتـە پێشنیـارکـراوەی پرۆفـیـسۆرەکە چارەسـەر ناکـرێت، لە کـاتێکدا پرۆفـیـسـۆرەکـە پێـداگـری لەسـەر دووبارە تۆمارنەکردنەوەی سەرلەبەری وتارەکە دەکات. لەلایەکی تر گۆڕینی ئەم وشەیە بەو ڕستە پێشنیارکراوە کار دەکاتە سـەر کـورت و درێژی وتارەکـە، بۆیە مـورکـە ناچارە ئەو ڕستەیە لە پاڵ بڕینی وشەکەی پێشتر لە بۆشاییەکانی نێوان ڕستەکاندا واتە لە شوێنە بێ دەنگەکان جێیان بۆ بکاتەوە، لەمـەوە دەبێ ئەو بێ دەنگیـانە کۆ بکاتەوە!! سەرئەنجام وتارێکی بێ سەروبەری لێدەکەوێتەوە. ئەم چیـرۆکـە گـاڵتـە کـردنە بەخـەڵکی هەلپـەرست، نەک گاڵتەکردن بە بیروباوەڕی ئایینی خەڵک، بۆڵ دەیەوێت ئەو مـرۆڤـە هەلپـەرسـتـانە ڕیسـوا بکات کـە بەو ڕێگایە جارێکی تر توانییـان شـوێنی خـۆیان بکەنەوە و وێنەی واقیعێکی دیکە لەو قۆناغەدا بنەخشێنن.

بۆڵ وێنەکـانی ئەو قـۆناغـەی زۆر بەڕوونی لە ڕۆمـانی (تێڕوانینەکانی قـۆشـمەچییـەک) دا خـسـتـۆتە ڕوو. ئەو

ڕۆمانە ساڵی ١٩٦٣ چاپ و بڵاوکراوەتەوە، واتە لە دواساڵی سەرۆکایەتی کردنی حکوومەتی ئەڵمانیا لەلایەن (کۆنراد ئەدێناوەر)ـەوە.

کۆنراد ئەدێناوەر (١٨٧٦-١٩٦٧) سەرۆکی یەکەمین حکوومەتی ئەڵمانیا بوو. ئەدێناوەر خۆی بوو، یەکێک لە دامەزرێنەرانی پارتی یەکێتیی دیموکراتی کریستیانی CDU بوو، کە ئەمڕۆ لە بارودۆخێکی مێژوویی جیاوازی دیکەدا سەرۆکایەتی حکوومەتی ئەڵمانیا دەکەن.

لە دوای کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی نازییەکان لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی ئەودا سەرەتای گفتوگۆیەکی جددی لە چوارچێوەی بنیادنانەوەی وڵاتەکە لە ئارادا بوو، لەو کاتەی هێزێک لە ڕووی سیستمی سیاسییەوە وڵاتی ئەڵمانیای بەرەو دیموکراتییەت و کۆمەڵگەی لیبراڵ ئاراستە دەکرد، هێزێکی دیکە دەیویست وڵاتەکە لە سنووری دەوڵەتێکی ثیۆکراتی کاسۆلیکی نەچێتە دەرەوە، ئەمەش ململانێیەکی مەترسیدار بوو لەو سەردەمەدا کە ئەگەر دیموکراتخواز و لیبراڵەکان شێلگیرانە بە ئەرکی مێژوویی خۆیان هەڵنەستابوونایە، ڕەنگە بنیادنانەوەی سیستمی سیاسی دەوڵەتەکە بە ئاراستەیەکی تردا بڕۆیشتبایە بە تایبەت، چونکە کاسۆلیکەکان وەک بۆڵ دەڵێ لەسەردەمی حکوومەتی (ئەدێناوەر)دا نوێنەرایەتییەکی بەهێزیان هەبوو(٥٠)

ئاستی ناکۆکی نێوان ئەو دوو لایەنە لە پێوەندی خۆشەویستی نێوان (هانز) و (ماری)دا خراوەتە ڕوو، هەڵبەتە بۆڵ زۆر هونەرمەندانە کاریگەری ئەو دوو بۆچوون و بیر و ئایدیۆلۆژیا جیاوازانەی لەسەر ژیانی ئەو دوو مرۆڤە خستۆتە ڕوو بە بێ ئەوەی هەوڵی دابێ دوو کارەکتەری سیاسی لە ناو ئەو کێشە و ململانێیەدا بکاتە چەقی ڕۆمانەکەی. هانز لە خانەوادەیەکی دەوڵەمەندی شاری (بۆن) دەژی، خێزانەکەی لەوانەن کە دەیانەوێ منداڵەکانیان لەناو کایەی سیاسەتدا کار بکەن تا لەوێوە بە پایەی کۆمەڵایەتی ژیان هەڵگەڕێن، بەڵام ئەم ئازادانە بیر دەکاتەوە و شارەکەی خۆی جێ دەهێڵێ تا لە شارێکی تر دەست بە ژیانی تایبەتی خۆی بکات و لە نێو دنیای هونەردا گەشە بکات، لەوێ دەچێتە سەر تەختەی شانۆ و وەک (موهەڕیج-قۆشمەچییەک) لەسەر شانۆ ڕۆڵی خۆی نمایش دەکات. لەو کاتەدا دەکەوێتە ناو پێوەندییەکی خۆشەویستی لەگەڵ (ماری). ماری کچێکی سەر بە بیروباوەڕی کڵێسای کاسۆلیکییە. بیرکردنەوەی لیبرالیانەی هانز و باوەڕی پتەوی ماری بە ڕێبازی کاسۆلیکی هەمیشە دەبێتە خاڵی ناکۆکی نێوانیان، ئەوان لەسەر ڕێوڕەسمی مارەکردن و چۆنیەتی پەروەردە کردنی منداڵەکانیان لەداهاتوودا، ناگەنە یەکتری. (هانز شری) پێی وایە ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە هی ئەم سەردەمە نییە "خۆزگە ئێمە لە سەدەکانی ناوەڕاست بژیابووینایە ل٩٥")، بەهۆی ئەو ململانێ جیاوازەی بیروباوەڕیان، ماری واز لە هانز دەهێنێ. ئەو جیابوونەوەیە دەبێتە خاڵی وەرچەرخانێکی دراماتیکی لە ژیانی هانز، چونکە ئیتر واز لە کارەکەی دەهێنێ و دەگەڕێتەوە بۆ شارەکەی خۆیان، بەڵام دایک و باوکی یارمەتی نادەن، پەنا بۆ هاوڕێکانی دەبات، هەر بێ سوود دەبێ، هانز ئێستا بێ هاوڕێ و برادەرە کەسێکی تەنیایە، تاکە دەروازەیەک بۆ هانز ئەوەیە لەگەڵ کڵێسا ئاشت ببێتەوە، بەڵام ئەو لە ئەزموونی خۆشەویستییە ناکامەکەی لەگەڵ ماری ئەوە بە کارێکی بێهوودە دەزانێ، هانز لەو بارە سەختەدا لە ژیانی دەوروبەری خۆی ورد دەبێتەوە، زۆر دیمەنی ناشیرینی دێتە بەرچاو، بەر لە هەموو شتێک ئەو خەڵکە بەرژەوەندی پەرستانەی دوێنێ کە لایەنگری نازییەکان بوون و تەپڵی جەنگیان بۆ خوێنمژەکان لێ دەدا، ئەمڕۆ ڕووی خۆیان گۆڕیوەو لەسایەی ئاشتیدا جارێکی تر شوێن و پایەی خۆیان لەناو کۆمەڵدا چەسپاندۆتەوە. بۆڵ بۆ ئەوەی ئەو حاڵەتە وەک وتاری سیاسی نیشان نەدات، خانەوادەی هانز دەخاتە بەر گۆشەنیگای هانز خۆیەوە. هانز دایکی خۆی وەک کەسێکی دوو ڕووی سەر سوالکەر دێتە بەرچاو، دایکی کەلەسەردەمی هیتلەردا لایەنگرێکی سەرسەختی نازییەکان بووە بەجۆرێک لە دواساڵی جەنگدا کچە تازە پێگەیشتووەکەی خۆی، واتە خوشکەکەی هانزی بە خۆشحاڵییەوە بۆ بەرەکانی جەنگ ناردووە، ئەو خوشکەی هانز لەشەڕدا دەکوژرێ، هانز لە ژیانی خۆیدا، بێجگە لە ماری، کەسی بەقەد ئەو خوشکەی خۆی خۆش نەویستووە، کە بەهۆی بیرکردنەوەی توندڕەوانەی دایکی لە سەردەمی نازییەکاندا بوو بە قوربانی. هانز لە

دووڕوویی خەڵکانی وەک دایکی دەڕوانێ، ئەو دایکە نازی و ڕەگەزپەرستەی دوێنێی، ئەمڕۆ بۆتە ئەندامی (ناوەندی ئاشتکردنەوەی ڕەگەزە دژ بەیەکەکان)!!.

باوکی هانزیش وەک دایکی لەسەردەمی هیتلەردا لایەنگری نازییەکانی دەکرد، ئەمڕۆش لەسایەی ئاشتیدا وەک نە بای دیبێ نە باران بۆتە قۆنتەراتچییەکی ناسراو بۆ بنیادنانەوەی ئەو وڵاتەی بەدەستی خۆیان ویرانیان کرد.!

بۆل زۆر وردەکاری سەردەمی ئاشتیمان لە تێڕوانینی هانزەوە دەهێنێتە بەرچاو، باسی ئەو کەسانە دەکات کە دەیانەوێ لە سایەی هەڵوێستێکی بچووکی سەردەمی نازییەکان، ئەمڕۆ لەسەردەمی ئاشتیدا زۆر گەورەتر لە قەبارەی خۆیان بناسرێن، لە نووسەرێک دەدوێت کە لە سەردەمی نازییەکاندا چیرۆکێکی نووسیوە تێیدا باس لە خۆشەویستی نێوان کوڕێکی ئەڵمان و کچێکی فەرەنسایی دەکات، هەڵبەتە ئەو بابەتە بە پێی ئایدیۆلۆژیای نازی ئەوکاتە وەک تابوو حیسابی بۆ دەکرا، چونکە ئەوان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ڕەگەزی ئەڵمان ڕەگەزی باڵای مرۆڤە و گەلانی تر هەموویان بە مرۆڤی پلە نزم دادەنران کە تەنانەت لە پێوەندی خۆشەویستیشدا بۆیان نەبێ خۆیان لە شانی مرۆڤی ئەڵمانی بدەن. نووسەرەکە لەسەر ئەو چیرۆکەی سەرکۆنە دەکرێت و بۆ ماوەی دە مانگ ڕێگەی نووسینی لێ دەگیرێ. کە شەڕ کۆتایی دێت، کابرای نووسەر زۆر خۆی بەوە هەڵدەکێشێ و ساڵانە لەیادی ڕووخانی ڕایخی سێیەمدا (واتە ڕووخانی دەسەڵاتی نازییەکان) ئاهەنگ دەگێڕێ وەک کەسێک کە دژی نازییەکان خەباتی کردووە!!

هانز ئەو ئەکتەرەی ساڵانێک لەسەر شانۆ ڕۆڵی قۆشمەچی بینیوە، بەدەم ئەو تێڕوانینە وردانەی بۆ ڕووداوەکانی ئێستا و ڕابردووی، خوو دەداتە مەستی، پاش ئەوەی دەزانێ ماری شووی کردۆتەوە، هەر بەهیوای ئەوە دەژی، ڕۆژێک بگەڕێتەوە باوەشی خۆشەویستییەکی وەها کە باوەڕی کاسۆلیکی ڕێگری کرد لەوەی بە ئاکام بگات.

ئەو ڕۆمانە بە سەرەتایەکی خەمناک دەست پێ دەکات لەو شوێنەی هانز لە وێستگەیەکی شەمەندەفەر گیتار دەژەنێ و گۆرانی دەڵێ کڵاوەکەی خۆی لەسەر زەوی داناوە تا خەڵک وەک سواڵکەر یارمەتی بدەن.

بۆل لە پاش تێپەڕینی چارەکە سەدەیەک بەسەر بڵاوبوونەوەی ڕۆمانەکەی کە تا ئێستا زیاتر لە پەنجا جار چاپ کراوەتەوە- پاشەکییەک بۆ ئەو ڕۆمانە دەنووسێ و تێیدا دەری دەخات کە ئەو هۆیەی لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەیان چیرۆکی خۆشەویستی وەک هانز و ماری بەو ئاکامە ناخۆشە دەگەیاند، ئێستاکە زۆرینەی خەڵکی ئەڵمانیا وەک هانز بیر دەکەنەوە و خۆشەویستییەکەشیان بەردەوام دەبێت، کڵێساش نایەتە نێوانیان تا لەیەکتریان جیا بکاتەوە.(٥١)

### زەنگێک لە دەروازەی ئایندە

بۆل دەیزانی چ داهاتوویەک چاوەڕوانی وڵاتێکی وەک ئەڵمانیا دەکات، دەیزانی ئەگەر ئاشتی لەم وڵاتەدا جێگیر بێت، ئەوە گومانی تێدا نییە ئەو وڵاتە دەبێتە هێزێکی ئابووری گەورە لە دنیای سەرمایەداری داهاتوو، بۆیە ئەو هەمیشە پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد کە دەبێت لەو گۆڕانە مرۆڤەکان هۆشیاربن لەوەی کە بەهاکانی کۆمەڵایەتی و مرۆیی نەکرێنە قوربانی گەشەکردنی بەرژەوەندییە مادییەکان، چونکە ئەگەر لە ئێستاوە بەرهەڵستی ئەو پێشهاتە نەکرێت، ئەوە دێوی سەرمایە بۆی هەیە بە چەشنێکی حەتمی هەموو بەهاکانی مرۆڤایەتیی هەڵبلووشێت.

بۆل لە چیرۆکی (وێستگەی شەمەندەفەری چیمبرن)دا(٥٢)، بە چەشنێکی زۆر سەرنجڕاکێش ئەو بابەتەی وروژاندووە، بابەتی گۆڕانی کۆمەڵگە بە ئاراستەی گەشەکردنی سەرمایە و چڕبوونەوەی هزری مرۆ لە دەوری ئەو هێزەی کە بۆی هەیە سەرلەنوێ شێوازی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دابڕێژێتەوە بە جۆرێک مرۆڤ بخاتە ناو بازنەی نامۆبوون و دابڕان لەو ڕابردووەی کە قەوارەیەکی بەرچاو لە پێکهاتەی ڕوحی مرۆڤەکان پێکدەهێنێ.

چیرۆکەکە باسی گوندێکی بچکۆلە دەکات، گوندی چیمبرن کە بۆل بە فەنتازیای خۆی ئەفراندوویەتی. کتوپڕ لە ئاقاری ئەو گوندەدا بیرە نەوتێک دەدۆزرێتەوە، کۆمپانیایەکی دەرهێنانی نەوت بانگەشەی ئەوە دەکات

کـه نەوتێکی زۆروزەوند لەژێر خـاکی گـوندەکـەدا هەیە. ئیـتـر لە دوای بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە خـەڵکی وەک شانەی هەنگ ڕوو لەو گـوندە دەکـەن، مـەتری زەوی لەو گـوندە چەندان جاری خۆی بەرز دەبێـتـەوە. کـۆمـپـانیـای هێـڵی شـەمـەندەفـەر بە پەلە دەست دەکـات بە دروست کـردنی وێسـتـگەیەکی شـەمـەندەفـەری گـەورە، تـەنانەت هێڵی شەمەندەفەری خێراشی بۆ ڕادەکێشن، ڕێستورانت و هوتێل، تـەنانەت بـاس لەوە دەکـرێ خـانەی سـەمـای شـەوانەشی لێ بکەنەوە، چونکە ئیـتـر بەهۆی نەوتەوە دەبێـتـە شـارێکی دەوڵەمـەند و قـەرەباڵغ، شـاری قـەرەباڵغـیش پێـداویسـتی بازاڕی بـازرگـانی فـراوان دەهێنێتە پێشەوە.

بەڵام ئەوەی کـەس چاوەڕوانی نەدەکـرد ئەوەبوو بیـرە نەوتەکانی چیمبرن وردە وردە ڕوویان لە وشک کردن کرد تاوای لێهات بە تەواوەتی چکیان کرد، ئیتر ئەو خەڵکە چی لەو سەرمایە زۆرە بکات کە لەوێ بەکاریان بردبوو؟ ئەی وێسـتگەی شـەمـەندەفەر چۆن ڕووبەڕووی ئەو زیانە گەورەیە ببێتەوە؟ چی لەو هەموو کارمەندە زۆرەی بکات کە لەوێ دایمەزراندوون؟

بۆل زۆر هونەرمـەندانە لەو کێشـە جەوهەرییـەی ناخی مرۆڤەکـان دەدوێت کاتێک دەکەونە بەر تاقی کردنەوەی هەبوون، یان نەبوونی سـەرمـایە، لە ڕەفـتـاری مـرۆڤ دەدوێت لە هەڵپەکردن بەدوای بەرژەوەندییە ماددیەکان، سەرئەنجام ئەو هەڵپەکردنە دەبێتە خەسڵەتی دەوڵەت و شـێـوازی دەسـەڵاتداری، کـە لەم چیـرۆکـەدا خـۆی لە کۆمپانیای هێڵی شەمەندەفەردا بەرجەستە کردووە.

## نووسینەوەی مێژووی وڵاتێک

نووسـینەکـانی بۆل پێ بە پێ لەگـەڵ هەمـوو ئەو گۆڕانکارییانەدا ڕۆیشتوون کە ئەڵمانیای دوای جەنگ بە خۆیەوەی بینیوە و لە هەموو وێستگە سیاسییەکاندا قسـەی خـۆی هەبووە. بە خـۆڕایی نییـە کە دەوترێت بۆل مێژووی ئەڵمانیای نووسیـوەتەوە. خۆ ئەم ڕاستییـە لە شـاکـارە هەرە ناسـراوەکـەی بەناوی (وێنەی بە کـۆمـەڵ لەگـەڵ خـانمدا)(٥٣) بە تـەواوەتی خـۆی بەرجـەسـتـە دەکـات. بۆل بە هۆی ئەم ڕۆمانەی ساڵی ١٩٧٢ خەڵاتی نۆبڵی پێ بەخـشـرا، بەو هۆیەشـەوە ناوبانگی سنووری ئەڵمانیای بڕی و کارەکانی بۆ زۆربەی زمانە زیندووەکانی دنیا وەرگێڕدرا.

لە ڕاسـتـیـدا ئەو ڕۆمـانەی بۆل مـێـژووی چل سـاڵی ئەڵمانیا سەردەمی جەنگ و ئاشتی لە میانی خانمێکدا دەگـێـڕێـتـەوە، خـانم لینی گـروتن شـاهێـدی زیندووی ڕووداوەکانی سەردەمی جەنگ و ئاشتی ڕۆڵی پاڵەوانی سـەرەکی دەبینێ لەو ڕۆمـانەدا، ئەو خـانمە لە ناو کـارەسـاتەکـانی جەنگ، پاشـان بە هەمـوو سـەراوو دەراوەکانی دوای جەنگ، بە هەموو گۆڕانکارییە فیکری و سـیـاسـیـیـەکـانی وڵاتەکـەیدا تێـدەپەڕێ، لەمـیـانی پێوەندییەکانی لەگەڵ تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیەدا، دەبێتە چەقی ئەو پێـوەندییـانە. بۆل بە مـەبەست ناوونیـشـانی ڕۆمانەکەی ناوە وێنەی بە کۆمەڵ لەگەڵ خانمدا، چونکە ژیان و سـەرگـوزشـتـەی ئەو هەمـوو کـەسـایەتیـیـانەی ناوەڕۆکی ڕۆمـانەکـەیان پێکهـێناوە هەمـووی لە میـانی پێوەندیان لەگەڵ خاتوو لینی گروتندا دەست پێدەکات. بۆل زۆر بە چڕی بە نـاو ژیان و کـێـشـەکـانی ئەو کەسایەتیانەدا دەچێتە خوارەوە بەچەشنێک ئەگەر خۆی هونەرمەندانە سەرەداوی باسەکان نەگەیەنێتەوە یەکتری مـرۆڤ لە ناو ڕووداوەکـاندا ون دەبێ. کـەسـایەتی لینی گـروتن کـەسـایەتیـیـەکی پڕ لە کـێشـە و ملمـلانێـیـە، کـەسـایەتیـیـەکـە تا لە مـیـانیـدا هەمـوو ئەو دیاردە و حـاڵەتانەی سـەردەمی دوای جـەنگی پێ بخـرێتـە ڕوو، سـیـاسـەتی چەواشـەکـاری، گـەندەڵی، دووڕوویی و خـۆپەرستی کـە سـەرئەنجـام لەسـەر ژیانی مـرۆڤـە بێ دەسـەڵاتەکـان تەواو دەبێ، ئەوان دەبنە قـوربانی و لەناو ئەو ئاژاوەیەی ژیاندا ون دەبن.

لینی گروتن لە سەردەمی جەنگدا شـوو دەکـات، بەڵام پاشـان مـێـردەکەی بۆ بەرەکـانی جـەنگ ڕاپێچ دەکرێ و لەوێ دەکـوژرێ. لینی پاش مـەرگی مـێـردەکـەی پێوەندییەکی خۆشەویستی لەگەڵ دیلێکی سوپای ڕووسی دادەنێ و منداڵێکی لێی دەبێ، بەڵام پاشـان ئەو دیلەش لە بارودۆخێکی نادیاردا دەکـوژرێ، بەو جـۆرە جارێکی تریش بە تـەنیـا دەمـێنێـتـەوە، لەدوای کـۆتایی هاتنی جـەنگ جـارێکی تر دەکـەوێتـە ناو پێـوەندییـەکی تری خۆشـەویستی، ئەم جارە لەگەڵ کابرایەکی تورک کـە بە کرێ لە ماڵەکەی لینیدا دەژی و لەم پیاوەش جارێکی تر

سکی پڕ دەبێ. لینی گروتن ژنێکی سەرکێش و خۆڕاگرە، گۆڕانکارییەکانی بارودۆخی سیاسی وڵات، باری ژیانی ئەو مرۆڤە زۆر دەگۆڕن، بەڵام ئەو کۆڵ نادات، ئەو دەیەوێ ڕووبەڕووی هەموو ئەو کێشمە کێشانە ببێتەوە کە واقیعی پڕ لە ئاژاوەی ژیانی دوای جەنگ بەسەر کۆمەڵگەدا دەیسەپێنێ. بۆل لەم ڕۆمانەدا نایەوێ ژیان لەدەرەوەی بازنە واقیعییەکەیدا نیشان بدات، بۆیە هەموو ئەو ڕەنگانەی لە نەخشاندنی تابلۆی ئەو ڕۆمانەدا بەرچاو دەکەون، هەر لە قوربانیدان و خۆڕاگری و ئازایەتی لەلایەک و ورە بەردان و خۆپەرستی و بێهوودەیی هەتا ڕادەی خۆکوشتن ڕەنگی واقیعین.

ئاوێتە بوون و کار لە یەکترکردنی ئەو ڕووداو و پێشهاتانەی لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لەسەر شانۆی سیاسی ئەورووپا و تەواوی دنیا ڕوویان دەدا، بواری ئەوەی نەدەدا نووسەر و بیرمەندان لەدەرەوەی بازنەی سیاسەتدا قەرار بگرن، چونکە شەڕی ساردی نێوان دوو جەمسەرە بەهێزەکەی دنیا جۆرێک لە ململانێی ئایدیۆلۆژی وەهای هێنابووە ئاراوە کە هەموو نووسین و کارێکی ئەدەبی لە قاڵب دەدا.

نووسینەکانی بۆل لەو سەردەمەدا هەر لە هەڵکشاندا بوون. بۆل بە بێ ئەوەی پێویستی بەوە بێت بە چەشنێکی ڕاستەوخۆ بچێتە ناو سیاسەت و لە ڕێگەی حزبێکی سیاسییەوە کار بکات، ئەو لەڕێگەی نووسینەکانی هەڵوێستە سیاسییەکانی خۆی دەخستەڕوو.

بۆل بە بێ ئەوەی پابەندی ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی دیاریکراویش بووبێ هەمیشە لەسەنگەری بەرگریدا بووە بۆ داکۆکی کردن لە مافی خەڵکی پێشێل کراو، لە مرۆڤی مەزڵووم و ماف خوراو، ، بۆل هەرگیز ژیانی لە نێو سیستمی سۆسیالیزمی سەردەمی خۆیدا بە بەهەشتی خەونەکان نەچواندووە، تەنانەت هێندە ئەو بابەتەی نەکردۆتە مژاری سەرەکی کارەکانی، لە هەمان کاتدا ئازادی و دیموکراتی لە نێو سیستمی سەرمایەداری وەک بەهەشتی سەربەخۆیی و نموونەیی نیشان نەداوە، بەڵکو ئەو هەمیشە مرۆڤ و حاڵەتەکانی تاکی لە نێو ئەو سیستمە کۆمەڵایەتییانەدا لەبەر چاو گرتووە، هەر کاتێ پێشێلکاری بەرچاوکەوتبێ هێناویەتییە بەر باس و لە چوارچێوەی نووسینەکانی خستوویەتییە ڕوو، نەک هەر تەنیا لە چوارچێوەی چیرۆک و ڕۆمانەکانی، بەڵکو لە میانی ئەو هەموو وتار و لێکۆڵینەوە زۆروزەوەندانەی بەدرێژایی ژیانی خۆی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوی کردۆتەوە، کە لەمیانی تێڕوانینە ئەدەبییەکانیەوە ڕەخنەی سیاسی و لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ ئەگەر و پێشهاتە کۆمەڵایەتییەکانەوە کردووە.

(ئابڕووی ڕژاوی کاتارینا بلووم) یەکێکە لە ڕایەڵەی ئەو کارانەی کە تێیدا بۆچوونەکانی لەمەڕ چڵێسی و پێشێل کردنی مافی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا دەخاتە ڕوو. بۆل ئەم نۆڤێلەی ساڵی ١٩٧٤ بڵاو کردۆتەوە، ئەو کاتەی کێشە سیاسی ئایدیۆلۆژییەکانی نێوان هەردوو سەربازگەی سۆسیالیستی و سەرمایەداری لە بۆتەی شەڕی ساردی نێوانیاندا لەوپەڕی بەهێزیدا بوو. لەوکاتەدا پرسی تیرۆر لە ئەڵمانیادا ببووە یەکێک لەو بابەتە زیندووانەی کە بەردەوام لە ڕاگەیاندنەکاندا دەخرایە بەر باس و لێکدانەوە، ئەم پرسە لەوکاتەوە هاتبووە ئاراوە کە هاوپەیمانیەتی پارتە سیاسییەکانی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا لەگەڵ یەکتری و شوێن خۆ قایم کردنی بلۆکی سەرمایەداری بە سەرکردایەتی ئەمریکا لە ئەڵمانیادا، هەروەها ئەو کەشی بەرەنگاربوونەوە و ناڕەزایەتییانەی خەڵکی ئەورووپا لە ١٩٦٨دا بەدوای خۆیدا هێنا، بوونە هۆی سەرهەڵدانی ئۆپۆزیسیۆنێکی سیاسی کە لە دەرەوەی پەرلەماندا دژی سیستمی سیاسی ئەو کاتەی ئەڵمانیا خەبات بکەن، ئەو ئۆپۆزیسیۆنە خۆی لە گرووپێکی چەکداری بەرجەستە دەکرد، کە ناوی خۆیان نابوو (کۆمەڵەی سوپای سوور) کە دواتر بە گرووپی (بادەر ماینهۆف) ناو دەبران. ئەو گرووپە لە ناو زەمینەی پرسی دژایەتی سیاسەتی ڕەگەزپەرستی و ئازادی لاوان لە ناو دامەزراوەی خێزان و مافی ژناندا سەریان هەڵدا تا وەک گرووپێکی یاخی و ڕەتکەرەوەی لە ڕێگەی توندوتیژی دژی دامودەزگاکانی دەوڵەت بجەنگن، بەدەیان خەڵکی سڤیل و کاربەدەستی پلەنزمی دەوڵەت بوونە قوربانی دەستی ئەو گرووپە، بۆیە دەوڵەتی ئەڵمانیا ئەوانەی بە تیرۆریست ناو دەبرد. (٥٤)

نۆڤێلی (ئابڕووی ڕژاوی کاتارینا بلوم) لەو سەروبەندەدا بڵاو بووەوە، ئەم ڕۆمانە باس لە کاتارینا

بلوم دەکات، کاتارینا کچێکی بێ گوناح و دڵپاک، حەز لە کوڕێک دەکات، بەبێ ئەوەی بزانێ ئەو کوڕە لە پۆلیس داواکراوە بە هۆی ئەوەی لە کاری تیرۆریستییەوە گلاوە، کاتێ بەوە دەزانێ ئەم کچە پێوەندی بەو داواکراوەوە هەیە ئەمیش بە تیرۆریست لە قەڵەم دەدرێ، ڕۆژنامەی (چایتـونگ)، کـە بۆل وەک هێمـایەک بۆ هەر ڕۆژنامەیەکی ئابڕووبەری کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئەوکاتە بە چەشنێکی ڕەمزی ناوی دەبات، ئەو بابەتە دەقۆزێتەوە، کاتارینا ڕۆژانە دەبێتە مانشێتی ڕۆژنامەی (چایتـونگ)، ئەو ڕۆژنامەیەی تایبەتمەندە بە بڵاو کردنەوەی هەواڵی تاوان و ئابڕووچوون و ئاشکراکردنی نهێنی ژیانی خەڵک، بە ئامانجی سەرنجڕاکێشانی زۆرترین ژمارەی خوێنەران. بۆل لەم نۆڤلێتەدا دەری دەخات کە چۆن میدیا بۆی هەیە وەک هەردەسەڵاتێکی کاریگەر لە ناو بۆتەی سیاسەتدا ببێتە هۆی لەناو بردن و ڕەشکردنەوەی مرۆڤ لە پانتایی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، ئەو ڕۆژنامەنووسەی ڕۆژانە بەدوای کاتاریناوەیە تاکو هەواڵ و ڕیپۆرتاژی تازە لە سەر ئەو ژنە (بە تیرۆریست کراوە!) ئامادە بکات، ژیانی کاتارینا هێندە بەرتەسک دەکاتەوە، بەچەشنێک کار لەسەر ئابڕووبردنی دەکات کە کاتارینا نەتوانێ ئیتر وەک مرۆڤێکی ئاسایی ژیان بباتە سەر. بۆل لێرەدا دەیەوێت ئەوە دەربخات کە لەناو ئەو سیستەمەی لەسەر بناغەی پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانەوە دامەزراوە، پێی ئاساییە کە مرۆڤێک بە هەمـوو گـەورەیی و بێ بەریەتی لە تاوان بکاتە هۆی قازانج لێکردن و بازرگانی پێوە کردن. لە کاتێکدا تاوانی ئەو ئابڕووبردنە گەلێک لە خودی ئەو تیرۆرە گەورەترە کە ڕۆژنامەنووسەکە دەیداتە پاڵ هاوولاتییەکی بێ تاوانی وەک کاتارینا. ئەو ئابڕووبردنەی کە کاتارینا بە هۆیەوە هەست بەوە دەکات ئیتر ژیانی لێ زەوت کراوە و کراوە بە تیرۆریست، بۆیە ئیتر دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە سنوورێک بۆ ئەو ڕۆژنامەنووسە دابنێ، کاتارینا ڕۆژنامەنووسەکە دەکوژێ! ئیتر چیرۆکەکە لەم کۆتاییەوە دەست پێدەکات.

بۆل بەرگری لە تیرۆر ناکات، بەڵام بەرگری لە مرۆڤ دەکات، هەر لەبەر ئەوەی تێمای ڕۆمانەکە بە ئاراستەی هێرش کردنە سەر تیرۆر نییە، بەڵکو ئەو لەناو ئەو ڕووداوانەدا دەیەوێ شتەکان تێکەڵی یەکتری نەکرێن، لەپەنای تیرۆرەوە خەڵکی بێ تاوان تێوەنەگلێنرێن و لەولاشەوە کەسانێک هەبن بازرگانی بەو مەسەلەیەوە بکەن، زەرەرمەندی سەرەکیش خەڵکانی بێ بەری و بێ گوناهە بن، کە لەو ناوەدا ژیانیان ببێتە قوربانی، چونکە بۆل لەو ئاوازە نەیدەخوێند کە ڕۆژنامەیەکی وەک چایتونگی ئابڕووبەر بانگەشەی بۆ دەکرد، ئاساییە کە لەلایەن ڕۆژنامەیەکی ئاوا ئەم نۆڤێلە بە (ڕۆمانی تیرۆریستان ناوببرێ)، لە کاتێکدا وەک بۆل دەڵێ هێندەی باس لە کێشەی گومان لێ کردن دەکات لە تێوەگلان لە تاوان هێندە بەلای تیرۆریستان و کاری تیرۆریستییەوە نەرۆیشتووە. (٥٥)

لە ڕاستیدا ئاوێتە بوونی بۆل لەگەڵ بیروڕای سیاسی هەر لەم ڕۆمانەدا ڕەنگی نەداوەتەوە، بەڵکو سەرەڕای وتار و لێدوانەکانی لە کەناڵەکانی ئەڵمانی و جیهانیدا، دوا ڕۆمانیشی هەر سیاسەت و کاریگەرییەکانی بۆ سەر کەسایەتی کۆمەڵایەتییانەی مرۆڤ ڕەنگی داوەتەوە.

بۆل لە دوا ڕۆمانیدا بە ناوی (ژنان لەبەردەم دیمەنێکی ڕووباریدا)، ماڵی سیاسەتمەدار و کاربەستانی دەوڵەت دەکاتە شانۆی ڕووداوەکان، ڕۆڵی گەورەی بە ژیان و بیرکردنەوەی ئافرەتان بەخشیوە، کە ئەوان لە پشتی مێردەکانیانەوە کارەکتەری کارا و بزوێنی ڕووداوەکانن، پیاوان لەم ڕۆمانەدا بوونەوەری بچووکن، لەژێر سایەی هەستی ناسکی ژنەکانیاندا دەژین، هەرچەندە سیاسەت و گەندەڵی ڕۆڵی سەرەکی لەم ڕۆمانەدا دەبینن، بەڵام بۆل ئەو ڕاستییە پشتگوێ ناخات کە پاشخانی جەنگ وەک تارماییەک خۆی لە نێو خەیاڵی کارەکتەرەکاندا دەبینێتەوە، هۆی سەرەکی ئەو گەندەڵییەیە، کە سەرەڕای قۆناغی بەسەرچووی جەنگیش لێرەو لەوێ لە سایەی بازرگانانی جەنگ، ئەوانەی هەلپەرستانە لە هەموو بارودۆخێکدا هەمیشە هەر سوودمەندن سەر هەڵدەدات، ئەو کارەکتەرە هەلپەرستانەی دوێنێ لە بارودۆخی جەنگدا بازرگانییان بە خوێنی مرۆڤەوە دەکرد، ئەمڕۆ لە باری سەقامگیر بوونی ئاشتیدا دێنەوە مەیدان و دەبنەوە کاربەدەستی کارای دەوڵەت، ئەگەر خۆیشیان نەبن، ئەوە نەوەکانیان بە هەمان ڕوحیەتی ئەو سەردەمە نەگریسە پەروەردە دەکەن..

کارەکتەری پاشەڵ پیس، دز و گەندەڵ و فایلدار لەم ڕۆمانەی بۆلدا لە پەنای خۆ نزیک کردنەوە لە دەسەڵاتی سیاسی دەیانەوێ ڕاستییەکان بشارنەوە، دکتۆر دومپلەر کە یەکێکە لە کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە بە خاتوو (بلاوکرێمەر) دەڵێت (دەبێت فایلەکان لەناو ببردرێن، دەبێ کاردینالێ بێ شەرمانە خۆی نزیک بخاتەوە) (٥٦)

هەوڵ دەدەن فایلەکانیان بخەنە ڕووبارەوە، ئەو فایلانەی شایەدی ئەوە دەدەن کە هەلپەرستانە لەسەردەمی نازییەکاندا خاوەنی چ ڕابردوویەکی پڕ لە شەرمەزارین. ئەو ڕووبارەی بۆل ئاماژەی پێدەکات ڕووباری (ڕاین)ـە، لە قەراخی ئەو ڕووبارەدا، لەشاری (بۆن) لە ماڵ و ئەپارتمانە بەرزەکاندا ئەو چینە ئەرستۆکراتییە لە ڕۆمانەکەدا ژیان بەسەر دەبەن و بازرگانی وەها دەژین کە گەورەترین سوودمەند بوونە لەسەردەمی جەنگ، خێزانی بەڕێوەبەری بانک هەمیشە لەگەڵ خۆی دەدوێت، ئەو بە ڕەونەقی سامان و ئاڵتوونەکان دڵخۆش نییە، ئاڵتوون لای ئەو ژنە بیرەوەری ئەو ددانە ئاڵتوونیانەیە کە لەناو خۆڵەمێشی قوربانییەکانی هۆلۆکۆستەوە دەردەهێنران و جارێکی تر دەخرانە بانکەکانەوە، تا بکرێن بە پارەوە ئامێری تری مرۆڤ قڕکردنی پێ دروست بکرێتەوە. ئەوەی ئەمڕۆ لەسەر ئەو سامانە دەژی لە گەندەڵیی زیاتر هیچ پرۆژەیەکی بنیادنانەوەی لێ ناکەوێتەوە.

بۆل لەم ڕۆمانەدا تەکنیکێکی تایبەتی بەکار هێناوە، لەپاڵ دیالۆگەکان هاتووە دیمەنێکی زۆری لەمیانی مۆنۆلۆگەوە گێڕاوەتەوە، ئەمەشی بە مەبەست کردووە تا لەلایەک زیندوویی بیرەوەرییەکان بسەلمێنێ، لە لایەکی دیکەوە مرۆڤ بۆ ناوەوەی خۆی شۆڕ بکاتەوە، کاتێ مرۆڤ لەناخی خۆیدا قووڵ دەبێتەوە دەتوانێ سەرکۆنەی خۆی بکات، جوانییەکانی خۆی بدۆزێتەوە، خۆ زۆر جاریش لەبەردەم تەگەرەکانی ژیاندا کارەکتەرەکان بیر لە خۆکوشتن و سەرهەڵگرتن دەکەنەوە بۆ وڵاتانی دوور تا لەوێ لە وڵاتی غەریبیدا بمرن. بوونی ئەم حاڵەتانەی ڕەشبینی بەرانبەر ژیان کە لەم ڕۆمانەدا باس کراون، حاڵەتی ژیانی خەڵکی وڵاتێکی دوای جەنگ، وای کردووە ڕۆمانەکە وەک نموونەیەک لە ئەدەبی ناماقووڵ ناو ببرێ، بەڵام بۆل هەمیشە لە پێناوی بنیادنانەوەی ژیان و خستنە رووی واقیعی دەروونی مرۆڤەکان کارەکانی خۆی نووسیوە، ئەو نەیویستووە واقیع تەنیا لە بەرگە رووکەشەکەیدا بخاتە روو، یان بەسەر وردەکاری ژیانی مرۆڤەکاندا باز بدات، ئەو حاڵەتی ناماقووڵییەی هەندێ لە کارەکتەرەکانی تێیکەوتوون بەشێکە لە واقیعێک کە لەپاڵ دەرخستنی ڕوخسارەکانی تری ژیان ناکرێ فەرامۆش بکرێن.

**تێبینی:**

(*) ناوی ئەم نووسەرە بە ئەڵمانی بە Böll دەنووسرێت، بەڵام چونکە پیتی Ö لەزمانی کوردیدا نییە، بەباشم زانی هەر بە (ۆ) بینووسم. لە ڕاستیدا ئەم پیتە لە ئەلف و بێی لاتینیدا لە (O) و (E) لێکدراو پێکهاتووە، کاتی خۆیشی هەر بە شێوەی (OE) دەنووسرا، بەڵام لەو زمانانەی کە ئەو پیتەیان نییە، هەر بە O دەخوێنرێتەوە، وەک چۆن ناوی شاری Köln بە کۆلن دەخوێنینەوە، چونکە ئەو بایەی لەدوای ئۆیەکە دێت زۆر لاوازە، بۆیە منیش ناوەکەم بە بۆل نووسی. لەگەڵ تێبینی ئەوەی کە دەبێ ئەو (ۆ)یە درێژ نەکرێتەوە، چونکە لە ڕێنووسی ئەڵمانی جووتە پیتی نەبزوێن پیتە بزوێنەکەی پێش خۆی کورت دەکاتەوە.

(**) کە لە نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە بوومەوە، زانیم کە ڕۆمانی (تاقە وشەیەکیشی نەگوت) لە زمانی عەرەبییەوە، لەلایەن کاک (نووری سەعید قادر)ـەوە بەناوی (وشەیەکی نەگوت) کراوە بەکوردی، هەروەها شەش کورتە چیرۆکیشی لەلایەن مامۆستا (حسێن عەلی)ـەوە لە عەرەبییەوە کراون بە کوردی، ئەمەو کاک پێشڕەوی سەید برایمیش کورتەیەکی لەسەر ژیانی بۆل بلاوکردۆتەوە. بەندەش بە مەبەستی زیاتر ناساندنی کارەکانی ئەو نووسەرە، ڕۆمانی (نانی سالانی زوو)، هەروەها هەڵبژاردەیەک لە کورتە چیرۆکەکانی بۆلم لە ئەڵمانییەوە کردووە بە کوردی، هیوادارم لە ماوەیەکی زوودا بکەونە بەردەستی خوێنەرانی بەڕێز.

سەرچاوەو پەراوێزەکان:

36- Heinrich Böll, Biographie, Klaus Schröter, Rowohlt Verlag, Hamburg 1995, S139.

٣٧- کـــــــۆرن ئەم وتـارەی لە(Frankfurter All-gemeinen Zeitung) بڵاو کـردۆتەوە، پاشـان کـراوەتە پێشەکی بۆ چاپی یازدەمی ڕۆمانەکە. بڕوانە:

Billard um halb zehn, Heinrich Böll, Droemer Knaur Verlag München/ zürich1968.

38- Stefan Winter, Klassische Literatur-Rezensionen, Das Literatur Portal(Internet Weblog).

39- Der Engel, Böll, Werke, Band2, Auf.1 Kiepenheur und Witsch, Köln 1977,S40.

40- Haus ohne Hütte, Heinrich Böll, Kiepenheuer & Witsch Verlag, Köln, 1954,S72.

41-Haus ohne Hütte, S76.

42- Hugo Ernst Käufer: Und mittendrin die Kinder.

ئەمە لێدوانێکی کۆیفەیە کە کراوەتە بەشێک لە کتێبی:

Lesezeichen,Grupello-Verlag2002 Hugo Ernst Käufer

43- Und sagte Keine einziges Wort, Böll, Werke Band.2 Herausgegeben von Bernd Balzer, Kipenheuer&Witsch,1977, Köln, 1. Auflage S173.

44- Und sagte Keine einziges Wort, S190.

45- Das Brot der frühen Jahre, Heinrich Böll, Ullstein GmbH Verlag, 1976,Frankfurt/M,Berlin, Wien S19.

46- Das Brot der frühen Jahre, S34.

47- Dissident der Wohlstandsgesellschaft, Balzer und Honsza, Wroclaw (Polnische Universitatis),1995, S45.

٤٨- سەرچاوەی پێشوو وتاری:

Der unterschätzte Böll, von Manfred Durzak

49- Dokor Murks gesammeltes Schweigen, Böll, Werke Band3, 1.Aufla, Köln 1977, S173.

50- Ansicht einen Clowns, Heinrich Böll, dt Verlag, München 2004, 50Auflage, S279.

51- Ansicht eines Clowns, S276.

52- Der Bahnhof von Zimpren, Böll, Paul List Verlag, München 1960, S7.

٥٣- (صورة جماعية مع سيدة) رواية هاينريش بول ـ ترجمة؛ صلاح حاتم.. دار المدى للثقافة والنشر ـ سورية ط١/ ٢٠٠٢.

54- Der Badder Meinhof komplex, Stefan Aust, Hoffmann und Camp Verlag, Hamburg 2008.

55- Die verlorene Ehre der Katharina Blum, Heinrich Böll, Deutsche Taschenbuch Verlag, München 2000, S139.

56- Frauen vor Flusslandschaft, Böll, Gustav Kiepenheuer Verlag, Leipzig und Weimar 1986,S133.

# ئاسـۆی چاوەڕوانـی

ئاری عوسمان خەیات
(کەلار)

با بەو پرسـیـارە جەوهەرییـە دەست پێ بکەین، لەوەی ئاخۆ ئاسۆی چاوەڕوانی لە تیوری ڕەخنەی ئەدەبیدا چییە و بە چی دەگوترێ ئاسۆی چاوەڕوانی؟

ئێـمە زۆرجـار ئاسـۆی چاوەڕوانیـمـان لەو کایەیەدا، بە دوو شێوە بەرگوێ دەکەوێ، ئەوانیش: ئاسۆی چاوەڕوانی دەق و ئـاسـۆی چاوەڕوانی خـوێنەرن. کـەواتە ئەم دووە چین؟

**یەکەم: ئاسۆی چاوەڕوانی**

ئەم دوو چەمکە (ئاسـۆی چاوەڕوانی دەق) و (ئاسـۆی چاوەڕوانی خـوێنەر)، دوو چەمکی ڕەخنەیی ئەدەبین، کـە پێوەندی پتەو و ڕاستەوخۆیان پێکەوە هەیە، لەوەدا، کە هەردووکیان بۆ سەر یەک تیوری ڕەخنەیی دەگەڕێنەوە، کە ئەویش تیـوری (ئاسـۆی چاوەڕوانی)یە و سـەرەتای سەرهەڵدانی ئەم تیورەش بۆ ساڵی (١٩٦٧) دەگەڕێتەوە کـاتێک ڕەخنەگـری ئەڵمـانی (هانز ڕۆبرت یاوس)، لە زانکۆی (کـونسـتـانس) موحازەرەیەکی، بە ناوونیـشـانی (بۆچی لە مێژووی ئەدەب دەکۆڵرێتەوە؟) پێشکەش کرد و تێـیدا بۆ یەکەمین جار باسی لەوە کرد، کە "ئەدەب و هونەر هەرگیـز نابنە خـاوەنی مـێژووی خـۆیان، هەتا ئەو دەمـەی کـاری تر بەدوای خـۆیاندا نەهێنن، نەک لەلایەن بەرهەمـهـێنەرەوە، بەڵکو لەلایەنی بەکـاربەرەوە"(١). هەڵبەت لەوەشدا (یاوس) مەبەستی لە (بەرهەمهێنەر) (نووسـەری دەق)ـەو مـەبەست لە (بەکـاربەر)یش (خوێنەری دەق)ـە.

(یاوس) بۆ پێکهێنانی ئەم تیورەی خۆی، سوودی لە دوو چەمکی تر وەرگـرتووە، کـە ئەوانیش: "چەمکی (ئاسـۆی مـێـژوویی) گـادامـێـر و چەمکی (هیـوابڕانی چاوەڕوانی)ی (کـارل پۆپەر)ـە، لە یەکـەمـیـانەوە وشـەی



**گادامێر**

(ئاسۆ) و لە دووەمیشیانەوە وشەی (چاوەڕوانی) وەرگرتووە و بەوەش چەمکی (ئاسۆی چاوەڕوانی)یەکەی خۆی پێکهێناوە"(٢)، کە دواتر و لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، گەشەی زیاتری بەخۆوە بینی، بەتایبەت کاتێ بیروبۆچوونەکانی (فۆلفگانگ ئایزەر)یشی هاتە پاڵ، واتا ئەو دوو چەمکە زیاتر لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا چەسپین و جێدەستی خۆیان دیاری کرد.

شایەنی باسە ناوەڕۆکی تیوری چاوەڕوانی، ڕەنگدانەوەی پێنج تیوری پێشتری تێدا دەبینرێت، هەروەک (ڕۆب هۆلَمب) بەم شێوەیە دەستنیشانی ئەم پێنج تیورە دەکات(٣):

١- شێوەگەرایی ڕووسی.
٢- بنیادگەرایی پراگ.
٣- دیاردەگەرایی (ئەنگاردان).
٤- هێرمنیۆتیکای (گادامێر).
٥- سۆسیۆلۆژیای ئەدەب.

(یاوس) بنەمای تیورەکەی خۆی بە پشتبەستن بە چوار فاکتەر دامەزراندووە، ئەوانیش بریتین لە(٤):

١- زانیاری پێشوەختی خوێنەر لەبارەی ئەو دەقەی کە دەیخوێنێتەوە.
٢- ئەو ئەزموونەی کە لە ئەنجامی خوێندنەوەی ڕەگەزە ئەدەبییەکانی ترەوە پەیدای کردووە.
٣- کارامەیی گشتی خوێنەر و ئەو تواناییەی لێیەوە بەدەستی دەهێنێت.
٤- دەرککردن بە جیاوازی نێوان زمانی شیعری و زمانی پراکتیکی.

کەواتە چەمکی (ئاسۆی چاوەڕوانی) بریتییە لەو یەکە پێکهێنەرانەی دەق، کە بە مانا و دەلالەتی زمانەوانی و ئیستێتیکی بارگاوی کراون، بۆیە لێرەدا پرسیاری ئەوە دێتە ئاراوە، لەوەی ئاخۆ "ئێمەی خوێنەر چاوەڕوانی چی دەکەین، لە خوێندنەوەی دەقی چیرۆکێک، بەپێچەوانەی خوێندنەوەی دەقی چامەیەک؟ یان ئاخۆ چاوەڕوانی چی دەکەین لە خوێندنەوەی دەقێک، کە ناوی نووسەرێکی دیاریکراوی بەسەرەوەیە؟ لەکاتێکدا ئەگەر هەمان دەق ناوی نووسەرێکی تری بەسەرەوە بێت، چ دەبێت؟ کەواتە ئێمە هەرگیز ناتوانین بەبێ داوەرییەکی پێشوەختە دەست بۆ خوێندنەوەی هیچ دەقێک بەرین، چونکە هەموو خوێنەرێک لەناخی خۆیدا هەڵگری کۆمەڵێک مەعریفە و زانیاری تایبەتە لەسەر هەر دەقێک، کە دەیبینێ و دەیخوێنێتەوە، ئەمەش بەدەر نییە لە کاریگەری ئەو چرکەساتە مێژووییەی کە ئەو دەقەی تێدا بەرهەم هاتووە(٥)".

هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم تیورەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە (یاوس) پێی وابوو لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە ڕەخنەیی و ئەدەبییەکانی خۆیدا، گەیشتۆتە بەردەم دەرگایەکی داخراو، چونکە "لێکۆڵینەوە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان، بۆ نموونە، نەیانتوانی پاساوێکی قایلکەرمان بۆ بێننەوە، بەرانبەر سەرسامیمان بە دەقگەلێک، کە لە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی- ئابووری- ڕۆشنبیری جیاواز لە بارودۆخی ئێستامان نووسراون، هەروەک لێکۆڵینەوە بنیادگەرییەکانیش نەیانتوانی وەڵامی ئەوە پرسیارە بدەنەوە، کە ئاخۆ چییە وا دەکات دەقێکی وەک (هەزار و یەک شەوە)، کە لە سەدەی دوازدەمدا وەک دەقێکی بێ بەها تەماشاکراوە، کەچی ئەمڕۆ بووەتە یەکێک لەو دەقە بەناوبانگانەی کە بۆ چەندین زمانی جیاجیای جیهانی پەرچڤەکراوە"(٦).

لێرەوە و لەم ڕوانگەیەوە، چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانی بە دوو دیو، یان بە دوو ئاراستەی جیاواز، باسی لێوە دەکرێت و بۆی هەیە بێتە دی، ئەویش هەردوو چەمکی (ئاسۆی چاوەڕوانی دەق و ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر)ە،

کە لە خوارەوە، هەوڵ دەدەین بەپێی توانایی ڕوونیان بکەینەوە.

## دووەم: چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانی دەق

بەپێی بۆچوونەکانی (ئایزەر) "خوێندنەوە کردارێکی جەدەلی ئاڵوگۆڕپێکراوی بەردەوامە و دوو ئاراستەی هەیە: لە خوێنەرەوە بۆ دەق و لە دەقەوە بۆ خوێنەر(٧)" واتا هەروەک (ئەمبیرتۆ ئیکۆ)یش دەڵێت: "دەق ئامێرێکی تەمبەڵە و خوێنەرێک هەیە گیان و هێز و جووڵەی بخاتەوە بەر(٨)" لێرەوە ئەو دەقە دەبێتە پانتاییەکی ئەوتۆ، کە لەلایەن نووسەرەوە، کۆمەڵێک بیرۆکەی تێدا گەڵاڵە دەکرێت، بەمەش دەبێ دەق پەیامێک لە ناوەڕۆکی خۆیدا هەڵبگرێت، کە دواتر خوێنەر لەڕێگەی پرۆسەی خوێندنەوەوە ئاشنای دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە نووسەر "لەڕێگای دەسەڵاتی خۆی بەسەر دەقدا، هەروەها لەڕێی بەکارهێنانی هەندێ زەمینە و پێش گریمانەیی زەینییەتی خۆیەوە، هەر لەسەرەتاوە مانای دەقەکە و ئەرکی خوێنەر ڕوون بکاتەوە(٩)"، (ڕۆلان بارت)یش لەم بارەیەوە پێی وایە، کە هەر نووسەرێک بتوانێ کارێکی لەو شێوەیە لە دەقەکەی خۆیدا بەرجەستە بکات، ئەوە دەقەکەی بە (دەقێکی خوێنەرانە Readily Text(10)) لەقەڵەم دەدرێت، لە دەقی خوێنەرانەیشدا، بە گوتەی (بارت) "بنەمای پرۆسەی خوڵقاندنی مانا، لەسەر زەینییەتی خوێنەر دانامەزرێ"(١١)، بۆیە لەوەها بارێکدا ناتوانرێ "دەق لە ئاسۆی ئەدەبی خۆی داببڕێنرێ، چونکە دەق دەکەوێتە نێوان ئاسۆی خوێنەر و ئەو ئاسۆیەی کە خۆی نوێنەرایەتی دەکات، لە ئەنجامی ئاوێتەبوونی ئەم دوو ئاسۆیەشەوە، دەق دەتوانێ کۆمەڵێک مانا و دەلالەت بەرهەم بێنێ و سنووری باو تێپەڕێنێ"(١٢).

لەکاتێکدا کە نووسەری دەق، بریتییە لە خوێنەری دەقەکانی پێشوو، کەواتە بەرهەمی ئەدەبی گەشە ناکات، هەتا نەخوێنرێتەوە، هەربۆیە (ئایزەر) لەو ڕوانگەیەوە دەڵێت: "بەرهەمی ئەدەبی دوو جەمسەری هەیە: جەمسەرێکی هونەری و جەمسەرێکی جوانکاری. جەمسەری جوانکاری لەنێو دەقدایە، کە نووسەر لە ڕێگەی بنیادی زمانەوانی و بابەتەوە، بەرهەمی دەهێنێت، کە بارگاوییە بە بیرۆکەی مەعریفی و ئایدۆلۆژی، هەرچی جەمسەری جوانکارییە، ئەوە خۆی لە پرۆسەی خوێندنەوەدا دەبینێتەوە، بەمەش دەق لە باری ئەبستراکتەوە دەچێتە باری بەرجەستەبوونەوە، واتا لەڕێگەی چاو و هزرەوە، تێی دەگەین و ڕاڤە دەکرێت"(١٣).

بەرهەمی ئەدەبی لەکاتێکدا ڕێز لە (ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر) دەگرێت، ئەگەر بێتو ئەو بەرهەمە وەڵامدەرەوەی پێوەرە هونەری و ئیستێتیکییەکانی خوێنەر بێت، کە لە ڕێگەی لێکچوواندنی دەقەکان و پێشینەی مەعریفی و ئەدەبی خۆیەوە، لەگەڵیدا یەک بگرنەوە، بەپێچەوانەشەوە بەرهەمی ئەدەبی، خوێنەر دووچاری شۆک دەکات، کاتێک ڕووبەڕووی دەقێکی نوێباو دەبێتەوە، کە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەو یاساوڕێسایانەدا ناگونجێت، کە بەلای خوێنەرەوە هەن، بۆ نموونە: کاتێک ڕۆمانێکی کلاسیکی دەخوێنینەوە، ئەوە ئەو جۆرە ڕۆمانە دەقێکە، ڕێز لە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر دەگرێت، چونکە خوێنەر لە بنەمادا لەسەر خوێندنەوەی ئەو جۆرە ڕۆمانە ڕاهاتووە، بەڵام ئەگەر بێت و ڕۆمانێکی نوێباو بدەینە دەست ئەو خوێنەرە، ئەوە بێ گومان ڕووبەڕووی هەندێ شێوازی ئەدەبی نوێ دەبێتەوە، کە پێشتر ئەو پێی ئاشنا نەبووە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی مەودایەکی جوانیناسی، لەنێوان دەق و خوێنەردا، کە ئەمەش بە (ئاسۆی چاوەڕوانی دەق) ناسراوە، هەر ئەمیشە وا دەکات ڕۆمانێکی وەک (دۆن کیشۆت)ی (سێرڤانتس) تائێستا بە نەمری بمێنێتەوە، بەڵام بەڕای (یاوس) هەر دەقێک ڕێز لە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر بگرێت، ئەوە ئەو دەقە، نابێتە دەقێکی نەمر، بەڵکو ئەو جۆرە دەقە، بەرهەمێکی ئاساییە و خوێنەر زوو بە خوێندنەوەی ڕادێت، تەنانەت بە دەقێکی سواویشی لەقەڵەم دەدات. کەواتە دەتوانین ئەوەی لە سەرەوە وتمان، لەم هێڵکارییەدا بیخەینە پێش چاو(١٤):





کارل پۆپەر

کەواتە بە پشتبەستن بەو بۆچوونانەی سەرەوەو لە ڕوانگەی هەریەک لە (فۆلفگانگ ئایزەر) و (هانز ڕۆبێر یاوس) و (گادامێر)ـەوە، دەتوانین بەم شێوەیە پێناسەی چەمکی (ئاسۆی چاوەڕوانی دەق) بکەین، بەوەی: بریتییە لە کۆمەڵە ڕەفتار و زانین و ڕوانینێکی پێشوەختە، کە ڕووبەڕووی بەرهەمێکی ئەدەبی، یان هونەری دەبێتەوە و لەسەر ئەو بنەمایە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت، یان ڕەخنەی لێدەگیرێت، لە ئەنجامی ئەمەشدا، یان ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر تێر دەبێت، یان تووشی شۆک دەبێتەوە، کە لەبەرانبەر یەکەمیاندا ڕەزامەندی و لەبەرانبەر دووەمیشیاندا ناڕەزایی لێدەکەوێتەوە، لەهەردوو بارەکەشدا، مەودایەکی جوانیناسی لەنێوان دەق و خوێنەری دەقدا دروست دەبێت، کە پێی دەوترێت (ئاسۆی چاوەڕوانی)(١٥).

## سێیەم: چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر

ئەگەرچی چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر و چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانی دەق، لە شێوەدا وەک دوو چەمکی سەربەخۆ دێنە بەرچاو، بەڵام وەک پێشتریش ئاماژەمان پێداوە، ئەم دوو چەمکە لەڕاستیدا تەواوکەری یەکترین، ئەمەش لەو ڕووەوە، کە هەردووکیان لەیەک سەرچاوەوە هاتوون، کە ئەویش چەمکی (ئاسۆی چاوەڕوانی)یە.

یەکەم دەرکەوتەی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر، لەو خاڵەوەیە، کە پرۆسەی خوێندنەوەی دەقێکی نوێ دەست پێدەکات، واتا "ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر لەو کارامەییانەی پێشتری خوێنەرەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لە ئەنجامی خوێندنەوەی دەقی ترەوە وەری گرتوون، بەمەش چاوەڕوانییەکەی لەهەمبەر ئەو دەقە نوێیە، یان ڕاست دەبێتەوە، یانیش بە تەواوەتی گۆڕانی بەسەردا دێت"(١٦)، بێ گومان ئەمەش پێوەندی بە دیوی بژۆنی (مەعنەوی) دەقەوە هەیە، نەک دیوی پێکهاتەیی (تەرکیبی) دەق، چونکە "دیوی بژۆنی دەق بوونی خۆی لە بوونی ئەو خوێنەرەوە بەرجەستە دەکات، کە کارلێکی لەگەڵ دەکات و سەرجەم پێدراوە جیاوازەکانی لەگەڵدا ئاڵوگۆڕ دەکات و ئاوێتەی دەبێت، بەمەش پێدراوە پێکهاتەییەکانی دەق بەرکەڵک دەخرێن لەپێناو پێکهێنانی مانای دەقدا"(١٧).

ئێمە ئەوە دەزانین، کە هیچ دەقێک لە بۆشاییدا نایەتە بەرهەم، بە واتایەکی تر، هیچ دەقێک نییە، کە مەبەستێکی دیاریکراوی لە پشتەوە نەبێت، بۆیە هەموو دەقێک "لەڕێگەی کۆمەڵێک سیمبۆلی شاراوە، یان ئاشکراوە، هەروەها لەڕێگەی حاڵەتگەلی ناوەکی و تایبەتمەندی باوەوە، وا لە جەماوەرەکەی خۆی دەکات، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان، ئامادەباشی پێشوەختەیان بەلاوە دروست ببێت، بۆ ئەوەی بتوانن پەسەندی بکەن"(١٨).

ئێمە لە ئاسۆی چاوەڕوانی دەقدا ئەوەمان خستە ڕوو، کە هەموو دەقێک دوو جەمسەری هەیە، جەمسەری هونەری و جەمسەری ئیستێتیکی، هەروەها ئەوەشمان ڕوون کردەوە، کە جەمسەری یەکەمیان پێوەندی بە لایەنی ناوەکی دەقەکەوە هەیە و ئەوەی دووەمیش لەلایەنی خوێنەرەوە دێتە بەرهەم، کەواتە لە ئاسۆی چاوەڕوانیدا گرنگ ئەوەیە، کە تێکەڵبوون، یان ئاوێتەبوونێک لەنێوان ئەو دوو جەمسەرەدا ڕوو بدات، بۆ ئەوەی جەمسەرگیرییەک دروست ببێت، "بەمەش ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە نابێ خودی بەرهەمەکە، هاوتای دەق، یان هاوتای خوێندنەوەکەی بێت، بەڵکو شتێک دەبێت لەو نێوەندەدا"(١٩)، دیارە ئەمەش لەگەڵ ئەو بۆچوونەی (گادامێر)دا وێک دێتەوە، کە پێی وایە "ئەو ڕەوتە مێژووییەی دەقی تێدا بەرهەم هێنراوە، یەکانگیر دەبێت لەگەڵ بیرۆکەی کەسێتی ڕاڤەکەردا، بەشێوەیەکی ئەوتۆ،

کە کاریگەری خۆی لە سەرلەنوێ ژیاندنەوەی واتای دەقدا هەیە"(٢٠) هەروەک گادامێر ئەم حاڵەتە بە "(توانەوەی ئاسۆکان) یان (ئاسۆی دەق و ئاسۆی ڕاڤەکەر – وەرگر) ناو دەبات"(٢١).

کەواتە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر لەوەدایە، کە خوێنەر بارگاوی بەو زانیاری و دنیابینییە تایبەتییانەی خۆیەوە، ڕووبەڕووی خوێندنەوەی دەقێکی دیاریکراو دەبێتەوە، بەمەش دەچێتە نێو پرۆسەی خوێندنەوەوە، بەڵام بۆی هەیە ئەو دەقە، کار بکاتە سەر چاوەڕوانییەکانی خوێنەر و تێکیان بشکێنێ، بەوەی هەوڵی نوێکردنەوەی زانیاری و تێگەیشتن و دنیابینییەکانی بدات، تا بتوانێ کارامەتر لە پێشوو، مامەڵە لەگەڵ پێدراوەکانی دەقی نوێیاودا بکات، بەمەش مێژووی ئەدەب و چاپووکییە ئیستێتیکییەکانی خوێنەر لێک نزیک دەبنەوە و دواجاریش ئاوێتەبوونێک لەنێوانیاندا ڕوو دەدات، کە زۆرجاریش سنووری ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر تێدەپەڕێنێت و دەچێتە چوارچێوەی (بەزاندنی ئاسۆی چاوەڕوانییەکانی وەرگر)ەوە، یەکەمین سوودێکیش لەم پرسەدا، ئەوەیە کە ئاسۆی چاوەڕوانی نوێ بەلای خوێنەرەوە دروست دەبێت، دواتریش گۆڕانکاری لە ڕەگەز و چەشنە ئەدەبییەکاندا دێتە کایەوە، هەڵبەت بەشێکی زۆری ئەمە دەکەوێتە لای بەرهەمهێنی دەق، واتا "ئەوانە لە هزری نووسەردا، لەکاتی نووسیندا دەژێنەوە و کار دەکەنە سەر پێکهاتەی دەق، نووسەر دەتوانێ وا بکات، کە بەرهەمەکەی ڕێز لە چاوەڕوانییەکانی خوێنەر بگرێت و دەشتوانێ وا بکات، کە خوێنەر لە هەموو چاوەڕوانییەکی پێشوەختەی خۆی، هیوابڕاو بکات، بەوەی بابەتی سەرسامکەر بێنێتە ناو دەقەکەیەوە.

بەدیوێکی تردا "ئەو دەقەی کە بنەمایەکی هونەری بەهێز و بەهایەکی ئیستێتیکی بەرزی هەیە، ئەوە گرنگی بەوە نادات، کە تاچەند لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەردا ڕێک دێتەوە، یان نا، چونکە ئەم جۆرە دەقە، ئەوە تەنیا خۆیەتی، کە توانایی کارتێکردنە سەر خوێنەری هەیە، بەتایبەت لەکاتێکدا، کە ئاسۆی چاوەڕوانی دەق لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەردا جیاواز بێت، ئینجا هەر دەقێک بتوانێ ئەم کارە ئەنجام بدات، ئەوە دەقێکی سەرکەوتوو و گوتارێکی جیاکارە، لە هەموو ئاستەکاندا"(٢٢). بۆی هەیە ئاسۆی چاوەڕوانی دەق بە سێ شێوەی دیار، کاریگەری خۆی بخاتە سەر چاوەڕوانی خوێنەر، لە یەکەمیاندا پێدەچێ دەق لەگەڵ خوێنەردا بگونجێت و لە دووەمدا لەوانەیە خوێنەر دووچاری نائومێدی و وەڕزی بێتەوە و لەسێیەمیشدا دەکرێ ئاسۆی چاوەڕوانی دەق، بگاتە ئەو ڕادە و ئاستەی کە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر بگۆڕێت(٢٣).

بەپێویستی دەزانم بەر لەکۆتایی، ئەوە بڵێم، کە تا ئێستا وەک پێویست لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا لا لەم باسە نەکراوەتەوە و لێکۆڵینەوەی وردی لەسەر ئەنجام نەدراوە. بەو هیوایەی لە داهاتوودا هەوڵی فراوانتر و پوختەتری لەسەر بخوێنینەوە.

**پەراوێزەکان:**

**(١) نظرية التلقي النشأة و التطور، كتبها: غزلان هاشمي، ٢١ اغسطس ٢٠٠٩،**
**http://gazahashim.maktoobblog.com**

**(٢) دەڕوانرێتە: (تأثير جمالية التلقي (الالمانية) في الادب العربي، على يخوش، www.labrecption.net**

**(٣) منهج التلقي أو نظرية القراءة و التقبل، د.جميل حمداوي، الثلاثاء ١١ يوليو ٢٠٠٦،**
**http://www.ofouq.com**

**(٤) القراءة، القاريء و التلقي، اسماعيل عبد الحفيظ،**
**http://www.aljabriabed.net/n54 13hafifd.htm**

**(٥) أفق التوقع أو أفق التقوقع في قرأة النص الادبي؟،**
**http://www.aljsad.net/ showthread.php?t=33926**

**(٦) جمالية التلقي، الاستاذ الدكتور: مسعود عمشوش،**
**http://amshoosh.wordpress.com**

**(٧) نظرية التلقي، النشأة و التطور...**

**(٨) لەناو بازنەی دەقدا (ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی)، سەمەد ئەحمەد، سابیر ڕەشید پێشەکی بۆ نووسیوە، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٩.**

**(٩) هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.**

**(١٠) دەنگی بلوورینی دەق (ڕەخنە و لێکۆڵینەوە)، عەبدولخالق یەعقوبی، لە چاپکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕاز، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٢١٧.**

**(١١) دەڕوانرێتە: هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو...**

(١٢) دەنگی بلوورینی دەق (ڕەخنە و لێکۆڵینەوە)، ل٢١٧.

(١٣) نـــظـــريـــة الـــتـــلـــقـــي، //:http
Reception,kenanaonline.com/users/
wageehelmorssi/posts/268353

(١٤) منهج التلقي أو نظرية القراءة و التقبل، د.جميل حمداوي، الثلاثاء ١١ يوليو ٢٠٠٦،
http://www.ofouq.com

(١٥) دور القاريء في النقد الادبي الالماني المعاصر، آرنولد رۆث، ترجمة: عبدالعالي مريني،
http://www.aljabriabed.net/n95
10marini.htm

(١٦) أفق التوقع عند (ياوس) ما بين الجمالية و التاريخ، د.خيرالدين دعيش (قسم الادب العربي- جامعة سطيف)، مجلة (المخبر)، العدد الاول، ٢٠٠٩

(١٧) مفهوم المعنى و فعاليات قراءة النص الادبي، ٢٠٠٤/٧/٢١،
http://www.alfaseeh.com/vb/archive/
index.php/t-3168.html, 2004/7/21

(١٨) القراءة، القاريء و التلقي، اسماعيل عبد الحفيظ،
http://www.aljabriabed.net/n54
13hafid.htm

(١٩) هەمان سەرچاوە...

(٢٠) تأثير جمالية التلقي (الالمانية) في الادب العربي، علي يخوش، www.labrecption.net

(٢١) هەمان سەرچاوە...

(٢٢) حين يجاوز النص (أفق الانتظار) (٢-٢)، عمر بن عبدالعزيز المحمود،
http://www.aljazirah.com.sa/culture/
2010/29042010/fadaat29.htm

(٢٣) دەروانرێتە: (فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، لە بلاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١١، ل١٠٣- ١٠٤).

سەرچاوەکان:

یەکەم/ بە زمانی کوردی:

١- لەناو بازنەی دەقدا (ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی)، سەمەد ئەحمەد، سابیر ڕەشید پێشەکی بۆ نووسیوە، لەبلاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بلاوکردنەوە، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.

٢- دەنگی بلوورینی دەق (ڕەخنە و لێکۆڵینەوە)، عەبدولخالق یەعقوبی، لە چاپکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بلاوکردنەوە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕاز، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٣- فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، لە بلاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١١.

دووەم/ بە زمانی عەرەبی:

(١) أفق التوقع عند (ياوس) ما بين الجمالية و التاريخ، د.خيرالدين دعيش (قسم الادب العربي- جامعة سطيف)، مجلة (المخبر)، العدد الاول، ٢٠٠٩.

(٢) أفق التوقع أو أفق التقوقع في قرأة النص الادبي؟،
http://www.aljsad.net/
showthread.php?t=33926

(٣) القراءة، القاريء و التلقي، اسماعيل عبد الحفيظ،
http://www.aljabriabriabed.net/n54-
13hafid.htm

(٤) تأثير جمالية التلقي (الالمانية) في الادب العربي، علي يخوش، www.labrecption.net

(٥) جمالية التلقي، الاستاذ الدكتور: مسعود عمشوش،
http://amshoosh.wordpress.com

(٦) حين يجاوز النص (أفق الانتظار) (٢-٢)، عمر بن عبدالعزيز المحمود،
http://www.aljazirah.com.sa./culture/
2010/29042010/fadaat29.htm

(٧) دور القاريء في النقد الادبي الالماني المعاصر، آرنولد رۆث، ترجمة: عبدالعالي مريني،
http://www.aljabriabed.net/n95-
10marini.htm

(٨) نظرية التلقي، النشأة و التطور، كتبها: غزلان هاشمي، ٢١ اغسطس ٢٠٠٩،
http://gazahashim.maktoobblog.com

(٩) نـــظـــريـــة الـــتـــلـــقـــي، //:http
Reception,kenanaonline.com/users/
wageehelmorssi/posts/268353

(١٠) منهج التلقي أو نظرية القراءة و التقبل، د.جميل حمداوي، الثلاثاء ١١ يوليو ٢٠٠٦،
http://www.ofouq.com

(١١) مفهوم المعنى و فعاليات قراءة النص الادبي، ٢٠٠٤/٧/٢١،
http://www.alfaseeh.com/vb/archive/
index.php/t-3168.htm

# دنیا لە وێنە شیعرییەکانی حەمدی دا

**د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود**
**(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی پەروەردە)**

دنیا زۆر کۆنە و زۆریشی لەسەر نووسراوە. کتێبە پیرۆزەکانی ئاسمان و بەتایبەتیش قورئانی پیرۆز، نووسراوە داهێنراوەکان، پێغەمبەران و حەکیمەکان، شاعیران و... تاد باسی دنیایان کردووە. لە فەرهەنگەکاندا وشەی دنیا واتایەکی زۆری هەیە.

پەند و مەسەلەکانی کوردەواری، حەقایەتەکان پڕن لە زەم کردنی دنیا و بە هیچ نەزانینی، هەر زێنەتە دەرس و عیبرەتیان لێ وەرگرین. ئەوەی لای هۆشمەند و خاوەن ئەزموونەکان بووەتە ڕاستی (فاکت) ئەوەی پشتی لە دنیا نەبێت، نابێت بە ڕەمز و ئەفسانە، بوون بە ڕەمز و ئەفسانەش گومرگی خۆی دەوێ. دنیاویستەکان کورتەباڵان و تەمەنیان یەکسانە بە تەمەنی بڵقی سەر ئاو. نەمری، جاویدانی هەڵنەخەڵەتانە بە باق و بریق و خۆشییە کاتییەکانی دنیا.

کە دەڵێین حەمدی شاعیرێکی گەورە و ڕەمزێکی نەتەوەییمانە، ئەم گۆتەیە بە هەوەنتە نەگوتراوە، لە بیر و بۆچوونی، وێنە شیعرییەکانی وێنا کراون و ڕەنگ دەدەنەوە:

**بۆ گوڵشەنی شادی دەفڕێ بولبولی تەبعم**
**مەعلومە دنیا دەشکێنێ پەڕ و باڵی ٤٣٠(*)**

حەمدی لەو دێڕەیدا دوو وێنەی پڕ لەواتامان نیشان دەدا. (١) ئەوە بلبلی تەبع و سرشتی (ویست و ئارەزووەکانی) دەفڕێ و ڕێگای گوڵزار و باخچەکانی تەژی لە خۆشی و شادی، دوور لە غەم و ناهەمواری گرتووەتەبەر. واتە بلبلەکە هێشتا بەرێوەیە. (٢) دەڵێ: لێم عەیانە دنیا ناهێڵێ شالووری سرشتم بە مرازەکانی خۆی بگا، لە بەر ئەوەی ناوی شادی هاتووە، کە ئەمەش لەگەڵ مندا کارێکی بەرەواژە و ڕێک ناکەوێ، چونکە مەحاڵە دنیا لێ بگەڕێ ئەو شادی و خۆشییەم بە نسیب بێت، پێشتر گوتوومە:

**لە عەشق و غەم کرا ڕۆژی ئەزەل تەرکیبی مەعجوونم**



حەمدی

**کەمیشە بەم حەدە ئەمڕۆ کە مەحزوون و کە مەفتوونم ٣٨٤**

لەم دێڕەشدا دەڵێ:

**تاڵیبی دنیا نەبی تۆ ئەو بە تۆ تاڵیب دەبێ**
**موشتەری نابێ لە بازارا مەتاعی وا چرووک ٣٥٣**

مەتاع: کاڵا، شتومەک، کەلوپەل.

حەمدی دەڵێ: کەی تۆ دنیات نەویست و پشتت تێکرد، ئەو بە دواتدا ڕادەکا، دیسان مەرج نییە بتەوێ، یان پێت بگات. حەمدی دنیای بە کاڵا و شتومەکی چرووک و بێ نرخ چواندووە، کە لە بازاڕەکاندا لەو گۆڕەی کەوتوون و کڕیاریان نییە و کەس لێیان ناپرسێت.

**جیلوەگاهی نوورە هەرکەس تێکەڵی دنیا نەبێ**
**خۆ لەبەر شێتی نییە تەنها لە سەر کێوانە ڕۆژ ٣٢**

جیلوە: دەرکەوتن، خۆنیشاندان. جیلوەگاه: شوێنی دەرکەوتن، جێگای ورشەدانەوە.

حەمدی دەیەوێ بڵێ: هەر کەسێک بە ویستی دنیا تێکەڵی بێت و بێ بە بەشێک لە یەکتری، پاکی و بەهاکانی لەدەست دەدا. لەنیوە دێڕی یەکەم دەڵێ: ئەوەی تێکەڵ بە دنیا نەبێت پلە و پایەیەکی زۆر تایبەتی بەدەست دەهێنێ، خۆ لە شێتی و نەفامی نییە، خۆر بەردەوام لە بەرز و بڵندیدایە. (چ وەک ڕووناککەرەوە، یان ڕێ نیشاندەر).

**دنیا کە بە تۆ تێکەڵە من تێکەڵی نابم**
**ئەو بێ شەرەفە قەت دەمەوێ سەروەت و ماڵی ٤٣١**

حەمدی لەم وێنەیەیدا، زۆر بە ئاشکرا و بەبێ پێچوپەنا بە بەرانبەرەکەی دەڵێ: تۆ تێکەڵ بە دنیا بووی، من تێکەڵ بەو دنیایەی تۆ نابم، ئەوەی من هەمە ئەو نییەتی. ئەو تەنیا و تەنیا سەروەت و ماڵی هەیە، منیش هیچ پێویستیم بەمانە نییە و بشمداتێ من نامەوێ.

**بە دڵ ئەهلی دڵی پەیدا دەکا دنیا هەتا ڕۆژێ**
**بە سەگ جەرگ و دڵی دێنێتەدەر هەروایە موعتادی ٤٢٣**

دنیا بە دوامانەوەیە بۆ هەڵخەڵەتاندن و لە ڕێ لادان. هەرهەندە ئاوڕێکت لێدایەوە و بە دوای کەوتی، ئەوەندە بێ وەفایە ڕۆژێک دادێ بە سەگەکانی خۆی جەرگ و دڵت بێنێتە دەرەوە و هەلا بە هەلای بکا.

**قەباڵەی فەڕ و ئیقباڵم بداتێ نامەوێ چونکە**
**ژنێکی هەرزەیە دنیا کە حاشا هەر دەکا بۆ شوو ٤١٦**

قەباڵە: قۆچان، ڕێکەوتننامە، نووسراوێکە بەرپرسیاریەتی کەسەکان نیشان دەدا.

فەڕ: ودم، پیرۆزی. ئیقبال: بەخت، تاڵع، هاتنە پێشی ئیقبال. هەرزە: بێ کەڵک، لە کارکەوتوو، خراپ، ئەوەی هەر خەریکی ڕابواردن بێت.

قاقانی، یان قۆچانی ڕەشی ودم و پیرۆزی بەخت و شانسم، پێ ببەخشێ و بمداتێ نامەوێ، بەڵکو هەر ئاوڕیشی لێنادەمەوە و تەماشاشی ناکەم، چونکە دنیا ژنێکی ئاوا و ئاوایە، لە سەر کەمترین و بێ نرخترین بەرژەوەندییەکانی خۆی ئەوەی بیەوێ تەنیا هەر ئەوە دەکا.

**ژنیەتی دنیام بە حەققەت ئێستە بۆ ساغ بۆتەوە**
**هەر کەسێ ئەمڕۆکە پیاوی ژن نەبێ نابێ بە پیاو ٤١٣**

بە ڕاستی ئێستا، واتە پاش تەمەن و ئەزموونێکی زۆر ژنیەتی دنیام بۆ ساغ بووەتەوە. کە ئەویش لەو هاوکێشەیەدا خۆی نیشان دەدا: ئەوەی خۆی بە پیاو دەزانێ، دەبێ پیاو بێت و دنیا واتە (ژنی هەرزە) نەتوانێ لە سەر ڕێگای ڕاست لای بدا.

**لەگەڵ عالەم کە دنیا دەستی تێکەڵ کرد وتی فەردی**
**مەحاڵە بەم ژنە هەر جاییە تێکەڵ بێی مەردی ٤٢٤**

ڕەنگەکانی ئەم وێنە شیعرییە، لە هەر دوو وشەی (فەرد، مەرد) خۆیان دەنوێنن. دەست تێکەڵکردن لەکوردەواری خۆماندا، واتە بەرەو بوون بە یەکی لێ دەفامرێتەوە. لەو حاڵەتەدا، (فەردی) تاق، یان تاق و تەنیای لێدەردەچێ، بەڵام لە نیوە دێڕی دووەم ئەوە ڕەت

دەکاتەوە و دەڵێ: مەحاڵە لەگەڵ ئەو دنیایە، سەرەنجام بەرەو مەردایەتیت ببا. بە باوەڕی حەمدی، دنیا پەرستەکان لە هەندێ سیفات و نازناو بێ بەشن.

**هەر شەوێ دنیا کە خۆی ڕازانەوە ئەهلی دەڵێ**
**مردووە ئەو کفنەیە کردوویەتە پەردەی زەفاف ٣٤٢**

خۆ ڕازاندنەوەی دنیا، لە خشتە بردنی کۆمەڵە خەڵکێکە. دەبێ دنیا چ هێز و توانایی و دەسەلاتێکی سەیر و عەجیبی هەبێ! کفن دەکا بە پەردەی بووکێنی و بە پێچەوانەش.

ئەگەر دنیا خۆی بڕازێنێتەوە، دەبێ چ ئەفسوون و سیحرێک بنوێنێ.

**کە سەیری تەوری دنیاخوازەکانم کرد وتم یا ڕەب**
**کە زاوا بن ئەمانە وای بە حاڵی بووک و بەربووکە ١٩٠**

تەور: خوورەوشت، دۆخ. کورد دەمێکە ئەوەی براندووەتەوە: (مەنجەڵ دەگەڕێ قەپاغی خۆی بدۆزێتەوە). هەر بە تەماشایەکی دنیا خوازان، حەمدی هاواری لێ هەستاوە و پەنای بۆ باری تەعالا بردووە.خوایە هاوارە! کە زاوا ئەوانە بن، دەبێ بووک و بەربووکەکان چۆن بن؟

**دڵ لە دنیا دەرچوو دنیا خۆ لە دڵ هەر دەرنەچوو**
**چارە دەرچوونە هەتا عیزز و شەرەف نەچوو ٤١٥**

دڵ لە دنیا دەردەچێ، ئەوە شتێکی سروشتییە و هیچ ئیشکالی تێدا نییە. گرنگ ئەوەیە دنیا لە دڵ دەربچێ. حەمدی دەڵێ: بۆ مانەوەی بەها پیرۆز و سەروەرییەکان دەبێ دنیا لە نێو دڵ نەمینێ.

**تێنەگەیون خەڵقی دنیا وا بەڕاستە و چەپەدا**
**گاڵتە بەم خەڵقە دەکا کردوونییە دار و هەلووک ٣٥٣**

هەلووک: پەلیکانێ. (جۆرە یارییەکی منداڵانەیە و کەرەسەکانی دارە)

پاش ئەو هەموو تەمەنە، خەڵک هێشتا لە دنیا نەگەیشتوون و نازانن بایی چەندییە! ئەوەتە بە هەموو بارێک (بە ڕاست و چەپەدا) گاڵتە بەو هەموو خەڵکە دەکا، بە خۆشیان نەزانیوە.

**کردەوەی دنیا کە هەر عەیبە دەبێ داپۆشرێ**
**پەردەییێکی موختەسەر خاسی بە سەردادانە شەو ٣٥**

ئەو کارانەی بە دنیاوە پێوەندیدارن، ئەوەندە قێزەون و ناشیرین و عەیبدارن، پێویستییان بە داپۆشین و شاردنەوەیە، مەگەر هەر شەو بتوانێ ئەو کارە زۆر تایبەتییە بکا.

**عاقڵ بە پووچی زانی کە هێنایە بەر خەیاڵ**
**دنیا براڵە یا خەوە یا سەربەسەر خەیاڵ ٣٦٣**

حەمدی دەڵێ: هۆشمەند کە بیری لە دنیا و دوارۆژی کردەوە، لێی وردبووەوە تێگەیی دنیا هیچ نییە و هەر پێچەسەرێکە و تەواو دەبێ. سەرەنجام بە خەو، یان بە خەیاڵی لە قەڵەمداوە. ئەم دووانەش هیچ لە مەسەلەکان ناگۆڕن.

**ئەگەرچی پیرە دنیا سەیر ئەکەی هێشتاکو منداڵە**
**وەکو میوەی شەرا بردوو ڕزیوە ڕەنگی هەر کاڵە ١٩٢**

شەرابردوو: ئەو میوە و تەڕانەی بای گەرمیان پێکەوتبێ، لە پێش چاوان ڕەنگیان باش و جوان بێت، ناو و ناوەرۆکیان بێ سوود و لە کەڵک کەوتووبن.

**لە ماڵ ئاوایی دنیا گەر غەنی ئاسوودە بێ کفرە**
**لە کولفەت من کە موستەغنیم شوکر خانە خرابێکم ٣٧٩**

ماڵئاوایی: بەجێهێشتن، بەجێهێشتنی دنیا.
غەنی: دەوڵەمەند و خاوەن توانایی.
ئاسوودە: بێ غەم.
کفر: گۆتە، یان شتێکی بێ دینانە ئەنجام بدەی.
کولفەت: خەرجی، نرخ، تێچوو.
موستەغنی: چاوتێر، دەوڵەمەند، بێ نیاز.

دێڕێکمان لە دیوانی حەمدی دەرهێناوە، وەک وەڵام و لێکدانەوەی ئەم دێڕە:

**من گەدایییم سەد ئەوەندەی حاکمی پێ خۆشترە**
**نابەمە تابووتەوە خۆ داغی گەورەی تەختی عاج ٢٧٧**

لە نێو دیوانە دەوڵەمەندەکەی حەمدی، لە چەندان شوێنی تردا باس لە دنیا کراوە. لەبەر درێژدادری، ئێمە هەر ئەوەندە وێنەیەمان لێ هەڵبژارد.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

**(*) ئەو ژمارانەی لە بەرانبەر دێڕە شیعرەکان نووسراون ئاماژەن بۆ لاپەڕەکانی:**

**حەمدی(دیوان)، ساغکردنەوە و ڕێکخستن و چاپکردنی عەبدوڵلا خدر مەولوود، (چاپی پێنجەم)، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٣.**

**(١) محمد نوری عارف (دکتۆر)، فەرهەنگی دیوانی شاعیران (نالی، سالم، کوردی)، لە بلاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٧.**

# لەمەڕ نۆستالژیاوە

**محەمەد قاعید**
**لە فارسییەوە: محەمەد ئەحمەدی (سامال)**
**(بۆکان)**

ژەنراڵ دڵی بە سەرکەوتنەکانی ئێستا نەدەکراوە، هەمیشە هۆشی لای شەڕکەرانی ٥٠ ساڵ لەمەوبەر بوو.

"ویلیام تەکێری، بازاڕی خۆفرۆشی"

لە گوندەکانی وڵاتی ئێمەدا چەندین سەدەیە کە گوێدرێژ، ئاژەڵی خۆڕاگر و بەسەبر، تاکە ئامرازی بارهەڵگرتن و بێنەوبەرە بووە، تەنانەت جارێک پیاوێکم بینی بە سواری گوێدرێژێکەوە خەریکی خوێندنەوەی کتێبێک بوو، کە ئەم کارە لە کاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلدا ناکرێ، هەرچەندە لەبەر ئەوەی کە هەژماری گوێدرێژان لە مەزراکانی وڵاتەکەماندا لە کەمی داوە، بە داخەوەم، بەڵام ئەمڕۆ دێهاتییەکانمان زیاتر هۆگری ئۆتۆمبێلی جێبن.

"محەمەد ڕەزای پەهلەوی، ئەرکداریەتی لە پێناو نیشتمانمدا"

کاتێک کە دووبارە چاومان بە ئەو خانووە دەکەوێتەوە کە سەردەمانی منداڵیمان تێدا تێ پەڕاندووە، یەکەم هەستمان بە لانی زۆرەوە ئەوە دەبێ کە: بە ڕاستی ئەمەندە بچووک بوو؟ کتوپڕ تێدەگەین کە حەوزی ماڵە کەونەکەمان زۆر بچووکترە لە بچووکترین ئەستێرکی مەلەوانگەکان و دارە کاژەکەی پەنا حەوزەکەش سەری لە حەوێقی ئاسمان نییە و تەنیا هێندێک لە سەربانی ماڵەکەمان بەرزترە. لە گەورەساڵیدا تێدەگەین کە بەژنی منداڵی ئێمە زۆر کورت بوو، بۆیە درەخت و دیواری ماڵە ئاساییەکەمان هێندە مەزنی دەنواند. دەنا ئەو خانووەی کە بە منداڵی تێیدا دەژیاین، کەم و زۆر هەر بە قەد ئەو خانووانە دەبوو کە دواتر دیتمانن. ئەو هەستەی کە دڵ لە یادی بەرەکەتێکی لەدەستچوودا ئاخ بۆ ڕابردوویەکی تێپەڕیو هەڵکێشێ، یان خەفەتبار بێ بە بۆنەی دوورکەوتنەوە لە نیشتمان، شوێنێکی ڕاستی، یان گریمانەیی، کە تاک لە مانەوە تێیدا بێ بەش کرابێ، بە هەستی نۆستالژیا دەناسرێ(١).

مەلەکوشوعەرای بەهار لە وەسفی ڕۆژانی خۆشی لە دەستچوودا بە ئاخوداخەوە دەڵێ:

**ئەودەم کە فۆکلە پان و پۆڕ نەبوون**
**فیکری لاوانیش کز و شۆڕ نەبوون.**

مەبەستی بەهار لە ئەم قەسیدە نۆستالژیایەدا گاڵتەوگەپ نییە، بەڵام مەبەستی لە خۆشی و بەربینایی ئەندێشە و خرۆخۆڵی بیری لاوان، ئەو سەردەمانەیە کە بێجگە لە دیوانی شیعری پێشینیان، هیچ کتێبێکی دیکە لە گۆڕێدا نەبوو، خەڵک لە دەست زوڵموزۆری فەرمانڕەوایان پەنایان دەبردە بەر دەرگانەی خودا، قاتوقڕی و کۆلێرا بە ڕەوە خەڵکی دەکوشت و تاوانباران بە فەرمانی شا لەدار دەدران، یان لەبەر چاوی جەماوەر سەر دەبڕدران (وێنەی دیمەنی لەداردرانی حوکمدراوێک لە شیراز، ٩٠ ساڵ لەمەوبەر، حوکمدراوەکە بە دەستی بەسراوەوە پیشان دەدات کە پشتی بە لوولەی تۆپەوە بەستراوە و چاوەڕوانی گردرانی تۆپەکە دەکات.) ڕەنگە ئەو شتەی کە بۆ بەهار نۆستالژیایە، بۆ ئێمەومانان ترس و سووکایەتی بێت. لە باری پانی و درێژیی فۆکلەوە، بەرزبوونەوەی ئاستی بیری لاوان بەرانبەر بوو لەگەڵ هاتنی جلوبەرگی ڕۆژئاوایی. ئەمڕۆ کاتێک کە چاو بە وێنە قەدیمییەکاندا دەگێڕین، دەبینین کە پیاوان، تەنانەت لە دەشت و لە ڕۆژانی سەیر و سەیرانگەی نێو باخ و دەریشدا، بۆینباخیان لە ملدایە و قژیان بریقەدار و بەشانەکراوە. ڕواڵەتە قەدیمییەکان بە فۆکلە و قژی بریقەدارەوە، یان بەبێ ئەوانەش، غوربەت و نۆستالژیان؛ قووڵتربوونەوەی جێ پێی زەمان بە ڕوخساری بینەرەوە، ڕەنگ گۆڕین، یان سپی هەڵگەڕانی تاڵە ڕەشەکانی قژ، هەستی نۆستالژیا لە وەها بینەرێکدا زۆر زیاتر دەبزوێنێ.

تا ئەو کاتەی کە لە بابەتێک نزیک نەبووینەتەوە و هەر لە دوورەوە لێی دەڕوانین، هەموو شتێک بە قەت خانووە قەدیمییەکەمان مەزن دەنوێنێت. بۆچوونی خەڵکی ئەمڕۆ لەبارەی گۆرانیبێژانی دەرباری سەردەمانی کەونینەی ئێران و ڕۆم و شوێنانی دیکەشەوە، زۆرتر خولیایی و خەیاڵین؛ ئەو ژەنیارە پەنجە زێڕینانەی کە نەغمەی جادوویی سازەکانیان بیسەری لەسەرخۆ دەبرد. دۆزراوە دیرۆکناسییەکان لەبارەی مۆسیقاوە شایەدن کە بەو سازانە و بەو ڕادەی شارەزاییانەی کە ئەودەم لەسەر مۆسیقا هەبوون، ئاکامی کارەکە زۆر سەرەتاییتر بووە لە ئەو شتەی کە ئەمڕۆ بە خەیاڵی ئێمەدا دێ. هەرچەند ئەو سازانەی کە دۆزراونەتەوە و ئێمە دەستمان پێیان ڕاگەیشتووە، تەنیا چەند سازێکی باژەنن لە جنسی زەرد و مس، کە ئەوپەڕی دەنگێکی کە لەو سازە سەرەتایی و زیقنانەوە توانرابێ بەرگوێ کەوتبێ، بۆ بیسەر خەیاڵڕفێن نییە، تەنانەت بە زەحمەت دەبیسرێن. کاتێک کە گوێ بۆ مردەوە ژیکردنەوەی مۆسیقای دەرباری ڕۆم ڕادەگرین، ڕەنگە وا هەست بکەین کە ژەنیاریی باربەد و نەکیساش هەر شتێک بووبێ لە مایەی دوو تارژەنێکی ئەمڕۆی دێهاتەکانی خۆراساندا: کە بۆ ڕێبوار و گەڕیدەی ناوخۆیی، یەک - دوو دەقە خۆشە، بەڵام خیرا لێی وەڕەز دەبێ، ئەگەر پاشا و شاعیر و عارفانی ڕوو بە ساعەتان، یان لە ڕاستیدا هەموو تەمەنیان، گوێیان لە وەها مۆسیقایەک ڕاگرتبێ، کەواتە خەڵکێکی بێ بەش بوون کە قەت نەیانزانیوە مۆسیقا یانی چی.

تەنانەت لە ئەورووپای سەدەی حەڤدەیەمیشدا مۆسیقا چ وێکچوونێکی لەگەڵ شێوازی باوی ئەمڕۆییدا نەبووە. ئەودەم سەرپەرشتی ئۆرکێسترا - وەک کەسێکی جودا لە ژەنیارەکان- دارێکی ئەستووری بە دەستەوە دەگرت و دەیکێشا بە تەختی ئەرزی هۆڵەکەدا. سەرپەرشتی کردنی ئۆرکێسترا بە قوڵەدارێکی بێ دەنگەوە دواتر داهات و تا ساڵانێکیش هەر بە شێوەیەکی سەرەتایی ئاماژەی بۆ ژەنیارەکان پێ دەکرا. لەبارەی بتهۆڤنەوە نووسراوە کە "زۆر بە شێوەیەکی خراپ(٢)" سەرپەرشتی دەکرد، ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوە بووبێ کە گوێی گران بووە و لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا کەڕیش بووە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە شێوازی سەرپەرشتی کردنی ئۆرکێسترا بە شێوەی بەرز و وەستایانەی ئەمڕۆ، ساڵانێک دوای مردنی بتهۆڤن سەری هەڵدا و گەشەی کرد. ئەندامانی گرووپێکی ئەورووپایی لەو باوەڕەدان کە دوای مردنی مۆزارت، سەرچاوەی هەموو جوانییەکانی دنیا وشک هەڵات، ئەمەش بۆ مرۆڤایەتی ئاوابوونێکی بێ بڕانەوە بوو، ئەگەر توانیبامان بە مەکینەکەی ئیچ. جی. وێڵز گەڕابایەنەوە بۆ سەردەمە کەوناراکان، شێوازی بەکارهێنانی مۆسیقای دنیای کەون لێمان نەدەبوو بە خەون و خەیاڵ. لێی ناهومێد، تەنانەت بێزاریش دەبووین. لەسەر ئیزنی لایەنگرانی نۆستالژیا و ئەو گرووپە ئەورووپاییەش دەتوانین بڵێین کە بەکارهێنانەوە و لێدانەوەی بەرهەمەکانی مۆزارت لەسەردەمی ئێمەدا زۆر دڵڕفێنترن لە هی سەردەمی خۆی.

بۆ هاووڵاتی ئەمڕۆیی کە بە جۆرێکی دیکە خووی بە کەش سازی و ئاسوودەیی گرتووە، شوێنی وەک عالیقاپوو(٣)، یان تەنانەت کۆشکی گوڵستانیش(٤)

تەنیاویترین گەلێکن (جامخانەیەکن) بۆ تێڕوانین نەک شوێنی کار و ژیان. ئاڵوگۆڕی ئامێرە ماددییەکانی ژیان وەها شێوەی بیرکردنەوەی مرۆڤیان هەڵگێڕاوەتەوە، کە تەنانەت ئەرخەیان نین کۆشکی پاشاکانی ڕابردوو بۆیان ببێ بە ماڵێکی جددی. زۆر نین ئەو کارخانانەی کە کاتژمێری میکانیکی ساز دەکەن و هێشتا کەسانێک هەن کە پێیان وایە باشترین کاتژمێر، کاتژمێری قورمیشییە. لێرەدا تەنانەت ناکرێ قسە لەسەر خووخدەش بکرێ؛ تەرک کردنی خووی قورمیش کردنی کاتژمێر بە شێوەیەکی ئاسایی نابێ هێندە دژوار بێ کە ببێتە هۆکاری خوماربوون و تێکچوون. ئەوانەی کە بە کاتژمێری قورمیشیدا هەڵدەڵێن، تەنانەت ڕەنگە نەتوانن لە ڕواڵەتی کاتژمێرەکەوە شێوەی کاری میلەکانیشی بێننە بەر زەینیان، بەڵام ڕەنگە هەرکاتێک لە ئەم بابەتە تێبگەن کاتژمێرەکەیان بگۆڕنەوە بە کاتژمێرێکی ساکار و کاراتری ئەلیکترۆنی، تەنانەت ئەو کەسانەی کە زۆریش بە تەنگی بەجێهێنانی فەرزەکانی بەندایەتییەوە نین بۆ ئەوەی لە کاتی خۆیدا فەرزەکانیان نەچێ، "کاتی نوێ" قبوڵ ناکەن و هەر باوەڕیان بە "کاتی قەدیم" هەیە.

ڤیلادیمێر ناباکۆف پێی وابوو کە هونەر؛ داخ و پەکوویەکە بۆ لەدەستچوونی جوانی. ئاخۆ هەموو ئەو وێنانەی کە پێوەندییان بە ڕابردووەوە هەیە هونەرین، هەر لەبەر ئەوەی کە جوانییە لە دەستچووەکانمان وەبیر دێننەوە؟ لانی کەم لە هێندێک بواردا خاتیرەئامێزن، بەڵام لە وێناکردنی ڕۆژانی تێپەڕیودا چ شتێک نهێن کراوە کە ئاو دەزێنێتە چاوانەوە؟

کاتێک کە سەردەمی لاوێتی دێتەوە بەر چاومان، دیتنی هۆکاری خەفەتەکە دەکرێ ئاسانتر بێ، بەڵام سەرەڕای بە چۆکی خۆدادان و پەکوویەکووی لە دەستچوونی جوانی، تەنانەت ئەو کەسانەی کە لە ڕەوتی زەماندا توانیویانە لە پێشکەوتنیش بێ نسیب نەبن، سەعدی وتەنی: هەر بە داخی گرانەوە ئاوڕ لە پشتە سەریان دەدەنەوە.

بەشێک لە سوێ و خۆزگەی ڕابردوو ڕەنگە لەم خاڵەدا بەرچاو بێ کە تاک، توانایی ئەمڕۆی خۆی لە بەرانبەر بێ بەشییەکانی ڕۆژگارانی ڕابردوودا دادەنێ و پێکیان دەگرێ و ئاخ هەڵدەکێشێ کە ئەگەر ئەم هەلو هەڵکەوتانەی کە ئێستا هەیەتی، پێشتر بیبوایە، زۆر کەڵکی لێ وەردەگرتن. تەمەن دەتوانێ مایەی مەزنایەتی بێ و زۆربەی شتەکان بە تێپەڕبوونی زەمان دەست دەکەون.

وەدەستهێنانی ماڵ و سامان و شایی بەخۆبوون و کەڵەکەکردنی ئەزموون و زانیاری و دەرس وەرگرتن لە هەڵە و خەتا بەشێکن لەو شتانە. وەدەستهێنانی بەشێکی کەم لە شتێکی دڵڕفێن، دەبێتە هۆی چاوچنۆکی بۆ وەدەستهێنانی بەشێکی زیاتر لە ئەو شتە. بەبێ ئەگەری بەراوردکردن، هەستی خۆ بە کەمزانین وەدیار ناکەوێ. ناکامی، یانی نەگەیشتن بە ئامانجێکی ناسراو. داخو سوێی ڕابردوو، بەراوردکردنی توانایی ئەمڕۆیە لەگەڵ ئاواتەکانی دوێنێ، ئەگەر ساڵانێک لەوەپێش زانایی و توانایی وەکو ئەمڕۆمان هەبوایە، زۆر دەرگای داخراومان دەکردەوە و زۆر تەنگانەمان دەکردن بە شادی.

لە نۆستالژیادا سەرەڕای بەرچاوبوونی چۆنایەتییەکی قووڵی هەستیاری، لایەنێکی هزریشی تێدایە، ئەو هزرە لە ڕەوتی زەماندا دروست بووە و کە ئاوڕ دەداتەوە، شیانی هەڵنانی مەتەڵە پێچەڵاوپێچەکانی ڕابردوو دەرەخسێنێ.

لە ژیانی ئەو مرۆڤانەدا کە درێژە بە شێوازی ساکاری ژیانی بابوباپیرانی خۆیان دەدەن، خەفەتی ڕابردوو لە چوارچێوەی داخو کەسەری سەرهەڵدانی ئازارە تازەکانی جەستە و ڕەنجی بەساڵداچووندا بەند کراوە، تەنانەت لەم هەستەشدا ئەو کەسانەی کە ساکارترن، بازنەی ئەزموونیان بەرتەسکترە و لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە ڕەواقیترن(٥)و زەبروزەنگی ژیان و چارەنووسی براوەی مرۆڤ لە دڵ و دەروونیاندا چەسپاوە. ئەو شتەی کە نۆستالژیا دەکات بە هەستێکی پڕ لە مەینەتیی بێ برانەوە، خەمخواردنە بۆ نەبوونی هەل و هەڵکەوتەکانی ئەمڕۆ لە ڕابردوودا، نەک هەر خەم و داخی ئەو شتەی کە دوێنێ لەبەر دەستمان بوو، بەڵام ئەمڕۆ لەدەستچووە.

ئەو کاتەی کە زۆر پەرۆش نین بۆ ویستە ناکامەکانی دوێنێ، ئەوە زۆربەی خواستەکان هێشتا هەر شیاوی دەست پێڕاگەیشتنن. هێندێک لەو شتانەی کە ڕۆژانێک ئارەزوومان دەکردن، ئەمڕۆ سواو و لەبەر چاوان زڕاون، بەڵام داخ و خەفەت ئازاردەرن: ئەو شتەی کە ئەمڕۆ دەتوانین بمانبێ، دوێنێ بە ئاواتییەوە بووین و بۆمان نەدەلوا، هەر بۆیە هەستی نۆستالژیای بەردەوام و قووڵ، جاری وایە دەگات بە ڕادەی خەمۆکی لە خەفەتی ئەو شتانەدا کە هەرگیز هەبوونی دەرەکییان نەبووە.

هەڵبەت تێکڕووخانی کۆشکی ئارەزووەکان شتێکی ڕاستییە و هەمووی هەر وەهم نییە. هێندێک کەس هەم لە ژیانی تاکەکەسیدا و هەم لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا

تووشی نەهاتی دەبن؛ لەسواری ئەسپ بەردەبنەوە، ئەوانە بە مافی خۆیانی دەزانن کە لە دەست چەرخ و خولی ڕۆژگار بنالێنن و بە یادی ڕۆژە خۆشەکانی ڕابردوویانەوە بگرین. ئەوە زەینی تاکە کە مەودای نێوان ڕۆژانی خۆشی ڕابردوو لەگەڵ ڕۆژانی تاڵی ئەمڕۆدا، دیاری دەکات. هێندێک کەسیش بە ڕواڵەت لە ڕەوتی زەماندا هیچیان لە دەست نەداوە، بەڵام لەبەر ئاڵوگۆڕی بارودۆخی دنیا و تێکچوونی پێوەندییە نەریتییەکان دڵگرانن. حاجی مەهدی قولی هیدایەت (مخبر السلطنە) سەرۆک وەزیرانی ئێران لە ساڵانی ١٣٠٦ تا ١٣١٢ی هەتاویدا ئاخ بۆ ئەو ڕۆژگارە خۆشە لە دەستچووە هەڵدەکێشێ کە تێیدا هەموو کەسێک بە بەشی خۆی ڕازی بوو:

ئێمە ژیانێکمان هەبوو ساکار، ئارام، بەبێ دڵەڕاوکە، خاڵی لە بوغز و بێنەوبەرەی پڕ مەینەتی. ژیانمان تەنیا ژوورێکی لێ سەر و زیاد بوو، تێیدا دەژیاین، دەمانخوارد و دەخەوتین. ئەمڕۆ ژووری بەرینی خەوتن، تەختی نووستن، ژووری چروپڕی خواردن، کەلوپەلی بژێو، ژووری نووسین، هۆڵی میوان، تەنانەت ژووری قوماریش بوونەتە پێداویستی... ئەگەر کەبکەبە و دەبدەبەیەکیش هەبوایە لە ماڵێدا شاراوە بوو. ئەمڕۆ سینەما، هۆتێل، خواردنگە، قاوەخانە و شیرینی فرۆشییەکان ئاشکرا و بەربەرەڵان. هەموویان بوونەتە هۆی بەغیلایەتی، چاوچنۆکی، ڕقەبەرایەتی و لە هەمووش خراپتر تێکرووخانی ژیانی خێزان و بڵاوبوونەوەی بەدڕەوشتی(٦).

لە باسەکەی موخبیرولسەڵتەنەدا کە باسی ڕۆژانی خۆشی لە دەستچوو دەکات، ئەگەر لە جیاتی "ئێمە ژیانێکمان هەبوو ساکار" بخوێنینەوە "ئەوان ژیانێکیان هەبوو ساکار"، بەڵام فێربوون کە دانەکەون و زیاتریان بوێ، خاڵی جێی سەرنجی باسەکە ڕوونتر دەبێتەوە. حاجی مەهدی قولی شێوازی ژیانی ڕازاوە و تێروپڕی خۆی بە سروشتی و خوداداو دەزانێ و ڕووی قسەی لە ژیانی ئەو کەسانەیە کە پێ لە بەڕەی خۆیان درێژتر ڕادەکێشن و دیوارەکانی چینایەتی دەڕووخێنن.

کاکڵی قسەکەی ئەو بەرزکردنەوەی ئاستی چینایەتییە، نەک لەباربوونی ژیانی گردوکۆ و ناڵەباریی گەورەماڵی و ژیانی بەربڵاو، هێشتا ماون ئەو کەسانەی کە وەک حاجی مەهدی قولی بەو دەردەوە دەناڵێنن. ئەو ناڵینە کۆتایی نایە، چونکە ئاڵوگۆڕی بارودۆخی دنیا و کۆمەڵگا و هەڵکشان و داکشانەکان کۆتاییان نییە.

کەسانێک هەن کە دنیای سەردەم بە دنیایەکی بەفیڕۆچووی بێ بایەخ دەزانن، چونکە پێیان وایە کە ئەمڕۆ بە قەدەر ڕابردوو شتەکان و مرۆڤەکان دەستی قەدەریان بەسەرەوە نەماوە. کەسانێک خەم بۆ لاوازبوونی چۆنایەتی شتەکان دەخۆن: ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە لاستیقی ڕێک گوشراو ساز دەکرێن و ئەو فەرشانەی کە بە بەن و ڕەنگی دەستکرد دەچنرێن. فەرشی گرانبایی و ئۆتۆمبێلی بەڕاستی شکۆدار ئێستاش هەر هەن، بەڵام بە نرخێکی زۆر گرانتر دەست دەکەون. کە وابوو هیچ شتێک لە ناو نەبراوە، بەڵام ڕادەی بەراوردی جوداوازییەکان چۆتە سەرێ.

ئەو شتەی کە زەمانێک تایبەتی تاقمێکی بچووک بوو، ئەمڕۆ لە دەست گرووپێکی گەورەتردایە، بەڵام دیسانیش توێژێکی بچووک هەر ماون کە خاوەنی ناز و نیعمەتێکی سەرسووڕهێنەرن کە بۆ هەموو کەسێک دەست ناداو بۆ هەمووان، خەون و خەیاڵە.

مرۆڤی واش هەیە کە خەم بۆ شتی وا دەخوات کە هەرگیز پێوەندی بە ئەوەوە نەبووە. کەسانێک لە چۆکی خۆیان دەدەن کە بۆچی تەمەنی خۆیان بەفیڕۆداو وەدوای سات و سەودای پڕ داهات نەکەوتن. ئەو جۆرە مرۆڤە پەشیمانانە هۆکاری ئەو خافڵانەی خۆیان دەخەنە ئەستۆی بێ خەیاڵی خۆیان لە بەرانبەر کەلاکی دنیادا. خۆ ئەگەر پارەیەک لە هەنبانەدا هەبێ، ئەمڕۆش هەلی سەودا بە قەدەر هەموو زەمانێکی دیکە لە گۆڕێدایە. ئەو جۆرە خەفەتخواردنە بۆ ئەو هەلە نادیارانە، نە پێوەندی بە هەستەوە هەیە و نە بە هزرەوە، بەڵکو خەیاڵپەروەرییەکی ڕووت و نۆستالژیایەکی زۆر چرە. محەمەد ڕەزای پەهلەوی لە دنیای شایانەی خۆیەوە خەم بۆ ئەوە دەخوات کە بە سواری کەرەوە دەتوانرێت کتێب بخوێنرێتەوە، بەڵام لە پشت سوکانی ئۆتۆمبیلەوە ناکرێ. نۆستالژیاکەی ئەو، نۆستالژیایەکی لاوازە، چونکە هاوکات کە دڵی بۆ گوێدرێژەکان زۆر تەنگە، حەزیش دەکات ئۆتۆمۆبێلە جێبەکان زۆربن.

نۆستالژیا هەستکردنە بە حزوور و بیرهاتنەوەی ڕابردوو، هەروەها گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو وەک هەبوویەکی بەردەوام. هێندێک کەس گوتوویانە ڕابردوو، تێپەڕیوە، ئەوەی کە ماوە هەر ئێستایە و هیچی دیکە. کەسانێکی دیکەیش دەڵێن شتێک بەناوی ساتی ئێستا هەبوونی نییە و تێگەیشتنی ئێمە لە هەبوونی خۆمان کۆی ئەزموونەکانمانە لە ڕابردوودا و کۆی بۆچوونەکانمانە لە مەڕ داهاتووەوە. هۆگرانی فەلسەفە باسەکە درێژ دەکەنەوە و هەر کامەیان بەرگری لە یەکێک لە ئەو دوو بۆچوونە

دەکەن. لەم نێوانەدا کۆمەڵێک بیرۆکەی لۆژیکی کردەوەی مێشک، برەو بە بۆچوونی دووەم دەدەن: هەستکردن بەوەی کە من ئەم چرکەیە و ئەم دیمەنەم پێشتر دیوە و ژیانی من، یان چارەنووسی من پێشتر نووسراوەتەوە و بەسەر تەختەبەردی هەمیشەدا نەخشێنراوە. ئەو جۆرە ئەزموونە چرکەییانە دەبنە هۆی ئەوەی کە ڕابردووش بە قەدەر ساتی ئێستا لە زەیندا ئامادە بێ.

گەڕانەوە بۆ ڕابردوو وەک بەهەشتێکی لە دەستچوو، ڕێگایەکە بۆ کەم کردنەوەی ناڕازیبوون لە جەهەنەمی ئێستا و دەرمانێکە بۆ دامرکاندنی ژانی سەرلێشێواوی لە بەرزەخی دنیای ڕاستەقینەدا.

لە سینەما و ئەدەبیاتی نۆستالژیادا، مرۆڤەکان نوێ و نوێباون و هەموویان ڕێکوپێک دەدوێن، بەڵام محەمەدی مەسعوود بەڕێوەبەری کوژراوی ڕۆژنامەی "مرد امروز" لە دەیەی ٣٠ی کۆچی هەتاویدا، لە کتێبی (بەهاری تەمەندا) بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی خۆی لە شاری قوم دەگێڕێتەوە و باسی کۆڵێراکەی ساڵانی یەکەمین جەنگی جیهانیدا (لە دەیەی ١٢٩٠ کۆچی هەتاوی)دا دەکات کە "مردووەکانیان بەبێ شووشتن و کفن و دفن لە چاڵ دەنا و بەرد و خۆڵیان بەسەردا دەکردن؛ "باسی قاتوقڕیی هەژێنەری ئەو ساڵانە دەکات و دەڵێ: گۆشتی سەگ و پشیلە ببوون بەخواردنی ئاسایی و گیاوگژی دەرو دەشت و بنج و ڕەگی درەختان کەوتبوونە بەر هاشاوڵی ڕەوەی برسییەکان"، هەروەها باسی گوشاری برسییەتی و مرۆڤخواردن دەکات: "منداڵی ساوا دانەدانە لە کۆڵانان دەدزران و بێ سەروشوێن دەبوون". ئەو بەهارە چی دەگوت و ئەم بەهارە دەڵێ چی.

لە نووسراوەکانی هاوچەرخانی سەردەمی لاوێتی محەمەد تەقی بەهاریشدا، سەرەڕایی هەڵەی ڕێنووسی و ڕێزمانییەکان، گلەیی و بناشتی زۆرمان دێتە بەرچاو کە زووخاوی جەفای خەڵک و ڕۆژگاریان لێ دەتکێ.

ڕەنگە سەردەمی لاوێتی بەهار بەڵاو خەم و برسییەتی تێدا نەبووبێ، بەڵام ئاخۆ هۆگرانی نۆستالژیا شتەکان لە خەڵک و لە خۆیان ناشارنەوە و ڕۆژگاری تێپەڕیو بە ڕاستی ئەوەندەی بە خەیاڵیان دادێ و هەوڵ دەدەن بەسەر خەڵکیشیدا بسەپێنن، دلڕفێن بووە؟ وەڵامی ئەو پرسیارە پێوەندی بە جیهانبینی بینەر و پلەی ڕەزامەندی ئەوەوە هەیە؛ کە لە ڕابردوودا ئارەزووی چی کردووە و چی کەم بووە و ئێستا لە خەفەتی چیدایە و چیشی کەمە. نۆستالژیا چۆنایەتییەکی پتر هەستیارییە و هێندێکیش هزرییە؛ هەم بەستراوەتەوە بە هەستی تاکەوە لە بارەی ڕابردوودا و هەمیش بەستراوەتەوە بە جۆری ڕوانینی ئەو بۆ دنیای بگۆڕو ژیانی کاتیی خۆیەوە. کاتێک کە نە دەروەستییەک لە ئێستادا هەبێ و نە ئامانجێکیش لە داهاتوودا، دەکرێت لە خەیاڵی ڕابردوودا بژیت، بەڵام ئەوەی کە ئاخۆ دەشێ لە ڕابردوودا بژیت، خۆی جێگای تێڕامان و لێدوانە.

**پەراوێزەکان:**

**١- nostalgia(1) لە ڕەگی یۆنانی nostos وەرگیراوە؛ بە مانای گەڕانەوە بۆ ماڵ، یان نیشتمان.**

**2- Percy . A Scholes, Dictionary of music (Oxford University Press , 1969.**

**٣- عالیقاپوو: بە مانای دەرگای بەرزەو دەروازەی دەوڵەتخانەی سەفەوییەکان بووە لە شاری ئیسفەهان، لە نێوان ساڵانی ٩٧١ تا ٩٧٩ی کۆچیدا دروست کراوە و هەر دوو شا عەباسی یەکەم و دووەم پێوەیان زیاد کردووە و ڕازاندوویانەتەوە. "وەرگێڕ"**

**٤- کۆشکی گوڵستان: کۆمەڵە بینایەکە لە مەیدانی ئەرگی تاران هەڵکەوتووە. دەستپێکی سازکرانی لە زەمانی شا تەهماسبی یەکەمی سەفەویدا بووە و لەسەردەمی قەجەرەکاندا ئاڵوگۆڕی تێدا کراوە و شوێنی ژیانی پاشاکانی قەجەر بووە، لە زەمانی پەهلەوییەکانیشدا بۆ کۆبوونەوە فەرمییەکان، هەروەها بۆ پێشوازی کردن لە سەرۆکی وڵاتانی دەرەکی و میوانداری لێکردنیان کەڵکی لێ وەرگیراوە. ئێستاش کراوە بە موزە. "وەرگێڕ"**

**٥- ڕەواقی: ڕێبازێکی فەلسەفی بووە لە یۆنانی کەوندا کە پێی وابوو مرۆڤی زانا دەبێ خۆی لە هۆک و هەوەس بپارێزێ و فریوی خۆشییەکان نەخوات و دڵ بە عیشقی سروشتی بسپێرێ. "وەرگێڕ"**

**٦- حاج مهدیقلی هدایت، مخبرالسلطنە، خاطرات و خطرات (انتشارات زوار، ١٣٧٥)، ص ٤٩٢.**

**سەرچاوە:**

**قاعد محمد - دفترچەی خاطرات و فراموشی و مقالات دیگر - چاپ سوم ١٣٨٨ - انتشارات طرح نو - تهران.**

# ئیمانۆئیل کانت:
# پرسیاری سەرەکی ترانسندێنتالی
# (بەشی سێیەم)
# چۆن میتافیزیک بەگشتی شیاوەکییە؟

**لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز**
**(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)**

پ: ٤٠

بیرکاری بێگەرد و زانستی سروشتی بێگەرد بە سایەی ئەو وردی و دڵنیاییە تایبەتییەی خۆیان هەیانە، پێویستیان بەو دیدەکشنە (ئیستیدلال) نییە کە پێشتر بۆ هەردووکیان باسمان کرد. یەکەمیان پشت بە بەڵگەنەویستییە تایبەتییەکەی خۆی دەبەستێ، بەڵام دووەمیان، ئەگەرچی لە سەرچاوەی بێ گەردی مێشکەوە هەڵدەقوڵێ، لەگەڵ ئەوەشدا پشت بە ئەزموون دەبەستێ و پێویستی بە ساغ کردنەوە هەیە، بەڵام ناتوانێ بە تەواوەتی دەستبەرداری شایەتی ئەزموون ببێ، چونکە لەگەڵ ئەو دڵنیاییەی هەیەتی و لێی دەکرێ بەو پێیە فەلسەفەیە هیچ کاتێک ناکرێ وەک بیرکاری وابێت. هەردووک زانستەکە پێویستیان بەو توێژینەوەیە نییە بۆ سوود و قازانجی خۆیان، بەڵکو بۆ سوود و قازانجی زانستێکی تر، بە تایبەتی میتافیزیک.

میتافیزیک لە دەرەوەی چەمکە سروشتییەکان کە هەمیشە بەسەر تاقیکردنەوەدا جێبەجێ دەکرێن، پەنا دەباتە بەر چەمکەکانی ژیری بێگەرد کە هەرگیز ناکرێ لە تاقیکردنەوەی شیاوەکییەوە دەستگیر بن، ئەو چەمکانەی کە تاقیکردنەوە ڕاستییە بابەتییەکەیان و ئەوەی دەیڵێن، ڕاستی، یان هەڵەکەیان ناکرێ بە تاقیکردنەوە دەربکەوێ (ئەوە ئەندێشەی سادە و ساکار نین)، ئەو بەشەی میتافیزیک بە تەنیا خۆی ئامانجی گەوهەریی خۆیەتی و ئەوانی تر هەموویان ئامرازی جێبەجێ کردن و بەدیهێنانی ئەو ئامانجەن، بەو پێیە ئەو زانستە لە پێناوی سوود و قازانجی خۆی پێویستی بەو دیدەکشنە Deduktion هەیە. پرسیاری سێیەم کە لەبەردەمماندایە پێوەندی بە کاکڵە و تایبەتمەندی میتافیزیکەوە هەیە، بە تایبەتی خەریک بوونی ژیر بە خودی خۆیەوە، لەوەدا کە لە چەمک و بۆچوونە



**کانت**

تایبەتییەکانی خۆی ورد دەبێتەوە و لێیەوە ناسین و زانینی بابەتەکان دەکەوێتەوە، بەبێ ئەوەی پێویستی بە ڕۆڵی ئەزموون هەبێ، بگرە بەبێ ئەوەی بەگشتی بەهۆیەوە بتوانێ بەو مەبەستە بگات(١٦).

بەبێ یەکلایی کردنەوەی ئەو کێشەیە هیچ جارێک ژیر لە خۆی ڕازی نابێت. بەکاربردنی ئەزموون کە بەهۆیەوە ژیر سنوور بۆ چالاکی مێشکی بێگەرد دادەنێ، ئامانجە تایبەتییەکانی ژیر بەدی ناهێنێ. هەموو تاقیکردنەوەیەکی تاک بەشێکە لە کۆی بازنەی دەڤەری ژیر، بەڵام تێکڕای ڕەهای هەموو ئەزموونە شیاوەکییەکان خۆی ئەزموونی نییە، ئینجا کێشەیەکی ناچارییە بۆ ژیر، بۆ وێناکردنە سادە و ساکارەکەی پێویست بە چەمکێکی تر دەکات جیا لە چەمکەکانی مێشکی بێگەرد، کە بەکارهێنانەکەیان تەنیا هەر ناوەکی دەبێت واتە: دەچێتە سەر ئەزموون، ئەوەندەی بکرێ ئەو ئەزموونە دراو و لەبەردەست دابێ، بەڵام چەمکەکانی ژیر دەچنەوە سەر کۆی یەکەی ئەزموونی شیاوەکی تەواوەتی و بەو هۆیەوە سنووری هەموو ئەزموونێکی دراو و لەبەردەستدا دەبەزێن و دەبن بە ترانسندێنت.

کەوابوو لەبەر ئەوەی مێشک پێداویستی بە چەمکەکان هەیە لە پێناوی ئەزموونندا، هەروەها ژیر لەخۆیدا بنەمای ئیدێیەکانی تێدایە، ئەوەی من بە چەمکە پێویستە ناچارییەکان تێیان دەگەم کە بابەتەکەی لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ لە هیچ ئەزموونێکدا دەستگیر ببێ و بدرێ. ئەو بیرۆکانە بە تەواوەتی، وەک چۆن چەمکەکان لە مێشکدان، ئەوانیش لە سروشتی ژیردان، ئەگەر ئەوانە ڕوخسارێک لەلای خۆیانەوە نیشان بدەن و بکرێ بە ئاسانی تەفرەمان بدەن، ئەوە ناکرێ دەستبەرداری ڕوخسارانە ببین، ئەگەرچی دەکرێ ڕێگا لەو ڕوخسارە بگیرێ و نەبێ بە تەفرەدەر.

لەبەر ئەوەی هەموو ڕوخسارێکی دەرکەوتە لەوە پێکدێت وا تەماشای بنەمای خۆیەتی بڕیاردان بکرێ وەک ئەوەی بنەمایەکی بابەتی بێت، ئەوە خۆناسینی ژیر بەڕێگای ترانسندێنتی (سنوور بەزێن) تاکە ئامرازە لە بەتەفرەچوون دەمانپارێزێ کە ژیر بە مەرەی دەچێ کاتێک لە دەستنیشان کردنی ئامانجەکەیدا هەڵە دەکات کاتێک بە شێوازێکی ترانسندێنتی ئەو شتە بە بابەت لە خۆیدا کە سەر بە خودی تایبەتی خۆیەتی و هی ئاراستەکەیەتی لە هەموو بەکاربردنێکی ناوەکیدا.

پ: ٤١

لە یەکتری جیا کردنەوەی ئیدێیەکان Ideen واتە: چەمکەکانی ژیری بێگەرد لە چەمکەکان، یان لە بۆچوونەکانی مێشک بەو پێیەی چەند زانینێکی لە جۆر و سەرچاوە و بەکارهێنانی ئەوپەڕی جیاوازن، ئەوەش بەشێکی گرینگە بۆ دانانی بنەمای زانستێک کە دەبێ سیستمی هەموو زانینێکی پێشبیانەی تێدا بێ، بەبێ ئەو جیاوازی کردنە. میتافیزیک بە ئاسانی وای لێ دێ شیاوەکی نەبێ، یان بەوپەڕی بێ بنەما و ڕێسابێ، کۆششێکی بێ بەر و سەرنەکەوتووە هەر لەوە دەچێ مرۆڤ بیەوێ لە چەند پارچە کارتۆنێک کۆشکێک دروست بکات بەبێ ئەوەی شارەزایی لەو کەرەسەیەدا هەبێ کە بۆ بنیادنانەکە بەکاری دەهێنێ و بەبێ ئەوەی بزانێ ئایا لەو بەکارهێنانەدا سوودی دەبێ، ئەگەر ڕەخنەکردنی ژیری بێگەرد بە تەنیا خۆی ئەو کارە بکات و ئەو جیاوازییە لەبەرچاو بگرێ، ئەوەی بەو کارەی چەمکەکانمان ڕوون دەکاتەوە و توێژینەوەکە لە کایە و پاوانی میتافیزیک باشتر و بەهێزتر لەو کۆششە سەرنەکەوتوانەی تا ئێستا کراون ئاراستە دەکات بۆ ئەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشە ترانسندێنتییەکانی تایبەتی بەژیری بێگەرد بدۆزنەوە. هیچ کاتێک گومان لەوە نەکراوە کە مرۆڤ لە میتافیزیکدا خۆی لە کایە و پاوانێکی تردا دەبینێتەوە جیاواز لە هی مێشک، ئەوان

هەموو کاتێک چەمکی مێشک و چەمکی ژیریان بەیەک جۆر داناوە و ناوبردووە.

پ: ٤٢

هەموو زانینەکانی مێشکی بێگەرد لە خۆیاندا ئەو سروشتە تایبەتییەیان هەیە کە چەمکەکانیان لە ئەزموونەوە دەکەونەوە و بنەما بنەڕەتییەکانیشیان بەهۆی ئەزموونەوە پشت ڕاست دەکرێنەوە، بە پێچەوانەوە زانینەکانی ژیری ترانسندێنت، ئەوەندەی پێوەندی بە ئیدێیەکانییەوە هەیە، نە لە ئەزموونەوە پەیدا دەبن و نە دەستەواژەکانیشی بەهۆی ئەزموونەوە پشت ڕاست دەکرێنەوە و نە پووچەڵیش دەکرێنەوە، ئیتر بۆیە ئەو هەڵەیەی کە دزە دەکاتە نێویەوە، تەنیا هەر بە ژیری بێگەرد دەکرێ پەردەی لەسەر لابرێ، ئەوەش کارو ئەرکێکی سەخت و گرانە، چونکە ئەو ژیرە خۆی بەهۆی ئیدێیەکانییەوە بەشێوازی سروشتی دەبێ بە دیالێکتیکی، ئینجا ئەو ڕوخسارە کە دەستبەرداربوونی لە کردن نایەت، نەک بە توێژینەوەی بابەتی و دۆگماتی شتەکان، بەڵکو تەنیا هەر بەهۆی توێژینەوەی خودی ژیر خۆی کە سەرچاوەیەکی ئیدێیکانە دەکرێ سنوورێکی بۆ دابنرێت.

پ: ٤٣

لە کتێبی ڕەخنەکردنی ژیری بێگەرددا هەمیشە جێگای ئەوپەڕی بایەخ پێدانم بووە کە من نەک هەر تەنیا بەمشوور و خەمخۆرییەوە جۆرەکانی زانین لە یەکتری جیا بکەمەوە، بەڵکو چۆن دەتوانم هەموو چەمکەکان کە سەر بە هەموو لایەنێکیانن لەسەرچاوە ناوکۆییە هاوبەشەکەیانەوە بخەمەوە، بۆ ئەوەی دوای زانینی ئەو سەرچاوەیە بتوانم ئەو جۆر و چۆنیەتی بەکارهێنانەی بە دڵنیاییەوە دەستنیشان بکەم، سەرەڕای ئەمە ئەو دەسکەوتە دەستگیر بکەم کە تا ئێستا بەپێی پێویست بایەخی پێنەدراوە هەڵنەسەنگێنراوە، ئەگەرچی دەسکەوتێکی گەورەیە ئەویش ئەوەیە:

پێشییانە و بە سایەی بنەماکانەوە بزانم ئایا ژماردن و پۆلێن کردن و تایبەت کردنی چەمکەکان بەشێوەیەکی تەواو کراوە. بەبێ ئەوە لە میتافیزیکدا هەموو شتێک شێواو دەبێ و هیچ کەسێک نازانێ ئایا ئەوەی لەبەردەستدایە بەسە، یان شتێک کەمە و تەواو نییە. ئەوی ڕاست بێ دەبێ بگوترێ مرۆڤ ئەو لایەنە باشییە تەنیا هەر لە فەلسەفەی بێگەرددا دەبینێ، ئەویش گەوهەرەکەی دیاری دەکات.

لەبەر ئەوەی من سەرچاوەی چەمکەکانم لە چوار هاوبەندی لۆژیکی هەموو بڕیارەکانی مێشکدا دۆزییەوە، ئەوە ئاسایی و سروشتی بوو کە لەنێو سێ هاوبەندییەکەی ئەنجامگیری ژیردا بەدوای سەرچاوەی ئیدێیەکاندا (بیرۆکەکاندا) بگەڕێم. خۆ ئەگەر جارێک ئەو چەمکانەی ژیری بێگەرد (ئیدێیە ترانسندێنتالەکان) دەستگیر بن، ئەوە دەتوانن، ئەگەر بە بیرۆکەی زگماک دانەنرێن، لەکاری پرۆسەی ژیر بەولاوە لە هیچ جێگایەکی دیکەدا نەبینرێن، لەوەدا کە هەر سەر بە فۆرمن (ڕوخسار) لایەنی لۆژیکی ئەنجامگیری ژیرەکی پێکدەهێنن، بەڵام لەوەدا کە بڕیاری مێشکن و لەو لایەنەوە کە سەبارەت بە فۆرمی پێشییانە بە دیار و دەستنیشانکراوی وێنا دەکرێ چەمکەکانی ژیری بێگەرد پێکدەهێنێ.

جیاکردنەوەی ڕوخسارەکی ئەنجامگیری ژیرەکی بە پێویستی دەکات ئەو خۆی بۆ باری و مەرجەکی دانەبڕاو و دابڕاو دابەش ببێ. ئەو چەمکانەی ژیر کە لەسەری دامەزرێن یەکەم بیرۆکەی خودی کامڵ (گەوهەری)یان تێدایە، دووەم بیرۆکەی زنجیرەی تەواوەتی مەرجەکان و سێیەم دیاری کردنی هەموو چەمکەکان لەنێو بیرۆکەی کۆی تەواوەتی شیاوەکیدا(١٧). بیرۆکەی یەکەم سایکۆلۆژی (دەروونییە) و دووەمیان گەردوونی (کۆسمۆلۆژییە) و سێیەمیان لاهووتییە، لەبەر ئەوەی هەرسێکیان دەبنە مایەی کەوتنەوەی دیالێکتیک هەریەکە بەشێوازی تایبەتی خۆی، ئیتر لەوەوە دابەش بوونی تەواوەتی دیالێکتیکی ژیری بێگەرد پێکهاتووە بۆ:

هەڵە، ناکۆک و ئینجا نموونەی ژیری بێگەرد خۆی، ئەو دابەشبوونە بە تەواوەتی دەستەبەری ئەوە دەبێ کە هەموو داواکارییەکانی ژیری بێگەرد بە تەواوەتی وێنا بکرێن و هیچیان پشتگوێ نەخرێن و هیچیان لێ کەم نەکرێ، چونکە توانایی ژیر خۆی وەک سەرچاوەی هەمووان بە تەواوەتی پێوانە دەکرێ.

پ: ٤٤

لەو سەرنجدانەدا بەگشتی شتێکی سەرنجڕاکێش هەیە:

بیرۆکەکانی ژیر بە پێچەوانەی چەمکانەوە بۆ بەکارهێنانیان لەلایەن مێشکەوە بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموون سوودێکیان نییە، بەڵکو دەکرێ مرۆڤ دەستبەرداریان ببێ، سەرەڕای ئەمە ئەوانە بەپێچەوانەی

بنەڕەتەکانی زانینی ژیرەکی سروشتن ڕێگری لێ دەکەن، ئەگەرچی ئەوان بەدیهێنانی مەبەستێکی دیکە کە دەبێ دوایی دەستنیشان بکرێت، گرینگ و پێویستن. ئایا دەروون گەوهەرێکی سادە و ساکارە، یان نا، ئەمە بۆ لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی دیاردە و دەرکەوتەکانی دەروون خۆی وەک یەکە، چونکە ئێمە ناتوانین بەهۆی هیچ ئەزموونێکی شیاوەکییەوە چەمک و بۆچوونی گەوهەرێکی (بوونەوەرێکی) سادە و ساکار هەستەکییانە، ئینجا بە کۆنکرێتی وای لێبکەین تێی بگەیشترێ، بەو پێیە ئەو چەمکە (بۆچوونە) بەهیچ جۆرێک سوودمان پێ نابەخشێ، ئەگەر بمانەوێ لە هۆکاری دیاردەکان تێبگەین و ناشکرێ وەک بنەمایەکی شرۆڤەکردنی هەموو ئەوەی بەهۆی تاقیکردنەوەی ناوەکی و دەرەکییەوە لەبەردەستدا دەبێ بەکاری بهێنین، هەروەها بیرۆکە گەردوونییەکان (کۆسمۆلۆژی) دەربارەی سەرەتای دەستپێکی جیهان (دنیا)یان کۆنییەکەی (پێش دەستپێک بەپێی کات) بۆ لێکدانەوەی هەر ڕووداوێک لە جیهانی خۆیدا پتر سوودبەخش نین. لە کۆتاییدا پێویستە ئێمە بە پێی بنەمایەکی ڕاستی فەلسەفەی سروشت کار بکەین و خۆمان لە ڕوونکردنەوەی نەزم و پێکهاتەکانی سروشت بەدوور بگرین بەوەی خواستی بوونەوەرێکی ئەوپەڕی بەرز و بڵند دایهێنابێ، چونکە ئەوە هیچی تر فەلسەفەی سروشت نەماوە، بەڵکو تەنیا هەر دان پێدانانێکە کە ئەو فەلسەفەیە لە لای ئێمە بەرەو کۆتایی دەچێ. ئەو جۆرە بیرۆکانە ئەرکێکی بەکارهێنانیان هەیە جیاواز لە هی چەمکەکان کە بەهۆیانەوە بەهۆی ئەو بنەمایانەی کە لێوەیان کەوتوونەتەوە لەپێش هەموو شتێکدا ئەزموون خۆی شیاوەکی دەبێت، ئینجا ئەو شیکردنەوە سەخت و قورسەی مێشک کە ئێمە کردمان، ئەگەر بێتو لە زانینی سروشت بەولاوە وەک لە ڕێگای ئەزموونەوە بەدەست دێ، مەبەستێکی دیکەمان نەبێت، ئەوە ئەوپەڕی بێ سوود دەبێ. ژیر بەوپەڕی دڵنیایی و چالاکییەوە کاری خۆی لەبیرکاری و زانستی سروشتدا دەکات بەبێ پەنابردنە بەر ئەو دیدەکشنە (ئیستیدلال) وردە، ئیتر ڕەخنەکردنی مێشک و بیرۆکەکانی ژیری بێگەرد لە پێناوی مەبەستێکدا یەک دەگرن کە هەموو بەکارهێنانی ئەزموون تێدەپەڕێنێ، ئەوە ئەو بەکارهێنانەیە کە پێشتر لە بارەیەوە گوتمان لەو سۆنگەیەوە بە تەواوەتی ناشیاوەکییە و بەبێ کەرەسە، یان بەبێ بایەخ و دەلالەتە، بەڵام بەلای کەمەوە پێویستە لەنێوان ئەوەی سەر بە سروشتی ژیرە و ئەوەی هی مێشکە جۆرە گونجانێک هەبێ، دەبێ ئەویان بۆ تەواوکردنی ئەوی دوایی بەشداری بکات و ناکرێ ببێتە مایەی تێکچوونی.

چارەسەرکردنی کێشەکە بەو جۆرە دەبێ:

ژیری بێگەرد لەنێو بیرۆکەکانیدا بابەتی تایبەتی لەو جۆرە نییە کە لە دەرەوەی ئەزموونن، بەڵکو سەرگەرمی تەواوەتی بوونی بەکارهێنانی مێشکە بەدەستیاوی لەگەڵ ئەزموونەدا. ئەو تەواوەتی بوونە دەکرێ تەنیا هەر هی بنەماکان بێ نەک هی سەرنجدان و بابەتەکان. بۆ ئەوەی ژیری بێگەرد بۆچوونێکی دیاریکراوی لە بارەیەوە دەستگیر ببێ وا وێنای دەکات کە زانینی بابەتێکی بەتەواوەتی دیاریکراو بێ سەبارەت بەو بنەمایانە، بەڵام ئەو بابەتە لە بیرۆکەیەک بەولاوە نییە کە بەپێی توانا مێشک لەو تەواوەتییە نزیک دەکاتەوە کە ئەو بیرە ئاماژەی پێ دەدات.

پ: ٤٥

## تێبینییەکی سەرەتایی
## بۆ دیالێکتیکی ژیری بێگەرد

ئێمە پێشتر (پ: ٣٣ ، ٣٤) نیشانمان دا پاکی چەمکەکان و تێکەڵ نەبوونیان لەگەڵ دەستنیشانکردنە هەستەکییەکان دەبێتە مایەی ئەوەی ژیر لە بەکارهێنانەکانیان فراوانتر بکات و سنووری ئەزموون ببەزێنێ و بیانگەیەنێتە سەر شتەکان لە خۆیاندا، ئەگەرچی بۆچوونێک نەبووە کە دەکرا بەهۆیەوە دەلالەت و واتایی کۆنکرێتییان پێ ببەخشێ، بەو پێیەی ئەوان چەند هاوبەندییەکی ڕووتی Function (ئەرکێکی) لۆژیکین، دەتوانن شتێک وێنا بکەن، بەڵام بە تەنیا خۆیان بۆ خۆیان ناتوانن هیچ چەمکێک (بۆچوونێکی) دیاریکراو دەربارەی شتێک بدەنە دەست. ئەو بابەتانەی سنووری ئەزموون دەبەزێنن hyperbol ئەوانەن کە بە نۆ و مینا، یان بە گەوهەرەکانی مێشکی بێ گەرد (ڕاستتر گەوهەرەکانی هزر) ناودەبرێن، وەک بۆ نموونە گەوهەر کە بەبێ بەردەوام بوون لە کاتدا وێنا دەکرێ، یان وەک هۆکارێک لە کاتدا کاریگەر نییە...تاد مرۆڤ چەند (بارێک)یان پێدەبەخشێ کە لەوەدا سوودبەخش دەبن بە قانوونی کردنی ئەزموون شیاوەکی دەکەن، لێیان دەسێندرێتەوە لەبەر ئەو هۆکارە چەمکەکان سەرلەنوێ هەموو واتا و دەلالەتێک لە دەست دەدەن.

هیچ ترسێک لە ئارادا نییە کە مێشک لەخۆیەوە بەبێ ئەوەی لەلایەن قانوونی بیانییەوە پاڵ بنرێ لە دەرەوەی

سنووری خۆی لە پاوانی گەوهەرەکانی هزری ڕووت لابدات و سەرگەردان بێ، ئەگەر ژێر نەکرێ بە تەواوەتی بە جۆری بەکارهێنانی ئەزموونیانەی بنەما و ڕێساکانی مێشک کە هەمیشە مەرجەکێن ڕازی نەبێ و لەبەر ئەوەی هەمیشە داوای لێدەکرێ زنجیرەی ئەو مەرجانە تەواو بکات، ئەوە مێشک بەرەو دەرەوەی بازنەکەی خۆی دەبردرێ، ئینجا، یان بۆ ئەوەی بابەتەکانی ئەزموون لە زنجیرەیەکدا کە درێژ دەبێتەوە و سنوورەکەی بەهیچ ئەزموونێک پەی پێ نابردرێ وێنا بکات، یان بۆ ئەوەی بەدواداچوون بکات (تاوەکو زنجیرەکە تەواو دەبێ) لە دەرەوەیدا بەدوای نۆ و مینادا کە دەکرێ ژێر بەو زنجیرەیەوە ببیەستێتەوە کە بە هۆیەوە دەکرێ هەڵوێستی ژێر تەواو بکات و لەدواییدا ئەم جارە لە مەرجەکانی تاقیکردنەوە و ئەزموون ئازاد دەبێ.

ئەوانەن بیرۆکە ترانسندێنتالییەکانن، ئەوانەی کە دەکرێ بەپێی مەبەستی ڕاستەقینە، بەڵام مەبەستی شاردراوەیە کە چارەنووسی سروشتی ژێر پێی دەگات نەک لە پێناوی گەیشتن بە چەند بۆچوونێک کە سنووری ئەزموون دەبەزێنن، بەڵکو لە پێناوی فراوانکردنی بێ سنووری بەکارهێنانە ئەزموونییەکەی خۆی. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بیرۆکانە مێشک بەهۆی فێڵێکی ناچاریی بەرەو بەکارهێنانی ترانسندێنتی دەبەن، ئینجا ئەگەرچی ئەمە بەکارهێنانێکی بەندە بە تەفرەدانەوە، بەڵام مێشک لەگەڵ ئەوەشدا نیازی نییە لەنێو سنووری ئەزمووندا بمێنێتەوە، بەکارهێنانی مێشک لەنێو سنووری ئەزمووندا بەو مەرجە دەبێ کە پابەندی ڕێنمایی زانستی بێت ئەمەش کارێکی سووک و ئاسان نییە.

پ: ٤٦

**١- چەند بیرۆکەیەکی دەروونی (سایکۆلۆژی)**

(ڕەخنەکردنی ژێری بێگەرد ل: ٣٣٥ بەدواوە).

ماوەیەکی دوور و درێژە هەست بەوە کراوە کە لە هەموو گەوهەرێکدا دوای ئەوەی ڕووکەشەکانیان (بارەکانیان) لێ دادەبڕێنرێ خودی تایبەتیان دەمێنێتەوە، ئینجا ئەوی گەوهەرییە Substantiale خۆی نەزانراوە و دەربارەی زیرەکییە سنووردارەکەمان سکالاَ و گازندەی جۆر بەجۆرمان کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا وا باشە تێبینی بکەین کە نابێ مێشکی مرۆڤ لەسەر ئەوە سەرزەنشت بکرێ کە گەوهەری شت نازانێ واتە:

ناتوانێ گەوهەر لە خۆیدا دیار و دەستنیشان بکات، بەڵکو پتر لەوەدا گلەیی لێ بکرێت داوا دەکات ئەوی گەوهەرییە کە خۆی بیرۆکەیەکی ڕووتە وەک بابەتێکی دیار و دەستنیشانکراو بناسرێ و بزانرێ. ژێری بێگەرد داوا دەکات بۆ هەموو بارێک (Pradikte)ی شتێک خودێکی سەربەخۆی (بنە) بدۆزێتەوە، ئینجا بۆ ئەو بنەیە خۆی کە بە ناچاری سەرلەنوێ بووە بە بار، بنەیەک بدۆزینەوە پەیوەست بێ پێوەی. ئیتر بەو پێیە هەتا هەتایە (یان ئەوەندی دەکرێ ئێمە پێی بگەین). لێرەوە ئەوە دەکەوێتەوە:

نابێ شتێک کە ئێمە پێی دەگەین بەدوا بنە داینێین و نابێ گەوهەرییەکە خۆی بەهۆی مێشکەوە هیچ جارێک بەبیردا بێت ئیتر چەندە قووڵ و دوور بێت و تێکڕای سروشت لەبەردەمیدا ئاشکرابووبێ و پەردەی لەسەر لا درابێت، چونکە سروشتی تایبەتی مێشکمان لەوە پێکدێت: هەموو شتێک ئەنجامگیریبیانە diskursiv، واتە بەهۆی چەمک و بۆچوونەوە، هەروەها بەهۆی بارەوە کە دەبێ هەمیشە بنە ڕەهاکەی لە ئارادا نەبێ بیر دەکاتەوە، ئینجا هەموو تایبەتمەندییە ڕێئالییەکان کە بەهۆیانەوە ئێمە لەشەکان دەناسین، تەنیا هەرچەند ڕووکەشێکن کە هەمیشە وەک ئەنجامی هێزێک وێنا دەکرێن، بۆ ئەو مەبەستەش بنە لە ئارادا نییە. fehlt.

ئێستا وادەردەکەوێ ئێمە لە هۆشماندا (لە خودی بیرکەرەوەدا) ئەو گەوهەرییەمان هەبێ، تەنانەت لە بۆچوونێکی ڕاستەوخۆشدا، ئیتر هەموو بارەکانی (مەحمولەکانی) هەستی ناوەکی دەچنەوە سەر من وەک خودێک، ناشکرێ هیچی تر بیر لەو خۆیە بکەینەوە وەک ئەوەی باری هەر بنەکی تر بێت. بەو پێیە تەواوەتی (کامڵیەتی) لەو پێوەندییەدا کە بۆچوونە دراوەکان وەک بار بە بنەیەکەوە هەیانە، لە تاقیکردنەوەوە دەکەوێتەوە، بەڵام نەک وەک بیرۆکەی ڕووت، بەڵکو وەک بابەت، بە تایبەتی هی خودی ڕەها خۆی. ئەو چاوەڕوانی لێ کردنە نەخشەکەمان لێ چەواشە دەکات، چونکە «من» هیچ کاتێک چەمک و بۆچوون نییە(١٨)، بەڵکو هێمای بابەتێکی هەستی ناخ و ناوەکییە ئەوەندەی نەکرێ بە هیچ (بار)ێک هیچی تر بیزانین، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوی ڕاست بێ، ناکرێ لەخۆیدا بار بێ بۆ شتێکی دیکە، هەروەها کەمتر دەکرێ بۆچوونێکی دیاریکراوی بنەیەکی ڕەها بێت، بەڵکو وەک لە هەموو ڕەوشەکانی تردا دەبینرێ، بریتییە لە پێوەندی دیاردە ناوەکییەکان بە خودە نەناسراوەکەی خۆی. لە هەمان کاتدا ئەو بیرۆکەیە دەبێتە مایەی ئەوەی بەهۆی بە هەڵە تێگەیشتنێکی سروشتییەوە زرە بەڵگەیەکی (ناڕاست)، بکەوێتەوە لەو

زانینە ناڕاستەی پێکهاتەی گەوهەری خودی بیرکەرەوەمانەوە سروشتەکەی بخاتەوە بەو پێیەی زانینی ئەو سروشتە بە تەواوەتی لە دەرەوەی تێکڕای کۆی ئەزموونەوەیە، (ئەو بیرۆکەیە سوودی ئەوەی هەیە بەو پێیەی بنەمایەکی ڕێکخەرە هەموو شرۆڤە مەتریالیستییەکانی دەرکەوتە ناوەکییەکانی دەروونمان بە تەواوەتی لەناو بەرێت)(١٩).

پ: ٤٧

ئەو بیرکەرەوەیە خۆی (دەروون) کە دوا خودی بیرکردنەوەیە، کە ناکرێ هیچی تر وەک (بار)ێکی شتێکی تر وێنا بکرێت، بە گەوهەر ناودەبرێ:

ئەو بۆچوونەی ئەو گەوهەرە بە تەواوەتی بۆش و بێ ئەنجام دەمێنێتەوە؛ ئەگەر نەتوانرا بەردەمی بوونەکەی کە چەمک و بۆچوونی گەوهەر لە ئەزموونْدا بە بڕشت و سوودبەخش دەکات، ساغ بکرێتەوە.

بەردەوامی هیچ جارێک ناکرێ لەچەمک و بۆچوونی گەوهەرێک وەک شتێک لە خۆیدا، بەڵکو تەنیا هەر سەبارەت بە ئەزموون دەکرێ پشت ڕاست بکرێتەوە. ئەمە بە تەواوەتی لە (کتێبی ڕەخنەکردن. ل: ٢١٠ بەدواوە) کراوە؛ ئەگەر یەکێک بیەوێ باوەڕ بەو بەڵگەیە نەهێنێ، دەتوانێ خۆی هەوڵ بدات، ئایا تێیدا سەردەکەوێ، چەمک و بۆچوونی خودێک کە خۆی وەک باری شتێکی تر بوونی نییە، ساغ بکاتەوە، بوونەکەی نە بە لە خۆیەوە و نە بە هۆی هۆکارێکی سروشتییەوە دەکرێ پەیدا ببێ، یان لەناوبچێ. هەمان دەستەواژە لێکدراوە پێشبینیانەکان هەرگیز ناکرێ لە خۆیانەوە، بەڵکو هەموو کاتێک بەو پێوەندییەی بەشتەکانەوە هەیانە وەک چەند بابەتێکی ئەزموونی شیاوەکی دەکرێ ساغ و پشت ڕاست بکرێنەوە.

پ:٤٨

ئەگەر بخوازین لە چەمک و بۆچوونی دەروونەوە وەک گەوهەرێک بەردەوامییەکەی بخەینەوە و دەستگیر بکەین، ئەنجامی ئەو پرۆسەیە تەنیا هەر بە مەبەستی ئەزموونی شیاوەکی و نەک بەوەی ئەو خۆی شتێکە لە خۆیدا لە دەرەوەی هەموو ئەزموونێکی شیاوەکی، ڕاستودروست دەبێ. ژیان خۆی مەرجی خۆیەکی هەموو ئەزموونێکی شیاوەکییە. ئیتر لە ئەنجامدا بەردەوامی دەروون هەر تەنیا لە ژیانەوە دەکرێ بکەوێنرێتەوە، چونکە مردنی مرۆڤ کۆتایی هەموو ئەزموونێکە ئەوەندەی پێوەندی بەدەروونەوە هەیە وەک بابەتی ئەزموون، ئەگەر پێچەوانەی ساغ نەبێتەوە، ئەوەش بابەتی پرسیارەکەمانە. کەوابوو بەردەوامی دەروون تەنیا هەر لەژیانی مرۆڤدا، بەڵام نەک دوای مردن لە کردن دێت (ئەگەر لە هێنانەوەی بەڵگەکە ببەخشرێین)، ئەویش لەبەر هۆیەکی گشتی: بۆچوون و چەمکی گەوهەر، ئەوەندەی بکرێ لەگەڵ چەمکی بەردەوامی بە ناچاریی پەیوەست بێت (ئەمەش بەشێوەیەکی تایبەتی مەبەستمانە)، بەبێ بنەمای ئەزموونی شیاوەکی و سەبارەت بەو ئەزموونە خۆی(٢٠) دەکرێ وێنا بکرێت.

پ: ٤٩

ئەگەر پەیبردنە هەستەکییە دەرەکییەکانمان شتێکی هەڵکەوت (واقیعی) بن لە دەرەوەی ئێمەدا و نەک تەنیا هەر گونجاوبن، بەڵکو پێویستە و دەبێ گونجاوبن -kor respondieren هیچ جارێک ناکرێ وەک پەیوەستی شتەکان لەخۆیاندا بۆ خۆیان، بەڵکو بۆ مەبەستی ئەزموون پشت ڕاست بکرێنەوە، ئەمەش لێکدانەوەکەیەتی کە دەڵێ:

شتێک بەشێواز و جۆری ئیمپری (ئەزموون)، ئینجا وەک دیاردە لە جێگادا لە دەرەوەی ئێمەدا هەیە، ئەمە دەتوانرێ بە باشی ساغ و پشت ڕاست بکرێتەوە، ئێمە بە بابەتی دیکە ئەوانەی سەر بە ئەزموونی شیاوەکین کارمان پێیان نییە، لەبەر ئەوەی، چونکە ئەوان لە هیچ ئەزموونێکدا بەدەست ئێمە ناکەون، بۆیە بۆ ئێمە هیچ نین، ئیمپری لە دەرەوەی مندا ئەوەیە کە لە جێگادا بە چاو ببینرێ، لەبەر ئەوەی جێگا بە هەموو ئەو دیاردانەی تێیدان سەر بەو بۆچوونانەیە کە پەیوەستییەکەیان بەپێی قانوونەکانی ئەزموونە، ئەوە بەڵگەی ڕاستی بابەتییانەی دیاردەکانی هەستی ناوەکی و پێکەوە بەسترانەوە ڕاستەقینەیەکەیان، هەروەها بەڵگەی ڕاستی هەڵکەوتی (واقیعی) دەروونە (وەک بابەتی هەستی ناوەکی)، من بەهۆی ئەزموونی دەرەکی هەست بە بوونی لەشەکان دەکەم کە وەک دیاردەی دەرەکین لە جێگادا، هەروەها بەهۆی ئەزموونی ناوەکی (ناخ) هەست بە بوونی دەروونم لە کاتدا دەکەم، من تەنیا وەک بابەتێکی ناوەکیی هەست بە هۆی دیاردەکانەوە کە ڕەوشێکی ناوەکی پێکدەهێنن، دەتوانم نەفسم بناسم و بزانم، لە هەمان کاتدا گەوهەرەکەی لەخۆیدا کە بنەمای ئەو دیاردانەیە نەزانراوە. بەو پێیە ئایدیالیزمی دیکارتی تاقیکردنەوەی دەرەکی لە خەون جیادەکاتەوە و ناچاریی (حەتمیەت)

Gesetzmassigkeit وەک پێودانگی ڕاستی یەکەمیان لە بێ قانوونی وەک هەڵەیەکی زۆری ئەوی دواییان جیا دەکاتەوە. ئەو لە هەردووکیاندا جێگا و کات دەکات بە مەرجەکانی بوونی بابەتەکان و تەنیا و دەپرسێ: ئایا بابەتەکانی دەرەوەی هەستەکان لە کاتی بەخەبەربووندا لە هەڵکەوتدا لە (واقیعدا) لە جێگادا هەن، هەروەک چۆن دەروون بەڕاستی لەکاتدا وەک بابەتی هەستی ناوەکی هەیە، واتە ئایا ئەزموون پێودانگی دڵنیایی کردنی هەیە کە لە ئەندێشە جیای بکاتەوە. لێرەدا دەکرێ بە ئاسانی گومانەکە هەڵبگیرێ و ئێمە هەمیشە لە ژیانی ڕۆژانەدا ئەو گومانە بەوە لادەبەین کە لە بەیەکەوە بەسترانەوەی دیاردەکان لە هەردووکیاندا بەپێی قانوونە گشتییە- هەمەکییەکانی ئەزموون دەکۆڵینەوە و دەتوانین، ئەگەر بۆچوونی شتە دەرەکییەکان بە تەواوەتی لەگەڵ ئەو قانوونانەدا بگونجێ و بێتەوە، ناکرێ گومان لەوە بکەین کە ئەو بابەتانە دەبێ تاقیکردنەوەی ڕاستەقینە پێک بهێنن. ئایدیالیزمی مەتریالی، لەبەر ئەوەی دیاردەکان وەک چەند دیاردەیەک کە تەنیا هەر دەبێ بەپێی پێکەوە بەسترانەوەیان لە ئەزموووندا سرنج بدرێن، بە ئاسانی دەکرێ پووچەڵ بکرێتەوە، ئەوە لە خۆیدا تاقیکردنەوەیەکی دڵنیایی لێ کراوە: لە شەکان لە دەرەوەی ئێمەدا (لە جێگادا) هەن، هەروەک چۆن من خۆم بەپێی بۆچوونی هەستی ناوەکی (لەکاتدا) هەم، ئیتر چەمک و بۆچوونی: لە دەرەوەی ئێمە، تەنیا واتای بوون لە جێگادا دەگەیەنێ، بەڵام (من) لە دەستەواژەی: من هەم، بابەتێکی سادە و ساکاری بۆچوون و سرنجدانی ناوەکی نییە (لەکاتدا)، بەڵکو بریتییە لە خۆی هۆشیار، هەروەک چۆن لەش دیاردەی دەرەکی بۆچوون نییە لە (جێگادا)، بەڵکو شت لە خۆیدایە کە بنەمای ئەو دیاردەیەیە: ئیتر ئەو پرسیارە:

ئایا لەشەکان (وەک دیاردەکانی هەستی دەرەکی) لە دەرەوەی بیری مندا وەک لەش بوونیان هەیە، بەبێ هیچ ئەگەر و گومانێک لە سروشتدا ئەو وەڵامە بە نا دەبێ، بەڵام لێرەدا بابەتەکە لەو پرسیارە بەولاوە تر نییە:

ئایا من خۆم وەک دیاردەیەکی هەستی ناوەکی (دەروون بەپێی سایکۆلۆژی ئەزموونی) لە دەرەوەی هێزی بۆچوونمدا لە کاتدا بوونم هەیە، ئەمەش دەبێ وەڵامەکەی نا بکرێ. بەو شێوازە هەموو شتێک، ئەگەر واتا ڕاستەقینەکەی پێ ببرێ بڕیاری لە بارەوە دراوە و جێگای دڵنیایی لێ کردنە. ئایدیالیزمی ڕوخسارەکی (لەلای منەوە بەترانسندێنتال ناودەبرێ) بە ڕاستی مەتریالی، یان دیکارتی لادەبات، ئەگەر جێگا لە ڕوخساری هەستەکی من بەولاوە نەبێ، ئیتر ئەو وەک بۆچوون لە مندا وەک من خۆم ڕاستەقینە (واقیعی)یە و بەو پێیە ئەوی گرینگە ڕاستی ئیمپری دیاردەکانە لە جێگادا، ئەگەر وانەبێ، بگرە ئەگەر جێگاو ئەو دیاردانەی تێیدان بوونەوەری هەبووی لە دەرەوەی خودی ئێمەدا بن، ئەوە هەموو پێودانگەکانی ئەزموون لە دەرەوەی پەیبردنی هەستەکیماندا هیچ جارێک ڕاستەقینەیی (واقیعیەتی) ئەو بابەتانە لە دەرەوەماندا ساغ و پشت ڕاست ناکەنەوە.

**٢- چەند بیرۆکەیەکی گەردوونی (کۆسمۆلۆژی)**

(کتێبی ڕەخنە لاپەڕە: ٣٦٠ بەدواوە)

پ: ٥٠

ئەو بەرهەمەی ژێری بێگەرد لە بەکاربردنە ترانسندێنتییەکەیدا سەرنجڕاکێشترین دیاردەی ئەو خۆیەتی، ئەوەی لە هەمووان پتر کاراترە و فەلسەفەی لە خەوی غەفڵەتەکە (دۆگماتییەکەی) بەخەبەر هێناوە و بۆتە مایەی ئەوەی هانی سەختترین ئەرکی ڕەخنەکردنی ژیر خۆی بدات، بۆیە من ئەو بیرۆکەیە هەر بە گەردوونی (کۆسمۆلۆژی) ناودەبەم، چونکە هەمیشە بابەت و کەرەسەکەی لە جیهانی هەستەکانەوە وەرگرێ، هەروەها هیچ کەرەسەیەکی دیکە ئەگەر بابەتی هەستەکان نەبێ بەکاری ناهێنێ، ئەوەندەی ئەو ناوەکی و ترانسندێنت نەبێ، لە ئەنجامدا تا ئێرە بەهیچ جۆرێک بیرۆکە نابێت. بە پێچەوانەوە ئەگەر دەروون وەک گەوهەرێکی سادە و ساکار بیری لێ بکەینەوە، وەک ئەوە وایە بابەتێک (ساکار و سادە) وێنا بکەین کە بەهیچ جۆرێک ناکرێ بە هەستەکان وێنا بکرێت، ئینجا بیرۆکەی (ئیدێ) گەردوونی لە پێوەندی بە مەرج و مەرج (ئیتر بیرکاری بێت دینامیکی) تاڕادەیەک هەرگیز ئەزموون پێی ناگات، فراوان دەبێت، کەوابوو لەو بارەیەوە بە بیرۆکەیەک دادەنرێ ناکرێ بابەتەکەی هیچ جارێک بەشێوەیەکی شیاو و گونجاو لە تاقیکردنەوەیەکدا دەستگیرمان ببێت.

پ: ٥١

لە سەرەتادا سوودی سیستمێکی چەمکەکان لێرەدا بە ڕوونی و گومان هەڵنەگر دەردەکەوێ، بە جۆرێک خۆ ئەگەر هیچی تر سەلمێنەکانی خۆی لە ئارادا نەبن، ئەو سەلمێنە بە تەنیا بەسە بۆ ئەوەی ساغ ببێتەوە کە بۆ

ڕوونی و ڕەوانی سیستمی ژیری بێگەرد پێویستە. ئەو جۆرە بیرۆکە ترانسندێنتیانە لە چوار پتر نین کە بە ژمارەی کلاسەکانی چەمکەکانن، بەڵام لە هەر کلاسێکدا (پۆلێکدا) لەوان تایبەتە بە کاملێ (تەواوەتی) زنجیرەی مەرجەکان سەبارەت بە مەرجی دیار و دراو. بەپێی ئەو بیرۆکە گەردوونییانە چوار جۆر (لایەن) بڕیاری دیالێکتیکی ژیری بێگەرد هەیە، کە لەبەر ئەوەی دیالێکتیکین بەو هۆیەوە ساغی دەکەنەوە کە هەریەکەیان لەو بنەما زڕە ڕووکەشانەی ژیری بێگەرد بنەمایەکی ناکۆک بەخۆیان هەیە، ناکرێ هیچ هونەرێکی میتافیزیکی چەندە ورد بێت ئەو دووبەرەکییە قەدەغە بکات، بەڵکو ئەو هونەرە ڕێگری لێدەکات و فەیلەسووف ناچار دەکات کە بگەڕێتەوە سەر یەکەم سەرچاوەکانی ژیری بێگەرد خۆی. ئەو ناکۆکە لەلایەن ئەندێشەوە دانەهێنراوە، بەڵکو لە سروشتی ژیر و مرۆڤدایە، ئینجا ناچارین و هیچ جارێک کۆتاییان نییە و ئەو چوار دەستەواژەی خوارەوە و ناکۆکەکانیان تێدایە:

١- دەستەواژە: Satz

جیهان بەپێی کات و جێگا سەرەتایەکی (سنووری) هەیە.

دژە دەستەواژە:

جیهان بەپێی کات و جێگا بێ کۆتاییە.

٢- دەستەواژە:

هەرچی لە جیهاندا هەیە لە سادە و ساکار پێکهاتووە.

دژە دەستەواژە:

هیچ شتێک نییە سادە و ساکار بێ.

هەموو شتێک پارچەدارە.

٣- دەستەواژە:

لە جیهاندا بەهۆی ئازادییەوە چەند هۆکارێک هەیە.

دژە دەستەواژە

هیچ ئازادییەک، بەڵکو هەموو شتێک سروشتە.

٤- دەستەواژە:

لە زنجیرەی هۆکارەکانی جیهاندا بوونەوەرێکی ناچاریی هەیە.

لەو زنجیرەدا هیچ ناچارییەک نییە، بەڵکو لەو زنجیرەیەدا

هەموو شتێک ڕێککەوتە.

## پ: A ٥٢

ئەوە سەیرترین دیاردەی ژیری مرۆڤە، لە هیچ بەکارهێنانێکی تریدا ناکرێ نموونەی هەبێ و نیشان بدرێ. ئەگەر ئێمە، هەروەک چۆن ئێمە دیاردەکانی جیهانی هەستەکان، ئاسایی، بە شت لە خۆیدا بە بیرماندا دەهێنین، ئەگەر ئێمە باوەڕمان بە چەند بنەمایەکی پەیوەست بوونی هەبێ بەو پێیەی بەگشتی بە شت لە خۆیدا خۆی دابنێین و نەک بەپێی ئەزموون بە تەنیا ئەوە ئاساییە، بەبێ ڕەخنەکردن ناچارییە:

ئیتر بەبێ چاوەڕوانی کردن ناکۆکییەک دەردەکەوێ و دەستبەکار دەبێ، کە هیچ کات و جارێک ناکرێ بە ڕێگای ئاسایی، دۆگماتی کۆتایی بێت، چونکە دەستەواژەکە و ناکۆکەکەی پشت ئەستوورن بە سەلمێنەی ڕوون و ئاشکرا و ناکرێ بەرپەچیان بدرێتەوە- من دەستەبەری ڕاستی هەموو ئەو سەلمێنانە دەبم- هەروەها ژیر بەسەرخۆدا دابەش بووە بە دوو بەشەوە، ڕەوشێک گومانکراو لە خۆشیانی شادمان دەبێ، بەڵام فەیلەسووفی ڕەخنەگر دەکەوێتە بیرکردنەوە و نیگەران دەبێ.

## پ: B ٥٢

مرۆڤ دەتوانێ لە میتافیزیکدا بە چەندین شێواز بکەوێتە هەڵەوە، بەبێ ئەوەی ترسی هەبێ کە ناڕاستییەکەی دەردەکەوێ، ئەگەر بێتو مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا ناکۆک نەبێ، ئەمەش بە تەواوەتی لە دەستەواژە لێکدراوەکاندا، ئەگەرچی دەستەواژەکان دروستکراویش بن، لە کردن دێت: ئێمە دەتوانین لە هەموو ئەو جۆرە ڕەوشانەدا کە چەمک و بۆچوونەکان کە ئێمە بەیەکەوە گرێیان دەدەین بیرۆکەی ڕووتن کە بەهیچ جۆرێک بە ئەزموون دەستگیر نابن (بەپێی ناوەرۆکەکانیان)، هەروەها هیچ جارێک بە ئەزموون و تاقیکردنەوە پووچەڵ ناکرێنەوە. ئیتر چۆن ئێمە دەتوانین بە تاقیکردنەوە ساغی بکەینەوە ئایا جیهان هەر لە کۆنەوە هەبووە، یان نوێیە و سەرەتایەکی هەیە، ئایا ماددە بێ کۆتایی دابەش دەبێ، یان لە چەند بەشێکی سادە و ساکار پێکهاتووە؟! ئەو جۆرە چەمک و بۆچوونانە ناکرێ لە هیچ تاقیکردنەوەیەک چەندەش گەورەی شیاوەکی بێت بکەونەوە، ئینجا ناکرێ بەو پێودانگە ناڕاستیی دەستەواژە ئا کراو، یان نا کراوەکە ئاشکرا بکەین.

تاکە ڕەوشێکی شیاوەکی کە ژیر دژی خواستی خۆی ئەو دیالێکتیکە شاردراوەیە ئاشکرا دەکات کە بە هەڵە بە دۆگماتی دایدەنێ، ئەو ڕەوشەیە کە لاف لێدانەکەی پشت ئەستوور بە بنەمایەکی گشتی ساغ دەکاتەوە و بەهۆی یەکێکی دیکەوە کە لە بنەمای یەکەم کەمتر ڕاست نییە و بە ڕێگایەکی ئەنجامگیری لۆژیکیانە

پێچەوانەکەی دەکەوێنێتەوە. ئەو ڕەوشە لێرەدا ڕاستەقینەی هەڵکەوتە و بە دڵنیاییەوە سەبارەت بە چوار بیرۆکە سروشتییەکەی ژێر کە چوار دەستەواژەیان لەلایەک و چوار دەستەواژەی پێچەوانەش لەلایەکی دیکەوە لێدەکەوێتەوە، هەر یەکێک لەوان ئەنجامێکی ڕاستودروستە لە چەند بنەمایەکی بڕوا پێهێنراوەوە دەکەونەوە، بەو هۆیەوە دەرکەوتی ناڕاستەقینەی دیالێکتیکی ژێری بێگەرد لە کاتی بەکارهێنانی ئەو بنەمایانە دەردەکەوێ، ئەگەرنا هەتا هەتایە دەبوو بە شاردراوەیی بمابانەوە.

لێرەدا کۆششێکی یەکلایی کەرەوە هەیە کە دەبێ بە ناچاریی هەڵەی شاردراوەی گریمانەکانی ژێرمان(٢١) بۆ بەدەربخات. لە دوو دەستەواژەی ناکۆک بە یەکتری ناکرێ هەردووکیان هەڵەبن، یان ئەوەتا چەمکەکە (بۆچوونەکە) کە پشتی پێ دەبەستێ لە خۆیدا ناکۆک بێت. بۆ نموونە ئەو دوو دەستەواژەیە:

بازنەیەکی چوار گۆشە خڕە و بازنەیەکی چوارگۆشە خڕ نییە، هەردووکیان هەڵەن.

ئەوی پێوەندی بە یەکەوە هەیە هەڵەیە بگوترێ بازنە ناوبراوەکە خڕە، چونکە ئەو چوار گۆشەیە، هەروەها هەڵەیە کە ئەو خڕ نەبێ، واتە گۆشەی هەیە، چونکە ئەو بازنەیە، ئەو نیشانە لۆژیکییەی کە بە هۆیەوە نەشیاوەکی چەمکێک (بۆچوونێک) دەردەکەوێ ئەوەیە: لە هەمان هەلومەرجدا دوو دەستەواژەی ناکۆک بە یەکتری لە یەکدا هەڵە بن، ئینجا چونکە دەستەواژەی سێیەم لە نێوانیاندا ناکرێ بەبیردا بێت، بەهۆی ئەو چەمکە (بۆچوونەوە) هیچ شتێک وێنا ناکرێت.

پ: ٥٢ C

بۆچوونی (چەمکی) ناکۆک لەو جۆرە کە بنەمای هەردووک یەکەمین ناکۆکەکانن و کە من بە هی بیرکارییان ناودەبەم، چونکە هەردووکیان خۆیان بە خستنە سەریان دابەش کرد هەمان جۆر خەریک دەکەن، من بەو پێیە لێکی دەدەمەوە چۆن تێزە، هەروەها ئەنتی تێزە لەلای هەردووکیان هەڵە دەبن.

من کە باسی بابەتەکان لە کات و جێگادا دەکەم، من باسی شت لە خۆیدا ناکەم، لەبەرچی، چونکە من لە بارەیەوە هیچ نازانم، بەڵکو من تەنیا قسە لە شتە بەدەرکەوتووەکان دەکەم، واتە لە تاقیکردنەوەدا وەک جۆری زانینی بابەتەکان کە بە تەنیا هەر بە مرۆڤ بەخشراوە. ئەوەی من ئێستا لە جێگا، یان لە کاتدا بیری لێدەکەمەوە، لە بارەیانەوە نابێ بڵێم: ئەوان لە خۆیاندا لە دەرەوەی بیرمدا لە جێگا و کاتدا هەن، ئیتر ئەوکاتە من خۆم لەگەڵ خۆمدا ناکۆک دەبم، چونکە جێگا و کات و تێکڕای ئەو دیاردانەی تێیاندان، شت نین لەخۆیاندا و لە دەرەوەی بۆچوونەکانی مندا هەبن، بەڵکو ئەوان تەنیا جۆری بۆچوون وێناکردنن، بە ئاشکرا ناکۆکە ئەگەر بگوترێ، جۆرێکی بۆچوونی سادەش لە دەرەوەی بۆچوونماندا بوونی هەیە. بابەتەکانی هەستەکان کەوابوو تەنیا هەر لە تاقیکردنەوەدا بوونیان هەیە، خۆ ئەگەر، بە پێچەوانەوە، بوونی سەربەخۆ، یان پێشتر لە تاقیکردنەوەیان پێ ببەخشین، بوونێک لەخۆیدا وا دەگەیەنی هەروەک ئەوەی وای بۆ بچین تاقیکردنەوە بەبێ تاقیکردنەوە، یان لە پێشییەوە دەبێ.

ئەگەر من ئێستا بەپێی جێگاو کات لە بارەی قەبارەی جیهان بپرسم، ئەوە لە هەموو بۆچوون و چەمکەکانمدا ناکرێ بڵێم: بێ کۆتاییە، یان بە کۆتاییە، چونکە لە تاقیکردنەوەدا ناکرێ هیچ کامێک لەو دووانە هەبن، چونکە لە بارەی جێگای بێ کۆتایی، یان بێ کۆتایی بەردەوام بوونی کات، یان سنوورداری جیهان بەهۆی جێگای بەتاڵ، یان بەهۆی کاتێکی بەتاڵ تاقیکردنەوە شیاوەکی نییە. ئەوانە تەنیا هەر بیرۆکەن Ideen، ئیتر ئەو قەوارەیە کە بەو جۆرە، یان بە جۆرێکی تر دیار و دەستنیشان دەکرێ، دەبێ لە خودێکی سەربەخۆ و جیاکراوە لە هەموو تاقیکردنەوەیەکدا بێ. ئەمە لەگەڵ بۆچوونی جیهانی هەستدا ناکۆکە، کە تەنیا کۆی دیاردەکەیە و بوون و پەیوەستییەکەی تەنیا لە بۆچووندا، بە تایبەتی لە تاقیکردنەوەدا دەبێ، چونکە ئەو شت لە خۆیدا نییە، بەڵکو خۆی لە جۆری بۆچوون بەولاوە نییە. ئەنجامی ئەمەش ئەوەیە کە چەمک و بۆچوونی جیهانێک بۆ خۆی هەبوو لە خۆیدا ناکۆکە، یەکلایی کردنەوەی ئەو کێشەیە بەهۆی قەبارەکەیەوە هەموو کاتێک، ئەگەر مرۆڤ هەوڵیش بدات بە ئا، یان بە نا بێ، هەر هەڵە دەبێ.

ئەو شتە خۆی ناکۆکی دووەمیش دەگرێتەوە کە پێوەندی بە دابەش بوونی دیاردەکانەوە هەیە. ئەوان تەنیا هەر بۆچوونی ڕووتن، بەشەکانی بە سادەیی هەر لە بۆچوونی ئەو خۆیدا هەن، ئینجا لە دابەشکردنیدا واتە: لە تاقیکردنەوەیەکی شیاوەکیدا کە تێیدا دەستگیر دەبێ، ئیتر یەکێکیان لەوی تر پتر بڕ ناکات، ئەگەر وای دابنێین کە دیاردەیەکی دەرکەوتوو بۆ نموونە هی لەشێک لەخۆیدا و پێش هەموو تاقیکردنەوەیەک هەموو ئەو

ئەندامـانەی تێـدایە کـە دەکـرێ تەنیـا هەر بەردەوام بە تاقـیکردنەوەی شـیـاوەکی بەدەست بێت، هەروەک ئەوە وایە کە دیاردەیەکی سادە و ساکار کە دەکرێ تەنیا هەر لە تاقیکردنەوەدا بوونی هەبێ، لە هەمان کاتدا بوونێکی تایبەتی پێش تاقیکردنەوەی پێ ببەخشێ، یان بڵێی:

چەند بۆچوونێک لە ئارادان پێش ئەوانەن لەهێــزی بۆچووندا بەدی دەکرێن، ئەو ناکۆکـەیە دەبێـتـە مـایەی نەمـانی هەمـوو چارەسـەرێکی ئەو مـەسـەلەیە کـە هەر بە هەڵە تێی گەیشتراوە، ئیتر وا لاف لێ بدرێ کە لەشەکان لەخۆیاندا لە فـرە بەشی بێ کۆتایی، یان لە ژمـارەیەکی کۆتایی بەشە سادەکان پێکهاتوون.

ب: ٥٣

لە کـلاسی یەکـەمی ناکـۆکـیـیـەکـانـدا (هی بیـرکـاری) هەڵەکـە لەوەدایە: ئەوی لەگـەڵ خـۆیدا ناکـۆک دەبێ (بە تایبەتی دیاردە وەک شت لەخۆیدا) وەک پێکەوە گونجاو لە بۆچوونێکدا وێنا دەکرێ، بەڵام پێوەندی بە دووەمەوە هەیە، بە تایبەتی دینامیکییەکە، کلاسیکی ناکۆکییەکە، ئەوە هەڵەی مەرجە پێشەکییەکە ئەوەیە: ئەوی پێکەوە گـونجـانە Vereinbar بە نـاکـۆک وێنا دەکـرێت، لە ئەنجامدا ئەگەر لە ڕەوشی یەکەمدا هەردوو دەستەواژە بە پێچەوانەی یەکترییەکەوە هەڵە بن، ئەوە لەوی دیکەیاندا کە بەهۆی بە هەڵە تێگەیشتنەوە وادانراوە بە پێچەوانەی یەکترییەوەن، دەکرێ هەردووکیان ڕاست بن.

پێکەوە بەسترانەوەی بیرکارییانە هەر لە سەرەتاوە بە تایبـەتی پێکەوە گـونجـان و یەکـجـۆری ناچاریی پێکەوە بەسـتـراوەکان (لە بۆچوون و چەمکی قـەبارەدا) بە مەرج دادەنێ، بەڵام دینامـیـکـیـیـە ئەمـە داوا ناکـات. ئەوی پێـوەندی بە قـەبـارەی کـشـاوەوە هەیە، دەبێ بەشـەکـانی لەنێو خۆیاندا و لەگەڵ تێکڕاییەکەیدا پێکەوە گونجاو و یەکجۆری بن، بە پێچەوانەوە لە پێوەندی نێوان هۆکار و ئەنجـامـدا دەکـرێ پێکەوە گـونجـان و یەکـجـۆری بەدی بکرێت، بەڵام ناچاریی نییـە، ئیـتـر چەمک و بۆچوونی هۆیەکی kausalitat (کـە بەهۆیەوە شـتـێـک شـتـێکی دیکە کە بە تەواوەتی لێی جیایە دادەنێ) بەلای کەمەوە ئەو بە پێداویست ناکات.

ئەگەر بابەتەکانی جیهانی هەست بە شت لە خۆیدا بۆ خۆی، ئینجا ئەو یاسا سروشتییانەی لەسەرەوە باس کران بە قانوونەکانی شت لە خۆیدا دابنرێن، ئەوە ناکۆکییەکە هەردەبێ ببێ unvermeidlich، هەروەها ئەگـەر خـود کـە ئازادە وەک بابـەتـەکـانی دیکـە، بە تەنیـا بە دیاردە

وێنای بکەین، ئەوە لە ناکـۆکـیـیـەکە بەدەر نابێ، چونکە ناکـرێ شـتـێـک دەربارەی بـابـەتێـک و بە هەمـان واتا و دەلالەت لە یەک کـاتـدا و بە وردی ئاو نا بکرێت، خـۆ ئەگـــەر ناچاریی ســـروشـــتی بدرێتـــە پاڵ دیاردە دەرکەوتووەکان و ئازادیش بە شت لە خۆیدا بدرێت، هیچ ناکـۆکـیـیـەک ناکـەوێتـەوە، ئیـتـر ئایا مـرۆڤ بە هەردوو جـــۆری هۆیەکی ڕازی بێ، یان پەسـندیان بـکات، زۆر سـەخـتـە، یان لە کـردن نایەت و هەرچۆنێک بێت، ئەو جۆرەی دوایی هۆیەکی وای لێ بکرێ تێی بگەیشترێ.

لە دیاردەدا هەمـوو ئەنجامێک بریتییە لە ڕووداوێک، یان شتێک کە لە کاتدا دەقەومێ، دەبێ بە پێی قـانوونی گشتی سروشتی کە هۆکارێک بنەمای هۆیەکییەکە دیار و دەستنیـشـان دەکـات لە پێـشـیـەوە بێت (ڕەوشێکی ئەو خۆی) بەم پێیە و بەپێی قانوونێکی جێگیر ئەو بەدوای هۆکـارەکـەدا دێت، بەڵام دەسـتـنیـشـان کـردنی هۆکـار بە هۆیەکی دەبێ دیاریکردنی شـتـێک بێت کـە ڕوودەدات، یان دەقەومێ، دەبێ هۆکارەکە دەستی پێ کردبێ، بەکار بێ، ئەگـیـنا ناکـرێ لەنێـوان ئەو و ئەنجـامـەکـەدا بەدواداهاتنێک لە کـاتدا بەبیـردا بێت. ئەنجـام ئیـتـر هەمیشە لە ئارادا دەبێ هەروەک هۆیەکی هۆکار، کەوابوو دەبێ لەنێـو دیاردەکـاندا دیاریکردنی ئەنجـام لەلایەن هۆکـارەوە جـێـبـەجێ ببێ، ئینجـا دەبێ هۆکـار وەک ئەنجـامـەکـەی ڕووداوێک بێت و دەبێ جـارێکی دیکە دیسـان هۆکـاری هەبێ...تاد و لە ئەنجامـدا دەبێ ناچاری سروشـتی مـەرج بێت هۆکـاری کـارا دیار و دەسـتنیـشـان بکات، خـۆ بە پێـچـەوانەوە ئەگـەر ئازادی تایبـەتمەندی هەندێک هۆکاری دیاردەکان بێت، دەبێ سەبارەت بەوەی دوایی بەو پێیەی چەند ڕووداوێکن توانایی کاریگەربن، ببـنە مـــایەی ئەوەی لە خــۆیەوە دەست پێ بـکات Sponte، واتە بەبێ ئەوەی کاریگەریی هۆکار بتوانێ خۆی دەستپێشخەر بێت، ئینجا بەبێ ئەوەی پێویستی بە هۆکارێکی دیکە هەبێ، پێی دیار و دەستنیشان بکرێت، بەڵام ئەوکاتە نابێ هۆکار بەپێی بنەمای هۆیەکی پاپەندی دەستنیشان کردن بێت بەکات واتە: بەهیچ جۆرێک نابێ هۆکــار دیاردە بێت، واتە: دەبێ وەک شت لەخــۆیدا و ئەنجامەکەشی بە تەنیا بە دیاردە دابنرێن(٢٢).

ئەگـەر بکرێ ئەو جـۆرە کـاریگەرییـەی بوونەوەری ژێر لەسـەر دیاردەکان بەبێ کەوتنە نێو ناکۆکـییـەوە بەبیـردا بهێنرێ، ئەوە بەدڵنیاییـەوە ناچاریی سروشتی بەیەکەوە بەسترانی هۆکار و ئەنجام لە جیهانی هەستدا دەبینرێ، بگرە دەکرێ ئەو هۆکارە کە خۆی دیاردە نییە (ئەگەرچی

خۆی بنەمای دیاردەیە) ئازادی پێ ببەخشرێ، کەوابوو سروشت و ئازادی دەکرێ بەشت ببەخشرێ، بەڵام لە پێوەندی جیاوازدا، جارێک وەک دیاردە و جارێکی تر وەک شت لە خۆیدا بەبێ کەوتنە ناکۆکییەوە.

ئێمە لە خۆماندا توانایییەکمان هەیە Vermogen تەنیا هەر بە بنەما دیارە خودیییەکانەوە بەند نییە کە هۆکاری سروشتی کردارەکانین، بەو پێودانگە دەبێ بە توانایییەکی ئەو بوونەوەرەی کە سەر بە دیاردەکانە، بگرە سەرەڕای ئەوە دەچێتەوە سەر بنەما بابەتییەکان کە تەنیا هەر بیرۆکەی ڕووتن، ئەوەندەی ئەوان بتوانن ئەو توانایییە دەستنیشان بکەن، ئەو پێوەندییە بە چەمکی (ئەرک و فرمان) دەردەبڕدرێ و ئەو هێزە بە ژێر ناودەبرێ و ئەوەندەی ئێمە گەوهەرێک- بوونەوەرێک- (مرۆڤ) تەنیا لەلایەنی ژێری بابەتییانەوە دەستنیشان کرابێ سرنج بدەین، ناکرێ بە گەوهەرێکی هەستەکی تەماشا بکرێت، بەڵکو ئەو تایبەتمەندییە بە بیردا هاتووە خەسڵەتی شتێکە لە خۆیدا شیاوەکییەکەی هەروەک ئەرک و فرمانەکە، هیچ کاتێک ڕووی نەداوە- چالاکی هەمان شت و هۆکاری کار و چالاکییەکان، کە کاریگەری و ئەنجامەکەیان دیاردەیە لە جیهانی هەستدا ناتوانین بە هیچ جۆرێک تێی بگەین. لەگەڵ ئەوەشدا هۆیەکی ژێر سەبارەت بە ئەنجام لە جیهانی هەستدا ئازادییە، ئەوەندەی بنەما بابەتییەکان کە خۆیان بیرۆکەن (ئیدێن) بنەمای دەستنیشانکاری ئەو ئەنجامەن، کاری ژێر لەو ڕەوشەدا پابەندی مەرجی خودی و کاتی نییە، ئینجا ملکەچی قانوونی سروشتیش نییە کە بەهۆیەوە ئەو مەرجانە دیاری دەکرێن، چونکە ئەو هۆکارانە وا لەژێر دەکەن، بەگشتی پابەندی ئەو بنچینە بێت بەپێی بنەماکان و بەبێ ئەوەی ئەو بنچینەیە لەلایەن کات و جێگاوە کاری تێ بکرێت. ئەوی لێرەدا دەیخەمە بەرچاو تەنیا نموونەیەکە بە مەبەستی دەستنیشان کردنی بیرۆکەکان و بە ناچاریی ناچێتە نێو پرسیارەکەمان کە بەهۆی تەنیا بۆچوونەکانەوە و بە ڕێگایەکی سەربەخۆ لە خەسڵەتەکان کە لە جیهانی ڕاستەقینە (واقیعی دان) دەبێ یەکلایی بکرێتەوە.

من دەتوانم بەبێ ناکۆکی بڵێم: هەموو کردارەکانی بوونەوەری (گەوهەری) ژێر ئەوەندەی دیاردەن (کە لە ئەزموونێکدا دەردەکەون) دەچنە ژێر ناچاریی سروشتییەوە، ئەو کردارانە سەبارەت بە بوونەوەری ژێر و سەبارەت بەو توانایییەی کە بەپێی ژێری بێگەرد کارایە چەند کارێکی ئازادن. ئەو مەرجە چییە کە ناچاریی سروشت پێویستی دەکات؟! لە توانایی هەر ڕووداوێک لە جیهانی هەستدا کە بەپێی چەند قانوونێکی جێگیر، دیاری بکرێ، لەوی بەولاوە شتێکی تر نییە، ئینجا پێوەندی بوونە بە هۆکارەوە لە دیاردەدا و شت خۆی لەخۆیدا کە بنەمایەتی کاری هۆکارەکەی بە نەزانراوی دەمێنێتەوە، بەڵام من دەڵێم:

قانوونی سروشتیش، ئەگەرچی ئێستا بوونەوەری ژێرەکی بە ژێرەکەی هۆکاری ئەنجامەکان بێت لە جیهانی هەستدا، بەهۆی ئازادییەوە دەمێنێتەوە، لە ڕەوشی یەکەمدا کاروچالاکی بەپێی بنەڕەتەکان ڕوودەدەن ئەنجامەکەی لە دیاردەدا هەموو کاتێک بەپێی قانوونە جێگیرەکان دەبێ، لە ڕەوشی دووەمدا کارەکە ملکەچی بنەماکانی ژێر نییە، ئەو ملکەچی قانوونەکانی ئەزموونی هەستەکییە و لە هەردوو ڕەوشدا پێوەندی لەنێوان ئەنجامەکاندا پابەندی چەند قانوونێکی جێگیرن، بۆ لێکدانەوەی ناچاری سروشت پێویستیمان بە پتر زانین نییە، بەڵام لە ڕەوشی یەکەمدا ژێر هۆکاری ئەو قانوونەی سروشتە، بۆیە ئەو ژێرێکی ئازادە، لە ڕەوشی دووەمدا ئەنجامەکان پابەندی قانوونە ساکارە سروشتییەکانی هەستەکین، چونکە ژێر هیچ کاریگەرییەکیان بەسەردا بەجێ ناهێنێ. ئیتر ژێر لەبەر ئەو هۆکارە بەهێزی هەستەکی دیار و دەستنیشان ناکرێ (ئەوەش لە کردن نایەت)، ئینجا لەو ڕەوشەدا ئازادە. ئازادی ڕێگر و بەربەستی قانوونی سروشتی دیاردەکان نابێ، ئەویش لەلای خۆیەوە لەبەردەم بەکارهێنانی پراکتیکییانەی ژێردا کۆسپ نابێ کە لەگەڵ شتەکان لە خۆیاندا بەو پێیەی چەند بنەمایەکی دیاری کردنن پەیوەستە.

لێرەوە بەو هۆیەوە ئازادی کردەکی، بە تایبەتی ئەو ئازادییەی کە تێیدا ژێر بەپێی بنەما دیاریکارە بابەتییەکانی هۆیەکی و بەبێ ئەوەی لەگەڵ ناچاریی سروشتی سەبارەت بە هەمان ئەنجامەکان وەک دیاردەکان، ناکۆک بێت، ڕزگار کرا. دەکرێ لە وەشدا یارمەتی بدات بۆ تێگەیشتنی ئەوەی ویستمان دەربارەی ئازادی ترانسندێنتالی پەیوەستی و گرێدانی بە ناچاریی سروشتییەوە (لە هەمان بابەتدا، بەڵام نەک لە یەک و لە پێوەندییەکە خۆیدا) بیلێین. هەموو سەرەتای کاری بوونەوەر (گەوهەر) بەپێی هۆکارە بابەتییەکان و سەبارەت بەو بنەڕەتە دیار و دەستنیشان کراوانە، هەمیشە یەکەم سەرەتا و دەستپێکە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کارە خۆی لەنێو زنجیرەی دیاردەکان سەرەتایەکی بەدوای یەکتردا هاتووە و پێویستە ڕەوشێکی تایبەتی هۆکاری لە

پێشەوە بێت لەوەدا کە ئەو خۆشی بە هۆکارێکی پێشووتری نزیک دەستنیشان کراوە، بەو پێیە دەکرێ بەبێ ناکۆک بوون لەگەڵ هۆکارەکانی سروشت، مرۆڤ دڵنیا بێت کە لە بوونەوەرە ژیرەکاندا، یان لە بوونەوەرەکاندا بەگشتی لەوەدا کە هۆیەکی تێیاندا بەو پێیە چەند شتێکە لەخۆیدا دیار و دەستنیشان دەکرێت، هێزێک هەیە وای لێ دەکات خۆی بتوانێ بە زنجیرەیەک ڕەوش دەست پێ بکات. پێوەندی کاروچالاکی بە بنەڕەتە بابەتیەکانی ژیرەوە بە هیچ جۆرێک پێوەندی کاتییانە نییە، چونکە ئەو بنەڕەتە دیاریکراوانە کە هۆیەکی پێیان دیار و دەستنیشان دەکرێت بەکات لەپێش کار و کردارەوە نایەن، چونکە ئەو بنەما دەستنیشانکارانە نەک پێوەندی بابەتەکانی هەست بە هۆکارەکانی دیاردەوە، بەڵکو ئەو هۆکارە دیاریکراوانە بەو پێیەی چەند شتێکن لە خۆیاندا پابەندی مەرجی کات نین وێنا دەکەن، ئیتر دەکرێ کردار سەبارەت بە هۆیەکی ژیرەکی وەک سەرەتایەکی یەکەم دابنرێ و لە هەمان کاتدا وادابنرێ کە سەرەتایەکی بەدوایەکتریدا هاتنە سەبارەت بە زنجیرەی دیاردەکان، یان بەبێ ناکۆکی وا سەرنجی کار بدەین کە لە بۆچوونی یەکەمەوە کارێکی ئازادە و لە بۆچوونی دووەمەوە کارێکە پابەند و ملکەچی ناچاری سروشتە (لەوەدا کە تەنیا هەر دیاردەیە).

ئەوی پێوەندی بە ناکۆکی چوارەمەوە هەیە بە هەمان شێوازی چارەسەرکردنی ناکۆکی سێیەمی ژیر لەگەڵ خۆیدا یەکلایی دەکرێتەوە، ئەگەر هۆکار لە دیاردەدا لە هۆکاری دیاردەکان بەو پێیەی وەک شت لە خۆیدا بەبیردا بێ، لە یەکتری جیا بکرێنەوە، ئەوە دەکرێ هەردووک دەستەواژەکە لە تەنیشت یەکتریدا هەبن، بە تایبەتی لە جیهانی هەستدا لە هیچ جێگا و کاتێکدا هۆکار نابێت (بەپێی هەمان قانوونەکانی هۆیەکی) ئەگەر بوونەکەی ناچاریی بێت، لەلایەکی دیکەوە جیهان پێوەندی بە بوونەوەرێکی ناچارییەوە هەیە کە هۆکارەکەیەتی (بەڵام لە جۆرێکی دیکە و بەپێی قانوونێکی تر)، دوو دەستەواژە پێکەوە ناگونجێن و ناکۆکن تەنیا لە بە هەڵە تێگەیشتنەوە کەوتوونەتەوە، ئەویش ئەوەی تەنیا هەر دیاردەکان دەگرێتەوە بەسەر شتەکان لە خۆیاندا جێبەجێ بکرێن و بەگشتی کاتێک کە هەردووکیان لە یەک بۆچووندا تێکەڵ یەکتری بکەین.

پ: ٥٤

ئەوە ئێستا دانان و چارەسەرکردنی تێکڕای ناکۆکییەکان کاتێک ژێر بنەماکانی Prinzipien بەسەر جیهانی هەستدا جێبەجێ دەکات تێیان دەکەوێ، خزمەتێکی بەرچاوە (بە ڕۆنانی ئەو ناکۆکییە) بە ناسینی ژیری مرۆڤ، ئەگەرچی چارەسەر و یەکلایی کردنەوەی ئەو کێشەو بەرەیە بە تەواوەتی ئەو خوێنەرە ڕازی ناکات کە پێویستە دژی ئەو دیاردە زرە سروشتییە کۆشش بکات کە بۆ یەکەم جار وێنای دەکات. لە کاتێکدا تاوەکو ئێستا وای دادەنا کە ڕاستە، کەچی ناکرێ بە تەواوەتی لێی ڕازی بووبێ. ئەنجامێک کە لێی دەکەوێتەوە و هەر دەبوو ببێ: لەبەر ئەوەی بە تەواوەتی ناکرێ و لە کردن نایەت لەو ناکۆکییە ژیر لەگەڵ خۆیدا سەرەودەر بکرێت، ئەوەندەی مرۆڤ بابەتەکانی جیهانی هەست بە شت لەخۆیدا دابنێ و نەک خۆیان چۆنن، واتە دیاردەی سادە و ساکار و ڕووت بن، ئەوە خوێنەر وا خۆی دەبینێتەوە ناچار دیدەکشنی هەموو زانینەکەمان پێشییانە جارێکی تر وەربگرێ و پەسند بکات، بەوانەدا بچێتەوە کە من لە بارەیەوە داومەتە دەست، بۆ ئەوەی لەو بارەیەوە بڕیار بدرێت. من لێرەدا ئێستا لەوە پتر داوا ناکەم، خۆ ئەگەر ئەو (خوێنەر) لەو خۆ خەریک کردنەدا تەنیا لە پێش هەموو شتێکدا بە قووڵی و تەواوەتی لە سروشتی ژیری بێگەرد بیر بکاتەوە، ئەو چەمک و بۆچوونانەی چارەسەر کردن و یەکلایی کردنەوەی کێشە و بەرەو ناکۆکییەکانی ژیر شیاوەکی و دەستەبەر دەبن، دەبن بە ئاسایی، من خۆم لەو ڕەوش و دۆخە بەولاوە لە خوێنەری هۆشیار و ئاگادار چاوەڕوانی چەپڵە و شاباشی تەواوەتی ناکەم.

**سەرچاوە و پەراوێز:**

١٦-ئەگەر بشێ بگوترێ بەلای کەمەوە زانینێک لە ئیدێیەی هەموو مرۆڤێکدا هەڵکەوتە (واقیعییە)، ئەو بڕیارە درا: ئەو ئەرک و فرمانانەی لێیەوەی دەکەونەوە ئەوانەن: ئەو ئیدێیە زگماکە لە ناخی سروشتی مرۆڤدا، بۆیە لە بارەیەوە هەموو کاتێک چەندین هەوڵ و کۆشش، ئەگەر هەڵەش بووبن، دەبوو بکرێن، بۆیە دەبێ مرۆڤ بڵێ: میتافیزیک بە واتای خودی (زاتی) واقیعییە (ئیتر بە شێوازی ناچاری)، بۆیە ئێمە بە مافێکی ڕەوا دەپرسین: چۆن میتافیزیک (بابەتییانە) شیاوەکییە.

١٧- لە بڕیاری مەرجەکی دابڕاودا disjunktiv ئێمە وا سەرنجی هەموو شیاوەکییەکان دەدەین کە سەبارەت بە چەمکێک دابەش کراوە. بنەمای ئۆنتۆلۆژی کە بە هۆیەوە بەگشتی شتێک دیار و دەستنیشان دەکرێت (لەنێو هەموو بارە ناکۆک بەیەکترییەکان بارێک بەسەر هەموو شتێک لە شتەکاندا جێبەجێ

دەبێ)، هەر ئەویش بنەمای هەموو بڕیارە مەرجەکییە دابڕاوەکانە، پشت بەسەرجەم شیاوەکییەکان دەبەستێ کە تێیدا شیاوەکی هەموو شتێکی بەگشتی وەک دەستنیشان کراو دەبینرێ، ئەمەش بۆ کەمێک ڕوونکردنەوەی دەستەواژەی سەروو سوودی هەیە: چالاکی پرۆسەی ژیر لە ئەنجامگیری ژیرییانەی مەرجەکی دابڕاودا بەپێی فۆرمەکەی وەک ئەوە وایە کە بەهۆیەوە بیرۆکەی سەرجەم هەموو هەڵکەوت Realitat دەکەوێتەوە، ئەویش ئەو بیرۆکەیە کە لەخۆیدا لایەنی لە باری (پۆزەتیڤ) هەموو بارە ناکۆک بە یەکترییەکانی تێدایە.

١٨- ئەگەر بۆچوونی پەیپێبردن، واتە من چەمکێک بێت کە بەهۆیەوە بیر لە شتێک بکرێتەوە، ئەوە دەتوانین وەک بارێکی شتەکانی دیکە بەکاری بهێنین، یان ئەو جۆرە بارانە لەخۆیدا هەیە.

١٩- بەڵام ئەو لە هەست کردن بە بوونێک بەولاوە پتر نییە بەبێ بوونی بۆچوونێک بەلای کەمەوە و تەنیا بۆچوونی ئەوەی کە هەموو پێوەندی بیرکردنەوەیەک دێنەوە سەری و پشتی پێ دەبەستن (لە پێوەندی ڕووکەشیدا).

٢٠- ئەوپەڕی شتێکی سەیر و نامۆیە کە میتافزیککاران هەموو کاتێک وا بە بێ مشوورانە دەربارەی بنەمای بەردەوامی گەوهەر لە ڕێگا لایان داوە، بەبێ ئەوەی جارێک لە جاران لە بارەیەوە بەڵگەیەک پێشکەش بکەن، بێ هیچ ئەگەر و گومانێک ئەوان کاتێک باسی واتای گەوهەر دەکەن هیچ ئامرازێکی ساغ کردنەوەیان لەبەردەستدا نییە. مێشکی هاوبەش و ناوکۆیی پەی پێ دەبات کە هەموو پێوەندییەک لەنێوان تێبینی کردنەکان لە ئەزموونذا بەبێ ئەو گریمانەیە لە توانایی و کردن نایەت، کۆشاون ئەو کەموکورتییە بە گریمانە کردنی بەڵگە نەویستێک چارەسەر بکەن، چونکە ئەوان هەرگیز نەیانتوانیوە ئەو بنەمایە لە ئەزموونەوە بەدەست بهێنن، چونکە یان ئەوەتا تاقیکردنەوە ناتوانێ هەمیشە بەدوای گۆڕان و لەناوچوونی ماددەکان (گەوهەرەکان) دابچێ بۆ ئەوەی ئەو کەرەسەیەیان تێدا بدۆزێتەوە کە ناکرێ ملکەچی پرۆسەیەکی تری گێڕانەوە ببێ، یان ئەوەتا ئەو بنەمایە ئەو ناچارییەی تێدایە کە هەمیشە بنەمای پێشییانەیە apriori ئیتر بەو پێیە ئەوان ئەو بنەمایەیان بە دڵنیاییەوە بەسەر بۆچوونی دەرووندا جێبەجێ کردووە، هەروەک ئەوەی بەسەر گەوهەردا جێبەجێی بکەن و گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە دوای مردنی مرۆڤ بەناچاری ئەو هەر دەمێنێتەوە (بە تایبەتی سادە و ساکاری ئەو گەوهەرە کە دەروونە، لەوەوە دەستگیریان بووە کە هۆش دابەش نابێ ئەوەشیان کردووە بە بەڵگە کە بەتێکچوون Auflosung نافەوتێ)، تەنانەت ئەگەر بەسەرچاوەی ڕاستەقینەی ئەو بنەمایە گەیشتبن، کە ئەمە پێویستی بە توێژینەوەی پتر و قووڵتر دەکات لەوەی کردوویانە، ئەوە ئەو کاتە دەیانزانی قانوونی بەردەوام بوونی گەوهەر تەنیا سەبارەت بە تاقیکردنەوە بایەخی هەیە.

٢١- من حەز دەکەم خوێنەری ڕەخنەگر خۆی لەگەڵ دەستەواژە ناکۆکەکە خەریک بکات، چونکە وادەردەکەوێ سروشت خستبێتییە نێو ژیری مرۆڤەوە بۆ ئەوەی لە لافوگەزافەکانی خۆی ترس دایبگرێ و تۆبزی لێ بکات خۆی تواناییەکانی خۆی تاقی بکاتەوە. من لێرەدا پابەندم بە ساغ کردنەوەی ڕاستی هەموو سەلمێنەکان کە بۆ پشتگیری کردنی دەستەواژە و دژە دەستەواژە پێشکەشم کردوون و بەمە گومان هەڵنەگریی دژەکانی ژیر کە خۆیان لێ لانادرێ پشت ڕاست بکەمەوە، ئەگەر خوێنەر بەهۆی ئەو دیاردە سەیرەوە پاڵ بنرێ پابەندی تاقیکردنەوە و توێژینەوەی بنەما مەرجەکییەکان بێت، ئەوە خۆی وادەبینێ ناچارە لە یەکەمین بنەماکانی هەموو زانینی ژیری بێگەرد لەگەڵ مندا بکۆڵێتەوە.

٢٢- بیرۆکەی ئازادی لەو پێوەندییەی ژیردا کە وەک هۆکار وایە بۆ دیاردەکە و بە ئەنجام دادەنرێ، بە دەردەکەوێ، بۆیە ناتوانین ئازادی بە ماددە لەچالاکییە نەپساوەکەیدا کە جێگا پڕ دەکات ببەخشین، ئەگەرچی ئەو کارە چالاکییە لە بنەمایەکی ناوەکییەوە پەیدا بووە. بە هەمان شێواز ئێمە ناتوانین بە بوونەوەرێکی ژیر، بۆ نموونە ڕەب ئەوەندەی کار و چالاکییەکەی ناوەکییە، چەمک و بۆچوونێکی شیاوی ئازادی بدەینێ، ئەگەرچی ئەو کار و چالاکییەی سەربەخۆیە و پابەندی هیچ هۆکارێکی لە دەرەوە دیاریکراو نییە و لەنێو ژیری و هەرە کۆنی خۆی و لە سروشتە ڕەببانیەکەیدا دیار و دەستنیشان کراوە. ئێستا ئەگەر پێویست بێ شتێک بەهۆی کارێکەوە ڕووبدات و دەست پێ بکات و ئەنجامەکەی لە زنجیرەی کات و پەیوەستی جیهانی هەستەوە بێت (سەرەتای جیهان، بۆ نموونە) ئیتر لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە:

ئایا دەبێ هۆیەکی هۆکار خۆی سەرەتای دەستپێکی هەبێ بەبێ ئەوەی هۆیەکی خۆی دەست پێ بکات. لە ڕەوشی یەکەمدا چەمک (بۆچوونی) هۆیەکی چەمکێک و بۆچوونێکی ناچاریی سروشتییە، لە ڕەوشی دووەمدا هی ئازادییە. لێرەوە خوێنەر دەبینێ و بۆی دەردەکەوێ کە من بەوەی ئازادیم بە توانایی کارای ڕوودان لەخۆیەوە ڕوون کردەوە، دەستم خستە سەر ئەو بۆچوونە کە کێشەی میتافیزیکە.

**- ئەو تێکستە لەو سەرچاوەیەوە کراوە بە کوردی:**

**- Immanuel kant: prolegomena zu einer jeden kunftigen Metaphysik die als Wissenschaft wird auftreten konnen. In; Werke. 3. Konemann. koln. 1995. S.99-125.**

# بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانم

کەریم شارەزا

**یەکێتیی نووسەرانی کورد**
**خولی دوای ڕاپەڕینی بەهاری ۱۹۹۱**

شاری هەولێر لەسایەی ڕاپەڕینی جەماوەری کوردستان لە کەشوهەوایەکی ئازاددا ژیا و لەو ماوەیەدا نووسەرانی هەولێر لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی کۆبوونەوە و نزیکەی ۱۵۰ نووسەری کورد، ئامادەی ئەو کۆبوونەوە گشتییە بوون و لەناو خۆیاندا دەستەیەکی سەرپەرشتیکاری هەڵبژاردنی دەستەیەکی کاتی بۆ ژیاندنەوەی یەکێتیی نووسەرانی کورد دەستنیشان کرا کە بریتی بوو لەم زاتانەی خوارەوە:

۱- پرۆفیسۆر د. مارف خەزنەدار
۲- من (کەریم شارەزا).
۳- بەدران ئەحمەد حەبیب
٤- تاریق جامباز.
٥- مەولوود قادر بێخاڵی.
٦- ئەبووبەکر خۆشناو.

لەژێر چاودێری ئەو دەستەیە، هەڵبژاردنی دەستەی کاتی بەڕێوەبردن بەڕێوە چوو و ئەم بەڕێزانەی خوارەوە بەپێی زۆری دەنگەکانیان دەرچوون:

۱- سەعدوڵڵا پەرۆش.
۲- نەژاد عەزیز سورمێ.
۳- گوشاد حەمە سەعید.
٤- مەولوود ئیبراهیم حەسەن.
٥- جەلال بەرزنجی.
٦- عەباس عەبدوڵڵا یووسف.

دوای گەڕانەوەی هێزەکانی ڕژێمی بەعس بۆ هەولێر لە ۱۹۹۱/۳/۳۱دا و کۆڕەوە ملیۆنییەکەی کورد بۆ سەر سنوورەکانی وڵات، ئەندامانی ئەو لیژنەیەی بەڕێوەبردنی کاتی دەربەدەر بوون و کەوتنە کاروانی ئەو کۆڕەوە، بەڵام لەدوای گەڕانەوەیان بۆ ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان،

کەوتنەوە جموجووڵ لە پێناوی بەستنی کۆنگرەی گشتی یەکێتیی نووسەرانی کورد و شوێنی کارکردنیان کەوتە شەقلاوە کە لەژێر سایەی دەسەڵاتی بەرەی کوردستانی خەڵک بە ئازادی دەژیان. لەوێ خوالێخۆشبوو سەعید ناکام هەندێ دەست تێوەردانی لەو دەستەیەی لە هەولێر هەڵبژاردرا بوون کرد و لیژنە تازەکە خۆی ئامادە کرد بۆ بەستنی کۆنگرەی ڕاپەڕین لە شەقلاوە کە بریتیبوون لەم زاتانەی خوارەوە:

١- سەعید ناکام سەرۆکی دەستەی ئامادەکار
٢- کەریم دەشتی ئەندام
٣- هاشم سەرڕاج ئەندام
٤- نەوزاد ڕەفعەت ئەندام.

لیژنەکە هەندێ ناکۆکییان لەگەڵ سەعید ناکام هەبوو، بۆیە لەدوای من هاتن و لە هەولێرەوە چووم بۆ شەقلاوە و مامۆستا (ناکام)م سارد کردەوە کە هەموو کێشەیەکی نووسەران لە کۆنگرەکەدا چارەسەر دەکرێ.

لە ڕۆژانی ١٥ تا ١٧ی مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٩١دا، کۆنگرەی حەوتەم کە بە کۆنگرەی ڕاپەڕین ناودەبرا لە هۆڵی ئوتێلی سیاحی شەقلاوە بەستراو، هەموو یەکێتیی نووسەرانی کورد بەشدارییان تێدا کرد و لە هەموو کێشەیەکی نووسەرانیان کۆڵییەوە و لەدوا دانیشتنی ڕۆژی ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٩١دا دەستەی بەڕێوەبەری مەڵبەندی گشتی یەکێتیی نووسەرانی کورد هەڵبژێردراو پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ بە سەرۆکی یەکێتی هەڵبژێردرا.

لەدوای کۆتایی هاتنی کۆنگرەی ڕاپەڕین، لقی هەولێر کەوتە خۆی بۆ بەستنی کۆنفرانسی دامەزراندنەوەی لقەکەیان و هەڵبژاردنی دەستەیەکی تازەی بەڕێوەبردن و وابوو لە ڕۆژی ١٣/١١/١٩٩١دا لە هۆڵی یەکێتیی سەندیکاکانی کرێکاراندا بە چاودێری سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد دکتۆر عیزەدین مستەفا و دادوەر و نوێنەری پارێزگا، هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەر لە کەشوهەوایەکی ئازاددا ئەنجام درا و داوام لێ کرا خۆم بپاڵێوم، کەچی من حەزم کرد نووسەرە لاوەکان بێنە مەیدان و لە ئەنجامدا ئەم بەڕێزانەی خوارەوە بە ئەندامی دەستەکە دەرچوون و کاروباریان بەم جۆرەی خوارەوە لەنێوان خۆیاندا دابەش کرد:

١- سەعدوڵڵا پەرۆش سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبردن.
٢- موحسین ڕەشید ئاوارە جێگری سەرۆک
٣- عەبدوڵڵا قادر گۆران سکرتێری بەڕێوەبردن
٤- کەریم دەشتی سکرتێری ڕۆشنبیری
٥- سەلاح عومەر ژمێریار
٦- ئەبووبەکر خۆشناو ئەندام
٧- ئیسماعیل ئەنوەر بەرزنجی ئەندام

بەڕێزان ئازاد عەبدولوەهاب جندیانی و ڕێکار ئەحمەدیش بوون بە ئەندامی یەدەگی دەستەی بەڕێوەبردن. لەبەر کزی باری دارایی یەکێتیی نووسەران و هەندێ کێشەی ئاڵۆزی وەک شەڕی ناوخۆ لە چەند چالاکییەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بەدەر، چ جموجووڵێکی وایان پێ جێبەجێ نەکراو هەرچۆنێک بێ تا مانگی ئابی ١٩٩٧ بەردەوام بوون لەسەر جێبەجێ کردنی کاروباری خۆیان تا لە ڕۆژی ٣١/٨/١٩٩٧دا دەستەی گشتی لقی هەولێر لە هۆڵی ئوتێلی (شیرین پالاس) کۆبوونەوە و من بەسەرۆکی لیژنەی سەرپەرشتیکاری کاروباری کۆنفرانسەکە هەڵبژێردرام و بەپێی بەرنامەیەکی دیاریکراو کاروباری کۆبوونەوەکەم بەڕێوەبرد و لەسەرەتادا دکتۆر مارف خەزنەدار لە وتارێکیدا باسی لە چۆنیەتی دروستبوونی یەکێتیی نووسەرانی کورد کرد و گەلێک لایەنی شاراوەی لەو رووەوە روون کردەوە، ئینجا دوای پرسیار و وەڵامدانەوەی ئەندامانی دەستەی گشتی و ڕا دەربڕینی هەمەجۆر لە بارەی کاروچالاکییەکانی دەستەی پێشووی بەڕێوەبردنی لق و لەژێر چاودێری دادوەر عەبدولباسیت فەرهادی و عەمید دلێر ئەحمەد ئاکۆی نوێنەری پارێزگای هەولێر، هەڵبژاردنی دەستەیەکی نوێی بەڕێوەبردنی لق بە دەنگدانی نهێنی ئەنجام درا و لە سەرجەمی ١٧٤ ئەندامی لقی هەولێر ١٢٤ ئەندام ئامادەی دەنگدان بوون و ئەم بەڕێزانەی خوارەوە بەپێی زۆری ئەو دەنگانەی بەدەستیان هێنا، بوون بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر، لەدواییدا لەنێو خۆیاندا کاروباری دەستەکەیان بەم جۆرە دابەش کرد:

١- مەهدی خۆشناو (٨٧ دەنگ) سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەر
٢- کەمال حوسێن غەمبار (٦٢ دەنگ) جێگری سەرۆک
٣- ئەنوەر مەسیفی (٥٣ دەنگ) سکرتێری بەڕێوەبردن
٤- عەباس عەبدوڵڵا یووسف (٥٦ دەنگ) سکرتێری ڕۆشنبیری
٥- ئاسۆ حەسەن (٥١ دەنگ) ژمێریار
٦- دکتۆر عەبدوڵڵا حەداد (٥٢ دەنگ) ئەندام

٧- غازی حەسەن ( ٦٠ دەنگ) ئەندام بەرێزان (محەمەد باوەکر و فەیسەل دیهاتی)ش بوون بە ئەندامی یەدەگی دەستەی بەرێوەبەر.

بەم جۆرە دەستەی تازەی بەرێوەبەری لقی هەولێر هەڵبژێردراو زوو کەوتەخۆی بۆ دارشتنی بەرنامەیەکی پتەوی ئەدەبی و رۆشنبیری و توانی زنجیرەیەک کۆڕ و سیمیناری ئەدەبی و رۆشنبیری لە هۆڵی میدیاو لە باغچەکانی کۆشکی نازە و هۆڵی رۆشنبیری و هۆڵی تەندروستی و ئوتێلی هەورامان سەرکەوتووانە پێشکەش بکات، هەروەها سیمینارێکی گەورەی زمانەوانی ساز کرد کە چوار رۆژی خایاند و لە رۆژانی ٢٢ تاکو ١٩٩٨/٩/٢٥ بەسترا و من بەشداریم تێدا کرد و ژمارەیەکی زۆر لە پسپۆر و شارەزایانی زمانی کوردی لە سەرانسەری کوردستاندا بەشدارییان تێدا کرد.

ئەوەی بە چاوی هەق و ویژدانەوە سەیری کردەوەکانی ئەم دەستەیە بکات بۆی دەردەکەوێ کە چالاکترین دەستە بووە لە مێژووی یەکێتیی نووسەرانی کورددا و جێ پەنجە و دەوری خوالێخۆشبوو مەهدی خۆشناوی پێوە دیاربوو کە شەو و رۆژ لە خەمی نووسەراندا بووە و بەردەوام خزمەتی کردووە. کاتێکیش کە کاک مەهدی خۆشناو لە کارە تیرۆریستییەکەی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ دەستەیەک لەسەرکردە و کادیرانی پارتی و دەستەیەکی تریش لە سەرکردە و کادیرانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە مەڵبەندی سێ لە هەمان کاتدا لە یەکی شوباتی ٢٠٠٤دا شەهید کران، مامۆستا کەمال غەمبار لە سەرۆکایەتی دەستەی بەرێوەبەری لقی هەولێر جێی گرتەوە تا بەستنی کۆنفرانسی سێیەمی دوای راپەرین، ئینجا لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٤دا دەستەی گشتی لقی هەولێر کۆبووەوە و دەستەیەک بۆ بەرێوەبردنی کاروباری کۆنفرانسەکە بەسەرۆکایەتی من و ئەندامیەتی دکتۆرە کوردستان موکریانی و دکتۆر عەلی مەحموود چوکل و ئەندامێکی تر هەڵبژێردرا و بە جوانی کاروبارەکەمان بەرێوەبرد و گەلێک وتوویژ بۆ چاککردنی باری یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر کراو لەدوا ساتدا هەڵبژاردنی دەستەیەکی نوێی لقەکە بە سەرۆکایەتی کاک سەعدوڵلا پەرۆش هەڵبژێردرا، ئەو دەستە نوێیە کەوتە خۆی بۆ خزمەتی ئەدەبی کوردی و بەردەوام بوو لە دەرچوواندنی گۆڤاری (نووسەری نوێ) و من لەو ساوە کرام بە خاوەن ئیمتیازی گۆڤارەکە و بێجگە لەم ئەرکە چەند جار کۆڕی ئەدەبیم پێشکەش کردووە.

## من و کۆڕی زانیاریی کورد

کۆڕی زانیاریی کورد بەپێی بەندێک لە بەندەکانی رێککەوتنە مێژووییەکەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ی نێوان سەرکردایەتی شۆرشی رزگاریخوازی کورد و حکوومەتی بەغدا لە ٢٩ی ئابی ساڵی ١٩٧٠دا دامەزرا، بەڵام تا ساڵی ١٩٧١ نەکەوتە چالاکی نواندن، ئینجا دەستەیەک بۆ بەرێوەبردنی هەڵبژێردرا و مامۆستا ئیحسان شێرزاد کرا بە سەرۆکی کۆڕ و دەستەیەکی لێهاتووی وەک خوالێخۆشبووان مەسعوود محەمەد و شێخ محەمەدی خاڵ و عەلائەدین سەجادی و دکتۆر کەمال مەزهەر و چەند زانایەکی تر بوونە ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری و مامۆستا مەسعوود محەمەد بە جێگری یەکەمی سەرۆک و شێخ محەمەدی خاڵ بە جێگری دووەمی سەرۆکی کۆڕ هەڵبژێردران و چەند زانایەکی کوردی وەک خوالێخۆشبوو تۆفیق وەهبی بەگ بە ئەندامی فەخری هەڵبژێردران، لەگەڵ دەستەیەک لە ئەندامی یاریدەدەری کۆڕ کە من یەکێک بووم لەو ئەندامانە و بروانامەی ئەندامیەتیم پێدرا کە ئەمە دەقەکەیەتی:

**باوەڕنامەی ئەندامیەتی**

**کۆڕی زانیاریی کورد**

**[مامۆستا کەریم شارەزا ئەندامی یاریدەدەری کۆڕی زانیاریی کوردە و خاوەنی هەموو مافێکە کە لە یاسا و پێرەوی ناوخۆی کۆڕدا بۆ ئەندامەکانی دیاری کراوە]**

**بەغدا ١٩٧٣/٥/١٩**

**کۆڕی زانیاریی کورد**

**ئیحسان شێرزاد**

**سەرۆکی کۆڕی زانیاریی کورد**

منیش بەپێی توانایی خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردیم کرد و کتێبێکم بە ناوی [پەندی پێشینان لە شیعری کوردیدا] دانا و کۆڕی زانیاریی کورد پەسندی کرد و لە ساڵی ١٩٧٦دا لە چاپخانەی کۆڕی زانیاری بۆیان چاپ کردم و پاداشتیان پێدام.

بێجگە لەم کتێبەش لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژم بەناوی [ساغکردنەوەی هەندێ گیروگرفتی شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی] نووسی و خوالێخۆشبوو مامۆستا مەسعوود محەمەد خەبیری بوو و پەسندی کرد و لە ژمارە (١١)ی گۆڤاری کۆڕی زانیاری بلاوکرایەوە و (٦١) لاپەرەی لە گۆڤارەکە گرتەخۆی.

دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولی ڕزگاریخوازی کورد لە ساڵی ١٩٧٦ کۆڕی زانیاریی کورد، کرا بە (کۆڕی زانیاریی عیراق- دەستەی کورد)، بەڵام لە چالاکی خۆی نەکەوت.

دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی کورد لە ئاداری ١٩٩١ و دامەزراندنی دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەر لە پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران و دەستەڵاتی دادوەری، چالاکی کۆڕی زانیاری عیراق- دەستەی کورد کز بوو، بەڵکو وردە وردە لەکارکەوت، بۆیە حکوومەتی شۆڕشی کوردستان بیری لە دامەزراندنی کۆڕێکی نوێ بۆ زمان و زانستی کوردی کردەوە، وابوو لە ساڵی ١٩٩٧دا یاسای کۆڕی زانیاریی کوردستان دەرچوو و مامۆستا شەفیق قەزاز کرا بە سەرۆکی کۆڕەکە لە هەولێر و لەدواییدا ناوەکەی گۆڕاو کرا بە (ئەکادیمیای کورد) و دەستەیەک لە زانایان کران بە ئەندامی کارا و ئەمجارەش من بە ئەندامی یاریدەدەری ئەکادیمیای کوردی هەڵبژێردرام و چەند جار کرام بە شارەزا بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو کتێبانەی لە بواری کولتووری کوردییەوە ئەکادیمیا چاپی دەکردن و ئێستاش دکتۆر نووری تاڵەبانی سەرۆکی ئەکادیمیەکەیە و چالاکی زمانەوانی و زانستی بەپێی توانایی دەنوێنێ.

## من و ڕۆژنامەنووسی

من لە ساڵی (١٩٥٢)ـەوە بابەتی ئەدەبی و پەروەردەیی و شیعر و لێکۆڵینەوە لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکاندا بڵاودەکەمەوە، یەکەم بابەتی ئەدەبیم کە بڵاوکرابێتەوە، سەروتاری یەکێک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی (هەولێر)ی زمانحاڵی کۆمەڵەی مامۆستایانی لقی هەولێر بوو، دوای ئەوە زنجیرەیەکم لە شیعری وەسف و فێرکردن بڵاوکردەوە و خۆم بە خوێنەر و ئەدەب دۆستان ناساند.

ئینجا دەستم کرد بە بڵاوکردنەوەی شیعر لە ڕۆژنامەی (ژین) لە سلێمانی کە ئەوسا مامۆستای نەمر (گۆران)ی شاعیری گەورەی کورد سەرپەرشتی دەکرد.

یەکێک لە هۆنراوەکانم بە ناوونیشانی (بچم یا نەچم) بوو، هەوڵدانێکی سەرەتاییم بوو بۆ هۆنینەوەی شیعری نوێ.

کاتێکیش کە ڕۆژنامەنووس و چاپگەری نەمری کورد گیوی موکریانی گۆڤاری (هەتاو)ی لە ١٥/٥/١٩٥٤دا لە شاری هەولێر دەرچوواند، من لە ساڵی (١٩٥٦)ـەوە شیعر و نووسینی ئەدەبیم تێدا بڵاوکردەوە لەوانە هۆنراوەی (سپێدە) و (ئەی نیشتمانی پیرۆزم) و هۆنراوەی تر بوون.

کە یانەی (سەرکەوتن)یش لە بەغدا گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بەناوی (هیوا) لە ساڵی ١٩٥٧دا بڵاوکردەوە، من چەند شیعر و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیم تێدا بڵاوکردەوە و خۆم بە ڕەخنەگرانی ئەدەبی کوردی ناساند و لەسەر شاعیریەتی (حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە) و پوختەیەک لە پرۆژەی نووسینی (کۆیە و شاعیرانی)م نووسی. کاتێکیش گۆڤاری (شەفەق) لە ١٥/١/١٩٥٨دا لە شاری کەرکووک بە زمانی کوردی و عەرەبی دەرچوو، چەند شیعرێکم تێدا بڵاوکردەوە و هەر لەو سەردەمەشدا گۆڤاری (پێشکەوتن) لەلایەن ڕۆژنامەنووسی کورد محەمەد بریفکانی-یەوە لە بەغدا دەرچوو، شیعر و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیم تێدا بڵاوکردەوە کە یەکێک لە هۆنراوەکانم بەناوی (شەو) بوو، لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی لەسەر شیعر و شاعیرییەتی (کەیفی جوانرۆیی).

## من و ڕۆژنامەنووسی لەدوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠دا

لەدوای ڕێککەوتننامە مێژووییەکەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، ئاسۆیەکی فراوان لەبەردەم نووسەرانی کورد کرایەوە و لە هەولێر (گۆڤاری هەولێر) لەلایەن شارەوانی دەرچوو و گەلێک بابەتم تێدا بڵاوکردەوە و ڕۆژنامەی هاوکاری کە هەفتانە بوو لەگەڵ گۆڤارەکانی (بەیان) و (ڕۆشنبیری نوێ)یش لە بەغدا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی دەرچوون و گەلێک بابەتی ئەدەبی و (شیعری نوێ)م تێدا بڵاوکردنەوە و لە هەمان کاتیشدا هەفتەنامەی (برایەتی) وەک پاشکۆی ڕۆژنامەی (التاخي)ی ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەرچوو، چەند بابەتێکی ئەدەبی و یەک دوو هۆنراوەی سیاسیم تێدا بڵاوکردەوە. لە هەمان کاتیشدا لە ڕۆژنامەی (التآخي) بابەتی ئەدەبی و مێژووییم بڵاو دەکردەوە و لە گۆڤاری (دەفتەری کوردەواری)شدا بەرهەمم بڵاوکردووەتەوە کە خوالێخۆشبوو (د. مارف خەزنەدار) دەری دەچوواند.

لەگەڵ دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کوردیش لە ١٠/٢/١٩٧٠ و بەستنی کۆنگرەی یەکەمی لە ڕۆژانی ٢٣ و ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٧٠ بۆ بەهاری ١٩٧١

گۆڤاری (نووسەری کورد) وەک ئۆرگانی یەکێتیی نووسەرانی کورد دەرچوو، من چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبیم بە ناوونیشانی (تارمایی شاعیریەتی حاجی قادری کۆیی لەسەر شیعرەکانی مەلا محەمەدی کۆیی)ی ناسراو بە (مەلای گەورە)، هەروەها بابەتێکی ئەدەبی دیکەشم بەناوونیشانی (ئەفسانە لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا) بلاوکردەوە.

بێجگە لەو گۆڤار و ڕۆژنامانەش، بابەتم لە حەفتەنامەی (بیری نوێ) کە حزبی شیوعیی عیراق دەری دەکرد، پەیتا پەیتا بلاو دەکردەوە و بابەتیشم بە زمانی عەرەبی بۆ گۆڤارەکانی (الثقافة) و (الثقافة الجدیدة) دەنارد و بلاو دەکرانەوە. دوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە کوردستان من ماوەیەک لە نووسین وەستام و چاوەڕوانی ڕووناکاییەکی ئازادیم دەکرد تاکو بتوانم بیروڕای وەک خۆم مەبەستمە دەرببڕم.

## بەشداریی کردنم لە ناشتنی تەرمی زانای کورد تۆفیق وەهبی بەگ

زانای زمانزانی کورد تۆفیق وەهبی بەگ لە ڕۆژی ١٩٨٤/١/٥دا لە شاری لەندەن کە چەند ساڵ بوو لەو تاراوگەیەدا دەژیا کۆچی دوایی کرد و لەسەر ڕاسپارەی خۆی تەرمەکەی هێنرایەوە بۆ سلێمانی تاکو لەچیای پیرەمەگروون لە تەنیشت گۆڕی پیاوچاک پیرەمەگروون بنێژرێ. دوای چەند ڕۆژ بڕیاربوو تەرمەکەی بگاتەوە سلێمانی، ئێمەش بەناوی یەکێتیی نووسەرانی کورد شاندێکمان ڕێک خست لە من و مومتاز حەیدەری و برایان محەمەد ئەمین پێنجوێنی و سامی شۆڕش و سەعدوڵلا پەرۆش و بەرەبەیانییەکی زوو لە هەولێرەوە بەرەو سلێمانی بەڕێ کەوتین، بە ڕێوڕەسمی بردنی تەرمەکەی بۆ پیرەمەگروون ڕاگەیشتین کە لەسەر ئاوازی مۆسیقای سوپا تەرمەکەی بەرەو مەزارگەکەی خۆی بەڕێ کراو شاندی ئێمەش لەدوای ڕۆیشتین، تا گەیشتینە قەدپاڵی پیرەمەگروون و لەو کاتەدا ڕێزدار مام جەلال و شاندێکی باڵای چەکداری گەیشتنە سەر گۆڕەکە و لەدوای ناشتنی تەرمەکەی، مام جەلال وتارێکی پتەوی پێشکەش بەگیانی پاکی خوالێخۆشبوو کرد و نوێنەری یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانی و چەند کەسێکی تر شیعر و وتاریان ئاراستەی مام جەلال دەکرد و بەدەنگێکی زوڵاڵ دەیانخوێندەوە و لە زانایی ئەو زاتە مەزنە دەدوان. منیش وتارێکم بەو ناوەی جارێ هەر سەرۆکی یەکێتیی نووسەران- لقی هەولێر بووم، ئامادە کرد بوو، چونکە دەبوایە لە سەرەتادا ڕوو لە مام جەلال بکەم و پێشکەشی بکەم، بۆیە نەمخوێندەوە و گوتم: ئێوە وتار و شیعری خۆتان پێشکەش کرد و ئێمەی پێناوێ، چونکە لەوە دەترسام پیاوانی ئاسایشی بەعس ناوم بدەن کە وتارم ئاراستەی مام جەلال کردووە، لەو دەمەی کە حکوومەتی بەغدا ساردبووەوە لە ڕێککەوتن لەگەڵ مام جەلالدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، کە ڕێوڕەسمی ناشتنەکە تەواو بوو، کاک محەمەد ئەمین پێنجوێنی لە ماڵی براکەی خۆی میوانداری کردین و بەشەو لەوێ ماینەوە، چونکە گوتی ئەگەر لە ئوتێل بخەون ناوتان دەچێ بۆ فەرمانگەی ئەمنە سوورەکە. کاتێک گەیشتینەوە هەولێر، پێش هەموو کەسێک یەکێک لە نووسەران کە ببووە هەواڵگری ئاسایشی بەعس، گوتی: مامۆستا شارەزا چاکت کرد وتارەکەت لە پیرەمەگروون بەرانبەر مام جەلال نەخوێندەوە، چونکە ئێستاکە حکوومەت هەڵوێستی نەرێنییە بەرانبەر ئەو زاتە و حزبەکەی، دەنا تووشی کێشە دەبووی!!

بۆ ڕۆژی چلەی ماتەمینی ئەو زانایەش چووم بۆ سلێمانی، من بەناوی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر و مومتاز حەیدەری بەناوی بنەماڵەی تێکۆشەری خۆیان سەرو وتارێکی شیاو بە پلەوپایەی تۆفیق وەهبی بەگمان خوێندەوە.

## نامەیەکی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بۆ حزبی شیووعیی عیراق

ڕۆژێکی بەهاری ساڵی ١٩٨٤ چەند برادەرێکی سەر بە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان کە بریتی بوون لە هاوڕێیان سامی شۆڕش و سەعدوڵلا پەرۆش و جەوهەر کرمانج لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵلا ئاگریندا لە ڕووناکی لە شاری هەولێر هاتنە ماڵمان و گوتیان تۆ خۆشەویستی لای حزبی شیوعیی، نامەیەکمان پێیە بۆ جەماعەتی حزبی شیوعیی کە بنکەکەیان لە ناوچەی بارزانە، بەڵکو بۆمان ببەی بۆ لایان، ناوەرۆکی نامەکەش داوای ئاشتبوونەوە بوو لەنێوان هەردوو لایان، ئەمە دوای شەڕەکەی (پشت ئاشان) بوو، هەرچەندی گوتیان نامەت لە لیژنەی هەماهەنگی نێوان ئێمە و حکوومەت بۆ دێنین کە لە هیچ بازگەیەک ڕێت لێ ناگرن. منیش لەوەڵامدا پێم گوتن: «بمبوورن من هیچ پێوەندییەکم بە حزبی شیووعییەوە نەماوە و خانەنشینێکی بێ دەسەلاتم» لە

ئەنجامدا شاندەکە یەکێکی تریان قایل کرد تاکو ئەو کارە بکات، چونکە حزبی بەعس لە بەڵێنەکەی دابووی بە مام جەلال کە هەموو مافێکی نەتەوەیی کورد بسەلمێنی، بەو ناوەی لایەنی تر ماون لە شاخ دەیانگوت: تا هەموویان نەبنەوە یەک دەنگ، ناتوانین مافی نەتەوەیی کورد بدەینە لایەنێک و لایەنەکانی تر قەبووڵی نەکەن.

### ئەزموونی ڕۆژنامەنووسیم لە گۆڤاری کارواندا

گۆڤاری کاروان، گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتی بوو، مانگانە بەڕێکوپێکی دەردەچوو، خاوەنی ئیمتیازی ئەمینداریێتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی کوردستان بوو، بە زمانی کوردی و عەرەبی دەردەچوو، سەرنووسەرەکەی محەمەد ئەمین محەمەد ئەحمەدی ئەمینداری گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان بوو، جێگری سەرنووسەر (حوسێن عارف)ی ئەدیبی گەورەی کورد بوو، هەرچەندە ئەمین عام سەرنووسەر بوو، کەچی هەموو کاروبارێکی سەرنووسەری لەئەستۆی کاکە حوسێن عارفدا بوو، گۆڤارەکە دەستەیەکی نووسەرانی بۆ دانرابوو کە بریتی بوون لەم زاتانەی خوارەوە:

د. شوکریە ڕەسووڵ، حوسێن ڕەشوانی، زوبێر بیلال ئیسماعیل، جەلال مەدحەت خۆشناو، ناسر یووسف، فەیسەڵ مستەفا حاجی.

سکرتێری نووسینیش خوالێخۆشبوو سەردار میران بوو. یەکەم ژمارەی لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٢ دەرچوو، من لە ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکەوە، لێکۆڵینەوەی ئەدەبیم بڵاوکردەوە کە بەناوونیشانی [زێوەری شاعیری کورد لەنێوان سەرکەوتن و سەرنەکەوتنیدا] و ئەم بابەتەم دەنگی دایەوە و دوای ئەوەش پەیتا پەیتا بابەتی ئەدەبی لە شیعر و لێکۆڵینەوەم بڵاودەکردەوە و دوای دەرچوونی چەند ژمارەیەکی گۆڤارەکە منیش بە مانگانەی ١٠٠ دینار کرام بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی، بێجگە لە بابەتی خۆم ئەو بابەتانەی دەهاتن بۆ بڵاوکردنەوە، بەشداریم لە هەڵسەنگاندن و پەسند کردن و پەسند نەکردنیان دەکرد.

بێجگە لە بابەتی ئەدەبی بە زمانی کوردی، بابەتی دیکەشم بەزمانی عەرەبی دەنووسی لەوانە [الادب المقارن التطبيقي بين الادبين العربي والكوردي]، ئەم بابەتەم لە کتێبێکی کارواندا بەناوی [مختارات من الادب الكوردي] وەک بابەتێکی هەڵبژاردە بڵاوکرایەوە کە لەلایەن حوسێن عارفەوە ئامادە کرابوو.

من ماوەیەک لە دەستەی نووسەرانی کاروان دوور خرامەوە، چونکە دوا سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر بووم و نەچوومە ناو (یەکێتی ئەدیبان و نووسەرانی عیراق) کە هەندێ لە نووسەرانی دیکەی هەولێر بوونە ئەندام تێیدا، بەڵام پاش ماوەیەک پێویستییان پێم بوو، بۆیە بۆ دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەیان گەڕاندەوە.

### سیمینارێکی تایبەت بەبیری سەدام حوسێن لە بارەی گەلی کوردەوە

ئەمینداریێتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی کوردستان سیمینارێکی تایبەت بە بیری سەدام حوسێن لە بارەی گەلی کوردەوە لە ڕۆژانی ١٢-١٣ی ئاداری ١٩٨٨دا بە چاودێری سیروان جاف سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی کوردستان بەڕێوەچوو. داوا لە ئێمەی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری کاروان کرا لێکۆڵینەوەی شیاو بەو بابەتە بنووسین، کەچی ئێمە لە سەرووی هەمووشمانەوە حوسێن عارف گوتمان ئێمە ناتوانین بابەتی سیاسی بنووسین، تەنیا توانایی نووسینی بابەتی ئەدەبیمان هەیە، کەچی دەستەیەک لە نووسەران و خاوەن بڕوانامەی بەرز بەشداربیان لەنووسینی بابەتەکان کرد و بەرنامەی سیمینارەکە بەم جۆرە بەڕێوەچوو:

١- کردنەوەی سیمینارەکە لە کاتژمێر ١٠ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٢ی ئادار بوو. لە دانیشتنی یەکەمدا د. خەسرەو شاڵی سەرۆکی ئەوسای زانکۆی سەلاحەدین و عەبدوڵڵا عەبباس سەر و لێکۆڵینەوەیەکی سیاسییان بەو بۆنەیەوە پێشکەش کرد، سەرۆکی دانیشتنەکە د. محەمەد شەریف ئیمام و بڕیاردەریش عەبدولکەریم فندی بوو.

٢- دانیشتنی دووەمیش لە کاتژمێر پێنجی ئێوارەی هەمان ڕۆژی ١٢ی ئادار بوو، مامۆستای نەمر شاکر فەتاح و عەبدولوەهاب تاڵەبانی باسەکانی خۆیان پێشکەش کرد. ئەوەی جێی سرنج ڕاکێشان بوو، مامۆستا شاکر فەتاح وتی: هەرچەندە سەرۆک سەدام کاری باشی بۆ کورد کردووە، بەڵام تاکو کارەکەی باشتر جێ بگرێ، با گفتوگۆ لەگەڵ ئەو پێشمەرگانەی کورد بکات و بزانێ چییان دەوێ تا کێشەی کورد بە ئاشتی چارەسەر بکرێت! لێرەدا (ئیبراهیم زەنگەنە)ی پارێزگاری ئەوسای هەولێر گوتی: بێ دەنگ بە ئەوانە تێکدەر و گێرەشێوێنن نابێ گوێیان پێ بدرێ، لە وەڵامدا مامۆستا

شاکر فەتاح فەرمووی ئێوە دەتانەوێ گفتوگۆ لەگەڵ ئێران بکەن و پێیـان دەڵێن (فـورسی مـەجـووس)، ئەی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ڕۆڵەی خۆتان ناکەن کە هەموویان عیراقین و کێشەکە بە ئاشتییانە چارەسەر بکەن؟

لێرەدا ئیبراهیم زەنگەنە گوتی: «دەبێ ئەم باسە لە مەحزەری سیمینارەکە لاببرێ»، وتە بە نرخەکەی مامۆستای نەمر شاکر فەتاح لە هەموو کوردستان دەنگی دایەوە.

لە دانیشتنی سێیەمی سیمینارەکەدا کە سەرلەبەیانی ڕۆژی ۱۹۸۸/۳/۱۳دابوو مامۆستایان: محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی و حوسێن ڕەشوانی و تیلی ئەمین سەرو لێکۆڵینەوەیەکی سیاسییان لە بارەی بیری سەدام حوسێن بەرانبەر بە کورد پێشکەش کرد، سەرۆکی دانیشتنەکە د. ئیحسان فوئاد و بڕیاردەریش د. نافیع ئاکرەیی بوو.

لەدانیشتنی چوارەمیشدا کە لە کاتژمێر ٤ی ئێوارەی هەمـان ڕۆژی ۱۹۸۸/۳/۱۳دا مامۆستایان عەبدولسەتار تاهیر شەریف و موحسین بەرزنجی و ساجید ئاوارە لێکۆڵینەوەی خۆیان پێشکەش کرد و سەرۆکی دانیشتنەکە د. بەدرخان سندی و بڕیاردەریش خالید حوسێن بوو.

بەم جۆرە سیمینارەکە کۆتایی پێهات و ئێمەی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری کاروان بە کاک حوسێن عارفەوە بانگهێشت کرابووین بۆ سیمینارەکە و دەبوایە ئامادەبین دەنا لێپرسینەوەمان لەگەڵدا دەکرا، ئێمەش بڕیارمان دا بچین لە سیمینارەکە ئامادەبین، بەڵام نە پرسیارێک بکەین و نە پرسیارمان لێ بکرێ. هەواڵی باسەکەی مامۆستا شاکر فەتاح تا دەهات پتر دەنگی دەدایەوە و بە دەیان ڕاپۆرتی خراپی لەسەر نووسرا، وابوو دوای چەند ڕۆژێک لە سلێمانی گرتیان و بردیان بۆ بەغدا و داوایان لێ کرد لەو قسەیەی لە سیمینارەکەی هەولێر کردبووی، پەشیمان ببێتەوە، کەچی ئەو هەر سوور بوو لەسەر ڕاو بۆچوونەکەی خۆی و حاشای لێ نەکرد، بۆیە ڕژێمی بەعس بە نهێنی گوللەبارانی کرد و تەرمەکەیشی نەدایەوە کەسوکارەکەی، کەچی ناوبانگی مەردایەتی و دڵسۆزیی بۆ پرسی کورد لە مێژووی هاوچەرخی کورددا تۆمار کرا، هەرچەندە بە جەستە نەما، بەڵام گیانی پاکی بە نەمری لەنێوماندا مایەوە.

دوای تەواوبوونی سیمینارەکە سیروان جاف ڕق و کینەی بەرانبەر حوسێن عارف جۆشی سەند و بڕیاری دا لە بەرپرسیەتی گۆڤاری (کاروان)ی لابدات و حوسێن ڕەشوانی لە شوێنی دابنێ، چونکە بەشداری لە سیمینارەکە کردبوو، (حوسێن عارف)یش ڕەتی کردبووەوە. لە هەمان کاتیشدا محەمەد ئەمین محەمەد ئەحمەدی ڕێکخەری سیمینارەکە لە پایەی ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان لادرا و حیکمەتی حاجی سەلیم کە بەعسییەکی گەورە بوو، کرا بە ئەمینداری گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان و بەرپرسی یەکەمی گۆڤاری (کاروان) و ئاستی ئەدەبی و ڕۆشنبیری گۆڤارەکە بەرەو کزی ڕۆیشت و زۆری پێ نەچوو من و هۆمەری دزەیی و محەمەد ئەمین پێنجوێنی لە دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەی کاروان لادراین و ئاستی گۆڤارەکەش پتر بەرەو بابەتی سیاسی و هەواڵی قادسیەی سەدام چوو.

## بەشداری کردنم لە سیمیناری چوارەمی فۆلکلۆر لە شاری بەغدا

بەڕێوەبەرایەتی کەلەپووری میللی لە بەغدا بەهاوکاری لیژنەی فۆلکلۆری کوردی سەر بە ئەمینداریێتی ڕۆشنبیری ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان، سیمینارێکی فراوانیان لە بەغدای پایتەخت سازدا، هەرچەندە تەرخان کرابوو بۆ کەلەپووری (بەسرا)، بەڵام ڕۆژێکیان بۆ فۆلکلۆری کوردی تەرخان کرد و ئەم سێ نووسەرەی کورد بەشدارییمان لە پێشکەش کردنی لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆریدا کرد:

١- د. نافیع ئاکرەیی بە بابەتێک بەناوونیشانی [تناص الصورة الشعرية بين نصوص فرعونية والاغنية الفولكورية الكوردية].

٢- کەریم شارەزا: بە بابەتێک بەناوونیشانی [حكاية الحيوان الشارحة في الادب الفولكلوري الكوردي].

٣- خاتوو سەرفیراز نەقشبەندی بە بابەتێک بەناوونیشانی [سمات المرأة الكوردية في التراث الأدبي الشعبي].

هەر سێ بابەتەکە لەلایەن ئامادەبووانەوە وتووێژیان لەسەر کراو لەلایەن فۆلکلۆر دۆستانەوە پەسندکران و لەدواییدا هەر سێ لێکۆڵینەوەکە لە ئامادەکردنی بەرێزان: مەولوود قادر بێخاڵی و تاریق جامباز و عەزیز ڕەشید حەریری لەسەر کیسەی ئەمینداریێتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمی، لەبەرگێکی ڕەنگاوڕەنگی ١٢٠ لاپەڕەیی چاپ کرا و وەک چاپکراوەکانی گۆڤاری کاروان پەخش کرا.

# نیرۆلینگویستیکس- زمانەوانی دەماری مێشک

سەلام ناوخۆش
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی پەروەردەی بنیات)

## دەروازە

دەربارەی هەڵبژاردنی بابەتی پێوەندی ئۆرگانی نێوان دەمار و زمان، یان مێشک و زمان، دوو هۆی بنەڕەتییە: یەکەمیان، دەقێکی قورئانە کە خودا دەفەرموێت: "لە زاتی خۆتان ناڕوانن؟ " دووەمیان، نەخۆشی خۆمە، کە لە پاش نەزیفبوونی دەمارێکی مێشکم، ناتوانم بە بەردەوامی بە ئینگلیزی بدوێم، کەچی دەتوانم بە زمانی کوردی بدوێم. ئەو دوو هۆیە هۆکار بوون بۆ ئەوەی لە سەر دیاردەی نیرۆزمانەوانی بدوێم.

## مێشک و زمان

مێشک چەندان دەماری دیار و نادیاری هەیە، هەریەکەیان ئەرکێکی فسیۆلۆژی و زمانەوانی هەیە، ژمارەی ئەو دەمارانە لە ژماردن نایەن. لە لایەکی دی دەریای زمان زۆر قووڵە، هەروەها وەک سۆسێر گوتەنی زمان خۆی سیستەمە وەک داشەکانی شەترەنج هەموو لەگەڵ یەکتر لە پێوەندی دایەلێکتیکی دان.

لە زماندا شوێنی پیتەمرۆیەکانی ئاخاوتن، خودی ئاخاوتن، گۆکردنی ئاخاوتن، بیستنی ئاخاوتن، بەرهەمی ئاخاوتن لای قسەکەر و گوێگر بوونی غەیبی هەیە. شوێنێک لە مێشکی مرۆڤ بۆ بەرجەستەکردنی ئەو دیاردانە بوونی هەیە. کەواتە وەک گوتاری قورئان جەختی لەسەر دەکات، لایەنی توێکاری جەستەی مرۆڤ، بێجگە لەوەی موعجیزەیەکی توێکارییە، موعجیزەیەکی زمانەوانییە لەمەڕ پێوەندی زمان و مێشک.

## پێناسەی نیرۆزمانەوانی

نیرۆزمانەوانی وەک بەشێکی زمانەوانی، لە زۆربەی

کتێبە زمانەوانییەکاندا پێناسەکراوە. دەیڤید کریستاڵ (١٩٩٢، ل٢٦٥) بەم شێوەیە پێناسەی نێرۆزمانەوانی دەکات:" لقێکی زمانەوانییە کە بریتییە لە دیراسەکردنی بنەماکان لە سیستمی دەماری مرۆڤ بۆ پەرەسەندن و بەکارهێنانی زمان. ئامانجە تایبەتییەکانی بریتییە لە فەراهەمهێنانی مۆدێلێک لەمەر کۆنترۆڵی مێشک بە سەر پرۆسەکانی ئاخاوتن، قسەکردن، گوێگرتن، خوێندنەوە، نووسین، گۆرانی وتن. "ئەو پێناسەیە قسە لەسەر پێوەندی زمان و سیستمی دەمار دەکات، ئەو پێوەندییە تۆڕئامێزە بەشداری لە پرۆسەکانی ئاخاوتن و گوێگرتن دەکات، چونکە ئیسپات دەکات دەماری ناو مێشک ئەرکێکی زمانەوانی ڕادەپەڕێنێت. یەکێک لە کتێبەکانی کامبردیج بۆ زمانەوانی تەرخان کراوە بۆ کتێبێکی ئینگرام بە ناوی:" نیرۆزمانەوانی: دەروازەیەک بۆ پرۆسەی زمانی قسەکردن و لادانی " بەو قسەیە بێت لە ناو تۆڕی زمانەوانی دەمار، ئاریشەی لادانی زمانیی بوونی هەیە، بە تایبەتی لە ڕوودانی سروشتی و ناسروشتیدا بەدەردەکەوێت. لە لاپەڕە (٤٠)ی کتێبەکەی ئینگرامدا مەبەستی بنەڕەتی نیرۆزمانەوانی ئاماژەی بۆکراوە:" با مێشک بە پرۆسەی ئاخاوتن هەستێت " ماسیۆس (٢٠٠٧، ل٢٦٢) پێوەندی زمانەوانی دەروونی و نیرۆزمانەوانی دەخاتەڕوو، هەروەها دەربارەی ماهیەتی نیرۆزمانەوانی دەنووسێت:" نیرۆزمانەوانی لکێکە لە زمانەوانی گشتی کە لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە دیراسەکردنی پرۆسێسەکان و پێکهاتەکانی مێشک کە پەیوەستن بە مەعریفە و بەکارهێنانی زمان. " ئەو خانە دەمارییانە ئایچیسینی (١٩٩٢، ل١٣٢ و ١٣٣ و ١٣٤) سەرەباسێک تایبەت بکات بە زمان و مێشک و لە کاریگەری دەماری مێشک لەسەر پرۆسەی ئاخاوتن بکات. لەو چەند لاپەڕەدا ئایچیسین هەندێ زانیاری بە نرخ لەسەر پێوەندی مێشک و بیرکردنەوە و زمان دەخاتەڕوو. کەواتە نیرۆزمانەوانی بریتییە لە دیراسەکردنی میکانیزمی دەماریی لە مێشکی مرۆڤ کە کۆنترۆڵی تێگەیشتن و زمان گۆکردن، وەک بەرهەمێکی ئۆرگانەکانی ئاخاوتن و زمان گرتنە.

بۆ دیارکردنی مێژووی سەرهەڵدانی نیرۆزمانەوانی لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا وەک توێژینەوەی تایبەت بۆ دیاریکردنی پێوەندی زمان و مێشک، ناچارین ئاراستەی هزرمان بۆ ئەوە ببەین کە ئەو جۆرە دیراسەیە تەنیا لە بواری زمانەوانی گشتی نادۆزرێتەوە، بەڵکو لە بوارەکانی زمانەوانی دەدۆزرێتەوە. ئایچسین (١٩٩٢، ل٧) دەربارەی بواری زمانەوانی نوێ لە ڕۆژئاوا دەنووسێت، کە زمانەوانی فەلسەفی و کۆمپیووتەری و (ئاماریی)... بەشێکن لە زمانەوانی "بەڵام لەبەر نوێیەتی نیرۆزمانەوانی لە بوارەکانی زمانەوانیدا ئاماژەی بە هەبوونی نەکردووە. سایتی ویکیپیدیای ئەلیکترۆنی، مێژوویەک بۆ نیرۆزمانەوانی دادەنێت و دەنووسێت:" سازکردنی زاراوەی نیرۆزمانەوانی دەدرێتە پاڵ هاری ویتکار، چونکە لە ساڵی ١٩٨٥ گۆڤارێکی بە ناوی نیرۆزمانەوانی دامەزراند.

## بەشەکانی مێشک و پرۆسەی قسەکردن و گوێگرتن و تێگەیشتن

هەر سێ پرۆسەی قسەکردن و گوێگرتن و تێگەیشتن، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە دەماری مێشکەوە هەیە، چونکە وەک خۆیا بووە، دەمارەکانی مێشک بە هەندێ پرۆسەی زمانەوانییەوە بارگاوی کراون.

لە خودی مێشکدا چەند دەڤەرێک هەن، کە بێجگە لەوەی چەند پرۆسەیەکی تایبەت بە جەستەوە ئەنجام دەدەن، هەروەها لە ڕێگای کەیسی هەندێ نەخۆشەوە دەرکەوتوون کە هەندێ پرۆسەی تایبەت بە زمانەوە ئەنجام دەدەن.

### ئەو بەشانەی مێشک کە تایبەتن بە زمانەوە:

**یەکەم: ناوچەی برۆکا:**

ئەو دەڤەرەی برۆکا لە مێشکدا لە ئاکامی توێژینەوەی پزیشکی بەرپا بووە، نەک توێژینەوەی زمانەوانی. وەک ئینسکلۆپیدیای ویکیپیدیا دەنووسێت: "دیاردەی پێوەندی دەماری مێشک و زمان لە ڕووی مێژووەوە ڕەگداکوتاوی پەرەسەندنەکانی بواری ئەفاسیۆلۆجیا (دیراسەکردنی خەوشی زمانەوانی) کە لە ئاکامی زەرەری مێشک دروست دەبن. ئەفاسیا هەوڵ دەدات پێکهاتە بە ئەرک دەبەستێتەوە بە شرۆڤەکردنی کاریگەری ڕووشانی مێشکی لە سەر پرۆسەی زمان."

زۆر زمانەوانی تایبەت بە نیرۆزمانەوانی لە بارەی ئەو

شوێنەوە دواون. دەیڤید کریستاڵ (١٩٩٢، ل٥٠) دەنووسێت:"ئەو ناوچەیە بەو ناوە ناونراوە پاش ئەوەی پۆل برۆکا ١٨٢٤-١٨٨٠ی نۆژداری فەڕەنسی، لە ڕێگای نەخۆشەکانییەوە ئەو شوێنەی لە مێشک دیاری کرد. ئەو شوێنە تایبەتە بە کێشەکانی دۆزینەوەی وشە." ماسیۆس (٢٠٠٧، ل ٤٥) لە فەرهەنگە زمانەوانییەکەی ئاوا لە دەڤەری برۆکا دەدوێت:" بەشێکە لە مێشک لە لای نەخۆشێکی پۆل برۆکا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە کە ناوچەکەی لە مێشک دووچاری زیانێکی گەورە ببوو. " ئایچسین (١٩٩٢، ل١٣٣) وردتر لە کریستاڵ و ماسیۆس ئەو شوێنەی مێشک وەسف دەکات و دەنووسێت: "ئەو گەنگەشەیە ئەو کاتە دروست بوو، کاتێک پۆل برۆکا وەک سەرەدەبووسێک ئەو شوێنەی لە مێشک دیاری کرد، " لەنەزەر ئایچیسین ئەو شوێنە دەکەوێتە نێوچەوانی مرۆڤ، نەختێک سەرەوەی گوێی چەپە. ئەو شوێنەی دوو نەخۆش بریندار ببوو، لە ئاکامدا بە خورتی دەیانتوانی هیچ جۆرە ئاخاوتنێک بکەن. ئەمە لە سەدەی نۆزدە بوو، هەتا ئەمڕۆش هەر برینداربیەک لە دەڤەری برۆکا ڕوبدات، کێشەیەکی توند لە ئاخاوتن بەرپا دەکات..."

لە دیراساتی زمانەوانیدا ئاماژە بەوە دەکرێت کە ئەو بەشە چەپەی مێشک، تایبەتە بە پرۆسەی قسەکردن. هەرکاتێک مرۆڤێک لە ڕووداوێکی وەک لێکدانی دوو ئۆتۆمبێل، ناوچەی برۆکای تووشی برینداری بووبێت، ڕاستەوخۆ ئەو بریندارە تووشی گیروگرفتی ئاخاوتن دەبێت.

**دووەم: ناوچەی وێرنیکا**

ئەو ناوچەیەش لە ڕێگای توێژینەوە پزیشکییەکان هاتۆتە ناو جیهانی زمانەوانییەوە. دوای دۆزینەوە پزیشکییەکانی برۆکا، هەر لە سەدەی نۆزدەدا پزیشکێکی ئەڵمانی هەر لە ڕێگای نەخۆشییەکانیەوە بۆی دەرکەوت شوێنی تر لە مێشکدا هەیە کە پێوەندی بە قسەی نەخۆشەوە نییە و لە بوارێکی تر پێوەندی بە زمانەوە هەیە. کریستاڵ (١٩٩٢، ل ٤١٨) دەنووسێت:"کارل وێرنیکەی نیرۆلیجستی ئەڵمانی ١٨٤٨-١٩٠٥ پاش دیراسەکردنی مێشکی نەخۆشێک، دەرکی بەوە کرد کە مێشک هەر تەنیا پێوەندی بە قسەکردنەوە نییە، بەڵکو پێوەندی بە تێگەیشتنەوەش هەیە. ئەو شوێنەی ئەو دیراسەی کرد، بەناوی خۆی ناسرا". هەر کریستاڵ لە هەمان کتێب و لاپەڕەدا دەربارەی دەڤەری وێرنیکا دەنووسێت:" ناوچەکە لە مێشکی مرۆڤ دەکەوێتە بەشی سەرەوەی نەرمەی گوێ-پەڕەی گوێی مێشک. ڕووشانی ئەو شوێنە دەبێتە هۆی دژوار حاڵیبوون، یان هەر کەڕبوون،"، هەروەها فرانک پارکەر و کاسرین ڕیلێی (٢٠١٠، ل ٢٨٥) دەربارەی ئەو ناوچەیە دەنووسن:" ئەو نەخۆشانەی لای برۆکا توێژینەوەیان لە سەرکرا، دەرکەوت ئەو نەخۆشانە دەتوانن گوێیان لە قسە بێت، بەڵام ناتوانن قسە بەرهەم بێنن، بە پێچەوانەوە ئەو نەخۆشانەی لای وێرنیکا توێژینەوەیان لە سەرکرا، دەرکەوت دەتوانن قسە بەرهەم بێنن، بەڵام ناتوانن گوێیان لە قسەی بەرانبەر ببێت..." لە لاپەڕە ٢٨٦ی هەمان کتێب دەنووسن:" ناوچەی وێرنیکا نزیکە لە بەرگی بیستنی سەرەکی لە لای چەپی سەرەوە..."

**کورتە**

لە نێو مێشکی مرۆڤدا ئاخێوەر و گوێگر بوونیان هەیە، بەڵام میکانیزمی ڕێکخستنی ئەو دووە لە شتە شاراوەکانە. دەماری مرۆڤ کە هۆکاری سەرەکی لە کارکەوتنی تەرەفێکی جەستەن، بەڵام وەک لەم وتارەدا خۆیا دەبێت، ئەو دەمارانەی مێشک بە ئەرکی زمانەوانی جودا لە یەکتر بارگاوی کراون. ئەو دوو دەڤەرەی برۆکا و وێرنیکا دۆزیانەوە، وەڵامی هەندی هۆکاری جەستەیی و زمانی دەدەنەوە.

# دیرۆکی دووبز و بیرەوەرییەکانم

عەباس سلێمان سمایل

**شارۆچکەی دووبز لە مێژوودا**

(دووبز)م وەک جـەلەولا دێتــەبەرچاو، جــەلەولا بەر لەوەی وێســتگەی شـەمـەندەفـەری لێ بکرێتـەوە و دواتر بنکەی پۆلیس و سـەربازگــەی لێ دابنرێت، هەوارێکی کوردان بوو بەناوی قەرەغـان، دوای ئەوەی دانیشـتـوانی گوندەکانی دەوروبەر کە بریتی بوون لە هۆزانی کورد کە بۆ کـارکــردن چوونەتە ئەم ئاوایـیـە و لە سـاڵـی ١٩٥٨ کـە قــەرەغــان بـوو بە شـارەدێ و نـاوەکـەیان بەناوی جـەلەولا گۆڕی، بەناوی ئەو جەنگەی کە لە نێوان سوپای ساسانی لە بنـاری حەمـرین نزیک مـەنسـووریەی ئەمـڕۆ ڕووی دا، دووبزیش هەمـــان بە عـــەرەب کـــردن و نـاوگـــۆڕینی بەسەرهات، کە ئەمڕۆ هەردووکیـان لە کوردستـان دابڕاون و ماددەی (١٤٠) دەیانگرێتەوە. دووبز تا ساڵی ١٨٧٥ بریـتی بـوو لە گــوندێکی گــچکەی هۆزی سـاڵەیی کـە دانیشـتـوانەکەی خەریکی ڕاوەمـاسی بوون، ڕۆژێک دوو مـاسی زۆر گـەورە لە جـۆری (بز) لـەم شـوێنە ڕاو دەکـەن، بۆیە ناوی گـوندەکـەیان بەناوی ئەم دوو مـاسـیـیـە بەناوی دووبز ناولێنا، ئیـتـر تا سـاڵـی (١٩٥٧) ناوی بە دووبز تۆمــار کــراوە، دواتر حکوومــەتی عــیــراق نـاوەکــەی دەشــێــوێنێت و دەیکات بە (دبس)، جـەلەولا لەدوای سـاڵـی ١٩٦٣ دەکـەوێتـە بەر شـاڵاوی بەعـەرەبکردن، دووبزیش هەمــــان بەزمی بەســــەردا هات، هەرچەندە هەردووکیـان لەدوای بیستـەکان ناڕاستـەوخۆ کەوتنە بەر پەلامــاری بە عـــەرەب کــردن، جـــەلەولا بەهۆی ئەوەی وێستگە و سەربازگەی لێ کرایەوە، ژمارەیەک کارمەندی عەرەبیان تێدا دامەزراند و ئەوانیش بەماڵەوە لە جەلەولا جێواربوون، دواتر حکوومەت ڕێ خۆشکەر بوو بۆ هاتنی عــەرەب و نیــشـــتــەجێ بوونیـــان لە جــەلەولا و تا

دروستکردنی بەنداوی حەمرین، ئیتر ئەو گوندە عەرەب نیشانەی وەبەر بەنداوەکە کەوتن هەموویان گواستەوە بۆ جەلەولا، لەدوای سالّی ١٩٧٤ دەست کرا بە ئاوارەکردنی کوردان لە جەولەولاو بە عەرەب کردنی گوندەکانی دەوروبەری، دووبزیش لەدوای ئەوەی لە سالّی (١٩٢٧) یەکەم کۆمپانیای نەوتی تێدا دامەزراو لە سالّی ١٩٣٤ بۆری گواستنەوەی بۆ دانراو وێستگەی کارەبایان بۆ هێنا، کە کارەبای دەدایە هەموو عیراق، ئینجا ژمارەیەکی زۆری عەرەبیان دامەزراند و گەڕەکێکیان بەناوی گەڕەکی کارەبا بۆ دروستکردن و دواتر ڕێگە خۆشکرا بۆ هاتن و نیشتەجێ کردنی عەرەب لە دووبز، ئیتر بەهۆیەوە گەڕەکێکی عەرەب لە مەڕ دارەکان بەناوی غەنام دروست بوو، لەدوای سالّی ١٩٧٤یش بەردەوام کورد لە شارۆچکەی دووبز و گوندەکانی دەوروبەری دەردەکرا و عەرەب نیشتەجێ دەکرا. جیاوازییەکەی لەدوای سالّی (٢٠٠٨)ەوە بەوە کە جەلەولا لەلایەن سوپای عیراقەوە داگیر دەکرێت و ڕێ خۆش دەکرێت بۆ کاری تیرۆریستی دژی کوردان و بەڕێوە بردنیشی دەکەوێتە بەردەستی عەرەبی شۆڤێنی، ئەمڕۆ دووبز لەلایەن دانیشتوانی شارۆچکەکەوە بەڕێوە دەبرێت و ژمارەی کورد بەرەو زیادبوون و عەرەبیش بەرەو ڕەوانەکردنەوەیە بۆ ئەو جێگایەی کە لێوەی هاتوون، کەچی لە جەلەولا عەرەب زیاتر نیشتەجێ دەکرێت بەبێ مۆڵەت و بە سەرپێچی کردنی بەردەوام خانوو دروست دەکەن و کوردی شارۆچکەکەش بەردەوام تیرۆر دەکرێت و ئاوارە دەکرێت و هەڕەشەی چۆڵکردنی لێدەکرێت، سەرەڕای ئەوەی جەلەولا هیچ خزمەتگوزارییەکی بۆ ناکرێت، بەڵام پێدەشتی دووبز (حەویجە) تا سالّی (١٩٦٣) زۆربەی گوندەکانی کوردنشین بووە، وەک دەشتی قەراج دێتە بەرچاو، کە هەردوو دەشت تەواوکەری یەکترین و هەواری بەهارانی مەڕدارانی کوردبووە، دەشتی قەراج بەهۆی بەردەوامی پەلاماردانی عەرەب بۆ ئەو دەشتە و کورد بۆ بەرگری کردن، هەوارەکانیان دەکردە گوند و هەواری هەمیشەیی، تا سالّی (١٩٣٧) و تاپۆکردنی گوندەکانیان هەر گوندێکیش چۆڵ بکرایە، ئەوە یەکسەر هۆزەکانی عەرەبی تێدا نیشتەجێ دەبوون هەرچەندە تاپۆشی هەبوایە، لەوانە گوندی (دۆمە ئیدریس) لە باشووری قەراج نزیک



**نووسەر لەبەردەم توونێلێکی دێرین نزیک شارۆچکەی پردێ**

ناحیەی زاب، دانیشتووانی ئەم گوندە کە زۆربەی بندیان بوون، لەگەڵ ٣-٤ ماڵە شێروانی و هورمزیار لە کۆتایی پەنجاکاندا بەهۆی نەهاتییەوە تا سالّی ١٩٦١ چۆڵیان کرد و عەرەبی تێدا نیشتەجێ بوون، بندیانەکان چەند جار ئاگاداریان کردەوە گوند بەجێ بێڵن و سکالآیان بردە بەر میری، بێ سوود بوو، بۆیە لە سالّی (١٩٦٢) بۆسەیەک بۆ گەورەکانیان دادەنێنەوە و لە ئەنجامدا (١١)یان لێ دەکوژن، دواتر حکوومەت لە تۆڵەی کوژراوەکان گوندی دۆمە ئیدریس لەسەر عەرەبەکان تاپۆ دەکات، بەڵام لە دەشتی حەویجە تا کۆتایی سییەکان تەنیا ٥-٦ گوندی کوردنشین هەبوو لەگەڵ یەک گوندی عەرەب نشین، کە بەهۆی دوژمنکاری لە گەرمەی جەنگی یەکەمی جیهانی کورد ڕێگەیان پێدابوون بێنە ئەم ناوچەیەوە کە برا گەورەکانیان ناویان شێخ مەزهەر عاسی و نازم عاسی بوو کە لایەنگیری شۆڕشی شێخ مەحموودیان کردبوو.

گوندی شۆڕیجە لە ناوەڕاستی بیستەکان دوا گوندی پێدەشتی دووبز بوو کە (٥-٦) ماڵە هورمزیاری تێدا نیشتەجێ بوون، دوای ئەوەی ناوچەکە بە عەرەب دەکرێت ئەم گوندەش بە عەرەب دەکرێت، بە قسەی مام نادر ئەم گوندە لە سالّی ١٩٤٠ (١٠٠) ماڵە عەرەبی تێدا بوو لەگەڵ (٢٥) ماڵە کورد، مام نادر دەڵێت حکوومەتی عیراقی لە سەرەتای سییەکان بەندیخانەیەک لەم ناوچەیە دروست دەکات. دوای ئەوەی سەعید قەزاز دێتە ناوچەکە و دەیەوێت ئەم دەشتە، کە زیاتر هەواری کاتی مەڕداران بووە بکاتە هەواری هەمیشەیی، بۆیە سەرەتا بە

ئاغـاكـانی دزەیی دەڵێت هەر ئاغـا و ژمـارەیەک مـاڵە جووتیار ڕەوانەی ئەم دەشتە بكات، یەک لەوانە خدری پاشا بـوو، بەڵام دیارە بەگوێیـان نەكـرد و لەگـەڵیـان بێ سوود بوو.

دواتر یاسین هاشمی بەنداوە كۆنەكە كـە بە بەنداوی عـەباسی دەناسـرا بە بەندییـەكـان نۆژەن دەكـاتەوە و دواتریش لە سـاڵی ١٩٣٦ هەر بەم بەندییـانە بەنداوی نوێ دروست دەكـات و نـاوچەكـە پڕ لە عـەرەبی خـاڵس و دیالە و جزیرە و تكریت دەكـات و بەم جـۆرە پێـدەشـتی دووبز بەعـەرەب دەكـرێت، گـوندی شـۆڕیجـە، لە سـاڵی (١٩٦٠) بوو بە شارەدێ و ناوەكەیان بۆ مەلحە گۆڕی و لەســاڵ ١٩٦٢دا بـووە شـــارۆچكە، نـاوەكــــەیان بۆ شارۆچكەی حەویجە گۆڕی، ئەم (٥) ماڵە هورمزیارەی حەویجە تا ساڵی (٢٠٠٣) و ئازادبوونی عیراق ببوونە (٨٢) خـــێـــزان، زۆربەیان دوكــــاندار و كــــاروباری بازرگـانییـان لەناو شارۆچكەی حەویجە دەكرد. بەهۆی گوشاری تیرۆرستانەوە هەر هەموویان حەویجەیان بەجێ هێـشت و ئاوارەی شـاری كـەركـوک بوون، گـونـدە كــوردنشـــینەكـــانی دەوروبەری حــەویجـــەش هەر لە شـەسـتـەكـانەوە لەژێر گـوشـاری بەعـەرەب كـردندا گوندەكانیان چۆڵ كرد و هاتنە ناو شارۆچكەی حەویجە.

هەروەها گـوندەكـانی بەرانبـەر حـەویجـە بە دیوی (قـەراج)دا تا بەرپابوونی یەكـەمین جـەنگی جیـهـانی كوردنشین بوون، كە ئەمڕۆ سەر بە شارەدێی عەباسی سەر بە شـارۆچكەی حـەویجـەن وەک گـوندی كـەندە بەكـرە، داوگەمیر و وەستەو شـەقلاوە و ڕەنج و سێوە، كە سێ بنەمـاڵە لەم گـوندانە نیـشـتـەجێ بوون، بنەمـاڵەیەكی مەنتک لە داوگەمیر، دواتر بەهۆی شەڕیان لەگەڵ سیان و مامەسێنی بەفیتی ئاغای مەخمووری لەناوچەكە ئاوارە دەبن و ئەوێ بەجێ دێڵن.

دوو بنەمـاڵەی دیكەش، واتە بنەمـاڵەی سـوراحی و بنەمـاڵەی مـام بەكـر بەهەمـان شـێـوەی دوژمنكاری نـاوچەكــەیان پێ بەجێ هێـشـتن، ئەم دوو بنەمــاڵەیە ئاوارەكـران بەهۆی ئەوەی باج و سـەرانەیان نەدەدا بە ئاغـا، ئاغـاش ژمارەیەک عەرەبی بەسەرۆكایەتی عیسا تورک چەكدار كرد و دوای ئەوە لە شەڕێكدا عیسا تورک دەكـوژرێت و هانا دەبەنە بەر ئاغـای مـەخـمـووری و لە كـەركـوک-یش سكاڵا بەرز دەكـەنەوە، لە ئەنجـامـدا فـەرمـانی دەستگیركردنی قادر سوراحی دەردەچێت و لە هەمـان كـاتدا بەناچاری مـاڵەكـانیـان لە خـەندەكی خـەلیفـەی ئاودیو دەكەن و دێنە گوندی جوكوژی، قـادر سوراحیش تا فـەرمـانی دەستگیركردنی لەسـەر لابچێ بەخۆی و هەندێک لە خزمەكانی دەچنە غەزای ڕووسان لە سـاڵی ١٩١٦دا، هۆزانی عـەرب بە هەلی دەزانن شەوێک هێرش دەكەن و ڕەوسەی گەنمەكانیان دەسووتێت و بەشێكی زۆری مەڕ و ماڵاتیشیان بەتاڵان دەبەن، ئیتر بەناچاری لە قــەرەچۆغ ئاودیو دەبن و دێنەوە گــوندی چەڵتـووكی سلێمـانی بابەگەورەی باپیری؛ كـەواتە تا یەكـەمین جـەنگی جیـهـانی و هێـرشی ڕووس بۆ سـەر كــوردســتــان، عــەرەب نە لە قــەراج و نە لە دەشــتی حەویجەی نەبووە، مەگەر بۆ دزی و ڕێگری لە ڕووباری دیجلە ئاودیو بووبێ و دەشـــتی قـــەراج و دەشـــتی حـەویجـەش بەهارە هەواری مـەڕدارانی كـورد بـووە، بازاڕگە بازگەی دەشتی قەراج بووە و دووبزیش بازگەی دەشتی حەویجە بووە.

بە قسەی مام یاسین و حاجی سەلیمی قوشقایە و با جوان و مام نادری دانیشتووی حەویجە تا ساڵی ١٩٦٣ بازاڕی حەویجە بەدەست كوردانەوە بووە.

مام نادر كە لە هۆزی شێخ بزێنییە لەساڵی ١٩٤٨ لە گـوندی برایم باولی قـەراجی بۆ كـاركـردن لە حـەویجـە نیـشـتـەجێ دەبێت، تا سـاڵی ٢٠٠٤ هەر لە حـەویجـە بووە، دواتر لەبەر گوشاری تیـرۆرسـتـان دێتە كـەركـوک مـام نـادر دەڵێت: هەر لە سـەرەتای چلەكـانەوە بەرلەوەی مـاڵم بچێـتە حەویجـە، جار جار بۆ كاركردن دەچوومە ئەوێ، زۆربەی دوكـانەكـان دوكـانی كـوردان بـوون، بەرە بەرە عـەرەب دەبوونە دوكـاندار و بازرگـان، بەڵام دوای سـاڵی ١٩٦٣ بازاڕ لەبەر دەستی كـوردان هاتە دەرەوە و لەدوای سـاڵی ١٩٧٤ ژمارەی دوكانداری كـورد زۆر كـەم بووەوە و ئەوەی مـاشــبــوو تێــیـدا بزر بوو، مـام نادر دەربارەی گـوندەكانی نێوان حەویجە و دووبز دەڵێت تا سـاڵی ١٩٦٣ زۆربەی گوندەكان كوردنشین بوون، بەڵام گـوندە نزیكەكـانی حـەویجـە هەر زوو لەبەر گـوشـاری عـــارەبان گـــوندیان بەجێ هێـــشت، بەڵام گـــوندە تێكەڵاوەكـان تا سـاڵی ١٩٧٤ كـورد باری نەكـردبوو هەروەكـو خـۆی مـابوو. زۆربەیان تا دوای ڕزگـاربوونی عیراق چۆڵیان كرد.

## شارۆچکەی دووبز

شــارۆچکەی دووبز تا ســاڵی ١٩٦٣ و تاڵانکرانی لەلایەن حەرەس قەومییان، بریتی بوو لە گەڕەکی دووبزی کۆن، کە زۆربەیان هۆزی ساڵەیی و هۆزانی دیکەی چەپی زێی گـچکە و گـەڕەکی بندیانان بوو، پیـســاوەشی پێ دەوترا بەهۆی ئەوەی هیچ خـزمــەتگوزارییــەکـــیــان نەگەیشــتبــوویێ کە زۆربەی دانیشــتوانی هەژار بوون، دیوی ڕاست زێی گـچکەبوو کـە ســەرەتا بنەمـاڵەیەکی بندیان ئاوەدانیان کردبووەوە و گەڕەکی کۆمپانیا کە لە ســاڵی (١٩٤٨) بۆ کـرێکارانی نەوت دروســتکرا کـە بریتی بوون لەعـەرەب و کورد و تورکمـان و مەسیحی، دواتر گـەڕەکی مـەسلحــە (کـــارەبا) بۆ کـرێکـارانی وێستگەی کارەبا دروست کرا، ئەویش لە کورد و عەرەب و تورکمان و مەسیحی بوون.

گەڕەکی مەڕدارانیش (غەنام) لەدوا دوایی سییـەکان دروست بوو، سەرەتا (٥-٦) ماڵە عەرەبی مەڕداربوون لە خۆرئاوای دووبز نیشـتەجێ بوون، هەر لەوکاتی چەند خێزانێکی عـەرەبی ئەلبوسحاق بەهۆی ناکۆکییان لەگەڵ حەدیدییەکـان لە گوندی سابوونچی نێوان کـەرکووک و دووبز نیشــتەجێ بوون، دواتر ئەم بنەمـاڵەیە دەســتیــان بەسەر چەند گوندێکدا گرت.

دوای ســاڵی ١٩٦٣ گــەڕەکی بندیان-یش لە دووبز خــاپوورکـــراو ئاوارەبوون لەگــەڵ بەشــێکی دیکەی دانیــشـــتوانی دووبز، هەرچەندە دوای ســەرکـوتکردنی حەرەس قـەومـیـیـەکـان بەشێک لە ئاوارەکـان گـەڕانەوە دووبز.

ئیــتــر دووبز و گــوندەکــانی دەوروبەری لە ســەرەتای مانگی شەشی ساڵی ١٩٦٣ کەوتنە بەر شاڵاوی حەرەس قەومییەکان و بە عەرەب کردنی ناوچەکە دەستی پێکرد و ژمــــارەیەکی زۆری عـــەرەب لە دووبز و دەوروبەری نیشــتەجێ کران و دواتر پڕ لە سەربازگـە کرا، دواجار بارەگـای (فـەیلەقی دوو)یان لەنێـوان دووبز و کـەنگراوە داناو هەر بە یەکجاری دووبز مۆرکی کوردایەتی لە دەست دا، وای لێ هاتبـوو مـرۆڤ نەدەوێرا جلی کـوردی لەبەر بکات، وای لێ هات ناولێنانی منداڵ بە زمـانی کـوردی شوێنەواری بڕایەوە، بە تایبەتی لە هەشتـاکـاندا ناولێنان بە زمانی کوردی تا ئازاد بوونی عیراقیشی (٠٪) بوو، کێ دەیوێرا لە ترسی بەعسی دڕندە ناوی منداڵەکـانی بە ناوی کوردی ناودێر بکات، کە لە بازاڕەکە دەسووڕایتەوە بە دەگـمەن گوێت لە ئاخاوتنی کوردی دەبوو، مـەگـەر بە ساڵاچوویەکی (٧٠-٨٠) ساڵەت بدیبایە، جلی کوردی لەبەر بوایە ئەگـینا هەر عــەگـــال بەســەر و ســەرباز و هەواڵگری ڕژێمت دەدیت.

هەردوو شارەدێی پردێ و سەرگەڕان، کە خرابوونە سەر دووبز، پردێ وەک دووبز هەمــوو گـوندەکـانی دەوروبەری بەعەرەب کرابوون، هەروەها سەنتەری شارۆچکەکەش پڕ کرابوو لە عەرەب و گەڕەکێکیشیان بەم دواییە بۆ عەرەبی هاوردە بەناوی عـرووبە دروست کـردبوو، بەڵام سـەرگەڕان کـە ناوەکــەی بۆ قـــودس گـــۆڕابوو، تەنانەت مـــاڵە کـوردێکیـشی تێـدا نەمـابوو، دوای ئازادبوون، عــەرەب لەســـەر گــەڕان و دەوروبەری نەمـــان و هەڵاتن، هەروەها عــەرەبی پردێ و دەوروبەریشی هەڵاتن، بەڵام بەداخـەوە دووبز هێشتا ژمارەیەکی بەرچاوی عەرەبی هاوردە ماون، لەگەڵ چەند گوندێکی بەعەرەبکراو.



گۆڕی ئێزدییەکی موسوڵمان بوو بە ناوی «دەرمان کوڕی دەرمان» لە گۆڕستانی شێخ سمایل بەرانبەر شارۆچکەی دووبز لە ساڵی ١٢٢٨ی کۆچی، کۆچی دوایی کردووە

## بیرەوەرییەکان

بەهاری ســاڵی ١٩٨٨ بۆ سـوغـرەی ســەربازی ڕەوانەی فــەیلەقی دووی دووبز کـرام، کــە کــەوتبــووە باشــووری ڕۆژئاوای شارۆچکەی دووبز لە بناری زورگەکانی شیـرناو کە بە کەنگراوەش دەناسرێت، بە شـوێنی سـەربازگەکە، دەگـوترێت کـەندار سـۆر. کـاولە گـوندێکیش لە نزیک سـەربازگـەکـەوە بوو، بەناوی (شیــرناو)، هـەر لە دوای

ساڵی ١٩٦٣ ئەم گوندە کاول کرابوو، بەهۆی باران بارینی ئەوساڵ ناوچەکە یەک پارچە ببووە درک و داڵ، بە تایبەتی کەند و لەندەکانی. سەربازگەیەکی چۆڵی جەیشی نا شەعبی لە تەنیشت سەربازگەی فەیلەقەوە بە دیوی ڕۆژهەڵاتدا هەبوو: سوپای عیراقی ژمارەیەک ژن و منداڵی گەرمیانی بەناوی ئەنفال تەنیا بەجلی بەریانەوە فڕێ دایە ئەم سەربازگەیە و پاسەوانی بۆ دانان تا هەڵنەیەن. ڕۆژانە تەنیا نیوەڕۆیان خواردنیان پێ دەدان، لەو خواردنەی نیوەڕۆیان لەسەر بازگەی فەیلەق لەبەر سەربازەکان دەمایەوە، واتە بەرماوەی سەربازانیان بۆ دەبردن، ڕۆژانە سەربازێک یارمەتی چێشت لێنەرەکانی دەداو بەردەستی دەکردن، ڕۆژێک نۆرەی من هات و ڕاسپێردرام کە ئەو ڕۆژە لە بەیانییەوە تا دوای دابەش کردنی خواردن و مەنجەڵ شووشتن، بەرپرسی چێشتخانە ئێزدییەکی کوردپەروەر بەناوی کرێت بوو، کرێت زۆر زگی بەم ژن منداڵانە دەسووتا، هەوڵی دەدا خواردن کەمتر لە جاران بداتە سەربازان بۆ ئەوەی زۆرترین خواردن بۆ ئەم ژن و منداڵانە بمێنیتەوە، ئەگەر ڕۆژێک سەموون کەم بوایە ناوە سەموونی بۆ کۆ دەکردنەوە، کرێت دەیگوت ڕۆژێک تەنیا بنکریان بۆ مایەوە، هەرگیز لەبیرم ناچێت.

ئیتر ئەو ڕۆژە دوای خواردن دابەشکردن بەسەر سەربازەکاندا بەرماوەکەمان لەناو دوو مەنجەڵ کۆکردەوە و خستمانە ناو زیلە سەربازییەکە و بەرەو ژن و منداڵەکان ڕۆیشتین، سەرەتا کرێت دەربارەی خواردن دابەشکردن و کەموکورتییەکەی داوای لێبووردنی لێ کردن، ئافرەتێکیش ئاخاوتنەکەی کرێتی دەکردە کوردی، منیش لەسەرخۆ بە ئافرەتەکەم گوت عەرەبییەکەت باشە، ئافرەتەکە وتی من مامۆستای ئەو گوندە بووم، منیشیان ڕاپێچ کرد و گوتیان لێپچینەوەیەکیان لەگەڵ دەکەین دەتانگەڕێنینەوە، بۆیە لێنەگەڕان تەنانەت جلێکی زیادیش لەگەڵ خۆمان بێنین، ئیتر دەست کرا بە دابەشکردنی خواردن.

سەیرم کرد هەر ئافرەتێک منداڵەکانی لە دەوری خۆی کۆکردووەتەوە و زەوی بەردەمیان پاک دەکەنەوە بۆ ئەوەی خواردنەکەیان بۆ لەسەر ڕووبکەین، هەندێکیشیان پارچە تەنەکەیان بەدەستەوە بوو بۆ ئەوەی خواردنی لەسەر ڕوو بکەین، خۆزیا ئەم دیمەنە جەرگبڕ و تراژیدیانە سیناریۆی بۆ دادەنراو نمایش دەکرا.

سەرەتا کرێت بۆ هەر خێزانێک تەنیا یەک دەوە خاکەناس برنجی بۆ ڕۆ دەکردن، منیش ١-٢ کەوچک شلەم بەسەر برنجەکەدا دەکرد، سەربازێکی دیکەش بۆ هەر خێزانێک ٣-٤ سەموون و ناوە سەمموونی دەدانێ، سەیرم کرد سەموونەکانیان هەڵدەگرت و نەیان دەخوارد، دوای ئەوەی تەواو بووین تەنکییەک ئاو لە ناوەڕاستی سەربازگەکەدا دانرابوو، هەر بابابوو لەم ئاوەی دەخواردەوە، هی وا هەبوو قوتووی ئاوی تەماتە و قوتووە شیری دەست کەوتبوو ئاوی تێدەکرد و بۆ دایکیان دەبرد.

دیاربوو حکوومەت وەک ئەسیری جەنگ هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکردن.

ماوەی دوو هەفتەی بەسەرچوو کە من هاوبەشیم لەخواردن پێدانیان کرد، هەر ئێوارەی نێوان خۆرئاوا و خەوتنیان، دوو ئۆتۆمبێلی سەوزی سپی پاتی درێژی زیندانیان کە تەنیا ڕۆچنێکی لەدواوە بوو دەهات و دەهاتە ناو سەربازگەکە لەگەڵ ژمارەیەک هەواڵگری ڕژێم، ژمارەیەک ژن و منداڵیان بە خورتی دەخستە ناو ئەم ئۆتۆمبێلە زیندانیانە، دەتگوت دەیانزانی بۆ لەناوبردنیان دەبەن، دەبووە زیڕ و هۆڕ و گریانێک دەنگی دەدایەوە، کە لە زوورگەکانی شیرناو و سەربازگەی فەیلەق دەنگی گریان دەگەیشتە شارۆچکەی دووبز، چەند ڕۆژێکی پێ چوو هەموویانیان بەم جۆرە برد، کرێت دەیگوت ڕۆژانە ناویان بۆ گواستنەوەیان دەنووسرێت، ئەوانەی کە نۆرەیان بۆ گواستنەوە دەهات ئەو ڕۆژە زۆر بێ زەوق و نانیشیان وەک جاران پێ نەدەخورا. نازانم ئەوانەیان بەرەو کوێ برد و چییان لێ کردن؟ برادەرێکم کە دانیشتووی دووبز بوو، بە گوێیدا چرپاندم کە دوو کەس بەدزییەوە لە دواوەی سەربازگەکە چەند جارێک لەسیم و تەلبەندەکە ئاودیو بوونە و جل و خواردنیان بۆ بردوون، بەڵام نەیدەوێرا ناوی ئەم دوو کەسە بێنێت.

**بیرەوەرییەکانم دوای ڕزگاربوون**

لە ڕۆژانی سەرەتای ڕزگاربوون گەیشتمە دووبز و چوومە ماڵی خزمێکمان بەناوی ئەسعەد کە ئەمڕۆ ماڵی لەگەڕەکی هەوارە بەرزەی دووبزە، کە خۆی سەرەتا دوای ڕزگاربوون خانووی لێ دروست کرد.

لەگەڵ ئەسعەددا بەناو دووبز و دەوروبەریدا دەسووڕاینەوە، هەڵلایەک بوو کەس بەکەس نەبوو،

عـارەبی هاوردە و پیـاو خراپ هەر بابا بوو هەڵدەهات، هەندێک لەو خێزانە عارەبانەی کە خانووی کوردانیان لە عەرەبی هاوردە، یان لە عەرەبی پێری ڕژێم کڕیبووەوە و هەرمابوون، خاوەنە ڕەسەنەکەی لە هەولێر و سلێمانییەوە دەگەیشتنە سەریان و دەبووە لێدان و کوتان و بە زۆر ئەم خێزانە عارەبانەیان لە خانووەکانیان دەردەکردن، هەروەها سەربازگەی فەیلەق و بارەگای سەرەکی سەرۆکی فەیلەق کـە لە بەرزاییـەک بوو، ئەمـڕۆ بووەتە گـەڕەکی هەوارە بەرزە، بە بەردەوامی تالان دەکرا.

دووەمین جـاریش لە ڕۆژی ٢٠٠٣/٩/١٤ چوومـە دووبز و مـاڵی خزمـەکـەم، کە لەگـەڵ مـاڵێکی دیکە لە خانوویەکی قوڕی (٧٥م) دابوون.

سـەرێکمـان لە خانووی سەرۆکی فـەیلەق دا کە ببـووە کـاولگە و بەشێکمـان دابڕی و دەرگـاو پەنجـەرەمـان لای ئاسنگەر بەرادان داو بۆ بەیانی دەسـتـمـان کـرد بە دیوارکردن، دیاربوو خەڵکەکە پێی سەیر بوو، دەیانگوت هەر ئەوەندە سەدام بگەڕێتەوە، بڕوام بە خزمـەکەم هێنا گـلـۆڵەی ڕژێم کـەوتە لێـژی و چی دیکە ناگـەڕێتـەوە، ئەسعەد بە ماوەی مانگێک خانووی تەواو کرد و مـاڵی بردە ناو خـانووەکـەی، کـە سـوودی لە ئاو و کـارەبای سەرۆکی فەیلەق وەرگرت، ناویشمان لێنا گەڕەکی هەوارە بەرزە.

ساڵێک دواتر لە ٢٠٠٣/٦/٨ چوومەوە دووبز سەیرم کرد گەڕەکی هەوارە بەرزە بووەتە بیست ماڵ و هەر بابایە خانوو دروست دەکات و ئەمڕۆکەش ژمارەی ماڵەکانی لە ١٠٠٠ ماڵ تێپەڕی کردووە و ناوەکەشی بەناوی هەوارە بەرزە لە قائیمقامیەت بڕیاری لەسەر دراوە.

شـارۆچکەی دووبز تا سـاڵی ١٩٦٣ و پەلامـاردانی حەرەس قـەومی بۆ ناوچەکە و تالانکردنی گـوندەکـان و کـوشتن و زیندانی کـردنی سـەدان جووتیـاری گـوندەکـانی دەوروبەر و بەردەوام بوونیـان لە بەعـەرەب کـردنی گـوندەکـان و هەردوو شـارۆچکەی پردێ و دووبز، پردێ ناوەندێکی گـرنگی بازرگـانی و کـشـتـوکـاڵ و پیـشـەی دەسـتی بووە، ڕۆژانە بەسەدان جووتیـار بە کـەر و بارەوە بەرهەمی مـەڕ و مـاڵات و دانەوێڵـەیان دەگـەیاندە ناو شارۆچکەی پردێ، سەرەڕای کار واتای چیانشینەکان و هاوردنی مـیـوەجـات و تووتن و گـوێز و مـێـوژ بۆ پردێ و کڕینی شەکر و چاو قوماش و کەلوپەلی پێویست و کڕینی



**شوێنەوارێکی دێرین لە گوندی پەلکانە**

کـورتان و جـەنجـەڕ و داس و قـەرانـگ و ناڵ کـردنی وڵاخـەکـانیـان و لەخم دانی جلوبەرگـەکـانیـان، هەروەها عـەرەبیش لە ناوچەکانی ناوەڕاستی عیـراقەوە دەهاتن و دانەوێڵە و پێستەو خوری و گوێز و مێوژیان دەکڕی و بە کەڵەک بە ڕووباری گچکەدا دەیانبردنەوە.

زۆرجاریش کاروانی خۆشناوان دەگەیشتنە شارۆچکەی دووبز، هەروەها دانیشتوانی پردێ، بێجگە لە ئاشەوانی و دوکانداری و پیشەکانیان کە چەندین جۆرە شتیان دروست دەکرد لە قاپقاپە و زەمبیل و حەسیر و چەندین جۆرە کەلوپەلی ناوماڵ، ئاژەڵیشیان لە گوندەکان دەکڕی و لە پردێ دەیانفرۆشتەوە.

بە داخەوە دوای ساڵ ١٩٦٣ پردێ ئەو بەهایەی نەماو خانەکەی کە هەمیشە جمەی دەهات لە گوندیان، ئەمڕۆ بووەتە گۆڕەپانی غاز فرۆشتن و نە ناڵبەندی ماوە و نە ئاسنگەری و نە کورتان دروو، خۆزیا خانەکەیان چاک دەکردەوە و ناڵبەندێکیان دەهێنا ناوی و خمچی و کورتان درووشیان دەهێنا پردێ و دەیانتوانی نمایشی ئەوکاتی بکەن، خۆشبەختانە خانووە کۆنەکانیش ماون.

**پەراوێزەکان:**

* شارۆچکەی دووبز مەڵبەندی شارۆچکەیە (١٠کم) لە ڕۆژئاوای پردێ لەسەر زێی گچکە هەڵکەوتووە، دوو شارە دێی پردێ و سەرگەڕانی کەوتووەتە سەر لە ١٣٢ گوند پێکدێت، بەر لە ساڵی ١٩٦٣ تەنیا لەو ١٣٢ گوندەی ٣-٤ گوندی عەرەبنیشینی بووە، هەرچەندە ئەو کاتی هێشتا ڕۆژئاوای کەندێناوە و قەراجی نەکەوتبووە سەری کە مەڵبەندەکەی شارەدێی سەرگەڕانە، لە دوای

ساڵی ١٩٨٧، تەنانەت یەک گوندی کوردنشین نەمابوو، هەر هەمووی بە عەرەب کرا، هەرچەندە دوای ئازادبوونی عیراق زۆر لەم گوندانە بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاری نەگەڕاونەتەوە بەشێک لە گوندە بەعەرەب کراوەکانیش لە باشوور و باشووری ڕۆژئاوای دووبز هەر ماون لەوانە باجوان و خرابە ڕووتە.

* دووبز (دوو+ بز =لقی ڕووبار) کاتی خۆی لە کونە کۆتر زێی گچکە دەبوەوە دوو لق، گۆمەکە و شەتی گەورە. دووریش نییە لە (دبسی)ی ئارامی بەواتای ڕووبار هاتبێت.

* حەویجە ناوی جۆرە گیایەکە بە زمانی کوردی، کە لەناوچەکە دەڕوێت.

* سەعید قەزاز-ی وەزیری ناوەخۆ زۆر خەمی ناوچەی دووبزی بووە نەوەک بە دەردی حەویجە بچێت، بۆیە لە ساڵی ١٩٥٠ بەهۆی پردێکەوە دووبزی بەکەندێناوە بەستووەتەوە و لە ساڵی ١٩٥١ پردەکە تەواو بوو، خۆی داوی کردنەوەی پچڕاند و ژمارەیەکی زۆری دانیشتووی کەندێناوە هاتنە دووبز و لەوێ نیشتەجێ بوون.

* بەر لەوەی شارەدێی مەلحە ببێتە شارۆچکەی حەویجە مەڵبەندی شارەدێی لە (مەلحە) بۆ گوندی (تەل عەلی) گوێزرایەوە کە بەشێک لە دانیشتوانەکەی کورد بوون کە تا ئەمڕۆ هەندێکیان ماون.

* لە ساڵی ١٩٤٨ لە پێدەشتی دووبز شارەدێیەکیان بەناوی مەلحە دروست کرد، دواتر لە ساڵی ١٩٦٢ شارەدێی مەلحە بە حەویجە گۆڕاو بوو بە ناوەندی شارۆچکەی پێدەشتی دووبز.

* لە ساڵی ١٩٤٦ ئینگلیزەکان قوتابخانەیەکیان بەناوی خەزرەج کردەوە.

* لە شەڕی شوعەیبە لە ساڵی ١٩١٤ ژمارەیەک لە دانیشتوانی دووبز بەشدارییان کرد.

* بنەماڵەی ئەلبوسحاق-ی عەرەب بە یارمەتی شێخ و پیاوماقووڵانی کورد لە گوندی سابوونچی نێوان دووبز و کەرکووک نیشتەجێ بوون.

* لە ساڵی ١٩٦٣ گەورەترین زیان بە شارەدێی دووبزو گوندەکانی کەوت و (١٥) گوندیشیان بە تەواوەتی سووتێنران و ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانەکەشیان ڕاپێچی زیندانی موسەیەب و ئەبو غرێب و حەبانییە کران و ژمارەیەک گوندیش بە عەرەب کران.

* لە ساڵی ١٩٧٤- ١٩٧٥ قۆناغی دووەمی بە عەرەب کردن لەم قەزایە دەستی پێکرد، هەر خێزانێک، یان بنەماڵەیەکی کورد تەنانەت یەک کەسیان پێوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە هەبووبێت، ئەوە دەرکراوە و دەستیش بەسەرخانوو و زەوی کشتوکاڵی و دوکانەکانیاندا دەگرت، هەروەها زۆربەی کرێکار و فەرمانبەری کوردیان بۆ هەولێر گواستەوە و بەردەوامیش شارۆچکەی دووبز و گوندەکانی بە عەرەب دەکران.

* کەندو گردۆڵکەکانی خەزرەج لە باشووری ڕۆژهەڵاتی دووبز هەڵکەوتووە، ناوچەیەکی گێچەرانە، تا ساڵانی سی و چلەکانیش بە ڕێگەی سووتاندن دانیشتوانی ناوچەکە گەچیان بەرهەم دەهێناو دواتریش کارگەی گەچی لێ دامەزرا، تاکو ئەمڕۆش شوێنەواریان ماوە، هەروەها شوێنەواری نیشتەجێ بوونیش دەبینرێت، لەوانە پاشماوەی خانووبەرەیەک بەناوی خانووی وەیسی. لە ڕۆژئاوای کەرکووکیش شوێنەواری خانووبەرە هەبووە بەناوی بابا وەیس.

* دووبز سەرەتا لەلایەن شێخ سەعید ساڵەیی، کە دانیشتووی قەرە دەرەیە خانوویەک و مزگەوتێکی تێدا دروست کرد و دواتر چوار ماڵی قەرەدەرە هاتنە گوندەکەو شێخ سەعیدیش لە ساڵی ١٩٠٠ کۆچی دوایی دەکات و لە گورستانی قەرەدەرە بە خاک دەسپێردرێت، لقەکانی زێی گچکە لە کونە کۆترەوە دروست بووە، بەشی سەرەوەی پێی وتراوە گۆمەکە کە نەورابیەکە و ڕێڕەوی ئەمڕۆی زێیەکەش پێی گوتراوە شەتی گەورە، دواتر بەهۆی ئاوماڵک و قوڕ و لیتەوە بەشی گۆمەکە دادەخرێت و وەک دارستان وایە بۆ سەیرانگاشیاوە، ئەگەر دیزاینی بۆ بکرێت. لە ساڵی ١٩٦١ بەنداوی دووبز دروستکراو لە ١٩٨١ پرۆژەی ئاودێری حەویجەی لێ هەڵبەسترا، کە بەشێکی بۆ حەویجە دەچوو، بەشەکەی دیکەی بۆ دووزخورماتوو و شاری کەرکووک دەڕۆیشت.

* ناوی جوگرافی لە کوردستان زۆر دووبارە و سێ بارە و زیاتریش دەبێتەوە وەک ناوی تۆبزاوە، سێ چیا بەناوی قەندیل یەکێکیان لە سەرحەدی کوردستانی باکوورە، ناوی شاری هەولێر و گرد هەولێری قەڵادزەو (سخکێ)ی سەرحەدێ و سحکێ گورجستان کە ناوچەیەکی کوردنشین بووە لەسەر سنووری تورکیا، کە لە ساڵی ١٩٤٤

دانیشـتوانەکەی بۆ ئاسیـای ناوین گـوێزرانەوە چەندین ناوی شـۆش و سـوس لە کـوردسـتـان دەبینرێت لەوانە (شـۆش)ی خوزسـتـان، (شۆش)ی کـوردسـتـانی سووری قـەفـقـاس و (شـۆش)ی ئاکرێ. هەروەها ناوی سـوس، سـوسێ، سـوسنا، سـوسناوە لە هەمـوو کـوردسـتـان دەبینرێت، هەروەها ناوی شارەدێی مـەلـحـەی حـەویجە و گوند و شاخی مـەلـحـە (مـەملەحـە)ی سـەنگاو دووریش نییە لە (ملح)ی عەرەبی نەهاتبێت و وشەکە کوردی بێت و سوابێت، هەروەها حەویجەی کەرکووک و حەویجگەی گوێڕ هەمان ناون و دووبز و دووبزنی و چەمەدووبز هەمان واتا دەگـەیەنن، هەروەها بە دەیان و بە سـەدان ناوی جوگرافی لە کـوردسـتـان دووبارە و دەیان بارە دەبێـتەوە، مرۆڤ دەبێت ئەو ناوە ڕەسەنانە بپارێزێت و نەیگۆڕێت، بۆ نموونە لە سـالّـی ٢٠١١ شـوێنەوارێکی دێرین لە گـردمـەند-ی نزیک گـوندی حـەسـارۆکـانی ڕۆژهەلاّتی هەولێـر دۆزرایەوە، یەکـێـک بەناوی نادر بە بەرنامـەی (زوم ئینی) ڕاگەیاند، بەڕێوەبەری شوێنەواری هەولێریش ناوی ئەو گـردەی بەناوی گـرد نادر ناولێناوە گـوتی هەر کەسێک شوێنەوارێکی دێرین بدۆزێتەوە شوێنەوارەکە بەناوی ئەو ناودێر دەکەین. هەڵبەت ئەمەش پێچەوانەی یاسـای شـوێنەواری دێرینە. ناوی مـەند و مـەنداوە لە کـوردسـتـان زۆر دەبینرێت، لەوانە گـوندی مـەندانی بنار چیای مەقلووبە و دەرەمەندی سێکانیانی کۆیە.

* بازاڕەکـەی دووبز/ لەناوەڕاستی بیسـتـەکـان نان و مـاست و بابۆڵەی لێ دەفـرۆشـراو دواتر چایخـانەی لێ کـرایەوە و بەرە بەرە دوکـانی لێ دروست کـرا تا بـوو بەم بازاڕەی ئەمڕۆ.

* دانیشـتوانی دووبز بە نهێنی یارمەتی ژن و منداڵە بەناو ئەنفالەکانی گەرمیـانیان دەداو بەشە خواردنیـان بۆ دەبردن، یەکـێکیش بەناوی حـەسـەن یارمـەتی داون لە بەخاک سپاردنی مردووەکانیان لەگۆڕستانی دووبز.

* گـەورەترین هۆزی دووبز و پردێ هۆزی سـالّەییـە، بەلاّم لەناو شارۆچکەی پردێ، بێجگە لە تورکـمـانەکـان چەند بنەمـالّەیەک لە هۆزانی دیکەی کـورد هەنە دوو بنەمـالّە لە هۆزی لەک، بنەمـالّەیەکی پالاّنی، چۆخـە ڕەشی، باڵەکی، شکاک، سـیـان و مـامـەسێنی و شـێخ بزێنی و شوان و هی دیکە.

* هۆزانی کـــوردی نـاوچەی دووبز بریـتـی بوون لە: سـالّەیی، شـێخ بزێنی، شـوان، چۆلّـمـەک، داودی، هورمـزیار، سـیـان، چۆخـەڕەشی، بلّـبـاس، سـیـان، مـامەسێنی، بندیان،..تاد مام نادر دەڵێت: لە سەرەتای چلەکان دوو سەرەک هۆزی عارەبان لە حەویجە نیشتەجێ بـوون، هەر ٣-٤ مـالّە عـەرەبێک بە قـەدەر گـوندێک زەوی و زاری دەدانێ و گوندیان دروست دەکرد.

* لەدوای سالّی ١٩٧٠ کـوردی دەرکراوی حـەویجـە و دووبز گەڕانەوە، بەلاّم قبووڵ نەکرا بچنەوە گوندەکانیان و لە دووبزیش کۆمەڵگەیەکیان لەقەرەدەرە بۆ دروست کـردن کە هیچ خزمەتگوزارییەکی لێ نەبوو، بۆیە هەر تەنیا ٢٠ مالّی لێ تێدا نیشتـەجێ بوون، دواتر ئەوانیش بەجێیـان هێشت، هەروەها بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان لێ کرایەوە، حکومەت هەستی بە زۆر بوونی ژمارەی کورد کرد لەم شارۆچکەیە، بۆیە زۆر بە خێـرایی زەوی دابەشی سەر عەرەبان کرد و ڕێ خۆشکەری کرد بۆ ئەوەی ژمارەی عەرەب زۆر بە خێرایی لە حەویجە زیاد بکات.

* گـوندە کـوردنشـینەکـانی حـەویجـە بەر لە بە عـەرەب کردن بریتی بوون لە شۆڕیجە (حەویجە)، سابیـر بەگ، مـەتـارە بابۆجـان، تەپە کـوڕە، عـەزەبۆز، هەواری ئۆرمزیاران (هورمز).

* شـارەدێیـەکـانی دوای سـالّی ١٩٦٢، واتە دوای ئەوەی حـەویجە بوو بە شارۆچکە سێ شارەدێی دروست کراو خرایە سەر حەویجە: شارەدێی ڕیاز، شارەدێی زاب، لە دوای ئەمانیش شارەدێی عەباسی دروست کرا.

* لەو سـالاّنەی کـە خـانووەکـانیـان لەلایەن عـەرەبی هاوردەوە داگیـرکـرابوو، تا سـالّی ٢٠٠٣ و ئازادبوونی عیـراق لە خانووەکان نەچووبوونە دەرەوە، خانووی حاجی مـحـەمـەد و خـانووی حـەیدەر قـادری بوو، بەشـەڕ لە خانوویان دەرکردن.

* وەستا حەمەی شکاک وەستایەکی زۆر کارامە بووە لە پردێ کـاتی خـۆی لە سـالّی (١٩١٦- ١٩١٧) لە کوردستانی باکوورەوە کەوتبووە پردێ و چەندین پیشـەی دەسـتـی دەزانی، بە تایبـەتی دروست کـردنی دەرگـاو پەنجەرەی دار، تاکو ئەمڕۆ دەرگا دارەکەی ئاشی نامیق هەر ماوە.

* دوای ئازادبوونی عیـراق لە پردێ سێ گـەڕەک زیاد بوو گەڕەکی یەکەم گەڕەکی ئازادی، کاتی خۆی هەمووی عەرەب بوو، خانووەکانیان لە قوڕ دروست کرابوو لەگەڵ

ڕاپەڕین هەڵاتن، ئەمڕۆ ٩٩٪ تێکی داوە و نۆژەنی کردووەتەوە و ناویان لێناوە گەڕەکی ئازادی، دواتر گەڕەکی قەرە دەرە و گەڕەکی ڕزگاریش دروست کرا.

لەم ماوەیەدا زەوی بەسەر ئەو کەسانەی ماددەی ١٤٠ دەیانگرێتەوە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەکە لە (وشکە خڕ) دابەش دەکرێ و گەڕەکێکی دیکە زیاد دەبێت.

* عزەت دووری مامزێکی زۆری لە داستانی شەنەغە بۆ بەخێو دەکرا، خۆشی جار جارە سەری لێ دەدان، جارێک لە جاران، لە ناوەڕاستی هەشتاکان، لە ڕێگەکەی لادەداتە گوندێکی عەرەب نشینی نێوان حەویجە و دووبز کە (٥-٦) ماڵە کوردی تێدا بوو، جووتیارێک دەبینێت و وە دەزانێت ماندوو نەبوون دەڵێت لە چ هۆزێکی؟ جووتیارەکەش دەڵێت من کوردم؟ عزەت دووری دەڵێت: کورد چی دەکا لێرە؟ جووتیارەکە دەڵێت موڵک و ماڵم لێرەیە، ئەمەش زەوی خۆمە کاری تێدا دەکەم. عزەت دووری زۆر بە تووڕەیی سەیری دەوروبەری دەکات و بە تووڕەیی بەجێی دێڵێت.

* لە ساڵی ١٩٦٣ کە حەرەس قەومی ناوچەکەیان تاڵان کرد، مەڕی حاجی تایەر ناوێکیان بە شوانەوە تاڵان کرد، ماوەی چوار ڕۆژان چاوی شوانەکە بەسترا بووەوە، جار جارە تفەنگێکیان لەبن گوێی دەتەقاند، زیاتر لە کاتی ئاو خواردنەوە و نان خواردن بووە، دوای چوار ڕۆژان شوانەکە بە تەواوی هوڕ دەبێت و وەک شێتانی لێ دێت، ئینجا فڕێی دەدەنەوە ناو دووبز و دوای ماوەیەک دێتەوە سەرخۆی و چۆنیەتی هەڵسوکەوتی عەرەبە تاڵانچییەکان ڕوون دەکاتەوە.

* تاکو ئەمڕۆ پاشماوەی چێشتخانەکەی ئینگلیزەکان هەر ماوە کە (کانترین)یان پێ دەگوت.

**سەرچاوەکان:**

**١- دووبز: شارە دزراوەکەم ئا: نیگار ئەحمەد ساڵەیی، گۆڤاری گوڵان ژ(٣٨-٢٠٠٢/٩/٥.**

**٢- حەویجە خاکی زەوت کراوی داوێن حەمرین/ ئەحمەد ڕەحیم ئەمین/ هاواری کەرکوک ژ(٤) ١٩٩٩.**

**٣- دووبز/ ئا: عەبدولستار جەباری/ گۆڤاری مێرگ، ژ(٥٦)، ٢٠١٠.**

**٤- مێژووی بە عەرەب کردنی حەویجە/ عەبدولستار جەباری/ گۆڤاری مێرگ، ژ(٦٩)، ٢٠١١.**

**٥- بەنداوی دووبز، عەبدولستار جەباری گۆڤاری مێرگ، ژ(٥٧)، ٢٠١٠.**

**٦- دوبز شارێکی دەوڵەمەند خاکێکی بە پیت/ ڕاپۆرت؛ عەباس سلێمان سمایل/ ڕۆژنامەی خەبات/ ژ (٢٠٣٨)-٢٠٠٥/١/٢٦.**

**٧- حەویجە لە سەدەیەکدا/ عەباس سلێمان سمایل، ڕۆژنامەی دەنگی میللەت، ژ(١١٠) ٢٠٠١/١١/٢٠.**

**٨- مێژووی شارۆچکەی دووبز/ عەباس سلێمان سمایل/ ڕۆژنامەی دەنگی میللەت/ ژ(٩٣)، ٢٠٠١/٣/١.**

**چاوپێکەوتنەکان**

**١- مام یاسین ئەحمەد هورمزیار گەڕەکی تەپە/ کەرکوک.**

**٢- مام سەلیم محەمەد بایز گوندی باجوان/ کەرکوک.**

**٣- مام نادر شێخ بزێنی/ کەرکوک.**

**٤- ئەسعەد سەعید- دووبز- گەڕەکی هەوارە بەرزە.**

# ئەنفال و سینەما
# لە کوێ دەبنە دوانە، لە کوێ جیا دەبنەوە؟

کەریۆک

بێ گومان قسەکردن لەسەر ئەنفال جۆرێک لە پسپۆڕی و ئاگـــایی دەوێت، بۆ ئەوەی لەو گــوزەراوە بتــوانین بە گشـتگیـری قسـە لەسـەر جینۆسـاید و ئەنفـال، یان هەر بابەتێکی دیکە بکەین، بە تایبەت کە ئەنفال پرۆسەیەکی سـەراپاگـیـر و فـرەڕەهەند بوو بۆ قـڕکـردن و لەناوبردن و سـڕینەوەی مـیللەتێکی بندەست، کـارەسـاتێکە لەناو ویژدانی ئێــمـە و لەناو ویژدانی مـرۆڤـایەتی زیندووە و نامرێت.

ئەمرۆ ئەنفال بووەتە شوناس، هەم بۆ توێژینەوە لەمەڕ بەعـسناسی و ئـاسـتی سـتـەمکاری، هەم بۆ ناسـینەوەی مـێــژووی چەوسـاندنەوە لەم ناوچەیەی پێی دەگــوترێت عیراق.

کـاری ئێـمـە قسـەکردنە لەسەر ئەنفـال کـە چۆن و بە چ ئاسـتـێک لەنێـو ئەدەب و هونەری کـوردی (بـە تایبـەتی سـینەمـا) بەرجـەسـتـە بـووەتەوە؟ یان لەناو کـام کـایەی هونەریدا زۆرتر بووەتە مـایەی هەڵوەسـتەکردن. ئایا هونەر و ئەدەبی ئێــمـە کـەی دەتوانێ لە ئاست گـەورەیی ئەم کارەساتەدا شاکاری گەورە بخولقێنێ..؟! ئایا کارکردنی هەردوو کـایەی ئەدەب و هونەر لەسـەر پرسی ئەنفـال لە ئاسـتی پێـویسـتـدایە؟ دەشێت بپرسین ئەنفـال لە ڕێی زمانی هونەرەوە لە لۆکال دەرچووە و گەیشتووەتە دەرەوەی خۆمان؟

بێ گـومان لەو ساتەی پرۆسەی ئەنفـال بە شـێـوەیەکی بەرنـامـە بۆ داڕێژراو دەسـتـی پێکرد و بەعس دەسـەڵاتی بەسـەر هەمـوو کونجێکی ئەم ژیانەدا کێشـابوو، لە هەمـان کاتدا ئەگەر بە لاوازی و پچڕ پچڕیش بووبێت، نووسەران و ڕووناکبیـرانی کورد لە نووسینەکـانیـاندا ئاماژەیان بەو تاوانانە داوە، لە نێـو چامـەی شـیـعـری و تێکسـتـە

شانۆییەکاندا ئەوە بەرجەستە کراوە، ئەگەرچی ئەو ئاماژە پێدانە لە ڕێی بەکارهێنانی زمانی سیمبولەوە بووە و ڕەنگە ئەمەش لە ئاستی گەورەیی ئەو کارەساتە و ناسینی کارەساتەکەدا نەبووبێت، من پێم وایە لەبەر فراوانی و قەبارەی کارەساتەکە تا پەنجا ساڵی تریش نەتوانین ئەنفال لەناو پرۆژەی هونەری و سینەمادا تەواو بەرجەستە بکەینەوە، چونکە خودی بزاڤی هونەری سینەما لە کوردستان هێشتا لە قۆناغی بەرکەماڵ و جێگیر بووندایە".

دەبێ ئێمە ئەوە بزانین کە تەمەنی سینەما لە دنیادا هێشتا سەد و هەژدە ساڵی تێپەڕ نەکردووە، لە کوردستانیش هێشتا ئەو هونەرە لە دەسپێکی هەنگاونانیدایە، هێشتا ئەو ڕەوتە ناجێگیرە و لە هەڵکشان و داکشانی بەردەوامدایە، بە بەراورد بە لایەنەکانی ئەدەب و هونەر و مەعریفە، سینەما چ لە ئاستی ناوخۆ و چ لە ئاستی دنیا هونەرێکی زۆر تازەیە، بەڵام وەک دەبینین بەخێراییەکی سەرنجڕاکێش جێگای خۆی کردەوە، ئەمەش بەهۆی فراوانی و ڕاستەوخۆیی ئەو کاریگەرییەی لەسەر بینەر دروستی دەکات، بێ جیاوازی زمان و ڕەگەز و تێگەیشتن، چونکە سینەما هونەری لاڵ و بێ دەنگانە، هونەری هەموو گەلان و هەموو ئاستەکانە، تەنیا ئەوەی بتوانێ ببینێ لێی تێدەگا، لە منداڵێکەوە تا مرۆڤێکی پێگەیشتوو، واتا سینەما هونەرێکە سروشتێکی جیهانی و گەردوونگەرایی هەیە، کە بەداخەوە ئەم هونەرە مەزنە لەناو ئێمەدا بەهای خۆی پێ نەدراوە، چ لەناو ڕەوتی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی، چ لەناو ڕەوتی سیاسی، تەواو نەناسراوە و جێکەوتە نەبووە، هێشتا بۆشاییەکی گەورە لە نێوان خەڵک و سینەمادا هەیە، هێشتا نەبووەتە پرۆژەیەکی ژیاری و بەشێک لە کولتووری خەڵک، واتە هونەرێک لە بنەڕەتدا خۆی نەگرتبێت و نەیتوانیبێ لەسەر پێی خۆی بوەستێ، بۆ نێو فەرهەنگ و ڕەوشتی تاکەکان شۆڕ نەبووبێتەوە، هەڵبەتە چۆن دەتوانێ کێشە گەورەکانی کۆمەڵگە بە کێشەی ئەنفالیشەوە لەخۆ بگرێت؟! چۆن دەتوانێ لەئاست کارەسات و کێشە گەورەکان شاکاری گەورە بەرهەم بێنێ، سەرەتا دەبێت سینەما باڵا بکات و حکوومەت تێبگەیەنین کە دیدێکی ڕۆشنی بۆ سینەما هەبێت و وەک ئامراز و کایەیەکی گرنگ سەیری بکات،



ڕاستتر باوەڕی بە سینەما هەبێت کە خاوەنی گوزارشتیکی جیهانییە، ئەوسا سینەما ڕۆڵی خۆی لە سەرخانی کۆمەڵایەتی دەگێڕێت و دەتوانین کێشە گەورەکانی خۆمانی پێدا هەڵواسین، ئەمەش مانای ڕەشبینی نییە، چونکە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا هەوڵێکی زۆر هەیە بۆ دروست کردنی فیلمی پایەبەرز و ئێستاش چەندین فیلمی گرنگی سینەمایی هەیە کە شایانی ئاماژە پێدانن، بەداخەوە فیلمی کوردی لە ئاستی ناوخۆ کەس نایناسێ، بەتوێژی ڕووناکبیران و سیاسیەکانیشەوە..! بەڵام لە ئاستی دەرەوە خاوەن سەنگ و پێگەی خۆیەتی و ساڵانە فیلمسازان لە فیستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکاندا خەڵاتی گرنگ وەدەست دێنن، ئەوە بێجگە لە چەندین کورتە فیلم و فیلمی دۆکیومێنتاری کە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا دروست کراون، بەڵام ئایا لەناو فیلمەکاندا تا چەند پرسی ئەنفال ئامادەیی هەیە؟ کە ئەمە تەوەرەی سەرەکی نووسینەکەی ئێمەیە.

ڕەنگە لێرە و لەوێ ئەنفال بووبێتە بابەتی فیلمسازانی کورد و هەمیشە فیلمسازی کورد بیر لەوە دەکاتەوە کە لە ئاست گەورەیی ئەم تاوانەدا بێت و دەتوانین ئاماژە بە چەندین کاری هونەری بدەین کە لەسەر ئەنفال و بەرەنجامەکانی دروست کراون، بەڵام ئێمە لێرەدا سرنج لەسەر دوو فیلمی کوردی خەست دەکەینەوە، ئەوانیش فیلمی بلندی فیکشنی "سرتە لەگەڵ با"ی هونەرمەند (شەهرام عەلیدی)یە، کە لە ڕوانگەیەکی شاعیرانە و گێڕانەوەیەکی هونەرییانەی چیرۆکی ئەنفال دەگێڕێتەوە،

لەم فیلمەدا نە دڵۆپێک خوێن دەڕژێ و نە شۆفڵ و حەفارەی تێدا بەکارهاتووە، بەڵام ئەنفال دەبینی..! گوندەکان دەبینی کە چۆن خاپوورکراون، هەست بە تاوانکارییەکی گەورە دەکەی دەرهەق بەو میللەتە کراوە، لەناو ئەم فیلمەدا ئەنفال بە شێوەیەکی هونەری باش بەرجەستە کراوە، دەرهێنەر بە پشتبەستن بەو بەڵگە و دۆکیومێنتانەی کە لەسەر ئەنفال هەیە خەیاڵی خۆی ئاراستە کردووە، هەر بۆیە توانی لە شەست و دووەمین خولی فیستیڤاڵی (کان)دا سێ خەڵاتی بەشی ڕەخنەگرانی ئەو فیستیڤاڵە بەدەست بێنێ، لەو فیلمەدا لەوە تێدەگەین کە دەبێت هونەرمەند کاتێک لەسەر مەسەلە گرنگەکانی کۆمەڵگەکەی ئیش دەکات، دەبێت چەند هەستیار بێت، هەم لە ئاستی کارەساتەکە کەم نەکاتەوە، هەم لایەنی هونەری و جوانکاری و خەیاڵ و ئەفراندن لە دەست نەدات.

فیلمی دووەم "هەموو دایکانی من"ی هونەرمەندان (ئیبراهیم سەعیدی و زەهاوی سنجاوی)یە کە فیلمێکی دۆکیومێنتارییە و باس لە ئەنفالی بارزانییەکان دەکات، ئەویش بە شێوەیەکی هونەری و ئومێدبەخش دروست کراوە، یەکێکە لەو فیلمە دۆکیومێنتارییانەی کە پێشتر نەخشە و پلانی بۆ دارێژراوە و هەرەمەکی کاری لەسەر نەکراوە، لەم فیلمەدا هەم ئەنفال دەبینین، هەم هونەر، هەر بۆیەش بەیارمەتی بەرپرسان لە کۆشکی پەرلەمانی سوێد و چەند شوێنێکی گرنگ هاتە نیشاندان و لە ناوخۆش بووە مایەی ڕەزامەندی، ئەگەرچی ئەم فیلمە دۆکیومێنتارییە، بەڵام دید و جیهانبینیی دەرهێنەر و ویست و مەبەستی پرۆژەکە بەسەر کارەکەوە دیارە.

لە تەک ئاماژەدان بەو دوو فیلمە و چەندین فیلمی دیکەی وەک عەلی کیمیایی (جانۆ ڕۆژبەیانی) و هەزار و یەک سێوی (تەها کەریمی)، کە لەسەر پرسە هەمەجۆرەکانی ئەنفال دروست کراون.

لە بواری ئەدەبیشدا دەقی جوان بەرچاو دەکەوێت، کە لە گۆشەنیگای جیاوازەوە لەو پرسە گرنگەیان ڕوانیوە، لێرەدا دەپرسین ئایا سینەماکاران توانیویانە لەسەر ئەو ڕۆمان و چیرۆک و تێکستە ئەدەبیانە کار بکەن کە لەسەر ئەنفال نووسراون؟! بێ گومان ئەدەب بە هەموو ژانرەکانییەوە زەخیرەیەکی گرنگە بۆ سینەما، دەتوانین بڵێین خۆراکی سینەما ئەدەبە، بەداخەوە زۆر کەم بابەتە ئەدەبییەکان بوونەتە سەرچاوە بۆ سینەما، بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەنێو ئەو تێکستانەدا خەیاڵ باڵا دەست نییە و بە شێوەیەکی سادە کار لەسەر بابەتی ئەنفال کراوە، مەبەست زیاتر ختووکەدانی هەستی خوێنەر بووە، بەشێکی تریش لە تێکستەکان خاڵییە لە وێنەی هونەری و بواری کارکردن نادات بۆ سینەما کە دەشێ وەک ئەدەب دەقێکی باش بێت، تێکستی تریش هەیە وەک (گۆڕستانی چراکان)ی مامۆستا شێرکۆ بێکەس، خۆ لەقەرەدانی توانایی دەوێت، سەرەڕای ئەوەی ڕۆمان لە سینەما نزیکترە تا شیعر. لەم نێوەدا نابێت ڕووناکبیری دیاری کورد (بەختیار عەلی)مان لە بیر بچێت کە لە بەشێک لە ڕۆمانەکانیدا کاری لەسەر ئەنفال کردووە، بە شێوەیەکی زۆر تایبەت و پڕ لە ئەفسوون، پڕ توانستی خەیاڵ و وێنەی شیعری، بە شێوەیەک لەکاتی خوێندنەوەدا وێنەکان دەبینی، بەختیار عەلی تاکە ڕۆماننووسی کوردە نووسینەکانی تەواو لە سینەماوە نزیکە، وەک من بزانم زۆر لە سینەماکارانی کورد بیر لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی دەکەنەوە، بەڵام بەداخەوە دوای ئەوەی بەشێک لە ڕۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان"ی کرا بە فیلم لەوە دەچێ ئەویش بەرانبەر فیلمسازانی کورد دڕدۆنگ بووبێت، چونکە فیلمەکە (شەوی حساب) لە دەرهێنانی حوسێن سێودین، نەک هەر حسابی بۆ ئەو هەستە پڕ فانتازییایەی ناو ڕۆمانەکەی نەکردبوو، بەڵکو بەشێوەیەکی زۆر ڕووکەشکارانە کاری لەسەر ئەو بەشەی ڕۆمانەکە کردبوو، لە گەڵیشیدا پرۆسەی ئەنفالی بەشێوەیەکی زۆر ناشیرین و کاریکاتێری خستبووەڕوو.

کارکردن لەسەر چیرۆکە کارەسات ئامێزەکانی ئەنفال و خستنەڕووی پرۆسەی کۆمەڵکوژی کورد لە ڕێگەی سینەماوە، ئاگایی و وریاییەکی زۆری دەوێت، چونکە ئیشی سینەما کۆپی کردنی واقیع و دووبارە گێڕانەوەی واقیع نییە، هەروەها ئیشی سینەما دووبارە نووسینەوەی مێژووش نییە، بەڵکو کاری ئەو بە بنەماگرتنی واقیع دروست کردنی واقیعێکی تازەیە لە ناو فیلمدا کە سەرنجی بینەر ببات و تامەزرۆی بێت، هەروەها بۆ مێژووش هەمان شتە، سینەماکار مێژوو نانووسێتەوە، بەڵکو میژوو دروست دەکات.

بەرجەستەکردنی خودی واقیع و خودی مێژوو وەک

خۆی لە سینەمادا، کارێکە دوور دەبێت لەچێژی هونەری و بینین وەک ئەو هەوڵە شکست خـــواردووەی بەڕێز (جەلیل زەنگەنە) لە زنجیرە سێی گەردەلولدا هەنگاوی بۆ نا، بە جـۆرێک بەهای هەمـوو ئەو کـەسـایەتیـیـە سیاسییە دیارانەی ناو بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد کەوتە ژێر پرسیارەوە و ئەو وێنەیەی لە زەینی بینەر بەرانبەر ئەو کـەسـایەتیـیـانە هەبوو، تەواو ئاوەژوو بووەوە، چونکە کەسایەتی و ڕووداوەکـان لە نێو فیلم و لە نێو واقیعدا تەواو جیاوازن، مەرج نییە ڕووداوە ڕاستەقینەکان لە نێو فـیلمـدا سـەلیـقـە و چێـژی بینەر بەلای خـۆیاندا کـێش بکەن، زۆرجـار کـۆپی کـردنی ڕووداوە ڕاسـتـەقـینەکـانی ڕۆژانە لە سینەمادا کاریکاتێری دەکەوێتەوە، بە جۆرێک دەبێتە مایەی گاڵتەجاڕی، بە پێچەوانەوەش زۆر ڕووداو هەن ئاوێتــە بە خـەیاڵی دەرهێنەر لە نێــو پرۆژەیەکی هونەری سەرکەوتوودا زاخاو بەخەیاڵ و جیهانبینی، شێوە دەگرن و دەناسرێن.



واتە کـە هونەرمـەندێک فـیلمـێک لەسەر ئەنفال دروست دەکات، نابێت دووبارە کارەساتی ئەنفال بگێڕێتەوە و بە خـسـتنەڕووی کـارەساتەکە وەک خۆی ختووکەی هەستی بینەر بدات، کێ هەیە لە بەرانبـەر جـیـاکـردنەوەی منداڵێک لە دایکی و بێ بەزەییــانە فڕێدانە ناو ئیڤا دڵی نەیەتە لەرزین، سینەماکـار فۆتۆگرافـەر نییـە، ژیان وەک خۆی بگوێزێتەوە، شێـرەژنێکی گەرمیانیش کە لەئەنفال دەربازی بووە دەتوانێ هەموومان بهێنێتـە گریان، ئاسانە خەڵک بخـەیتـە گریان، بەڵام سەختە خەڵک بخەیتە بیرکردنەوە و ڕامان، سینەما دید و تێڕوانینە، پەیامە، جوانییـە کە دەرهێنەر دەزانێ چۆن ئەو پەیام و جوانییە ئاراستە دەکات.

بۆ نموونە کـاتێک فـیلمسـاز بیـەوێت فـیلمـێک لەسـەر کـارەسـاتی (داری خلە) دروست بـکات، کـە لە ئەنجـامی هەرەسی ئەشکەوتێکەوە، حـەوت پێـشـمـەرگە بۆ مـاوەی چەند ڕۆژان بێ داد و فـریاد لە ژێر ئەو ئەشکەوتە مانەوە تا یـەک یەک هەمـوویان مـردن، دەبێت لە گـۆشـەیەکی تایبـەتیـیـەوە باس لەو ڕووداوە بـکات، ڕەنگە بۆ بینەر لایەنی دەروونی ئەو حـەوت پێـشـمـەرگـەیە گرنگ بێت، گرنگە بزانرێ باری دەروونی ئەو پێشـمەرگانە چی بووە و لەو ساتەدا بیـریان لەچی کردووەتەوە، ئەوان بەر لە مـردن چۆن بیـریـان لە بەعس کـردووەتەوە، چۆن بیـریان لە کـورد کـردووەتەوە، چۆن لە مـەرگیـان ڕوانیوە کـە بەرەو پیـریان دێت، واتە فـیلمێک لە چرکەساتی بوونیان بەژێر خۆڵەوە هەتا چرکـەسـاتی باوەش کـردن بە مـەرگـدا، ئەو سـاتانە تەنیا خـەیاڵی هونەرمـەند دەتوانێ پەی پێ ببات و لەناو ئەو کایە گرنگەدا ئیش بکات، هونەرمـەند لەڕێی بۆچوون و خـەیاڵەوە دەچێتە نێـو ناخی ئەو حەوت پێـشـمەرگەیەوە کە لە واقیعدا هەر نەیبینیون.

هونەری سینـەمـا دوو ڕەگی هەیە، یەکـێکـیان ئەدەب بە شێـوەیەکی گشـتـی، ئەوی دیکەیش واقـیـع و ژیان خۆی، کـە دواجـار ئەدەبیش سـەرچاوەکـەی واقـیـعـە ئاوێتـە بە خـەیاڵی نووسـەر، کـە دەرهێنەرێک بیـەوێت فـیلمـێک لەســـەر پرسی ئەنفــال دروست بـکات، گـــرنگە چەند ڕۆمـانێک، یان چەند چیـرۆکـێکی لەبەر دەسـتـدا بێت، هەبوونی سـەرچاوە و توێژینەوە، کـۆکردنەوەی ئەرشـیڤ و هەرچی شـتـێک کـە پاشـمـاوەی ئەنفـالە و لە ئەنفـال بەجێماون، کەلوپەل و گۆچان و سینی و مەمۆرە و هەرچی مـاوەتەوە، ئەمـانە سـەرمـایەی ئێـمـەن، هەمـوو ئەو نووسینانەی لەسەر ئەنفال نووسراون، هەموو ئەو چیرۆک و داسـتـان و ڕۆمانانەی کە لەسەر ئەنفال هەیە، تەنانەت نووسـینێک لە گـۆشـەی ڕۆژنامـەیەکـیش بێت، هەمـوو ئەمانە لە شـوێنێک لە بەردەستدا بێت و کۆبکرێنەوە و لە شوێنیکی تایبـەت لە (موزەخـانەیەک)دا بپـارێزرێن، کە هونەرمـەندێک هاتە وڵاتی من و گوتی دەمەوێ چاوم بەو کـەلوپەل و شـتـانە بکەوێت لەسەر ئەنفال بە جـێمـاون و

دەمەوێت فیلمێک لەسەر ئەنفال دروست بکەم، دەبێ ئەو کاتە بیبەینە ئەو موزەخانەیە و دۆکیومێنتەکانی نیشان بدەین، بەڵێ (موزەخانەی ئەنفال) کە دەبێتە باشترین بەڵگە بۆ نەوەکانی داهاتوو، بۆ هەموو هونەرمەندان و رۆشنبیران تا ئەنفال لە بیر نەچێتەوە و هەمیشە ئاگاییمان بەرانبەر ئەو پرسە بە خەبەر بێت.

هەروەها بوونی سەنتەرێکی توێژینەوەی تایبەت بە جینۆساید، یەکێکە لە پرۆژە هەرە گرنگەکان کە دەبوو چەند ساڵ پێش ئێستا دروست کرابا، هەموو ئەو بەرێزانەی لەسەر ئەنفال دەنووسن و توێژینەوە دەکەن لەو سەنتەرە کار بکەن، بوونی ئەو سەنتەرە زۆر گرنگە، هونەرمەندێک کە ئەنفالی نەبینیوە، بەڵام بە رِوح لەناو ئەنفالدایە و زانیاری لەبارەی ئەنفالەوە سنووردارە، دەبێ چەند کتێبێک بخوێنێتەوە و بۆ دەسکەوتنی زانیاری لەبارەی ئەنفال پرسیار و بەدواداچوون بکات، بەڵام ئەگەر ئەو سەنتەرە هەبا ئەو کاتە ئەو بەرێزانەی لەوێ کاردەکەن و لەسەر ئەم پرسە پڕن لە زانیاری، دەتوانن وەک راوێژکار لەگەڵ ستافی فیلمەکاندا کار بکەن، وەک راوێژکار لەگەڵ رۆماننووسەکاندا کار بکەن، لەگەڵ هەر کەسێکی بیانی کە هیچ لەسەر ئەنفال نازانێ و دەزانێ کارەساتێکی گەورە بەسەر گەلی کورددا هاتووە و دەیەوێ راپۆرتێکی لەسەر دروست بکات، بەڵام ئەگەر ئەوانە نەبێت دوو ئەرک دەکەوێتە سەرشانی سینەماکار، ئەرکێک لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون لەبارەی جینۆساید و لەسەر ئەو پرۆسە گەورەیە، تا چیرۆکێکی پڕ لە هەستی ئینسانی و راستگۆ دارێژێ و دواتر هەوڵبدات ئەو چیرۆکە بە شێوەیەکی هونەریی بگێڕێتەوە، یان لە رێگەی زمانی سینەماوە بە شێوەیەکی هونەریی بیخاتەروو، ئەمەش رەنگە کارەکە وەک پێویست و بێ کەموکوڕی بەرێوە نەچێت..!

هەروەها کۆمەڵێک کەسوکاری ئەنفال لە پرۆسەی بەدناوی ئەنفال رزگاریان بووە کە ئێستا گەورەترین شایەتحاڵن، کەسێکی وەک تەیموور کە ئەمینستی ئینتەرناشناڵ چاوپیکەتن و راپۆرتێکی درێژی لەبارەوە ئەنجام داوە، کە ئێستا گەورەترین دۆکیومێنتە مابێتەوە، دەیان کەسی دیکە لەناوچە جیاجیاکاندا هەن، ئەمانە چۆن دەبێ بە ئاسانی بمرن و تێپەڕن، مەرگی ئەوانە، مەرگی دۆکیومێنتە لەسەر ئەنفال، دەبێ ئەمانە دۆکیومێنت بکرێن، خەڵک هەیە لەئەنفال رزگاری بووە توانایی گوزارشت کردنی نییە چۆن تۆ وای لێدەکەی گوزارشت بکات لەوەی بینویەتی، ئەمانە سەرچاوەی راستەقینەن، سەرمایەکی گرنگی توێژەران و هونەرمەندانن لە بارەی ئەنفال، کە ئەرکی ئەو سەنتەرەیە ئەم ئەرکە پیرۆزە بگرێتە ئەستۆ، جەخار ئەگەر ئەم سەنتەرە ئێستا ئامادەیی هەبا..!!

سیحری ئەمە چییە لەوسەری دنیاوە ژۆرنالیستەکان دێن و باس لە کارەساتی هەڵەبجە دەکەن، لەکوێی دنیا بڵێی من کوردم وێنەکەی عومەری خاوەر و چەندین وێنەی ئەو کارەساتە دەخەنە بەردەستت، واتە چەند وێنەیەکی فۆتۆگرافی مێژووی هەڵەبجە دەگێڕنەوە، بەڵام بۆ ئەنفال بەداخەوە وێنەی پێویست لەبەر دەستدا نییە، ئەگەر شایەتحاڵێکی وەک تەیموور و عوزێر و واحید و...تاد نەبوونایە زەحمەت بوو بڕوا بە دەرەوەی خۆت بێنی، ئەگەرچی قەبارەی کارەساتی ئەنفال زۆر لە هەڵەبجە گەورەتر و فروانترە.

سەرەڕای ئەمانە لە بواری هونەریشدا دەیان بەربەست و گرفت هەیە، جارێ زۆر تێکەیشتن لەناو هونەردا هەیە، شۆڕ نەبووەتەوە بۆ ناو کۆمەڵگە و کار لەسەر ئەوە نەکراوە کە هونەر باش بناسرێ و بەنێو کولتووری خێزانی کوردیدا شۆڕبێتەوە، بۆ نموونە تۆ دێیت فیلمێک لەسەر گەرمیان دروست دەکەی، تەواوی گەرمیان هۆڵێکیان نییە ئەو فیلمەی تێدا ببینن، هۆڵێک نییە کە لە چێژی سینەما بەهرەمەندیان بکات، چۆن دەزانن ئەو فیلمەی لەسەر ئەوان دروست کراوە شتێکی گرنگە، زۆر جاران رووبەڕووی ئەو پرسیارەت دەکەنەوە، کەی ئەوە فیلمە نیشان دەدرێت، یان دەگوترێت فیلمسازی کورد هەر بۆ فیستیڤاڵەکان کار دەکات.

گرفتێکی دیکە مەسەلەی ئازادی هەڵبژاردنی بابەتە لەلایەن هونەرمەند، بێ گومان هونەرمەند ئازادە چۆن لە دیاردە و دەرکەوتە کۆمەڵایەتییەکان دەڕوانێ، هەروەها ئازادە چۆن کار لەسەر ئەنفال دەکات و لە کام گۆشە و کام دەربچەوە دەچێتە ژووری، بەڵام هەندێک جار ئەم ئازادی کارکردنەی لێ سەندراوەتەوە، بە جۆرێکی دیکە هەڵسەنگاندنی پێچەوانەی بۆ کراوە، وا لێکدراوەتەوە کە ئەو فیلمەی ئەو زیان بە دۆزی کەسوکاری ئەنفالەکان دەگەیەنێ، ئەمەش سەرەڕای سنوورکێشانە لەبەردەم

گۆشەنیگای هونەرمەند، لەلایەکی دیکەوە خاوەنداریەتی پرسی ئەنفال تەنیا بۆ کەسوکاری ئەنفالەکان دەهێڵێتەوە، ئەمەش دیدێکە دەبێت وەلا بنرێت، ڕاستە برینەکە لەجەستەی ئەواندایە، بەڵام دواجار برینی جەستەی نەتەوەیەکە و هەموو تاکێکی کوردستان بە پرسی خۆی دەزانێ.

ڕاگرتنی درامای (گەرمیان و کوێستان) لە کەناڵی کوردسات، بەهەر پاساوێک بووبێت کارێکی خراپ بوو، دەبوایە لێگەڕابان تا کۆتایی، ئەوسا هەموو قسەی خۆی دەکرد و دەمانزانی لە کوێ پێویستە هەڵوەستە بکەین و قسەمان هەبێت، پێم وا نییە هیچ دەرهێنەر و هیچ تاکێکی کورد هەبێت بە مەبەست و بە ئەنقەست بیەوێ کار لەسەر ناشیرین کردنی پرسی ئەنفال بکات، خۆ ئەگەر کارەکەش وا کەوتەوە ئەوسا قسەی لەسەر دەکرێت و کۆدەنگی دروست دەبێت، بەڵام ئێستا نازانین لە کوێ و چۆن پەخشی ئەم درامایە مایەی زیان بەخشین بوو..! هونەرمەند دەیەوێت لەسەر ئەو رووە شاراوانە کار بکات، کە کەس سرنجی لەبارەوە نییە، دەیەوێت تیشک بخاتە سەر هەندێ لایەن کە کەس نایبینێ، بەڵام کە دەنگی نارەزایی لەلایەن چەند کەسێکەوە بەرز دەبێتەوە و پێیان وایە پێویست نییە ئەو بابەتە بورووژێنرێت و بابەتی گرنگتر هەیە، پێویستە ئەو کەناڵە ئەو بۆچوونانە بە هەند وەربگرێ، بەڵام نابێت ئەو بەرهەمە ڕابگرێ، سەرەتا پێویستە ئەم کارە دەیان جار خوێندنەوەی بۆ کرابێت، پێشتر بەر لەدەست پێکردن هەموو شتێک تاووتو کرابێت، ئەوسا بڕیاری کارکردن بدرێ، چونکە کارکردن لەسەر ئەنفال کارکردن لەسەر بابەتێکی ئاسایی نییە، دەبێت ئەم تێکستە باش دیراسە کرابێ و کاری لەسەر بکرێت، تەنانەت گۆشەیەکی کامێرا دەتوانێ چیرۆکەکە بەشێوەیەکی دیکە بگێڕێتەوە، خراپ بەکارهێنانی یەک دیالۆگ کاریگەری خۆی هەیە، واتە هەموو ئەوانە دەکرێ بەوردی ئیشیان لەسەر بکرێت، بەڵام ناکرێت پەخشی بکەیت و دواتر دایبخەیت لەوەی چەند کەسێک نارازییە، دەبێ بڕوا بەو چەند کەسە بهێنرێت، لەهەمان کاتدا دەبێت ئەوە بزانرێت سەدان کەس بە تاسوقەوە سەیری ئەو درامایە دەکات، بێجگە لەوەش کە درامایەک لەسەر ئەنفالی گەرمیان، یان بارزان دروست دەکرێت، تەنیا بۆ ئەو ناوچانە ئەم درامایە دروست نەکراوە، بەڵکو بۆ هەموو بینەری کوردستانە".

لە کۆتاییدا دەڵێم، ئەگەر بمانەوێت کار لەسەر ئەنفال بکەین، دەبێت سینەماکەمان بەهێز بکەین، کە توانایی ئەوەی هەبێت کێشەی ئەنفال لەخۆ بگرێت، دەبێ دەسەڵاتی کوردی گرنگی زۆر بە سینەما بدات، دەبێت لەوە تێبگات کە سینەما خاوەن پەیامێکی گرنگ و زیندووە، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان کە تاکە مەرجەعی حکوومییە بەرپرسیاریەتی زۆری دەکەوێتە سەر شان، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا خاوەن پلان و ستراتیژێکی دیاریکراو نییە بۆ بەرەوپێش بردنی سینەما لە دنیادا سینەماکارێک کە لە فیستیڤاڵێکدا بەشدار دەبێت و خەڵات بەدەست دێنێت و دەگەڕێتەوە وڵاتەکەی، لەلایەن سەرۆک و کاربەدەستانەوە پێشوازی لێ دەکرێ، کەچی لە هەرێمی کوردستان ئەم مەسەلانە ڕەوتەنی تێدەپەڕێت و هەموو سەرنجێک لەسەر بارە سیاسییەکەیە و هێشتا حکوومەت لە گرنگی ئەو هونەرە تێنەگەیشتووە.!.

ئەمریکییەکان کە هاتنە عیراق دەیان تیمی فیلمسازیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا، تا لەتەک پرۆسە سەربازییەکە سینەما کاری خۆی بکات، دەبێ ئەمریکا بەو هەموو دەستڕۆیشتوویەی خۆیەوە چ پێویستی بە سینەما هەبێ، ئەگەر لە گرنگی سینەما تێنەگەیشتبێت..! ئاخر لە پاڵ ئەو هەموو مارکێت و مۆڵە، ئەو هەموو باڵەخانەیەی لە هەولێری پایتەخت و شارەکانی دیکە بۆ ئاسمان ڕۆچووە، چەند هۆڵی سینەما بەرچاو دەکەوێت؟! بەداخەوە دەبوو لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا سینەما بکرابایە چەکێک بۆ چارەسەرکردنی دەیان ئاریشە و دروست کردنی فەرهەنگێکی بەهێز تا تاکی کوردی خاوەن ئیرادەی خۆی بێت: تاکێکی کارا و کاریگەر، پڕ لە مەعریفە و هونەر، وەتەندۆست و نیشتمانپەروەر، لە کوردستانی پڕ فەڕ، سەر بڵند و بەختەوەر..!

# چەمکی نیگاری منداڵان

**تەها ئەحمەد ڕەسووڵ**
**(سلێمانی)**

**(١ - ٢)**

**ئەوە ترسە کە ڕێ نادات منداڵ ببێتە هونەرمەند (ترس لەوەی کە جیهانە خەیاڵییەکەی ببێتە مایەی گاڵتەجاڕی بۆ گەورەکان، ترسێک کە هێما و ئاماژەی دەربڕینەکانی نەشیاون.. هەوڵ بدە ترسی منداڵ بڕەوێنیتەوە تا هەموو تواناییەکانی بەرەو گەشەی ویژدانی و پێگەیشتن پەل بکوتن) هربرت ڕید.**

فێربوونی هونەر (توانستی وێنەکێشان) لە پەروەردە و فێرکارییەوە دەستی پێ کردووە و بەشێوەیەکی ڕێکوپێکیش لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازیدا وەختێک خاوەن کارگەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا داوایان لە حکوومەت کرد وانەی وێنەکێشان لە خوێندنگەکاندا بوترێتەوە لەپێناوی سەرخستنی ویستی نیگارکێش و نەخشەسازەکاندا، بۆ ئەوەی توێژی ئەوانیش بە پیشەکەیان کێبەرکێی پیشەسازییە دەرەکییەکانی وڵاتانی دیکە بکەن.. لەو کاتەوە ئیدی هونەر وەک پیشە و کارێکی میللی لێهات تا ساڵی ١٩٢٠، پاش یەکەمین جەنگی جیهانی هونەر بووە شۆڕشێک بۆ گوزارشت کردن لە خود و ناخ و دەروونەکان (ئەوەش لەگەڵ پێشکەوتنی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە سایکۆلۆژییەکاندا)، بەوەش هونەر بە ئاقاری داهێناندا ئاراستەی گرت بۆ دەربڕینی هەست و سۆز و هەڵوێستەکان وەک پەرچەکردارێکی گەشەسەندنی هونەری نوێ کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە بەرپای کردبوو، دوای دووەمین جەنگی جیهانیش داخوازی بۆ ئاسوودەیی و ئارامی و بەکارهێنانی توانستەکانی مرۆڤ تا ئەوپەڕی لەسەر ئاستی داهێنانە خودییەکان دەگیرسایەوە، لەمیانی بەخشینی دەرفەتی شیاو بۆیان تا خۆڕسک و ئازادانە گوزارشت بکەن.



هربرت ريد

هونەری منداڵان جێی سەرنجی زۆرینەی زانایانی بواری سایکۆلۆژیا و پەروەردە بووە هەر لە ساڵی ١٨٥٧ بەدواوە، وەها ڕوانیویانەتە نیگارەکانیان کە خەسڵەت و تایبەتمەندیی خۆیان هەبێت، بەپێچەوانەی دیدگا و ڕوانینی پێشینەوە کە لاواز و کەم بایەخ تەماشایان کردوون، ئەوەش بێ گومان لە سۆنگەی بەراوردکردنی کارەکانیان بە ئاستی نیگارکێشانی گەورەکان، وەلێ ئەو وردبوونەوە و توێژینەوانە ڕێگەیان خۆش کرد بۆ هونەرێک کە بوونی هەبێ و خاوەنی جیهان و لۆژیکی خۆی بێت لەژێر ناوی (گوزارشتی هونەرییانەی منداڵان) هەر لەو وەختەوە لێکۆڵینەوە پەروەردەیی و دەروونشیکارییەکان زانستێکی تەواویان لەو بارەیەوە دامەزراند کە دەڕژێتەوە ناو زانستە پەروەردەییەکان و بە پەروەردەی هونەری (شێوەکاری) خۆی ناساندووە، ئەو توێژینەوانە چەندین ئەنجامیان دەستگیر کردووە سەبارەت بە نیگاری منداڵان و دەستنیشان کردنی قۆناغە جۆربەجۆرەکانیان، لەوانەش گرنگترینیان:

**یەکەم:** لای منداڵ وێنەکێشان گوزارشت کردنە زیاتر لەوەی ببێتە هۆیەک بۆ خولقاندنی شتێکی دڵگیر و جوان.

**دووەم:** لە ساڵانی یەکەمی ژیانیدا، منداڵ ئەو وێنانە دەکێشێت کە لەبارەیانەوە دەیزانێت نەک ئەو شتانەی دێنە پێش چاوی، لەوەشدا زێدەڕۆیی دەکات و بەشەکانی نیگارەکەی جێ دەهێڵێ.

**سێیەم:** جیاوازی بەرچاو لەنێوان وێنەکێشانی کچان و کوڕاندا هەیە.

**چوارەم:** منداڵان تا تەمەنی دە ساڵی لا لە نیگاری کەسەکان دەکەنەوە، زیاتر لە بابەتەکانی دیکە.

**پێنجەم:** پێوەندییەکی ئەوتۆ هەیە لە شێوازی نیگارکێشانی منداڵاندا بە جیاوازی ژینگە جۆراوجۆر و ڕەگەز و ئایینەکانیانەوە.

**شەشەم:** لێکچوونێک لەنێوان نیگاری منداڵان و نیگاری مرۆڤی سەرەتاییدا هەیە.

**حەوتەم:** پێوەندییەکی بەتین لەنێوان پێشکەوتنی نیگاری منداڵان و زیرەکییاندا هەیە.

وەک (ڤیکتۆر لیونفیلد) پۆلێنکاری تێدا کردووە، بەپێی تەمەنی منداڵ نیگارەکان قۆناغ بەخۆوە دەبینن، لەو قۆناغانە:

**یەکەم:** قۆناغی بەر لە هێڵکاری (هەر لەدایکبوونییەوە تا تەمەنی دوو ساڵی) منداڵ ئارەزوویەکی بەتینی هەیە بۆ گوزارشت کردن لە خۆی و لەوانی دیکە و شتەکانی چواردەوری، دەبزوێت و دەجووڵێت و قاچەکانی دێنێت و دەبات، هەروەها هاوار دەکات کە ئەوانیش دەربڕینی هونەرین بۆ پێوەندی کردن بەوانی دیکەوە.

**دووەم:** قۆناغی سکێچ و هێڵکاری (تەمەنی ٢-٤ ساڵ) منداڵ هێڵکاریی هەڕەمەکی و بازنەیی دەکێشێت، لەگەڵ هێڵکاریی جۆراوجۆردا (کە بە نیگارکێشان دەناسرێت) هەمووشیان ڕەنگدانەوەی ئەو هەستانەیەتی کە بە ماسوولکە و لەشولاری دەریاندەبڕێت.

**سێیەم:** قۆناغی ئامادەکاری بۆ پێزانینی شێوەکان (٤-٧ ساڵان) لەم قۆناغەدا لایەنی نیمچە ئەندازەیی و ناولێنان و لابردن و گۆشەی نموونەیی باڵ بەسەر نیگاری منداڵاندا دەکێشێت.

**چوارەم:** قۆناغی درک کردنی فۆرم و شێوە (٧-٩ ساڵ) لەم قۆناغەدا نیگاری منداڵان بە دووپات کردنەوە و سادەیی و ڕوونی و زێدەڕۆیی و درێژکردنەوە خۆی دەردەخات، هەروەها پیشاندانی هێڵی زەمینی و

لێکدانی کات و شوێنەکان.

**پێنجەم:** قۆناغی هەوڵدان بۆ گوزارشت کردنی واقیعی (٩-١١ ساڵ) ئەم قۆناغە بە وەرچەرخانێک دادەنرێت لە ئاراستەی خودییەوە بەرەو بابەتیانە تا وێنەکان زۆرتر واقیعی بن و ئەدگار و خەسڵەتەکانی تەمەنی پێشووتر دیار نامێنن.

**شەشەم:** قۆناغی گوزارشت کردنی واقیعیانە: (١١-١٣ ساڵ) لەم قۆناغەشدا دەربڕینی واقیعیانەی منداڵ زیاد دەکات و لە هەموو وێنەکانی پێشتر ڕزگاری دەبێت، هەروەها پێزانینی پێوانەکان و بەرجەستەکردنیان لە کارە هونەرییەکانیاندا بوونی هەیە، لەم تەمەنەدا بەرهەمی منداڵ کەمتر دەبێتەوە.

**حەوتەم:** قۆناغی هەرزەکاری (١٣-١٨ ساڵ) لەم تەمەنەدا ئیدی لەگەڵ نیگارکێشاندا دەژی.

توێژینەوەکان خەسڵەتە گشتییەکان وەها پوخت دەکەنەوە کە منداڵانی جیهان تێیدا بەشدارن بە جیاوازی ژینگە و ژیانیان. گرنگترینیان:

دووبارەکردنەوە: دووبارەکردنەوەی ڕەگەزەکان لەسەر ڕووبەر و پانتایی نیگارەکە زیاتر لە جارێک.

ناولێنان: لە کاتی وێنەکێشاندا ناوێک لە نیگارەکەی دەنێت (ناو بۆ ڕەگەز و شێوە نەخشێنراوەکانی دەدۆزێتەوە) لەڕێی نووسینی وشەوە.

لابردن: گرنگیدان بەو ئەندامانەی لەش کە فرمان جێبەجێ دەکەن و ئەو ئەندامانەش وەلادەنرێن کە هیچ جووڵەیەک بەرپا ناکەن، یان لە بابەتەکەیدا ڕۆڵ ناگێڕن.

هێڵی زەمین: کێشانی هێڵێک لەژێر ئەو شێوانەدا کە دەیاننەخشێنێ.

ڕوونی: نیگارکێشانی ئەو بەشانەی کە دیار نین (نیگاری ماسییەک دەکێشێت لەسەر ڕووی دەریا، یان وێنەی خانوویەک لە دەرەوە و کەسەکانیش لە ناوەوەیدا دیارن).

زێدەڕۆیی و درێژکردنەوە: بۆ نموونە کاتێک نیگاری چنینەوەی بەروبوومەکان دەنەخشێنێ، وێنەی ئەو دەستە دەکێشێ کە درێژ بووە بۆ لێکردنەوەی میوەکان و درێژتر لە دەستەکەی تر پیشانی دەدات.

بەڕووبەرکردن: نیگارکێشانی شێوەیەک لە هەموو گۆشەکانییەوە (بەتەنیا لەسەر ڕووبەرەکە).

باری نموونەیی: بۆ نموونە نیگاری باڵندە، یان ماسی و ئاژەڵێک لەسەر تەنیشت دەنەخشێنێ، بەڵام وێنەی مرۆڤ لەسەر ڕوو دەکێشێت (بۆ باشتر ڕوونکردنەوە و ئاشکراکردنیان).

لێکچوون: وەک کێشانی لای ڕاست هەروەک لای چەپ، وەک ئەوەی وێنەی گوڵێک دروست بکات کە پەڕەکانی لە لاکەی ترەوە هەمان شێوەیان هەبێت لەگەڵ ئەوانەی دەکەونە بەری پێشەوە.

ئارەزوومەندی: هێڵی زەوی بە چەماوەیی دەکێشێت، یان گرنج گرنج و بەرزونزم.

لێکدانی شوێن و کاتەکان لە جێگەیەکدا، پابەند نابێت بە شوێن و کاتەوە هەروەک ئەوەی وێنەی شریتێکی سینەمایی لە تابلۆیەکدا بنەخشێنێت.

سەرەڕای ئەمانە، لێکۆڵینەوە دەروونشیکارییەکان شێوازە جۆراوجۆرەکانی نیگاری منداڵان دەستنیشان دەکەن، لێرەدا پۆلێن کردنی ئەزموونگەرییانەی (هربرت ڕید) دەخەینە ڕوو.

ئۆرگانی: پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەستی بینین و لایەنی سۆزداری لەگەڵ شتە دەرەکییەکاندا بوونی هەیە، هەروەها پەسەندکردنی پێکەوەبوون و تەبایی شتەکان نەک شتە دوورەپەرێز و بەتەنیاکان، درک کردن و پێزانینی پێوانە سروشتییەکان و پێوەندییە ئۆرگانییەکان.

شیعری و لیریکی: زۆرینەی خەسڵەتەکانی ئۆرگانی بابەتە وەستاوەکان لەخۆدەگرێت (ستیل لایف و سروشتی وەستاو) لەگەڵ ڕەنگی هێمن و تۆنی کز و کاڵ، ئەمەش زیاتر لە نیگاری کچاندا هەیە.

کاریگەری: دەچێتەوە سەر ڕێبازی کاریگەرخوازان کە وردەکاریی ڕەنگە پەسەندەکان بەسەر نیگارکێشانی ڕیالیزمیدا زاڵ دەبێت، سەرباری لیریکی و گواستنەوەی دۆخی گشتی بۆ ناو تابلۆکە.

ڕیتم ئامێز: سەپاندنی شێوازێک بەسەر کارەکەدا، وەک دووبارەکردنەوەی مۆتیڤێک (ڕەگەزێک)، یان چەندین مۆتیڤی جۆراوجۆر بۆ پڕکردنەوەی فەزای تابلۆکە.

شێوەی پێکهاتەیی: بەشێوەیەکی ڕێژەیی جۆرێکی دانسقەیە کە تێیدا شتەکان سنووری ڕاستەقینەی خۆیان تێدەپەڕێنن، بەمانایەکی دیکە بیرۆکەکە پەلکێشیان دەکات بەو ئاراستەیەدا برۆن.

هێڵکاری: چەشنێکی ئەندازەییە و پێوەندییەکی ڕوون



**پیکاسۆ**

و ئاشکرای نییە لەگەڵ پێکهاتە ئۆرگانییەکەدا، جۆرێکە پەیوەست دەبێتەوە بە ناوەرۆک و بابەتەکەوە لە ڕێی هێماخوازییەوە.

پێزانین: بەرجەستەکردنی وێنە هەست پێکراوەکانە نەک بینراوەکان، ئەویش لە هەستی فیزیکی درک پێکردنەوە.

دەربڕینخوازی: گوزارشت کردنە لە هەستە خودییەکان، بەرجەستەکردنی هەستەکانی هونەرمەند، یان منداڵە بۆ نمایش کردنی شتە دەرەکییەکان کە بە چ شێوەیەک دەکەونە پێش چاوی، هەروەها هەژموونی هەستەکانی بینین، درک کردن، جەستەیی.

ئەژمارکردن: تۆمارکردنی وردەکارییەکی ئەوتۆ لە بابەتەکەدا، ئەوەش بەشێوەیەکی بەش بەش و یەکسان بەبێ گوێدانە بۆشایی و فەزا، یان هەست کردن بە بابەتەکە وەک گشتێک، یان تەنانەت ئاووهەوا و دۆخی چواردەوریش.

کلێشەسازی: سەرقاڵبوون بە ڕەنگ و شێوەی دوو دیوی و بەرهەمهێنانی نموونەی ئاڵ و ڕەونەقدار.

ڕۆمانسی: بیرۆکەیەک هەڵدەبژێرێ و بە ئەندێشە و خەیاڵ بەهێزی دەکات، بنیادێکی نوێی بۆ دادەنێ بە هاوشانی سرووش و ئیلهام تێکەڵ کردن بە وێنەکانی نێو یادەوەری و بەرچاوەکان.

ئەدەبی: بیرۆکەیەکی خەیاڵیی پوخت دەکاتە بابەتی نیگارەکەی کە لە سەرچاوەیەکی ئەدەبییەوە دەستگیری کردووە، یان لە باوک و مامۆستا و...تاد، یان بیرۆکەیەک کە خۆی دەیخولقێنێ، پاشان خەیاڵی بۆ واڵا دەکات (بەمانای توانایی بووژاندنەوە و ئاوێتەکردنی وێنە زەینی و یادەوەرییەکانی تا ئەو بیرۆکەیەی بەرجەستە بکات و بیگەیەنێتە ئەوی دیکە (وەرگر).

نیگاری منداڵان سیما و خەسڵەت و ڕەسەنایەتی خۆیان دەسەلمێنن و لێکچوونێکی زۆریان هەیە لەگەڵ نیگاری مرۆڤی سەرەتاییدا کە بەسەر دیواری ئەشکەوتەکانەوەن، ئەمەش جەختکردنەوەیەکە بۆ گرنگی نیگاری منداڵان و ڕەهەندە مێژوویی و دەروونییەکانی. نیگار و وێنەی منداڵان کاریگەریشی لەسەر هونەری نوێ و هونەرمەندەکانی هەبووە، سرنج دەدرێت خەسڵەتی تابلۆکانیان لە نیگاری منداڵان دەچن لە ڕووی بەڕووبەرکردن و سادەکردنەوە و تەنک و ڕوونی و زێدەڕۆیی و کورتکردنەوە و هێماگەرێتییەوە، یەکێک لەو هونەرمەندانەش لە هونەری نوێ و هاوچەرخدا (پیکاسۆ)یە کاتێک سەردانی یەکێک لە پێشانگەکانی نیگاری منداڵان دەکات، دەڵێت: (پەنجا ساڵ خەریک بووم و هەوڵم دا تا وەک ئەوان نیگار بکێشم). هونەردۆستان و وەرگرانی هونەری نوێ هەست بەو لێکچوونە زۆرەی هونەری نوێ دەکەن لەگەڵ نیگار و وێنەی منداڵاندا.

ئەمە تێگەیشتن و ڕوانینێک بوو بۆ نیگاری منداڵان کە خاوەنی چەمکی خۆیەتی، لێرەشەوە لە دەستنیشان کردنی لایەنەکانیدا چەند ئاکامێک دەخەینە ڕوو:

**یەکەم:** نیگاری منداڵان خەسڵەت و سیمای خۆی هەیە کە ناکرێت بەهەند تەماشا نەکرێن، نابێت بەراورد بکرێنەوە بە نیگارکێشانی گەورەکان.

**دووەم:** یەکێک لە گرنگترین شێوازەکانی دەربڕین لای منداڵ وێنەکێشانە و دەکەوێتە پێش قسەکردنەوە، بە باڵاترین هۆیەکانی گوزارشت کردنی منداڵ و گرنگترین چالاکی دادەنرێت کە منداڵان چێژی لێ دەبینن و بە سەربەستییەکی تەواوەوە گوزارشتی تێدا دەکەن.

**سێیەم:** نابێت زۆر لە منداڵ بکرێت کە وێنەی

شتەکانی واقیع و شتە بەرچاوەکان کۆپی بکاتەوە، یان لاسایی وێنەی گەورەکان بکاتەوە، چونکە ئەوە دژ بە سروشتەکەیانە و کاریگەریی دەروونیی دژواری لێ دەکەوێتەوە.

**چوارەم:** گرنگیدانی باوکان و دایکان و دەوروبەرانی منداڵ، یان مامۆستاکان بۆ ئەوەی منداڵ زیاتر هان بدرێت وێنە بکێشێت، پرسیاری ئاراستە بکرێ و بهێنرێتە قسە، چونکە کاریگەرییەکی باشی دەبێت بۆ دەروونی منداڵەکە و خولیا و خەونەکانی ئازاد دەکرێن.

**پێنجەم:** گرنگیدانی مامۆستایان و پەروەردە بە چڕکردنەوەی لێکۆڵینەوەکان دەربارەی نیگاری منداڵان لەڕووی چۆنێتی ژیانیان و کاریگەری تەکنیکی نوێ لەسەر نیگارەکانیان، هەروەها کۆڕ و سیمینار و توێژینەوەی هەمەجۆر لەو بارەیەوە ساز بدرێت.

**شەشەم:** پێشکەش کردنی وێنە و نیگاری منداڵان بەشێوەیەکی دروست لەمیانی خولی نمایشی هونەرییەوە، کتێبەرکێیان بۆ ساز بدرێ و کارەکانیان چاپ بکرێت.

**حەوتەم:** گرنگیدان بە بەهرەداران و چاودێری و پشتگیری بکرێن و هان بدرێن، هونەرییانە لەلایەن پەیمانگەکان و هونەرمەندان و شارەزایانەوە گۆش بکرێن.

### هێما و واتاکانی نیگاری منداڵان

بوارەکانی کۆمەڵناسی و سایکۆلۆژی و پەروەردەیی و هونەری پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە زمانی وێنەیی منداڵان (نیگاری منداڵان) گوزارشت و دەربڕینی هەموو ئەو هەستانەن کە لای منداڵان بوونیان هەیە و بەشێکی ئەوتۆی لایەنی دەروونی و وەرگرتنەکانیان ڕەنگرێژ دەکەن، کاردانەوەی گەشەسەندنی مێشکیان وێنا دەکەنەوە کاتێک لەڕێی نیگارکێشانەوە جیهانی ناوەوەیان بەرجەستە دەکەن.

وێنە و نیگارەکان دەبنەوە بەڵگەی پێکهاتە و ئەو ڕوانینانەش کە ڕووەو جیهانی دەرەکی هەستی پێ دەکەن، تەنانەت هێڵە پێچاوپێچ و ئەوەی ناسراوە بە شەڕەپشیلە و شەقڵی و پقڵی دەبنەوە سەرچاوەیەک بۆ بەخشینی زانیاری لەمەڕ لێکدانەوەکانیان، بەواتای بەرلەوەی ببنە نیشانەی بەهرە و توانست و ئاستی ژیرییان، پەرچەکرداری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆن کە لە ئاکامی وەرگرتنەکانیاندا بە ڕەنگ و هێڵ دەریدەبرن.

گرنگیدان بە وێنە و ڕەنگەکان و هێماکان کە هەر لە تەمەنی دوو مانگییەوە لای منداڵ دەبنە مایەی سەرنجدان، بەتایبەتیش ڕەنگە گەرمەکانی وەک سوور و زەرد، تا تەمەنی چوار ساڵان ئیدی لای منداڵ دەبنە هۆکاری زانین و جیاکردنەوەکان، دواتریش لە جەختکردنەوە لەسەر ڕەنگەکان دەکرێت ئارەزووی منداڵان دەستنیشان بکرێت، بۆ نموونە زۆرینەی ئەو منداڵانەی هەستی شەڕانگێزییان لا بەرپا دەبێت ڕووەو ڕەنگە گەرمەکان دەکشێن لە نموونەی ڕەنگی سوور و ئەو منداڵانەی کەسایەتییەک، یان دەروونێکی هێمنیان هەیە دەبینین ئارەزووی ڕەنگە هێمنەکان دەکەن لە نموونەی ڕەنگی شین.

نیگاری منداڵان بەمانای گەشەی دەروون و گەشەی سروشتی پۆزەتیڤانەی منداڵە، لەمیانی وێنەکێشانەوە هەموو لێکدانەوەکانی خۆی دەخاتە سەر کاغەز و شێوەی ژیان و ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژی، دەوروبەرەکەی ڕەنگ پێ دەداتەوە، بواری دەروونشیکاری ئەو گەشەسەندنەی ڕەفتار و پەرچەکردارانە بە ئەندێشەی منداڵان گرێ دەداتەوە، چونکە خولگەی بیرکردنەوەکانیان بەرفراوان دەکات، هەروەها تەندروستی دەروونییان بەیان دەکات، زۆرینەش وای دەبینن نیگاری منداڵان ئاستی هۆشیاری منداڵان دەخاتە ڕوو، لەبەر ئەوەی وێنە و نیگارەکان دەبنەوە یەکێک لەو شێوازانەی کارلێکی تاکەکان و درک کردنیان بە ژینگەیان گەڵاڵە دەکات، لێرەشەوە، لەم تاقیکردنەوەدا توانرا زیرەکی بە چەمکی پێگەیشتنی ئەقڵ لێک بدرێتەوە، نیگار و وێنەکان لەبری ئەوەی بە ئاستی زیرەکییەوە گرێ بدرێن، سایکۆلۆژیا و گەشەی مێشکی منداڵان نمایش دەکاتەوە، هەرچۆنێک بێت جیاوازی بۆچوونەکان سەبارەت بە زیرەکی، بەخششی وێنەکان لە بنەڕەتدا دەڕژێتە بۆتەی گەشەی پێزانینەکانەوە سەبارەت بە وەرگرتنی زانیارییەکان.

وێنە و هێڵکاریی منداڵان شێوەیەکن لە پێکهاتەی دەروون و کایەی مەعریفی و ویژدانی نەک تەنیا هێڵی پێکداچووی بێ مانا، بوارێکی شیاوە لای منداڵان کە لەو ڕێیەوە قسە بکەن، ئاخاوتن بە هێڵ و ڕەنگ تا هەموو خولیا و شپرزەیی و ڕاڕاییەکانیان بۆ ئەوانی دیکە بخەنە ڕوو. لەگەڵ پێگەیشتنی کەسایەتی و پێ خستنە ناو قۆناغی هەرزەییەوە ئەو چەمک و دەلالەتانەش زۆرتر

و هەمەلایەنە دەبن، لەبەر ئەمەیە کە ناکرێت تەنیا لە ڕووی جوانی وێنەکان و ئیستێتیکاوە بڕوانرێتە نیگاری منداڵان تا باشتر بایەخیان پێ بدرێت، بەڵکو لەمیانی توانست و جوانییەوە دەشێت لایەنی گەشەی ئەقڵ و دەروون و دەربڕینەکانیش لەبەرچاو بگیرێت.

منداڵ وەک چۆن لەڕێی کەرەستەی یارییەکانییەوە ڕەفتار و هەستەکانی ڕەنگ پێ دەداتەوە، هەروەها لەمیانی وێنەکێشان و بەکارهێنانی ڕەنگەکانەوە شێوەی لێکدانەوە و دژکردەوەکانی بەیان دەبن، لەو وێنە و هێڵ و شەڕەپشیلەیەدا کە لەسەر کاغەز دەینوێنێ چۆنیەتی ژیانی ناو خێزان و واقیع بەرجەستە دەکاتەوە، واتە هونەری نیگارکێشان بەرلەوەی لای ئەو ببێتە ئامرازی خۆخەریک کردن و چێژ وەرگرتن، کە ئەمەیان قۆناغی دواتری مەیل و خولیاکانیەتی، لە دەسپێکدا هۆکاری بنەڕەتییە بۆ دەربڕین و قسەکردن، زمانی منداڵ زمانی هێڵ و ڕەنگەکانە، هەربۆیە زۆرینەی توێژەران وای دەبینن وێنەی مرۆڤی سەرەتایی و وێنەکانی منداڵان لێکچوونێکی ئەوتۆیان هەیە، وەک ئەرک و وەک ئامرازی گوزارشت کردن، کەواتە ڕێی تەندروست لەلایەن باوکان و دایکان و دادەکانەوە، لەلایەن مامۆستاکانەوە ئەوەیە دەرفەت بڕەخسێنرێت بۆ ئاخاوتنی منداڵان و گۆڕینەوەی بیروڕا و هەستەکانیان لەمیانی وێنەکێشانەوە، ئەم کارە دواتر لە قۆناغی هەرزەکاریدا دەبێتە مەڵبەندێک بۆ تەقاندنەوەی تواناییەکان و دوورکەوتنەوە لەو بیرکردنەوە و هەستانەی لای هەرزەکار سەرهەڵدەدەن و زیاتر لە ڕەمەک و ئارەزووەکاندا خۆیان دەنوێنن، بە مانایەکی شیاوتر بەپێی بواری سایکۆلۆژی هونەر دەشێت هەرزەکاران و مێرمنداڵان بپارێزرێت تا بە ئاقاری خراپ و لاڕێدا نەڕۆن.

### نیگاری منداڵان وەک ناسنامەی کەسایەتیی

مرۆ لە دێرینەوە پەنای وەبەر وێنەکێشان بردووە، ڕەنگە باشترین نموونە میسرییە کۆنەکان بن کە لەسەر دیواری پەرستگە و ئەشکەوتەکاندا نیگار و کلێشەکانیان تۆمار کردووە و گرنگییان پێ داوە، نیگار و وێنەکان ئەو زمانە بووە کە پێی دواون و هەست و لێکدانەوەکانیان تێدا نمایش کردووە، یان وەک هیوا و ئومێدی تاکەکان و ئەو ژینگەیەی تێیدا ژیاون، لە دێرۆکی میللەتاندا زمان و ڕێنووسی وێنەیی (هێرۆگلیفی) کە لە وێنەکان پێکهاتوون، گوزارشتیان لە هزر و بۆچوونەکان کردووە بە زمانێکی وێنەیی، لەکاتێکدا زمانە تازەکان و هاوچەرخەکان دەربڕی بیر و لێکدانەوەکانن لەمیانی وشەکانەوە.

مادامەکی زمان لەو سەردەمانەدا ئەرک و وەزیفەیان گوزارشت بووە لە ناخ و جیهانەکانی ناوەوە و دەربڕی ئاستی ئەندێشە و خولیاکان بووە، ئامرازی پێکگەیشتنی خودیش بووە بەوانی دیکەوە، لە بواری دەروونشیکاریدا نیگاری منداڵان و (دەروون نەخۆشە گەورەکانیش بەتایبەتی) وەک زمانێکی وێنەیی دەخەملێنرێن و سەرچاوەی زیندووی ناخ و دەروونەکانن، هەر بەو پێودانگەش منداڵانیش گوزارشت لە دەروونی خۆیان دەکەن، ئەو شتانە وێنە دەکێشن کە لە ناوەوەیاندا درکی پێ دەکەن و هەستی پێ دەکەن، هەروەها پێوەندییەکانیش دەخەنەوە ڕوو لەگەڵ چواردەوریاندا، ئیدی لەگەڵ خێزان و گەورەکاندا بێت، یان قوتابخانە و سەر شەقامەکان و کۆڵانەکانیش، بەواتای هەموو ئەو شتانەی هەستی پێ دەکەن و وەریدەگرن و ناخیان دەجووڵێنێت، لە نموونەی شپرزەیی و ترس و دڵەڕاوکێ و گرفتەکانیان، بۆیە نیگارەکان نزیکبوونەوەن لە ئاستەنگ و گرفتەکانیان و کردنەوەی گرێکانیان، چونکە منداڵان زووتر و بەپێی کەم ئەزموونی خۆیان دووچاری بەرکەوتنی کتوپڕ دەبنەوە و شتەکان بۆیان دەبنە گرێ و لەمپەر و دەروونیان دەهەژێنێت و زمانێکی گونجاو شک نابەن تا لەڕێیەوە هەستەکانیان یەکالا بکەنەوە، بەتایبەتیش لای ئەو منداڵانەی لە دۆخێکی دوورەپەرێز دەژین و بەسەر خۆیاندا داخراون و تێکەڵاوی هاوەڵ و کەسانی دیکە نابن، ئەمەش بەهۆی شەرمەوە بێت کە دەرهەق بە دەوروبەر هەیانە، یان لە نائاگاییان بە گەوهەری شتەکان و نەزانینی دیوە ڕاستەقینەکانیان و نەتوانین، یان ئارەزووکردن لە شاردنەوەیان کە لە ناخیاندا پەنگیان خواردووەتەوە.

وێنەکان بۆ خۆیان زمانن، زمانێکی سەرەتایی کە مرۆ لەڕێیەوە بۆچوونەکانی دەربڕیوە، یان هەست و ئەندێشە و تەنانەت بیروباوەڕی ئایینیشیان، لای بابلییەکان و فیرعەونییەکان هونەرمەندان لە کلێشە و نیگارەکانیاندا تۆماریان کردووە، منداڵانیش بەهەمان شێوە دەیانبینین

لەسەر دیوارەکان وێنە دەکێشن و ڕووەو واقیعی دەرەکی هەستی تایبەتییان دەردەبڕن، زمان لای ئەوان ئەلتەرناتیڤی ئەو زمانەیە کە خاوەنی نین و ناتوانن دیالۆگ ساز بدەن لەگەڵ دەوروبەریاندا، سروشتی مرۆڤیش وەهایە کە دەتوانێت باشتر بیرۆکەکان بکاتە وێنە، واتە وێنا بکات وەک لەوەی وێنەکان بگۆڕێتە سەر بیرکردنەوە و وشەکان، نموونەی ئەمە لای خۆمان ئەو تابلۆیانەیە کە لە میانی شیعرەوە دەبنە هونەر نەک ئەو هونەرەی بگۆڕێتە سەر وشە و پانتایی شیعرەکان داگیر بکەن. وێنەکان هۆکارێکی باشن بۆ پەردە هەڵماڵینی کێشە دەروونییەکان، هەموو شتە خەفەکراو و چەپێنراوەکان لەمیانی وێنەکانەوە دێنە سەر شانۆی ئاگایی و هەبوونیان، ئەوەش بە سیمبول و هێماکانیان لەو هێڵ و نیگارانەدا کە منداڵان دووچاری ئازار و لێدانەکان بوونەتەوە، پسپۆڕی دەروونیی لەوێوە دەتوانێت حاڵەتی منداڵەکە دەستنیشان بکات و گرفتەکەی دیاری بکات، ئەوەش بەپێی ئەو نیشانە و بەڵگانەی هێڵ و ڕەنگەکان و شێوازی کارکردنی نمایشیان دەکەنەوە، پراکتیزەی ئەم هەنگاوە داواکردنی کێشانی ئەو وێنە دیاریکراوانەیە کە دەروونشیکار ئەنجامی دەدات کاتێک چەند منداڵێکی تەمەن جیاواز دەخاتە ژێر ئەو تاقیکردنەوانەوە، بۆ نموونە کێشانی وێنەی خێزان، یان ماڵ و درەخت و کەسایەتییەکان، وێنەی ڕەگەزی نێر و مێ و چەندانی دیکە لە وێنە هەمەچەشنەکان، هەروەها بەکارهێنان و تەماشاکردنی هەموو ئەو وێنانەش کە منداڵ بە خواستی خۆی کێشاونی و ڕاستەوخۆ بەرەو نائاگاییەکان پەل دەکوتن و نهێنی و شتە شاراوەکان دەخەنەوە ڕوو.

زۆربەی ئەو زانایانەی گرنگی بە نیگاری منداڵان دەدەن، بۆچوونیان وایە ئەو منداڵانەی شپرزەن و لەگەڵ دەوروبەردا هەڵناکەن، وێنەکانیان هەڵگری ڕەهەندەکانی کەسایەتییانن و دەکرێت سروشت و فاکتەری گرفتەکانیان لێوە دەستگیر بکرێن، وێنە ڕاستەوخۆ و هەڕەمەکییەکان باری ئەقڵی و جەستەیی دەنوێنن، بەتایبەت ساتە شڵۆقەکانی ژیانیان، هەروەها سەبارەت بە منداڵە نەخۆشەکان لەسەر ڕووپەڕی کاغەزی سپی ڕەنگەکان کێشە و ئارەزووە خەفەکراوەکانیان بەرجەستە دەکەنەوە، نیگاری منداڵان بریتین لە مێژووی ژیانیان و وەک شریتێک لێشاوی هەستەکانیان دەخەنە ڕوو، دەروونشیکار لەمیانی دیاری کردنی وێنەکاندا دەتوانێت گرفت و حاڵەتەکان دەستنیشان بکات و چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە.

وەلێ چۆن دەتوانین بەدوای بیرۆکە و ناوەرۆکی وێنەکاندا بگەڕێین؟! دەشێت لە ڕێگەی ڕەگەزەکان و نیشانە و یەکە سەربەخۆکاندا ئەوە دەستگیر بکەین، ئەوەش لە چوارچێوەی هەموو نیگارەکە و هەموو ڕەگەزەکاندا، بەو شێوەیە بڕوانینە تابلۆ و هێڵکارییەکان کە کەسێک وەک وێنەکێشان ئەنجامی نەداوە ئەوەندەی دەیەوێت شتێک دەربڕێت نەک بەپێی پێوادنگێکی جێگیری هێما و ئاماژەکان، بەمانای وێنەکان خۆیان زمانحاڵی ڕاستەقینەن و ڕەگەزەکانیان لە وێنەیەکەوە بۆ یەکێکی دی دەگۆڕێت و جەختکردنەوە و چۆنیەتی بەکارهێنانیان دەبێتە چاوگی پێزانین و بەخشینی ئەو زمانەی کە کەسایەتیی هەیەتی.

پێویستە هەمیشە بپرسین بۆچی؟! بۆچی ئەم نیگارە بەم چەشنە ئەنجام دراوە و بەشێوەیەکی دیکە نەبووە؟! ئەم پرسیارە بەرەو ئەو دەروونە پەلکێشمان دەکات کە وێنەکەی خەملاندووە و ڕەگەزەکانی بەو تەرزە داڕشتووە، ئەمەش بەبەراورد لەگەڵ کەسێکی دیکەدا کە هەمان وێنە و ناوەرۆک بکێشێت، شرۆڤەی ئەمە لەدواجاردا ئەوە دەگەیەنێت کە کەسایەتییە دیاریکراوەکەی نێو نیگارەکە دەبێتە مایەی سرنج و پرسیار لەوە نزیک دەبێتەوە کە بۆچی شتێکی دی نەکردووەتە بابەتی نیگارکێشانەکە.

کەواتە دەروونێکی تایبەت لەپشت شێوازی نیگارەکەوە وەستاوە، بێ گومان مانایەک هەیە بۆ ئەو هێڵانەی کەسێک دەیانکێشێت، لە مانا خاڵی نییە و هەڵگری ئاماژە و بەڵگەکانی کەسایەتی نیگارکێشە بچووکەکەن، هۆکاری ئەو ڕەفتارەش ناکرێت تەنیا بە شتێکی دیاریکراوەوە گیرۆدە بکرێن، بەڵکو گەیشتنە بە چەندان هۆکار و فاکتەر کە کاریگەرییان لەسەر منداڵەکە هەیە، کاری دروستیش ئەوەیە ڕەگەزەکان بگونجێنینەوە لەگەڵ ئەو کەسەدا کە وێنەکەی کێشاوە، بۆ نموونە وێنەکێشانی لووتێکی زل لەلایەن هەرزەکارێکەوە مانای جیاوازە بەبەراورد بە منداڵێک، یان پیاوێکی پیر، لێرەوە دەتوانین بڵێین نیگارکێشان وەک خەونێکە ناکرێت هەروا سەربەخۆ لێک بدرێتەوە بەبێ زانینی

ژیانی کۆمەڵایەتی و ژینگەی کەسەکە، بۆیە پێویستە دەروونشیکار پشت ببەستێ بە دووپاتکردنەوەکان و هێما و ئاماژە هەمەجۆرەکان لە چەند وێنەیەکی کەسەکەدا نەک بەتەنیا وێنەیەکی نمایشکراو، یان تاقە وێنەیەک، بەواتای زنجیرەی ئەو کارانەی منداڵەکە، یان هەرزەکارەکە ئەنجامی داوە و لە زۆرینەیاندا جەخت لەو ڕەگەزانە دەکاتەوە کە لەنێو وێنەکەدا بایەخی تەواویان پێ دراوە.

## نیگاری منداڵان کلیلی هێما و ئاماژە دەروونییەکانن

شوێن و ڕووبەری ئەو وێنەیەی لە کەسێک داوا دەکرێت بیکێشێت لەسەر پانتایی کاغەزێک گرنگی و مانای تایبەتی هەیە، چونکە منداڵ بەشێوەیەکی هەڕەمەکی نیگارەکەی ناخاتە سەر پارچە کاغەزێک، بەڵکو ڕێز لەو سستم و شێوازە دەگرێت کە پەیڕەوی دەکات، بۆ نموونە ئەگەر داوا بکرێت وێنەی کەسەکە خۆی بکێشێت، دەبینین زۆرینەی منداڵان وێنەی خۆیان دەخەنە ناوەڕاستی کاغەزەکەوە کە ئەوەش مانای ئەوەیە خۆی بەهەند وەردەگرێت، یان منداڵێکە هاوسەنگی هەیە و دەتوانێت خۆی لەگەڵ دۆخەکاندا بگونجێنێت.

نیگارکێشان لە بەشی خوارەوەی پەڕەکەدا: ئەم بەشە تایبەتە بە ڕەمەک و پاڵنەرە ئەزەلییەکانی پارێزگاری کردن لە ژیان و مانەوە، شوێنێکی پەسەندە لای ئەو منداڵانەی جەستەیەکی لاواز و بێ هێزیان هەیە، ئەوانەی دەروونییان دووچاری شکست هاتووە و زۆر هێمن و جێگیریشن، هەرچی ناوچە و شوێنی سەرەوەی پەڕەیە ناوچەی خەیاڵ و پەرەسەندن و هەنگاونانە. ناوچەی چەپی پەڕەکان شوێنێ بۆ ڕابردووەکان، ئەو منداڵانە پەسەندی دەکەن کە ئارەزوویان هەیە بۆ ڕابردووەکانیان بگەڕێنەوە و بەسەر خۆیاندا داخراون. ناوچەی ڕاست مانای دوارۆژ و سەرکەوتن و کرانەوە بەسەر جیهانی دەرەکیدا، ئەو منداڵانەی وەک خوویەک و هەمیشە لە بەشی سەرووی پەڕەکەدا وێنەکان دەکێشن هەمیشە ئەو گریمانەیە دەبەخشن کە سەرکەوتنی بێ وێنە دەستگیر دەکەن کە کاری بۆ دەکەن.

نیگاری منداڵان ئامرازێکی باشن بۆ تێگەیشتنی دەروونییان و هەست و خولیاکانیان، هەروەها پاڵنەر و ڕوانینیان بۆ خودی خۆیان و دەوروبەریان، گەورەکان بە وشە دەربڕین وەلێ منداڵ خاوەنی ئەو زمانی وشەسازییە نین، بۆ دەربڕینی هەستەکانیان، پاڵنەرە دەروونییەکانیان لەڕێی گەمە و یارییەکانەوە، پاشان ڕاستەوخۆ لەمیانی وێنەکێشانەوە ئەو شتانە ڕەنگ پێ دەدەنەوە، هەربۆیە پێویستە لەو چاوگەوە دیالۆگیان لەگەڵدا ساز بکرێت، بۆ نزیکبوونەوە لەو پەرچەکردارانە دەڕوانینە ئەو وێنانەی منداڵان بۆ کەسایەتییەک و پۆرترێتەکان دەیکێشن.

نیگاری کەسێکی زۆر گەورە و زەبەلاح: هەمیشە نەخشاندنی شێوەی مرۆڤ بە گەورەیی و زێدەڕۆییەکی تەواو لە قەبارەیدا بۆ هەستی شەڕانگێزی دەگەڕێتەوە، لەگەڵ ئەو هەستانەدا کە تێکەڵاوی خەڵک و کۆمەڵ نابن، لەبەر ئەوە وەک تەنزێک وێنە و قەبارەی کەسایەتییەکان گەورە دەکەنەوە.

نیگاری کەسێکی زۆر بچووک و لاواز: دەوترێت وێنەکێشانی ئەم جۆرە کەسایەتییانە بۆ هەست کردن بە کەمی و بەهەند وەرنەگرتنی خود دەگەڕێتەوە، هەروەها ڕاڕایی و شەرم و هەست کردن بە خەمۆکی کە منداڵێک خۆی بخواتەوە، لەم جۆرە نیگارەدا سرنج دەدرێت، تەنانەت سیما و ڕوخساری کەسایەتییەکە تەواو نەکێشراوە و زۆر لە خەسڵەتە بەرچاوەکانی واز لێ هێنراوە.

سەر: ئەگەر منداڵ لە نەخشاندنی کەللەسەردا زێدەڕۆیی کرد مانای گەورەکردنەوەی خود و (من) دەگەیەنێت، هەرچی ئەو منداڵانەش کە خاوەنی دەروونێکی تەندروستن قەبارەی سەر بەو شێوەیە دەکێشن کە لەگەڵ جەستەدا بگونجێت و هاوسەنگی دەپارێزن.

دەم: ئەو منداڵانەی زۆر قسە دەکەن و شەڕانگێزن وێنەی دەمەکان بە گەورەیی دروست دەکەن بەهاوشانی ددانی گەورە کە بیانەوێت قەپاڵ بگرن، بەپێچەوانەشەوە منداڵانی ئارام و تەندروست وێنەی دەمەکان وەها دەنەخشێنن کە هاوسەنگ بێت بە قەبارە و شوێنی شیاوی خۆیان.

چاو: ئەو منداڵانەی شپرزە و ڕاڕان و هەست دەکەن لەژێر چاودێری کردندان، زۆرینەیان وێنەی چاوی گەورە و کراوە دەکێشن کە گومڕان و دردۆنگن، ئەوانەی بەشێوەی بازنەی بچووک دەینەخشێنن دژکردەوەی خێرایان هەیە و زوو هەڵدەچن، هەرچی چاوەکانیش دروست ناکات و

گرنگی پێ نادەن ئەو منداڵانەن کە ئارەزووی تێکەڵاوبوونیان نییە.

لووت: بەشێوەیەکی ئاسایی ئەو منداڵانەی کۆمەڵایەتین وێنەی لووت بەو چەشنە دەکێشن کە شیاو بێت بە ڕوخسار و قەبارەی جەستە، جەختکردنەوە لە کونە لووتەکان و گەورەکردنیان بەواتای شەڕانگێزی دەکەوێتەوە.

مل و قورگ: ئەو منداڵانەی وێنەی ملێکی زۆر درێژ دەکێشن مانای ئاستەنگ و گرفت دەگەیەنێت بۆ نەگەیشتن بە ئامانج و ئومێدەکانیان، هەرچی ئەو منداڵانەشن کە ئازار دەچێژن و خەمبارن وێنەی قورگ و مل ناکێشن و وەلای دەنێن.

دەستەکان: ئەو دەستانەی ڕووە دەرەوە کێشراون و درێژبوونەتەوە ئارەزووکردنە بە گەیشتن بە ژینگە و دەوروبەر و ئەوانی دیکەوە، هەروەها بوونی هەستی یارمەتیدان و چاکەخوازیی، لەپ و دەستی گەورە لە نیگاری ئەو منداڵانەدا هەن کە دزی دەکەن، دەستە بچووکەکانیش مانای نەبوونی ئارامی و کەمی فرتوفێڵ و زۆرزانی، منداڵێکیش کە لاواز و زەبوونە و بەسەر خۆیدا داخراوە و پیش دەخواتەوە هەمیشە و بەردەوام لەبیری دەچێتەوە نیگاری دەستەکان بکێشێت.

## دەربڕین و گوزارشتە هونەرییەکانی نیگاری منداڵان

سەرەتای چەمکی نوێی (گوزارشتی هونەریی منداڵان) کە لای بایەخدارانی پەروەردەی هونەری پێ دەڵێن (هونەری منداڵ) لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمەوە سەری هەڵدا، پاش ئەو گرنگیدانە زۆرەی لەلایەن (ستانلی هۆڵ)ـەوە پێی درا دوای گەڵاڵەکردنی هزر و بۆچوونەکانی (ژان ژاک ڕۆسۆ) و (هربرت سبنسەر) و (پاستالۆزی) و (فۆربێل) دەربارەی توێژنەوەی پێویست سەبارەت بەو بوونەوەرەی هەموو قۆناغ و گەشەسەندنەکان بەخۆوە دەبینێ و ناوی (منداڵ)ـە، نەک لەو تێڕوانینەوە تەماشا بکرێت کە وێنەیەکی بچووک کراوەی مرۆڤی پێگەیشتووە. مەبەست لە گوزارشتی منداڵ، یان (هونەری منداڵ) هەموو ئەو هێڵ و ڕەنگ کردنانەیە کە لەسەر ڕووبەری کاغەز و دیوارەکان تۆمار دەکرێن.

ئێستا پاش تێپەڕبوونی سەدەیەک لە دۆزینەوەی شێوازی دەربڕینی منداڵان، ئەو هێڵکاری و کارکردنانە تەنیا بە وێنە و نیگارەکان تەماشا ناکرێن، بەڵکو وەک سەرچاوەیەکی ڕوونی گوزارشتە دەروونییەکان لێک دەدرێنەوە، هەروەها توانستی کارکردن لە بواری شێوەکاریدا، ئەمەش پەڕینەوەیەکە لە کاری ڕووتەختەوە بەرەو بینگە و دوورییەکانی وەک درێژی و پانی و دەربڕینی ڕەنگەکان و کارە بەرجەستەییەکانی وەک پەیکەرسازی و گڵێنە و پێکهاتە هونەرییەکان. لەدوای ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە ئیدی بەرهەمی منداڵان بووە مایەی سرنج و پێزانینەکان و بەهەند وەردەگیرێت، سەرجەم توێژینەوەکان پێیان وایە منداڵ هەر لە یەکەم ساڵی تەمەنییەوە کە بتوانێت کەرەستەکان بەدەستەوە بگرێت دەڕۆستی گوزارشت کردن دێت و پێ بەپێی ژیانی تا هەژدە ساڵی لەگەڵیدا دەمێنێتەوە، خۆ ئەگەر لەو تەمەنەش زیاتر تێپەڕ بکات، ئەوە دەبێتە پیشە و خولیا و ڕژانە نێو کایەی هونەری شێوەکارییەوە، واتە بوون بە هونەرمەند.

لەبەر ئەوە (وێنەکان) و دەربڕینەکان کە ئیدی لە قوتابخانەدا بەئەنجام بگەیەنرێن، یان ماڵەوە و بێ ڕێنمایی هیچ کەسێک بە (هونەر) ناوزەد دەکرێ و پێکهاتە و سروشت و بنیادی منداڵان دەخەملێنێ.

## قۆناغەکانی پێگەیشتنی گوزارشتی هونەری و خەسڵەتەکانیان

دەربڕینی منداڵان بەتایبەتیش لە نیگارکێشاندا بە قۆناغی پێگەیشتنی جیاوازدا تێپەڕ دەبێت، پێگەیشتن لەخۆیدا بەمانای دەوڵەمەندبوونێکی بەردەوام، ئەمەش بێ کەموکوڕی نابێت، وەک چۆن لە چەند شتێکدا دەوڵەمەندبوون ڕوودەدات، بەو شێوەیەش لە چەند لایەنێکی دیکەوە بۆشایی و کەموکوڕی دێتە کایەوە، چەند خەسڵەتێک لە قۆناغی دیاریکراودا دەردەکەون و لە قۆناغی دیکەدا ون دەبن و خەسڵەتی دیکە جێیان دەگرنەوە، ئەوەش بەپێی بەرکەوتن بە ژینگە و دەوروبەر و گۆڕانێکی تەواو لە ئەقڵ و بیرکردنەوە و ویژدان و جەستەدا، منداڵ لە دەسپێکەوە کاتێک قەڵەم بە کاغەزدا دەهێنێت ئەو پێگەیشتنەی دەخاتە ڕوو و لەمیانی کارەکانیدا قۆناغ بۆ خۆی دیاری دەکات، پێگەیشتنی دەربڕینی هونەریش بەسەر سێ قۆناغی جیاوازدا دابەش دەبن کە بریتین لە قۆناغی هێڵکاری و قۆناغی دەربڕینە

سیمبولییەکان و قۆناغی دەربڕینی چاکسازی.

قۆناغی هێڵکاری: ئەم قۆناغە بە دەسپێکی دەربڕینی منداڵ دەناسرێت کە لە تەمەنێکی زووەوە ئەنجامی دەدات، لە تەمەنی یەک ساڵ و یەک ساڵ و نیوەوە دەست پێ دەکات و تا چوار و پێنج ساڵی دەخایەنێت، یان پێش چوونە خوێندنگا، ئەوەش بەپێی هاندانی منداڵ لەلایەن خێزان و گەورەکان و دەوروبەرەوە، لەم قۆناغەدا منداڵ پشت بە سکێچ و هێڵکاری هەڕەمەکی و شەقڵی پقڵی، یان هێڵکاریی مەبەستدار دەبەستێت، بێ گومان لەو وەختەدایە کە قەڵەم بەدەستەوە دەگرێ و بە شێوەی بازنەیی و تێکەڵ و پێکەڵ دەکەوێتە سەر ڕووپەڕ.

قۆناغی هێما و سیمبولەکان: پاش ئەوەی منداڵ بە هێڵکاریدا تێپەڕدەبێت و فەرهەنگ و زانیارییەکی لەلا دروست بووە، ئیدی ئەو هێما و فۆرمانەی هەستیان پێ دەکات لە سروشت و دەوروبەردا گوزارشتیان لێ دەکات، لێرەوە درکی هێمایی دەکات و چەندین خەسڵەت بەخۆوە دەبینێت، لەوانە:

**یەکەم:** سیمبولی: وشەی هێما مانایەکی تایبەتی هەیە لە نیگاری منداڵدا، ڕۆچوونە ناو بیرۆکە و شێوەیەکی کورتکراوەی هەیە و زۆرینەی وردەکارییەکان فەرامۆش دەکات.

**دووەم:** هێڵی زەمین: هێڵێکە تەریب دەبێتەوە بە ڕووبەری کاغەزەکە، منداڵ وەک زەمینێک دەینەخشێنێ تا شتەکانی لەسەر وێنە بکات، ئەوەش پێوەندی بە ڕەگەزەکانەوە هەیە و جەخت لە بوونی زەوی دەکرێتەوە تێیدا.

**سێیەم:** بەڕووبەرکردن: دیاردەیەکە منداڵ دەیەوێت شێوە و فۆرمەکان لەیەکدی جیابکاتەوە، پاشان ڕووبەر و بینگەی سەربەخۆ دەکێشێت وەک ئەوەی لە یەک کاتدا لە چەند ڕوویەکەوە تەماشای بکات.

**چوارەم:** گۆڕینی باری نموونەیی: منداڵ هەوڵ دەدات بینگە و بارێکی گونجاو بۆ بەدەرخستنی شێوەکان بدۆزێتەوە، بۆ هەر فیگەر و تەن و فۆرمێک بارێکی شیاو وێنە دەکات تا باشتر شتەکان بخاتە ڕوو.

**پێنجەم:** گەورەکردن: منداڵ پەنا دەباتە بەر بەرجەستەکردنی بایەخدانەکانی ئەوەش لەڕێی گەورەکردنەوەی شێوەکان.

**شەشەم:** بچووک کردنەوە: ئەمەش بەپێچەوانەی گەورەکردنەوە منداڵ لەبەر پاڵنەرە دەروونییەکانی ئارەزوو دەکات هەندێک وردەکاریی بچووکتر بکاتەوە.

**حەوتەم:** لابردن: منداڵ هەموو ئەو شتانە وەلا دەنێ و لایان دەبات کە هیچ ئەرک و گرنگییەکیان بەلایەوە نییە.

**هەشتەم:** ساناکردنەوە: منداڵ هەوڵ دەدات بۆ ئاماژەدان بە شتەکان کەمترین هێڵ بەکاربهێنێ.

**نۆیەم:** ڕوونی و ئاشکرا کردن: ئەمەش دیاردەیەکە گرنگییەکانی منداڵ دەخاتە ڕوو بۆ ئاشکرا کردنی ئەو شتانەی دەیانزانێت نەک ئەو شتانەی کە دێنە پێش چاوی.

**قۆناغی چاکسازیی:** لەم قۆناغەدا ئیتر منداڵ هەوڵ دەدات بنەما و یاساوڕێساکانی وێنەکێشان دەستگیر بکات، هەر لەم ماوەیەشدایە کە لە منداڵییەوە پێ دەنێتە هەرزەکارییەوە کە گۆڕان بەسەر هزر و بیرکردنەوەیدا دێت و پێزانینی ئەو شتانەی دەیانزانێت دەگۆڕێتە سەر گرنگیدان بەو شتانەی کە دەکەونە بەر چاوی.

# شیعرییەتی عەرەبی

هاشم سەڕاج

شیعرییەتی عەرەبی کتێبێکی «ئەدۆنیس»ە عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ئەم کتێبە وێڕای پێشەکییەکەی ئیف بۆنفوا، شەش بابەتی لەخۆ گرتووە کە بریتین لە: شیعرییەت و شەفەویەتی جاهیلی، شیعرییەت و فەزای قورئانی، شیعرییەت و فیکر، شیعرییەت و تازەگەری، پاشکۆ، ئەدۆنیس لە هەولێر، هەروەها وەرگێڕی کوردی پەراوێزێکی بەرفراوانی بۆ وشە و چەمکی زاراوە جۆراوجۆرەکان داناوە، پەراوێزکارییەکە هەوڵ و کۆشش و وردبینی و ماندووبوونێکی زۆری پێوە دیارە، لەم خوێندنەوەیەدا هەوڵ دەدەم بەشێک لە پوختەی بابەتە جۆراوجۆرەکان بخەمەڕوو، ئیف بۆنفوا لە پێشەکییەکەیدا لەژێر ناوی یەکبوونی داهێنانی شیعری سەبارەت بە ئەدۆنیس و ئەم کتێبە دەڵێت: ئەو چوار لێکچەرەی کە ئەم کتێبەی لێ پێکهاتووە، لە ئایاری ١٩٨٤دا لە کۆلێژی «دوفرانس»ی فەرەنسا، لەسەر بانگهێشتنی کۆمەڵێک مامۆستا، پێشکەشکراوە، مەبەستی ئەوەیە کە ئەدۆنیس لەم بانگهێشتکردنەدا سیما گرنگەکانی ئەو شیعرییەتەی کە بە میرات بۆی ماوەتەوە پێشکەش بکات، ئیف بۆنفوا ئاماژە بەوەش دەدات «کە ئێمە دووبارە لە خوێندنەوەی ئەدۆنیس ئەوە فێر دەبین کە دەبێ لە کەلەپووری شیعریی تایبەتی خۆمان لەچەرخی ناوەڕاست هەتا سوریالییەت باشتر تێبگەین، چونکە وا پێدەچێت هەر ئەو تێگەیشتنە لە دەقەکانی سەردەمە کۆنەکانی ئەرزی ئیسلام ڕێگای بۆ ئەدۆنیس کردبێتەوە» ئەدۆنیس لە بارەی شیعرییەت و شەفەویەتی جاهیلی.. زۆر بە وردی لە بنەچەی شیعری زارەکی «الشفوية» عەرەبی لە جاهیلیدا دەدوێت و پێی وایە ئەم جۆرە شیعرە لە بنەڕەتدا سەر بە ڕۆشنبیری «دەنگی - بیستن»ە، هەروەها شیعری جاهیلی بەشێوەی نووسراو تۆمار نەکراوە، بەڵکو لە ڕێگەی گێڕانەوە و یادەوەرییەوە پارێزراوە. [چونکە شیعری جاهیلی بەشێوەی - سروود- ئاوازخوانی لە دایک بووە، واتە وەک بیستراو،



نەک وەک خوێنراوە، یان وەک گۆرانی «Song» نەک وەک نووسین، لە شیعری جاهیلیدا ڕوحی زیندوو، دەنگە مۆسیقاش مۆسیقای جەستەیە، وەک ئاخاوتن وایە شتێکی دیکەشە] ئەدۆنیس لەم لێکۆڵینەوەیەدا کە سەبارەت بەشیعری جاهیلی ئەنجامی داوە، ئاماژەی بە کۆمەڵێک سەرچاوەی جۆراوجۆری دێرین داوە کە بایەخیان بە دنیای ڕەوانبێژی و زانستەکانی بەدیع و بەحرەکانی عەرووز و چەمکی کێش و سەرواو سەجع و مۆسیقای دەنگ و زانستی زمان داوە، وەرگێڕی کوردیش یەکە یەکەی چەمک و مانای زاراوەکانی لە پەراوێزی کتێبەکەدا شی کردووەتەوە، چونکە ئەدۆنیس پێی وایە «لە شیعری جاهیلیدا هاوگونجانێکی قووڵ لەنێوان بەهای ئاخاوتن و دەنگ و ناوەڕۆکە سۆز ئامێز و هەڵچوون ئامێزەکەیدا هەیە».

شیعری جاهیلی بایەخ بە شەفەویەت و بیستن و گوێگر دەدات، بایەخ بە کۆمەڵێک تێمە، یان بابەت دەدات کە پێشتر لای گوێگر ئاشنایە، وەک شەڕ و کاریگەرییەکانی، سەرکەوتن و هەرەسهێنان، یان شاعیری جاهیلی لە دەقە شیعرییەکاندا هەوڵی دەدا ڕووداوەکان بەشێوەیەک ڕوون بکاتەوە کە بیسەر، یان گوێگر دووچاری جۆرێک لەسەرسامی و حەپەسان بکات، بۆیە شاعیری جاهیلی کەمتر قسەی لە حاڵەتە خودگەرایی و فەردانیەتی خۆی دەکرد، زۆرتر وەک شاهیدێکی ئاوازخوان لە کۆمەڵ و ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان و سەرکەوتن و نوشستییەکانی خێڵ، یان عەشیرەت دەدوا، کەواتە [نەدەبوو لە گوتنی شیعری جاهیلیدا یەکێتی گوتراو، فرەیی گوتن، هەموو ئەو پارادۆکسانە نامۆ بکەونەوە]، بۆیە شیعرکان ڕاستەوخۆ لەلایەن بیسەرانەوە لەبەر دەکران، یان ئەزبەر دەکران، چونکە شاعیری جاهیلی هەوڵی دەدا شیعرەکانی بە ئاوازخوانی بخوێنێتەوە، وەک «جاحز» دەڵێت (شیعر لە دەمی بێژەرەکەیەوە جوانە)، لە هەمان کاتدا شاعیر زۆرتر پشتی بە هەستی بیستن دەبەست، گوێگر لای شاعیری جاهیلی ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو، بە تایبەتی لە ڕووی کێشکردن و کاریگەرییەوە، بۆیە ئیبن خەلدوون دەڵێت: «هەستی بیستن لە جاهیلیدا بنەچەی ئاگایی ئاخاوتن و شادی بووە»، لەبەرئەوەی شاعیری جاهیلی لە هۆنینەوەی شیعردا زۆرتر بایەخی بە ئاواز و ئاوازخوانی داوە و [شیعری لە ڕێگەی ئاوازەوە هاوسەنگ دەکات].. یان [ئاواز تەرازووی شیعرە].. یان ئەوەتا «ئیبن ڕەشیق» دەگاتە ئەو حاڵەتە کە بڵێت [ئاوازخوانی بنەچەی «سەروا و کێش»ـە بە جەخت کردن لەوەی کە کێشەکان ڕێسای میلۆدین و شیعرەکان پێوانەی ژێیەکانن].. زۆربەی بۆچوونەکان ئەوە دەردەخەن کە شیعر لەلای عەرەبی جاهیلی گۆرانی و ئاوازخوانی بووە بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەش.. کتێبی «الأغاني»ی (أبی الفرج الاصفهانی)، کە بریتییە لە بیست و یەک بەرگ و دانەرەکەی پەنجا ساڵ خەریکی نووسینی بووە، هەروەها ئیبن خەلدوون پێی وایە ئاوازخوانی لە سەرەتای ئیسلامدا بەشێک بووە لە هونەر، چونکە پاشکۆی شیعر بووە، بۆیە لە «المقدمة»دا دەڵێت «ئاواز شیعرە کێشدارەکانە، لە ڕێگەی دابڕکردنی دەنگەکان لەسەر بنەچەیەکی ڕێکوپێک» لێرەدا ئەدۆنیس ئاماژە بە دەقگەلێکی کۆنی سەردەمی جاهیلی و ئیسلامی دەدات، کە لێوانلێون لە ڕەوشی ئاوازخوانی، بەشێوەیەکی وردیش لە چەمکی سروود و جومگەکانی کێش و ئیقاع و نەغمەو نەواو و سەروا دەدوێت، هەروەها «السجع» کە ئاخاوتنێکی سەرواداری بێ کێشە، چونکە لە جاهیلیدا ڕیتم «rhytm» بەسەرواداری دەستی پێکرد، دواتر بە وردی بەحرەکانی عەرووزی خەلیلی فەراهیدی شی دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی فەراهیدی «کێش بۆ شیعر و ڕیتمی بۆ موزیک بەکارهێناوە».

ئەدۆنیس جەخت لەوەش دەکات کە سەرواداری بۆ سەرەتای ئیسلام دەگەڕێتەوە، پاشان بەرە بەرە ون دەبێت، هەروەها بە وردی لە چەمکی «سجع الكهان» دەدوێت.. کە پێوەندی بە غەیبزانی و جادووگەری و سەردەمی جاهیلییەوە هەیە، بەڵام شێوازی سەرواداری لە شێوەکانی پەخشانی ئەدەبیدا، بە تایبەتی لە گوتار و نامە و مەقامەکاندا سەری هەڵدایەوە تا گەیشتە پلەی زێدەڕۆیی. ئەدۆنیس دواتر لە پێکهاتەی قەسیدە و چەمکی

قەسیدە دەدوێت، کە وشەی قەسیدە لە «قصد» واتە نیاز، یان مەبەست، هاتووە، کە «ئیبن خەلدوون» وای دەبینی [کە ناوی قەسیدە لە خۆ لادان لە بابەت خاوەنەکەی هاتووە، لەوەی کە نیازبەتی و دەرچوون لەو نیازە، لە هونەرێکەوە بۆ هونەرێکی دیکە، لە نیازێکەوە بۆ نیازێکی دیکە، نابێ لە نیازی یەکەم و ماناکەی بنێت، بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ نیازی دووەم بگونجێنێت، بەڵام من وای بۆ دەچم ئەم بۆچوونەی ئیبن خەلدوون لەخودی زمانەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە وەک لە زانستی زماندا هاتووە کە زمان بۆ خۆی خاوەن خودێکی ئیرۆنی، یان ئایرۆنییە، ئەوەی ڕاستەوخۆ دەیدرکێنێت مەبەستی ئەوە نییە، یان بەشێوەیەکی تر لە پشت ئەوەی دەیدرکێنێت مەبەستێکی شاراوەی تر هەیە، بەڵام «جاحز» دەڵێت: [بۆیە قەسیدە وا ناونراوە، چونکە ئەوەی دەیڵێت لە خولیاو خەیاڵی خۆی دروستی دەکات و نیازێکی تێدایە]. لەلایەکی دیکەوە ئەدۆنیس پێی وایە بوونی دێر لە خودی قەسیدەدا یەکەیەکی سەربەخۆیە و پێوەندی بە پێداویستی ئاوازخوانی و گۆرانی گوتنی گوێگر و بیسەرەوە هەیە، بە هیچ شێوەیەک پێوەندی بە سروشتی عەقڵی عەرەبییەوە نییە، کەواتە پێویستە لە قەسیدەدا [ئاماژە بە سەروا بکەین کە لە پلەی یەکەمدا تایبەتمەندییەکی ئاوازخوانی - موزیکییە]، مەبەستی ئەدۆنیس ئەوەیە کە دەقی شیعری جاهیلی هەڵگری بنیادێکی ڕیتمی، یان مۆسیقییە و زۆرجار بەشێوەی کۆنسێرتێک پێشکەش بە گوێگر، یان بیسەر کراوە.

ئەدۆنیس وای بۆ دەچێت «کە بەشی زۆری ڕەخنەی شیعری عەرەبی لە چاخەکانی دواتر، لەسەر تایبەتمەندییەکانی شیعری شەفەوی جاهیلی دامەزراوە، وەک چۆن لە هەمان کاتدا تیۆروانینیش بۆ شیعریەتی عەرەبی دامەزراند» مەبەستی ئەوەیە کە ئەو پێوەر و یاسایانە تا ئێستاش لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبیدا کاریان پێدەکرێت و کاریگەرییان بەسەر ئەدەبەوە هەیە، بۆیە لێرەدا ئەدۆنیس ئاماژە بە چەمکەکانی هەریەک لە لێکدانەوە و کێش و گوێگرتن دەدات و دواتر وشەو زاراوەکانی ئیعراب و بەیان و چەندین زاراوەی تری زانستی بەدیع و ڕەوانبێژی شی دەکاتەوە، هەروەها لە هەوڵەکانی ئەبولئەسوەد ئەلدوئەلی دەدوێت بە تایبەتی لە بواری ئیعراب و حونجەدا کە چۆن دواتر ئەم کارە زمانەوانییە لەلایەن خەلیلی کوڕی ئەحمەدی ئەلفەراهیدییەوە تەواو دەکرێت، هەروەها ئاماژە بە کتێبی «موزیکی مەزن»ی فارابی دەدات.

فارابی پێی وایە شیعر و موزیک بۆ یەک ڕەگەز دەگەڕێنەوە، ئەویش دانان و کێشە...تاد، بەڵام ئەوەی دەتوانم بیڵێم ئەدۆنیس لەم لێکۆڵینەوەیەدا کە بۆ کولتووری شیعری عەرەبی جاهیلی ئەنجامی داوە زیاتر بەدوای پێوەندییەکاندا دەگەڕێت، مەبەستم ئەو ڕەگەزە جۆراوجۆرانەیە کە دەقی شیعری رووە و جووڵە و پێکهاتەی هونەری مەعریفی دەبەن، یان بنیادی گشتی دەق، بەڵام شیعرییەت، یان شیعرگەرایی لە دەقی شیعری جاهیلیدا زۆرتر بە گوێگرەوە بەندە و توانایی بەهرەی شیعریش لەو کاریگەرییەدا قەتیس دەکرێت، ئاخۆ شیعر تا چ ڕادەیەک کاریگەری بەسەر گوێگر، یان بیسەرەوە دەبێت، بە تایبەتی لە ڕووی مۆسیقاو ئاوازخوانییەوە، ئەمەش وا لە شاعیری جاهیلی دەکات کە هەمیشە سەرقاڵی بابەتە گشتی و باوەکان بێت و هەست و بیرکردنەوە خودگەرایی و فەردانییەکانی فەرامۆش بکات، یان بەشێوەیەکی تر لە سنووری تێگەیشتنی گوێگر تێنەپەڕێنێت، ئەمەیش خۆی لەخۆیدا کۆتوبەندکردنی ئاست و ڕەهەندی بیرکردنەوەکانی شاعیری جاهیلی دەردەخات کە هەوڵ دەدات بۆ چێژی گشتی بنووسێت، بۆیە ئەدۆنیس دەڵێت: «بەم جۆرە لە ڕووی ڕەخنەوە تەماشای شیعر دەکرا، لە ڕێگەی پێوانەی کاریگەری ئاواز خوانییەوە، شیعرییەت، یان «شیعرگەرایی» لەسەر ئیستێتیکای گوێگرتن و خۆشییەکانەوە بنیاد دەنرا... ئەوە وای کرد شیعر و فیکر لێک جیا بێتەوە...].

ئەدۆنیس وای بۆ دەچێت کە ئەو دابڕانەی نێوان شیعر و فیکر جەخت لە ئیستێتیکای شەفەوی جاهیلی دەکاتەوە، هەڵبەتە دەقی شیعری شەفەوی جاهیلی وێڕای متمانەکردنی لەسەر ڕیتم «ئیقاع» و مۆسیقای شیعری کە هۆکارێک بووە بۆ زوو لەبەرکردن لەلایەن گوێگر، یان بیسەرەوە، هاوکات وەک نیاز و بابەتی شیعری لەم بوارانەدا گوزارەی

کردووە. ستایش، سوارچاکی، غەزەل، ئازایەتی و چاوتێری، پیاهەڵدان، داشۆرین، وەسف، هەروەها کارامەیی لە دەست پێکردن و جوانی لە کۆتایی پێهێنان، ئەدۆنیس دەڵێت:

عەرەبەکانی جاهیلی لە ڕیتمی شیعریی و لەسەر بنەمای سەروا خۆیان لە گەلانی دیکە جیاکردووەتەوە، هەندێک لە توێژەران وای بۆ دەچن کە سەروا بنچەی ڕێ نیشاندانە بەرەو کێش، چونکە لەو کۆنترە، هەشە خەسڵەتی کێشی سەرواداری لە شیعری جاهیلیدا بۆ قۆناغی وشترەوانی دەگێڕێتەوە، کە عەرەبە وشترەوانەکان لە بیاباندا بەدەم ڕێکردنەوە جۆرێک لەو سۆزەیان دەکرد و ڕستە لیریکییەکان هەڵگری کێش و سەروا بوون، هاوکات ئاوازێکی تایبەتی و جیاوازیان هەبوو، ئیتر لەوێوە پارێزگاریکردن لەسەروا بووە نەریتێکی شیعری جاهیلی.. لێرەدا ئەدۆنیس دەڵێت: [لە هەموو ئەوانەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە چۆن قەسیدەی جاهیلی بە تایبەتمەندییە ئاوازخوانییەکەی و یەکبوونی نێوان جووڵەی ئاخاوتن و جووڵەی جەستە، خۆی جیا دەکاتەوە و فرە جۆرە دەکەوێتەوە... هەروەها لەسەر ئاستی یادەوەری بەهۆی دووبارەکردنەوە و بەبیرهێنانەوە و دەرخکردن خۆی جیا دەکاتەوە].

ئەدۆنیس لە هەمان ڕوانگەوە لە تەنگژەی ڕەخنەی شیعری عەرەبی دەدوێت کە پێی وایە تا ئێستا ڕەخنەکاری عەرەبی بە هەمان ڕێساو پێوانەی شیعری شەفەوی و ئاوازخوانی جاهیلی لە دەقی شیعری نووسراو دەڕوانێت، شیعری جاهیلی بە یەکەمین شیعری عەرەبی دادەنرێت و تێیدا گوێمان لە دەنگەکانی زمان دەبێت و بەشێکی گەورەی نائاگایی، یان نەستی گشتی عەرەبیشی لەخۆدا حەشارداوە، هەروەها یەکەمین سەرچاوەی خەیاڵی ئێمەیە، بەڵام گوتاری ڕەخنەی عەرەبی هەوڵی داوە لە هەمان ڕوانگەی شیعری شەفەوییەوە ڕێساو پێوانەیەکی ڕەها بۆ شیعریەتی دەقی نووسراو دیاری بکات، یان شێوازێکی تر گوتاری ڕەخنەیی دەیەوێت لە ڕوانگەی شیعری شەفەوییەوە لە شیعری نووسراو بڕوانێت، لە کاتێکدا شاعیری سەردەمی جاهیلی زۆرتر پشتی بە ڕۆشنبیری دەنگی و کولتووری بیستنگەرایی دەبەست، هەروەها حەز و ئارەزوو و هەست و هەڵچوونەکانی تێکەڵ بە هەست و هەڵچوونەکانی کۆمەڵ، هۆز، یان قەبیلە دەکرد، خەلیل وەک مرۆڤێکی بەتوان لە ڕوانگەی زانست و ڕەوانبێژی و زانستی زمان و موزیکەوە زمانی بە سیستەم و بنیاد لە قەڵەم دەداو زۆر بە وردی کاری لەسەر کێش و بەحر و ئاواز و ڕیتم و نەغەم و میلۆدی و مۆسیقای زمانی شیعری جاهیلی دەکرد، هاوکات بایەخدان و پاراستنی کێشەکانی شیعر لەلایەن خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدییەوە کەشێکی لەباری ڕەخساند بۆ لەبەرکردنی دەقی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر، لێرەدا ئەدۆنیس پێی وایە ئەوانەی دوای خەلیل هاتن، بەتایبەتی لە بواری ڕەخنە و شیکردنەوەدا خوێندنەوەیەکی ناسیونالیستی و ئایدیۆلۆژییان بۆ کارەکانی «خەلیل» کرد و بۆ ئاست و پلەیەکی پێوانەیی بەرز کرایەوە، ئەمەش لەژێر کاریگەری ململانێی سیاسی- ڕۆشنبیری- ناسیونالی نێوان عەرەب و ئەوانی دیکەدا ڕووی دا، بەم جۆرە لەبری ئەوەی شیعر بە ئازادی بهێڵنەوە و جیهانی داهێنان ڕوو لە کرانەوە بکات هاتن شیعریان لە ڕێسایەکی ڕێکوپێک و دیاریکراودا گەمارۆ دا، مەبەستی ئەدۆنیس ئەوەیە کە پێویستە لێرە بەدوا گوتاری ڕەخنەی عەرەبی بەشێوازێکی جیاواز و بەزەینێکی کراوە لەو کەلەپوورە بڕوانێت و بەدوای بۆشایی و کەلەبەر و کەموکورییەکاندا بگەڕێت و بێدەنگییەکان بە پەیڤین بێنێت، مەبەستی ئەدۆنیس ئەو کەموکورییانەیە کە جێیان هێشوون، بە تایبەتی کەموکوڕی تەکنیکی و ئەو ئاڵۆزییانەی کە لەگەڵ سروشتی زمانی شیعری ناکۆک دێتەوە، چونکە زمان لای ئەدۆنیس لە ڕووی تەقینەوە و سۆز و جیاوازییەکانەوە چەشنی مرۆڤ وایە، هەمیشە لەدرەوشانەوە و نوێبوونەوە و جیاوازیدا خۆی هەڵدەگرێتەوە، هەمیشە فۆرمێکە لە فۆرمەکانی تێپەڕاندن و تەکنیک و ئاڵۆزی.

ئەدۆنیس لە بابەتی دووەمدا بەناوی «شیعریەت و فەزای قورئانی.. هەمدیس ئاماژە بە هەوڵەکانی خەلیلی کوڕی ئەحمەدی ئەلفەراهیدی دەدات و پێی وایە

فەراهیدی یەکەمین کەس بووە کە سەرنجی لە زارەکی، شەفەوییەتی شیعری عەرەبی داوە، بایەخەکەشی لە کێش و سەروادا دەستنیشان کردووە. ئەدۆنیس لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەیدا بەدوای بزووتنەوەی گواستنەوەدا دەگەڕێت، گواستنەوەیەک چۆن شیعرییەتی شەفەوی بەرەو شیعرییەتی نووسین دەبات، هەڵبەتە ئەم حاڵەتە لە فەزای قورئاندا دەدۆزێتەوە، یان بە شێوازێکی تر گەڕان بەدوای چەمکی شیعرگەرایی لە شەفەوییەتی جاهیلییەوە کە زیاتر لە بواری ئاوازخوانیدا بەرجەستە کراوە بەرەو هەمان چەمک لە فەزای قورئاندا، بۆ ئەم مەبەستەش ئەدۆنیس پشت بە کۆمەڵێک سەرچاوەی دەگمەن و دانسقە دەبەستێت کە لە بارەی دەقی قورئانی پیرۆزەوە نووسراون، لە ڕوویەکی دیکەوە کارکردنی ئەدۆنیس لەنێو ئەدەبیاتی تۆمارکراو و نووسراودا ئامانجی سەرەکی ئەو گەڕانە بەدوای توخمی شیعرگەراییدا، چونکە خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی ئەو توخمەی لە ئاوازخوانی شەفەویەتی جاهیلیدا دۆزییەوە و جۆرێک لە تایبەتمەندی بەمۆسیقای شیعری جاهیلی بەخشی، وەک نموونەیەکی جیاواز لەوانی دیکە لە ڕووی شیعر و مۆسیقاوە، یان وەک شوناسێکی تایبەتمەندی عەرەبی، واتە شەفەویەتی جاهیلی لە ڕووی تایبەتمەندییەوە لە کولتووری ئەوانی تر ناکات، بەڵام دواتر ئەم دیاریکردنی کولتوورییە وەک شوناس کۆمەڵێک پێوەری چەسپاو و نەگۆڕی لێ دەکەوێتەوە لە بواری ڕەخنەو ڕەخنەکاری و شیکردنەوەی دەقی نووسراودا ڕۆڵێکی نێگەتیڤ دەبینێت و لە ڕوانگەی هەمان ئەدەبیاتی شەفەوییەوە سەیری دەقی نووسراو دەکرێت، هەروەها وەک چۆن خەلیلی فەراهیدی لەسەر ئاستی ڕیتم بە پێشەنگی شیعری جاهیلی لە قەڵەم دەدرێت، بە هەمان شێوە جاحز لەسەر ئاستی زمانەوانی و تایبەتمەندییەکانی شێوازی شیعری وەک پێشەنگ تەماشا دەکرێت، جاحز لە چەمکی تێگەیشتن و پاراوی ئاخاوتن دەدوێت و پاراوی، یان ڕەوانی بەواژەوە بەند دەکات، جاحز دەڵێت: «لەنێوان هەموو گەلاندا مانا هاوبەشە، بەڵام واژە کورتکراوەیەکی تایبەتە»، کەواتە شیعری شیعرییەت بە «مانا»وە پەیوەست نییە، بەڵکو لە «واژە» دایە.. واتە شیعرییەت لە زمانەوە هەڵدەقوولێت.

لێرەدا حەز دەکەم بە کورتی ئاماژە بە ڕوانینەکانی «جان کوهین» بدەم لە بارەی هەمان بابەت کە لای جان کوهین بە هەمان شێوە چەمکی شیعرگەرایی لە بوونی زمانەوە هەڵدەقولێت، بە تایبەتی لە لادان و ترازان و خزینی زمانییەوە، کە جاحز لەو سەردەمەدا بە چەمکی واژە و زمانەوە بەندی کردووە «ئەدۆنیس»یش لەم لێکۆڵینەوەیەدا کاری لەسەر کردووە. جاحز وەک زمان لە شیعر دەڕوانێت و زمانیش لای عەرەب غەریزە و خۆڕسکییە، بە واتایەکی تر شیعر لای عەرەب لێکنادرێتەوە، بەو مانایە کە بەختێکە لای خوداوەیە، بۆیە ناشێت تەرجەمە بکرێت، چونکە نەزمی گوتنی تێکدەچێت و لە کێش خاڵی دەبێتەوە و جوانی خۆی لە دەست دەدات، ئەدۆنیس لێرەوە ئاماژە بەفەزای قورئان دەدات کە لەسەر ئاستی مەعریفی و گوزارەکردن وەک نووسینێکی نوێ دابڕانی لەگەڵ شەفەویەتی جاهیلی دروست کرد و بنیادی نووسینی لەبەردەم شیعرییەتی عەرەبیدا واڵا کرد، وای کرد لە قووڵاییەکی میتافیزیکییەوە لە چەمکی بوون بڕوانرێت، ئەدۆنیس ئاماژە بە کۆمەڵێک سەرچاوەی دانسقە دەدات کە لە زووەوە دەربارەی دەقی قورئان نووسراون، لەوانە مجاز القران-ی ئەبو عوبیدە، لە ساڵی ٢٠٩ی کۆچی، ئەم کتێبە لە ڕێگەی مجاز- میتافۆر-ەوە لەزمانی قورئان دەکۆڵێتەوە، کتێبی- معانی القرآن- الغراء. ساڵی ٢٠٧ی کۆچی، بەشێوەیەکی سێنتاکسی و زمانەوانی و ئەدەبییەوە ئایەتەکانی قورئان ڕاڤە دەکات و هاوکات لە ڕووی ئامرازەکانی مەجازەوە.. وەک درکە، لێکچواندن، خواستن، پێشخستن، پاشخستن،...تاد پشت بە کولتووری شیعری شەفەویەتی جاهیلی دەبەستێت، پێی وایە ڕەگەزەکانی دەقی قورئانی لە هاوبەندی وشەکان و نەغمەو هارمۆنیەتی دوا ناوبڕی ئایەتەکان پێکهاتووە. - ئیبن قوتەیبە- لە کتێبی - مشکل القرآن- ساڵی ٢٧٦ کۆچی لە ڕووی زانستی بەیان «علم البیان»ەوە، دەقی قورئان شی دەکاتەوە. شێوازێکی تایبەت بە واژەکانی ناس دەکات، لە ڕێگەی پێکەوە گونجان و

هۆگری و ماناکانی نێوانیانەوە، دواتر دەقی قورئانی وەک گوتارێکی عارفانە دەخاتەڕوو، پێشی وایە ئەگەرچی دەقی قورئانی بەپێی ڕێبازی قسەکردنی عەرەبی دەڕوات، بەڵام دەکەوێتە سەرووی ئەوەوە و قسەکردنی عەرەبی ناتوانێت شان لە شانی ئەو بدات.

بەشێک لەو سەرچاوانەی کە ئەدۆنیس لەم لێکۆڵینەوەیەدا کاری لەسەریان کردووە زۆرتر پشتیان بە زانستی ڕەوانبێژی بەستووە، زانستی ڕەوانبێژی سێ جۆرە زانستی لەخۆ گرتووە، زانستی مەعانی «واتاکان»، کە لە هەواڵ و داڕشتن دەکۆڵێتەوە، «الخبر والأنشاء» زانستی بەیان «علم البیان»، بریتییە لە لێکچواندن، خوازە، درکە، زانستی بەدیع «علم البدیع» بریتییە لە ڕەگەزدۆزی «جیناس» تیباق، موقابەلە، تەسریع.. ئەوەتا الرمانی لە کتێبی «النکت فی اعجاز القرآن»دا دەڵێت: «دەقی قورئانی لەجوانترین وێنەی واژەییدا، مانا بەدڵ دەگەیەنێت، هەموو ئە دیاردانەش لە سنووری ڕەوانبێژی- دەکەوێتە نێو شێوازەکان و کاریگەرییەکانی لەسەر دەروون» ئەلرمانی لە وێنەی بەیانی و ڕێگاکانی بەجێگەیاندن و هۆنینەوە و ئەو ناوبرانە دەکۆڵێتەوە پێی وایە وەک ئەوە وان کۆمەڵێک پیتی هەمەڕەنگ بن لە پارچەیەکدا و ئەرکیان جوانگەیاندنی مانا بێت».. ختابی لەکتێبی «بیان اعجاز القرآن»دا کاری لەسەر چەمکی هۆنینەوە و هێنانە ناوەوەی ڕۆشنبیری هونەری لە داهێنانی هۆنینەوەدا کردووە، باقلانی لەتوێژینەوەی بەیانی قورئاندا... هەموو بەراوردکارییەکانی نێوان ئایەت و بەیتە شیعرییەکان و سورەت و قەسیدەکان ڕەت دەکاتەوە، چونکە پێی وایە هۆنینەوەی قورئان جۆرێکە لە بەیان.. کە بە ئاخاوتنی عەرەبی ناچێت.. لەپاڵ ئەم لێکۆڵینەوانەش کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی تریش لە بارەی شیعر و زمان و واتا نووسراون و لە هۆنینەوەی شیعری و چەمکی ڕەخنە دواون، بەڵام ئەدۆنیس پێی وایە دەقی قورئانی بەشێوەیەکی بەیانی دوو خوێندنەوە هەڵدەگرێت، یەکەمیان لە دووتوێی بەیانییەتی شەفەوی عەرەبیدایە و خۆی بە خۆڕسک و ئەسڵ و کۆن پەیوەست دەکات و لەبەر ڕۆشنایی شیعری جاهیلی و ڕەوانبێژی قورئاندا لە بابەتەکە دەڕوانێت، بەڵام خوێندنەوەی دووەم، ویڕای لێدوانی لە چەمکی خۆڕسکی و گرنگییەکانی، لە ڕۆشنبیرییەک دەدوێن کە خودی ئەو خۆڕسکییە لە ئامێزدەگرێت، ئەدۆنیس دەڵێت دەشێ ئەم خوێندنەوە دامەزراوە بە «شیعرییەتی نووسین» ناوبەرین، کە لە خودی شیعرگەرایی شەفەوییەوە هاتووەتە دنیاوە. خاوەنانی ئەم خوێندنەوەیە دەقی قورئانی وەک دەقێکی گەردوونی و ڕوحی و فیکری دەخوێننەوە، پێیان وایە سەرەڕای ئەوەی دنیابینییەکی غەیبانی دەگوێزێتەوە، هاوکات شتە مرۆیی و ڕۆشنبیرییەکەشی لەگەڵدا دەگوێزێنەوە، ئەدۆنیس پێی وایە لە پاڵ خوێندنەوەی دووەمدا «جورجانی» پڕەنسیپەکانی شیعرییەتی نووسین و تیوری هۆنینەوەی قورئانی فۆرمەلە کردووە، لە بواری ڕەخنەش «ئەلصولی - ساڵی ٣٣٦ کۆچی دوایی کردووە. ڕێگا خۆشکەر بووە. لێرەدا ئەدۆنیس وای بۆ دەچێت کە دەقی قورئانی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕەخنەی شیعری بە تەواوی دابمەزرێت، چونکە یەکەمین بەرگری کردن لە «شیعرییەتی نووسین» لەلایەن «صولی»یەوە پێشکەش دەکرێت، ئەویش بریتییە لە ڕێبازی شیعری «ئەبو تەمام، یان ڕێبازی نوێ، کە ڕووبەڕووی ڕێبازی کۆنی عەرەب دەبێتەوە، لەم بوارەدا «صولی» جەخت لەسەر کۆمەڵێک خاڵ دەکاتەوە، هەروەها بنەما و پڕەنسیپەکانی ڕێبازە نوێیەکەی دیاری دەکات.

١- ئەم ڕێبازە نوێیە کۆمەڵێک تایبەتمەندێتیی داهێنانی مانای لەخۆدا هەڵگرتووە کە شەفەوی جاهیلی درکی پێنەکردووە، وەک داهێنانی زمانێکی نوێی شیعری.

٢- جوانی شیعری لە خودی خۆیدایە، پێویستە ئەمەیان ببێتە نۆرم و پێوانە بۆ هەڵسەنگاندن نەک پێشینەی زەمەنی.

٣- ڕۆشنبیری قووڵ و گشتگیر مەرجێکی پێویستە بۆ هەموو ئەوانەی هەوڵی ڕەخنەی شیعری دەدەن، بۆیە لای صولی دەبێ ڕەخنەگرانی شیعر خاوەن مەعریفەی شیعری بن و شارەزای ئەو کەرەستانەش بن کە لە شیعری نوێ و شیعرییەتی نووسیندا بەکاردەبرێن، بەتایبەتی ئەو ڕێبازە شیعرییە

نوێیەی کە ئەبو تەمام گرتوویەتە بەر، دواتر ئەلئەمەدی «للأمدی» ئەو ڕێبازە نوێیە بەپێی «لیلی ماناو وردەکارییەکانی» هەڵدەسەنگێنێت و لە شەفەوی جاهیلی جیای دەکاتەوە و بە ڕێبازی شاعیرانی ئەهلی مانا و ئەوانی حەز بە وردبینی و فەلسەفەی ئاخاوتن دەکەن نێوزەد دەکات، پاشان «جورجانی» بە وردی لە چەمکی هۆنینەوە «نظم» دەدوێت و بەبناغەی دۆزینەوەی شیعرییەتی نووسین، یان «دەق»ی دادەنێت.

هۆنینەوە وەک پێکەوە لکانی بچووکترین وشە پێناسە دەکات، کە هەندێکیان بەهۆی هەندێکیانەوە مانای بەدوایەکدا هاتوو لەخۆ دەگرن، جورجانی لەم بابەتەدا لە هاوگونجانی واژەکان دەدوێت و هاوکات لە چەمکی ماناو دەلالەتەکان دەکۆڵێتەوە و جیاوازی لە جوانی پێکهاتەدا دەدۆزێتەوە، پێی وایە مەعریفە بابەتی بچووکترین وشەیە کە مانا دەبەخشێت، هەروەها جورجانی لای وایە ئەگەر هۆنینەوە نهێنی شیعرییەتی لەخۆدا هەڵگرتبێت، ئەو نهێنییە لە مەجاز «میتافۆر»دا دەدۆزێتەوە، کەواتە زمانی مەجازی سیحرە، «زۆرترین مانا بە کەمترین واژە دەگەیەنێت» ، جورجانی لە هەمان کاتدا لە هۆکارەکانی سەرسامبوونی زمانی مەجازی دەدوێت، پێی وایە چەمکی مانا لە شیعردا چەشنی مرواریيە لە توێی سەدەفدا، بەشەقکردنی سەدەفەکە نەبێت دەرناکەوێت، هەموو فیکرێکیش ئەو توانایيەی تێدا نییە ، پەی بە دۆزینەوەی ئەو شتانە بەرێت، کەواتە [ئەو وێنەیەی زمانی مەجازی دایدەهێنێ «ئەوەیە کە گومان دەینوێنێ» تەنیا بە «غەریزەی عەقڵ و نیگای دڵ نەبێ» ناچێتە عەقڵەوە، لێرەدا ئەدۆنیس لە بارەی بیروبۆچوونەکانی «جورجانی» دەڵێت: جورجانی لەگەڵ نۆرم و پێوانەکانی شیعری شەفەویدا تەواو ناکۆک دەکەوێتەوە، نۆرم و پێوانەیەکی دیکە بۆ شیعرییەتی شەفەوی دادەمەزرێنێت، خودی ئەو نۆرم و پێوانەیەش لای ئەو لە ئاسۆی نووسینەوە هەڵدەقوڵێت، ئەو ئاسۆیەی کە دەقی قورئانی بەرجەستەی دەکات.

ئەدۆنیس دوای لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و خستنەڕووی کۆمەڵێک بیروبۆچوونی جۆراوجۆر سەبارەت بە شیعری شەفەوی و نووسراو و ڕەخنە دەگاتە ئەو بڕوایە کە [تازەگەری نووسین بەگشتی خۆی لە دەقی قورئانیدا حەشارداوە، بەو پێیە شیعرییەتی شەفەویی جاهیلی نوێنەرایەتی شیعریی دێرین «کۆن» دەکات، دراسەکردنی دەقی قورئانیش بناغەی ڕەخنەی «نوێ» بۆ دراسەکردنی دەق دەخاتەڕوو، لە هەمان کاتدا زانستێکی نوێشی بۆ ئیستێتیکا داهێناوە، کە ڕێگە بۆ شیعرییەتی نوێی عەرەبی دەکاتەوە» .

لێرەدا ئەدۆنیس ئاماژە بە کۆمەڵێک شاعیر دەدا کە دەقەکانیان لەژێر کاریگەری مەعریفەی قورئانیدا نووسراون و لە ڕووی هونەرییەوە سوودیان لەلایەنی ڕەوانبێژی وەرگرتووە، بۆ نموونە.. «مسلم بن ولید» هەوڵی داوە «ڕەوانبێژی قەسیدە بە ڕەوانبێژی قورئانی بچوێنێت» «بشار بن برد» بناغەی دەرچوون لە شەفەوی شیعریی جاهیلی و هێنانە ناوەوەی نووسینی شیعریی، یان زمانی ئێستا ، وەک بەدیلێک بۆ زمانی بەدەوییەکان «بیابانشینەکان» دەگەڕێنێتەوە» ، دواتر «ئەبو نەواس» ئەو زمانە شیعرییە دەگەیەنێتە ترۆپکی هونەرکاری، ئیتر زمانی شیعری عەرەبی کۆمەڵێک گۆڕانکاری بەخۆیەوە دەبینێت، ئەبو تەمام دەڵێت «شیعر جۆرێکە لە دروستکردنی دنیا ، بەڵام لە ڕێگەی زمانەوە، هەروەها پێوەندی نێوان وشە و وشە بەپێوەندی نێوان دوو عاشق دەچوێنێت. کردەی شیعریش بە کردەی سێکسی ناودەبات. لێرەدا ئەدۆنیس لە پرنسیپەکانی ئێستێتیکاو ڕەخنە دەدوێت کە چۆن لەژێر کاریگەری لێکۆڵینەوەی قورئاندا هاتوونەتە ئاراوە لە هەمان کاتدا خاڵەکانی بزاڤی گواستنەوە لە «شیعرییەتی شەفەوییەوە» بۆ «شیعرییەتی نووسین» دەخاتە ڕوو.

**یەکەم:** پێویستە شاعیر لە خۆیەوە دەست پێبکات و لە لاساییکردنەوەی نموونە کۆنەکانی پێش خۆی دوور بکەوێتەوە، مەبەستی دووركەوتنەوەیە لە لاساییکردنەوەی شیعری جاهیلی- لێرەدا شاعیر ڕووە و قووڵبوونەوەی دەروونی هەنگاو دەهاوێت و ئەم حاڵەتەش جۆرێک لە لێک نزیکبوونەوەی شتەکان و دنیاش لەخۆ دەگرێت و لە هەمان کاتدا یارمەتی جێگیرکردنی زاراوە

ڕەخنەییەکان دەدات.

**دووەم:** مەرجە هەریەک لە شاعیر و ڕەخنەگر. خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی قووڵ و بەرفراوان بێت.

**سێیەم:** پێویستە دەقی شیعری لە خودی خۆیەوە هەڵبسەنگێنرێت نەک لە ڕوانگەیەکی زەمەنییەوە بە شیعری کۆن و نوێ پۆلێن بکرێت، مەبەستی ئەدۆنیس لێرەدا ئەوەیە کە لە ڕوانگەیەکی ئیبداعییەوە سەیری دەق بکرێت، دەشێت کاری تازە زۆر لە کۆن جوانتر بکەوێتەوە، کەواتە کۆن نە نموونە و پارادیمە و نە نۆرم و پێوانەیە.

**چوارەم:** سەرهەڵدانی تێڕوانینی ئێستێتیکی نوێ، بۆ نموونە ڕوونی شەفەویی جاهیلی بۆ پێوانە و کاریگەری ئێستێتیکی ناگەڕێتەوە، بەڵکو ئەو ڕوونییە بە پێچەوانەوە بە شیعرییەت ناکۆکە، وەک «جورجانی» بۆی دەچێت. بەو مانایە ئێستێتیکای شیعریی لە دەقی تەمومژاوی خۆی حەشارداوە، واتە ئەو دەقەی کە ڕاڤەی جۆراوجۆر و فرە مانا هەڵدەگرێت.

**پێنجەم:** بایەخدان بە داهێنان و ئەزموون و نەترسان لە تێپەڕاندنی سنووری یەقینییەکان، بۆ ئەوەی وەک جورجانی دەڵێت: شیعرییەت جۆرێک لە جوانی و شەیدایی بێت، بەم جۆرە ئەدۆنیس لە ڕێگەی خستنەڕووی ئەم خاڵانەوە بەدوای ڕەگەزەکانی شیعرییەتی نوێدا دەگەڕێت لەم خوێندنەوەیەدا هەوڵم داوە هەندێ لایەنی لێکۆڵینەوەکەی ئەدۆنیس سەبارەت بە شەفەویەتی جاهیلی و فەزای قورئانی بخەمەڕوو، ئەگەر بکرێت لە خوێندنەوەیەکی تردا لە بەشەکانی تری ئەم کتێبە دەدوێم، بە تایبەتی لە بابەتی شیعرییەت و فیکر، شیعرییەت و تازەگەری، بەڵام لێرەدا حەز دەکەم هەمدیس ئاماژە بە کێشەی ڕەخنەی شیعری عەرەبی بدەم کە ئەدۆنیس بە پێوەرە جێگیر و چەسپاوەکانی شەفەوی جاهیلییەوە پەیوەستی دەکات و ئەم حاڵەتەش لە بواری ڕاڤەکاریدا جۆرێک لە لێکچوون و هاوشێوەیی لێکدەکەوێتەوە، ئەمەش لە بنەڕەتدا پێوەندی بە دەسەڵاتی ڕەوانبێژییەوە هەیە کە لە ڕووی هاویەکبوون و سازاندنی واژە و ماناوە توانیویەتی لە بواری ڕەخنەدا هەژموونی خۆی بسەپێنێت و بوار بۆ جیاوازەییەکان نەهێڵێتەوە، عەبدولعەزیز بومسهولی لە کتێبی «شیعر و بوون و زەمان، دنیابینییەکی فەلسەفی بۆ شیعر..»دا زۆر بە وردی لە چەمکی ڕەوانبێژی و حەقیقەت دەدوێت و پێی وایە فیکری ڕەوانبێژی لە بنەڕەتدا لە میتافزیکاوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە ڕەوانبێژی وەک دامەزراوێکی میتافیزیکی بەشێوەی ئامراز و کەرەستە لە زمان دەڕوانێت، وشەی «بلاغة»ش لە «بلغ»ـەوە هاتووە واتای گەیشتن دەگەیەنێت، یان گەیشتن بە مانای بنەڕەت و حەقیقەت و هاویەکبوونی واژە و مانا، هەڵبەتە ئەم ڕەوشەش لە بواری ڕاڤەو لێکدانەوەدا لە ئازادییەکانی ڕاڤەکار کەم دەکاتەوە، بەڵام ئێستا لەم سەردەمەی ئێمەدا هەڵبەتە کاری ڕەخنەیی جۆرەها گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و لە زۆربەی کارە تەئویلییەکانیشدا خوێنەر، یان وەرگر... لە بواری ڕاڤە و لێکدانەوەدا ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت.

**سەرچاوە:**

**ناوی کتێب: شیعرییەتی عەرەبی**

**نووسەر: ئەدۆنیس**

**وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا**

**بابەت: لێکۆڵینەوە**

**چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم ٢٠١٣**

**وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان**

**بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان.**

# شیعر شمشێری بەرەنگاربوونەوە

**قادر عەلیخا**
**(بۆکان)**



مرۆڤ هەرکە پێ دەنێتە نێو گۆڕەپانی ژیانەوە و ڕاست و چەپی خۆی دەناسێت، ئەوە پێشی دەنێتە نێو ململانێی خەبات و بەرەنگاربوونەوە. ژیان هەر بۆ خۆی خەباتێکی بەردەوام و نەپساوەیە، تا ئەو دەمەی نابەرانبەری و بەرزی و نزمی لە ژیانی مرۆڤدا هەبێت، ئەوە سووڕی بەرداشی خەباتیش هەر لە گەڕ دایە و هەرگیز ناپسێتەوە.

دیارە بەرەنگاربوونەوەش شێوازی جۆراوجۆری هەیە و بە پێی سەردەم و ڕوانینی کەسایەتی و توانایی مرۆڤەکان گۆڕانی بەسەردا دێت. ڕەنگ و ڕووی دەگۆڕدرێن و ڕێگا و شوێنی نوێ تاقی دەکەنەوە. بەشێک لە هەست و خدەی مرۆڤ زێدە خوازی و تەماح و خۆ بەزل زانییە. هەر کەسێک کە خاوەنی ئەو خدە ناحەزانە بێ و ببێتە خاوەنی هێز و دەسەڵات، ئەوە پێویستە کەسانێک کە هەستی دژایەتییان لە هەمبەر زوڵم و زۆرداری و چەوسانەوەدا، تێدا بەهێزە و خاوەن خدە و سروشتی چاک و ڕەوشتی پاکن، لە دژی ئەوانەدا دەچنە مەتەرێزی بەرەنگاربوونەوە، کە لە ئاکامدا ئەم ڕەوتە دووبەرەی لێ لەدایک دەبێت.

بەرەی زوڵم و زۆرداری و بەرەی دادپەروەری و چاکە و دادئەستێنی. هیچ گومانێک لەوەدا نییە هەتاکو دنیا هەبێ ئەم دوو بەرەیەش هەر لەدژی یەکتریدا ڕادەوەستن و ژیان بۆ ساتێکیش بەبێ ئەم ململانێیە نابێت، هەربۆیە شیعری بەرەنگاربوونەوە پیرنابێت و هەتا هەتایە هەر لە برەو ناکەوێت.

ئەوکەسانەی لەسەر ئەو باوەڕەن کەوا شیعری بەرەنگاربوونەوە تەمەنی بەسەرچووە و زمانی شیعری سەردەم نییە، ئەوانە وەک ئەوە وانە کە لەگوێی گادا نووستبێتن و لەلایان وابێ دنیا گەیشتۆتە لێواری ئارامی و ژیان ئیتر نابەرانبەری و بێدادی بەخۆیەوە نابینێت. ئەوە شای ئەشق و دادگەری لەسەر کورسی دەسەڵات دانیشتوون و کەس مافی بن پێ ناخرێت و ئازادی و یەکسانی شیری چۆلەکە نین و وەک ئاوی ڕەوان و شیری بەری دایک مشە و بەلاشن و بە ئاسانی دەگەنە دەستی مرۆڤ، بۆیە شیعری

بەرەنگاربوونەوە هەر چەکێکی بە زەبر و جەرگ بڕە و بەرانبەر زوڵم و زۆرداری و خوێنمژیدا هەر لەسەر پێیە.

زۆرجار مێژوو هەندێک مرۆڤی دانسقە و تایبەت، کە هەندێک خووخدە و ئاکاریان لە مرۆڤەکانی تریان جودا دەکاتەوە و دەبنە خۆشەویست و مەزنی نێو گەل و نەتەوەکەیان. دەیانخاتە فریزەری ڕوحی و هەڵیان دەگرێ و لە چڕنووک و خۆرەی زەمان دەیانپارێزێ و بە توێژبەتوێژی و بەرەی داهاتووانی ئەو گەلەی دەسپێرێت.

ئەو مرۆڤانە زۆرجار لە دوو جەمسەری دوور لە یەک و جیاوازدا خۆیان دەبیننەوە. ئەو فریزەرەی مێژوو بە تەنیا خۆشەویستەکان لە ئامێزی خۆیدا ڕاناگرێ. هەندێک جاریش کەسانێکی ناحەز و دزێوو بەد ڕەوشت بۆ ئەوەی بیانکاتە پەندی زەمانە و هێمای ئاکارچەوتی، لە شوێنێکی ئامێزی خۆیدا دەیانپارێزێ. ئەوەش بۆ مرۆڤەکانی داهاتوو کارئاسانییەکی زۆر باش و بە کەڵکە. وەک لە بەرانبەریەک دانانی تاریکی و ڕووناکی، جوانی و ناحەزی، خراپە و چاکە، ڕووڕەشی و سەربەرزی، سەرەنجام بەرزی و نزمی. هێڵەگی مێژوو شەرم لە هیچ کەس ناکات و وردە وردە و لەگەڵ ڕەوتی ژیان و زەمان دان و بنژێل لە یەکتری هەڵداوێرێ و دەیانخاتە ڕوو. زۆر کەم وا هەبووە، ئەو کەسانەی ژیان و شادی و خۆشی بوونی خۆیان لە پێناو گەلدا دەبەنە مەزادخانەی خەبات، داهاتوو پشتگوێی خستبێتن و پێکەنینی پێیان بێت. نا هەرگیز وا نەبووە، پێشم وایە ئەستەم ڕوودانی ئەم ڕووداوە، ئەوانەی لە پێناو گەلدا ماندوو بێتن، بۆ گەل شەونخوونی و ئازاریان دیتبێ، ئەوە ئەگەر درەنگیش بووبێت، بەڵام سەرەنجام لە دەستی ڕۆڵەکانی داهاتوو پاداشتی ماندوو بوون و مەزنی و سەرفرازی خۆیان وەرگرتۆتەوە. زۆر کەس دەبینین ئەوە پاش سەدان و هەزارانساڵیش لە پاش مەرگیان، ئێستاش گڵکۆکانیان شوێن و جێژوانگەی ئەوینداران و خۆشەویستانی خاک و نەتەوە و ژیانە.

نێویان بە پاکی و بە چاکی لە سەر زمان و زاران دەگەڕێ و بەردەوام لە نێو خەڵکدا دێن و دەچن و خۆشەویستن. چەرخی زەمان نەیهاڕیون و گاڵتە بە ئەو وتەیە دەکەن کە دەڵێ: «خاک مەیل بڕە» خاک بۆ کەسانێک مەیل بڕە کە نەیانتوانیوە تۆوی مەیل و ئەوین داچێنن و ببنە هێمای خۆشەویستی و دەست بەسەر هەرێمی دڵەکاندا دابگرن.

ئەوە کارێکی هەروا سووک و ئاسان نییە کەسێک بتوانێت ببێتە خۆشەویستی گەل و هۆزەکەی و لە لایەن ئەوانەوە میدالی سەربەرزی و مانەوە و نەتوانەوە وەربگرێت.

لەوانەیە کەسانێک توانیبێتیان بە هەر بەهانە و فێڵ و دەهۆیەک ماوەیەک لە لایەن گەلەوە چەپڵەیان بۆ لێدرابێت و عەتری ئەوینیان لێ پرژاندبێت، بەڵام ئەمە هەرگیز درێژخایەن نەبووە و هەر زۆر زوو ڕەوتی ڕۆژگار ڕووی ڕاستییەکانی بەدەرخستووە. پاشقولی داون و بەسەرەوە لە زەلکاوی قین و نەفرەتی گەلی هاویشتن. کەسانێکیش هەبوون سەردەم ڕاستییەکانی ژیانیانی شاردۆتەوە و لەو دەمەدا و لەکاتی خۆیدا گەل نەیانتوانیوە کارە مەزنەکانیان ببینێ و ڕێزیان لێ بگرێ، کەچی وردە وردە شنەی ڕاستی هەڵی کردووە و تۆزی غەدریان لەسەر ڕاستییەکان لابردووە و کار و کردەوە جوانەکانیان وەدەرکەوتووە و ژیان مافی خۆی پێ بەخشیونەتەوە.

هەر خودا و دڵی مێژوو دەزانن ئێمە لەپێناو پاراستنی زمانەکەمان تووشی چەند ماڵوێرانی و کوشتار بووینەتەوە. لافاوی هەزاران سوپا و لەشکرمان بە سەردا تێپەڕیوە و بە دەیان و هەزاران گەڵاڵە و دەهۆ داڕێژران و بەڕێوە چوون، کەچی زمانەکەمان بەرزتر و مەزنتر لە زمانی چەند هەزار ساڵەی میسرییەکان لەکلێی تاقی کردنەوە هاتە دەرێ و ئێستاش ئەوە گەیوەتە سەردەم و زەمانی سەتەلایت و ئینتەرنێت و فەیسبووک و بە گەلێک مرۆڤی دڵسۆز و ئەویندار، بەبێ پرینگانەوە لە هەموو ماندوو بوون و ئارەقە ڕشتنێک بەری ئەم بێستانە دەنێتەوە و ئاودێری دەکەن. ئەوانەش هەمیشە خۆشەویستن و گەلەکەیان شانازییان پێوە دەکات.

سەربەرزن بەسەربەرزی هاوزمانەکانیان، هەرئەوەش بۆخۆی گەورەترین و باشترین خەڵاتێکە کە ئەوان لەدەستی هاوزمانەکانیان وەری دەگرن.

ئاخر چ خەڵاتێک لەو خەڵاتە

گەورەترە گەل بیدات بەدەستی مرۆڤەوە؟ چ شانازییەک لەوشانازییە گەورەترە کە نەتەوەکەت پێتی ببەخشێت؟

کاک جەلال مەلەکشا شاعیری هەڵوێست و خۆشەویستی، یەکێکە لەو کەسانەی دڵی مێژوو دەیپارێزێ و هەتاهەتایە، وەک پارێزەرێکی زمان و فەرهەنگی نەتەوەکەی لە کەژاوەی خۆشەویستیدا هەڵیدەگرێت.

جەلال مەلەکشا، ئەو مرۆڤە خاوەن هەست و خامە ڕەنگینەیە کە ماوەیەکی درێژە تەمەنی خۆی بۆخزمەت کردن بە زمان تەرخان کردووە و لەمەتەرێزی پاراستنی زماندا بەبێ وچاندان خەبات دەکات و هەروەک باخەوانێکی بە ئەزموون و دڵسۆز هەوڵی گەشە و ڕازاندنەوەی ئەم باخەیەتی. ڕوحی شیعرەکانی پڕن لەهەست و سۆزی نەتەوایەتی و لێوڕێژن لە زمانی خەبات و بەرەنگاربوونەوە. دەنگی گەرووی شیعری جەلال مەلەکشا هاواری ئازاری نەتەوەکەیەتی. بیر لە کێشە گشتییەکان دەکاتەوە و لە دەست گرفتە گەلییەکان دەناڵێنێ. لە کەمتر شیعریدا شاعیر، وەک جەلال دەدوێت و خەمی ئەو، خەمی مرۆڤایەتی بە گشتی و گەلەکەی بە تایبەتییە. هیوای ئەوەیە لەژێر سێبەری باخی ئاواتی نەتەوەکەیدا ئاسوودە دانیشێ و بیر لە جوانییەکانی ژیان بکاتەوە و چێژ لە شادی و خۆشییەکانی بوون وەربگرێت. شادی خۆی لە شادییە گشتییەکاندا دەبینێ و هەوڵ بۆ وەدیهێنانی دەدات و بە کردەوە هەنگاو بۆ دەستەبەر کردنیان هەڵدێنێتەوە.

بۆ ئەم مەبەستەش شیعرەکانی لە هەزار توێی ڕەمز و ڕاز و خوازدا ناشارێتەوە. کەمتر سەرنجی داوەتە ڕواڵەت و زیاتر بە ڕوح و نێوەرۆکدا شۆڕبۆتەوە. کاکڵ بەلای ئەوەوە زۆر گرنگە و چی گوتنی لە چۆن گوتن پێ گرینگتر بووە. جوانییەکانی ڕوحی و هزری پێ لەقاوغی بێ نێوەرۆک پڕ لە زریقە و بریقە بەلاوە جوانترە. بێ گرێ و پێچ و بە ناو شاردنەوە دێتە گۆ و لە ژان و دەرد و ئاوات و حەزی ئەو کەسانەی دەدوێت کە دەستی ژیان ئەو و ئەوانی لە جەستەیەکدا بە نێوی نەتەوە بە یەکەوەی موتربە کردوون. نووکی خامەکەی لەو وشانە ناپارێزێ کە لە ڕوانگەی کەسانێکەوە بڤە و هێڵی سوور و قەڵەمەکەی بەزنجیری ترس نابەستێتەوە. لە ناخی دەروونەوە بانگی داخوازییەکانی خۆی بە ڕوونی و بە ئاشکرایی دەچڕێ.

ئەگەر بەسەرنجەوە ئاورێک لە ئەو لایەنەی شیعری جەلال مەلەکشا بدەینەوە و بمانەوێت چاوێک بەو شیعرانەیدا بخشێنین، زۆر پێویست بەماندوو بوون و لێوردبوونەوە ناکات. هەر ئەوەندەمان پێویستە دەست بدەینە کتێبی «زرەی زنجیری وشە دیلەکان» و چاوێک بە لاپەڕەکانیدا بخشێنین، بەدڵنیاییەوە گەلێک شیعری بە پێز و شیرینت بەبەر چاو دەکەوێت کە هەم لە ئاستی هونەری و زمانیدا جێگای سەرنج و تێڕامانن و هەم لە بواری هەڵوێست و ماناییدا بەرز و دەوڵەمەندن. زۆربەی ئەو شیعرانەی لەم کتێبەدا بڵاوکراونەتەوە دەچنە خانەی شیعری بەرەنگارییەوە و ڕوحی حەماسییان تێدایە. بە ڕووی نەیاراندا وەک چەک دەتەقنەوە و هەروەک خەنجەر دەڕاسێن.

دیارە خەبات و بەرەنگاربوونەوە چەک و خوێن و سەختی و توندوتیژی پێویستە و زمانی خەبات پەیڤێکی تفتوتاڵ و زبر بەرهەم دێنێت. کەمتر وا هەیە لەشیعری بەرەنگاریدا لە زمانی زبر و قسەی ڕەق کەڵک وەرنەگیردرێت. مامۆستا هێمن گوتەنی:

**شیعرێک مزگێنی نەجات بێ**
**شەوچەلەی کوڕی خەبات بێ**
**شیعرێک ڕەق بێ، ڕق بێ، قین بێ**
**گڕ بێ، بڵێسە بێ، تین بێ**
**شیعرێک سەنگچینی سەنگەر بێ**
**شیعرێک بریقەی خەنجەر بێ**
**هێزێک بێ دوژمن بەزێن بێ**
**مستێک بێ گورچوو تەزێن بێ**
**بڵێسەی گوللەی هەڵمەت بێ**
**شەپۆلی ڕقی میللەت بێ**
**شیعرێک نووستوو ڕاپەڕێنێ**
**شیعرێک دوژمن داپەڕێنێ**
**بشکێنێ دەرکی باستیلان**
**ئازاد بکا کۆیلە و دیلان**

بۆیە جەلال مەلەکشا نەترسانە خۆی دەخاتە گێژاو و فەرتەنەی خەبات و دەبێتە شاعیری هەڵوێست و دەرد و ئازار، هەستی دەکاتە داری ئاڵا و بەرەو هەتاو هەڵی دەبڕێ و بە گاسنی وشەی شیعر، تۆویی زەردەخەنە دادەچێنێت.

**چەپکێ تیشک**
**دەپرسی بۆ**

**خۆم خستە ناو ئەم فەرتەنە؟**
**من دەمەوێ**
**بە گاسنی وشەی شیعر**
**وەرزی تازە بکێڵمەوە**
**بۆ چاندنی زەردەخەنە**
**بووم بە شاعیر**
**دەرد و ئازارم هەڵبژارد**
**لە کارگەی چەوساوانا**
**شیعرەکانم کردە تفەنگ،**
**بەڵێنم داوە چەپکێ تیشک**
**لە خۆر بدزم**
**بیدەم لە پرچی شەوەزەنگ!**

جەلال مەلەکشا هەر بە یەکەم شیعری دیوانەکەی چاوی خوێنەری شیعرەکانی بەکلی تیشک و شیعری بەرەنگاربوونەوە دەڕێژێت و ئاڵای خەبات و بەرخودانی دەداتە دەست، فێری دەکات کە لەکونجی تاریکی و دیلی دانەنیشێت و قەتیش دانەمێنێ و بە شوێن زەردەخەنەی تیشکی خۆری دادەنێرێت.

تیشکی خۆر، کە سەرچاوەیەکی هەرە مەزنە لە ژیانی مرۆڤدا و بزە و زەردەخەنە هەوێن و شیلەی ژیانە، دەیکاتە تێمی سەرەکی ئەم شیعرە و یەکەم لاپەڕە و سەردەرانەی دەروازەی کتێبەکەی پێ دەڕازێنێتەوە. لە قەڵەمەکەی جەلال مەلەکشاوە پرشنگی خۆرهەڵدێ و زەردەخەنەی ژیان دەپشکوێت. ڕوحی شیعرەکانی وەک ڕوحی خۆی سەرکێش و بێ ئۆقرە و یاخین. هیچ دیوار و لەمپەر و شوورەیەک ناتوانن بەر بینی پێ بگرن و بەیدەستی کەن. بێستانی سنگ و مەمک و باخی ناز و شووشەی شەکراو و شەبەقی بەلەک و لەرەی سمت، چاوی ڕوونی شیعرەکانی نابەستن و بەگژ داروبەرد و دیواردا دەچێ. لە زەمانەی گڕ و گازی ددانی ئاور ناترسێ و بۆ لە ئامێزگرتنی جوانی، ئەو جوانییەی ڕوح دەیەوێ و ژیان دەڕازێنێتەوە، خۆی لە پێلی سوور و بەتینی ئاگر هەڵدەکێشێ و لەنێو سکڵ و بەوربنگ و دووکەڵدا بە شوێن ژیلەمۆی گەشی ژیندا دەگەڕێت.

«-با-ڕایەخێکی بۆ ڕاخەن و قەڵەمێکی دەستەمۆی بدەنە دەست، با پێی بڵێن: بنووسە » شەوەزەنگ لەم وڵاتە سروشتییە، نۆینی گوڵ و تیشک و هەتاو دەمار دەگرێ. ئەوەی بەرەو ئاسمان و بەرزایی دەفڕێ عومری کورتە و ئەشقیایە. با پێی بڵێن: بنووسە ئاسمان هەرێمی داڵە. ئەوین باخی بوونە و هەوای بۆنی گوڵ و بۆنی ڕۆژ و هەڵفڕین بە ئامێزی ئاسمانی بەرزدا، خەونە، خولیایە، خەیاڵە، ئەو نەبۆ داڵ حەیران و بەستە دەڵێ و نە بە هیوای بەردەرکی قەفەزیش باڵەکانی ئاواڵە دەکات، بەڵکو ئەو سروود بۆ چاوی گەشی ژیان دەڵێ و باڵی بۆ فڕین لە ئاسمانی بەریندا ئاواڵە دەکات. دەمی قەڵەمی قززەی دەستەمۆ دەشکێنێ و فڕێی دەدات و دەڵێ:

**لقی شکاوی گوڵێکم کردە قەڵەم**
**بە خوێناوی بلبلێکی کوژراو نووسیم**
**نووسیم: ئاسمان قەڵەمڕەوی باڵندەیە**
**نووسیم ئەوین یاسای بێ حەوشی دڵدارە**
**گوڵ و ئاسمان و ئازادی**
**قانوونی خوای ئەویندارە.**

شیعری بەرەنگاربوونەوە لەلای «جەلالی مەلەکشا» مەتەریزی شەرەف و چەکی هەق ئەستێنە. بەبێ دوودڵی و ترس و پرینگانەوە دەستی دەداتێ و هانای بۆ دەبات و خەباتی پێدەکات. لەکوتن و نووسینی شەرم ناکات. بامۆری سووری یاساغ بوون بنێن بەنێو چاوانی شیعرەکانییەوە، دڵیشی هەڵکۆڵن و داخی خەم بنێن بەجەرگییەوە. ئەو هەر لەسەر قسەی بەهەقی خۆی سوورە و دەست لە چەکی هەق ئەستێنی هەڵناگرێت و مەتەریزی شەرەف بەرنادات. دەبا بەم هۆیەشەوە کەسانێک مۆری تاوانبار بوون بنێن بەنێو چاوانییەوە.

**تاوان**
**چونکە ئەموت:**
**مرۆڤ دەبێ،**
**ئازاد و شاد و سەربەست بێ**
**شادی، دڵداری، ئازادی**
**بنەڕەتی ژیان بێت و**
**بچکۆلەترین وشەی ئەوین**
**ماچ و ئاواز و هەڵبەست بێ**

**دڵیان کۆڵیم**
**داخی هەزار خەمیان چزان بە جەرگمەوە**
**مۆری سووری قاچاخ بوونیان**
**کوتا بە سەر وشە و شیعر و دەفتەرمەوە!**

یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی سەرشانی مرۆڤی ڕووناکبیر ئەوەیە، کە ڕێز لە خۆی و هەڵوێست و قەڵەمەکەی بگرێت. پاراستنی ئەمانە پاراستنی شەرافەت و کەرامەتیەتی. ڕووناکبیر ئەگەر

توانی، جەوهەری قەڵەم و ڕوحی هەڵوێستی خۆی لە دەست تێوەردانی ئەم و ئەو بپارێزێ و خۆی خاوەنی ڕاو بۆچوونی خۆی بێت و هەر لەگەڵ ڕەوتی ئاودا مەلەنەکا و بە قیمەتی ڕۆژ نان نەخوات. نووکی قەڵەمەکەی هاواری دەروونی هەڵبڕێژێتە سەر کاغەز و فرمێسکی خەم و گۆرانی شایی گەلەکەی بێت، ئەوە دەتوانێ ئاغا و داگیرکەر و فەرمانڕەوا و سوڵتان بە نۆکەر نەگرێ و کڵاوی شایی بە خۆیی بەتیلاکی سەربیبەوەنێ و ئەرخەیان و ئاسوودە لاق لەسەرلاقی دانێ، تفەنگەکەی لەسەر پێ دانێ و سەربەرزانە بەبێ شەرم و دوو دڵی، سەرهەڵێنێ و چاو لە چاوی نەتەوەکەی بکات و بە چەکی قەڵەم و هەڵوێستی بوێرانەی پارێزەری نەتەوەکەی بێت.

**کڵاوەکەم لارە!**
**قەڵەمەکەم...**
**لە بەرانبەر چی سوڵتان و**
**فەرمانڕەواو... داگیرکەرە**
**کڕنۆش ناکات!**
**هیچیش وەک ئەو**
**تفەنگە دەم بە هاوارە**
**وا لەپەنایی قەڵەمێکدا لەسەر پێیە...**
**منی ئەویینداری وڵات دڵخۆش ناکات!**

«بەرەی خۆت لە قوڕاو دەرکێشە.» «بە هیوای جیران ویشکە توێکوشیو» «شانی خۆت لە قوڕاو دەرهێنە.» ئەمانە ئەو پەند و دەرسانەن کە پێشینیان وەک پەیامێک بە ئێمە و ئەوانەی پاش ئێمەش لەسەر ئەم عەرزە دەژین ڕادەگەیەنن. ئەمانە هەموویان مرۆڤ هان دەدەن بۆ بڕوا بە خۆ بوون و لەسەرپێی خۆ ڕاوەستانی. هەر مرۆڤێک وزە و توانایی خۆی پاڵپشتی نەبێت، سەرەنجام ڕۆژێک پشتی چۆڵ دەکرێ و بە گازەرەی پشتدا دەکەوێت، زۆربەی ئەو وانانەی کە لە مێژوودا باس لە ژیان دەکەن، مرۆڤەکان بۆ ئەوە ڕادەسپێرن کە شان بدەنە بەر کار و تێکۆشان و دەستی ماندوویان لەسەر زگی تێر دانێن.

لەنێو ئابلوقەی چنگی ڕەشی شەوەزەنگدا و لەبەر چیرەچیری کەڵبەی گەلەگورگدا، لەنێو بۆسەی وەڕە وەڕی سەگ وەڕدا و مۆنە مۆنی لوورەی گورگدا، لە کاتێکدا لە هەر چوار لاوە یەکێک لە بنار و یەکێک لە کەنارەوە هاشاوڵی بۆ دێنن و تەنگی پێ هەڵدەچنن، ئەو پەنا ناباتە بەر وەجاخی کەس و چرای دڵی خۆی دادەگیرسێنێ و دەبنە قەقنەس و چڵی ژیان لە کۆتەی مان موترەبە دەکات.

**تاریکە و شەوەزەنگ**
**گەلە گورگ**
**دەوریان لێداوم**
**چرایەک ناسووتێ،**
**چرای دڵی خۆم نەبێ.**
**ڕوون ناکات ترووسکەیەک**
**ڕێگەی بەرهەنگاوم!**
**سەگ وەڕە و لوورەی گورگ**
**کەوتوومە نێو بۆسەی چەند جەردەی پەتیارە!**
**یەکێ لەو بنارە**
**یەکێکیان لەم گردە**
**یەکێ تر لەو دۆڵە**
**یەکێ لەم کەنارە!**
**چرایەک ناسووتێ**
**باش ڕێگا نابینم**
**پەروانەی بێ ئۆقرەم**
**چەواشەی ئەوینم**
**گەلە گورگ**
**خێڵی سەگ**
**ڕێگەیان تنیوم**
**دانیشم بە هیوای کام ناکەس**
**هەڵدەستم**
**خۆم ئەکەم بە ئاگر**
**مەرگ ئەکەم بە گەرای ژینی نوێ**
**وەک قەقنەس**

مەزنترین و پاکترین ڕەمزی خەبات و بەرەنگاربوونەوە شەهید بوونە. هیچ هەڵوێست، هیچ ئامانجێک بەبێ گیانبازی و خۆ بەخت کردن ناگاتە سەر مەنزڵی مەقسوود. شەهیدان دەستە چیلە و ئاوردووی خەباتن و ئەوان بە هەڵقرچاندن و پێ بەخشینی گیانی خۆیان بەردەوامی و مان بە ڕوحی ئاور دەبەخشن. کام خەبات هەیە ئەلبومێکی لە وێنەی ئەو کەسانە لە دوای خۆی بەجێ نەهێشتبێ، کە گیانیان لە پێناو ئەودا بەخشیوە و سەریان کردۆتە پردەبازی سەرکەوتنی.؟ چ شاعیرێک هەیە کە شیعری بەرەنگاری نووسیبێ و چەند شیعرێکی پێشکەشی ڕوحی بەرزی شەهید نەکردبێ و بە زمانی هەست و سۆز و خۆشەویستی تارای سوور و سەری بەرز و گیانی پاکیانی نەلاواندبێتەوە؟ شەهیدان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەوێنی گەلێک شیعری ناوارەرو بەرزن، کە لە ناو شیعری بەرەنگاریدا هەمیشە لە شیعرە خۆشەویست و بەرزەکان دێتە

ئەژمار.

شیعری شەهید یەکێکە لەو شیعرانەی کە بە زمانێکی سەربەخۆ و لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە نووسراوە. بە دەیان تایبەتمەندی بەرزی مرۆڤانەوە لە شەهید دەدوێ و هەتا چڵەپۆپەی جوامێری بەرزی دەکاتەوە. دڵی دەکاتە پاپۆڕی ئەوین و پردی پەڕینەوە. نێوی دەکاتە جوانترین وشە بۆ دڵدارەکان و دەنگی دەکاتە چەپکێ تیشک و فرمێسکی چاوی هەژارانی پێدەسڕێت، بۆیە کاتێک شەمشەمە کوێرەکان دەیبینن وەک بڵێسەی کڵپەی ئاگر، لەناو شەوەزەنگدا دەگرێ، دێن و سینگی هەڵدەدڕن.

**کاتێ زانیان**
**دڵت پاپۆڕی ئەوینە و**
**بۆ گەیشتن بە بەندەری خۆشەویستی**
**دەریای شەختە و سەهۆڵ ئەبڕی**
**هاتن سینگتیان هەڵدڕی!**
**کاتێ زانیان**
**دڵت پردێکە پانوپۆڕ**
**بەرەو ناخی مێژووی جیهان**
**دەستی کوێستانت گرتووە و**
**لە قووڵایی مەرگ و خوێنا**
**ئەیبەی بەرەو کۆشی ژیان**
**پەردەی وەرزی زریان ئەدڕی**
**هاتن سینگتیان هەڵدڕی**
**کاتێ زانیان**
**بورکانە دامرکاوەکان ئەخرۆشێنی**
**بوومەلەرزە خنکاوەکان**
**لە ناو خوێنتا ئەجوێنەوە**
**نەخشەی جیهان ئەشێوێنی**
**سنوورەکان لە ژێر پێتا ئەتوێنەوە**
**وەک بڵێسەی کڵپەی ئاگر**
**لە ناو شەوەزەنگا ئەگری**
**هاتن سینگتیان هەڵدڕی**
**کاتێ زانیان**
**ناوت بووە بە جوانترین وشەی ئەوین**
**دڵدارەکان ئەبزوێنی**
**دەنگت بووە بە چەپکە تیشک**
**شەوی چڵکن ئەشڵەقێنی**
**شانت داوە بە ژێر خەمی نیشتمانا و**
**فرمێسک لە چاوی هەژار ئەسڕی**
**هاتن سینگتیان هەڵدڕی**
**کاتێ زانیان،**
**کوێستانت کردەوە هێلانە**
**بە شمشاڵی لوولەی تفەنگ**
**دڵدارەکان بۆ جێژوانی چیا ئەچڕی**
**هاتن سینگتیان هەڵدڕی**
**هاتن سینگتیان هەڵدڕی**

کاتێک لە کەمەندی ژوورێکی تاکەکەسی نێوبەندی خانەدا و داروودیوار بوونەتە پەرژین و بەری ڕوانینی دەگرن، پرچی پرشنگ و گۆنای تریفە و شەبەقی سپی ڕۆژی لێدەشارنەوە، ئەو ساتانەی هەموو ژیانی دیوارێکی سیمانی و دەرگایەکی پۆڵایینە، ئەو بەرەوڕووی ژیان و ڕووناکیدا پێدەکەنێ و گاڵتە و تیز بە دەرکەوانەکەی دەکات. ڕووی تێدەکات و پێی دەڵێت: لە دەربیجەی ئەم ژوورەی منەوە کاتێک تۆ سەر دەکێشیتە نێو ژوورەکەمەوە، ئەوە منم ڕووناکایی دەبینم و تۆی کە تاریکی قووتت دەدات. ئەمە هێمایەکیشە بۆ ڕەنگی ژوورەکەی، بەم شێوە دەیدرکێنێ کە لە چ هەلومەرجێکدا دەژیت. ئەم دوو وشەی تاریکی و ڕووناکییە هێمان بۆ هیوا بە داهاتووی خۆی و ڕووناکی دواڕۆژی و ڕۆژەڕەشی دەرکەوانەکەی. ئەو ژیان هەر لەو چەند ساتەی زینداندا نابینێ و مەلی ڕوانینی بەرەو ئامێزی داهاتوو هەڵدەفڕێنێ.

ئەو باش دەزانێ ئەو ڕێبازەی ئەوی لەسەر بەند کراوە ڕێبازی بەرەو ڕووناکییە و سەرەنجام شوێنەکان جێ گۆڕکێیان پێدەکرێ و ڕووناکی بەسەر تاریکیدا سەردەکەوێت. ئەو شەبەق و ڕووناکی پێدەبڕێت و وەردیانەکەشی تاریکی بەباڵایدا دەبڕدرێت. ئەو دەستی فریشتەیی تریفە ڕووی سپی دەکات و وەردیانەکەشی ڕەشایی بەڕوودا دەپرژێت.

**لەنێو ژوورە تاکەکەسییە تەنگەکەمدا**
**هەڵگوڕماوم**
**کارەساتێک بەڕێوەیە**
**لەودیو دیوار**
**وەردیانەکەم ڕاوەستاوە**
**دەلاقەیەکی بچکۆلە**
**لەسەر سینگی دەرکەکەیە و**
**داخراوە!**
**کۆترەبارێکەی خەیاڵم**
**تامەزرۆیە، هەڵفڕێت تا**
**پەڕپەڕۆچکەی ئاسمانی کاکی بەکاکی**
**جاربەجارێ**
**وەردیانەکەم**
**دەلاقەکە دەکاتەوە و**
**لێم دەڕوانێ**
**ئەو تاریکی دەبینێت و من ڕووناکی!**

بۆ داخستنی دەروازەی ئەم باسە دەبێ چاو لە ئاسۆی داهاتوو ببڕین،

گــوێمـــان بۆ وتەی ئەو پەیامـــانە هەڵخـەین کـە لە داهاتوو دەگــاتە گوێمان.

چەرخی ئەم پرسیارە ئێستاش هەر لەگەڕدایە و لە سووڕان نەکەوتووە. بڵێی هەتا کەنگێ هەودای شیعری بەرەنگاربوونەوە بڕبکات و لە چ سـەردەمـێکی ژیانی مـرۆڤـدا کـاریگەری خـۆی لە دەست بدات؟ بڵـێی مـرۆڤـایەتی بگاتە ئەو سەردەمەی هێـزی دادگەری لەسـەر کـورسی دەسـەڵات دابنیـشـێت و بڕیاردەر و بەڕێوەبەر هەر دەسـتی و ئەوزاری ئەو بێت؟ هیـوا بەوە هەیە مرۆڤ ئەو سەردەمە ببینێت کە ئەو کـتـێبـانەی بە شـیـعـر و هاواری بەرەنگـار بوونـەوە ڕازاونـەتـەوە و تەرخـان کـراون، بڵێن چاکـتـر وایە دەرکـەیان لێ کلیل و کلۆم بدەین و بیاندەینە دەست ئەرشیڤ کە لە دڵی خۆیدا بۆمانی هەڵبگرێت.؟

ئەمـە ئاواتێکی زۆر ئەسـتـەمـە، بەڵام هیوادارم سەردەمێک بێت هیچ مـرۆڤـێک بە چنگی ئازار ڕوحی نەگوشرێت و جەرگی بە تەندوورەوە نەچزێت. هەتاکو هاوارەکانمان ببێتە هەوێنی شـیـعـری بەرەنگاری و شیعری بەرەنگاریش ببێتە شمشێری بەرەنگاربوونەوە لەگـەڵ زوڵم و زۆرداریدا. ئەویش کـسپـە لەو دڵانە هەسـتـێنێت کـە ئاوات و هیـوای کـەسـانێکی دیکە بە ئارەزوو لە بەرژەوەندی خۆیاندا بن پێ دەخەن.

مێژوو دەڵێ:

**سەدان کەڕەت**
**گۆڕەپانی منیان کردە جەهەندەم و**
**وڵاتێکیان تیا هەڵقرچاند!**
**بەڵام هەرگیز نەیانتوانی**
**دوو دیاردە**
**لەسەر سنگم بسڕنەوە**
**یەکیان کورد و**
**ئەوی تریان**
**وشەی پیرۆزی کوردستان.**


**سەرچاوەکان:**

**١- زڕەی زنجیری وشە دیلەکان، جەلال مەلەکشا، بلاوکەرەوە: پەڕتەو بەیان**

**٢- دیوانی هێـمن، تاریک و ڕوون، پەڕی شیعر ل ٢٠٤**

### به بۆنەی داگیرساندنی مۆمی هەژدە ساڵەی تەمەنی (ڕامان)ـەوە

# من بەم جۆرە گۆڤاری ڕامان دەبینم

**حەمە کەریم هەورامی**

* لەو ڕۆژەوە ئەستێرەی گۆڤاری «ڕامان» لە ئاسۆی هزر و ڕۆشنبیریی کوردیدا بزووتووە تا ئەمڕۆ کە نزیکەی پتر لە (١٧) ساڵە بێ وچان لە ئاسمانی ڕۆشنگەری کوردیدا بەرەو لووتکە لە هەڵکشاندایە.

ساڵ دوای ساڵ خوێنەر و نووسەری زۆر دەبن، ئەوەی پێی ئاشنا بووبێ پتر تاسە و تامەزرۆی بۆ دیداری دەکرێتەوە، بەرەو بوارەکانی زانیاری و ئەدەب و هونەر و هزرکاری، ڕابەری خوێنەرانی خۆی دەکات.

خوێنەران و نووسەرانی ڕامان چەند لەبەر تاڤگەی داتا هەمەجۆرەکانیدا بیریان تەسەل بکەن، ئەوەندە و بگرە زیاتریش ئارەزوو و تاسەیان بۆ شتی نوێ دەکاتەوە، ڕووبەری هۆش و هزریان بەرەو فراوانتر دەبات، بە ورد خوێندنەوەی لایەنە تاریکەکانی ناو قووڵایی دەروون ڕووناکییان دەگاتێ.

ڕامان ئەستێرەی گەلاوێژە لە کەلووی بەرزی خۆیدا تیشکی وریابوونەوە بە هەر چوار لادا، بەسەر هەردەو دەشت و چیاو کۆساری ئەم کوردستانە بەرینە چوار پارچەکراوەدا پەخش دەکات، هەر لەوێشەوە هێز و توانایی خۆی وەردەگرێ، بۆیە ساڵ دوای ساڵ تەکانی بە گوڕتر دەدا و لە دڵی خەڵکدا زۆرتر دەچەسپێ و جێی خۆی خۆش دەکات، ئەگەر وانەبێ ئەی چۆن توانیویەتی ببێتە هاوڕێ و هاوبیری گشت ڕووناکبیرانی هەر چوار پارچەکەی کوردستان؟

* ئەوەی ئەم گۆڤارە لە هەر گۆڤارێکی دیکە جیا دەکاتەوە چەند نیشانەیەکن بە هەموویانەوە مۆرکە گشتییەکەی دەستنیشان دەکەن، لەو ڕۆژەوە کە خۆی بە خوێنەرانی ناساندووە لێی جیا نەبووەتەوە و وەک بەشێک بە ماهییەتی گۆڤارەکەوە لکاون، کە ئەمانە هەندێکیانن:

**یەکەم:** پێڕەوکردن و بەرنەدانی ئەو هێڵەی کە لە یەکەم ژمارەیەوە بڕیاری بۆ دراوە کەوابێ، تا دوا ژمارەی لەسەر ئەو هێڵە نەترازاوە، ئەمە بەڵگەی سەقامگیری و ڕاست ڕەوییەتی بەرەو هێنانەدی ئەو مەبەست و ئەو ئەنجامانەی کە دەشێ بیانهێنێتە دی، پەروەردەکردن و ڕووناک کردنەوەی هۆش و هزر و گەڕانەوەی تاکی کوردی خوێنەر بۆ ناو قەبارەی خۆی و خۆ ناسینەوەی بە خۆی یەکێکە لەو مەبەستە سەرەکییانەی کە گۆڤارەکە هەوڵی بۆ دەدا و خوێنەری خۆی بۆی ئاراستە دەکات؛ ڕەنگە لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنییەوە وای نەخشە بۆ کێشرابێ: گەڕانەوەی کورد بەرەو لای خۆی.

**دووەم:** بە خوێندنەوەی هۆشیارانەی بەردەوامی گۆڤارەکە خوێنەر بۆی دەردەکەوێ کە زۆربەی زۆری ڕووناکبیرانی کورد لە هەر چوار پارچەکەی کوردستاندا ڕوویان لە ڕامانە و بەهۆی ناردنی نووسینەکانیانەوە پێوەندی بەردەوامیان لە تەکیدا هەیە، وا دیارە ڕووناکبیران و ئەدەب دۆستان



تینوێتی خوێندنەوەی کوردییان بە خوێندنەوەی بابەتەکانی ڕامان دەشکێنن، بەو گیانی کوردایەتییە خۆیان تاو دەدەن، ڕامان بەدڵێکی فراوانەوە پێشوازی لە نووسینی نووسەران بە هەر شێوەزارێ هەبێ دەکات، ڕێزیان لێ دەنێ و بۆشیان بڵاو دەکاتەوە، کەمتەرخەمیش لە پاداشدانەوە و ماندووبوونیان ناکات و هەڵیان دەنێ بۆ هەنگاونان بەرەو بەرهەمدانی بەپێز.

* گۆڤاری ڕامان چۆن وەک ناوەندێکی گشتی ڕۆشنبیری دێتە پێش چاو، وەهاش وەک قوتابخانەیەکی تایبەت بۆ فێرکردنی کوردۆلۆجیات خۆی سەلماندووە، نووسینە هەمەجۆرەکانی گوزارە لە بیر و بۆچوونە جیاوازەکانی سەبارەت بە کولتووری کوردی دەدەنەوە، هەموو ڕەنگەکان کە تێیدا ئاوێتە دەبن ئاوێزانن و دەبنە ئاوێنەیەکی باڵا نما، ڕێبازە جۆراوجۆرەکانی تێدا وێنا دەکرێ، لە بواری ئەدەب و هونەر و پەروەردەدا بە کۆن و نوێیانەوە، بە خۆماڵی و بیانییانەوە هەمووی تێدا دەخوێنرێتەوە، هەندێ جاریش لێکۆڵینەوەی بە تین لەو بوارانە دەخاتەڕوو، بۆیە وەک فێرگەیەک نووسینەکانی دەبنە ڕێ نیشاندەری ئەو خوێنەرانە کە بیانەوێ بیروڕای ئەهلی فیکر لەو بوارانەدا بزانن.

لە بواری فەلسەفە و لۆجیک و مێژووی کۆن و نوێی کورد و غەیرە کورددا بە گرنگی زانیوە ئەو لایەنانەش بخاتە بەردەمی خوێندکارانی، ڕێڕەوکردنی ئەو جۆرە میتودە لە پەسەند کردنی بابەتەکانیدا ئەوەی لە بواری نووسیندا کارامە و دەست ڕەنگین نەبێ، یان شارەزای بواری نووسینەکەی خۆی نەبێ، نووسینی بۆ نەنێرێ.

کەم گۆڤارە هەیە وەک ڕامان ناو دەروونی خوێنەری پڕ لە سرووشی بیری کوردایەتی و نیشتمانپەروەری بکات، کە دەکرێ بوترێ یەکێک لە ئامانجەکانی ڕامان ڕاهێنان و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکە لەڕێی خوێنەرانییەوە.

ئەگەر ڕێکەوت وای کردبێ خوێنەر گشت ژمارەکانی ڕامانی هەبێ و بەیەکەوە ڕیزی کردبن، ئەوە مانای وایە ئەو خوێنەرە بەختەوەرە و خاوەن ئینسکلۆپیدیایەکی فیکری و کولتووری کوردییە.

* من یەکێکم لە خوێنەرانی ڕامان، بە تاسەوە لە ژمارە یەکییەوە بۆ ژمارەی پاشی چاوەڕوانی دەرچوونی دەکەم، لە بەرگ و دیزاین و پەرەگراف و دەستەواژەی ژانرەکانیدا ڕەنگ و ڕوخساری گەنجێکی خوێن گەرم و ئێسک سووک وێنا دەکەم، ڕەنگە یەکێک لێم بپرسێ ئەو گەنجە کێیە کە بەو جۆرە وێنای دەکەی؟

چەسپ بوونی وێنەی ئەو گەنجە لە مێشکی مندا لە کاتی خۆیدا ترووسکەیەکی ئومێدبەخش بوو لە ڕۆژێکی تاریکدا هات و تێکەڵاو بە یادەوەری یادکردنەوەی ئەو ڕۆژە بوو؛ لەمەوە یادی ئەو ڕۆژە دەکەمەوە و وێنەی ئەو گەنجە دێتەوە بەرچاوم.

ساڵی (١٩٧٥) بوو، کارەساتی نسکۆی شۆڕشی کورد باڵی ڕەشی بەسەر سەرانسەری کوردستاندا کێشابوو، کە تازە لە شاخ بە شکستی گەڕابوومەوە ناو شار، دنیام لەبەرچاو چەرمی چۆلەکە بوو، هەموو بەهاکانی ئادەمیزاد بە قەد قەیتانی قۆندرەکانم نرخیان نەبوو، ئەگەر لەبەر هەتیوکەوتنی منداڵە وردەکانم نەبوایە، دوای بیستنی ئەو کارەساتە لە داخا کۆتاییم بە ژیانی خۆم دەهێنا، من بەو نیازەوە چووبوومە شاخ و ببووم بە پێشمەرگە کە بەسەرکەوتن نەبێ نەگەڕێمەوە، وا ئێستا بە نائومێدی گەڕاومەتەوە و پێم دەڵێن: (من العائدین!).

لەناو پاسێکدا لە بازاڕەوە بۆ ماڵەوە دەگەڕامەوە، لەناو تاریکستانی ئەو کارەساتەدا مات ببووم، لە ناکاو دەنگێک هات و ڕایچڵەکاندم، لە پێشمەوە لەناو پاسەکەدا گەنجێک دانیشتبوو شیعری نیشتمانپەروەریی بۆ ئەوەکەی تەنیشتی دەخوێندەوە، بە بیستنی ئەو شیعرانە هاتمەوە سەر دەقی جارانی خۆم، ڕووناکی ئەو شیعرانە بوو وەک ڕووناکی ئەستێرەیەکی کشاوی ناو شەوێکی ئەنگوستەچاو هات و تاریکی دەروونمی ڕامالی، خوێندنەوەی ئەو شیعرانە لەو هەڵوێستەدا بۆ من سرووشێک بوو، پێی وتم: ئەم گەلە تا گەنج و نەوەی وەهای هەبن، نە دەتوێتەوە و نە کۆڵ دەدا، لەو کاتەوە وێنەی ئەو گەنجە لە دەروونمدایە و ڕۆژگار نەیتوانیوە لە مێشکمدا بیسڕێتەوە. زۆرجار کە ئەو گەنجەم دەبینی ئارەزووم دەکرد بیدوێنم، بیناسم، دوای ڕاپەڕین، کە گۆڤاری (ڕامان) دەرچوو وتارێکم بۆ بڵاوکردنەوە ئامادە کردبوو، بافت بوو ڕامان بڵاوی بکاتەوە، کە چووم بۆ بارەگاکەی دیم ئەو گەنجە کە وێنەی هەمیشە لە یادمدایە ئەوەتا لەوێیە، ئەوە ئەو گەنجەیە کە لە ناو پاسەکەدا شیعرەکانی دەخوێندەوە، وا ئێستا سەرپەرشتیار و سەرنووسەری گۆڤاری (ڕامان)ـە، ئەوکاتەی کە من دیبووم گەنجێک بوو لە تافی هەرزەکاری و گەرموگوڕیدا بوو، وا ئێستا کەسێکی لەسەرخۆ و گفتولفت پاراو و بە ویقارە، ئەو منی دەناسی، بەڵام نەیدەزانی من دەمەوێ ئەو بناسم، دوای ناسینی هەر جار کە دەیبینم هەر بە گەنجە ئێسک سووکەکەی جاران دێتەوە یادم، ئێستەش هەر ئەو گەنجە کوردپەروەرەی جارانە و بووە بەم کەسە ئەزمووندار و ڕۆشنبیر و دامەزراو و لەسەرخۆ و دەم بە خەندەیە.

بەر لەوەی قەڵەم لەسەر ئەم نووسینە هەڵبگرم پێم باشە ئەوە بڵێم: لەوساوە کاک ئازاد عەبدولواحید ئەم گۆڤارە بەناوی (ڕامان)ـەوە دەردەکات، سەدان منداڵ لە کوردستاندا بەو ناوەوە ناونراون.




# وەر.. گێـ..ڕان

غەریب پشدەری



ئەگەر بە پشوویەکی درێژ و سرنجێکی ورد و تێڕامانێکی قووڵەوە بێین و ڕووبەڕووی ئەم لایەنە هونەری و زانستییە ببینەوە، پێم وا نییە بوونەوەرێکی هێندە ماڵی و دەستەمۆ بێت هەروا بە سانایی و زوو بەزوو خۆی بە دەستەوە بدات و کەوی بێ، ئەوە بێجگە لەوەی کە ڕەگوڕیشەیەکی مێژوویی زۆر کۆن و کەونارای هەیە، ڕەنگە هەر لەگەڵ سەرەتاکانی ژیانی مرۆڤیشدا، ئەو کاتەی زمانی قسەکردنی پژا و ناوی لەشتەکانی دەوروبەری خۆی نا و هەست و نەستەکانی خۆی دەربڕی، ئەم ژانرەش سەری هەڵدابێ.

ئەم بابەتە هەویرێکە و ئاوی زۆر زۆر دەوێ، بۆیە هەر لەسەرەتاوە خۆم لە پێناسەکردن و سروشت و چۆنیەتی و ستراتیژیەت و ڕۆڵ و جۆر و ئاستی شیکردنەوە زمانییەکان و ستایل و دەرچوون لە پێوەرەکان لە زماندا و داخوا وەرگێڕان : هونەرە، یان زانست و لە تێکڕای یاساورێساکانی وەرگێڕان دەدزمەوە و بەخشکەیی دێمە ناو دنیای وەرگێڕانی ئەمڕۆی وەرگێڕ و وەرگێڕدراوە کوردییەکان.

نابێتە کەمایەسی بۆ خوێندەوار و ڕۆشنبیر و زمانەوان و زمانناس و لێکۆڵەرەوە و ڕەخنەگر و وەرگێڕی کورد، ئەگەر ڕێگا بە خۆم بدەم و بڵێم، ئەوەندە هەژار و نەدار و دەستکورت و بێ داروبارین کە لە چاو دەروبەری نزیک و هەندەرانی دوورتر هەر هیچمان نییە و تا ئێستاش لە ریزی هەرە دواوەین، نایەمە ناو درێژەی هۆیەکانی نەبوونی و ئەم دواکەوتن و لە کاروان بەجێمانە، چونکە هێندە زۆر و زەوەندن دەبێتە حەکایەتی مێشێ.

ئێمە زۆر نییە دەستمان بە وەرگێڕان کردووە، چونکە درەنگ کەشوهەوایەکە ڕەخسا، هێشتا، بێجگە لە زمانە دایکییەکەی خۆمان شتێکی وامان لە زمانە زیندووەکانی دنیا هەرس نەکردبوو و فێری نەببووین کە دەستمان دایە قەڵەم و کەوتینە خۆ هەڵنان و هاتینە ناو گۆڕەپانە بێ سەرەتا و کۆتاییەکەی وەرگێڕانەوە، خەرمان بەرەکەت، سەرمان بە ماڵی زمانە دوور و نزیکەکانی هەموو دنیایەدا کرد و هێنامانە سەرمێزی وەرگێڕان و کەوتینە گێرەو شەنوکەو کردنی و خەرمان و شارایەکی زۆرمان وەسەر یەک نا و بووینە شۆڕەسواری ناو سواران، بەڵام داخم ناچێ شۆڕەسوارەکان (بەڕێزەوە، بێجگە لەو گەورە وەرگێڕ و سوارچاکانەی جێ پەنجەیان دیارە و بەرهەمەکانیان جێی شانازین) تۆزیان نەکرد و بەرهەمە زۆر و بۆرەکان (بەخاکەڕاییەوە، بەکارەکانی خۆشمەوە) ئەوەی ناکرێ بەزمان و وەرگێڕان و بابەتەکانمان کردو شەلم کوێرم ناپارێزم کەوتینە قەڵەم ڕەتاندنێ. وەرگێڕی وامان هەیە تا ئێستا زمانە زگماکییەکەی خۆی نازانێ و زمانی گۆی پێناکات، دێت و پڕ دەداتە فەرهەنگ و قامووسان و خۆی ڕەش و شین دەکاتەوە و خۆی بادەدا، وەردەگێڕێ، کاتێک بەخۆی دەزانێ وەک شوفێری تازەکار و هیچ فێرنەبوو، هێندە نەشارەزایانە داژوێ، ماشێنەکەی بەخۆی و سەرنشینەکانییەوە وا وەردەگێڕێ ئاداریان بەسەر پاداریانەوە ناهێڵێ.

کەسم لێ ناقایل نەبێ من باسکار و لێکۆڵەرەوە و شرۆڤەکار و ڕەخنەگر نیم، تەنیا هەر پارسەنگێکم ناوەتە تای تەرازووە لەنگەکەی وەرگێڕانەوە.